Dr.Saleh Ebrahimi







وێنەی کیژۆڵە یەکی هەورامانی، نەقڵ لە گرشەی کوردستان.

Dr.Saleh Ebrahimi

# کۆمەڵە وتارێ

# (:وارگەوناودارانی)کورد

به لێکۆڵینه وەونوسین به شێوەی دایرەتولمەعاریف

بەرگی دووەم ۲۰۰۸/۲/۳۰ ز

هەرکەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێنێ
رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خوێدا دەبارێنێ (شەپۆل)

نوسەر: محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi

لاپەڕەی کتێب وەک شاپەڕەکە ڕۆحی ئێمە بۆلای نورو روناکی دەخاتە هەلفڕین: ویلتیر.

ناسنامەی کتێب:

## کۆمەڵە و تاری: وارگەو ناودارانی کورد

### بە لێکۆڵینە وەونوسین بە شێوەی دایرە تولمەعاریف

### بەرگی دوەم

□ ـ نوسراوی: دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

□ ویرستار: ئەندازیار مام ئازاد ئیبراهیمی.

□ پیت چینی بە کامپیوتێر: مۆئەسەسەی نەقش چەلیپا خانم تاهیرە شامانیان

هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کە تەمەن، چەن کورتە، بۆکەڵک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

ئەم کتێبە پێشکەشە بە باوک و دایکم. و ناسر و شایستە و مستەفا و نەسرین و ئازاد و دایکی منالان.

Dr.Saleh Ebrahimi



## **سەرەتا**،کتێبی سەرچاوەو پێگەی زانین

هەبوونی کتێبی سەرچاوە و پێگەی زانین کەجێی دڵنیایی بێ، شوێنێ فرەگرینگی لە بەرز کردنەوە و بردنە سەرێ، پلەی زانین و فەرهەنگ و هونەری کۆڕو کۆمە لگادا، هەیە، نەخش و رۆڵی دایرەتولمەعاریف (: **کۆمەڵە و تارێ: وارگەو ناودارانی کورد**)، ئەوەیە،کە ئاگاداری و زانینەکانی جێی دڵنیایی،لەهەر، رەوت و رێبازو ریشتە یەکدابێ، ئەوەی کە لە نێو دەرونی خوێدا،گردوکۆی کردوەتەوە، راست و رەوان لە سەرلاپەڕەی زێرینی خوێدا، بە چروپری و بە کورتی، دەینێتە بەردەسی خوێدەوارانی هۆگرداری خۆی، جا تۆێژەر لە باتی گەڕان بە دوای کتێبی جیاجیاو خۆماندو کردن و ورد بونەوە، لەوان، دیارە ئەوەیش فرەوەخت گروکات و سات بەرە، بەڵام لە کۆمەڵەوتاردا، بۆ هەرجۆرە ئاگاداری و زانین و فێربوون، لەپلەی یەکەمدا، بە ناوی سەرچاوەیێ فرە وجێێ دڵنیایی، دەچێتە پیێ و شوێنی کۆمەڵە و تارێ، جائەگەر، دوای پەیدا کردنی مەبەستە،گشتی وشتە سەرەکیەکان، پیێ خۆشبوو، ئاگاداری و زانینێ پتر بە دەس بێنێ، دەکارێ و دەتوانێ بەو سەرچاوانەی وا لە بەرچاوگیردراون و لەبن هەرمە بەستێکدا، لە کۆمەڵەو تارەکەدا، ناو براون، بڕوا بیاندۆزێتەوە و بیانخوێنێتەوە و لەوگەنجینە وکۆمەڵە و تارە، کە بنچینەی پێگەی سەرچاوەی سەرچاوەکانە، کەڵک وەربگرێ باشە بزانین دایرەتولمەعاریف (: کۆمەلە و تاری زانین) ئەشێ، بێ لایەنانەو پڕ و چڕو بە کورتی، راست بێژانە، بێ پێش داوەری کردن، ئاگاداری و زانینەکان، راست و دروستو واقیعی، سەبارەت، بە یەک مەبەست یا مەبەستەکان، کەلەو کۆمەڵە و تارانەدا، نوسەر، گردوکۆی کردونەتەوە، بە خوێنەری بدا (شەپۆل).

تاریخ: مێژو نوسین، هونەرێکە، ناسراو، کوری خەلدون دەڵێ: تاریخ نوسین، یەکێکە لەو هونەرو فەن و فنونانەی کە لە نێو هەمو،نەتەوە ورگەزە جیاجیاکاندا، باوە، هەم ئاپۆرەی بەرەی مرۆ، هەم پاشایان وگەورە مرۆیان، حەز لە زانینی دەکەن و لە

Dr.Saleh Ebrahimi



تێگەیشتنی مێژو، زاناو نەزان بە رامبەرن، چونکا بە روالّەت دەنگ و باسێکە، کە لە بابەت رۆژگاران، پاشایان دەولّەتان و دەسەلاّ تدارانی پێشین و بە سەرهاتی ئەوانەیە، لە سەدە کانی سەرەتاو رابوردوا...، بەلاّم لە راستیدا بیرکردنەوە و تێفکرین و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی روداوە کان و هۆی سەر هەلّدانی ئەوانەیە و هەروا تۆیـژینەوەی ورد و گەرانە، بە دوای ئەوانەدا، بۆ دوزینەوە و هۆی پەیدا بونی روداوە کانەو **لە راستیدا عیلمو هونەر و زانینکە**، لە بابەت جۆری روداوە کان و هۆی بنەرەتی ئەو روداوانەیە، **جاهەر لە بەر ئەمە فەلسەفە و هۆی نوسینی مێژو لە حیکمە تەوە**، سەر چاوە، دە گرێ و تافگە دە کاو شیاوی ئەوەیە، کە لە زانینە کانی حیکمەت بژمێردرێ، بە شایەدی توێژینەرانی خۆراوا سەرەتایێ کە کورِی خەلدون نوسیویەتی، زانینی کۆرِ و کۆمکار: (جامعە) ناسی بنیات، ناوە. بەلاّم بـاشە بـزانـین لەم دەورەی سـەردەمەدا (٢٠٠٨ز) دا، مێـژو؛ خـەریکە، لە زانینە کانی مرۆ (: وێژاوەری: وێژە و وێژەوانی) دور، دە کەویتەوە و خۆ لە زانینە کانی کۆمەلّ و کۆمەلّگا نێزیک و نێزیکتر، دە کاتەوە و بە رەسمی و بە فەرِمی دەبێتە ریشتە یە ک لە ریشتە کانی زانینە کانی کۆمەلّگا و کۆمەلّ و کۆمەلّگا ناسین. هەندێ لە زانین و فنون بونەتە، دەرس لە زانکۆکان، هەروە کو، کەوناراناسی، جوغرافیای تاریخی، کتێب ناسیو کۆڵینەوە لە دەق و مەتنی کۆنە، فـیقهولۆغـە، کـات نـاسی (: تـەقویم نـوسی / توێژینەوەیی) سەندوبەلّگە ناسی، کەتیبە ناسی، سکەناسی، زانینی نەسەب یا نەسەبناسی، رەگەزو رەچەلّە ک ناسی، مرۆ ناسی، لەخەت: (دەسنوس) کۆڵینەوە، خەتی کـەونارا، مۆرناسی و ناسینی، ئاساری مۆزەخانە، ئوستورە ناسی، داب و دەستور و کلتور، زمان و وێژە (: زمانناسی و لە وێژە کۆڵینەوە)، ژیناوەری: ژیان نامە کانی تا کی وبە کۆ و بە گشتی و تایبەتی و تەخەسوسی (نوسینی شەرحی حالّی تا ک یاچین بە چین). بیرەوەری نوسی و روژانە نوسی (: یادداشتی رۆژانە، هەم جۆری حوکومەتی ئەوە کە فرەتر بە رۆژنامە ناوداره و ناو دەبرێ و دیارە مەبەست لە واژەی رۆژنامە واتا (و میسدا قە کەی) ئەمرۆیێ

Dr.Saleh Ebrahimi



نیە. بەڵکو نوسینی دەنگ و باس (: نوچە) و روداوە گرینگەکانە، بە شێوەی رۆژ بە رۆژ و ساڵانە، کە ساڵنامە و رۆژ ئەژمێریش دەگریتە بەر. ئەم جورە نوسینانە کە بەشیکن لە مێژویاری کە یارمەتی مێژو نوس دەدەن، دیتە ژمار. جا لە نەو روز (: نەوگروژ:) (خاکە لێوە: نوسان) بیگری یا لە مانگەکانی دیکەوە، جاچ باری سیاسی یاکۆمەلایەتی یا تاکی و فەرهەنگی هەبێ یا شتانێ تر. نوکتە: شاری مەهەبادی ناوچەی موکریان کە تا ساڵی ۱۳۱۴ی هەتاوی بە سابلاغ (جاوجبلاغ)ی موکری ناوبراوە، بە پێشنیاری دوکتور رەشیدا یاسەمی کرماشانی، ناوەکە، بوتە مەهاباد، **کەناوە بۆ پێغەمبەرانی ئەو ئاوچەو دەورە.** سرنج راکێشە فیردەوسی دەڵێ: (نُهم پشت زردشت، پیشین بد، او **مەهاباد پیغمبر** راستگو) و میرزادەی عیشقی کورد، دەڵێ:

(بوی این دردِ دلِ خسرو، از آن باد آمد
من چو از خسروم، این ضایعه، دریا آمد
در و دیوار مەهاباد، بە فریاد آمد
خوسروا!؟ کاخ مەهاباد، تو این بود!؟ ببین)

بروانە: پەرەی ۴۸ـ تاریخی ئایەتوللا مردوخ کوردستانی بەرگی ۱ بی تاریخ و دیوانی سەید رەزا میرزادەی عیشقی کورد.

**توانج** وەکو دەگێرنەوە رۆژێ ناسرەدین شای قاجار، دەچێتە تەویلەی ئەسب تا چاوێکیان لێ بکاوبە ئەمیرکەبیر ـ ی کورد دەڵێ: «ئەو ئەسپانەی وەک شەودیز، **بۆرە و رەخش**، کوان و لە کوێن»؟، ئەمیرکەبیریش لەوەلامدا پیێ دەڵێ: «قوربان! مرۆێ وەک پەرویز، ئیسکەندەر و رۆستەم ـ ی کورد، سواریان بوون و بردیان. شەپۆل ۲۰۰۸/۲/۳ ز

## بەناوی خوای بەخشەرو دلاوا

# بەشی یەکەم

### ناوی پیرۆزی هەندێ لەو زاناکوردانەی کەخزمەتیان بەزانین و فەرهەنگ کردوە:

خوێنەرانی بەرێزو هێژا درود و رەحمەتی خواتان لەسەربێ:

سپاس بۆ زاتی پاکی خوداکە پەسەندی ئەولە نیوّ دڵ وەدەرونی روناکەوە، وەکو روژ بە نورو بەتیریژ، گوێی زەوی و ئاسمان دەتەنێتەوەو روناکیان دەکا.

درود و ئافەرینێک کە هەرگیز لەبنە نەیێ و سەروبنی دیار نەبێ بۆ دیداری چاک و پاکی پێغەمبەر و یارانی: (د ـ خ).

لام وایە هەر ئێرانی و کوردێ کە خوێندەوار و ئوگری مێژوبێ، دەزانێ ئەم مەڵبەندە کەکوردی ئێمەی تێدا نیشتەجێیە و لەویدا دەژی مێژویەکی دورو درێژی هەیە و لەدڵ و دەرونی ئەم خاکەدا هەزاران ئاسەواری کەو نارای بەرەی مرو، شار دراوەتەوەو رابوردویەکی لەگەڵ تاریخی نوسراوەی بەرەی مرو، لە نێو سینگی خوێدا بوێی راگرتوین، چونکا یەکەم دەس نوسراوی مرو، لەدەرونی ئەم مەڵبەندەدا سەری هەڵداوە. هەرێمێ کەلە کونەوە بە نێوی مزوپوتامیا (mesopotamia) یا نێو دو رووان (بین‌النهرین) ناسراوە، هوزگەلێ کە ژیاروشارستانی سازدا وە لە سینگی پرپیت و بەرەکەتی ئەم زەوی یە، مەمکیان مژیوەو فرچکیان گرتووەو ئەم مەڵبەندە بە نێوی لاندکی شارستانی و ژیار ناو براوە.

قورئانی کەریم لە قەولی حەزرەتی نوح پێغەمبەرەوە دەڵێ: [... رَبِّ أَنْزِلْنِي مُنْزَلًا مباركا] ئایەتی ٢٩ سورەی مؤمنون ـ یانی ئەی: پەروە رەندەم لەجێیێ پرپیت و بەرەکەت دام بەزێنەو لەنگەر بەکەمیەکەم بگرە ـ (وَ سْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِ ...) ئایەتی ٤۴ سورەی هود، یانی (گەمی حەزرەتی نوح). لەسەرگێوی جودی (گوتی، کوردی) لەنگەری گرت: تەرجەمە و تەفسیری قورئان بەزمانی کوردی محەمەد سالح ئیبراهیمی: (شەپوڵ) چاپی یەکەم ١٣٧٦ (سازمان تبلیغات اسلامی ایران).

Dr.Saleh Ebrahimi



جودی: (جبال ٤٠٠٠ م فی‌اقلیم) بوّتان (علی بعد نحو ٤٠ کم شمال شرقی جزیرة ابن عمر. قیل اِنّ سفینة نوح حطت علیها بعد الطوفان ـ المنجد فی‌اعلام) چاپی ١٢ بیروّت ٢٠ حیرزان ١٩٨٢ . ز ـ کتیّبی (مسلم و بخاری) لە حەرفی ج چاپی ١٩٨٨. ز. بیروت. دەنووسیّ: پیّغەمبەر (د ـ خ) فەرموویەتی: دوئا و لەجیبال: (کوردستان) بە نیّوی سیحان و جیحان = دەجلە و فورات، سەرچاوە دەگریّ کەئاوی بە هەشتە، یانی وەک ئاوی بەهەشت پرپیت و بەرەکەتە و روّژیّ دییّ، خەلّک وەک ئاوی زەمزەم بە بەرەکەت و بەپرِ نرخ، بوّیی دەروانن. (موعجیزە: کشگیّری ئەم فەرموودەی) پیّغەمبەر (د ـ خ) لەم سەردەمەی ئیّمەدا دەرکەوتووە، کە دەولەتانی هەریّمی دەجلە و فورات لە سەر ئەو ئاوە شەرو قرە قریانە. چونکا ئەو ئاوە ودمی پەیداکردوە.

لەبەر ئەوەی ئەو مەلّبەندەیکە وتوّتە نیّوان (دەجلە و فورات): دو رووان، زوّر پرپیت و بەرەکەتە و تەژییە لە ئازوخەی ژیّر زەوی، وە سەر زەوی یەکەی پرِ بەر هەمە، هەر لە میّژەوە، کە وتوّتە بەرسەرەنجی خەلّکی نیشتەجیّیو خەلّکی لاوەکی و هیّرش‌هیّن، کە داگیریان کردوە، کەسانیّ وەک کورش وئیسکەندەری مەقدومی خستویانەتە بن چنگی خوّیان، مزوپوّتامیا چون پرپیت و بەرەکەت و تەژی بووە و تەژیشە لە نیعمەت، وە نیازی بە ژماردن و حیساب کردن بووە، زانینەکانی وەک ریازی (ریاضی) لەویّ بنەرەتی دانراوە، یالە سوّنگەی بەرزبوونەوەی ئاو، یا هەستانی سیلاّوی روبارەکان یا وشکەسالّی، بوّتە هوّ تاکاریّز و کانالّی ئاوهیّنان وجوگە، هەلّبەستن و سازی بدەن، لەو روّژگارەدا خەلّک، سیلاّو یا بولەرزەو وشکە سالّیو شتی وایان لە تەبیعەت و خوّرسکەوە، دەزانی، جا بوّ بەرگیری کردن لەوانە و لابردنی بەلاّ، پەنایان دەبردە، بەر خوایانو نەزرو نیازیان دگرتە ئەستوّ، یا بوّ پیّش‌بینی رو دانی ئەوکارە ساتانە، لە حەرەکەتی گوّی زەوی و ئاسمان و ئەستیّرەکانیان دەروانی، کە ئەوەش بووە هوّی پەیدا بوونی زانینیّ وەک ئەستیّرە ناسی لەو مەلّبەندەدا، واژەگەلیّ وەک ئەستیّرە و ستیّر

Dr.Saleh Ebrahimi



لەکوردی دا یا (ئیشتر)ی سۆمێری یا (سۆرانی)که ئیلاهەی بەرهەم و بەردار بوون، بووگە.

نێوان دو رووان (دەجله و فورات) یەکەمین شوێنه له سەرئەم گۆی ئەرزەکه ئوستورەی بەرەی مرۆڤی، وەک تۆف و تۆفانی نوح و چریکه و چیرۆکی (گێلگەمێش)و پەیدا بوونی یەکەمین دینباوەری بەراستی یاشیبهه خودایان و ... ی لەم مەڵبەندە سەریان هەڵداوەو بونەته ویردی سەر زار و زوان.

**بابل: باب: ئیبل:** دەروازەی خوا یا بەهەشتی شەداد، وە باغه ئاویزە: (موعەلەق)ەکانی ئەو، بەناو دەنگترین شاری دنیای کۆنوکەونارایە، یا بەغداد: بەغ: داد (: خوادا) گەورەترین شاری سەدەکانی ناوین ـ هەردو شاری (بابل و بەغا) ناوەندی شارستانیو ژیاری نێوان دو رووانه، بەرله ئیسلام و دوای ئەمدینه. هەرێمی مزۆپۆتامیا جگه لەوەی بێشکەی شارستانی بووە، شوێن، جیێ پێک هەڵتەقان و مەیدانداری و جیێگەی ژیاری جۆر به جۆریش بووە و له راستیدا: دەتوانین بڵێین: یەکەمین ئیدەی جەنگی شارستانیەکان لەوێدا سەری هەڵداوە ـ شارستانی سامی (نائاریایی). وە سۆمێریان، میتّانیان،کاسیتیان و عیلامیان، شارستانی یەکانی سامی، ئەکادیان،کەلدانیان، ئاشۆریان و تەمەدون و ژیارەکانی ئاریایی، وەک ماد ـ ەکان، پارسەکان و سلوکیان،گشتیان له سەر بابول به شەر هاتوون و بۆماوەیێکەم یا بۆماوەیێ بەرفرە، دەسیان بە سەراگرتووە، تەنانەت له دەورانی برەوی شارستانیدا، لەکات وساتی شارستانی عەرەبی ـ ئیسلامی که خەلیفەی هەباسیەکان لەم مەڵبەندە به سەر بەشێ زۆر و بەر فراوان له جیهان له خۆراوای چین ـ ەوە تا باکوری ئەفریقا حوکماتیان دەکرد، ناوەندی خەلیفەگەری جار به جار، دەکەوته بن دەس هۆزەکانی ئێرانی بەکوردو ئەوانی دیکەوە، یا تورک تائەوکاتەی خەلیفەگەری به دەسی مەغولەکان، له نێو چوونەما (به فەرمانی هولاکو خواجه نەسیرەدین توسی) موعتەسەم بیللای عەباسیان له نێو تیرئاخنی و هەروەک لباد ساوی یانەوە تاخەفەبو لباد

Dr.Saleh Ebrahimi



سویان کرد خواجه نه‌سیر، ده‌یزانی که هه‌زاران ساڵه به‌غا به‌کیوه‌کانی کوردستان له‌ئاوی ده‌جله و فوراته وه بیگره تا هه‌ر نیعمه‌تی‌که مرو نیازی پیّیه‌تی و پیی ده‌ژی، بی کورد ناتوانی بژی، ئه‌و مروه ژیره زور به‌کارزانی هات شه‌مسه‌زوحا شالوركه) خاتونی کچی عه‌بدولخالق بن مه‌لیکشا بن سولتان صه‌لاحه‌دین یوسف ئه‌یوبی که ئه‌بو عه‌بباسی کوری خه‌لیفه‌ی به‌غا میردی ئه‌و خاتونه له شه‌راکوژرا بووله (عه‌تامولک مونشی جوه‌ینی) ماره‌کردو عه‌تای‌کرده فه‌رمانده‌ی به‌غا له‌جیی خه‌لیفه‌دا، ئه‌م‌کاره له **٦٥٦** و ریکه‌وتی ۲۲ی فه‌وریه‌ی **۱۳۵۸** ی زاینی روی داوه.کتیبی هه‌فت قه‌لەم دوکتور (محمد ابراهیم) باستانی پاریزی چاپی ۳ په‌ره‌ی **۴۹۳**.) سه‌عدی ئه‌و زانا و موسلیحه‌گه‌وره‌که ماموستای نیزامیه‌ی به‌غا بووه، بو به‌غا خه‌لیفه به شیعری عه‌ره‌بی و فارسی شین ده‌گیری و ئه‌و قسه‌به گویی خاجه‌نه‌سیر ده‌گاو سه‌عدی شیرازی دارکاری ده‌کا و ئیتر سه‌عدی له ترسا به هه‌ڵه داوان خو ده‌گه‌یینیته، شیراز. (سه‌ر چاوه‌ی به‌رو) به داخه وه کوردستان له به‌ریی مشوری سه‌رانی کورد، له سه‌رده‌می ده هه‌زار سواره‌ی گزنفون (۴۰۱) به‌رله زایینه‌وه تائیستا، جیی له‌وه رگه‌ی بابول، ئاشور، سومیر. که‌لده، تیسفون، به‌غا، تورکان و صه‌فه‌ویانی کورد و ... بوگه، میژو ده‌لی: به نوکه‌د: به‌ختونه‌سری زالم و خوین مژ بو ئه‌وه‌ی ئاو، نان و نیعمه‌تی کوردستان بخوا و بیکاته مولگه‌ی خویی، هات‌کیژه جوان و دل لاوینه‌که‌ی هو خشته‌ره‌ی شای ماد،که ناوی (ئه‌میتیس) بوو خواستی و ماره‌ی کردو باغه ئاویزانه‌کانی بابولی کرده، ماره‌یی ئه‌وکچه‌کورده، ماد ـ ه، (به‌نوکه‌د به خستونه‌سر)که چاوی نه‌یارانی خویی به نوکی خه‌نجه‌ره ته‌لایه‌که‌ی ده‌ری دینا، به‌ناچار بو خواردنی نیعمه‌تی کوردستان کچی شای کورده‌مادی ماره‌کردوه، وگه‌ر و فیلی له‌کوردان کردوه، تائه‌م سه‌رده‌مه‌یش (ئاوریلی **۲۰۰۳** ز) کوردستان بو زالمان گرینگ و مولگه‌بووه، **نادرشای کوردی به‌ره‌گه‌ز قه‌راخلو ـ ی کورد (ناسرئازادپور** و جیمس فریزه‌ر ـ ی ئینگلیسی) نادرشایان به کورد، زانیوه (په‌ره‌ی **۱۲۲** میژوی ئه‌رده‌لان به‌لیکدانه وه‌و وه‌رگیرانی زانا و لیکوله رو

شاعیری ناوداری کورد (عبدالرحمن شرفکندی: هەژار) چاپی هاوینی ۲۰۰۲ ـ ز ـ چاپی (تازەنگاە) ئێران. هەرچەند نادرشا زۆری کورد کوشتووە کوردی ئازارداوە.

بۆ زۆر دوربروێن ئینگلیس لە ۱۹۲۰ دا بۆ سەقامگیر کردنی عیراق لە نوری سەعیدی کوردی زاناو لەکارزانی گوێی لە مشتی خوێی کەڵکی وەرگرت، تۆ بڵێی ئەمجارە جەنابی سەرۆک کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال لە دۆستی ئەمریکا و ئینگلیس کەڵک وەرگرن و من و من و تۆ تۆ ساز نەدەن. هیوام زۆرە، ئەمجارە کورد سەرکەوێ، خوایار بێ، بەراستی هەموکوردێ بە نۆرەی خوێی دەبێ وریابێ تائەم هەلە زێڕینەی ۹ ی ئاوریلی ۲۰۰۳ ی زاینی کە زاڵمێ وەک صەدام شرت و گوم کرا، لە دەسی نەدەن و لەسەر بنەرەتی وەحدەت و پێکەوە ژیان، کورد و کوردستان سەربەست و ئازاد بکرێ تا سەر بە خۆ بژین، هەربژین، ـ لەپاشا ئەومەڵبەندە کەوتە بن دەس خەڵیفەی تورکە عوسمانلی یەکان. هەر چەندە جار بەجاریش دەکەوتە بەر حوکماتی سەفەوی یەکانی کورد، وەک شاسمایل و شاهەباس.

**ئەو ئاڵ وگۆڕیانانەی کە بەسەر مزۆپۆتامیادا هاتووە،** هەریەکە خوێی سەر باسێکی دەورانێکی تایبەتە لە مێژوی بەرەی مرۆ، لە بابەت پێوەند و جەنگ و تێک ڕمان یا سەر هەڵدانی شارستانی یەکان، لەو مەڵبەندەدا، گرتنی بابول بە دەس ئیرانیان و ماد و ماد رەگەزەکان، بووە هۆکە هۆزی هێندو ئوروپایی (ئیرانیان، یونانیان، رومیان و ژەرمنەکان) بۆ ماوەی ۱۲ سەدە بەسەر دنیای خێو شارستانی باو رۆژی ئەو سەردەمەدا حوکمات بکەن، سەر هەڵدانی ئیسلام، دوبارە سەرکەوتی شارستانی سامیانی بەدیهێنا، بەڵام لە ئاخری سەتەی ناوین دوبارە ئاریایی یەکان، ئەمجارە لە خۆراوای ئوروپاوە، ڕێنیسانس و راپەرینی سەنعەتیان، بەدی هێناو خەوی راحەتیان لەچاوی نائوروپایی و موسوڵمانان ساند، ئەمانە خۆی نیشانەی ئەوە بوون کەلەدنیای کۆندا شەرەبیرو شەرە شارستانی بووە، بۆخستنە بن جنگی مەڵبەندی مزۆپۆتامیا، دیسپۆتیسمی DISPUTISM

Dr.Saleh Ebrahimi



خوّر هەلاّتیش، باسیّ کە مارکیستەکان بوّوێنە خودی مارکس کەلە بـەلکـە هێنانەوە بوّ پاشکەوتنی ئاسیاوو خوّرهەلاّت، بەناوگەلیّ وەك شێوەی بەرهەم هێنانی ئـاسیایی یـا ملهوریِ و سەرکێشی خوّرهەلاّتی، یادی دەکا. ـ لە روانگای مارکیسیتەوە، لەبەر ئەوەی لە خوّرهەلاّت بە راوەژوی خوّراوا، خوّرسک و تەبیعەت لەگەلّ مـروّ بـە قـاروقینە و ئاسمان و هەوریش لەگەلّ زەوی ئەو شوێنە، نەبان و خو نەگرە، وشکە سالّی پەیتا پەیتا رودەدا و نیاز بەسیستمی ئاودێری و ردو بەرفراوان، پەیدا دەبیّ و ئەوەش بەتەنیایی بە خەلّکی جییّ بە جییّ نابیّ، جا دەر دەکەویّ گیروگرفتی کوّمەلاّیەتی، خوّر هەلاّت لەکەم ئاوی هەرێمەکەیەو حوکومەتی چاك و دلّسوّز ئەوەیەکە باشتر بتوانیّ بەساز دانی دام و دەزگای ئاودێری شوێنی شومی وشکە سالّی وکەم ئاوی لە نێوببا یاکەمی بکاتەوە، دیارە ئەمەش بەرە بەرە، سەرچاوەی مـالیکیەتیش دەگوّریّ و حـوکومەت دەکـاتە خـاوەن زەوی، خاوەن زەوی بونیشن خوێی لە دواییدا دەبێتە هوّ بوّ ئەوە حوکومەت ببێتە خێوی ئینسان و بە سەر چارەنوسی مروّ زالّ ببیّ.

ئەگەر جوان، ورد بینەوە دەزانین نێوان دورووان یەکیّ لەکەونارانەترین هەرێمەکە دیسپوّتیسمی خوّرهەلاّتی لەوا، بچمی گرتووە و ئەوەی لەم سەد سالّە رابوردوەدا. روی داوە، ئەم رەوەندە توندتر دەکاو کردویەتی و خاوەن زەوی بوونی، بوّتە خاوەن بوون بەوشتانەش کە لەبن زەوی و دەرونی زەویدایە و هەروا پەیدا بوونی نەوت وگاز یەکیّ لەو هوّیانەیە، کە ئەونەوت وگازە، حوکومەتی لە خەلّك بیّنیاز کـردوە و هێـزیّ بیّ سنوری بەدەولّەت داوە تا بەتوندو تیژی یەکی پتر، خوّ بەسەر خەلّکدا بسەپێنیّ و بەسەر چارەنوسیاندا زیاتر زالّ بیّ.

ئەبیّ بلّێین: هەر ئەو دیسپوّتیسمەی حاکمانی ملهوری خورهەلاّتی بوّتە هوّ تانەتەوەی کوردی تـیشتە جـییّ مـزوّپوّتـامیا، ئـاوا بـەردەوام، بـە دژی مـلهوران راپـەرن تـائەم سەردەمەش بە دژی ملهوران راپەریوو پربزاوین وە لە ئەردەشێری بابەکـانە وە،بـیگرە

Dr.Saleh Ebrahimi



تاده‌گاته، به‌درخان پاشا، یه‌زدان‌شیر، قوتبولعارفین شیخ **عوبه‌یدیلای نه‌هری شاهی شه‌مزین** و شیخ عه‌بدولقادری کوری و شیخ سه‌عید پیران، ئیحسان نوری پاشا، شیخ عه‌بدوسه‌لام بارزانی، شیخ ئه‌حمه‌د بارزانی، سه‌یید عه‌بدوللاّ گه‌یلانی زاده: سولتانولعوره‌فا، **ژه‌نرال مسته‌فا بارزانی رابه‌ری که بیرونه‌مری نه‌ته‌وه‌ی کورد**، قازی محه‌مه‌د پیشه‌وا و سمکوّی مه‌زن و شیخ مه‌حمود ـ ی نه‌مر و ئاپوّ عه‌بدوللاّ توّجه‌لان، کورد و نه‌ته‌وه‌ی ماد، له‌دژی دیسپوّتیسم ره‌ق راوستن‌و له ملهوران‌و ده‌س دریژکاران، مه‌ردانه و شیرانه به‌رگیری و به‌ره‌وانی بکه‌ن و به‌ر په‌رچیان بده‌نه‌وه. ئیستاکه‌له ۱۹۹۱ تائه‌م سه‌رده‌مه ۲۰۰۳/۳/۲۸ ی زاینی که حوکومه‌تی کوردی له کوردستانی به‌شی باشوری بکریته نمونه و سه‌رمه‌شق بوّ به‌شی خه‌لکی روژهه‌لات که فیری دیموکراسی و پیکه‌وه ژیان به‌مروّفانی بن و به‌رامبه‌ری بژین و حوکومه‌تی له‌و چه‌شنه، به‌وینه‌ی فیدرال، سازبدریّ و حوکومه‌تی (صه‌دام حسین) زالم و ملهور و ئه‌مسالی ئه‌و له‌نیو ببرین، که به کوّمه‌لّ خه‌لکی ده‌کوژن و مافی مروّییی شیل ده‌که‌ن، ئه‌و هه‌موه کورده بیچه‌ک‌و بیّ تاوانه‌ی له هه‌لبجه به‌گازی شیمیایی له چاو لیکنانیکدا خه‌فه و قرکردو ئه‌و هه‌مو باغ و بیستان و دارستان و کانیا وه‌ی کرده گوّر و قه‌بر بوّ خوّیی، هه‌روه‌ها ئه‌و هه‌مو ئاوه دانیانه‌ی کاول کردو خه‌لکی کوردی له مال و ژیان، بیّ به‌ش و مه‌حروم و ئاواره‌ی هه‌نده‌رانی کرد و **ئه‌و هه‌موه‌ه بارزانی و کورده بیچه‌که‌ی به نیو ئه‌نفال (۱۸۲۰۰۰)** بارزانی و بارزانیانی شرت و گوّم و بیّ سه‌روشوین کرد، ده‌بیّ نه‌میّنیّ و له سه‌رده‌سه‌لات لابریّ و له‌دادگای نیوگه‌لانی‌دا موحاکه‌مه بکریّ. ئه‌مه خوّیی نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه، مروّ به ئه‌قل و به‌ژیری په‌ی به‌مه بردوه، که ده‌بیّ‌دیسپوتیسم نه‌میّنیّ و دیموکراسی و پیکه‌وه ژیان به مروّفانی و به رامبه‌ری جیبیّ بکریته‌وه و ئه‌مه خوّی نه‌تیژه‌ی گشت ئه‌و جه‌نگ و شه‌ره ئه‌ندیشانه یه، که له مزوّ پوّتامیا تائه‌مروّ روی‌داوه، به‌شخوراوان له راست ملهوران راپه‌ریون و ئه‌وانیان راو ناوه و ده‌ریان په‌راندون

Dr.Saleh Ebrahimi



هه‌روه‌ک دیمان (صه‌دام حسێن) له ۹ ی مانگی ئاوریلی ۲۰۰۳ - ز - به زوّری سه‌رنێژه‌ی ها و **په‌یمانان** له ده سه‌لاّت لابرا و عه‌ره‌به‌رق له دلّه‌کان له مه‌یدانی فیرده‌وس - ی شاری به‌غا، به **لنگه** که‌وش له‌دم و له و سی وێنه و موجه‌سه‌مه، دا روخاوه‌کانی صه‌دام یان، ده‌دا و به جوێن‌دان به نالّچه‌ی که‌وش لێیان‌ده‌دا و خه‌لّکی مزوّپوّتامیا: کورد، شاره‌کانی که‌رکوک، موسل و خانه‌قین و ... یان گرته‌وه و له‌بن ده‌سی ره‌شی صه‌دام و صه‌دامیان رزگار**یان** کردن، خوا یاری کورد بێ.

هه‌روه‌ک له **به‌را** وتمان چون مه‌لّبه‌ندی مزوّ پوّتامیا پڕو ته‌ژی‌یه له ئازوخه‌ی سه‌ر زه‌وی و بن زوی **و نیاز به‌ژماردن و حیساب کردن هه بووه، له‌زانینی ریازی و حیساب و هه‌نده‌سه بیرکراوه‌ته‌وه** و ئه‌و زانینانه سه‌ریان هه‌لّداوه، یا ئه‌وه که‌رامان گه‌یاند که خه‌لّک بوله رزه و سیلاّو **یاوشکه** سالّیان ده‌دایه پال خوّرسک و ته‌بیعه‌ت جا، بوّخوّ پاراستن له‌وانه په‌نایان ده‌برده به‌ر خودایان و له‌و سوّنگه‌وه زانینی ئه‌ستێره ناسی په‌یدا بوو، نه‌ته‌وه‌ی کورد، که نیشته جێی بنه‌ره‌تی مزوّ پوّ تامیا-ن هه‌ر له‌وکات و ساتانه‌وه ئه‌و جوّره زانینانه فێر بوون و که‌لّکیان لێ وه‌رگرتوون.

**کورد: ماد زاده‌کان دوای سه‌رهه‌لّدانی** دینی ئیسلام که‌حه‌ران Corrnac - (norron) له جزیره‌ی کوری عومه‌ر (بن عه‌بدولعه‌زیز به‌ر قه‌عیدی: به‌رده‌قیتی) کورد، له ۳۵ کیلومیتری باشوری ئوّرفه له به‌ر به‌ستێ جه‌می جه‌لاب دایه و ئێستا بوّته گوندێ ویرانه، - حه‌ران له‌سه‌ر ده‌می باوروژی خوێدا ناوه‌ندی زانینی زانیاری یه‌کان: فه‌لسه‌فه، ریازی، ئه‌ستێره ناسی و ... بووه، ئوگرانی زانین و زانیاری له نێوکورده‌کاندا چ‌به‌ر له ئیسلام و چ دوای سه‌رهه‌لّدانی ئیسلام، زاناکورده‌کان زانینی ریازی، گیاناسی و ... که له ده‌ره‌وه‌ی زانین و فه‌رهه‌نگی ئیسلامیش‌دا بووه، بوّ ئه‌وه فه‌رهه‌نگ و زانینی ئیسلامی و قورئانی پێی پاراو و تێروته‌سه‌ل بکه‌ن، ئه‌و زانینانه‌یان هێناوه‌ته نێو جه‌رگه‌ی فه‌رهه‌نگی قورئان و

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیسلام و ئەوەیان پیێ غەنی‌تر کردوە. (حەڕان: harran) که رومیان به‌کاره (carrnae) ناویان بردوه، دوای ئیسلامیش حەران ناوەندی زانین و حیکمەت و فەلسەفە بووە و زایانی خەڵکی حەران تبی‌یان: (زانینی پزشکیان) هیناوه‌ته سەر زاری عەرەبی و هەندێ له حوکەما و پژیشکانی حەڕان خویّان به (سابی: صابی) نا ساندوه و بنه ماڵەی حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل، دوای کۆچ کردن له (شاری ئوّر)ەوه له حەران: (هاران) نیشته جییّ بوون (سەرچاوە: تەورات) حەڕان له سالی ٦٣٩ی مانگی به دەس (عیاض بن غنم) کەوته دەس عەرەب و له فەلاسیفه و زانایان کەسانی وەک (ثابت بن قرة) و زاروکانی ئەو، یا کەسانێ وەک (بتّانی) له حەڕان سەریان هەڵداوه. (المنجد فی‌الاعلام) چاپی ۱۲ بیّروت ۲۰ حزیرانی ۱۹۸۲. ز. ئەوا لیّرەدا ناوی پیروزی هەندێ لەو زاناکوردانەی که لەزانینەکانی ئەستیّره ناسی و ریازی و حیساب و هەندەسه و زانینی نەسەب‌نامەدا، شارەزابون و ئەو زانینانەیان هیّناوه ته نیّو فەرهەنگی ئیسلام، بۆ باش ترزانینی میرات و دابەش کردنی میرات له دنیای ئیسلامدا، که له مروژگارەشداگشت دام و یانەکانی داد و دادگوستەری له ولاتانی ئیسلامیدا سەروکاریان لەگەڵ میرات و زانینی نەسەب و رەچەڵەک و رەگزیدا هەیه، جا ئەگەر زانایانی کورد و موسوڵمانان ئەو جوّره زانینانەیان نەهیّنا بایەنیّو ئیسلام، زانینی میرات که له ئیسلامدا به (نیوەی زانین) زانراوه، زانینی میرات و دابەش کردنی میرات به قسروبه ئەستیّوری دەمایەوه.

میژو دەڵێ: نەتەوەی کورد، له سەرەتای دەورەی (ماد) ـەوه لەئیّراندا، تائەم سەردەمه، زیاتر له چارده سەدەیه، لەگەڵ دین باوەری و ئیسلامدا، رای ده بوّیرێ، دینی ئیسلام له نیوژین و ژیانی کورد؛ جیێ گرتووه و بوّته بەشێ له ژیانی نەتەوەی کورد، هەرچەنده ئەو **ئازادی و بەرابەری** و دادگەریەی که ئیسلام هیّنای عەرەب و دەسەلاتدارانی حاکم، کردیانه تایبەت به خوّیان و نەتەوەی کوردیان لەو ئازادی و بەرامبەری و دادگەریه، بیّبەش و مەحروم کرد.

Dr.Saleh Ebrahimi



خزمەتی زانایان و نەتەوەی کورد، لەو سەر دەمەوە کەپەیامی قورئانی پیێگەیی، دەسی پیێ کردوە، کاتیێ قورئان بە هۆیی پیێغەرەوە (د ـ خ) مزگێنی داو فەرموی: [... قَدْ جٰائَکُمْ مِنَ اللهِ نُورٌ و کِتابٌ مُبین یَهْدِی بِهِ اللهُ مَنِ أَتَّبَعَ رِضْوانَهُ سُبَلَ السَّلٰمِ و یُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُماتِ الی النُّورِ بِأذْنِهِ وَ یَهْدیهِمْ اِلیٰ صِراطٍ مُسْتَقیم ـ ئایەتی ١٥ و ١٦ سورەی مائدە] یانی بەراستی لە خواوە نور «پیێغەمبەر» و کتیبی ئاشکرا «قورئان» تان، بۆهاتووە، خوا بەوە: «بە قورئان» کەسانیێ کە لەرازی بوونی خوا پەیرەوی بکەن بۆ ریێگای سلامەت (و ئاشتی) ریێ نوێنیان دەکاوئەوان لەتاریکی یەوە، بەفەرمانی خوێی بەرەو روناکی دەبا، وەئەوان بۆرێی راست رێنوێنی دەکا. ـ قورئان ئایەتی ١٥ و ١٦ سورەی مائدە و تەرجەمە و تەفسیر بەزمانی کوردی چاپی ١٣٧٦ سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی، تاران. محەمەد سالح ئیبراهیمی: (شەپۆل).

نەتەوەی کوردکاتیێ ئەم پەیامەی پیێگەیی، بەدڵ و داو، کەوتە سەر ریێبازی قورئان و ئیسلام ـ ئیێستاکە ١٤٢٣ ساڵ لە فەجری ئیسلام رادەبریێ کوردەکانی شاری بانەو. ئەو دەوەرە هیێمان بە ئیختییارە دینی (اخیتارالدینی) ناودارن. هەرئەوەش بۆتەهۆ کە نەتەوەی کورد لەسەرەتای ئیسلامەوە باسکی هەڵمەتی بۆ خزمەت کردن بە قورئان و فەرمودەی پیێغەمبەر (د ـ خ) هەڵماڵی و کەسانیێ وەک [جابان الکُردیو ئەبوسیر (میمون ابن جایان الکردی] کردە یار و صەحابەی پیێغەمبەر ـ (الاصابە فی اَسْماءِ الصحابە حرف ج تألیف حافظ بن حجر عسقلانی ـ تفسیر ابن‌کثیر ـ تفسیر روح‌المعانی ذیل) ئایەتی ١٦ سورەی فەتح قورئانی کەریم ـ (الطبرانی فی‌المعجم الصغیر) کە حەدیس‌یان لە پیغەمبەر نەقڵ کردوە. بەیارمەتی خوا لە بابەت (محدیثان)ی کورد قسەدەکەین. زانایانی کورد بۆ غەنی کردنی فەرهەنگی قورئان و ئیسلام تەنانەت (عِلْمِی گیاناسی) و (عیلمی ریاضی) شیان هێنا وەتە، نیێو فەرهەنگی ئیسلامی بۆ باش بەریێوەبردنی (علم‌الارث) و پزیشکی، بۆ نمونە (ابن زکی) لە (علم ریاضی) دا هەر شەپۆلی داوە، شەرحێکی لە سەر (خلاصةالحساب،

Dr.Saleh Ebrahimi



اشکال التأسیس) له (هندسه)دا، و کتێبێکی به‌نرخی له (جبرو مقابله) داناوه.

تاریخی (سلیمانیة) په‌ره‌ی ۲۸۱ چاپی ۱۳۷۳ی مانگی و مه‌شاهیری ئه‌مین زه‌کی ج ۲ په‌ره‌ی ۱۵۳ و ته‌فسیری روحولمعانی عه‌للامه ئالوّسی ج ۲۵ چاپی چوارەم بیروّت ۱۴۰۵ی مانگی و ۱۹۸۵: ز. په‌ره‌ی ۱۰۴ و ۱۰۲ له بابه‌ت ئایه‌تی ۱۶ ی سوره‌ی فه‌تحی قورئانی پیروّز و کتێبی زریزه‌ی زێرین چاپی ۱۹۹۹ ز ژماره‌ی ۲۲۷ چاپه‌مه‌تی هه‌ولێر ده‌زگای ئاراس.

**کوری کوردی ئه‌بو عه‌بدوللاّ شه‌مس بن محه‌مه‌د بن ئه‌حمه‌د ناودار به (ابن الکردی) گیاناسی ناودار** که له‌ته‌شریحی ئه‌بدان و له‌ش و لارو پزشیکی و جه‌راحی و شکسته‌به‌ندی زوّر شاره‌زاو زانا بووه و به‌گیا ده‌رمانی نه‌خوّشیّ زوّری چاک کردوّته‌وه و له شاره زور له ۷۸۱ ی مانگی له دایک بووه و له شاری مه‌که نیشته جیّو له ۸۴۳ وه‌فاتی کردوه و له موسه‌لای ئه‌و شاره نێژراوه ـ مه‌شاهیری کورد ئه‌مین زه‌کی ج ۲ په‌ره‌ی ۱۵۲ و تاریخی سلیمانیه و مه‌شاهیری کورد بابا مه‌ردوّخ روّحانی شیوا ج ۱ په‌ره‌ی ۱۲۲ چاپی ۱۳۶۴ سروش تاران.

ئه‌بو **حه‌نیفه‌ی دینه‌وه‌ری** که له **عیلمی گیاناسی‌دا** زوّرزانا بووه و **که‌شفیا تیکیشی** له عیلمی شیمی‌دا هه‌یه.

جاهه‌رله به‌ر ئه‌وه‌یه: دوکتور گوّستاو لوّبوّن‌ی فه‌رانسه‌وی له‌کتێبی (تمدّن اسلام و عرب)دا چاپی ۱۳۴۷ ئیسلامیه‌ی تاران ته‌رجه‌مه‌ی فارسی سه‌یید هاشم حوسه‌ینی - له‌سه‌ره‌تای کتێبه‌که‌ی‌دا له په‌ره‌ی ۱۵ دا رای گه‌یاندوه: «زانایانی ئیسلام له (ریاضیات) علم جبر. علم جغرافیا، فیزیک، مکانیکی) وه مه‌علوماتی عه‌مه‌لی له‌به‌کاربردنی (رقاص) له ساعه‌ت: (ده‌م ژمێر)، داهێناوه‌و کارگه‌لێ گرینگ و له‌به‌ر چاویان ئه‌نجام داوه، له زانین و عیلمی شیمی‌دا گرینگترین بنه‌ره‌تی شیمی «تقطیر» ه ـ که ئه‌گه‌ر ئه‌و که‌ره‌ستانه‌ی ئه‌زمونی لابراتواری موسولّمانان نه بوایێ (لاوازی یه) له‌که‌شفیاتی تازه‌ی

Dr.Saleh Ebrahimi



خوّیدا سه‌رنه‌ده‌که‌وت، له‌م بارو بابه‌تا نه‌وه، زانایانی ئیسلام حه‌ق و مافیّ گرینگ و گه‌وره‌یان له سه‌ر ئوروپائیان هه‌یه) تائیره قسه‌ی گوّستاو لوّبوّن بوو، که ئه‌مه خوّی شایه‌دییّ گه‌وره‌یه بوّ خزمه‌تی زانایانی ئیسلامی به‌عیلم و به فه‌رهه‌نگی مروّیانی.

یا له میّژو دا (ابن خلکان) به‌هاو تای پلوّر تارک، داده‌نریّ و دیّته ژمار، پلوّر تارک فه‌یله سوفی میّژووه، که‌وابیّ (ابن خلکان)ی کوردیش فه‌یله سوفی میّژوه -

**فیرده‌وسی توسی و کوراِنی ئه‌سیر: (بنو الاثیر):**

کوراِنی ئه‌سیر سیّ بران: [۱ ـ عزّالدین ابوالحسن (۱۱۶۰ ـ ۱۲۳۴) تاریخ زان - ۲ ـ مجدالدین ابوالسعادات المبارک (۱۱۴۹ ـ ۱۲۱۰) قورئان زان و فه‌رموده‌زان ۳ - ضیاءالدین نصرالله (۱۱۶۲ ـ ۱۲۳۹) خیّوی (المثل السائر ـ وه‌زیری مه‌لیک ئه‌فضه‌لی (کوری صه‌لاحه‌دین ئه‌یوبی). په‌ره‌ی ۸ کتیّبی المنجد فی‌الاعلام چاپی ۱۲ بیروّت ۲۰ حزیران ۱۹۸۲.ز. کوری ئه‌سیر خیّوی (المثل السائر له‌م کتیّبه‌دا) زوّر به شاخ و بالّی فیرده‌وسی‌دا هه‌لّی و تووه‌و سه‌باره‌ت به بژاره و هه‌لّ سه‌نگاندنی شانامه‌ی فیرده‌وسی قسه‌کانی ئه‌م زاناپله به رزو ته‌رزه کوّنترین سه‌ر چاوه‌ن له‌زمانی عه‌ره‌بیدا] و داوه‌ری ئه‌م زاته جییّ دلّنیایی و باوه‌ره، سه‌باره‌ت به شانامه، لیّکوّلّینه‌وه‌ی کوری ئه‌سیر زانایانه‌ترین و باشترین مه‌به‌سته له بژاره کردن و ره‌خنه‌ی ویژه و ویژه‌وانی‌دا، چون ئه‌و هه‌لّسه‌نگاندن و داوه‌ری‌یه، له لایه‌ن زانایه‌کی پیرمایه‌ی و اوه‌یه که پله‌و پایه‌ی ئه‌و له هونه‌ر و فنونی شیعر و ویژاوه‌ری‌و ئه‌ده‌ب و ئینشاوه، له ته‌واوی جیهانی ئیسلام‌دا، داوه‌ری کردنی ئه‌م زاته زاناگه‌وره و گرانه، جییّ دلّنیایی و باوه‌ره، ئه‌وزاته شیعری ئیّرانیانی به باشتر و عالیتر له شیعری عه‌ره‌ب زانیوه و نرخیّ زوّرتری بوّشیعری ئیّرانیان داناوه و رای گه‌یاندوه و شیّعری ئیرانیانی زوّر له شیعری عه‌ره‌ب به‌ته‌ر و پاراوتر و ئیّسک سوکتر و ره‌وانتر، داناوه و ده‌لیّ: شانامه‌ی فیرده‌وسی که‌پتر له ۶۰ هه‌زار به‌یته‌و داگری میّژوی ئیّرانیانه وله‌حوکمی قورئانی ئیرانیان دایه‌و ره‌وان بیّژانی عه‌جه‌م به تیّکرا لایانوایه له‌زمانی

Dr.Saleh Ebrahimi



فارسیدا تەرو پاراوتر لە شانامەی فیردەوسی، مەبەستێ جوانتر بەدی نەهاتووە - لێکۆلینەوە و کۆبەی محەمەد عەبباسی لە سەر شەرەفنامەی بدلیسی بە زمانی فارسی پەرەی ٦٤١ تا ٦٤٤ چاپی ١٣٤٣ . تاران.

یا بُنداری بن فەتح عەلی ئیسفەهانی (١١٩٠ - ١٢٤٥) تاریخ زان و موتەرجیم کە لە دیمەشق: سوریە بە زیارەتی (الملك العادل محمدبن ایوبّ بن شادی ابوبکر سیف‌الاسلام (٥٤٠ - ٦١٥ مانگی - ١١٤٥ - ١٢١٨ - ز -) گەییوە، مەلیک عادل پێیّ و تووە تۆ کە شانامە دەزانی پێم خۆشە لە سەری بکۆلێتەوە و بیکەیتە عەرەبی - السکوك للمقریزی ١ : ١٥١ - ١٩٤ و مرآة الزمان ٨ : ٥٩٤ - الاعلام لابن قاضی شبهة و حِلیٰ القاهرة ٢٠٦ و ئەعلامی زەرەکلی پەرەی ٧٤ چاپی ٦ ج ٦ بیّروت ١٩٨٤. زو المنجد فی‌الاعلام چاپی ١٢ بیروت ٢٠ حریزان ١٩٨٢ . ز. شانامە بەعەرەبی تەرجەمەی بُنداری کە رەسەن‌ترین سەرچاویە بۆ شانامە و شیعری شانامە.

لە سالەکانی ١٣٦٢ دا لە کتێب فرۆشی ئەسەدی لە مەیدانی بەهارستان لە تاران چاوم بە و کارەی بونداری کەوت: (شەپۆل).

یا جەمیل صدقی زەهاوی شاعیر و بیرمەندوزانا بە فەلسەفە و ویژە و ویژەوانی کە لە ١٢٧٩ی مانگی لە دایک بووە و لە ١٣٥٤ و ١٩٣٦ی زاینی لە بەغا وەفاتی کردوە و نێژراوە و زیاتر لە ٢٠ کتیبی بە نرخی نووسیوە، لە سالّی ١٣١٣ لە سەرە تای مانگی میهر (رەز بەر)ەوە: بە نوێنەری دەولەتی عێراق لە گەلّ ئەحمەد حامد صەرِراف بۆ بەشداری کردن لەجەژنی هەزار سالّەی لە دایک بوونی فیردەوسی توسی دێتە تاران، باوەکو والی تورکی عوسمانی پێی دەلّێ راستەئێمە لەباری دوستی رامیاری یەوە، ئێوە دەنیّرینە ئێران بەلاّم نابێ لە بابەت فیردەوسی یەوە شتێ بلّێ: چونکا فیردەوسی جوێنی بە خوا داوە، کە دەلّێ: (تفو بر تو ای چرخ گردون تفو ...) دیارە مەبەست گەردا نەندەو گەرێنەری گەردونە. بەلاّم صدقی زەهاوی کاتێ دێتە ئەم دیوی خاکی ئێران، دلّی گەرم دادێ و لە

Dr.Saleh Ebrahimi



سەرهەوای شیعری شانامە بەزمانی شیرینی فارسی بە شیعر دەڵێ:

بـه فـردوسی از مـن سلامی بـرید — پس از عرض حرمت پیامی برید
که ای شاعر خفته در زیـر خـاک — نـهان از نـظر، دور از جـان پـاک
سر از خاک بـردار و آنگـه ببین — چه شوری است بهرت بروی زمین
فـرو ریـخت اعـجاز از خـامه‌ات — بـیفزود از آن قـدر شـهنامه‌ات
جـهان بـرای تـو جـمع آمـده — بـرای ثـنای تـو جـمع آمـده
ز هر مملکت صـد صـدا مـی‌رسد — ز هـر سـو نـوایی جـدا مـی‌رسد
چو پر شد ز شعرت زمین و زمـان — سـتودند نـام تـو در هـر زبـان
هزار است در قـبر خـود خـفته‌ای — ولی زنده است آنچه تـو گـفته‌ای.

بەڵام کاتێ دەگەڕێتەوە خاکی بن دەس تورکی عوسمانلی، هەم لەمەجلیسی مەعارف کە لەوێ ئەندام بووە و هەم لە ئوستادی زانکۆلای دەیەن و رق و قینی لێ هەڵدەگرن، کە بۆ تاریفی فیردەوسی کردوە ـ جەمیل صدقی زەهاوی یەکەم کەسەکە لە عێراق بەرەوانی لەمافی ژن کردوە ولە سەر ژن بە جواب هاتووە.

ملک الشعرای بەهار بە شیعر لەشینی زەهاوی دا فەرمویەتی:

مــادر حکـمت بـر مـرگ زهـاوی گـریست
پشت خم گشت سهروردی چشم افلاطون گریست
کی عرب را بود حکیمی این چـنین فـحل و فـرید
تا بگویم دجـله بـر مـرگش امـروز خـون گـریست
نــی زعــراقست، جـمیل فــرزند ایـرانست پس
گفت باید ملک ایران در غمش سیحون گـریست

مەجەلەی ویرا: (WIBR) ژمارەی ٢ و ١ ساڵی ئەوەڵ /١٣٨١ی هەتاوی (گاهنامۀ فرهنگی و اجتماعی، ادبی دانشگاه ایلام) پەرەی ٨ تا ۴.

Dr.Saleh Ebrahimi



نوکتە دەڵێن: کاتێ ناسرەدین شای قاجار دەچێتە بەغا موفتی زەهاوی باوکی جەمیل صدقی زەهاوی لە کۆڕی والی بەغاو ئەواندا، دەس دەکا بەقسە، ناسرەدین‌شا ئەونە لە عیلم و قسەزانی موفتی زەهاوی عەجبات دەمێنێ بە ناچاری دەڵێ: (موفتی زەهاوی لەئیمەیە) یانی: ئێرانی‌یە و خەڵکی سەر پێڵ زەهاوە. والی تورکی عوسمانی لەوە لاّمدا دەڵێ: (ئێستا ئێمە لە عیلم و زانینی ئەو زاتە ئیستیفادە، دەکەین).

- مەجەلەی یادگار ژمارەی ۹ ساڵی ۳ پەرەی ٦۴ و ٦۸ و ساڵی ۵ ژمارەی ۱ و ۲ پەرەی ۹۲ و دیوان (ملک‌الشعرا) بەهار چاپی ۱۳۵۳ تاران و تاریخ ادبیات عرب احمد ترجانی‌زاده پەرەی ۳۱۰ چاپی ۱۳۴۸ و دیوانی زهاوی مصر چاپی ۱۳۴۴ی مانگی و مەشاهیری کورد ئەمین زەکی ۱ : ۱٦۳ والزهاوی دراسات و نصوص) بیّروت ۱۹٦٦ . ز. روژنامەی الاهرام و المقطم ۴ ذی‌الحجة ۱۳۵۴ و المقطم ۲۳ ذی‌القعده ۱۳۴۲ بقلم احمد سلیمان الطائی و ملوک العرب للریحانی ۳۸۱:۲ و ۳۸۷ و ئەعلامی زەرەکلی پەرەی ۱۳۷ و ۱۳۸ چاپی ٦ ج ۲ بیّروت ۱۹۸۴ ز -ومە شاهیر تەئلیفی زانای ناودار بابامەردوّخ روحانی ج ۲ چاپی ۱۳٦۴ تاران سروش پەرەی ۲۰٦.

**زانایانی کورد، تەنانەت (بین، سیلاب، لەت، سریچکاو مەقتەعی واژەیان لە زمانی** عەرەبیدا دیاری کردوە -کە لەزمانی کوردیدا ئەگەر دو حەرف (پیت) و بە یەک بین بن وەک ۱ : چر، در، پر، بر، مس، کز، مژ، دژ، دش و مر ... ۲ سێ پیت (سێ حەرف) بن -سێ پیتی وەک: داو، راو، چاو، خاو ... ۳ -دوبین و چوار پیت: (حەرف) بن، وەک: باوک: (با + وک) مامر: (ما + مر) - ۴ - پێنج پیتی‌بن وەک: هاوار: (ها + وار) نەخوّش: (نە + خوّش) ۵ -شەش پیتی بن وەک: هەنجیر: (هەن + جیر) و ... -یاسێ بین بن، وەک ئارەزو: (ئا + رە + زو). حەوت پیتی‌بن وەک شارەزور: (شا + رە + زور) یا هەشت پیتی بن وەک هەورامان: (هەو + را + مان). سەرچاوە: کتیبی ژیناوەری زانایانی کورد

Dr.Saleh Ebrahimi



لەجیهانی ئیسلامەتیدا چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی چاپخانەی مەهارەت تاران و کتێبی (سِرُّ صِناعَة الاعراب) و کتێبی (الخصایص) و کتێبی المنصف و کتێبی (شَرحِ التعریف للمازنی) ابن جنّی (عثمان)، (٩٤٢ - ١٠٠٢ ر) - ئەعلامی ئەلمونجید پەرەی ٩ چاپی ٢) ٢٠ حزیران ١٩٨٢ ز. بێروت. کەکتێبی (وەجیز) فی‌الفقه اللغة محمد انطاکی چاپی ٢ ، بیروّت ١٢ ایلول ١٩٦٩. ز ـ لە پەرەی ٤٠ دا دەنوسێ: داهێنەری ئەم عیلمە (فقه‌اللغه) ابن جنیّ‌یە،کە لەکتێبی (الخصایص) دا دای هێناوە و بۆ زانینی قورئان ئەم کارە گرینگەی ئەنجام داوە و کوڕی جنی عوسمان لە (سِرّ الصِناعة) دا تەواو تەرین و دەقیقترین لێکوڵینەوەی لە بابەت دەنگەوە (صوت) لەو (فقه‌اللغه) دا ئەنجام داوە و لایان وا بووە: بنەرەتی واژە لە دەنگەوە (صوت) پەیدا بووە، هەروەک وڕە و هاژەهاژی‌با، شریقە و گرم و هوّڕی (رەعد و بەرق)، خوڕەی ئاو، زەرە زەری گوێی درێژ، قرەی قالاّو یا قەلەرەشە، حیلەی ئەسپ و ماین و لورەی گورگ و ... سەرەنجام واژەش لە و جوّرە دەنگانە پەیدا بووە ـ پەرەی ٣٨ تا ٦٠ (الوجیز فی فقه اللغة) چاپی ٢ بیروت ١٢ ایلول ١٩٦٩. ز. الخصائص ابن جنیّ ج ١ ـ پەرەی ٤٦ و ٤٧ ـ لە پاشان الوجیز لە پەرەی ٦٣ دا دەڵێ ابن جنّی بەر لە هەزار ساڵ رای گەیاندوە کە بناغەی واژەلە زمانی ئەقوامە سەرەتایەکانی مروّ لە سەرەتای سەرهەڵدانی مروّدا یەک بوون و دوایی جیا بوّتەوە. ئێستا زانایانی دیکە، لە ئوروپا و ئەم لا و لا لەسەر (فقه اللغه) کاردەکەن.

دوکتور صبحی صالح لەکتێبی دراسات فی فقه‌اللّغة لە پەرەی ٢٣ دا دەڵی: (ابوالفتح عثمان) ابن جنی لە ساڵی ٣٩٢ ی مانگی وەفاتی کردوە و داهێنەری ئەم زانینە گرینگە کوڕی جنّی بووە: پەرەی ٣٣٣ تا ٢٣ چاپی ١٣٨٨ ی مانگی بێروت ج ١ ، دوکتور صبحی صالح ئوستادی فقه‌اللغةی زانکوّی لوبنان بووکە شەهید کراو لەو لێکوّڵینەوانە، جوان دەردەکەویّ کە ئەو زاناکوردانە سەرەیان بوّخەڵک کردوە، کەچی بنەیان **بوّ خوّیان نەکردوە، دەی خوّئەوە نایێتە نان و ئاو بوّکوردی بەشخوراو،** بەڵێ لە

Dr.Saleh Ebrahimi



بەرئەوە، دەسم داوەتە ئەم تەحقیقە لام وایە نابێ لەریشە ورەگژی خۆمان، دابڕێن و لە ئیسلام و قورئان و زانایانی خۆمان دور کەوینەوە، تا بە تاریخ و فەرهەنگی نامۆو رۆژاوایی بێگانەو دورلە بیرو باوەری باو باپیرانمان ئوگرو پێوەندی پەیدا بکەین، بێ ئەو بەمەوە بلکێن و لەوەی بووین و هەمان بووە، **بتارێن و بتۆرێن و بێ ئاگادارانە لە نێو بوتەی نامۆیاندا بتاوێنەوە،** هەموو باش دەزانین کورد، نەتەوەیەکین پڕراپەڕین و بزاو، جاهەر لەبەر ئەمە هەست بە بوون و کە سایەتی خۆمان دەکەین و دەکۆشین جاپڕهەست و هەستیاربین یا ناهەستیار، تاهەرشتێ کەلە بارماندایە، دەری بخەین تا ئەم بوون و کەسایەتی یە، لەخۆماندا پایەدارو پتەو رابگرین و خەڵکیش تێ بگەیێنین تا بەوکە سایەتی‌یە بزانن، ئەوە راپەڕینی جەماوەری کوردەواری یە، کە روخساری بوون و کەسایەتی کوردی خوێی ئاشکرا دەکا و خۆ بە زانین و هونەرو خویی چاك و خودایی‌و هەروا بەجوانی و بە گەرم و گوڕی ژیار و زانین و شارستانی لە نێو جەرگەی خوێدا سەقام گیر بکاو بەدینی پیرۆزی ئیسلامیش خوێی برازێنێتەوە، دیارە ژین و ژیان ئاژۆتنە (وحەرەکەت) بۆ پێشەوە، کە بە ردەوامیش بێ لە ئاژۆتن داو نەوەستێ، تالە ئاکامدا هەربەرەو ئاسۆی رون بڕواتە پیشەوە، دیارە ئەم کاروبزاوانە، زاف گرینگو گەورە یە، کە خۆ ناسین و عیزەت و ئیعجاب لە دڵ و دەرونی ئێمەی کوردا دەبو ژێنێتە وەو باوەر کردن بە خۆمان، لە خۆماندا زیاد و زیاتر دەکاو دەمان باتە پێشەوە و دەبێتە نیشانەی ئەوە کەنەتەوەی کورد شانازی بەرابوردوی خۆیی بکاو شکۆو جەلالی، بۆخۆی بۆیی، نەك هەر لەخزمەت نامۆدابێ، دیارە زۆرمان پێخۆشە وەك رابوردو خێوی عیلم و زانین و بە شانو و شکۆ و ئازاد و سەربە خۆبین.

## بەشی دووەم

١ ـ کوری موستەوفی ئەحمەد بن موبارەك شەرەفەدین ئەبو بەرەکات کە لە (٥٦٤)ی مانگی و (١١٦٩) ی زاینی لە شاری هەولێر لە دایک بووە لە (٦٣٧) و (١٢٣٩) دوای ٧٣ ساڵ ژیانی پڕلە خێر و بەرەکەت لە شاری موسڵ وەفاتی کردوە. ـ ئەم زانایە لە فەن و

Dr.Saleh Ebrahimi



فنون و هونەری موحاسەبات و مەسئەلەی دیوانی و زانینی ریازی‌دا بێ‌وێنە بـووە و لە هەولێر پلەی ئیستیفای پیدراوە و لە پاشان بۆتە و زیر - کوری موستەوفی لە هـونەری وێژاوەری، نەحو، لۆغەت، عەروز، قافیە، زانینی بەیان، شیعر و شاعیری، ئەخبار و مێژو، پەند و مەسەلی عەرەبی و لە زانینی فەرمودە (حدیس) و لە زانـینی نـیوّی پـیاوان هـەر شەپۆلی داوە و بە دەریا وێچوێنراوە و ماڵەکەی زانینگە و زیارەتگەی زانینخوازان بووە و پترلە ١٧ بەرگ کتێبی بەنرخی نووسیوە.

بغیة الوعاة ٣٨۴ والوفیات (: ۴۴٢ و الحوادث الجامعه ١٣٥ و التکمة لوفیات النقلة -ح، الجزء الخامس و الخمسون -و: ١ ، Brock . - ئەعلامی زەرەکلی ج ۵ پەرەی ٢٦٩ چاپی ٦ و بێروت ١٩٨۴. ز. و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شێوا ج ١ پەرەی ٧۴ چاپی ١٣٦۴ تاران سروش.

٢ - **یا مەولانا محیّدین خەلاتی کە بۆژمارە و پێوان** (ریازی و هەیئەت) و زانینی لەمەڕ گۆی ئاسمان ناسی، زۆر زانا و کارامە بووە و لەشاری مەراغەی لای تەوریز لەگەڵ (نە سیرەدین توسی) هاری کاری کردوە کە خەریکی دامەزراندنی (روانگە: رەسەدخانە) و خەریکی نووسینی (زیج): (جەدوەلی ئەستێرە) ناسینی گۆی ئاسمان بووە. شوێنەواری شاری خەلات زۆرکۆنە، لە رۆژگاری نەوشیروان: (جاماسب)ی کوڕی فیروز، کـوری یەزدیگورد، بیستەمین پاشای ساسانی لەسەر بووەولای بتلیس لە باکـوری دەریـاچەی (وان) لە کوردستانی باکوری دایە.

شەرەفنامە بە کوردی بە سەرەتا و کۆبەی (عبدالرحمن شرفکندی: هـەژار) پـەرەی ٦٦٦ ئوفسیتی تاران جە واهیری ١٩٨١. ز. - شەرەفنامە بە فارسی بە سەرەتا و کۆبەی (محمد عباسی) پەرەی ۴٦٠ چاپی ١٣۴٣ موئەسەسەی چاپەمەتی عیلمی تاران.

٣ - سەیید حوسین کوری یوسف کوری عەلی خەلاتی کەلەزانستی ریازی و هەیئەت هەرشەپۆلی داوە و لە جزیر و بۆتانی کوردستان قازی بووەو بەو زانستە سەیرانەی وەک

Dr.Saleh Ebrahimi



**(جه‌فر و ئه‌وفاق) وپیت زانی، په‌ی به‌وه بردوه که مه‌غۆل هێرش ده‌کاته سه‌ر ئێران و توران و شاری خه‌لات و بدلیس، به‌ر له‌وه‌ی مه‌غول، بگه‌نێ به خۆیی و به‌دوازده هه‌زار** ماڵی خزم و دۆست و په‌یره‌وانی، نیشتمانی به‌جێ هێشتووه‌و چونه‌ته میسر وه تاماوه‌یێ زۆرگه‌ره‌کێک هه‌بووه له میسرا، که تاخی ئه‌خلاتیانی ناو بووه ـ هه‌ردو شه‌ره‌فنامه به‌کوردی و فارسی و کۆبه‌ی زانای ناودار: رۆژبه‌یانی.

۴ ـ نه‌جمه‌دین ئه‌ییوب موحاسب بن عه‌ینوده‌و له بن نه‌سروللاّ له‌کورده‌کانی خه‌لات که له زانستی ریازی، هه‌یئه‌ت و ئه‌ستیره ناسی دا، هه‌رشه پۆلی داوه و له ده‌رباری سوڵتان مه‌لیک ساڵح (۶۳۹ ـ ۶۴۷ مانگی) بن مه‌لیک کامل ئه‌ییوبی، ژیاوه ـ ئه‌ستێره ناس و ژماره نووسی ئه‌و بووه و له‌و زانینانه‌شداکتێبی زۆر به نرخی داناوه. ـ کشف الظنون ج ۱ په‌ره‌ی ۱۱۳ ،گاهنامه‌ی تارانی ۱۳۱۰ ی‌هه تاوی په‌ره‌ی ۹۰ ـ هدیةالعارفین ئۆفسێتی ئێران ج ۱ په‌ره‌ی ۲۲۹ به‌نه‌قل له مه‌شاهیر ته‌ئلیفی بابا مه‌ردوخ رۆحانی شێوا ج ۱ په‌ره‌ی ۱۳۷۹ چاپی سروش تاران ۱۳۶۴.

۵ ـ یا (قاضی القضات علاّمه کمال‌الدین) هه‌ولێری که به (قدوة المحققین و سلطان الحکما) ناودار بووه و (قاضی ابن خلکان له مێژوی خوێدا نووسیویه‌تی: که له ۶۱۶ ی مانگی له موسڵ به‌خزمه‌ت که ماڵه دین گه‌یشتم و (له‌گشت زانینه‌کاندا به بێ وێنه، هاته به‌رچاو) و له ئیمام محه‌مه‌د غه‌زالی به‌زاناتر دانراوه، چونکا له زانستی ریازی‌دا هه‌ر شه‌پۆلی داوه و غه‌زالی وای نه‌زانیوه. که‌ماڵه دین له ریازی و هه‌یئه‌ت و زانستی جه‌فری جامیع و پیت زانی و ئه‌وفاق فره‌زانابووه‌و هه‌روه‌ها له زانستی ئوسولی دین، (فقه) پزشیکی، حیکمه‌ت، مه‌نتیق، موسیقی، ته‌فسیری قورئان و فه‌رموده و ته‌ورات و ئینجیل شاره‌زا بووه.

ئه‌علامی زه‌ره‌کلی ج ۷ په‌ره‌ی ۱۳۲ چاپی ۶ بیروت ۱۹۸۴. ز. و نێوی ئه‌م سه‌رچاوانه‌شی هێناوه: (مفتاح السعاده) ۲:۲۱۴ و (طبقات السبکی) ۵ : ۵۸ (و ۱۶۲) و

Dr.Saleh Ebrahimi



(روض المناظر بهامش ابن‌اثیر) ۱۳۵:۱۲ و (الفلاکه و المفلوکون ۸۴ و (شذرات الذهب) ۵ : ۲۰٦ و (الحوادث الجامعه ۱۴۹ : BVOCV.S.L: 859 (والبدایه و النهایه) ۱۳ : ۵۸ و مرآة الجنان ۴ : ۱۰۱ و (طبقات المفسرین للداوود ـ خ.)

٦ ـ جه‌زه‌ری (بدیع الزّمان اسماعیل) هونه‌روه‌ر که کتێبی (معرفة الحیل الهندسیة) له ۱۲۰۵ بۆ مه‌حمود ئه‌رته‌قی له ئامێد داناوه و زانینی ساعه‌ت سازی تێدا به‌کاربردوه. (المنجد فی الاعلام) په‌ره‌ی ۲۱۳ چاپی ۲۰ حزیرانی ۱۹۸۲ ـ ز ـ بێروت.

۷ ـ کوڕی ره‌سول مه‌ولانا مه‌لا محه‌مه‌د کوری مه‌لا ره‌سولی دووم له ره‌چه‌ڵه‌کی زه‌کی و له ۱۱۸۱ ی مانگی له چوارتای سوله‌یمانی له دایک بووه و بوته ده‌رس بێژی مزگه‌وتی سوری سابڵاغ (مه‌هاباد) له‌وێ‌له ساڵی ۱۲۴٦ وه‌فاتی کردوه و له (عیلمی ریاضی) دا هه‌رشه‌پۆلی داوه‌و شه‌رحێکی له سه‌ر (خلاصة الحساب، اشکال التأسیس) له (هندسه) دا و کتێبێکی به نرخی له (جبر و مقابله) داناوه و موفتی زه‌هاوی که فه‌قیێ بووه، ده‌ڵێ کوڕی ره‌سولی ماموّستای خۆم له‌زانینی زیازی‌دا هه‌رشه پۆلی داوه، هه‌ر وه‌ک مێو بووه له ده‌سی‌دا. ـ تاریخی سوله‌یمانی په‌ره‌ی ۲۸۱ چاپی ۱۳۷۳ی مانگی و مه‌شاهیری کورد ئه‌مین زه‌کی ج ۲ په‌ره‌ی ۱۵۳ و ته‌فسیری روح‌المعانی عه‌للامه ئالوّسی ج ۲۵ چاپی ۴ بیروّت ۱۴۰۵ ی مانگی و ۱۹۸۵. ز. په‌ره‌ی ۱۰۴ و ۱۰۲ له بابه‌ت ئایه‌تی ۱٦ سوره‌ی فه‌تحی قورئان و کتێبی زریزه‌ی زیرین محه‌مه‌د صالح ئیبراهیمی (شه‌پۆل) چاپی ۱۹۹۹. ز. هه‌ولێر چاپه‌مه‌نی ئاراس.

۸ ـ شیخ حه‌سه‌ن بن (عبدالمؤمن) دووم مه‌ردوّخی سنه‌یی که له زانستی ریازی، هه‌یئه‌ت و ئه‌ستێره‌ناسی زۆر ئاگاداربووه‌و که‌تیبه‌ی مزگه‌وتی (دارالاحسان و دارالحکومه)ی سنه به‌خه‌تی جوانی ئه‌وه. ـ مه‌شاهیری کورد ته‌ئلیفی بابا مه‌ردوّخ روّحانی په‌ره‌ی ۳۳۵ چاپی سروش تاران ۱۳٦۴ ج یه‌که‌م و تاریخی مه‌ردوّخ.

۹ ـ عه‌للامه‌ی ناودار کوری ئادەم که له ۱۱٦۰ ی مانگی له دیێ روّستێ باڵه‌کی

کوردستان له دایک بووه و له ١٢٥٢ وه‌فاتی کردوه و له زانستی ریازی، هه‌نده‌سه، هه‌یئه‌ت فره‌زانا بووه و شه‌رحی له (رسالة الحساب) عه‌للامه عاملی و شه‌رحی له‌سه‌ر (اشکال التأسیس) له هه‌نده‌سه و شه‌رحی له‌سه‌ر (ربع المجیب) شه‌رحی له سه‌ر (زیج) ئولغ به‌گ داناوه. ـ هه‌رواکتێبی (مفتاح التنجیم فی شرح التقویم) و کتێبی (تشریح السیّارات فی الفلک و (شرحی) له (چه‌غمینی) قازی‌زاده له فه‌له‌کیات‌دا نووسیوه‌و زیاتر له ٢٥ کتێبی به نرخی داناوه‌و شرحی له فه‌رایزی مه‌نهه ج له (فقه) دا. داناوه. ـ یادی مه‌ردان په‌ره‌ی ١٧ و ٢٢ چاپی ١٩٨٣. ز. و مه‌شاهیری کورد ئه‌ئلیفی بابا مه‌ردۆخ رۆحانی شێوا چاپی ٣٦٤ سروش تاران په‌ره‌ی ٣٣٦ ج ١. وکۆبه‌ی ژیانی شیخ مارف نۆدی: شیخ محه‌مه‌د خالّ چاپی ١٩٧٢ ز به‌غا.

١٠ ـ شێخ ئه‌بو حه‌سه‌ن بن شێخ نه‌جمه‌دین بن شێخ ئیبراهیم بن شێخ شه‌مسه‌دین بن شێخ عه‌بدو غه‌فار، زانایێ پرمایه و خواناسیّ پله‌به‌رز له خانه‌دانی پر عیلم و هونه‌ری مه‌ردۆخیان بووه و له شاری سنه‌ی زاناو هونه‌ر په‌روه‌ر ژیاوه و له ئاوایی باقلاوای سنه له ١١٩٠ی مانگی وه‌فاتی کردوه و له ١١٧٤ کتێبێکی له فه‌ن و هونه‌ری **(هه‌یئه‌ت و ئوستورلاب)** داناوه‌و چون له (١١٦٤ ـ ١١٧٨ی مانگی) له چاخی حوکومه‌تی سلێمان پاشا (دوه‌م)ی بابان له شاری نیشته‌جێ بووه. کتێبه که‌ی به (توحفه‌ی سوله‌یمانی) ناو ناوه. ـ مه‌شاهیری کورد ته‌ئلیفی بابا مه‌ردۆخ رۆحانی شێوا ج ١ په‌ره‌ی ٢٤٨ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

١١ ـ زانای ناودار مه‌ولانا مه‌لا یه‌حیا عیمادی موزوری کوری خالداغا و برازای عه‌لیاغای بالّتی که له‌کتێبه‌کاندا به (شیخ الکُلّ فی الکُلِّ، سلطان العلماء، کعبة الاحبار) ناو براوه و له ١٢٥٤ی مانگی وه‌فاتی کردوه و له نێزیک شیخ عه‌بدولقادر گه‌یلانی له به‌غا نێژراوه و له‌زانستی (ریازی و فه‌له‌کیات، زانینی ئه‌قلی و حیکمه‌ت و فه‌لسه‌فه هه‌رشه‌پۆلی داوه و زنجیره‌ی ئیجازه‌ی مه‌لا و فه‌قییان له‌م دوایانه‌ی کوردستان ده‌گاته

Dr.Saleh Ebrahimi



ئه‌مزاته و له‌میشه‌وه ده‌گاته‌وه زانایانی حه‌یده‌ری یه‌کانی کورده‌واری که له‌مه‌نسوبانی نوسخه‌ی نابغه‌و نوسخه‌ی جامیعه مه‌ولانا خالد شاره‌زوری نه‌خشبه‌ندی بووه.

یادی مه‌ردان په‌ره‌ی ۱۱۶ چاپی ۱۹۸۳. به‌غا و میرانی سۆران په‌ره‌ی ۱۲۴ نوسراوی داما و: (حسین حزنی) موکریانی چاپی ۲ چاپخانه‌ی کوردستان هه‌ولێر ۲۵۷۴ کوردی (۱۹۶۲ . ز). مه‌شاهیری کورد ته‌ئلیفی بابا مه‌ردوخ رۆحانی شیوا ج ۱ په‌ره‌ی ۳۵۲ چاپی ۱۳۶۴ سروش تاران ـ زانای ناودار بابا مه‌ردوخ رۆحانی شیوا له ج ۱ مه‌شاهیر ـ ی کورد په‌ره‌ی ۱۷۷ چاپی ۱۳۶۴ سروش، تاران نووسیویه‌تی: یه‌کی له زانایانی ناوداری حه‌یده‌ری ناودار به حه‌یاده‌ره‌ی ماوه‌رانی شه‌قلاوه‌ی سه‌ر به هه‌ولێر شه‌رحێکی له سه‌ر (تحریر اقلیدس) نووسیوه و نیشان ده‌داکه ئه‌وزانایه له زانستی ریازی‌دا هه‌رشه پۆلی داوه و کتێبی دیکه‌شی له‌فه‌ن و هونه‌ری موسیقی‌دا نووسیووه و ئه‌م دوکتێبه به ده‌سخه‌تی نووسه‌ر له‌په‌راوه‌خانه‌ی زانایه‌کی مه‌هاباد (ی موکری) داهه‌یه. رۆژێک له سالی ۱۳۳۴ی هه‌تاوی که له فێرانکۆی عه‌للامه‌ی ناودار ماموستا مه‌لا حسین مه‌جدی له مزگه‌وتی بازاری شاری مه‌هاباد، ده‌رسم له خزمه‌تیدا ده خوێندن باسی ئه‌و دوکتێبه‌ی کردو، زۆریش تاریف و په‌سه‌ندی زانایانی حه‌یاده‌ره‌ی کردو فه‌رموی زیاتر له سێسه‌د ساله ئه‌و خانه‌دانه زاناو هونه‌رپه‌وه‌ره، نور و زانین له‌کورده‌واریدا بلاوده‌که نه‌وه‌و ئێستاش له سوریه،کوردستان، عیراق و باقی ولاتانی ئیسلامی نورو عیلم بلاو ده‌که‌نه‌وه‌و سه‌ر چاوه‌ی ئیجازه‌ی فتوا و ته‌دریسی زانینه‌کانن، له‌کوردستاندا، له حه‌ریر و باتاس، به‌غا، دیمه‌شق، حه‌له‌ب ده‌چێته‌وه سه‌رئه‌وانو ئێستایش خه‌ریکی نور ئه‌فشانین و له‌زانستی ریازی، هه‌یئه‌ت، حیکمه‌ت، ئه‌و زانایانه‌ی بنه ماله‌ی (حه‌یده‌ری) حه‌یاده‌ره‌ی ماوه‌رانی، وه‌ک ده‌ریا وابوون. وه فه‌رهه‌نگی ئیسلامی به‌رمنه تیانه. (شه‌پۆل)

۱۲ ـ زانایه‌کی گه‌وره‌ی وه‌ک شیخ عومه‌ر قه‌ره‌داغی کوری شێخ ئه‌مین شه‌رحی له‌کتێبی (اسطرلاب) کردوه که له‌بابه‌ت **ئه‌ستێره ناسینه‌وه‌یه**، وه له ۱۳۰۲ی مانگی له سلێمانی

Dr.Saleh Ebrahimi



لە دایک بووە. تاریخ السلیمانیة و انحائها بە عەرەبی پەرەی ١٨٦ تا ١٨٤ چاپی ١٩٥٦.ز بەغا.کە نوسخەیەکی لە (کتابخانەی دانشیرایعالی) تاران هەیە.

١٣ ـ زانای فەرەزان (شێخ محمد اول تختوی) مەردوّخی ٣ مەنزومەی بەفارسی لە زانستی (هەیئەت، بەکوردی گۆرانی لەحیسابی ساڵی کەپیشە و مەنزومەیەکی لە بابەت کورەی چەغمینی و مە نزومەیەکی لە زانستی حیساب و قاعیدە و زاکوّنی ئەوە دا بە کوردی داناوە. پەرەی ٢٣٧ کتیبی مەشاهیری کورد دانراوی بابا مەردوّخ شیوا، چاپی ١٣٦٤ سروش تاران ج ـ ١.

١٤ ـ زانای فرەزان بە درە دین محەمەد، بن ئەحمەد ناودار بە (سبط ماردینی) کە لە زانینەکانی ریازی، ئەستێرە ناسی و فەلەکیاتدا پڕ عیلم و زانین بووەو لە ٨٢٦ ی مانگی و ١٤٢٣ی زاینی لە دایک بووە و چونەتە دیمەشق و لە هەندەسە، ریازی، هەیئەت و (مُقَنْطرات و جیوبِ قَوْس) ەکان دا تەئلیفی هەیە و ٢ کتێبی (تحفة الالباب فی علم الحساب و الجواهر فی تجدید الخطوط و الدوائیر)ی داناوە ولە ١٢٩٩ی مانگی لە میسر لە چاپ دراون و لە جەبروموقا بە لەو هیدیکەیش دانراوی هەیە و لە زانکوّی ئەزهەری قاهیرە دەرس بێژ بووە و لە ٩١٢ و ١٥٠٦ لەوێ وەفاتی کردوە ـ کشف‌الظنون ج پەرەی ٣٦١ ئەعلامی زەرەکلی ج ٧ پەرەی ٥٤ و ٥٥ چاپی ٦ بیّروت ١٩٩٤.ز. البدر الطالع ٢ : ٢٤٢ و بەخەتی خوّیی (سبط الماردینی) نووسراوە و مجلة المجمع العلمی العربی ٢٨ : ٤٣٠ و

Princeton 3II Brock. 2:216 (I67), S.2: 484, 329, 558

و نشرة دارالکتب ١ : ٣٥٩ و بدائع الزهور، لابن ایاس ٤ : ١٠٧ طبقه استانبول فی حوادث سنة ٩١٢.

١٥ ـ ئەبو حەنیفەدینەوەری ئەحمەد بن داوود، کە سەید جەلالەدین تارانی لە گاهنامەی ساڵی ١٣٠٧ ی هەتاوی، دینەوەری بە یەکێ لە ریازی زانەکانی سەدەی

Dr.Saleh Ebrahimi



سێوەمی مانگی دادەنێ کە لە شاری ئیسفەهان خەریکی رەسەدی ئەستێرەکان بووە و زیجی داناوە و کتێبی (جبر و مقابلە)ی نووسیوەو سەرەرای ئەوانە لە گیاناسی و شیمیدا کە شفیاتێکی هەیە و نەسەبنامەی کوردی نووسیوەو لە گیاناسی و ئەستێرە ناسی دافرە زانابووە، ئەحمەد بن داود بن وەنەند دینەوەری لە ٢٨٢ی مانگی و ٨٩٥ ی زاینی وەفاتی کردوە. ئەبوحەنیفە ئەندازیار، مێژوزان و نابیغەی رۆژگار بووە و حیکمەتی فەلاسیفە و بەیانی عەرەبی کۆکردوتەوە و لێکیداون و تەفسیری قورئانیشی لە ١٣ بەرگدا نووسیووە و گیاناسێ زۆر خاوەن بیربووە ـ تاج التراجم و ارشاد الاریب ١ : ١٢٣ و الجواهر المضیة ١ : ٦٧ و انباه الرواة ١ : ٤١ و خزانة الادب للبغدادی ١ : ٢٥ و للامیر مصطفی الشهابی، فی مجلة المجمع العلمی العربی ٢٦ : ٣٤٦ مقال عنه و انظر مجلة العرب ٩ : ٢٩٥ و ئەعلامی زەرەکلی پەرەی ١٢٢ ج ١ بیروت ١٩٨٤ ز ـ وکتیبی زانایانی کورد ج ٢ چاپی ١٣٨٠ پەرەی ١٥ شەپۆل و مەشاهیر ـ ی کورد بابا مەردوخ

ﮮ:(شەپۆل) نوسەر، رۆژنامەنوس، لێکۆلەر، ئوستادی زانکۆی تاران، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی زمان و فەرهەنگ و هونەری کورد رو دامەزرێنە و کۆنسەی سەروکا یەتی کۆمکار (جامعە)ی کوردانی تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



## بەناوی خوای بەخشەرو دڵاوا

## بەشی سێوەم

### لێکۆڵینەوە و تەحقیقی

**هەندێ لە زانایانی کورد، کە تەفسیریان لە سەر قورئان نووسیوە**

١ ـ یوسف بن محەمەد (الصغراتی الکردی). ناودار بە أَصَمّ فەقیهی شافعی فرەزانا بە زانینەکانی ئیسلامی، کاتێ سەری دەخستە سەرکتێب، وەها غەرقی ورد بونەوەی دەبو، سپا بە لایدا بڕۆیشتا، ئاگاداری نەدە بوجا لەبەرئەوە بە أَصَمّ ناو براوە و ئەوزاتە تەفسیری (منقول التفاسیر) و چەن کتێبی بە نرخی وەک (منقول الاکراد فی الفتاوی) مەسائیل و دەلائیلی لە (فقه) و حاشیە لە سەر حاشیەی عیسامی جامی و کۆبەی لەکۆبەی شەرحی قوتب لە سەر شەمسیە بۆ قەرەداوود، نووسیوە و لە ١٠٠٢ی مانگی و ١٥٩٤ی زایینی وەفاتی کردوە، (علماؤنا فی خدمة العلم و الدین) پەرەی ٦٣٣ تا ٦٣١ چاپی ١٤٠٣ی مانگی و ١٩٨٣ ز. ـ ئەعلامی زەرەکلی (قاموسی التراجم)، ج ٨، چاپی شەشەم پەرەی ٢٥١ و ٢٥٢ بیروت ١٩٨٤ ز ـ خلاصة الاثر ٤ : ٥٠٩ و هدیة العارفین ٢ : ٥٦٥ و ایضاح المکنون ٢ : ٥٨٤، مەشاهیر کورد بابا مەردوخ ڕوحانی شیواج ١ ـ پەرەی ١٦٠ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٢ ـ مولانا حیسامەدین عەلی بەدلیسی کوڕی عەبدوللا (سۆفی حەنەفی) زانای بەکاروکردەوە و خواناسێ تەواوکە لەسەر ڕێبازی زنجیرەی شیخ عەممار یاسر بدلیسی بووە و تەفسیری (جامع التنزیل و التأویل)ی بە شێوەی ئەهلی عیرفان لە ٥جەلدا نووسیوەو لە ٩٠٠ی مانگی وەفاتی کردوە. شەرەفنامە بە فارسی پەرەی ٤٤٨ چاپی ١٣٤٣ تاران بەخۆش کردن و سەرەتا وکۆبەی محەمەد عەبباسی ـ شەرەفنامە بەکوردی پەرەی ٦٤٥، چاپی دوەم ١٩٨١ز ـ ئوفسێتی جەواهیری تاران بە تەرجەمە و سەرەتا و کۆبەی زانا و شاعیری ناوداری کورد: (عبدالرّحمن شرفکندی ـ هەژار) ـ کشف الظنون ج ١ پەرەی ٣٣٣ و هدیة العارفین ج ١ پەرەی ٨٣٨. ـ

Dr.Saleh Ebrahimi



٣ ـ زاتێکی وەک (ابو الفضل محمد افندی) دەفتەری بدلیسی کوری مەولانا حەکیم ئیدریس بدلیسی تەفسیرێکی هەیە بە ناوی تەرجەمەی تەفسیری مەواهیب کاشفی حسین واعظی بە تورکی و چەن کتێبی بە نرخی دیکەیشی نووسیوە و کۆبەشی بە زمانی فارسی لە سەر کتێبی (هەشت بە هەشت)ی باوکی داناوە، خێوی کەشف زنون لە جێێ یەکدا دەڵێ: دەفتەری لە ٩٨٧ و لە جێیترا دەڵێ لە ٩٨٢ وەفاتی کردوە.

شەرەفنامە بە فارسی بە سەرەتاو کۆبەی محەمەد عەبباسی پەرەی ٤٥٠ و ٤٥١ چاپی ١٣٤٣ تاران، شەرەفنامە بە کوردی پەرەی ٦٥٧ چاپی دوەم ١٩٨١ زئۆفستیی چاپخانەی جەواهیری تاران، بە سەرەتا و کۆبەی (عبدالرحمن شرفکندی ـ هەژار).

٤ ـ عەللامە، مەولانا مەلاخەلیل سیرتیێ «الاسعردی» تەفسیرێکی بە ناوی: (تبصرة القلوب من کلام علام الغیوب) داناوە و لە ١١٦٧ لە ١٧٥٣ ز، لە دایک بووە و لە ١٢٥٩ ی مانگی و ١٨٤٣ ـ ز ـ وەفاتی کردوە و تەسریفی رەنجانی و هەندێ لە کتێبە وردیلەکانی بۆ فەقێیان کردوتە کوردی و چەن کتێبی بەنرخی دیکەیشی نووسیوە.

هدیة العارفین ج ١ پەرەی ٣٥٧ ـ عثمانلی مؤلفلری ١ ج : ٤٠٣ و الازهریة ج ٣ : ٣٣١ و ٤٥٨ و ٤٥٩ و ٧ : ٣١٧ و دارالکتب ١ : ٢٤٣ و ئەعلامی زەرەکلی ج ٢ پەرەی ٣١٧ و چاپی ٦ بیرۆت ١٩٨٤ ـ ز ـ

٥ ـ حامید پالۆیی دیار بەکری، زانا بە زانینەکانی قورئان، تەفسیرێکی بەناوی: (زبدة العرفان فی وجوه القرآن) نووسیووە و لە چاپیش دراوە و لە ١١٥٢ ی مانگی وەفاتی کردوە ـ هدیة العارفین ج ١ پەرەی ١٧٣.

٦ ـ زانابە قورئان و زانینی ریازی و حیکمەت ولێکۆلەرو پزیشکی زاناو دانا، کوری ساعد ژەنگاری محەمەدبن ئیبراهیم ساعد ئەنصاری ناودار بە ئەکفانی ئەبوعەبدوللا، تەفسیرێکی بە ناوی (نقب الطائر من بحر الزاخر فی التفسیر) نووسیووە و زیاتر لە ٧ کتێبی بەنرخی داناوە، هەروەک (غنیة اللبیب فیما یستعمل عند غیبة الطبیب) و لە قاهیرە لە ساڵی ٧٤٩ ی مانگی و ١٣٤٨ ی زاینی وەفاتی کردوە.

هدیة العارفین ج ٢ پەرەی ١٥٥ ـ الدرر الکامنة ٣ : ٢٧٩ و البدر الطالع ج ٢ : ٧٩

Dr.Saleh Ebrahimi



الفهرس التمهیدی ۵۳۳ و الکتابخانه ٦ : ۳۰ و ۴۸ ثم: ۷ : ۱۸۴ .Brock, 271 (137) S 1699: بە نەقلّ لە ئەعلامی زەرەکلی پەرەی ۲۹۹ ج ۵ چاپی ٦ بیروّت ۱۹۸۴. ز ـ و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ۱ چاپی ۱۳٦۴ سروش ـ تاران.

۷ ـ زانایەکی پڕعیلم و زانین، کوڕی یونس: کە ماڵەدین ئەبوفەتح موسابن یونس محەمەدبن مەنعە: موسڵی، فەیلەسوف، فرەزانا بە زانینی ریازی و زانا بە ۲۴ فەن و زانا بە قورئان و بە ئینجیل کە تەفسیرێکی بە ناوی (کشف المشکلات فی تفسیر القرآن) داناوەو کوری خەلەکان دەڵێ: لە موسڵ چومە خزمەتیان لە گشت زانینەکانی سەردەم هەر شەپوّلی دەداو بێ وێنەم هاتە بەر چاو، کە لە ۵۵۱ی مانگی و ۱۱۵٦ی زاینی لە موسڵ لە دایک بووە و لە ٦۳۹ و ۱۲۴۲ وەفاتی کردوە ـ تاریخی کوری خەلەکان ج ۲ پەرەی ٦۳۹ ـ تەبەتاتی شافعییە ج ۵ پەرەی ۱۵۸ ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ۷ پەرەی ۱۳۲ چاپی ٦ بیروّت ۱۹۸۴ . ز.وەئەم سەرچاوانەشی هێناوە: مفتاح السعاده ۲ : ۲۱۴ و (طبقات السبکی) ۵ : ۵۸ (و ۱٦۲) و (روض المناظر بهامش ابن‌اثیر) ۱۲ : ۱۳۵ و (الفلاکة و المفلوکون ۸۴ و شذرات الذهب ۵ : ۲۰٦ و الحوادث الجامعة ۱۴۹ : Bvocv.S.L: 859 و البدایه و النهایة ۱۳ : ۱۵۸ و مرآة الجنان ۴ : ۱۰۱ و طبقات المفسّرین للداوود ـ خ.

۸ ـ زاتێکی وەک عومەر بن محەمەد عەبدوللا بن ئامویە ئەبوحەفس شەهابەدین سُهْرَوَردی (سورە بەرد)ی لای زەنجان [سهرورد: مدینة فی شمال غربی ایران سکانّها الاکراد فی القرن ۱۰ خَرَبَها المغول بحملاتهم الحربیة فی‌القرون الوسطی ـ المنجد فی‌الاعلام ـ چاپی ۱۲ سالی ۱۹۸۲. ز. ئوفسێتی ایران] زانا و خواناس خێوی (عوارف المعارف) تەفسیرێکی بە ناوی (بغیة البیان فی تفسیر القرآن) داناوە. شستربتی ژمارەی ۳۹۵ فەقەرەی ۹ و رشف‌النصایح الایمانیة و کشف الفضائح الیونانیة، کە لە کوّواری Orien دا هاتووە، وفیات الاعیان ۱ : ۳۸۰ و التکملة لوفیات النقلة، الجزء التاسع و الاربعون و الحوادث الجامعة ۷۴ و الشذرات ۵ : ۱۵۳ و البدایة و النهایة ۱۳ : ۱۳۸ و ۱۴۳ و تەبەقاتی شافعی یە ۵ : ۱۴۳ و الکتابخانه ۷: ۳۷۰ و Brock. S. 1:788 و

Dr.Saleh Ebrahimi



Oriensvol681 و دایرةالمعارف دوکتور فەرید وەجدی ج ٥ پەرەی ٦٢ چاپی ٦ بیروت ١٩٨٤. ز. (استاد شهید مطهری) لە کتێبی (خدمات متقابل ایران و اسلام) چاپی ١٣٦٢ی هەتاوی پەرەی ٥٨٨ دەنوسێ: (شیخ سعدی شیرازی و کمال‌الدین اسماعیل اصفهانی) شاعیرانی ناودار مریدی ئەم سُهْرَوَردی یەن، جا ئەوەیە کە شیخی سەعدی شیرازی لە پەسەندی ئەم زاتە پاکەدا بە شیعر فەرمویەتی:

(مقالات مردان زمردی شنو نه از سعدی از سهروردی شنو)
(مرا شیخ دانای مرشد شهاب دو اندرز فرمود بر روی آب)
(یکی اینکه در نفس بدبین مباش دیگر انکه در جمع بدبین مباش).

ئەم زاتە پاکە لە ٦٣٢ی مانگی لە دایک بووە و لە ١٢٣٤ی زاینی وەفاتی کردووە و فەقیهی شافعی و شیخی گەورە و ناودار و زاف بە تەقوا و خواناس بووە - پەرەی ٣٦٩، المنجد فی‌الاعلام چاپی ٢٠ حزیرانی ١٩٨٢ بیروت.

٩ - زاتێکی وەک عەللامە (ئەبوسعود عمادی، محمّد اَفْندی شیخ الاسلام) خەنەفی و موفتی، کوری: (شیخ محمد محی‌الدین شیخ السلطان عمادی) ئیسکلیبی کوردی کە لە ٩٤٤ ی مانگی بوتە قازی و لە ٩٥٢ بوتە (شیخ الاسلام و مفتی اعظم)ی ولاتی عوسمانی و تائاخری تەمەنی کە لە ٨٤ ساڵیدا لە ٩٨٢ی مانگی وەفاکردوە، موفتی و شیخ الاسلام بووە و لە نیزیک (ابو انصار صحابی) نیژراوە. (رضوان الله تعالی علیهم) ئەبوسعود تەفسیرێکی بە ناوی (ارشاد العقل السلیم الی مزایا الکتاب الکریم) نووسیوەو لە میسر لە کوبەی تەفسیری ئیمام فەخری رازی لە چاپ دراوە. ئەبوسعود لە وێژە و وێژەوانی عەرەبدا هەر شەپوڵی داوە و قەسیدەی میمیەی ئەو زاتە زۆر مەشهورەو تەفسیرەکەیشی بەدەریای پرمەوج شوبهێندراوەو تەژیيە لە نوکتەی وردو جوان و **عیلمی و هونەری قورئانی، کە دوجار لە لایەن سوڵتان بایە زیدی تورکی عوسمانی جایزە** بەو تەفسیرەی دراوە. - (شەپوڵ) لە تەرجەمەی قورئان بەزمانی کوردی کە (سازمان تبلیغات اسلامی ایران) لە ساڵی ١٣٧٦ ی هەتاوی لە تاران، چاپ و بلاوی کردوتە وە و تائیستا ٧ جار لە چاپ دراوەتەوە، لە تەفسیری ئەبوسعود زۆر کە لکی وەر گرتووە. - (قد

Dr.Saleh Ebrahimi



انتقل المولی ابوالسعود) بە حیسابی ئەبجەد، تاریخی وەفاتی ئەوزاتە گەورەیە، کە دەکاتە ٨٩٢ ی مانگی. - هامش ابن خلکان مصر ج ٢ پەرەی ٢٨٢ و ٣٠٥ و تەفسیری نمونە.

١٠ - زاتێکی وەک کەواشی ئەحمەد بن یوسف بن حسێن بن رافع بن سویدان شەیبانی موسڵی مووەفەقەدین ئەبو عەبباس زانا بە زانینەکانی قورئان کە (تبصرة المتذکر و کشف الحایق)ی داناوە کە هەردوکیان بە تەفسیری کەواشی مەشهورن و تەفسیرێکیشی بەناوی (تلخیص فی التفسیر بقرآن العزیز) هەیە و کتێبی بە نرخی دیکەیشی داناوەو لە ٥٩٠ی مانگی و ١١٩٤ی زاینی لە گوندی واشە: (قەلاّ)ی سەربەموسڵ لە دایک بووە و لە ٦٨٠ و ١٢٨١ وەفاتی کردوە. - (تاریخ الکامل ج ١٢ پەرەی ١٥٧ - کشف الظنون ج ١ پەرەی ٣١٤ و ٢٤٥ و ٣٢٨ و ٣١٨ - ئەعلامی زەرەکلی پەرەی ٢٧٤ ج ١ چاپی ٦ بیروّت ١٩٨٤. ز. ئەم سەرچا وانەشی ناو بردوە: النجوم الزاهرة ٧ : ٣٤٨ و نکت الهمیان ١١٦ و المکتبة الازهریة ١ : ١٨ و ٢٥٩ و النشرة ٤ : ٤ و برنامج القرویین ٢٥ و فیه ذکر جزءین مخطوطین من تفسیر الکواشی.

١١ - زاتێکی وەک کوڕی ئەسیر ئەبوسەعادە موبارەک مەجدەدین کوڕی محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولکەریم شەیبانی جەزەری، ناودار بە کوڕی ئەسیر فەرمودە زان و قورئان زان، کە تەفسیرێکی بە ناوی (الانصاف فی الجمع بین الکشف و الکشّاف) و (جامع الاصول فی احادیث الرسول (د - خ) لە دە جەلّدا نووسیوە و (نهایة غریب الحدیث)ی لە ٤ جەلّدا داناوە وجیێ دلّنیایی زانایان و فەرەزانان بووە و شەرحیشی لە کتێبی (اُمّ) ئیمام شافعی کردوە. - تاریخی کوری خەلەکان ج ١ : ٤٤١ - تەبەقاتی شافعی یە ج ٥ - پەرەی ١٥٣ - بغیة الوعاة ٣٨٥ و التکملة لوفیات النقله) جوزوی ٢٢ - ئەلکامل ١٢ : ١١٣ و ارشاد الاریب ٦ : ٢٣٨ و ٢٤١ و Brock. S. 1: 607 و دارالکتب ١ : ١٢٤ ثم ٣ : ١٥٨ و الفهرس التمهیدی ٧٦ و ٧٧ و ئەعلامی زەرەکلی ج ٥ پەرەی ٢٧٢ چاپی ٦ بیروت ١٩٨٤. ر. مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روحانی شیوا ج ١ پەرەی ٥٨ چاپی ١٣٦٤ سروش - تاران.

١٢ - زاتێکی وەک عەللامە بەدرەدین عومەر بن نوح وانیّ تەفسیرێکی بە ناوی

Dr.Saleh Ebrahimi



(انیس الرمس فی تفسیر آیة جری الشمس) داناوە و لە ١٠٧٤ لە دایک بووە و لە ١١٢٤ ی مانگی وەفاتی کردوە. ـ ایضاح المکنون ج ١ : پەرەی ٨٨ و هدیةالعارفین ج ١ پەرەی ٧٩٢ و مەشاهیری کورد بابا مەردۆخ رۆحانی ج ١ پەرەی ٢١٦ چاپی سروش ـ تاران.

١٣ ـ سەیید محەمەد بن عەبدو رەسول بن عەبد سەیید بە رزنجی (محمدبن عبدالرسول بن عبدالسید الحسنی البرزنجی) شارە زوری مەدینەیی، زانا بە زانینەکانی قورئان کە تەفسیرێکی بە ناوی (انهار السلسبیل لریاض انوار التنزیل) و چەن کتێبی بە نرخی نووسیوەو لە ١٢ رەبیعی یەکەم لە ساڵی ١٠٤٠ و ١٦٣٠ی زاینی لە دایک بووە و لە ١١٠٣ی مانگی و ١٦٩١ ـ ز ـ لە شاری مەدینە وەفاتی کردوە و لە قەبرستانی بەرزنجی یەکان نێژراوەو نابیغە و نادرەی رۆژگاری خوێی بووە و بە بووژێنەرەوەی سەدەی ١١ ناودارە. ـ ولای کەسانێ وەک محەمەد شەریف گۆرانی و ئیبراهیم بن حەسەن گۆرانی لە شاری مەدینە خوێندویەتی. ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ٦ پەرەی ٢٠٣ چاپی ٦ بیروت ١٩٨٤.ز ـ و سلک الدرر ٤: ٦٥ و مەشاهیری کوردی ئەمین زەکی ج ٢ : ١٢٨ و تاریخی سولەیمانی ٢٧٧ و ٢٨٠ وکتیبیٚ گۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی پەرەی ١٥١ چاپی دوەم ٢/٣ ساڵی ٢٠٠١.ز ـ و فهرس المصنفین ٢٤٧ و Princeton4ss و مخطوطات الدار ١:٢٩٢ و هدیة العارفین ج ٢ پەرەی ٣٠٢ کتانی عبدالحّی، فهرس الفهارس و الاثبات بە تێکۆشانی ئیحسان عەبباس بێروت ١٤٠٢ ی مانگی و ١٩٨٢ ـ ز ـ دایرە تولمە عاریفی بو زورگی ئیسلامی ج ١١ چاپی ١٣٨١ ی هەتاوی تاران.

Ahwardt: Deslane: GAL, S, Hitt, Phk. ctal Descriptivecalo 8 of the carrett collection of Aradic manuscripts. Princeton, 1938 loth, O, Acatalogue of the Arabic manuscrpts in the Library of the lndia of fice, osnabrück, 1975.

١٤ ـ شەهابەدین ئەبوسەعید ئەحمەد، زانا بە قورئان و فەرمودە، تەفسیرێکی لە چەن

جەڵدا نووسیوە و کتێبێ بە نرخیشی لە فەرمودەی پێغەمبەر، داناوە و لە ٧٦٣ ی مانگی و لە ١٣٦٢ ز، لە میسر وەفاتی کردوە ـ درر الکامنة ١ : ٩٨ و الفهرست التمهیدی ٤٧ و ٤٨ و هو فیه احمد بن الحسین بن موسی من رجال اللعلم بالحدیث: الدرر الکامنة پەرەی ٩٩ بە نەقڵ لە ئەعلامی زەرەکلی ج ١ : پەرەی ٩١ چاپی ٦ بیروت ١٩٨٤.ز ـ مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی ج ١ چاپی ١٣٦٤ سروش، تاران.

١٥ ـ دینەوەری کوڕی قوتەیبە، عەبدوللا بن موسلم ئەبو محەمەد لە زانایان و پێشەوایانو ویژەوانان و نووسەرانە و خێوی (ادب الکاتب)ە کە تەفسیرێکی بەناوی (مشکل القرآن فی غریب القرآن و المشتبه من القرآن) و کتێبی (تأویل مختلف الحدیث) و (المشتبه من الحدیث و القرآن)ی داناوە و لە ٢١٣ی مانگی و ٨٢٨ـز ـ لە دایک بووە و لە ٢٧٦ و ٨٨٩ مردوە. ـ وفیات الاعیان ١ :٢٥١ و الانباری ٢٧٢ و لسان المیزان ٣ : ٣٥٧ و. Brock و آداب اللغة ٢ : ١٧٠ و الفهرس التمهیدی ٥٥١ و مجلة الجمع ٢٦ : ٢٨٣ و دائرة المعارف الاسلامیة ١ : ٢٦٠ و مجلة الکتاب ٨٠٥٠٥ و ئەعلامی زەرەکلی ج ٤ پەرەی ١٣٧ چاپی ٦ بیروت ١٩٨٤. ز.

١٦ ـ زاتێکی وەک عەبدوللا ئەفەندی مودەریسی کوردی کوڕی محەمەد، کەلە ساڵی ١٠٤٤ی مانگی لە زانینگەی ئەیاسوفی دەرس بێژولە شاری مەدینەش قازی بووەو لە ١٠٤٩ی مانگی وەفاتی کردوە و تەفسیریشی لە سەرقورئان داناوە. ـهدیە العارفین ج ١ پەرەی ٤٧٧ و سەرتاوکۆبەی کشف الظّنون ج ١ پەرەی ٤١.

١٧ ـ کوڕی شارەزوی ئەبو حەسەن عەلی کوڕی موسلم کوری محەمەد کوری عەلی فەرەزی، کەلە زانینەکانی قورئان و ریازی و ئوسول و فیقەدا زۆر شارە زابووەو تەفسیریشی لە قورئان کردوە. خاوەنی موعجە مولموئەلفین عومەر رەزاکە حالە ج ٧ پەرەی ٢٤١ چاپی بێروت بێ‌تاریخ دەنوسێ: (عەلی سُهْرَوَرْدی) لە ٥٣٣ی مانگی و ١١٣٩ی زاینی وەفاتی کردوە. دیارە کوڕی شارەزوری دروستە، نەک (سهروردی).

سبکی، تەبەقاتی شافعی‌یە ٤:٢٨٣ و ٢٨٤ و سیوتی و تەبە قاتی تەفسیر نووسان ٢٦، یافعی مرآةالجنان ٣:٢٦١ ، نەعیمی: داریس ١ : ١٨٠ و ١٨١، ابن نعمان شذرات

Dr.Saleh Ebrahimi



الذهب ۴: ۱۰۲ حاجی خەلیفە: کشف الظنون ۱۸. Brocveimon: S, I: 858، دیهخودا ژمارەی ۸۵ پەرەی ۲۱۰ و هدیة العارفین ج ۱ پەرەی ٦٩٦ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی ج ۱ چاپی ۱۳٦۴ سروش، تاران.

۱۸ ـ زاتێکی وەک عەللامە حەسەن چۆری کە کۆبەی زۆر و رد و جوانی لەسەر تەفسیری بە یزوای داناوە، تاگە یشتۆتە سورەی قیامة ولە ۱۳۲۲ ی مانگی وەفاتی کردوە. ـ یادی مەردان بەرگی ۲ چاپی ۹۸۳ ـ ز ـ کۆڕی زانیاری کورد، بەغا، دانراوی ئیمام شافعی زەمان، عەللامە، مەلا عەبدولکەریم مودەریس پەرەی ۵۱۴ چاپی ۱۹۸۳. ز، بەلآم لە کتێبی (علماؤنا فی خدمة العلم و الدین و ترجمەی فارسی یەکەی کە حەواری نەسەب ئەنجامی داوە و رۆژنامەی ئیتلاعات لەئێران لە ۱۳٦۹ چاپی کردوە، باسی ئەم کۆبەی لەسەر تەفسیری بە یزاوی نە کردوە.

۱۹ ـ یا شێخ ئەبو بەکر گەلآلی کە تەفسیری (صفوة التفاسیر)ی نووسیووە، یادی مەردان پەرەی ۹۵ و چاپی ۱۹۸۳ ـ ز ـ و ئەعلامی زەرەکلی پەرەی ٦۲ چاپی ٦ بیروت ۱۹۸۴ ج ۲ و المشرع الروی ۲ ج ۲۳ و خلاصة الاثر ج ۱ : ۱۷.

۲۰ ـ یازاتێکی وەک ئیبن خالّویە حسێن بن ئەحمەد کە لە ۳۷۰ ی مانگی لە دایک بووە و دوکتێبی بەناوی تەفسیری (مختصر شواذ القرآن و إعرابِ ثلاثین سورة من القرآن العزیز)ی داناوە وچەن کتێبی دیکەیشی نووسیووە ـ وفیات الاعیان ۱ : ۱۵۷ و بغیة الوعاة ۲۳۱ و المکتبة الازهریة ۱:۱۱۲ و عایة النهایة ۱ : ۲۳۷ و آداب اللغة. و ئەعلامی زەرەکلی ج ۲ پەرەی ۲۳۱ چاپی ۱۹۸۴ بیروت چاپی ٦ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی ج ۱ چاپی ۱۳٦۴ سروش ـ تاران.

۲۱ ـ یازاتێکی وەک عەبدوسەلام کوڕی سەیید عومەر بن محەمەد ماردینی (حەنەفی) کە لە ۱۲۰۰ ی مانگی لە دایک بوە و لە ۱۲۵۹ وەفاتی کردوە، ئەوزانایە گیاناس و شێخی ئەزهەری قاهیرە و موفتی ماردین بووە و تەفسیری لە سەر سورەی (فاتحة الکتاب) داناوە و چەن کتێبی گرینگیشی نووسیووە. هدیة العارفین ج ۱ پەرەی ۵۷۲ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی ج ۱ پەرەی ۳۵٦ چاپی ۱۳٦۴ سروش،

Dr.Saleh Ebrahimi



تاران.

٢٢ ـ یا مستەفا بن عەبدوللاّ کوردی شارەزوری دامادِ، وانیّ پەراوێزی مـودەوەنی لەسەر تەفسیری ئەنوار تەنزیل ـ ی بە یزاوی لە عیلمی تـەفسیر، دانـاوە و لە ١٠٩٨ ی مانگی لە شاری بروسە وەفاتی کردوە و چەن کتیبیّ دیکەیشی داناوە. ـ هدیة العـارفین ج ٢ پەرەی ٤٤٢ و تاریخ مەشاهیری کورد، تەئلیفی بابا مەردوّخ روّحانی شیّوا زانای دەس و قەلّەم جوان ج ١ پەرەی ٢٠٥ چاپی ١٣٦٤ سروش، تاران.

٢٣ ـ یا شارەزوری کە بە قەرائەتی قورئان زوّر زانا بووە و کتێبیّ (المصباح الزاهر فی القرا آت العشر البواهر) هی ئەوە و لە پێنسەت رێگاوە ریوایەتی کـردوەو لە ٤٦٢ ی مانگی و لە ١٠٧٠ی زاینی لە دایک بووە و لە ٥٥٠ و ١١٥٦ وەفاتی کردوە. ـ غایة النهایة ٢ : ٣٨ و ارشاد الاریب ٦ : ٢٢٧ و Brock. S. 1 : 723 و کشف الظنون ٦ : ١٧ و ئەعلامی زەرەکلی ج ٥ پەرەی ١٦٩ و ١٧٠ چاپی ٦ بیروّت ١٩٨٤.ز.

٢٤ ـ یا عەبدولموحسین بن سولەیمان گوّرانی تەفسیرێکی بەناوی (جامع الاسـرار) داناوە و تاسورەی ئەعرافی تەفسیر کـردوە و لە ١٠٤٠ی مـانگی لە شـاری مـەدینەی مونەوە رە، وەفاتی کردوە. ـ کشف الظنون ج ١ پـەرەی ٣٥٨ و هـدیة العـارفین ج ١ پەرەی ٦٢٢.

٢٤ ـ یا مەولانا عەبدولکەریم چوّری کوری عەللامە مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، کە تەفسیری لە قورئانی کەریم تا سورەی نەحل کردوە و لە ٣ جەلّدا یەو لە سالّی ١٠٥٠ ی مانگی وەفاتی کردوە و چەن کتێبی بە نرخیشی داناوە. خلاصة الاثر ج ٢ پەرەی ٤٧٤ و ایضاح المکنون ج ١ پەرەی ٣٠٨ هدیة العارفین ج ١ : ٦١٢ و مەشاهیری کورد بـابا مەردوّخ روّحانی ج ١ چاپی ١٣٦٤ سروش، تاران.

٢٥ ـ یا زانای ناودار حاجی مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی خاوەنی ئاوایـی خاوێران و پیر یونس ـ لای شاری سەقز کە دەچێتە وە سەر قوتبەدین شوانکارەی شیراز، کە کوّبەی ورود و جوانی لەسەر ئایەتی نور و پەرا ویژیشی لە سەر تەفسیری بەیزاوی نووسیوە. مەجەللەی ئاوێنە ئورگانی سازمانی تەبلیغات ئیسلامی لە تـاران بـە زمـانی

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردی و فارسی ژمارەی ١٧ و ١٨ چاپی ١٣٧٣ی هەتاوی.

٢٦ ـ یا مەولانا شەمسەدین محەمەد شیرانشی لە سەرەتای سەدەی ١١ وەفاتی کردوەو کوَبەی لە جوزوی (نَبَأً) لەسەر تەفسیری بەیزاوی داناوە. کشف الظنون، توَفسێت ج ١ پەرەی ١٩٣ و ٨٩٨ و شەرەفنامە بە فارسی پەرەی ۴٥٦ بە سەرەتا و کوَبەی محەمەد عەبباسی چاپی ١٣۴٣ تاران و شەرەفنامە بەکوردی پەرەی ٦٦٢ چاپی دوەم ئوفسێتی چاپخانەی جەواهێری تاران سالّی ١٩٨١.ز. بە سەرەتا و کوَبەی لێکوَلّە روشاعیری **ناوداری کورد**: (عبدالرحمن شرفکندی: هەژار).

٢٧ ـ یا عەللامە محەمەد شەریف سەدیقی گوَرانی شاهوّیی کە تەفسیری بە یزاوی لە بەر بووە و کوَبەیشی لەسەر نووسیوە و لە ١٠٧٨ لەیەمەن و ەفاتی کردوە. ـ خلاصة الاثر ج ۴ پەرەی ٢٨٠ و هدیة العارفین ج ٢ پەرەی ٢٩١ و کوَبەی کشف الظنون ج ١ پەرەی ١۴٢ و مشاهیری کورد تەئلیفی بابا مەردوَخ روَحانی شێوا ج ١ پەرەی ٢٠٢ و ٢٠١ چاپی سروش تاران ١٣٦۴ی هەتاوی.

٢٨ ـ یا عەللامە ولێکوَلّەر ئەورەحمان بن ئیبراهیم سوَرانی دیار بەکری (شافعی) تەفسیرێکی لە سەر سورەی یاسین داناوە و کوَبەیشی بوّ (عصام‌الدین) لەسەر جوزوی ئاخری قورئان داناوە و لە ئامێد لە ١٠٦٥ی مانگی وەفاتی کردوە و زیاتر لە چل کتێبی داناوە. ـ خلاصة الاثر ج ٢ پەرەی ٣۴٥ کوَبەی کشف الظنون ج ١ پەرەی ٣٠٨.

٢٩ ـ یا شیخ ئەورەحمان موفتی عیمادی کوری محەمەدبن محەمەدبن عیمادەدین کە (تحریر التأویل)ی لە تەفسیری قورئان داناوە و کوَبەی لە تەفسیری کە ششاف کردوە و لە ١۴ ی ربیعی ئاخر لە سالّی ٩٧٨ی مانگی و ١٥٧٠ ـ ز ـ لە دایک بووەولە روَژی یەکشەمە ١٧ی جیمادی یەکەم لە سالّی ١٠٥١ی مانگی و ١٦۴١ ـ ز ـ مردوە و چەن کتێبی بە نرخی دیکەیشی نووسیوە. ـ فهرس مخطوطات دارالکتب الظاهریة، دیمەشق ١٣٨۴ی مانگی و پەرەی ١٠۴ مشاهیری ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ١۴ و ١٥ بەنەقلّ لە خلاصة الاثر ٢: ٣٨٠ ـ ٣٨٩ و جامعة الریاض ٦ : ٣٦ و ئەعلامی زەرەکلی پەرەی ٣٣٢ ج ٣ چاپی ٦ بیروّت ١٩٨۴.ز و مەشاهیری کورد بابا مەردوَخ روَحانی شیوا ج ١

Dr.Saleh Ebrahimi



چاپی ١٣٦٤ سروش، تاران.

٣٠ ـ یا جەماڵەدین ئیسحاق قەرەمانی ناودار بە حاجی خەلیفە، کوری محەمەد سۆفی کە کۆبەی لە تەفسیری بەیزاوی کردوە و چەن کتێبی بەنرخی دیکەشی نووسیوە و لە ٩٣٣ی مانگی وەفا کردوە. ـ کشف‌الظنون ج ١ پەرەی ١٦٤ و هدیة العارفین ج ١ پەرەی ٢٠٢ و تاریخی مشاهیری کورد نووسراوی بابا مەردۆخ رۆحانی شێوا چاپی سروش ١٣٦٤ پەرەی ١٤٢.

٣١ ـ یا شیخ مەولانا محەمەد ناودار بە (ابن الخیاط) کە لە ١٢١٣ لە دایک بووە لە ١٢٨١ ی مانگی لەقەرەداغ وەفاتی کردوە و مریدی نووسخەی جامیعە و نووسخەی نابیغە: مەولانا خالد شارە زۆری نەخشبەندی بووە و کۆبەی لە سەرتەفسیری بە یزاوی و (توحفە) داناوە و زیاتر لە ٧ کتێبی بە نرخیشی نووسیوە. مەشاهیری کوردی نووسراوی ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ١٥٩ و مەشاهیری کورد بابا مەردۆخ رۆحانی شیواج ١ چاپی ١٣٦٤ سروش، تاران.

٣٢ ـ یا عەللامە عەلی بن محەمەد حەزوری ئامێدی (شافعی) کەلە ساڵی ١٢١٠ی مانگی وەفاتی کردوە و تەفسیرێکی لە سەر سورەی فاتحةالکتاب بە عەرەبی بە پیتی موهمەلە داناوە. ـ لوغەت‌نامەی دیهخودا چاپی یەکەم تاران پەرەی ٧٦ بە نەقل لە تاریخی مەشاهیری کورد، تەئلیفی بابا مەردۆخ رۆحانی چاپی ١٣٦٤ سروش پەرەی ٢٧٠.

٣٣ ـ یا مەولانا عیسا خۆشناوی سۆرانی کوری ئەحمەد کوری میکائیل کەرکوکی کە لە سەرەتای سەدەی سێزدە، وەفاتی کردوە و سورەی مەریەمی تا ئاخری قورئان، بە عەرەبی تەفسیر کردوەو سورەی فەتح و ئیخلاسی کردوتە تورکی عوسمانلی و (فاتحة الکتاب) ی تەفسیر کردوە. ـ هدیة العارفین ج ١ پەرەی ٨١٢ و کۆبەی کشف‌الظنون ج ١ پەرەی ٣٠٦ و ٣٠٧ و تاریخی مەشاهیر کورد بابا مەردۆخ رۆحانی شێواج ١ پەرەی ٢٦٢ چاپی سروش تاران ١٣٦٤.

٣٤ ـ یا مەولانا خزر، بە بی‌خێزانی کە لە زانینەکانی تەفسیری قورئان و فەرمودەی

Dr.Saleh Ebrahimi



پێغەمبەر، بێوێنەبووە ـ شەرەفنامە بە فارسی پەرەی ۴۵۵ چاپی ١٣۴٣ تاران ـ بە سەرەتاو کۆبەی محەمەد عەبباسی و شەرەفنامە بە کوردی پەرەی ٦٦١ و ٦٦٢ ئوفسێتی چاپخانە جەواهیری تاران ١٩٨١ بە سەرەتا و کۆبەی (عبدالرحمن شرفکندی ـ هەژار).

٣۵ ـ یا عەللامە عەبدولغەفور ئەفەندی ئامێدی دیار بەکری لە ساڵی ١١٨۵ی مانگی وەفاتی کردوەو کۆبەی لەسەر (انوار التنزیل قاضی بیضاوی) داناوە و بە نێوی (لە بیب) شیعریشی و تووە و کتێبی بە نرخیشی لە ئوسولی فیقە، داناوە. ـ هدیةالعارفین ج ١ پەرەی ۵٨٨ و مەشاهیری کورد ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ١٢٣.

٣٦ ـ یا زانای ناودار نورەدین حەمزە قەرامانی کۆبەی لەسەر تەفسیری بەیزاوی و کتێبی دیکەیشی داناوە. ـ کشف الظنون ج ١ پەرەی ١٦۵ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی چاپی ١٣٦۴ سروش تاران.

٣٧ ـ یا کوری عیراقی وەلی یە دین ئەبوزەرعە ئەحمەد کوری ئەولرەحیم بن حسێن کوردی بن ئەورەحمان، بن ئەبو بەکر بن ئیبراهیم رازنانی سەر بە هەولێر کە لە ٧٦٢ لە دایک بووەو لە ساڵی ٨٢٦ی مانگی لە قاهیرە وەفاتی کردوەو کۆبەی لە سەر تەفسیری کە ششاف داناوە و زیاتر لە ٩ تەئلیفی هەیە، باوکیشی لە پێشەوایانی تەفسیری قورئان و زانینی فەرمودەی پێغەمبەر بووە. ـ کشف الظنون ج ١ پەرەی ۴٦۴ و هدیة العارفین ج ١ پەرەی ١٢٣ و لحظ الالحاظ ٢٨۴ و البدر الطالع ١: ٧٢ و الضوء ـ ١: ٣٣٦ ـ ٣۴۴ و المکتبة الازهریة ٢: ۴٦٠ و التبیان خ و الرسالة المستطرفة و فهرس المحظوطات المصورة: القسم الثانی من الجزء الثانی ٦٩ و ١٢٧ بە نەقڵ لە ئەعلامی زەرەکلی ج ١ پەرەی ١۴٨ چاپی ٦ بێروت ١٩٨۴.ز. مەشاهیری کورد بابامەردوخ رۆحانی چاپی ١٣٦۴ سروش تاران. ـ □ تەفسیری سورەی (فاتحةالکتاب) بە زمانی کوردی چاپی ١٣٦٧ی هەتاوی (بخش بین‌الملل سازمان تبلیغات اسلامی ایران) لە تاران بە قەڵەمی: (شەپۆل) و هەروەها تەفسیری پەند یا ئەمسالی قورئان (امثال القرآن) بە زمانی کوردی بە قەڵەمی (شەپۆل) چاپی ١٣٦٢ی هەتاوی نەلۆسی شنۆ.

٣٨ ـ یا زاتێکی وەک عەللامە ئەحمەد گۆرانی کوری ئیسماعیل کوری عوسمان،

Dr.Saleh Ebrahimi



خەڵکی شارەزور، ناودار بە مەلاشەمشەدین تەفسیرێکی بە نێوی (غاية الامانی فی تفسیر سبع المثانی) داناوە، کە تەفسیرێکی بێ‌وێنە یە، گۆرانی لە زانینەکانی قورئان و تەفسیری قوئان لە پێتەختی عوسمانیدا بە بێ‌وێنە دانراوە، زۆر بە تەقوا و نەترس بووە و چەن کتێبی دیکەی بە نرخی داناوە، یەک لەوانە شەرحێکە لەسەر (احادیث بخاری) بە نیوی (الکوثر الجاری فی ریاض البخاری) و لە ساڵی ٨٩٣ی مانگی: (دولت جنّت) وەفاتی کردوە و بۆ ناشتنی ئەوزاتە، سوڵتان بایەزید ـ ی عوسمانلی و ئاپورەیێ لە موسوڵمانان بە شدار بوون. ـ شەقایقی نەعمانیە ١:٨٨ و الضؤ اللامع ١:٢٤١ و ١٢:٢٢٤ و نظم العقبا و هدية العارفين ١:١٣٥ و دارالکتب ١:١٤١ و قيل وفاته ٨٩٤ و ٨٩٢ و دارالکتب الشعبية ١:٩٨ ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ١ چاپی ٦ پەرەی ٩٨ بیروت ١٩٨٤ز و مەشاهیری کورد بابا مەردۆخ رۆحانی چاپی ١٣٦٤ سروش تاران. و تاریخ السلیمانیة و انحائها بە عەرەبی پەرەی ٢٣٣ چاپی ١٩٥٦.ز. بەغا. کە نوسخەیەک لەوە لە (کتابخانە دانشسرایعالی) تاران هەیە.

٣٩ ـ یازاتێکی وەک حاجی شێخ کاک ئەحمەد بەرزنجی لە زانینی قورئان و تەفسیرو فەرمودەی پێغەمبەر، کەم وێنە بووە و مەکتوباتی کاک ئەحمەد کەزیاتر لە ١٢٠ دانەیە هەموی لە بەیانی تەفسیری قورئان و شەریعەتە وەیە و لە ١٢٠٧ لە دایک بووە و لە ٨٩ ساڵیدا لە ١٣٠٥ ی مانگی وەفاتی کردوەو لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی نێژراوەو ئارامگاکەی زیارەتگەی مریدانە و شێخ رەزا تاڵەبانی کە بە هەرکەس گە یوەقسیەیەکی ناوەتە پارسەنگی، بەلام لە بابەت شێخ کاک ئەحمەدە وە بە شیعر دەڵێ: ـ (خۆزگەم بە سەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی).

کتێبی تاریخی: گوزیدەی پێوەندی ئێران و توکی عوسمانلی ج ٣ چای ١٣٧٠ تاران (دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی) دەنوسێ: نارنجوکێک لەبن پێیێ سوڵتان عەبدولحەمید خەلیفەی تورکی عوسمانلی دەتەقێ سوڵتان عەبدولحەمید یەک بەخۆ هاواز دەکا ناناگوللە یا نارنجوک من نابڕێ و ناتوانێ بمکوژێ چونکادوغای گوللە بەندی حەزرەتی شیخ سەیید کاک ئەحمەد بەرزنجی سولەیمانی ئەوسەییدە گەورەم

Dr.Saleh Ebrahimi



پیێیە ـ دەبێ بزانین بۆیـی خـوا سـەيید شـيخ کـاک ئـەحمەد بـەرزنجی وا نـاودار و خۆشەویست کردوە، لەکاتی خویداکاک ئەحمەد بەرزنجی عیلم و دارایی خۆیی بۆ خزمەت کردن بەچینی نابینایان تەرخان کردبو و پیێ دەخوێندن و بە خێوی دەکردن، خوایش هەرلەم دنیا جەزای داوەتەوەو خوشەویست و ناوداری کردوە ـ. بروانننەکتیبێ کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی نوسراوی (شەپۆل) چاپی ٣/٢/١/ ٢٠٠ ـ ز ـ تاران. ـ تاريخ السليمانية و انحائها سەرچاوەی بەرو. دیوانی شیخ رەزا تاڵەبانی ـ هێنانە سەرشێوە خەتی کوردی رۆژباو: ناسر ئیبراهیمی کوری (شەپۆل). چاپی سۆید ١٩٩٧.ز.

٤٠ ـ یا شیخ ئەو رەحمان کوری شیخ مەلا محەمەد، کوبەی لە تەفسیری بەیزاوی و (توحفە) کردوە و زیاتر لە ١٠ کتێبی بە نـرخـی نـووسیوەو لەکـەرکوک ژیـاوە و لە ١٣٣٥ی مانگی وەفاتی کردوەو لە تەکیەی باباگورگـورِ لە بـە غـانیژ راوە. ـ تـاریخ السليمانية و انحائها سەرچاوەی بەرو.

٤١ ـ یا تەرجەمە و تەفسیری قورئان بە زاراوەی کـرمانجی ژورو، بـە شێـوەخەتی عەرەبی و لاتینی چاپی ١٩٩٣ی زایینی کە لە ئەستەمبوڵ بە هۆیی زانای کورد عەبدوڵلا وارلی ئامادەکراوە و چاپ و بڵاو بۆتەوەو نوسخە یەک لەکتێبخانەی (شەپۆل) دا هەیە.

٤٢ ـ بەهائەدین محەمەد عەبدو رەزاق دونبولی کورد، تەفسیرێکی قورئانی بە زوانی عەرەبی نووسیووە و چاپ نەبووە و بەدەسخەتی نووسەر نوسخەیەک لەکـتێبخانەی تەربیەت لە شاری تەوریز لە ئێران هەیە. ـ مەجەلەی ئاوێنە بە قەڵەمی (شەپۆل) ژمارەی ١٧ و ١٨ چاپی ١٣٧٣ و پەرەی ١٢ تا ١٦.

٤٣ ـ یا خانای قوبادی شاعیری ناوداری کورد کە لە تافی خوێدا قـورئانی بـەشیعر واتاکردوە. ـ ئاوێنە بە قەڵەمی (شەپۆل) بە زمانی کوردی سازمانی تەبلیغاتی ئـیسلامی پەرەی ٢ تا ١٠ چاپی ١٣٧٣ ژمارەی ١٧ و ١٨ و مەجەڵەی گێتی تازە، پەرەی ١٢٢

Dr.Saleh Ebrahimi



ژمارەی ٧ سالی ٣.

٤٤ ـ یا عەللامە و زانای ناودار ئیمام شافعی رۆژگار، مەلا عەبدولکەریم مودەریس تەفسیرێکی بە نێوی تەفسیری نامی بە زمانی کوردی لەچەن جەلدا، داناوە و ئێستا شوکربۆ خوا لە ژیانیایە و چەندین کاری ئەدەبی و فەرهەنگی و دینی دیکەی بە نرخیشی ئەنجام داوە.

٤٥ ـ هەروەها خوالێخوشبو زانای بە ناوبانگ شێخ محەمەد خال تەفسیرێکی بە زمانی کوردی لەچەن جەلدا نوسیووە و لە چاپیشدراوە و چەن کتێبی بە نرخی دیکەیش داناوە.

٤٦ ـ هەروەها شێخ عوسمان عەبدولعەزیز هەلەبجەیی تەفسیرێکی بە زمانی کوردی داناوە و قەرار بو لە ئێران لە چاپ بدرێ.

٤٧ ـ هەروەها موتە رجیمی قانون، **زاناو لێکوڵە رو، وەرگێرو شاعیری ناوداری** کورد (عبدالرّحمن شرفکندی ـ هەژار) قورئانی بە زمانی کوردی وەرگێراوە و لە ١٣٧٩/٨/٣ ئیجازەی چاپی پێدراوە و لە لایەن نەشری (تازە نگاه) و نەشری ئیحسان لە ١٣٨٠ ی هەتاوی لە تاران لە چاپ دراوە. ـ و زانا مەلا محەمەد شەلماشی تەفسیری لە قورئان کردوە.

٤٨ ـ زانا مەلا محەمەد کوێی قورئانی تەفسیر کردوە و سورەی بەقەرەیشی بە جودا تەفسیر کردوە.

٤٩ ـ هەروەها شیخ مەلا حسێن دزەیی جوزوی (نبأ) و سورەی بەقەرەی تەفسیر کردوە

□ ـ هەروەها (شەپۆل) تەفسیری سورەی یوسفی بە تەواوی بە کوردی تەرجەمە و تەفسیر کردوەو ئێستالە بن چاپ دایە و سورەتەکورتەکانیش: (قصارالسوری) لە قورئان تەرجەمە و تەفسیر کردوە و بە ناوی (دین و ئەدەب) ج ١ لە سالی ١٣٦٢ ی هەتاوی لە لایەن مەتبوعاتی عەتایی لە تاران لە چاپ دراوە و هەروەها ئایەتی نور و چەن ئایەتی دیکەیشی بە نیوی (گەنجینەی فەرهەنگ و زانین) بە زمانی کوردی لە تاران لە سالی

Dr.Saleh Ebrahimi



١٣٧١ لە چاپ دراوە و بڵاوکراوە تەوە و تەنانەت کۆڤاری سروە لە ساڵی ١٣٧١ لە ژمارەی ٨٦ و ٨٧ و ٨٩ چەن و تاری لە مانای ئەو ئایەتانەی کە پێوەندی‌یان بە زبان و چاو هەیە لە چاپ داوە. -

٥٠ - حسێنی و انیّ خۆشابی کە لە ١٠٩٦ ی مانگی وەفاتی کردوە (خلاصة التفسیر) - وە کۆبەیشی لە سەر بە یزاوی لە عیلمی تەفسیر، نووسیوە - کشف الظنون ج ٣ پەرەی ١١٣١ و هدیةالعارفین ج ٢ پەرەی ٢٩٩ و مەشاهیری کورد تەئلیفی بابا مردوخ رۆحانی شیوا ج ١ چاپی یەکەم ١٣٦٤ ی هەتاوی سروش پەرەی ٢٠٥.

٥١ - عەللامە ئەحمەد، تورجانی‌زادە مامۆستای زانکۆی تەوزێر جوزوی عەممەی بە فارسی تەرجەمە و تەفسیر کردوە و لە راستی‌دا شاکارێکە. - (تاریخ فرهنگ و ادب موکریان، بۆکان ئیبراهیم ئەفخەمی پەرەی ٧٤٨ چاپی ١٣٦٤. - ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی چاپی ١٣٦٤ ی هەتاوی، چاپخانەی مەهارەت لە تاران، پەرەی ٢٧٤.

٥٢ - یا عەللامە (شیخ محمد قزلجی) تورجانی‌زادە، قورئانی لە بەر بووە - هەروەها عەللامە حاجی مەلا حسێن مەجدی مەهابادی سی جزمەی قورئانی بە تەفسیرەوە لەبەر بوو.

٥٣ - عەللامە حاجی مەلا هادی (ئەفخەم‌زادە) جوزوی (عَمَّ) بە فارسی تەفسیرو تەرجەمە کردوە. - تاریخی فەرهەنگ و ئەدەبی موکوریان، بۆکان، سەرچاوەی بەرو.

٥٤ - (میرزا ابراهیم افخمی) سورەی حەمدی بە شیعری کوردی تەرجەمە کردوە.

کتێبی (تاریخ فرهنگ و ادب مکریان - بوکان - پەرەی ٧٤٨ - چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی نووسراوی خوالێخۆشبوو میرزا ئیبراهیم - ی ئەفخەمی.

٥٥ - **هەکاری** کە لە ٧٦٣ی مانگی و ١٣٦٢ی زاینی وەفاتی کردوە، ئەحمەدبن ئەحمەدبن حسین بن موسا هەکاری شەهابەدین ئەبوسەعید بن ئەبی‌حسین زانابە زانینی تەفسیر و فەرمودە، کوردیّ کە لەمیسر ژیاوە، تەفسیرێکی لە ٧ جەلّدا نووسیوەو ریجالی سونەنی ئەربەعە و ریجالی بوخاری و موسلیمی نووسیوە و بەخەتی خۆیی لە بن ژمارەی

Dr.Saleh Ebrahimi



١:٧٣ و ٥٤٣ تەیموّریە (بدار الکتب المصریه) هەیە ـ الدرر الکامنة ١:٩٨ و الفهرس التمهیدی ٤٧ و ٤٨ و هوفیه احمدبن حسین بن موسی خطأ وکان ابوءاحمد بن احمد بن الحسین من رجال العلم الحدیث ولد ٦٧٤ و توفی سنة ٧٥٠ و ترجمته فی‌الدرر الکامنة ایضا ٩٩٠ ـ ئەعلامی زەرەکلی پەرەی ٩١ ج ١ چاپی ٦ ساڵی ١٩٨٤ ـز ـ☐ **پێویسته ئەمەیش رابگەیێنین کە زانایانی کورد** گرینگی یەکی زۆرێشیان بە (قرَائتِ قُرآنِ کریم) داوەو تەجویدیان بۆ قورئان داناوە، تاخە ڵکی موسوڵمان باشترفێری خوێندنەوەی قورئان بن ، بۆ نمونە عەللامە شێخ مارف نۆدیی کتێبی (فتح المجید فی علم التجویدی) بە زمانی فارسی و (الجوهر النضید فی قواعید علم التجوید) نووسیووە کە لە ١١٦٦ی مانگی لە دایک بووە و لە ١٢٥٤ وەفاتی کردوەو ٥٤ کتێبی داناوە. ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ٧ پەرەی ١٠٥ چاپی ٦ بێروت ١٩٨٤.ز و ایضاح المکنون و Princeton 9.71 و تاریخ السلیمانیة و انحائها ـ سەرچاوەی بە رو.

یازاتێکی وەک شیخ عومەر قەرەداغی کوڕی شیخ ئەمین شەرحی لە (منظومة التجوید) کردوە و زیاتر لە ١٢ کتێبی نووسیووە، بۆوێنە شەرحی لەکتێبی (اسطرلاب) کردوە، بۆ ئەستێرە ناسی و لە ساڵی ١٣٠٢ی مانگی لە سلێمانی لە دایک بووە.

یا عەللامە و فرەزانا (شێخ محمدوسیم اول تختوی) مەردوخی ٢ مەنزومەی بە زمانی فارسی وکوردی بۆ زانینی ژمارەی سورەی (مکّی و مدنی) قورئان داناوە، هەروەها مەنزومە یەکیشی بەزاراوەی کوردی گۆرانی **بۆتەجویدی قورئان** داناوە. ئەم زانایە زیاتر لە ٢٢ مەنظومەی لە بابەت زانینەکانی ئیسلامی یەوە بە زمانی عەرەبی، فارسی و **کوردی** داناوە و لە ساڵی ١١١٨ی مانگی لە دێی تەختە لە دایک بووە و لە پێنجشەمەی ١١٧١ بە نەخۆشی چاو قولکە وەفاتی کردوە و لە قەڵا چوالان نێژراوە ـ تاریخی خانەدانی مەردوخی و تاریخی مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی شێوا ج ١ پەرەی ٢٢١ چاپی ١٣٦٤ سروش ـ تاران ـ هەروا ماردینی محەمەد (بن قیصر بن عبدالله بن نجم‌الدین ماردینی کتێبی (الدرالنضید فی معرفة التجوید) نووسیوە کە لە ٧٢١ی مانگی و ١٣٢١ی زاینی وەفاتی کردوە. ـ عنوان الاریب ٦١٢ و ئەعلامی زەرەکلی ج ٧ چاپی ٦

Dr.Saleh Ebrahimi



پەرەی ١١ بیروت ١٩٨٤ (رضوان‌الله علیهم اجمعین).

## زَيْنُ الدِّين الآمِدي

(٠٠٠ - ٧١٤هـ = ٠٠٠ - ١٣١٤م)

یەکێ لەوزاناکوردانەکەخەتی بۆکوێران سازداوە:

علي بن أحمد بن يوسف بن الخضر: أول من صنع الحروف البارزة. أصله من آمد (ديار بكر) سكن بغداد، و توفي بها. و هو من أكابر الحنابلة فقهاً و صلاحاً و صدقاً و مهابة. عمي في صغره وكان آية في قوة الفراسة وحدة الذهن وتعبير الرؤيا، عارفاً بلغات كثيرة، منها الكوردية، الفارسية و التركية و المغولية و الرومية.

احترف التجارة بالكتب و جمع كثيراً منها. وكان كلما اشترى كتاباً أخذ ورقة وفتلها فصنعها حرفاً أو أكثر، من حروف الهجاء، لعدد ثمن الكتاب بحساب الجمل، ثم يلصقها على طرف جلد الكتاب و يجعل فوقها ورقة تثبتها، فاذا غاب عنه ثمنه مس الحروف الورقية فعرفه. وصنف كتباً، منها «جواهر التبصير في علم التعبير».(١)

یازاتێکی وەک مەلا ئەبولقاسم دینەوەری لور، یا مەحمود عەققاد، عایشە تیموریەکان، ئەحمەد شەوقی‌کە لەسەر قەبری صەلاحەدین دەگری، پێی دەڵێن: ئوستاد بۆ

١. نكت الهميان ٢٠٦ والدرر الكامنة ٣: ٢١ وفيه اسم كتابه «التبصير في علم التعبير». و في المجلد السادس من مجلة «المقتبس» بحث لأحمد زكي «باشا» قال فيه: إن زين الدين الآمدى سبق «برايل» إلى اختراع طريقة في كتابة بنحو ستمائة سنة، لإن برايل الفرنسي اختراع طريقته في نحو سنة ١٨٥٠ م. قلت: برايل، هو Louis Braille وينطق اسمه بالفرنسية «لوي براي» ولد سنة ١٨٠٩ ومات سنة ١٨٥٢ وكان كفيفاً، عمي في الثالثة من عمره. جەلّدی ٤ الاعلام خيرالدين زركلی چاپی ٦ بێروت - نوامبری ١٩٨٤ - ز.

Dr.Saleh Ebrahimi



دەگرێ‌خۆ ئەو مردوە و زۆریش ناودارە، لەوە لامدا دەڵێ بۆیی دەگریم ئەگەر بمایێ باری ژیانی کورد، وانە دەبوو کە ئێستا هەیە. ئەحمەد حامد صەراف کە بوکڵەی لە بەغا بۆچەقاوە، یا عبدالصمد عبدالباسط قورئان خوێنی بە ناو بانگ، یا عبدالکریم جیلی کرماشانی خیوی کتێبی (الانسان الکامل، یا حەکیم ئەحمەدخانی، یا مەولانا محمد شرانشی کەلە فقەو زانستی ئەستێرە ناسیدا هەر شەپۆلی داوە یا مەولانا مەلا عبدالله رەش یارەشک یا شەمسەدین بدلیسی کە لە زاهیدی و ناوداریدا وێنەی (سن فەرانسەوی مەسیحی) بووە، یا مەولانا محمد بەگ قەلسی یا مەولانا حەسەن سورچی و مەولانا زەینەدین بەبی‌کە لە حیکمەتی زاهیری و باتنی‌دا ناودارن، یا مەنسورحەلاج، یا فەقێ تەیران. یا شیخ ئەحمەد ناودار بە بێژەی موتە حەریک (کتێبی زریزەی زێرین چاپی ١٩٩٩ هەولێر پەرەی ١٥٨ تا ١٥٢ نوسراوی دوکتور (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



□ هەندێ لەو زاناکوردانەی کە خزمەتیان بە فەرموده (حدیس) کردوه:

## بەشی چارەم

۱ ـ جابان الکردی و ئەبو بەسیر مەیمون ابن جابان الکردی کە فەرمودەیان لە حەزرەتی محەمەد (د ـ خ) پێغەمبەری ئیسلام نەقڵ کردوه و یار و صەحابەی پێغەمبەر بوون ـ و ج ۱ پەرەی ۱ مەشاهیر ـ ی کورد بابا مەدوخ روحانی چاپی ۱۳۶۴ سروش تاران.

۲ ـ ئەبوعەلی ئەحمەد بن مەزید کوردی لە راویانی جیێ دڵنیایی فەرمودەیەکە لە ساڵی ۲۸٦ ی مانگی و ۹۱۵ ی زاینی لە بەغا وەفاتی کردوه ـ تاریخی بەغاج ۵ پەرەی ۲۲۸ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ روحانی شێواج ۱ پەرەی ۸ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران ـ

۳ ـ ئەبو بەکر ئەحمەدبن مەروان دینەوەری کە لە فەرموده زۆر شارەزا بووەو لە قاهیرە قازی و لە ۳۳۳ وەفاتی کردوه و کتێبی (جواهر العلم)ی لە حەدیس‌دا و چەن کتێبی بە نرخی دیکەیشی داناوە ـ کشف‌الظنون ئوفسێتی تاران ج ۳ و هەدیة العارفین ج ۱ پەرەی ۵۵ و سیرالنبلاء و لسان المیزان ۱ : ۳۰۹ و حسن المحاضرة ۱ : ۳۰۸ . Brock. I: I60 (I54), S.I: 249, 937.

۵ ـ شارەزوری (قاضي الخافقین: قازی رۆژ هەڵات و رۆژاوا.): ئەبوبەکر محەمەدبن ئەبو ئەحمەد قاسم بن (مظفر) لە زانایانی ناودار و راویانی فەرمودەیە و لە ۴۵۳ یا ۴۵۴ لە هەولێر لە دایک بووە ولە ۵۵۸ی مانگی لە بەغا وەتاتی کردوه. تەبەقاتی شافعی میسر ج ۴ پەرەی ۹۵ و مەشاهیر ـ ی کورد بابا مەردوخ روحانی شێوا، پەرەی ۳۷ ج ۱ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

٦ ـ شارەزوری موبارەک بن حەسەن بن ئەحمەدبن عەلی بن فەتحان (شیخ القراء ابوالکرام). لە زانینی حەدیس فەرەزانا بووە و لە (قرائت و تجوید و حدیث) دا لە

Dr.Saleh Ebrahimi



ماموٚستایانی فەرە زانا حەسا و کریاوە و جوان بیر و هزر وەپیاوێ خوٚپاریز بووگە و لە ۴۶۲ ی مانگی و ۱۰۷۰ لە دایک بووە ولە ۵۵۰ و ۱۱۵٦.ز. وەفاتی کردوە. ـ غایة النهایة ۲ :۳۸ و ارشاد الاریب ٦ : ۲۲۷ و 723 : ۱، ی. Brock و کشف الظنون ٦ : ۲۲۷ و ئەعلامی زەرەکلی ج ۵ پەرەی ۱۷۰ تا ۱٦۹ چاپی بیروٚت ۱۹۸۴.ز و معجم الادبا: یاقوت ج ۱۷ پەرەی ۵۲ و ۵۳ چاپی ۱۴۰۰ هو ۱۹۸۰.ز. دارالفکر: و تاریخی بەغا، ج، ۷ پەرەی ۱۵۷ لوٚغەتنامەی دیهخودا ـ ۱۳۲۵ پیتی میم پەرەی ۲۰۷ و هدیة العارفین ج ۲ پەرەی ۲.

۷ ـ ئەبو تاهیر ئیبراهیم جەزەری کوری محەمەد کوری میهران خەڵکی جزیر و بوٚتان و لە زانایانی فەرمودەیە ولە ۵۱۴ ی مانگی لە دایک بووە ولە ۵۷۷ وەفاتی کردوە. تەبەقاتی شافعی ساڵی وەفاتی بە ۵۹۹ داناوە ـ تاریخی کامل بن ئەسیر ج ۱۱ پەرەی ۲۱۵ و مەشاهیری کورد بابا مەردوٚخ روٚحانی شیوا ج ۱ پەرەی ۵۰ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۸ ـ پازاتێکی وەک کوری ئەسیر ئەبو سەعادە موبارەک مەجدەدین کوری محەمەد کە لە فەرموده (حدیس) و قورئان زانیدا زوٚر ناودار بووە و (جامع الاصول فی احادیث الرسول د ـخ) لەدە جەڵدا و (نهایة فی غریب الحدیث) لە ۴ جەڵدا داناوە. بروانە زانایانی کورد کە تەفسیریان لەسەر قورئان نووسیوە لەم ریسالەدا.

۹ ـ ئەبو حەسەن عەلی عیزەدین کوری ئەسیر، میژوزان و برای ئەبو سەعادەیە و لە ماموستایانی فەرمودەیە و لە میژو، نەسبنامە و ناسینی حەدیس و بە سەرهاتی سەلەف و خەلەف بێ وێنەی روٚژگاری خوٚیی بووە و (اسدالغابه فی معرفة الصحابه)ی لە ٦ جەڵدی گەورە داناوە و چەندین کتێبی بە نرخی دیکەیشی داناوە و لە ۵۵۵ ی مانگی و ۱۱٦۰ ی زاینی لە جزیرە لە دایک بووە و لە ٦۳۰ و ۱۲۳۳ وەفاتی کردوە. تاریخی کوری خەلەکان ج ۱ پەرەی ۳۴۷ و تەبەقاتی سوبکی ج ۵ پەرەی ۱۲۷ و ئادا بوللوٚغەی

Dr.Saleh Ebrahimi



جورجی زەیدان ج ۳ پەرەی ۸۰ و ئەعلامی زەرەکلی ج ۴ پەرەی ۳۳۱ چاپی ٦ بیروت ۱۹۸۴. ز. و مەشاهیر ـ ی کورد ج ۱ ، پەرەی ٦۸ بابا مەردۆخ رۆحانی شیوا چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۱۰ ـ کوری صەلاحی کوردی شارەزوری شافعی کە لە رۆژگاری خۆیدا مامۆستایێ بێ وێنە لە زانینەکانی تەفسیری قورئان و فەرموده و (فقه و اصول) بووە و کتێبی (معرفُ انواع الحدیث) و چەندین کتێبی بەنرخی دیکەیش داناوەو لە ۵۷۷ ی مانگی و ۱۱۸۱ ی زاینی لە دایک بووە و لە ٦۴۳ و ۱۲۴۵ وەفاتی کردوە و دەرس بێژی (دارالحدیث) دیمەشق بووە لە لایەن مەلیک ئەشەرف ئەییوبی یەوە. ـ وفیات الاعیان ۱ : ۳۱۲ و طبقات الشافعیة ۵ : ۱۳۷ و شذرات الذهب ۵ : ۲۲۱ و طبقات المصنف ۸۴ و علماء بغداد ۱۳۰ و الانس الجلیل ۲ : ۴۴۹ و مفتاح السعاده، ۱ : ۳۹۷ و فهرست المؤلفین ۱۷۷ و الکتابخانه ۷ : ٦۹۱ و صفة التکملة، للحسینی و ئەعلامی زەرەکلی پەرەی ۲۰۸ چاپی ٦ بیروت ۱۹۸۴. ز. ج ۴ مەشاهیر ـ ی کورد بابا مەردۆخ رۆحانی پەرەی ۷۷ چاپی ۱۳٦۴ سروش، تاران.

۱۱ ـ جبریل بن عومەر بن یوسف کوردی ناودار بە (ابوالامانة) کەلای ئیمام نەوەوی دەرسی فەرمودەی خوێندوە و لە راویانی فەرمودەیە و یافعی کە لە ٦۹۸ لە دایک بووە، فەرمودەی لەم کوردە ریوایەت کردوە و لە ٦۵۳ ی مانگی لە دایک بووە و لە ۷۲۳ وەفاتی کردوە ـ حەرفی ج پەرەی ۱۹۴ لۆغەتنامەی دیهخودا و مەشاهیری کورد بابا مەردۆخ رۆحانی شیوا ج ۱ پەرەی ۱۰۱ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۱۲ ـ یازاتیکی **وەک ئەبوفیدا ئەییوبی شازادەی کورد،** کە کتێبی (جامع المسانید فی‌الحدیث) داناوە و کتێبێ دیکەی زۆر بە نرخی وەک (تاریخ البشر) لە ۴ جەلدا بە ناوی (تاریخ ابوالفدا) کە بە زمانەکانی ئوروپایی تەرجەمە کراوە و کتێبی تەقویمی شارانیشی نووسیوە و لە ٦۷۲ ی مانگی لە دیمەشق لە دایک بووە و لە ۷۳۲ی مانگی

Dr.Saleh Ebrahimi



وەفاتی کردوە ـ تەبەقاتی شافعیە ج ٦ پەرەی ٨٤ و آداب اللغة العربیة ج ٣ پەرەی ١٨٧ و لوغەتنامەی دیهخودا پەرەی ٧١٢ و مەشاهیر ـ ی کورد بابا مەردۆخ رۆحانی شێوا ج ١ پەرەی ١٠٢ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

١٣ ـ زەینەدین ئەبولفەزل عەبدو رەحیم بن حسێن بن عەبدو رەحمان بن ئەبی بەکربن ئیبراهیم رازنانی ناودار بە (امام حافظ عراقی) لە پێشەوانی تەفسیری قورئان و حەدیسە و (فتح المغیث بشرح الفیة الحدیث ـ والفیبة العراقی فی اصول الحدیث و الایضاح فی مصطلح الحدیث و الفیّة فی غریب القران و چەند کتێبی بە نرخی دیکەشی داناوە. ـ رازنانی لە ٧٢٥ی مانگی و ١٣٢٥ی زاینی لە رازنانی سەربە هەولێر لە دایک بووە و لە ٨٠٦ و ١٤٠٤ لە میسر وەفاتی کردوە، کە لەوێ دەرس بێژ بووە. ـ الضوء اللامع ٤ : ١٧١ و ذیل طبقات الحفاظ و لحظ الالحاظ و غایة النهایة ١ : ٣٨٢ و التبیان و هو فیه ابن العراقی و العبدلیة ٣١١ و معجم المطبوعات ١٣١٧ و حسن المحاضرة ١ : ٢٠٤ و ئەعلامی زەرەکلی پەرەی ٣٤٤ و ٣٤٥ چاپی ٦ ج ٣ بیروت ١٩٨٤.ز. و مەشاهیر ـ ی کورد بابا مەردۆخ رۆحانی ج ١ پەرەی ١١٢ چاپی ١٣٦٤ سروش. تاران.

١٤ ـ عەللامە شەمسەدین محەمەد ئەبوخەیر ناودار بە کوری جەزەری کوری محەمەدبن محەمەدبن محەمەدبن عەلی بن یوسف لە زانایانی زۆر ناوداری کوردە و کتێبی (البدایة من علوم الروایة و الهدایة) و (عقد اللآلی من الاحادیث المسلسلة الغوالی)ی لە زانستی حەدیس: (فەرموودە) و چەند کتێبیّ بە نرخی دیکەیشی داناوە و لە ساڵی ٨٠٥ ی مانگی کە تەیمورە شەلەی گورگانی هێرش دەکاتە (دەوڵەتی عوسمانلی لە ئاستانە چاوی بەم زاناپرعیلمە دەکەوێ و ئوگری پرعیلمی و ئەقڵی ئەو زانایە، دەبێ بە تکاو پارانەوە لەگەڵ خۆی. دەیباتە شاری سەمەر قەند و ئەو پەری رێزو قەدری لێ دەگرێ، بەڵام دوای مردنی تەیمورە شەلە، لە رێگای هرات، ئیسفەهان و شیراز و بەسرە

Dr.Saleh Ebrahimi



و حیجاز و دیمەشق دەچێتە میسر و سەرەنجام دێتەشیراز لە ئێران. کوری جەزەری لە ٧٥١ ی مانگی و ١٣٥٠ ی زاینی لە دایک بووە و لە ٨٣٣ و ١٤٢٩ وەفاتی کردوە، ئەعلامی زەرەکلی ج ٧ پەرەی ٤٥ و ٤٦ چاپی ٦ بیروت و ١٩٨٤.ز. ـ طبقات الحفاظ للسیوطی ٣ : ٨٥ و مفتاح السعاده ـ ١ : ٣٩٢ و الانس الجلیل ٢ : ٤٥٤ و غایة النهایة ٢ : ٢٤٧ و الضوء اللامع ٩ : ٢٥٥ ـ ٢٦٠ و الفهرست التمهیدی ٤٣٥ و شرح ارجوزته فی القرآت و الشقایق النعمانیة ١ : ٣٩ و دائرةالمعارف الاسلامیة ١ : ١١٨ و آداب اللغة ٣ : ٢٤٧ و Princeton ـ ١ نظر فهرسته و معجم المطبوعات ٦٢ و التموریة ٤ : ١٦ و ٣٢٦ ثـم ٣ : ٥٧ و Z:274 ی Brock: و شسـتربتی ٣٦٦١ و مـەشاهیر ـ ی کورد بابامەردۆخ رۆحانی شیوا ج ١ پەرەی ١١٩ و ١٢٠ و ٢١ چاپی سروش تاران و (الشقایق النعمانیه فی علماء الدولة العثمانیة، هامش تاریخ ابن خلکان مصر ٣٩ و کشف الظنون ج ٢ ص ٦٦٩) و اعلام المنجد چاپی حزیرانی ١٩٨٢ ـ ز ـ پەرەی ٢١٣.

١٥ ـ ئەبو عەبدوللا کەماڵەدین محەمەد بن عیباد بن مەلیکداد بن حەسەن بن داود، صەدرەدین خەلاتی لە زانایانی سەدەی ٧ی مانگیەو لەزانینەکانی (فقه و اصول و حدیث) پرزانا بووە و شەرحێکی لەسەر (صحیح احادیث مسلم) و (تلخیص الجامع الکبیر) لەفیقهدا و (مقصد المسند) کە موسەندی ئیمام ئەبو حەنیفەی کورت کردوتە وەو حەنەفی مەزهوب بووە. چەند کتێبی دیکەی بە نرخیشی داناوەو لە ٦٥٢ی مانگی وەفاتی کردوە ـ کشف الظنون ج ١ پەرەی ٢٣٣ و ج ٢ پەرەی ٤٣٢ ـ هدیة العارفین ج ٢ پەرەی ١٢٥ ـ مەشاهیری کورد بابا مەردۆخ روحانی ج ١ پەرەی ٨٠ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران ـ الفوائد البهیة ١٧٢ و فهرست کتابخانه ٢٨:٣ و Brock, 1:975(381) و الجواهیر المضیة ٦٢:٢ و ئەعلامی زەرەکلی ج ٦ چاپی ٦ پەرەی ١٨٢ بێروت ١٩٨٤.

١٦ ـ مەولانا شەهابەدین ئەبو عەباس ئەحمەد بن ئیسماعیل بن عوسمان شارەزوری

Dr.Saleh Ebrahimi



گۆڕانی کە لە زانینەکانی فەرموودە و ئەخبار و تەفسیری قورئان و (فقه) هەرشەپۆلی داوە ج ۱ مەشاهیری کورد پەرەی ۱۳۲ بابا مەردوخ رۆحانی چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران ئەعلامی زەرەکلی ج ۱ چاپی ٦ پەرەی ۹۸ بیروت ۱۹۸۴ ـ ز ـ

۱۷ ـ مەولانا کەماڵەدین حەکیم ئیدریس بدلیسی کوری حیسامەدین عەلی بدلیسی کتێبی چل حەدیسی بە شیعری فارسی تەرجەمە کردوە و کتێبی هەشت بە هەشتی ـ داناوە و شەرح، لەسەر (فصوص الحکم) شیخ محیدینی عەرەبی ـ شەرح لە گوڵشەنی راز و چەن کتێبی بە نرحی دیکەی نووسیوە و لە ۹۳۰ی مانگی وەفاتی کردوە و شازدە ئەیالەتی سەر بەخۆیی بۆ کوردانی بن دەسی تورکی عوسمانلی دامەز زاندوە، کە بە داخەوە نەتیوانیوە خۆیی بکاتە سەر پەرستیان و لەبن دەس تورکان نەمێنن و کورد، ئازادکرێ و بەسەر بە خۆیی بژین و ئەویش هەلی لەدەس داوەو کوردیش بە ماڵ وێرانی ماوە.

هدیةالعارفین ج ۱ پەرەی ۱۹٦ ـ کشف‌الظنون ج ۱ پەرەی ۲۱۷ ـ ۲۱۸ ج ۲ پەرەی ٦۵٦ و ۱۹۲ شەقایقی نەعمانی کۆبەی (ابن‌خلکان) ج ۱ پەرەی ۲۵۳ ـ لوغتنامەی دێخودا پیتی ئەلف پەرەی ۱۵٦۳ ـ مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی ج ۱ پەرەی ۱۴۰ چاپی سروش تاران.

۱۸ ـ شیخ حەسەن عیمادی کوردی شافعی کەلە زانینەکانی فەرموودە (حەدیس) و تەفسیری قورئان و (فقه) هەر شەپۆلی داوە و لە ۱۰۴۸ی مانگی وەفاتی کردوە و لە قەرادیسی دیمەشق نێژراوە ـ خلاصةالاثر ج ۲، پەرەی ۷۸ ـ مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی شیوا ج ۱ پەرەی ۱۸۰ چاپی سروش تاران.

۱۹ ـ شیخ ئەبو عیرفان بورهانەدین ئیبراهیم بن حەسەن شەهابەدین شارانی گۆرانی شارەزوری لە زانایان و (محدثین)ی گەورەی سەدەی ۱۱ تا سەرەتای سەدەی ۱۲ی مانگی‌یە و لە ۱۰۲۵ی مانگی لە شارانی شارەزور لە دایک بووەو لە ۱۰ـ۱۱ی مانگی

Dr.Saleh Ebrahimi



لە شاری مەدینە وەفاتی کردوەو چەندین کتێبی بە نرخی داناوە. عجایب‌الآثار فی‌التراجم و الاخیار ج ١ ـ ایضاح المکنون ج ١ پەرەی ١٠ ـ ذیل کشف‌الظنون پەرەی ١٧ و ١٨ و ٧٨ و ٨٧ و ١٠٤ و ١٥٩ و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا، ج ١ پەرەی ٢٠٧ چاپی ١٣٦٤ سروش.

٢٠ ـ عەبدولقادر بن عەبدوللاّ بن ئیسماعیل عەبدەلانی شارەزوری: کتێبی (تحفةالاحبّه)ی لە زانستی فەرموده (حدیس) و (زبدةاللیالی و شرح الجامع الصغیر) و چەن کتێبێ بە نرخی دیکەیشی داناوە و لە ١١٤٣ی مانگی و ١٧٣٠ی زاینی لە دایک بووە و لە ١٦ زیحەجەی سالی ١٢٧٨ و ١٧٦٥) لە دیمەشق وەفاتی کردوەو لە صالحیە نێژراوە ـ هدیة العارفین ج ١ پەرەی ٦٠٤ و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شێوا ج ١ پەرەی ٢٤٠ چاپی ١٣٦٤ سروش ـ تاران ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ۴ پەرەی ۴٠ چاپی ٦ بیروّت ١٩٨۴ ـ ز ـ و سلک‌الدرر ٣:٥٩ و مجموعة لکمال الدین الفزی.

٢١ ـ یوسف‌بن مستەفا خزری حەنەفی کە کتێبی (الاستشفاء باحادیث المصطفی) و چەن کتێبی بە نرخی دیکەیشی داناوە و لە ١٢۴١ی مانگی وەفاتی کردوە ـ هدیة العارفین ج ٢ پەرەی ٥٧٠ و لوغتنامە دیهخودا پەرەی ٣٠٠ و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ١ پەرەی ٢٩٠ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٢٢ ـ مەولانا مەلا یەحیا مزوری کوری خالداغا و برازای عەلیاغای باڵتی کە لە زانینی فەرموده (حەدیس) جیێ‌نشینی ئیمام یەحیا نەوەوی و لە (فقه و اصول فقه) دا هاوتای شیخ (ابن حجر هیتمی کلّی) بووە و لە زانینەکانی ئیسلامی و (ریاضی) و (فلکیات) دا، وەک دەریای پر شەپوّل بووە ـ (سەرچاوە: تەفسیرنوسان لەم ریسالەداو مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شێوا ج ١ پەرەی ٣٥٢ چاپی ١٣٦۴ ـ سروش تاران ـ

٢٣ ـ کوری ئەسیر موبارەک بن محەمەد بن محەمەد بن محەمەد بن عەبدولکەریم شەیبانی مەجدەدین ئەبو سەعادە (محدث)ی جەزەری (لوّغەوی، ئوصولی)، کە لەهونە

Dr.Saleh Ebrahimi



رو فەننی فەرموده زۆر شارەزابووە، کە کتێبی (جامع‌الاصول فی احادیث الرسول)ی لە دە بەرگاو (نهایة فی غریب الحدیث)ی لە ۴ بەرگا و کتێبی شافی لە شەرحی موسەندی ئمام شافعی و (الانصاف فی الجمع بین الکشف و الکشاف) لە تەفسیری قورئان و چەند کتێبی بە نرخی دیکەیشی داناوە. ـ تەبەقاتی شافعی‌یە ج ۵ پەرەی ۱۵۳ و تاریخی کوری خەلەکان ج پەرەی ۴۴۱ و ئەعلامی زەرەکلی ج ۵ پەرەی ۲۷۲ چاپی ٦ بێروت نوامبری ۱۹۸۴ ـ ز ـ بغیة‌الوعاة ۳۸۵ و التکمة لوفیات النقله و الکامل ۱۲ : ۱۱۳ و ارشاد الاریب ٦ : ۲۳۸ و Brock.s.1:607 و دارالکتب ۱:۱۲۴ و الفهرست التمهیدی ۷٦ و ۷۷.

۲۴ ـ زەینەدین ئەبو فەزل عەبدو رەحیم بن حسێن بن ئەورەحمان بن ئەبی بەکربن ئیبراهیم رازنانی میهرانی ناودار بە ئیمام حافز عیراقی، (حفاظ و ائمّه تفسیر و حدیث) بووە و (فتح المغیث بشرح الفیّة الحدیث، فتح الاساتید، الفیّة العراقی فی اصول الحدیث) و چەن کتێبی نەنرخی دیکەیش داناوە و لە ۷۲۵ی مانگی لە زارنانی هەولێر لە دایک بووە و تا دواتەمەنی لە قاهیرە دەرس بێژبووە و لە ۸۰٦ وەفاتی کردوە ـ (دایرة‌المعارف دکتر فرید وجدی) ج ۷ پەرەی ۲۸۷ و لوّغتنامەی دیهخودا پیتی ح پەرەی ۱۳۰ و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ۱ پەرەی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۲۵ ـ عەبدوسەلام ماردینی کوری سەیید عومەر کوری سەیید محەمەد ماردینی حەنەفی کتێبی (رجال الحدیث) و شەرحی (فاتحة الکتاب) نووسیوەو چەن کتێبی بە نرخی دیکەیش داناوە ولە ۱۲۰۰ی مانگی لە دایک بووە و لە ۱۲۵۹ وەفاتی کردوە ـ هدیة‌العارفین ج ۱ پەرەی ۵۷۲ و مەشاهیری کوردی بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ۱ پەرەی ۳۵٦ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۲٦ ـ جابر کوردی زانایی لە راویانی فەرمودەی سەتەی سێوەمە و ریواتەکانی جێی دڵنیایی و باوەر بووە ـ تاریخی بەغدا ج ۷ پەرەی ۳۸ مەشاهیری کوردی بابا مەردوّخ

Dr.Saleh Ebrahimi



رۆحانی شیواج ١ پەرەی ٦ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٢٧ ـ ئەحمەد حەنات بن محەمەد کوردی کە لە زانایانی ناوداری زانینی فەرموده (: حدیث) ەو لە سەدەی ٣دا ژیاوه و کوڕی شاهێن فەرمودەی وفرەی لەوزاتە نەقل کردوه ـ تاریخی بەغاج ٥ پەرەی ٨٣ و مەشاهیری کورد بابا مەردۆخ رۆحانی شیواج ١ پەرەی ٧ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٢٨ ـ ئەبو محەمەد جەعفەربن ئەحمەد بن موبارەک ناودار بەکوردانی خەلەقانی کە لە زانینی فەرمودەدا زۆر جێێ دلنیایی و باوەر بووەو برای ئەحمەدکوردانە و لە ٢٧٧ی وەفاتی کردوه ـ تاریخی بەغاج ٧ پەرەی ١٨٤ و مەشاهیری کورد بابا مەردۆخ شیوا رۆحانی ج ١ پەرەی ٨ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٢٩ ـ ئەبو عەلی ئەحمەدبن مەزید کوردی زانایی جێێ باوەرو دنیایێ بووە لە ریوایەتی فەرموده و لە نێوەراستی سەدەی ٣دا ژیاوه و لە ٢٨٦ لە بەغا وەفاتی کردوه ـ تاریخی بەغاج ٥ پەرەی ٢٢٨ و مەشاهیری کوردی بابا مەردۆخ رۆحانی ج ١ پەرەی ٨ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٣٠ ـ محەمەد بن عەبدوللا بن میهران (کوردی دینەوەری کە فەرمودەی بەدەرس وتوتەوه و لە ٢٨٨ی مانگی وەفاتی کردوه ـ تاریخی بەغاج ٥ پەرەی ٤٣٢ و مەشاهیری کورد بابا مەردۆخ رۆحانی شیواج ١ پەرەی ٩ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٣١ ـ **ئەحمەدکوردان کوری ئەحمەد بن موبارەک** لە زانایانی زانینی فەرمودەی ئاخر و ئوخری سەدەی ٣ی مانگی‌یە، ژماریێ زۆر لە ئەهلی حەدیس لای ئەم زاتە خوێندویانە و فەرمودەیان لێ گێراوەتەوە، تاریخی بەغاج ٤ پەرەی ٣٥٧ و مەشاهیری بابا مەردۆخ رۆحانی شیواج ١ پەرەی ١٠ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٣٢ ـ ئەبوبەکر ئەحمەد دینەوەری کە لە بەغا زانینی فەرموده و ئەخباری بەدەرس وتوتەوه و لە راویانی ناوداری حەدیسە و لە ٣٢٨ی مانگی لە بەغا وەفاتی کردوه ـ

Dr.Saleh Ebrahimi



تاریخی بەغا ج ۴ پەرەی ۴۲۷ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ روحانی شیوا ج ۱ پەرەی ۱۲ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۳۳ ـ ئەبو حەفس عومەر بن سەهل بن ئیسماعیل دینەوەری قرمسینی: (کرماشانی) لە (حفاظ احادیث) و زانایانی ناوداری سەرەتای سەدەی ۴ی مانگی‌یە و چەن کتێبی لە زانینی فەرمودە، داناوە و لە ۳۳۰ی مانگی وەفاتی کردوە ـ هدیة العارفین ج ۱ پەرەی ۳۸۱ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ روحانی ج ۱ پەرەی ۱۳ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۳۴ ـ ئەبوبەکر ئەحمەد بن مەروان مالکی دینەوەری کە لە زانایانی فەرمودەیە و کتێبی (جواهر العلم فی‌الحدیث) و چەن کتێبی دیکەی بەنرخی داناوە و ماوەیەک لە ئەسوانی میسر قازی بووە و لە ۳۳۳ ی مانگی لە قاهیرە وەفاتی کردوە ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ۱ پەرەی ۲۴۱ساڵی وەفاتی بە ۳۳۳ داناوە و کشف‌الظنون ئۆفسێتی تاران ج ۳ و هدیةالعارفین ج ۱ پەرەی ۵۵، ساڵی ۳۹۲ی بۆ داناوە کە دوای ۸۴ سال ژیان وەفاتی کردوە ـ مەشاهیری کورد بابا مەردوخ روحانی شیوا ج ۱ پەرەی ۱۴ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۳۵ ـ ئەبو عەلی ئەحمەد، دیقاق کوردی بن محەمەد بن بەنان لە راویانی زانستی فەرمودەیە کە لە ۳۰۱ی مانگی لە ژیان‌دا بووە ـ تاریخی بەغا ج ۴ پەرەی ۴۰۰ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ روحانی ج ۱ پەرەی ۱۵ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۳٦ ـ ئەبوبەکر ئەحمەدبن محەمەد بن ئیسحاق دینەوەری ناودار بە کوری سەننی دینەوەری لە (محدثان) و زانایانی ناوداری ئەخباری سەدەی چوارەمی مانگی‌یە و کتێبی (الایجاز فی‌الحدیث) و چەن کتێبی بە نرخی دیکەی داناوە و لە ۳٦۴ ی مانگی وەفاتی کردوە ـ هدیةالعارفین ج ۱ پەرەی ٦٦ و لۆغەتنامەی دیهخودا پیتی ئەلف پەرەی ۱۲۷۲و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی شیوا ج ۱ پەرەی ۱٦ چاپی ۱۳٦۴

Dr.Saleh Ebrahimi



سروش تاران.

٣٧ ـ ئەبو نەسر ئەحمەد فلاس بن محەمەد کوردی لە راویانی فەرمودە بووەولە ٣٢١ی مانگی لە بەغا وەفاتی کردوە ـ تاریخی بەغا ج ٥ پەرەی ٨٣ و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ١ پەرەی ١٩ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٣٨ ـ ئەبو محەمەدبن موزەفەر بن عەلی ماموّستای زانینی فەرموده و تەفسیری قورئان و قەرائەتی قورئان بوو و لە ٤١٥ ی مانگی لە بەغا وەفاتی کردوە ـ تاریخی بەغا ج ٣ پەرەی ٢٦٥ و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ١ پەرهی ٢٢ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٣٩ ـ (شیخ الاسلام) ئەبو حەسەن عەلی بن ئەحمەد بن یوسف بن جەعفەر هەکاری زانایێ فرەزانا، لەگشت زانینەکانی ئیسلامیدا، بە تایبەت لە (حدیث وفقه) دا ماموّستایێ بەراستی بووە و لە ٤٠٩ ی مانگی لە دابک بووە و لە ٤٨٦ وەفاتی کردوە ـ (وفیات الاعیان ابن خلکان) ج ١ پەرەی ٣٤٦ (و الکامل فی التاریخ) ج ١ پەرەی ٩٣ و مەشاهیری کورد، بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ١ پەرەی ٣١ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٤٠ ـ ئەبو محەمەد عەبدوللا شارەزوری ناوداربە مورتەزاکوری ئەبو ئەحمەد قاسم بن موزەفەر لە خانەدانی شارە زوریان کە لە روژگاری خوّیدا لە زانیندا بیّوینە و لە بەغا ماموّستا و دەرس بێژی (حدیث و فقه) بووە و دوای ماوە یەک چوّتەوە موسڵ و بوّتە قازی ئەویّ و برای (قاضی الخافقین) ە ـ و لە ٤٦٥ لە دایک بووە و لە ٢١ رەبیعی ئەوەڵ سالی ٥١١ ی مانگی لە موسڵ وەفاتی کردوە. (وفیات الاعیان ابن خلکان) ج ١ پەرەی ٢٥٣ ـ (طبقات شافعی) یە ج ٤ پەرەی ٢٣٥ ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ٤ پەرەی ٢٥٣ و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی پەرەی ٣٤ ج ١ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٤١ ـ شارەزوری (قاضی الحافقین: یانی قازی شەرق و غەرەب) ئەبوبەکر محەمەد

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەبو ئەحمەد قاسم بن موزەفەر زانایێ فرە رانا و ناودار، لە (روایت حدیث) و لە جزیرە و موسڵ و شام قازی بووە و لە ۴۵۳ لە شاری هەولێر لە دایک بووە و لە ۵۸۳ی مانگی وەفاتی کردوە - (طبقات الشافعیة الکبری مصر) ج ۴ پەرەی ۹۵ مەشاهیری کورد بابا مەردوخ روحانی شیوا ج ۱ پەرەی ۳۷ و ۳۸ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۴۲ - شارەزوری ئەبوکەرەم موبارەک بن حەسەن بن ئەحمەد بن عەلی بن فەتحان شارەزوری کە ماموستای فەرمودە و فرەزانا و لە ۴٦۲ی مـانگی لە دایک بـووە و لە ۵۵۰ لە بەغا وەفاتی کردوە - (معجم الادبا) ج ۱۷ پەرەی ۵۲ تاریخی بەغا ج ۷ پەرەی ۱۵۷ - لوغتنامەی دیهخودا چاپی ۱۳۲۵ پیتی میم پەرەی ۲۰۷ - (کشف‌الظنون) ج ۲ پەرەی ۱۷۰٦ (هدیة‌العارفین) ج ۲ پـەرەی ۲ و ئـەعلامی زەرەکـلی ج ۵ پـەرەی ۲٦۹ چاپی ٦ بیروت ۱۹۸۴ - ز - و غایة النهایة ۲:۳۸ و ارشاد الاریب ٦:۲۲۷ و Brock, s.1:723.

مەشاهیری کورد بابا مەردوخ روحانی شیوا ج ۱ پەرەی ۴۰ چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



## هەندێ لە وژنە کوردانەی لە فەرمودەدا ناودارن
## کورد، دەڵێ: شێر لەلان، دەرکەوێ چ نێر چ مێ
## بەشی ٥

١ ـ سیتە لوبابە، کورد، خانم و خانوتێ فرەزانا و کچی یەکێ لە فەرمانرەوایانی موسڵ و دایکی مەروان بن محەمەد بن مەروان بن حەکەمی ئەمەوی کەلە نیوەی سەدەی دوەمی مانگی ژیاوە. ـ خَیرات حسان ج ٣ پەرەی ٤٩ ـ مەشاهیری کورد بابا مەردوخ روحانی شیوا ج ١ پەرەی ٤ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٢ ـ حَفْصە کُردیة خانم و خاتونێ عارف و زانا و دڵ و دەرون پاک و چاک و بە تەقوا و خۆپارێز بووە و تا نیوەی دوەمی سەدەی دوەمی مانگی لە ژیان دا بووە ـ نفحات الانس جامی پەرەی ٦١٨ ـ حفّصە کردیە هاونشینی خاتو شەعوانیە کەژنێ عارف و بە تەقوا بووە و هەروا لە عارف و خواناسی ناودار ئەبو عەلی فەزل بن عەیار فێری زانینی عرفان و خواناسی بووە ـ طبقات شیخ شعرانی ج ١ پەرەی ٦٦ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ روحانی شیوا ج ١ پەرەی ٥ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٣ ـ فخرالنسا شەهدەی دینەوەری کچی ئەبو نەسر ئەحمەد بن فەرەج کوری عومەر، ئیبری: (دەرزی) کە خانم و خاتونێ فرەزانا لە زانینی (حدیث و فقە) و فەرمودە و شەریعەت و ریوایات، **زۆرناودار بووە و زانینخوازانێ زۆر لە کور و کچ وژن و پیاو لە** بەغا لە حەلقەی دەرس وتنەوەی شەهدە حازردەبون و کەڵکیان لە عیلم و زانیاری ئەو ژنە فازیلە، وەر دەگرت و هەروا خەت خۆش و دەنگ و ئاواز خۆشیش بووە و بە (شهدة الکاتبة)ش ناودار بووە، چون زۆر خەت و ئینشایێ جوان و خوشیکی هەبووە و لە ساڵی ٤٨٢ی مانگی و ١٠٨٩ی زاینی لە دایک بووە و لە ٥٧٤ و ١١٧٨ لە بەغا وەفاتی کردوە. ـ تاریخ ابن خلکان ج ١ پەرەی ٢٢٦، ئەعلامی نیسای عومەر رەزاکە حالە ج ٢ چاپی ٥ بێروت ١٩٨٤ ـ ز ـ لە تاریخی ئەبوفیدا، وتراوە کە لە ٥٧٣ی مانگی وەفاتی

Dr.Saleh Ebrahimi



کردوە. ـ مونتەزەمی کوری جەوزی، تاجولعەروس زوبەیدی، تە بەقاتی شافعی یەی سبکی، تاریخی کوری ئەسیر ـ خیرات حسان ج ٢ پەرەی ١١٨ و مراة الزّمان ٨:٣٥٢ و الدرر المنشور ٢٥٦ ـ مەشاهیر کورد بابا مەردوّخ ج ١ پەرەی ٤٨ و ٤٩ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ٣ پەرەی ١٧٨ چاپی ٦ بیّروت ١٩٨٤ ـ ز ـ و عایشە تەیموری **کچە کوردێکی نابیغە بووە** لە ئەدەبیاتی عەرەب لەمیسردا پەرەی ٢٤٠ ئەعلام : (النّساء عمر رضا کحّاله) ج ٣ چاپی ٥ سالّی ١٩٨٤.

٤ ـ زەینە ب خاتونی سیّرتی کچی سلیّمان بن ئەحمەد خەلّکی شاری سیّرت کە خانمو خاتونێ پرعیلم و زانین بووە لە زانینی فەرمودە، وە لە قاهیرە، لە سالّی ٧٠٥ ی مانگی وەفاتی کردوە و پتر لە ٨٠ سالّ ژیاوە. ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٢ پەرەی ٦٨ چاپی ٥ بیّروت ١٩٨٤ ـ ز ـ دورەری کامینەی کوری حەجەر، شەزوراتی زەهەبی کوری عیماد، تاجولعەروس زوبەیدی، حوسنی موحازەرەی سیوتی ـ مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ١ پەرەی ٩٧ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٥ ـ (اُمّ محمّد) (محدث) هەکاری کچی یوسف کوردی هەکاری کە لە زانینی فەرمودە (حدیث) فرەزانا و پلەبەرزی روّژگاری خوّی بووە و ژمارێ زوّر لە دایکە محەمەد فەرمودەیان، نەقلّ کردوە و لە ٧١٤ی مانگی وەفاتی کردوە ـ تاریخی ئیسلام زەهەبی جوزوی ئاخر ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٥ چاپی ٥ پەرەی ٣١ بیروت ـ ١٩٨٤ ز ـ مەشاهیری کورد ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ٢٣٣ و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ١ پەرەی ٩٨ و ٩٩ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٦ ـ فاتمە خاتون هەکاری کچی ئیبراهیم بن داوود بن نەسر، کە لە زانینی (حدیث و فقە) دا هەرشە پوّلی داوە و ژمارێ زوّری پیّگەیاندوە و لە ٦٨٣ی مانگی لە دایک بووەو لە ٧٥٧ وەفاتی کردوە. ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٣ پەرەی ٢٤ چاپی ٥ بیّروت ١٩٨٤ ز ـ دورەی کامینەی کوری حەجەر ـ هدیة العارفین و مەشاهیری

Dr.Saleh Ebrahimi



کورد بابا مەردوٚخ روٚحانی شیواج ١ پەرەی ١٠٦ چاپی ١٣٦۴ سروش تاران.

٧ ـ ئەسما خاتون هەکاری (محدّث) کچی ئەحمەدبن ئەحمەدبن حسین هەکاری ئافرەتێ زانا و فەرموودە زان و لە ٧١٥ی مانگی لە دایک بووە و لە ٧٧٠ وەفاتی کردوە ـ مەشاهیری کورد ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ٢٣٣ و مەشاهیری کورد بابا مەردوٚخ روٚحانی شیواج ١ پەرە ١٠٨ چاپی ١٣٦۴ سروش تاران. ـ ئەعلامی نیسای عومەر رەزا کە چالە چاپی ٥ بێروت ١٩٨۴ ز ـ دورەی کامینە کوری حەجەر ـ پەرەی ۴٣ و ۴۴ ج ١.

٨ ـ جو ەیریە خاتونی هەکاری کچی ئەحمەد بن ئەحمەد بن حسین و خوشکی ئەسما هەکاری کە لە زانینی فەرموودە فرەزانا و لەگەڵ زانایانی فەرموودە، دانیشتنێ فرە زوٚرو و تووێژێ پرسودی بووە و لە ٧٨٣ ی مانگی دوای نەود (٩٠) ساڵ ژیان وەفاتی کردوە ـ مەشاهیری کورد ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ٢٣٢ و مەشاهیری کورد بابا مەردوٚخ روٚحانی ج ١ پەرەی ١٠٨ چاپی ١٣٦۴ سروش تاران، تاریخ سلیمانیە و انحائها تەرجەمە بە عەرەبی جەمیل روٚژ بەیانی چاپی. ١٩٥٦ ـ ز ـ بەغا. ـ پەرەی ٢٢٦ و ٢٢٧ ج ١ ئەعلامی نیسای عومەر رەزا کە حالە چاپی ٥ بێروت ١٩٨۴ ـ ز ـ و دورەی کامینەی کوری حەجەر.

٩ ـ فاتمە خاتون کچی ئەحمەد کوری **سوڵتان صەلاحەدین ئەییوبی لەژنە زانا و** پرفەزیلە تەکانە و لە زانینی فەرموودە (و فقە) دا زوٚر شارەزاو ئاگاداری روٚژگاری خوێ بووە ولە ٥٩٧ ی مانگی و ١٢٠٠ ی زاینی لە دایک بووە و لە ٦٧٨ و ١٢٨٠ وەفاتی کردوە ـ الصحف العالمیە، و الحیاة ١٦ ـ ٢٢ محەرەمی ١٣٩٥ و شذرات الذهب ٣٦٢:٥ و ئەعلامی زەرەکلی ج ٥ پەرەی ١٣٠ چاپی ٦ بێروت ١٩٨۴. ز.

١٠ ـ عایشە خاتون جەزەری کچی شەمسەدین محەمەد کوری جەزەری لە خانەدانی جەزەری یەکانە و زوٚر زاناوژیرو لە زانینی فەرموودە (وفقە)دا زوٚر شارەزا و ئاگادار

Dr.Saleh Ebrahimi



بووەو **لە پشت پەردە بە زانینخوازان دەرسی و تووە و تا سەدەی نۆی (٩) مانگی لە ژیان** دابووە ـ خیرات حسان ج ٢ پەرەی ١٦٨ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی شیوا ج ١ پەرەی ١٢٤ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

١١ ـ فاتمە خاتون جەزەری (محدث) کچی شەمسەدین محەمەد کوری جەزەری و خوشکی عایشە خاتونی جەزەری کە قورئانی کەریمی بە تەواوی لە بەر بووەو فەرمودە زانێ شارەزا بووە و لە پشت پەردە وە، دەرسی بە زانینخوزان داوە، ئەم خاتونە زانایە بە کور و **پیاوان، کچ و ژنان دەرسی داوە** و لە نێوەراستی سەدەی نۆیی (٩) مانگی وەفاتی کردوە ـ خیرات حسان ج ٣ پەرەی ١٨ و مەشاهیری کوردی بابا مەردوخ رۆحانی شیوا ج ١ پەرەی ١٢٤ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران

١٢ ـ سەلما خاتونی جەزەری (ابن الجزری) کچی شەمسەدین محەمەدە، کە زۆر وشیار و لێها توو پربیر وژیر و لە راویانی فەرمودەی پێغەمبەرە و لە سێ مانگەی ئەوەڵی سەدەی نۆیی (٩) مانگی وەفاتی کردوە ـ شەقایقی نەعمانی، کۆبەی تاریخی کوری خەلەکانی کورد، میسر پەرەی ٤٢ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی شیوا ج ١ پەرەی ١٢١ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران

١٣ ـ ئەمە توللا خاتون کوردی هەکاری کچی ئەبو عەبدوللابن شەهابەدین کوردی لە ژنە زانا و بە تەقوا و ناودارەکانی سەدەی نویێ (٩) مانگی، وە ژنان و کچانێ زۆر لای ئەم ئافرەتە زانایە، دەرسی ئەدەبی ودینیيان خوێندوەو کەسانێ وەک خێوی (الضؤ اللامع) لە پیاوان لای ئەم خانمە دەرسی خوێندوە ـ مەشاهیری کورد ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ٢٣٢ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی شیوا ج ١ پەرەی ١٢٧ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

١٤ ـ فاتمە خاتونی گۆرانی کچی بەدر محەمەد بن جەمال گۆرانی و لە نەوەزای خزر (خذر) گورانی یەکە دەرسی زانینەکانی ئیسلامی بەکچان و کوران وتوّتە وەو لە ٧٩٤ ی

Dr.Saleh Ebrahimi



مانگی لە دایک بووە و لە ٨٧٣ وەفاتی کردوە، مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ١ پەرەی ١٢٩ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

١٥ ـ سوتەیتە خاتونی گوّرانی خوشکی فاتمە خاتونی گوّرانی کچی بەدر محەمەدبن جەمال گوّرانی کە زانایێ پایە بە رز بووە و لە عیلم و ئەدەبدا و لە (رواة علم حـدیث). بووەو لە ئاخری سەدەی نوّیی (٩) مانگی وەفاتی کردوە ـ مەشاهیری کورد ئەمین زەکی پەرەی ١٣٩ ج ١ ـ مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ١ پەرەی ١٣٥ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

١٦ ـ سِرّیە دیار بەکری ئافرەتێ فرەزانا و پرعیلم و هونە روەر بووە کە بـە زمـانی کوردی و تورکی هوّنە و شیعری و تووە و لە ١٢٣٠ ی مـانگی لە دایک بـووە و لە ١٢٨٣ وەفاتی کردوە ـ مەشاهیری کورد، ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ٢٣٧ و مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ١ پەرەی ٤٢٧ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

١٧ ـ سیتە یا سەییدە فاتمەی خالدی نەخشبەندی کچی مەولانا خالد نـەخشبەندی شارەزوری نوسخەی نابیغە و نوسخەی جامیعە کە لە عەجایبی روّژگاری خوێی وزاف پر هوّش و لێها تو و شارەزا، بەویژ و ویژەوانی کوردی، عەرەبی و فارسی بووە و چە شەی شیعریشی هەبووە و نوسەر و ئاگادار لە(فقه) و شەریعەت و تەریقەت، کە ژنانێ زوّر لە شەریعەت و تەریقەتی ئەو خاتونە کـەلّکـیان وەر گـرتووە و فێـربون و بـارهاتون و لە ١٢٤١ی مانگی لە دایک بووە و لە ١٢٨٦ لە مەکە وەفاتی کردوە و مێردەکە یشی یەکێ لە زانایانی دیمەشق و مریدی مەولانا خالد ـ ی. بـاوکی بـووە. ـ بـغیة الواجـد ـ ئەنواری قـودسیە ـ یـادی مـەردان ج ٢ چـاپی ١٩٨٣ ـ ز ـ کوّری زانـیاری ـ بـەغا ـ مەشاهیری کورد بابا مەردوّخ روّحانی شیوا ج ١ پەرەی ٤٣٢ چاپی ١٣٦٤ سـروش تاران.

١٨ ـ صاحیبە سولّتان دونبولی کچی کەریمخان، خاتونێ فرە زاناو بیروردو لە زانینی

Dr.Saleh Ebrahimi



**ئەستێرە ناسیدا** تەئلیفاتێکی هەیە، لە هونەری ئینشا و زۆرێ لە سەنعەتەکانی زەریفەو نیگاریدا شارەزا و خۆش خەت بووە و نازناوی شیعری (شەهباز) ە ـ خَیرات حسان پەرەی ١١٧ و آثار الشیعە ج ۴ پەرەی ٢١٢ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی شیوا ج ١ پەرەی ٣٤١ چاپی ١٣٦۴ سروش تاران.

١٩ ـ مونیسە خاتونی کچی مەلیک موزەفەر محەمەد بن عەبدولمەلیک مەنسوربن ئەییوب لە ٦٣٣ی مانگی لە نێو بنە ماڵەی ئەییوبیان لەدایک بووە، کەژنێ خێر خواز بووە و فێرگە و مزگەوت و کاروانسە رای سازداوە ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزا کە حالە ج ۵ پەرەی ١٢٩ چاپی ۵ ساڵی ١٩٨۴ ـ ز ـ تاریخی ئەبو فیدا ـ و مەشاهیری ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ٢٥٠ و ثابیدەر، دوکتور جەلال جەلالیزادە ـ پەرەی ۴ ژمارەی ١٦ چاپی شنبە ٦ دیماە (١٣٧٦).

٢٠ ـ عەزرا خاتون ئەییوبی کچی نورەدین شاهەنشا، کوری نەجمەدین ئەییوب، عەزرا خاتون ژنێ زانا و زانینخواز بووە و بە ژنان دەرسی دینی و شەریعەتی وتۆتەوەو لە کۆڕ و کۆمەڵدا قسەی بۆکردون و پەندی داداون و فێرگەی (عەزراویەی)ی سازداوە، کە لە دیمەشق لە رۆژاوای مزگەوتی جامیع ـی ئەحمەدی لە بازاری حەمیدیە دایە (لە نێو باب النصر ـ لای قەڵای دیمەشق) و لە ساڵی ۵٩٣ ی مانگی ئیمام فەخرەدین بن عەساکر و صەدر سلێمانی کوردی لە و فێرگە دەرس بێژ بوون و بە دەیان دەرس بێژوزاناو زانینخواز، لەوێ پیێ گەییون، عەزرا خاتون، ئەییوبی لە ١٠ محەرەمی ۵٩٣ وەفاتی کردوە و لە نێوئە و فێرگەی خۆیی نێژراوە ـ خوتە تیشام محەمەد کوردعەلی، ـ نجومی زاهیرەی کوری تەغری بەردی ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٣ چاپی ۵ پەرەی ٢٥٩ و ٢٦٠ بێروت ١٩٨۴ ز ـ مەشاهیری کورد و کوردستانی ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ٢٣ ـ کوری خەلەکان وەفەیات.

٢١ ـ رەبیعە خاتونی ئەییوبی خوشکی سوڵتان صەلاحەدین ئەییوبی و خوشکی

Dr.Saleh Ebrahimi



ست‌الشامه، کە لە ٥٦١ لە دیمەشق لە دایک بووە، کچی نەجمەدین ئەییوب بن شادی و لە ٦٤٣ لە خانوی باوکی لە دیمەشق کە بە (دارالعقیق) ناودارە، وەفاتی کردوە و نێژراوەو فێرگەی حەنبلی‌یەی لە داوێنەی فاسیون لەگەرەکی کوردنشینی صالحیەی دیمەشق سازداوە و مووقوفاتێ پربایەخیشی بۆداناوەو تەنانەت هەمو رۆژێ ٢ دیرهەمی بۆ یار مەتی ماموستا بۆ هەر فەقێێ (زانینخوازێ) نیو درەمی بۆ تەرخان کردون و پیێ داون، ئەو فێرگە تا ئاخرین پاشایانی ئەییوبی هەر بەردەوام بووە ـ الروضة الفیحاء فی تواریخ النساء یا سین ابن خیرالله العمری ص ٢٨٠ ـ مەشاهیری کورد و کوردستانی ئەمین زەکی ج ٢ پەرەی ٢٣٥ ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ٣ پەرەی ٤٠ چاپی ٦ بێروت ١٩٨٤ ـ ز ـ البدایه و النهایه ابن اثیر ج ١٣ پەرەی ١٧٠ ـ وەفیات کوری خەلەکان، ج ٣ پەرەی ٢٧٧ ـ منادمة الاطلال عبدالقادر ـ بدران ـ النجوم الزاهرة ابن تغری بردی ج ٦ پەرەی ٢٥٣

٢٢ ـ بابا خاتون کچی ئەسەدەدین شێرکۆ، کچ‌مامی سولتان صەلاحەدینە، فێرگەی (عادلیة الصغری) لە دیمەشق سازداوە و مەوقوفاتێ پربایەخیشی بۆداناوە، لە رەمەزانی سالی ٦٥٥ یەکخانو بەرەوگەرماو، دیێ کامیر، بەشێ لە گوندی (بیت‌الدار)ی کریوە و وەقفی ئەو فێرگەی کردوە. ـ سەرچاوە: ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکەحالە ج ٥ پەرەی ٣٠٥ چاپی ـ ٥ ـ ١٩٨٤ ز ـ المرأة الکردیه فی تاریخ الاسلامی پەرەی ٢٢ ـ منادمة الاطلال و مسامرة الخیال عبدالقادر بن احمد بن بدران پەرەی ١٢٧ ـ ئابیدەر ژمارەی ٧ شەمە ٣ ی گەلاریزانی ٧٦ دوکتور جەلال جەلالی‌زادە.

٢٣ ـ ست‌الشام (زومورود) خاتونی ئەییوبی عیسمەتەدین خوشکی سولتان صەلاحەدین و تورانشا، ژنێ زیر، و شیار، زاناو لە کارزان بووە و ٢ فێرگەی (برانیّة) و (جوانیه) لە شام سازداوە و لەرۆژی هەینی ١٦ زیقە عیدەی سالی ٦١٦ ی مانگی وەفاتی کردوە و لە یەکێ لە حوجرەکانی فێرگەی برانیە: (شامیه، حیسامیه) نێژراوەو ناسرەدین

Dr.Saleh Ebrahimi



شێر ـ ی پاشای حیمس ـ ی مێردی و تورانشای پاشای یەمەنی برایشی، هەرلەوێ نێژراون.

ـ زۆرێ لە زانایانی پڕعیلم لە فێرگەی برانیە ماموٚستای دەرس بێژبون، کەسانێ وەک: قازی شەرەفەدین ئەبوصائیب، عەبدوللاّ بن زین القضاة، (عبدالرحمن) قورەیشی دیمەشقی کە لە ٦١٥ ی مانگی وەفاتی کردوە و چەندین زانای وەک: قی یەدین سوبوکی، تاجەدین سوبوکی و ... وە بە سەدان زانینخواز لە وێ دەرسی تەواو کردوە و نوری عیلم لە و فێرگەوە، جیهانی ئیسلامی روناک کردوٚتەوە و لە بابەت چارەنوسی ئەو فێرگەوە، محەمەد کورد عەلی کە لە ۱۳۷۲ وەفاتی کردوە، فەمویەتی: (ئەمروٚ بوٚتە فێرگەی سەرەتایی زاروٚکانی بێ سەرپەرست، کە دامەزراوەی یارمەتیە کانی خێر خوازانە، بە رێوەی دەبا، فێرگەی جوانیە: لە بەرامالّ و نشیمەنی (ستّ الشام) بووگە و لە دوایـیدا، کراوەتە فێرگە) و موفتی رێبازی حەنبەلّی: کوری بەدران کە لە ۱۳۴٦ ی مانگی وەفاتی کردوە، لە و فێرگە دیدەنی کردوە، وەرای گەیاندوە: (کە تەنیا دەروازەکەی ماوە، لەلای سەرەوەی دەروازەکە، تاشە بەردێ هەیە کە دەقی وەقفەکەی لە سەر هەلّکەندراوە، دیواری لای روٚژاواکەی، کەبە بەردی زەلام و گەورە، گەورە، سازدراوە، هێمان بەسە قامگیری هەروا بەردەوام ماوە، زانایانێ کە لە فێرگەی جوانیە ماموٚستای دەرس بێژبوون زاتێ وەک کوری صەلاحی شارەزوری، شەمسەدین موقەدەس، کوری وەکیلّ، جەلالەدین قەزوینی، شەمسەدین بن حجی، شەمسەدین بەرماوی و عەللامە، کوری، قازی زەیدانی کە لە ۷۷٦ ی مانگی وەفاتی کردوە ـ(المرأة الكردية في التاريخ الاسلامي محمد خير رمضان يوسف) پەرەی ۳۰ ـ ۱۵ ـ البدايه و النهايه ابن كثير ج ۱۳ پەرەی ۸۴ ـ وفيات الاعيان، ج ۳ پەرەی ۲۴۴، الوافي بالوفيات، خليل بن ابيك الصفدي، پەرەی ۱۱۹ ج ۱۵. النجوم الظاهرة في ملوك مصر و القاهره ابن تغرى بردى ج ٦ پەرەی ۲۴٦ ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزا کە حالە چاپی ۵ ج ۵ پەرەی ۳۰۹ کە

Dr.Saleh Ebrahimi



بەنێوی ئوم حیسامەدین کچی ئەییوب ناوی بردوە، ئەعلامی خەیرەدین زەرەکلی ج ۳ پەرەی ۱۲۰ و مەشاهیری کورد، بابا مەردوخ روحانی ج ۲ پەرەی ۱۸۵ - چاپی ۱۳٦۴ سروش تاران.

۲۴ - مەلەکە خاتون (دایکی) ئوممی موزەفەر ئەییوبی، ژنێ کە، مێژو شانازی پێوە دەکا و موسوڵمانانیش بەدین و دانیش و بنیش و زانایی و لەکارزانی ئەو فەخر دەکەن، دایکی روژگار بە ئاوەها روڵەیێ گەزگەز باڵادەکا، کە خاتونێوا زانا، دڵڵاوین، پڕعیلم، زانین خواز، نەتەوە ویست، مرۆدۆست، ژیر و بیر و بیرمەند، کەخوا، کەماڵ، جەماڵ (جەماڵیزاتی) رەسەنی بنەماڵە و دینی پیێدابوو موزەفەر ئەییوبی لە داوێنی ئەودایکە پەروە ردە ببو، جاهەر لە بە رئەوانە، ژنێ بوو سەربەرز، بە ختەوەری هەردونیا، ئەم خاتونە، کچی مەلیک عادڵ و حوشکی مەلەکە صەفیە خاتونە و لەو ژنەپاک و لە خواترس، کار چاکو ئاکار خاوین، لەکارزان، خوێندەوار، زاناو دور ئەندێش و پڕفەزیلەتی خانەدانی ئەییوبییە، کەمێژو دەڵێ ماڵی هەریەکە لە تاکە تاکی خانەدانی ئەییوبی نشینگەی زانایان، عارفان، فەرمودە زانان، تەفسیرزانانی قورئان، فەیلە سوفان، شاعیران، وێژاوەران و فەقیهان و چرای پڕنوری موسوڵمانان و مرۆڤانی بوون، وەکچ و کوریان توگری زانین و عیلم و هونەرو خوی چاک و ئاکار چاک و چاک و پاک بوون، ئەم خاتونە زاناو دڵسۆزەی گەل و نیشتمانە، لە سۆنگەی نەخۆشی یەوە، بارگەی بەرە و لای خوا تێکناوە و شاعیری ناودار حیسامەدین، بن جوندی کوردی لەشینی وەفاتی ئەو خاتونەگەورە بەشیعر و تویەتی کە ئەمە، هەندێ لە و شیعرانە، بە عەرەبی: الطرف فی لجة و القلب فی سعر - له دخان ز فیر طار بالشرر - لوکان من مات یفد قبلها لفدی - ام المظفر آلاف من البشر - ماکنت اعلم ان الشمس قدغربت - حتی رایت الوجی ملقی علی: یانی لە خەمی ئەوا (ئەوخاتونەدا) چاو نوقمی دەریای فرمێسک و رونڵک بووە و دل و دەرونیش بەئاور دەبرژێ کەبلێسەی ئەوە، گڕو کڵپە کڵپەتی - ئەگەر بۆ مردنی پێشینان

Dr.Saleh Ebrahimi



فیدیە بدرێ، هەزاران کەسم لە فیدیەی ئومم موزەفەرا، دەدا ـ نەمدەزانی رۆژ ئاوا دەبێ، تا لە ناکاو دیتم پەردەیێ تاریک کشا بە سەر مانگدا ـ بەلێ رۆژئاوا دەبێ مانگیش دەگیردرێ، بەلام ئەوە ئیرەتی‌یە و دوبارە رۆژ هەلدێ و رۆژگار لە بزاوتن ناوەستێ و هەمیشە رو بە کەمال لە سوراندایە، وە هەوری رەش و چلکن قەت ناتوانن کەسایەتی خزمەتکاری مرۆفانی و دین و دانیش داپۆشن و ونـدای بکەن، ـ الروضة الفیحاء فی تواریخ النساء یاسین بن خیرالله العمری پەرەی ۲۷۹ ـ مەشاهیری کورد و کوردستانی ئەمین زەکی ج ۲ پەرەی ۲۳۹ و مەشاهیری کورد، بابا مەردوخ رۆحانی شیوا ج ۳ پەرەی ۱۸۵. حەوتەنامەی ئابیدەر پەرەی ۵ ژمارەی ۲۱ شەمە ۱۱ ریبەندانی ۱۳۷٦ دوکتور جەلال جەلالی‌زادە بە فارسی.

۲۵ ـ نائیفە جونبولات: (گیان پولا) کە لە ۱۸۱۰ی زاینی لە موختارەی پیتەختی باوکی لە لوبنان لە دایک بووە و لە ۱۹۰۰ وەفاتی کردوە، ژنێ خوێندەوار، نوسەر، قسەزان، زانا، لەکارزان، رامیار و سیاسەت زان بووە و لە کارەسیاتەکانی سالەکانی ۱۸٦۰ وەک خانمێ رامیار و لەکارزان بە سەدان ژن، پیاو، زاروک پەنایان بە مالی ئەو برد و ئەویش دەسی بە سەراکیشان و ئەوانەی حەوانەوە. فەرمانرەوایان و خەلک بە گشتی ریزیان بۆ ئەو خاتونە دادەناو گوێیان بۆ قسەکانی شل دەکرد. گۆفاری خدر ۱۹۲۳ ـ ز ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ۵ پەرەی ۱۴۳ چاپی ۱۹۸۴ ـ ز ـ

۲٦ ـ خەجیجەی کچی مەلیک موعەزەم عیسابن مەلیک عادل سەیفەدین ئەبی بەکر بن ئەییوب، ئەم ژنە (لە سالی ٦۵۴ی مانگی) فیرگەی مورشید یەی لە سەر چۆمی یەزید لە صالحیەی دیمەشق سازداوەو لە لای (دارالحدیث)ی ئەشرفیە، کە ئەمیش لە صالحیە دایە. ئەم ژنە زاناو ئاکار چاکە لە ٦٦۰ی مانگی وەفاتی کردوە. مال و مولکێ پربایەخی بۆ ئەو فیرگە، وەقف کردوە. سەرچاوەکانی بەرو، ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ۵ چاپی ۵ سالی پەرەی ۲۱۲ ـ ۱۹۸۴ ـ ز.

Dr.Saleh Ebrahimi



٢٧ ـ هەنا (هانا) کەسبانی گۆرانی ژنێ زاناو خێرخواز بووە، ئەعلامی زەرەکلی ج ٥ پەرەی ٢١٣ چاپی ٦ بێروت ١٩٨٤ ـ ز ـ گۆفاری کیژانی خۆرهەلاّت ٢/ ٣٦٢ ـ ٣٦٦ ـ ئەعلامی عومەر، رەزاکەحالە پەرەی ٣٣٦ چاپی ٥ ج ٥ چاپی ١٩٨٤ ـ ز ـ

٢٨ ـ (اُمّ:) دایکی موعیزەدین بن بابەک: (خێزانی بابەک) کە بابەک برای نورەدینە کە لە ئەتابەکانی زەنگی کوردە، بابەک خێوی موسڵ بووە. ـ دایکی موعیزەدین ژنێ خێرخوازو ژیرو ئاکار چاک بووە، مێژو دەڵێ: لەساڵی ٥٧٩ لە کاتی رۆیشتن بۆ حەج و زیارەت کوری جەبیر چاوی بەو خاتونە کوردە، کەوتووە و بە کار چاکی زانیوە، پەرەی ٦٤ ئەعلامی نیسای عومەر رەزاکەحالە ج ٥ چاپی ٥ ساڵی ١٩٨٤ ـ ز ـ

٢٩ ـ موئمینە خاتونی کچی بالولی ماهی: مادی (بوهلول) کوردی، ژنێ زۆر زاناو لە خواترس بووە، ئەحمەدبن حەواری کە لە ٢٣٥ لە ژیانا بووە، لەو خانمەی پرسیوە، لەچ بیروفیکرێ دایی، ئەو خانمەیش پێی دەڵێ: «دەمەوێ لە هەر چاو لێکنا نێکدا تەواوی ئەو نیعمەتانەی خوا پێیداوم بیان ناسم، یاکەمتە رخەمی خۆم سەبارەت بەو هەمووە، نازو نیعمەتەی کە خوا بەمنی داوە، لە چاوتوروکانێکدا بیان زانم». ئەحمەدیش پێ دەڵێ بیر لە شتێ وادە کەیتەوە، کە ئەقڵ و ئاوز پێی ناگا ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزا کە حالە ج ٥ پەرەی ١٢٦ چاپی ٥ سالی ١٩٨٤ ـ ز.

□ میهرانکۆی بێتۆینی ئەم کچە کوردە، ئازاو بە ناموسە لە ٨٥٠ ساڵ بەر لەدایکبونی حەزرەتی عیسا، ولاّتی میسری هێناوەتە بن فەرمانی خۆی و میری کردوە ـ کتێبی زێرینا ئامێدی نوسراوی محەمەد ئەمین مەنگوری چاپی ١٩٧١ ز ـ بە کوردی، کۆواری کاروان ژمارەی ٢٣ ساڵی ٢ ئابی ١٩٨٤ ز.

□ زێرینا ئامێدی کە لەجەنگی قادیسیە لە گەڵ لەشکری سەعد ـ ی کوری وەقاص جەنگیوەو لەوان شەهید کراوە، زێریناکچی شێروخان ـ ی ئامێدی بوە کەباوکی لەجەنگی بارامی چوبین و خەسرەو پەرویزدا کوژراوە ـ هەمان سەرچاوە. یافەوزیە:

Dr.Saleh Ebrahimi



(دوریە) عەونی کە گەورەترین رۆژنامە نوسە لە میسردا یـا شـیرین و شـیرین‌هان کـە گەورترین هونەر مەندن و لە کوردە ئاوارە کانن کە ئێستا لە میسر دەژین...

٣٠ ـ فاتمە کچی ئەحمەدبن یوسف صەلاحەدین بن ئەییوب کە لە زانینی فەرمودە و حەدیس‌دا، زۆرشارەزا و ئاگادار بووە و لە ساڵی ٥٩٧ ی مانگی لە دایک بـووە و لە ٦٦١ وەفاتی کردوە ـ شەزوراتی زەهەب کوری عیماد ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزا کەحالە ج ٤ چاپی ٥ پەرەی ٣٢ بیرۆت ١٩٨٤ ـ ز ـ

٣١ ـ فاتمە کچی حسێن بن عەبدوللاّ ئامێدی (امّ محمّد) کە لە زانینی فەرمودە، زۆر شارەزا بووە و فەرمودەی لە فەخری هەولێری و زۆر کەسی دیکە، ریوایەت کردوە و لە مانگی موحەرەمی ٦٩٨ ی مانگی وەفاتی کردوە ـ عومەر، رەزاکە حـالە، ئـەعەلامی نیسا، ج ٤ چاپی ٥ پەرەی ٤٣ بیرۆت ١٩٨٤ ز ـ تاریخی زەهەبی جوزوی ئاخر ـ.

٣٢ ـ فاتمە خانم کچی فەزل بن ئەحمەد بن ئەبی ئەحمەد بن متویە کاکۆیی، ژنیٚ زانا بەفەرمودە و زۆر دین‌دار و پاک داوێن و خێرخواز بووە و لە حودودی ٤٨٦ ی مانگی لە دایک بووە و لە نیوەی شابانی ٥٥٦ وەفاتی کردوە ـ تەحبیری سەمعانی ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٤ چاپی ٥ پەرەی ٩٠ بیرۆت ١٩٨٤ ز ـ

٣٣ ـ فاتمە خانم کچی مەلیک محەمەد بن عادل ئەبوبەکر بن ئـەییوب، ژنیٚ زۆر دلآوا و چاک و لە خواترس و کار چاک و خێر خواز بووە. خانە قای لە شاری حەڵەب بە خێری خۆی سازداوە و مەوقوفەیشی بۆداناوە و لە ٦٥٦ وەفاتی کردوە ـ خوتەتی شام محەمەد کورد عەلی ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٤ چاپی ٥ پەرەی ١٠٦ بیرۆت ١٩٨٤ ز ـ.

٣٤ ـ قەتومەک کچی محەمەدبن ئیبراهیم ئەییوبی دیمەشقی، ژنیٚ فەرمودە زان و لە خواترس و پرزانین کە لە ٨٤٤ ی مانگی لە دایک بـووە و لە سـەرەتای سـەتەی ٩ی مانگی وەفاتی کردوە ـ زەو ئوللامیع سەخاوی ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج

Dr.Saleh Ebrahimi



٤ چاپی ٥ پەرەی ٢١٦ بیروت ١٩٨٤ ز -

٣٥ - کورد جین کچی ما نجو تەیمور لە ساڵی ١٣١٦ ی زاینی بوتە پاشای هەرێمی فارس و شیراز، لە روژگاری ئەو خانمەدا ئەو مەڵبەندە، زور روی لە ئاوەدانی بووە و زور خزمەتی بە ویژا وەران و شاعیران و زانایان کردوە، فیرگەی کوردجین و گەرماو، مزگەوت، فیرگەی دیکەی سازداوە و مەوقوفەی بوداون و هوی ژیانی فەقیێ و مەلای بە ئەستو گرتووە و لە ١٣٢٧ ز - وەفاتی کردوە - گوفاری موقتەتیف ج ٥٧ - ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکەحالە ج ٤ چاپی ٥ پەرەی ١٩٨٤ ز -

٣٦ - مونیسە کچی مەلیک عادل ئەییوبی، ژنێ حەدیس زان کە لە ٦٩٠ ی مانگی وەفاتی کردوە - دورەری کامینەی کوری حەجەر - ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٥ پەرەی ١٢٧ چاپی ٥ بیروت ١٩٨٤ ز -

٣٧ - مونیسە کچی مەلیک موزەفەر محەمەدبن عەبدولمەلیک بن ئەییوب، ژنێ خیرخواز وکار چاک و فیرگەی خاتونیەی لە حیمات سازداوە و مەوقوفاتێ زوریشی بو داناوە و لە ٦٣٣ی مانگی لە دایک بووە و دوا نیوەروی شەمەی ٥ ج ١ ی ساڵی ٧٠٣ وەفاتی کردوە - تاریخی ئەبوفیدا - ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٥ چاپی ٥ پەرەی ١٢٩ بیروت ١٩٨٤ ز -.

٣٨ - عایشە کچی محەمەد بن یەحیا بن بەدر بن یەعیش جەزەری صالحیە، ژنێ فەرمودە زان و شارەزا و لە خواترس بووە، کە لە ٧٤٣ ی مانگی لە صالحیەی دیمەشق وەفاتی کردوە - دورەری کامینەی کوری حەجەر - ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٣ چاپی ٥ پەرەی ١٩٠ بیروت ١٩٨٤ ز -

٣٩ - عەزیزە کچی مەلیک قوتبەدین خیوی ماردین، ژنێخیر خواز کە لە ٦١٠ فیرگەی ماردینیەی سازداوە کە زورێ لە فەقیهان لەو فیرگە دەرسیان خویندوە، یا ماموستای ئەوێ بون - خوتەتی شام محەمەد کورد عەلی - ئەعلامی نیسای عومەر، رەزا

Dr.Saleh Ebrahimi



کە حالە ج ٣ چاپی ٥ پەرەی ٢٨٢ بێروت ١٩٨٤ ز -

٤٠ - حەلیمە کچی عەبدوللا عیمادەدین بن مەلیک عادل ئەییوبی، ژنێ فەرموودە زان بووە، دارە قوتنی - مەجموعەی ژمارەی ٦٧ لە دەسخەتەکانی دارولکوتوبی زاهیریە - ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ١ چاپی ٥ پەرەی ٢٩١ بێروت ١٩٨٤ ز -

٤١ - زوهرە کچی ئەبو بەکر بن ئەیوب، ئەییوبی، ژنێ خێرخواز بووەو فێرگەی سوغرای لە دیمەشق سازداوەو چەن ئاوایی وەک ئامێد و ... لە لای حەڵەب کردوتە وەقفی وگەرماوی بە خێری خوێی سازداوە - خوتەتی شام محەمەد کورد عەلی، فێرگەی - ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٢ چاپی ٥ پەرەی ٤١ بێروت ١٩٨٤ ز -

٤٢ - ست الشام کچی ئەییوب و خوشکی مەلیک عادل ئەییوبی، ژنێ خێرخواز بووە کە فێرگەی لە دیمەشق سازداوە و لە ٦١٦ ی مانگی وەفاتی کردوە و لە فێرگەی شامیە لە دیمەشق نێژراوە - شەروراتی - زەهەب، کوری عیماد - وەفەیاتی کوڕی خەلەکان، کتێبی رەوزەتەین لە ئەخباری دەوڵەتەین للمقدسی - نجومی زاهیری کوری تەغری بەردی - ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ٢ چاپی ٥ پەرەی ١٥٥ بێروت ١٩٨٤ ز -

٤٣ - سەلماکچی محەمەدبن محەمەد بن جەزەری (امّ الخير) ژنێ زانا، شاعیر، قاری قورئانێ پرهونەر و دەنگ خوش وخەت خوش و قورئانی بە دە قیرائەتەوە لە بەر بووەو شیعری جوانی بە کوردی و فارسی و عەرەبی داناوە - تە بە قاتی قوڕای جەزەری - ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حاکە ج ٢ چاپی ٥ پەرەی ٢٥٤ بێروت ١٩٨٤ ز -

٤٤ - سەفیە کچی مەلیک عادل ئەییوبی لە قەڵای حەڵەب لە ٥٨١ یا ٥٨٢ مانگی لە دایک بووە و فێرگەی فیردەوس و کاروانسەرا و خانەقای بەخێری خوێی لە حەڵەب ساز داوە و مەوقوفەیێ باشیشی بۆداناوەو لە ١١ ج ١ لە حەڵەب لە ٦٤٠ وەفاتی کردوە - تاریخی ئەبوفیدا - خوتەتی شام محەمەد کورد عەلی - وافی بیلوەفەیات - ئەعلامی نیسای

Dr.Saleh Ebrahimi



عومەر، رەزاکە حالە ج ۲ پەرەی ۳۳۹ و ۳۴۰ چاپی ۵ بێروت ۱۹۸۴ ز ـ

۴۵ ـ جووەیرە کچی هەکاری، ژنێ زانا بە فەرمودە و لە ۷۱۲ ی مانگی وەفاتی کردوە ـ دورەری کامینەکوری حەجەر ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ۱ پەرە ۲۲۸ چاپی ۵ بیروت ۱۹۸۴ ز ـ

۴۶ ـ سیتە خانم کچی ئەییوب بن شادی، ژنێ خێرخواز بووە و لە ساڵی ۵۷۴ ی مانگی لە حەڵەب بە خێر نە خۆشخانە یەکی تەواوی سازداوە ـ خوتەتی شام محەمەد کورد عەلی پەرەی ۱۵۷ و ج ۳ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە چاپی ۵ بێروت ۱۹۸۴ ز ـ

۴۷ ـ سەییدە خاتون کچی رەحیم بن ئەبو نەجیب سورەوەردی، زانا بە حەدیس و فەرمودە ـ ئیستیدراک لە سەر، ریوایەتی فەرمودە ـ کوری نوقتە، موشتە بەهی مەزهەبی ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزاکە حالە ج ۲ چاپی ۵ پەرەی ۱۷۵ بێروت ۱۹۸۴ ز ـ

۴۸ ـ فاتمە کچی ئەحمەد کوردی، ژنێ ژیروبیروردو رامیارو قسەزان و بەوزە و پردەسەڵات بووە، لە ۱۵۸ ی مانگی یارمەتی تەغلەبی کوری خۆیدا و عەلی ناسردەولەی بۆیخدا و قوڵ بەستی کرد، ـ تاریخی کاملی کوری ئەسیر ـ ئەعلامی نیسای عومەر، رەزا کە حالە ج ۳ چاپی ۵ پەرەی ۳۰ بێرۆت ۱۹۸۴ ز ـ

**چۆن بژی مەرج و شەرتە، نەک چەندە بژی (پوشکین).**

**کەسێ نەتوانێ یارمەتی خوێ بدا، هیچکەس ناتوانێ یارمەتی بدا! (گاندی).**

**بەخشەرو بەخشەندە، ئەوکەسەیە، کە ئەگەر بەڵێنیدا، جیێ بە جیێ بکاو ئەگەر، دە سەڵاتی هەبو، لێبوردە بێ.**

**پاراستنی حەق و مافی مرۆ، باشترین و بەرزترینی مرۆڤانیو رەسم و قانونو یاسا، یە.**

Dr.Saleh Ebrahimi



# عارف و خواناسانی کورد
## بەشی ٦

١ ـ (ئەبو نجیب عبدالقادر) سوهرەوەردی بن عەبدوڵلا خـوانـاسی نـاودار) کـە لە ٤٩٠ ی مانگی لە سوهرەوەردی لای بیجار لەدایک بووە و لە بە غدالای (عـلی ابـن نهانی و اسعد کوری مهنا) خوێندویەتی و تـەکـیەی لای رۆژاوای دەجـلە بۆ دروست کراوەو لە ٥٤٥ = ١١٥٠ ی ز ـ بوتە فێرکاری فێبرگەی نیزامیەو چەن کتێبی بە نرخی داناوەو لە ٥٦٣ = ١١٦٧ ـ ز ـ وەفاتی کردوەو لە کە نار چۆم لە نێو فێرگەی خوێـدا نێژراوە. پەرەی ٨٣٠ فەرهەنگی فارسی ئەعلامی دوکتور موعین چاپی ١٣٦٢ ئەمیر کەبیر، تاران ـ وە ئەبو حەفس عومەر برازای ئەم ئەبو نەجیبە کە لەبن ژمارەی ٨ی تەفسیر نوسان لەم ریسالەدا باسمان کردوە، مورشیدی سەعدی شیرازی و مەمشادی دینەوەری و ئەحمەد ئەسوەد دینەوەری و .... خەڵیفە و مریدی بوون.

٢ ـ شیخ ئەبو تاهیر ئەحمەد ـ ی کوردی کە کتێب دەڵێ خـدری زیـندەی دیـوە و کەشف و کەراماتی بووە و (شیخ الاسلام) ئەحمەد جام مریدی بووە و یە کێ لەخواناسان دەڵێ: پەندێکم بدە، ئەویش دەفەرمێ: «هەرگیز بەڵێن مەشکێنە، بە تایبەت ئەو بەڵێنەی بە دۆستان بەڵێنت داوە، رازی ئەم و ئەو دەرمەخە، هەروا بـە هـەوا و هـەوەس سـتایشی خەڵک مەکە و بەغەرەزەوە بەدوی عەیبی مەردوما مەرۆ، کاتێ هەنگاوت بە سودی کەسێ هەڵگرت، مینەتی لەسەر دامەنێ، کاتێ چاکە و پـیاوەتیت لە یـەکێکـەوە، دی، بەرمنەتی بەو مافی لەدەس مەدە، تا رۆژ بۆ رۆژ بەرەو بەرزی سەرکەوی» ـ دانشـوران ناصری چاپی دوەم جوزوی ٥ چاپی موئەسەسەی مەتبوعاتی دارولفکر پەرەی ٣٦١ تا ٢٦٣ و نەفەحات جامی پـەرەی ٣٦٦ و لوغـتنامەی دیـهخودا پـەرەی ٥٦٢ چـاپی ١٣٢٥ هەتاوی و کتێبی زانایانی کورد دوکتور: محمد صالح ابراهـیمی شـەپۆل) ج ٤ پەرەی ٢٥٥ تا ٢٥٨ کە ئامادەی چاپە (شیخ الاسلام) ئەحمەد جامی یە کێ لە خواناسان

Dr.Saleh Ebrahimi



و زانایانی ناوداره، که له ٥٣٦ی مانگی وه‌فاتی کردوه.

٣- (تاج‌الدین اشنوی) که له سه‌ده‌ی ٦ و ٧ی مانگی ژیاوه که‌له کتێبه ئیسلامی یه‌کاندا به تاجه‌دین مه‌حمود بن خواداد (شنۆیی) و ئوشنه‌وی (شیخ شیوخ الاسلام، سلطان المحققین، ملک الحکماء و الواعظین، قدوة المحققین و سلطان المتکلمین تاج الملت والدین) ناوی پیرۆزی براوه و صه‌دری کوری ئه‌وزاته‌یش یه‌کێ له‌زانایان و خواناسانی ناوداره - غایة الامکان فی درایة الزمان و المکان تاجه‌دین شنۆیی، سه‌ره‌تای تاریخی گوزیده‌و (تحفةالعرفان و تذکرهٔ شعرا و مجموعه آثار فارسی تاج‌الدین اشنوی قرن ٦ و ٧ - به (مقدمه و تصحیح و تعلیق نجیب مایل هروی چاپ) ١٣٦٨ ی هه‌تاوی تاران.

٤ - [تاج‌العارفین] ئه‌بولوه‌فای کورد محه‌مه‌د بن زه‌ید له‌هۆزی نه‌رگس - ی کورده و به کاکێش ناو براوه [چون ئوگری کاری کشت و کاڵ] و یه‌کێ له ئه‌ولیا و خوا ناسه گه‌وره‌کان بووه و زۆرێ له خواناسان و ئه‌ولیا، لای ئه‌م زاته پێگه‌یبون و چه‌ن خه‌لیفه‌ی وه‌ک شێخ عه‌لی هیتی، شێخ به‌قا بن بتو، شیخ ئه‌وره‌حمان ته‌فسونچی، شێخ مه‌ته‌ر بارزانی، شێخ ئه‌حمه‌د به‌قلی و شیخ ماجد کوردی هه‌بووه (ماجد کوردی له ج ١ ساڵی ٥٦٤ی مانگی وه‌فاتی کردوه) - ئه‌م زاته، ئه‌و ماجده کوردۀ، نیه‌که‌له ١٨٧٥ = ١٩٣١ ز - ژیاوه و وه‌فاتی کردوه‌و له مه‌که‌نیشته جیێ بووه که عیلمی بلاّوکردوّته‌وه و کاری چاپ و بلاّو کردنه وه‌ی کتێب بووه، له حیجازداو نوێنه‌ری مه‌جلیس و سه‌رپه‌رستی وه‌زاره‌تی فه‌رهه‌نگ و ئه‌وقافی مه‌که بووه - ئه‌علامی زه‌ره‌کلی ج ٧ په‌ره‌ی ١٦ چاپی ٦ بیّروت ١٩٨٤ ز - جه‌ریده‌ی حه‌رم عه‌دده‌دی ١١ سالی یه‌که‌م. - له‌کتێبدا نووسراوه: [... پێغه‌مبه‌ر (د - خ) له‌خه‌وا پێی فه‌رمووه: له قیامه‌ت شانازیست پێی ده‌که‌م]، شێخ عه‌بدولقادر گه‌یلانی له بابه‌ت ئه‌وزاته وه، فه‌رمویه‌تی: «له ده‌رگانه‌ی خوا مێرێ وه‌ک ئه‌ونیه.» و ئه‌بولوه‌فایش فه‌رمویه‌تی [التسلیم: ارسال النفس فی میادین الاحکام و ترک الشفقة علیها من الطوارق] و حه‌کیم سه‌نایی به‌فارسی له په‌سه‌ندی ئه‌وزاته ده‌ڵێ:

Dr.Saleh Ebrahimi



[قرنها باید کـه تـا از پشت آدم نـطفەای     بوالوفای (کُرد)گردد یا شود (ویس) قرن
عمرها باید که تا یک کودکی از روی طبع     عالمی گردد نکو یا شاعر شیرین سخن]

وە ئەبو عەبدوللا شەمسەدین محەمەد کوری عێزەدین عادل یوسف بەزازینی تەورێزی ناودار بە شێخی مەغریبی و ناسراو بە مەلا محەمەد شیرین، کەلە زانا و خواناسە گەورەکانی کوردە و لە ۷۰۹ ی مانگی لە دایک بووە و لە ۷٦۹ لە ٦۰ ساڵیدا وەفاتی کردو، بە شیعر لە پەسەندی ئەبولوەفای کوردا فەرمویەتی:

[این (کرد) پریچهره ندانم که چه کردەاست     کز جملۀ خوبان جهان گویی ببردست
موسی کلیم است کە دارد یـد بیضا     عیسی است کزو زنده شود هر که بمردست]

دەڵێن: یەکەم کەس کە فەرمویەتی: [اَمْسَیْتُ کُردیاً و اَصْبَحْتُ عربیّاً] ئەبولوەفای کورد، بووە. ـ (تاج العارفین) ئەبولوەفای کورد، لە مانگی رەبیعی ئەوەڵ لە ١٦ی رەجەب لە ساڵی ۴۱۷ لە دایک بووەو لە ۵۰۱ ی مانگی دوای ژیانێ پروتەژی لە خێر و بەرەکەت وەفاتی کردوە. هەندێ و تویانە لە ئاوایی پوشین ناحیەی بەرزنجە و ئاوایی قەڵەمینیا ـ ی سەربە بەغا نیشتە جێی بووە ولە سەتەی ٦ ی مانگی ژیاوە و زانایانی کاژاویان دەچنەوەسەر ئەوزاتە. ـ قلائدا الجواهر محمد بن یحیی حنبلی پەرەی ۸۰ و ۸۱ و بهجةالاسرار شطّنوفی پەرەی ۱۴۳ ـ نەقڵ لە کتێبی (شرح احوال و آثار دوبیتیهای باباطاهر عوریان چاپ دوّم سلسله انتشارات آثار ملی ۱۱۳ بکوشش دکتر جواد مقصود) پەرەی ۵۰ چاپی ۱۳۵۴ ی هەتاوی تاران، (تاریخ المعتبر فی انباء من العبر قاضی القضات مجیرالدین علمی مقدسی حنبلی) بەنە قڵ لە (علماءنا) ئیمام شافعی رۆژگار مامۆستا، مەلا عەبدولکەریم مودەریس و تەرجەمەی زانای خوالێخوشبو ئەحمەد حەواری نەسەب پەرەی ۳۳۸ تا ۳۳۷ چاپی ۱۳٦۹ روزنامەی ئیتیلاعات ـ تاران و دیوانی حەکیم سەنایی چاپی مەروی پەرەی ۴۸٦ و زریزەی زێرین، دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) چاپی ۱۹۹۹. ز. چاپەمەنی ئاراس هەولێر و دیوانی

Dr.Saleh Ebrahimi



شه‌مسی مه‌غریبی که ته‌ژی یه له شیعر کوردی، به زاراوه‌ی په‌هله‌وی، په‌ره‌ی ۳ و ۱۰۷ و ۱۰۸ چاپی ۱۳۵۸ و ج ۴ زانایانی کورد په‌ره‌ی ۳۱۴ و ۳۱۵ (شه‌پۆل) که به کامپیوتێر پیت چینی کراوه و ئاماده‌ی چاپه، وه ته‌حلیلێ له ئاساری حه‌کیم مه‌و له‌وی کورد، په‌ره‌ی ۵ تا ۶۳ (شه‌پۆل) مه‌جموعه مه‌قالاتی (کۆنگره‌ی بزرگداشت مولوی کُرد) چاپی ۱۳۷۱/۶ سقز.

۵ ـ فیروز شا، کوردی سه‌نجاری با وی با پیره‌ی حه‌وته‌می شیخ صه‌فیه‌دین سه‌فه‌وی که کورد بوگه و سوننی و له سه‌ده‌ی ۵ی مانگی ده‌وره‌ی پاشایانی سه‌لجوقی، ژیاوه، شێخی سه‌ر به‌رماڵ و زاف به‌وزه و پرهێز و دارا و ده‌وڵه مه‌ندبووه و شێخ صه‌فی به **زاراوه‌ی کرمانجی کوردی قسه‌ی ده‌کرد و چورینه کانی باشترین شایه‌ده له سه‌رکورد بونی صه‌فه‌ویان و شاهانی ئه‌و خانه‌دانه،** شیخ صه‌فه‌یه‌دین ئیسحاق بن شیخ ئه‌مینه‌دین جبرائیل بن صالح، بن قوتبه‌دین ئه‌حمه‌د بن صه‌لاحه‌دین ره‌شید بن محه‌مه‌د حافز بن پیروز یا فیروزشا، زه‌رین کلاو سنجاری (شه‌نگاری) بن محه‌مه‌د بن شه‌ره‌فشاو ... له **کوردانی** ئه‌و ده‌وره‌ره‌یه‌و له روی شێخایه‌تی وسۆفی گه‌ری‌یه‌وه پله‌ی دین و دنیایان به چنگهێناوه ـ کتێبی شیخ صه‌فی و ته‌باره‌ش ئه‌حمه‌دکیسره‌وی په‌ره‌ی ۴۸ چاپی **۲۵۳۵** شاهه‌نشایی و (۱۳۵۵) ی هه‌تاوی که ده‌ڵێ: فیروزشا و باب و باپیرانی صه‌فه‌وی و شاهانی صه‌فه‌وی کوردن و له کوردانی سنجاری کوردستان و سوننی مه‌زهه‌بن ـ (حرکت تاریخی کُرد به خراسان ج ۲ کلیم‌الله توحدی) چاپی ۱۳۶۴ که له په‌ره‌ی ۳۷ دا نوسیویه‌تی **شاعه‌بباس به‌زمانی کوردی له‌گه‌ڵ یه‌خسیریکی کورد،** قسه‌ی کردوه‌و رای‌سپاردوه بچێته خزمه‌ت ئه‌میر شه‌ره‌فخانی کورد و پێی و تووه (سوی‌زاده: بوزورگ‌زاده، شه‌ریف‌زاده، ئه‌صیل‌زاده، پیاوه‌تی و محه‌به‌ت فراموش ناکا.) کتێبی‌ده نه‌فه‌ر قزلّباش ج ۲ په‌ره‌ی ۹۹ (حسین سرور) و (صفوة‌الصفا تألیف درویش توکلی) ناودار به (ابن بزاز اردبیلی) له مریدانی شیخ صه‌دره‌دین، بن شیخ صه‌فی‌یه‌دین صه‌فه‌وی چاپی ۱۳۲۸ی مانگی

Dr.Saleh Ebrahimi



به‌مبه‌ئی و ده‌سخه‌تی کۆنه، به نه‌قل له لۆغتنامه‌ی دیهخودا، په‌ره‌ی ٢٥٦ و ٢٦٢ و رۆژنامه‌ی سه‌حه‌ر ژماره‌ی ٢٥٧ ستێرده‌ی گولانی ١٣٤٠ ی هه‌تاوی به قه‌له‌می مووه‌ریخ و موحه‌قیقی ناودار (محیط طباطبایی) که خانه‌دانی صه‌فه‌وی هه‌موی به **کورد و سوننی مه‌زهه‌ب** داناون و مه‌شاهیری کورد بابا مه‌ردوخ رۆحانی شیواج ١ په‌ره‌ی ٣٠ و ٣١ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران. و مه‌راوی په‌ره‌ی ٤٩ و التصوف والتشیع په‌ره‌ی ٣٧٤ و حمدالله مستوفی ده‌نوسێ: ئه‌رده‌وێل له ئیقلیمی چواره‌مه‌و زۆر به‌ی خه‌لکه که‌ی شافعین و مریدی شیخ صه‌فیه‌دینن و فیرۆزشای کورد له سنجاری کوردستانه وه که‌له ١٢٠ کیلۆمیتری موسڵدایه هاتوته ئه‌رده‌وێل، نه‌زهه‌تولقولوب په‌ره‌ی ٩٢ وصفوة الصفا ابن بزاز نوسخه‌ی خه‌تی کتێبخانه‌ی مه‌لیک له تاران ژماره‌ی ٣٨٩٤، دین و مه‌زهه‌ب له عه‌سری صه‌فه‌وی په‌ره‌ی ٤١.

٦ ـ خواناسی ناودار شیخ عه‌ماری یاسر و مریدی شیخ ئه‌بو نه‌جیب سوهره‌وه‌ردی (که له ٥٦٣ وه‌فاتی کردوه) و پیری ده‌ستگیری شیخ نه‌جمه‌دین کوبری (که له ٦١٨ وه‌فاتی کردوه) و شێخی سه‌ر به‌رماڵ و پڕ عیلم، و له زاناگه وره‌کان و به ته‌قوا بووه و له کوردانی بدلیسه که له ساڵی ٥٨٢ی مانگی و ١١٨٦ ی ز ـ وه‌فاتی کردوه و یه‌کێ له مه‌نسوبانی ئه‌م پیره ده‌ستگیره، عارف و زانای پڕ عیلم حسامه‌دین عه‌لی بدلیسی خێوی ته‌فسیری (جامع التنزیل و التأویل) بووه که‌له ٩٠٠ی مانگی وه‌فاتی کردوه ـ (نفحات‌الانس) په‌ره‌ی ٤١٧ و ٣١٣ چاپی ١٣٣٧ تاران و مه‌شاهیری کورد بابا مه‌ردوخ رۆحانی شیواج ١ په‌ره‌ی ٥٢ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٧ ـ شیخ یوسف گۆرانی بن عه‌بدوللا بن عومه‌ربن عه‌لی بن خزر ناودار به عه‌جه‌می که شێخی شه‌عرانی له ته‌به‌قاتی خۆیدا له بابه‌ت شیخ یوسف گۆرانی یه‌وه ده‌ڵێ «هُوَ اوَّلُ مَنْ احییٰ طریقة الشیخ جُنَید رضی‌الله عنه بمصر بعدَ انْدِراسها و کان ذا طـریقَةٍ عَـجیبَةٍ فی‌الانقطاعِ و التسلیک و له تلامذةٌ کثیرةٌ و عدةُ زوایا ....» و له وڵاتی میسر نیشته‌جیی

Dr.Saleh Ebrahimi



بووه و چەندین تەکیه و زاویەی بۆمریدانی ئامادەکردوەو دەسی کردوە بە فێرکردن و بارهێنان و ڕێنومایی زانینخوازان و خەڵک و کتێبێکی لەبابەت مەرجی تۆبە و خەرقەپۆشی بەناوی (ریحانة القلوب فی التَّوصُّلِ الی المحبوب) دانـاوە و له ٧٦٨ی مانگی وەفاتی کردوە و له (قرافةالصغری) نێژراوە. (طبقات کبری ج ٢ مصر) پەرەی ٦٦ و (کشف‌الظنون) ج ١ پەرەی ٩٣٩ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی شیوا ج ١ پەرەی ١٠٧ و ١٠٨ چاپی ١٣٦۴ سروش تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



# بەشی ٧

☐ **سابیئین یا حه‌ڕانیان: «هارانیان» هۆزە کوردیبون لە لای سەروی نێودوروان** (بین‌النهرین) لای بەشی رۆژاوای (هەرێمی کوردنشین): کوردستان، دەژیان، سابیئین لە نەقل کردنی عیلم و زانین زۆریان یارمەتی بە ئیسلامدا، سائبیئین بە ئەستێرە پەرست ناسراون و زانایانی گەورەیان لە نێودا هەلکەوتوە، کە بە زانایانی تاریخی عیلم لە دەورەی ئیسلام دا، دێنە ئەژمار، ناودارترینیان (سابت بن قوره و ئەبوعەبدوللا محەمەد بەتانی)یە. کە (کپرنیک و کپلر) ئەم دوزاناگەورە، زۆرجار لەو دوفرەزانایانەی سابیئین یان نەقل کردوە و قسەی ئەو دوانەیان بە سەنەد و بە لگەزانیوە و ئەمەیش بۆفرە زانایی ئەوانە بەسە (دیویەلیندبرگ)، سەرەتای زانین و عیلم لە رۆژاوا، تەرجەمەی فەرەیدونی بە درەیی کورد، ١٣٧٧، عیلمی و فەرهەنگی، وەرۆژنامەی هاوشاری پەرەی ٦ چوارشەمە ١٧ ی گولانی ١٣٨٢ و ٧ مە ٢٠٠٣ -ز-و ٢٧٠٣ ی کوردی ژمارەی ٣٠٤٢.

سابت بن قوره خەلکی هاران بووە و چەندین ئاسەواری لە زانستی ئەستێرەناسی، تیب و فەلسەفە داناوە و زیاتر لە بابەت حەرەکەتی نوختەی ئەوجی گۆیی رۆژ، ئەندازەگیری تەقویمی ئیعتیدالەین، ساعەت و دەم ژمێرەکانی گۆیی رۆژ، بیرو را دەربرین لە بابەت عەدەدو ئەژمارەوە، دەکولیەوە و سێ زمانی دەزانی و ئاسەواری ئەرشمیدوسی دەکردە عەرەبی و لە بەغا بووە ئەستێرەناسی خەلیفەی عەبباسی. سابت بە یەکەمین ریازی زانی گەورەی خولی ئیسلامی ناسراوە. (ئەبولقاسم) قوربانی، ژیناوەری عیلمی ریازی زانان ١٣٧٥ نەشری زانکۆی تاران. - یەکێ دیکە لە زانایانی سابیئین ئەبو **عەبدوللا محەمەد بەتانی** یە، کە ئەمیش خەلکی هارانە و زیجی سابیئی نوسی کە ئەوجی نجومی رە سەدی لە ئیسلامانیشان دەدا، ئەو زانایە راستە و پاستەیەکی لە سەر کتێبەکانی بتلمیوس نوسی، بۆراست کردنەوەی راستی و دروستیێ یەکان، کە زۆر گرینگە (ئەحمەد بیرەشک، ژیناوەری عیلمی زانایان ١٣٧٢ عیلمی فەرهەنگی) - هەوا رەوشتی ریازی

Dr.Saleh Ebrahimi



تازەی هێنانێو موحاسەبات کە لە دوا رۆژدا (کپرنیک و کپلر) کەڵکیان لێوەرگرت (کالین رنان، تاریخی عیلم کمبریج، تەرجەمەی حەسەن ئەفشار ١٣٦٦ مەرکەز). خوێندنەوەی ئەو زانایە، لە بابەت کوسوف (رۆژگیران) و خوسوف (مانگ گیران)ە وە، تا سەدەی هەژدە، لە ئوروپادا کەڵکی لێوەر گیردراوە وجێی دڵنیایی بووە، بەتانی بە یەکەمین ئەستێرەناسی گەورەی خولی ئیسلامی ناسراوە، ئەو کارە زانستیە گرینگانەی (سابت بن قورە و بە تانی) کە لە موحاسبەی ئەوانا تێکۆشیون، تەقالادان بووە، بۆ دیاری کردنی ئەندازەی مەداری سەیارەکانی جیاجیای گۆیی ئاسمان، بە تایبەت لە سەر مەداری گۆیی مانگ «هەیف» فرەکۆشاون. کپلر بە دوای ئەمەدا چو و هەروا بە سەرنجدان بە مریخ، ئەوکارەی گەیاندە نەتیژە. ئەبوریحان لە ئاسارولباقیەدا، وانیشانمان دەداکە سابیئین لەو رەگژی یەن کە لە سەردینی میترائیسم یا ئایینی میهر، بوون، کە ئایینی میهر هی ئێرانیە کۆنەکانە، بە ماد و ئەوانی دیکەوە، کەلە سەرتاسەری ئیمپەراتوری رۆم بلاوبۆوە و ئیمپەراتورانێ فرە ببونە میترایی. جادوای ئەوەی دینی مەسیح لە سەدەی چواری زاینی بە هۆی ئیمپەراتور (کۆنستانتین) و مردنی (ژولین) ئاخرین ئیمپەراتور، بووە باو، میهری مەزهەبیرۆم، میترائیسم کەم کەم چرای کوژاوە. ئەبوریحان ئەمە دەسەلمێنێ: «زەردەشتیان هەندێ لەوانە لە ئایینی خۆیاندا ناو دەبەن کە لە ئایینی میهرو پێشینانی حەرانیان (هارانیان) وەرگیردراوە. (ئەحمەد بیرەشکی ١٣٧٢ -) ئەبوریحان لە ئایینی میهر بە ناوی باوەری ئێرانیانی کۆنی بەرلە زەردەشت لە ژێرناوی مەجوسانی پێشینان، ناودەبا و دەڵێ بەرلە زەردەشت موغەماد هەبوون و ئەمرۆ ناتوانی یەکێ لەوانە پەیدا کەی، کە باوەری بە فەرمودەی زەردەشت نەبێ - ئەبوریحان بیرونی ئاسارولباقیە، تەرجەمەی داناسرشت ١٣٧٧ دیهخودا. - لە ئایینی میهردا) فرەسەرنج دراوەتە، ئەستێرەناسی ولە کیمیاگەری وهەروا ورد بونەوە لە دوانزە بورجی ئاسمانی، حەوت سەیارە و چوارعونسور لە زۆر بەی ئاسەواری باقی ماوەکانی میهرا بیەکاندا، دەکە وێتە

Dr.Saleh Ebrahimi



بەر چاو، لە بابەت بیرو باوەری سابیئین‌دا ئەبوریحان دەڵێ: «نەبیرەین‌و ئەستێرەکـان و گشت گۆی رۆژ، مانگ، سەیارە، و ئەو چوار عونسورەیان تەقدیس دەکرد: (بە پاک دەزانی) وەچەو نەوەو نەوەزاکانی سابیئین لە حەران نیشتەجێن (ئەبوریحان سەرچاوەی بەرو) ئەبوریحان هەروا دەڵێ: «بۆئەو ان پێغەمبەرانێ فرەهەیەکە زۆربەیان لە فەلاسیفەی یونانن، وەک فیساغورس باپیرەی ئەفلاتون و هیرمس (ئەبوریحان سەرچاوەی پەرو) مەسعودی لە مورووج زەهەب‌دا لە بابەت سابیئین ـ ەوە» دەڵێ «ئەفلاتون و فیساغورس لە پێشقەدەمانی تاقمی خۆیان، دەهێننە ژمار و ریـزێ فرەیان بۆگۆیی رۆژ و باقی گۆیـە، هەڵخولاوەکان داناوە. (مەسعودی مورووج زەهەب تەرجـەمەی ئـەبولقاسم پـایەندە / ١٣٧٤ عیلمی و فەرهەنگی. مـەسعودی هـەروا دەڵێ: لە سـەر درگـانەی ئـەنجومەنی سابیئین لە حەران بە چاوی خۆم دیتم کە قسە یەک لە ئەفلاتون، بە زمـانی سـورەیانی نووسرا بوو، کەوایان تەرجەمە کرد: **هەرکەس خوێی ناسی، گە یشتەخوا.** ـ (مـەسعودی سەرچاوەی بەرو). ئەم رستە بەکوردی بە مجۆرەیە «خۆت خۆت بناسە».

ئەوە قسەی سوقراتە، کە دەیداتە پاڵ کاهینی مەعبەدی دلف کە مەعبەدی ئاپۆلۆن یا رۆژ بووە و ئەفلاتون ئەم رستەی لەکتێبی ئەلکیبیاد، هێناوە. سابیئان هەروەکو میترائیان پێوەندی نێزیکیان لەگەڵ (حەوت ئاسنەواڵە و حەوت ئەستێرە، سـازداوە، بـە وتـەی مەسعودی لە مورووج زەهەبدا، ئەوانە لایان وابووە لە نێوان حەوت ئـەستێرەکـاندا لە لایەک و حەوت ئاسنە واڵەکان لە لایێ‌دیکەوە، پێوەندی هەیەو بە مجۆرە بە تایبەت پێوەندی ئەوانەیان نیشان دەدا (زێر بۆ رۆژ) و (زیو بۆ مانگ: هـەیف) و (قـەلایـی بۆ موشتەری) و (مس بۆ زوهـرە) و (ئـاسن بۆ مـریخ) : (کـوری نـەدیم). و (سـورب بۆ زوحەل)و (جیوە بۆ عوتارید) ـ (مەسعودی سەرچاوەی بەرو). بە قسەی کوری نـەدیم سابیئیان بە سەنەوی‌یەت باوەریان بووە و دنـیایان تێکلاوێ لە نێـرومێ زانـیوەو ئـەمە هەرئەو رەوشتەیەکە کیمیاگەران، بەکاریان دەبردە و گوگردیان بە نێرو جیوەیان بە مێ

Dr.Saleh Ebrahimi



ده‌زانی و لایان وابو، باقی مه‌وا ده‌کان له تیلکلاّو کردنی جیوه و گوگرد، به ده‌س دیّ، له بابه‌ت میعماری‌دا سابیئان بوّ سازدانی مه‌عابیدی حه‌وت سه‌یاره‌که، نوکته‌ییّ سه‌یری‌یان له‌به‌ر چاوگرتووه، مه‌سعودی له بابه‌ت شکلی هه‌نده‌سی ئه‌وانه‌وه ده‌لیّ: «مه‌عبه‌دی زوحه‌ل شه‌ش گوّشه، هی موشته‌ری سیّ گوّشه، هی مریخ چوارگوّشی دریژه، هی روّژ چوار گوّشه، هی‌عوتاریدسیّ گوّشه، هی زوهره سیّ گوّشه له نیّو چوار گوّشی دریژه و هی مانگ هه‌شت گوّشه (مه‌سعودی سه‌رچاوی به‌رو) به‌لاّم له (نحبةالدهر-)ی دیمه‌شقی ته‌رجه‌مه‌ی سه‌یید حه‌مید ته‌بیبان ١٣٥٧ ـ له فه‌رهه‌نگستانی (ئه‌ده‌ب) دا، و تراوه: (زوحه‌ل ٦ گوّشه ـ موشته‌ری موسه‌له‌سی، هیره‌می یه. ـ مریخ = موکه‌عه‌بی دریژه، روّژ = موکه‌عه‌بی ـ زوهره = هیره‌م له نیّو موکه‌عه‌بی دریژ ـ عوتارید = ٦ گوّش له نیوّ موکه‌عه‌ب ـ مانگ = ٥ گوّشه). ـ ئه‌م جوّره نیشان دانانه، ته‌قالای کپلر ده‌هیّنیته بیر، که له به کار بردنی چه‌ند روه کانی مونته‌زه‌می ئه‌فلاتونی له‌بیرو را ده‌ربرین که له‌بابه‌ت دنیا ناسییه که‌ی ئه‌و داهاتون و نیشان دراون، جا له هه‌رجیێی ویّنه‌ی شکل و بیچمی مونته‌زه‌می هه‌نده‌سی ده دوّزراوه، ده‌یان‌دا پاڵ سابیئین، هه‌روه‌ک ئه‌هرامی میسر که هیره‌می بوون یا مه‌عبه‌دی به‌علبه‌ک که موکه‌عه‌بی شکله، خاڵه هاو به‌شه کانی نیّوان سابیئین و باوانه کانی عیلمی تازه، ده‌توانریّ به مجوّره کوّبکریّنه‌وه: ورد بونه‌وه و ئوگر بوون به نجوم. ـ ورد بونه‌وه و ئوگربون به ریازی ـ هه‌بونی پیّشقه‌ده‌مانی هاوبه‌ش وه‌کو: فیساغورس و ئه‌فلاتون ـ ریّزدانان و ئوگر بونی عیرفانی بوّ روّژ ـ ورد بونه‌وه له بیچمی هه‌نده‌سی مونته‌زه‌م ـ سه‌رنجدان به کیمیاگه‌ری ـ ورد بونه‌وه له ئه‌ستیّره‌ناسی ـ سه‌رنجدانی راسته‌وخوّ یاناراسته‌و خوّ به ئایینی میهر، به له‌به‌ر چاو گرتنی ئه‌م خاڵه هاو به شانه و ریّزدانان و ئوگربونیّ که (کپلر و کپرنیک) سه‌باره‌ت به زانایانی سابیئی نیشایان داوه، له‌وه ده‌چیّ کپلرله جوّری‌میعماری سابیئی‌یان، ئاگادار بووه و میعماری ئه‌و مه‌عه‌به‌دانه بوّ کپلر بونه‌ته سه‌رمه‌شق، بوّ به کار گیّری چه‌ن روه‌مونته زه‌مه کان، له بیرورا ده‌ربرین له دنیاناسی خوّیدا

Dr.Saleh Ebrahimi



- دیارە تەقالای زانایانی سابیئی لە دیاری کردنی ئەندازەی مەداری گۆگەورەکان، بە تایبەت گۆی مانگ بە حەتمی[1] سەرمەشقێ دیکەبووە تاکپلێر بتوانێ بە پەیرەوی لەوان قانونەکەی بە دەس بینێ. ڕۆژنامەی هاو شاری پەرەی ٦ دوکتور کامران ئەحمەدی - چاپی پێنج شەمە ١٨ی گولانی ١٣٨٢ و ٨ مە ٢٠٠٣ و ٢٧٠٣ کوردی.

**مادەکان** لە سەدەکانی ۴ و ۵ ی زاینی دا فێرگەیلێ گەورە و جێی دڵنیاییان لە ڕوحا (ئیدیسا) و نەسیبەین و هەندێ لە شارەکانی دیکەی کوردەواری ئەو سەردەمەدا، سازدا (سەفا ، ١٢ - ١٣ ، ١٨ - ٢١) دیارە زانینگە و نەخۆشخانەی گوندی شاپور، بە ڕلە ئیسلام و دوای سەرهەڵدانی ئیسلامیش، فێرگەی زانینەکانی ڕۆژباو، بووە (دینەوەری ۴٦ - ۴٧ ، ئەبو فیدا، ١ / ٥٠ سەفا، ٢٢، ئیقبال ١٣٣، دانلپ، 219 ئەلگود تاریخی پزیشکی A6-77 Amedical ؛ قیفتی ١٣٣) - (بڕوانە هەد ئالی بەختیشوع، ئیرانیکا 17/207 )، ئالی نەوبەختی کورد، کاریان ئەوە بوو، ئاسەواری پەهلەوی: (کوردی مادیان، پارتیان) دەکردە عەرەبی. بەنوموسابن شاکر لە بنەماڵەی مادەکوردەو ناودار ولە زاناگەورەکان بوون، کە موتەرجیمانی گەورەی وەک حونەینی بن ئیسحاق وسابتی بن قورە (لە سابیئنی کورد)، بۆ ئەوان کاریان دەکرد و بەنو موسا خویشی چاوە دیری بە سەرەوە، دەکردن (کوری نەدیم ٢٦٦ - ٢٦٧، ٢٧١ - ٢٧٢ ، قیفتی ٢٠٨ ، ٢٨٦ - ٢٨٧) سەرەتایێ کە ئەحمەدبن موسا بن شاکر لەسەر دەقی عەرەبی مەخروتات ئاپۆلونیوس، نووسیویەتی شێوەی بەرزی ئەوانە لە تەرجەمەی ئاسەواری یۆنانی و هەڵەگیری ئەوە، بە جوانی نیشان دەدا (بە نوموسا ٦٢٩ - ٦٢١) - یەکێ دیکە لەو زانایانەی کە ئاسەواری زانینەکانی ڕیازی، ئەستێرەناسی و تیب (پزیشکی)یان لە پەهلەوی و سانسکریتی و سورەیانییان، کردوتە عەرەبی یا ڕافەیان کردوە، نەیریزی،

1. Frantz Cumont /1942/ Le coq blanc des mazdeen et Les phythagoriciens, C.R.A.I.

Dr.Saleh Ebrahimi



سه‌هل (ره‌به‌ن: رَبَنْ)، محه‌مه‌دبن ئیبراهیم فه‌زاری (یا ئیبراهیم بن حه‌بیب فه‌زاری و ...) یه‌، (کوری نه دیم ۲۴۴. ۲۶۸ ، ۲۷۳، ۲۷۹ ؛ بیرونی ئاسار ... ۱۴۲ . ئه‌لقانون ... ؛ ۷۷۹/۲ زوتیّـر، ریـازی زانـان ... Diemothematiker ـ کـاروتیّکـوشانه سـه‌رکه وتووه کانی **موهه‌ندیسی** (ئه‌ندازیاری و ده‌ریاگه‌ڕان و حسیّب کردنی مالّیات و ره سه‌د و زیجه کان که له‌و سه‌رده‌مانه‌دا ئه‌نجام دراوه، **نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه که کورده‌ماده کان زانا به‌و زانینانه بوون و** ئه‌وزانینانه له و روّژگاره‌دا بره‌ویان بووه، ـ ریازی زانانی کوردی مـاد، له سه‌ده‌ی **۴**ی‌به‌ر، له‌زاین، توانیویانه جه‌بر، حیساب، هه‌ندسه، موسه‌له‌سات و ناسیاوی به ژماره، ته‌ربیعی دایره، ته‌سلیسی زاویه، ته‌سبیع و ته‌تسیعی‌دایره (ره‌سمی ۷ زیلعی و ۹ زیلعی مونه‌زه‌م، که‌له‌م روّژگاره دا، موسولّمانان پییّ ناسیاون، له‌وانه‌وه، سـه‌ر چـاوه‌ی گرتووه ـ **واژه گه‌لیّ** وه‌ک زیج هیلاج، کویخا، گیان به‌ختان، جوزهیّر و هـه‌نده‌سه (له هندازک ـی، په‌هله‌وی ـ ئه‌ندازه، گیراون، بڕوانه مه‌که‌نزی AZ) له ریشه‌دا په‌هله‌وین ـ ده‌توانین له دوزیج به نیّوی زیجی‌شا (یا زیگ شه‌تر و ئه‌یار) نیّوبه‌ین کـه هـی خـولی (ئه‌نه‌و شیره‌وان و یه‌زدی گوردی، کوردی سیّوه‌م) ن ـ ره‌سه‌دی thepersian (عه‌لی بن سلیّمان، ک ۹۵ ، بـیرونی، ئـه‌لقانون ۱۴۷۳/۳ ـ ۱۴۷۴ و حـه‌مزه. ۱۹۷ ـ ۲۰۱ ، (کوری نه‌دیم ۲۴۰ ـ ۲۴۱).

سودسی فه‌خری و که‌ره‌سته‌ی ره سه‌دی کوڕی سینا. (که موته‌رجیمی قانون، زانای ناودار (عبدالرحمن شه‌ره‌فکندی: هه‌ژار ـ کوری سینا به کورد، ده‌زانیّ) به سـه‌رنج‌دان به‌وه که سالّ ۲۴۲۲ / ۳۶۵ روّژه، سه‌ری سالّی **نه‌و روّز** له جییّ راستی خوّیدا (ده‌سی پیّکی به‌هار) سابت نامیّنیّته‌وه. چون سالّیان به ۱۲ مانگ و هه‌رمانگیکیان بـه ۳۰ روّژ داده‌ناو ۵ روّژ به‌نیّوی په‌نجه‌ی تار، ده‌ماوه، بوّ جوبرانی ئه‌وکه‌م و کوری یـه‌ی ۳۶۵ روّژی سالّ، هاتن هه‌ر ۱۲۰ سالّیان، یه‌ک مانگیان، به که‌بیسه (یه‌ک سالّ یان بـه ۱۳ مانگ داده‌نا، مقریزی ۲۷۴/۱؛ مه‌سعودی، ته‌نبیه ۲۱۵ ، بیرونی ئاسار ۱۰ ـ ۱۱، ۴۲

Dr.Saleh Ebrahimi



، ۵۲، یانی هه‌رسالێکیان به ۳٦۵/۲۵ رۆژ (له که‌بیسه‌ی ۱۱٦ ساڵه به ئینرافه‌ی $\frac{۱}{۱۱٦}$ رۆژ) داده‌نا. ده‌س پێکی هه‌رساڵێکیش به تاج له سه‌ردانانی هه‌رشایێ به نه‌وروزی ئه‌و ساڵه‌داده‌نرا، به‌لاّم چون له به‌رچاو گرتن یا ژماردنی که‌بیسه به‌رله ئیسلام ته‌رک کرابوو، جێی نه‌و روز، ده‌گۆردرا، هه‌روه‌ک نه و روزی ئوّلی ساڵی تاج له‌سه‌ر دانانی یه‌زردی گوردی، کوردی سێوه‌م که ئاخرین کاو: (گاه) ژماری خه‌ڵکی بووه به رامبه‌ر، له‌گه‌ڵ ۱٦ ی، ژوئینی ٦۳۱ -ز - ۱۱ مانگی (یانی ۹۱ رۆژ دوای ده‌س پێکی به‌هار) بوو، که دوای هاتنی ئیسلامیش کـاو ژمـاری زه‌رده‌شـتی و ئـه‌ستیره نـاسه کـان، هـه‌روا بێ له به‌رچاوگرتنی که‌بیسه به کار ده‌برا وله حسێب و کتێبی مـاڵیـاتیشدا بـره‌و دار بـوو، تـاله رۆژگاری مه‌لیکشای سه‌لجوقی رۆژ ئه‌ژمێری جه‌لالی به‌راست‌ترین رۆژ ئه‌ژمێری دنیا، دانراو به کاربرا (ته‌به‌ری ۳۹/۱۰، بیرونی سه‌رچاوه‌ی به‌رو، ۱۰، ۳۱ - ۳۳، ٦۸، ئه‌م رۆژ ئه‌ژمێره که ئیمام ئه‌و ره‌حمانی خازینی کورد له گه‌ڵ حه کیم عومه‌رخه‌ییام کاریان له سه‌ر کردوه، له ۱۳۰۴ ی هه‌تاوی به که‌مێ گۆران له نێو خه‌ڵکی‌دا ناسراو له سه‌ر بنه‌ره‌تی **ئیعتیدالی به‌هاری ریک و پیک کراوه و ئیتر رۆژی تـازه بـونه‌وه‌ی نـه‌و روزی پـیروز** ناگۆردرێ. - نه‌و به‌خت (دح ۱٦۰ مانگی) فه‌زاری فیروزان بـاوکی یـه‌حیا بـن ئـه‌بی مه‌نسور (خه‌تیب ۳۱۸/۴، کوڕی خه‌له‌کان ۷۹/٦) یه که‌مین ئه‌ستێره ناسانی ده‌وره‌ی ئیسلامین، **نه‌و به‌خت یه که‌مین ئه‌ستێره‌ناسی ناوداری بوختی یه -(دیاره بوختی کورده‌و به‌درخیانیان کوردی بوختین.)** (هم) که کات و ساتێ باشی بۆ سازدانی شاری به‌غا (۱۴۵ ی مانگی و ۷٦۲ ی زاینی) له به‌رچاوگرت (ابن فقیه ۲۹۰، ۳۳۸، بیرونی سه‌رچاوه‌ی به‌رو ۲۷۰ - ۲۷۱، خه‌تیب ٦۷/۱، یه‌عقوبی ۲۳۸، ۲۴۱) ئه‌بو سه‌هل کوری نه‌و به‌خت‌و دو نه‌وه‌ی ئه‌و: حه‌سه‌ن وعـه‌بدوللاّ بـن سـه‌هل (بـرازاکـانی ئـه‌بوسه‌هل) یش ئه‌ستێره‌ناسی ده‌رباری عه‌بباسیان بوون، (کـوری نـه‌دیم)، ئـه‌بوسه‌هل و زۆربـه‌ی زانـا **گه‌وره‌کانی بوختی** (نه‌وبه‌خت)به موته‌رجیمانی کتێب -ی په‌هله‌وی یه کوردی یه کان

Dr.Saleh Ebrahimi



داده‌نێ که کردویانه‌ته عه‌ره‌بی (په‌ره‌ی ۲۴۴ ، ۲۷۴ ـ ۲۷۵ ابن ابی اصیبعه ۱/۱۵۲ ، قیفتی ۲۳۹ زوتێر (ریازی زانان) S,16 کۆبه‌ی 158-nachträge سارتێن (1/S21, S31) **فه‌زاری و یه‌عقوب بن تاریق، مادوکوردبون**، زوتێر (ریازی زانان) 3-4-70g ، سارتێن 1/S30) ته‌نانه‌ت یه‌که‌مین موسوڵمانێ بوون زیج‌یان له‌ روی ئاسه‌واری هێندی‌یه‌وه داناوه. دایرةالمعارف بزرگ اسلامی ج ۱۰ په‌ره‌ی ٦٦٥ چاپی ۱۳۸۰ تاران. ـ کتێبه خه‌تی یه‌کوردی یه‌کان ـ (له‌ هێرشی هولاکۆ سوتێزا، یا خرانه نێو ئاوی ده‌جله‌ و ئه‌و ئاوه زۆره‌ی ره‌ش هه‌ڵگێرا ـ شێخی سه‌عدی شیرازی به‌ عه‌ره‌بی شینی بۆ گێرا، به‌ڵام خاجه نه‌سیری توسی له‌سه‌ر ئه‌وه‌گرتی و دارکاری کرد، دوای ئازاد بون سه‌عدی هه‌ڵات و نه‌یوێرا بروات‌ه وه‌ (جوانرویی) جیێ باوانی، روی‌کرده‌ شیراز ـ (په‌ره‌ی ۲۹۰ قصص العلمای تنکابنی).

□ ئه‌ره‌ستو فه‌لسه‌فه‌ و حیکمه‌تی زانایانی ماد و ئێرانی کۆنی له‌ فه‌لسه‌فه‌ی میسریش به کۆنتر داناوه.

□ کوتزیاس له‌ زه‌رده‌شت به‌ نێوی که‌سێ ناو ده‌با که‌ له‌ ئه‌ستێره‌ ناسیدا ده‌سێ باڵای بووه، نویژه‌کان و دوعاکانی زه‌رده‌شت هه‌موی ـ که‌ به‌ گاسها ناودێرن ـ هه‌ر پارانه‌وه‌ له خوایه‌که: «ئاهوره‌ موزدای مه‌زن ! تۆ ماژه‌کانی مه‌زدیسنه‌ له‌ ئازاری دێوه‌کانی ده‌ورو به‌ره‌ی ده‌ریاچه‌ی وان بپارێزه» بێ‌گومان خزمه‌کانی ئه‌و به‌ تیره‌ی ماژ: ماد ناو براون. گاس که‌ به‌ مانای دوعایه‌و دوعاش یانی بانگ لێکردن، ئێستاش له‌ نێو زۆرێ له‌کورداندا، گاس یاگازه، هه‌یه. بۆوێنه: گاسی فلانی بکه! گازم کردی گوێت لێ نه‌بو، عه‌ره‌ب (ژیێ) بۆنایێ کردویه‌ته‌ (زێ) و (ژیێ) «ماژ»ی کردوته‌ جیم «ماج» و «ماژیار»یان به‌ مازیار و (مازو) ـ یان به‌ «مازوج» خوێندوته‌وه. کێوی مازێ «ماژێ» و «سه‌رده‌شت» زه‌رده‌شت بووه‌ و (زێ) بۆته‌سین، چون ده‌شتێ له‌وێدا نییه، هه‌ر «ژێ» یه‌ و بۆته‌ (زێ)، زه‌رتوشت له ترسی دیوه‌کانی و ان سواری لۆکه‌زه‌رده‌که‌ی بووه، به‌ دوانزه‌ رۆژ له‌ «ورمێ» وه، خۆ

Dr.Saleh Ebrahimi



دەگەیێنێتە سەرئاوی «تیەتێ» کە دەرژێتە، چەمی کەلوێ و تیەتێ لەکێوەکانی «گەورکانی» سەرچاوە، دەگرێ و لەسەردەشت نێزیکە و لە لای سەردەشت گوندی «هورمزاوێ» و لەو دیوی سەردەشتیش، لە لای چوارتا «هەرمن» هەیە کە ئەهریمەن لەوێ ژیاوە. پەرەی ٢٧ و ٢٨ مێژوی ئەردەلان چاپی ١٣٨٠ی هەتاوی ـ تازەنگاه ـ لێکدانەوەو وەرگێرانی موحەقیق و شاعیری ناوداری کورد (عبدالرحمن شرفکندی: هەژار)

Kamran Ahmadi, 1987, Recherche surles religions les Achemenides, memoire de maitrise d'histoire, poitiers.

☐ هەراکلید فەقیێ ئەفلاتون نووسراوەگەلێ لە بابەت دنیا ناسی یەوە، دەداتەپال زەردەشت و موغەکان.

Joseph Bidez, 1945, Eos ou plator net orient, bruxelles.

☐ ئەدوکس کنیدی زاناو ریازی زانی ناودار، عیلمی موغەکان زور بەکون دادەنێ و زانستی ئەو موغانە لەگەل زەردەشت بەچەن هەزار سال بەرلە ئەفلاتون، دەزانێ.

☐ ئەرەستو، ئەفلاتون بە شوێن وەرگر لە موغان دادەنێ[1]

☐ فیساغورس‌یان بەموغێ بەناوی زەرداتس داناوە و جاربە جاریش بە فەقیێ زەردەشتیان زانیوە

Joseph Bidez, 1945, Eos ou plator net orient, bruxelles.

☐ یونانیەکان بەگشتی موغان‌یان بە یەکەمین کەسانێ ناو بردوەکە زانینی دنیا ناسی‌یان بەدی هێناوە

Joseph Bidez, 1945, Eos ou plator net orient, bruxelles.

☐ ئەدوکس کاتێ کە لەئایینی موغان، قسەدەکا، ئەوە بەناوی یەک فەلسەفە، دەگرێتە

1. Joseph Bidez, Frantz Cumont, 1938. Les mages hellenises, I-II, paris.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەرچاو، وە بە باشترین فەلسەفە، یادی دەکا،

Joseph Bidez, 1945, Eos ou plator net orient, bruxelles.

□ پولین موغان بە فێرکاری هونەری کەڵك وەرگرتن لە گژوگیا دەرمـانی دەداتـە ناسین.

Kamran Ahmadi, 1987, Recherche surles religions les Achemenides, memoire de maitrise d'histoire, poitiers.

□ ئیستانس موغی مەزن لە رۆژگاری هەخامەنشیان دەژیا، کە ناوبانگی تا یونانیش چبوو بە فەیلە سوفیێ گەورەی یونانی ناو دەبراو تا سەر هەڵدانی رێنسانس بەکیمیاگەرێ مەزن دەناسرا و لەساڵی ٤٠٨ لەکاتی لە شکرکێشی خەشایار شا بۆسەر یۆنان، لەگـەڵ ئەودا بوو.

□ لە شاری ئەبدەر ئیستانس میوانی بـاوکە دمکـریت فـەیلە سـوفی یۆیـانی بـووە، مەرجەعە، جیاجیاکانی دمکریت فەقیێ ئیستانس، موغان بووە.

Joseph Bidez, 1945, Eos ou plator net orient, bruxelles.

□ ئیستانس یەکێ لەکەوناراترینی مەرجەعی کیمیاگەری هاتۆتە ئەژمارو فەقیێ ئەو، یانی دمکریت یەکێ دیکە لەمەرجەعەکانی کیمیاگەران بووە

Kamran Ahmadi, 1987, Recherche surles religions les Achemenides, memoire de maitrise d'histoire, poitiers.

□ زۆربەی فەیلەسوفانی نـاوداری یۆنـان، کـەسانێ وەك دمکـریت، ئـەدوکس و هراکلیت لە مادستان و ئێرانی کۆن لە خولی هەخامەنش لە دایك بوون و ژیاون.

□ رۆژگارێ کە ئاکادیمی ئەفلاتون لە ئاتێن بە دەس ئیمپەراتوری ژوستێن داخـرا. پەنایان هێناوەتە ئێرانی کۆن و مادستانیان بە لانکەی عیلم و هونەرو زانین زانیوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



## فێرگه

لەم هەلە و مەرجەی ئێستا، دومەبەستی رەگەزی (نیژادی) و ئەسلافی پێوەندی‌دار بە بەر لە چوارده سەدەی ئەم‌کات و ساتەیە، ـوە ئەوی دیکەیش عونسوری فیکری و دینی و باوی کۆمەلآیەتی و فەرهەنگی پێوەندار بەم چوارده سەدەی دوای فەجری ئیسلامە، ئێمەی ئیرانیان بەپارس و کورده وە، لە بابەت رەگەزو رەگژی خۆرسکی و نیژادی بە هۆزەکانی ئارایی پیوه ندیمان هەیە و لەبار، بیرو باوەر، فەرهەنگ، باوگەل و نەهادی کۆمە لایەتی یەوە، بەگشتی، پێوەندمان بە دینی ئیسلامە وە هەیە، کەلە لایـەن نـیژادی ناثاریایی یەوە داهاتووە ـ واتای ناسیونالیسم بەم بیچمەی ئێستا لە دنیادا مێژو پێمان، دەلێ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەی زاینی لە ئەلمان پەیدا بووەو لە راست کە موکوری ئازادی راپەرین (ئینقیلابی کەبیر ـ)ی فەرانسە لە ئوروپا سەری هەلدا، هەرچەند ئەگەر بەوردی بروانینە مێژو، ئەوبیره لەلایەن حەکیم ئەحمەدخانی کورد لەسەدەی ١٧ و بەر راپەرینی فەرانسەویان و فیختەی ئەلمانی بەیدا داهاتووە (بروانه دیوانی مەموزین چاپی مەسکۆ ١٣٤٨ ش) راپەرینی فەرانسەویان لە راست بیری ئەشرافی کۆن بـو، کـە بـایەخیان بۆ ئاپۆرەی خەلک دانەدەنا، لەوسەردەمانەوە تیمی بنەرەتی قسەی قسەزانان و نوسەران‌و فەیلە سوفان بووە: (میللەت) و ئاپۆرەی خەلک ئازادی و بەرانبەری تـاکـە تـاکـی‌یان دەویست. فیختە فەیلە سوفی ئەلمانی یەکەم ئەلمانی بوو‌کە بۆیی دەرکەوت لەو ئازادی سازدراوەی سازدەرانی ئیعلامیەی حوقوق و مافی بەشەر ئەلمانی کەم بەش یا بـیبەشن، ئەوە بولە چوارده کونفەرانسا لە ئاکادیمی بیرلین، خـەلکـی رون کـردەوە و داسـتانی میللەتی ئەلمانی بە نێوی واحیدی کە نیژداد، زمان، فـەرهەنگ، بـاوی نێـو ئـەلمانیان، جوغرافیا و روشتی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە دارای (نبوغی‌زاتی) دوای ماوە یەک بووە تێزی ناسیۆنالیسم لە دنیادا و باوی پەیداکرد.

ئایەرەی کلاسیک، دیاره جیاوازی لە نـیوان، عـەرەب، فـارس، کـورد، تـورک،

Dr.Saleh Ebrahimi



ئوروپایی، ئەفریقای و ئاسیایی دا هەیە چ لە رەنگ، شکل و شەمایل، زمان و تایبەتی یا کاری فیزیکی ئاداب و روسوم، فەرهەنگ و تەنانەت لە بیر کردنەوە و تایبەتی یەکانی رۆحی و رەوانی و لەش و لار یشدا جیانی دەبیندرێ.

هەستی نەتەوەیی یا ناسیونالیسم: (نەتەوە ویستی) بریەتی یە لە وجودی هەستی هاوبەشبون یا ویژدان و شعوری جەمعی لە نێوان ژمارێ لە مرۆ،کە واحیدێ رامیاری یا نەتەوە بە دی دێنن. ئەوە خویێ دەبێتە هۆ بۆ لێک نیزیک بوون و پێوەندی سازدان لەگەڵ یەکتر یا باقی نەتەوەی دیکە.

کلاسیکی غەربی ئەمەیە (وتویانە:)کە ئەم ویژدانە جەمعیە، زادەی هەل و مەرجی ئاقاری رەگەزی: (نیژادی). زمانی، ئاداب و روسومی تاریخی و فەرهەنگی هاو بەشن.

زمان هۆیی نێزیکی تاکە لە یەکتر و رێبازێکە بۆ پێوەندی پتەوی دڵ و دەرون و عاتیفە و پێگەیشتنی شعوری جەمعی و کەرەستەی نەتەوەیی یە.

رەگەز،لێکۆڵینەوەی مێژویی و کۆمەڵناسان نیشانیان داوە کە هەمورەگەزو رەگژی هەر رەگەزێ لە بەرەی مرۆ ئەگەر هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و ئابوری، رامیاریو ئەخلاقی بۆدەس بدا دەتوانێ لە گشت تایبەتی مرۆڤانی کە لێک وەربگرێو بەتایبەتی یەکانی خۆیی دەبێتە هۆی پێکەوە لکانی ویژدانگەلی تاکە تاکی کۆڕو کۆمەڵ و نەتەوەو رەگەزی خۆیی.

**نەخشی روناکبیران.** ئەوەیە بەدەرد و مەرگی هۆزەکەی ناسیاو بێ و خۆیی بەها و دەردی ئەوان بزانێ و بەراستی بێ پێوەندی بە فیکری ناو بێگانە هۆی دەردو رنجی خەڵک ئاشکرا بکاو هۆیی ئازادی، بەختەوەری و سەربەرزی و تێگەیشتن و پێگە یشتنیان نشان بدا، دیارە روناک بیر، هەرچی دڵسوزتر و لێبورتر بێ شوێن دانانی بیرو باوەری ئەو لە نێو ئاپۆرەی خەڵکدا زیاتر و پەرە دارتر و بەکردەوەیش بە پەلەتر شوێنی خویێ دادەنێ و ویژدانی خەڵکەکەی زوتر بێدار دبێتەوەو یەکدەگرن و دەبنە پشتیوانی

Dr.Saleh Ebrahimi



یەکتر.

**سنور:** سنوری تاریخی، جغرافیایی، سیاسی، رەنگ و زمانی هاوبەش لە نیزیکی و لێک حاڵی بونی تاکە تاک و نەتەوە یەک بەعام شوێندانەر و **دامەزێنەری نەتەوەیە.**

دەردی هاو بەش ویژدانی کۆمەلگا و هەستی نەتەویی یا ناسیونالیسم: (نەتەویستی) لە نێوان کۆمەڵێ لە خەلک رۆژگارو زەمانێ بەدی دێ کە دەرد لە زوڵم و دەس درێژی و ویستی هاوبەش، لەو ئاپۆرەدا بەدیهاتبێ، ئەو ویستە هاو بەشەی ئەوان، کە ئامانجی هەمویان پێکەوە سازدەدا، جادوابە دوای ئەوەیە کە راپەین و بزاو (حەرەکەت) دەس پێ دەکا و توشی دەرد و رەنج دەێن و بەویژدانی ئەوان قەوام و دەوام دەداو پێوەندی روحی نیوانیان بە وێنەی یەکەمین نەتەوە، وە نەتەوە خواری بە دی دێنێ و جوان دەی گونجێ و دەی سەلمێنێ.

**کە رەستەی وەحدەت:** هەست کردن و لێبران بولابردنی دەرد و زوڵم و مارزو ویستی دادگەری و بە رامبەری و بەدی هێنانی ئازادی یە.

**فیختە فەیلە سوفی ئالمان** دەیویست ئەلمانیەکان لەبن دەس دەرد و رەنج و ئازارو رەخنەی رامیاری و ئابوری فەرانسەوی یەکان رزگار بکا.

**گاندی** دەیویست خەلکی هێندلە بن دەسالاتی نیزامی، رامیاری، فەرهەنگی و ئابوری ئینگلیس دەربێنێ.

ئیتالیایی، ویتنامی، ئەلجەزایری، فەلسینی و **مەلا مستەفا بارزانی رابەری کەبیری نەتەوەی کوردو نەمر،** وەکوردی عیراق، هەمو ویستویانە لەبن دەسەلاتی زاڵم و زۆردار و ملهور خۆ و ئاپۆرەی خاڵکی خۆیان رزگار و ئازاد بکەن.

ئاپۆرەی بەشخوراو یابێ بەش یا بەشدار وتەسەل یا ولاتاتی پیشەیی و پێگەیشتو یاولاتی دواکەوتوو ناپێگەیشتو، ئەم جیاکردانەو نەش لە بیرورای تیبور مەند: (دنیایێ لەنێوان ترس و هیوا) نوسەر و لێکۆلەری رۆژاواو غەربی هەلقولاوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



دیاره ئه‌م که‌ره‌سته بناغه‌یی وجه‌وهه‌ریانه: جاریٚ که بچیٚته نیٚو ئاپوٚره‌ییٚ، هه‌ست و ویژدانی هاوبه‌ش به‌دی‌دییٚ، روح و ژیٚرخانی نه‌ته‌وه‌یی ساز، ده‌بیٚ و ئه‌م ژیرخان و روٚحه نیازی به قالٚب و مه‌هبه‌تیٚکه، که هه‌ر ئه‌و سنوروکه وشه‌نه ئه‌بنوژه‌نی (مادی) و خوٚرسکی و قه‌رار دادی یه‌ک، خوٚی نه‌ته‌وه و نه‌ته‌وه خوازی سازده‌دا و پاراستن و که‌ره‌سته بناغه‌یی و جه و هه‌ری یه‌کان، خوٚی ده‌بیٚته هوٚ بوٚ پاراستن و راگرتنی قالٚبه‌که، له ده‌س تی‌وه‌ردان و ره‌خنه کردنی بیٚگانه و ناموٚ، که له جه‌وهه‌را له‌گه‌ڵ یه‌ک نه‌ته‌وه دژایه‌تی هه‌یه و ده‌رد و ره‌نج و ویسته کانی ئه‌و ناناسیٚ یا له‌گه‌ڵ ئه‌وا دژو دوژمنه.

## كردستان الشرقية (ايران) .. ترجمة تفسير القرآن الكريم بالكردية




لأول مرة في كردستان ايران قام البروفيسور - محمد صالح ابراهيمي (وهواستاذ جامعي) بتفسير القرآن الكريم باللغة الكردية كما راجع التفسير مجموعة من علماء كردستان وقد ساعدت وزارة الثقافة والارشاد الايرانية على طبع هذا التفسير.

ويعتبر عمل الدكتور ابراهيمي رافداً جديداً للغة الكردية التي لا تدرس في كردستان ومصدراً لأبناء كردستان المحرومين من المصادر والكتب الكردية إلاّ ما ندر.

27 نداء الحق چاپ لندن

بانگی هه‌ق - السنة الرابعة - العدد ١٤ _ ١٥

/ سبتمبر ١٩٩٥م ٢٧٠٤: (شه‌پوٚل) نوسه‌ر، روٚژنامه‌نوس، لیٚکوٚڵه‌ر، نوستادی زانکوٚی تاران، دامه‌زریٚنه‌ر و سه‌روٚکی ئه‌نجومه‌نی زمان و فه‌رهه‌نگ و هونه‌ری کورد و دامه‌زریٚنه‌رو کوٚنسه‌ی سه‌روکایه‌تی کوٚمکار (جامعه)ی کوردانی تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



# مەستورە خانم کوردستانی

کــــــوردستانیم و کــــــوردستانم خۆشـــــەوێ

لە خۆر هـــەڵات و خۆراوا هـــەر ئێـــرەم خـــوشەوێ

هـــــەرکەسێ بــــە نـــــازەنینێ دە نــــازێ

مــــن لە جــــیهانا کــــوردستانی نــازەنینم خۆشــەوێ

چــون زادەی کــوردەواریـم هـەرکوردستانم خۆش وێ

من کوردم و هەر کوردو کوردستانم خۆشەوێ (شـەپۆل)

**حەکیم مەولەوی کورد** (١٣٠٠ ـ ١٢٣٩) لە پەسنی مەستورەی کـوردستانیدا بـە شیعر فەرمویەتی.

خورشیدەکەی ناز ئەوجی بورجی سەور سـەر تـوغرای دەفـتەر مـەحبوبان دەور

هــاله یــانەکــەی بــورجی شــەرەفدا نــور ئــەفشانیشەن، وە هــەر تــەرەفدا

ئەحمەد بەگ کۆماسی (١٢٩٦ ـ ١٢١٥) لە پەسنی مەستورەی کوردستانیدا بـە شیعر فەرمویەتی:

مەستورە و فەردەش ویێەی گەو هەرەن نە موڵک عیفاف ئەو چون جەو هەرەن

مەستورەخانم شاعیر، ئەدیب و تاریخزان و تـاریخ نـوسی زانـاو نـابیغەی زەمـانە، دەنوسێ بەنی ئەردەلان لە رەگەزی ئەردەشێری بابەکانن و لەگەرانی زەمانەوە چوونەتە، شامو لەکاتی خیلافەتی ئیمام حوسێن کوری عەلی کوری ئەبو تالیب، بـە دەسـتوری ئیمام حەسەن، **بابا ئەردەلان،** بنیاتنەری زنجیرەی ئەردەلان، دەبێتە والی و حـاکـمی ئوستان (: ئەیالەت)ی کوردستان و **نیشانەش بۆ ئەوە، ئەنگوستیلە یەکی عەقیقە بە خەتی کوفی،** کە بەتەبەروک و مدفەرکی ئیمام حەسەن، بە بابە ئەردەلان ـ ی داوە و لەو ساوە، تا ئەمرۆ ئەم تاریخە: (١٢٦٢ مانگی) هەر ماوە و بۆ ودم هەلگیراوە. بروانئە تـاریخی ئەردەلان بە هەڵەگیری و خۆشکردنی ناصر ئازادپور، چاپی سالی ١٣٣٨ی هەتاوی.

Dr.Saleh Ebrahimi



خانمی ئەفگیناواسیلی ئافا، لێکۆڵەری روسی لای‌وایە مەستورەی کوردستانی لە ۱۸۰۵ ز ـ لە شاری سنە لە دایک بووەو لە باوکەوە لە بنە ماڵەی قادری و لە دایکەوە لە بنەماڵەی وەزیری یەکانی شاری سنەیە، کە هەردو بنەماڵە، بە ئازاو بوێرو جەنگاوەر، ناسراون. ـ **مەستورە خانمی کوردستانی** ۴۴ یا ۴۲ساڵ ژیاوە و ئەو هەمووە خزمەتە عیلمی، ویژاوەری ئەدەبی و مێژویی و خەت خۆشی و ئەو هەمووە، هورانەی لەو تەمەنە کورتەدا ئەنجام داوە.

مەستورەخانم هەم شاعیر، ئەدیب، مێژوزان و مێژونوس، هەم تەزکەرە نوس، هەم ئەقیدەو شەریعەت نوس بووە. دەتوانین بڵێین: لە رۆژ هەڵاتا، ژنێ وەکو مەستورەخانی کوردستانی سەری هەڵنەداوە. **مێژونوسینی مەستورە تەنیا تاریخی بووەکان نیە**. تاریخی ئەبێ بیێ و ئەشێ وابێ بەو تاریخی ئەوانەی، رویان نەداوەکانیشە، جا هەر لە بەرئەوەیشە، تاریخەکەی مەستوزە تەنیا تاریخ نیە، بەڵکو ئوستورەیشە، ناکرێ بە چاوێ سابت و یەک لایەنانە، بڕوانینە مێژوی مەستورە، لەوشوێنانەی، کەنەی توانیوە راستیەکان بنوسێ، بۆ خۆ پاراستن لە تەحریف یامەسخی تاریخ، لە تاریخ زیاتر چۆتەبان و قسەی لە ئوستورەی سیاسی کردوە.

نالی (۱۲۹۵ ـ ۱۲۱۵) بە توانج لەگەڵ مەستورەخانمی کوردستانی دواوە کە فەرمویەتی:

(مەستورە کە حەسناو ئەدەبیە بە حیسابێ

(هاتە خەوم ئەم شەو بەچ نازێک و عیتابێ

هاتوم، وتی: عوقدەم هەیە، قەت مومکینە، وابێ

هی‌تۆم، ئەگەرەم مەسئەلە، حەلکەی، بە جەوابێ)

و...؛ **حەزرەتی نالی** بەو هەمووە زانایی‌و هەستە ناسکەوە، کە تەو قەسیدەی فەرمووە، لەوە دەچێ، لە غەنیمێک گەراوە، کەخۆی لە راست ئەودا تاقی بکاتەوە و مەستورەی بەشێری ئەو مەیدانە داناوە، هەربۆیێ ئەو هەموو، فەساحەت و بەلاغەتەی

Dr.Saleh Ebrahimi



لەو هۆنەی خۆیدا لە بابەت مەستورەخانمی کوردستانی بە کار بردوە.

لێکۆڵەرو زانا کاک حەکیم مەلا صالح لای‌وایە مەستورەی کوردستانی بە زمانی کوردی شیعری نیەو غەزەلێ، کە حەزرەتی نالی لەوا بە توانجو تەشەر ناوی مەستورەی کوردستانی بردوە، لە بەر ئەوە بووە، بە کوردی شیعری نەوتووە، بەڵام نوسەر و لێکۆڵەری بەرێز کاک حەمەباقی لای‌وایە، توانجی نالی لە مەستورە، لە بەر دژی و دوژمنایەتی سیاسی نێوان ئەمیرانی بابان و ئەردەڵان بووە. چون نالی دەنگی بەرزو تەرزی ئەمیرانی بابان و مەستورەش شەرەف و ناموس و دەنگی زوڵاڵی ئەمیرانی ئەردەلان بووە. سالم سنەیی دۆستی نالیش، هێرشی کردوتە سەر حوکومەتی ئەردەڵان دیارە یەکێ دیکە لە شاعیرە گەورەکانی کورد، حەکیم مەولەوی کوردە، کە شاعیری سەر بە حوکومەتی ئەردەڵان بووە وئەو قسە دەکرێ کە نالی‌لە یەکێ لە غەزەلەکانیدا هۆنەیەکی هەیە، کە لەوا سوخورمەی لە حەکیم مەولەوی کورد، وەشاندوە کە دەڵێ:

شکاری وەحشیان بەس دەسەمۆکەن  نەوەک بەربێ شکاری خانەزاتان

لەوە دەچێ کە مەولەوی فرەلە ئەحمەد شای بابان نیزێک بوبێتەوەو نالی لەوە، دڵمەندبووە، یا نالی داویە بەگۆی بابانە کانداو مەبەستی مەستورە خانم بووە، نەک مەولەوی، چون کاتێ مەستورە لە ئاخری عومریدا، چوتە سلێمانی لە لایەن بابانەکانەوە پێشوازی لێکراوەو رێزی لێ‌گیراوەو نالی لەوە دڵمەند بووە، (بروانن و تاری کاک حەکیم مەلا صالح، ژیان‌نامە، خزمەتی عیلمی، مەستورە خانمی کوردستانی ئەنجومەنی ئاساری مەفاخری فەرهەنگی، چاپی ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی تاران). - عەللامە و پرزانا مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار لەبن واتای ئەو شیعرەدا (شکاری وەحشیان... فەرمویەتی: نەزانینی هۆی دانانی ئەم پارچە شیعرە، جێی داخە، لەم هۆنەدا، دیارە لە دەسەڵا تدارانی دۆستی، بەگلە بووە کە بێگانەیان بە سەریا، تەرجیح داوە و نالیش بەدڵشکاوی بەجێی هێشتون، بەڵام نالی دڵی

Dr.Saleh Ebrahimi



هەر لەلایان بووە و دڵی پڕبووە و تکای لێ کردون:

ئەوەند ئەرجو دەکا «نالی» کە جار جار بکەن یادی موحیبی، بێ ریا، تان

(بڕوانە دیوانی نالی ـ بەلێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی عەللامەی و پڕزانا مامۆستا مەلا کەریم مودەریس ئیمام شافعی ڕۆژگار، ئوفسێتی سالی ۱۳۶۴ هەتاوی بڵاوکی صەلاحەدین ئەییوبی، ورمێ.

## نوسخەی خەتی

۱ ـ نوسخەی خەتی بەنێوی مەستورە کوردستانی کە لە یەکێ لە کتێبخانەکانی گەورەی لەندەن بەخەتی میرزا عەلی ئەکبەر، روداوە نوس بە ناوی «بریتیش لایبریری» کە ئەوانە بە دوای شیعری مەستورەوە، وێڵن لەو نوسخەکەڵک وەردەگرن.

۲ ـ نوسخەیێ تریش بە ناوی تاریخی ئەکراد، هەیەکە ناوێ گشتیە بۆ شەرەفنامە، یا تاریخی خوسرەوکوڕی محەمەدخانی ئەردەلان و تاریخی ئەردەلانی مەستورەی کوردستانی و کتێبی خەتی مەستورە لەو کیتبخانە، بە ژمارەی OR ـ ۱۴۱۰۸ کە ۳۳۶ پەڕەیە، هەیە.

مەستورە ـ ۸ هەزار هۆنە و شیعری بووەو ۲۰۰ دانەی بە دستوری ئیبراهیم‌خان نیزام دەولە، میرزا عەلی ئەکبەر ـ ی، ئاموزای مەستورە، لیێ هەڵبژاردوە و بەداخەوە، ئامازەی بەشیعری کوردی مەستورە، نەکردوە. پەڕەی ۱۴۵ و ۱۴۶ ژیان‌نامە، خزمەتی عیلمی و فەرهەنگی مەستورەی کوردستانی چاپی ۱۳۸۵ تاران.

□ مەستورە خانم بێجگە لەو خزمەتە فەرهەنگیانەش، لەخەت خۆشی، نوسینی جوان، لەکاری کایانی، چێشت لێنان، خەیاتی، گوڵدۆزی، بەڕە و قاڵی چنین و نەخش و نیگارو... فرەکاراولەکارزان و دەس ڕەنگین بووە، لەوە دەچێ مەستورەخانم لە پڕزاناو قوتبولئەقتاب مەلا عەبباس شێخی ئیسلام خەت خۆشی فیربوبێ (حەدیقەی ئەمانەللاهی میرزا عەبدوللا مونشی پەڕەی ۴۳۶).

Dr.Saleh Ebrahimi



مەستورە خانم لە سەعدی، هاتفی ئیسفەهانی، هومام و سائیبی تەوریزی و حافز لە شیعری فارسیدا شوێنی وەرگرتووە ولە خەفەتی کەیخوسرەوخانی ناکامی مێردی کەبە نەخۆشی تاعون لە ١٢٥٠ مانگیدا مردوە، هەروەکو حافز نالآندویەتی، بەلآم مەستورە خانم بەکوردی هەورامی لاواندویەتەوە و لۆراندویەتی.

### گەردونی گەردان

حەیف نیەن چون تو، هیچ شەهبازی
شوخ مەهوەشی، ئالودەی نازی
یەک جیهەت جە عەیش عیشرەت جیا بو
پەیوەستە ئە وقات، بەرگش سیا بو
جەهانی یەکسەر ج غەم مەشعوفەن
خورشیدی چون تو دایم کسوفەن
هیچ رەنگی نییەن جە مەستوورەوە
زینەت ها بە رەنگ سپی و سوورەوە
ئەر سەد مولەققەب بە مەستوورەنی
تو زیبای دیبای سپی و سوورەنی

بپوشو دیبای زیبا بە قامەت
تا پەی قامەتت، خیزو قیامەت

یا ئەم شیعرەکە پروتەژی یە لە نوکتەی ورد و جوان وگرینگ لە بابەت ژیانی مەستورە خانم کوردستانی.

## حەیف نیەن

سـپهر کـەچ گـەرد، سـپهر کـەچ گـەرد
داد جـە دەست تـو سـپهر کـەچ گـەرد
مـایۀ عـەیش کـیت وە تـاراج نەبەرد
مـەجلیس شـادی کیت بـەتال نـەکـەرد
دلۀ کـیت جـە غـەم تـو نـەکـەرد نـاشاد
خـــەزانـــۀ ســـووکی نـەدای وەبـاد
نەونە هـال عـومر، کـی نـەکـەردی پـەی
وەیانەی کام کـەس تـو نـە دوسـتی وەی
جـە نـەخل وجـوود نـەورەس نـەهالان
کام مەردی وە جـەور نـەکـەردی تالان
هەرکو جـوانـی سـاحیب تـەخت و تـاج
کولباغچەی عومرش تـو کـەردی تـاراج
خوسووسەن خەسرەو شای کە مـەر لالم
مـــایەی ئـــیقتیدار عــومر و ئـــیقبالم
ســـەروەر خـــاتر غـــەمگین ریشـــم
نەیاگەی گشت کـەس بـیگانە و خـویشم
جە راگەی جەفا و مەکر و حـیلە و فـەن
نـەخل جـوانیش کـەردی ریشـە کـن
نـە سـەرای تـاریک کـەردی دستاخش
بـەردی وە غـارەت شـادی و دەمـاخش
بدیە جەفای تـو گـەردوون تـا چـەندەن؟
هەزاری چـون مـن بـی‌ساحیب مـەندەن
سـاتویچ ویـنەی مـن دەروون سیابای
بی‌بەهرە، بی‌عەیش، هـەر نـە عـەزابـای

Dr.Saleh Ebrahimi



ماموّستا مەلا کەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار لە پەرەی ٦٠ شەرح، لە سەردیوانی نالی نوسیویەتی: **گیوی موکوریانی** نوسیویە: ماهشەرەفخانم کوردستانی کە یەکێ بووە لە ویژەوان و بویژە هەرە پایە بەرزەکانی کوردی سنەو خێوی دیوانەو لەوانەشە، خەڵکی تاریفیان کردبێ و نالی پێی خۆش نە بوبێ و لە بەر خۆ پەسەندی پەردەی **ئابڕوی مەستورەی** دڕیوە، لەم قەسیدەداکە دەڵێ: مەستورە کە حەسناو ئەدیبە بەحیسابێ...،

☐ دوای ١۴ ساڵ نوسینەکانی **ماموّستاگیوی موکوریانی،** ماموّستا محەمەد ئەمین **کاردۆخیش** نوسیویەتی: تاقەژنێکی شاعیرەمان بە ناوی مەستورە هەبووە، کەچی نالی شاعیری هاوچەرخی، خەوی پێوەدیوە و بە هەڵبەستێکی دورو درێژ **شکاندویەتی.** ماموّستا **مەلا کەریم موریس ئەوگلەوگازندانە بەهێرشی نابەجێ بۆسەر نالی دادەنێ** (پەرەی ٦٨ هەرئەوێ) ولە پاشان فەرمویەتی: «شیعرزادەی هەست و خەیاڵی زاتیو تاقی کردنەوە یەکی ناو خۆی شاعرە، بەرهەمی رۆژو دۆخێکی تایبەتی یە، **باوەڕناکەم کەس مافی ئەوەی ببێ** ڕێگای دەربڕینی (هەست) لە کەس بگرێ. شیعر بروسکەیەکە، لەمێشکەوە، سەرچاوە دەگرێ، هەستێکە دەرونی شاعیر، پروتەژی دەکاو لە نوکی قەڵەمەکەیەوە، سەر ئەکاو ئەرژێتە خوارێ، شیعر، کارێکی ئەفسوناوی یەو ئەو کارگەریەش کە ئەیکاتە نێودڵ و دەرونی خەڵک، هەر لەو بابەتەیە. هەر بۆیێ تەنانەت پێغەمبەریش (د ـ خ) فەرمویەتی: «ان من الشعر لحکمة و ان من البیان لسحراً»: بەراستی هەندێ هۆنەپەندی زۆر بەرزەو هەندێ ڕەوان بێژیش ئەفسون و جادو ئەکەن، هەر لە بەر ئەوەیشە، **پێشینان وتویانە: هەر شاعیرێک شەیتانێکی تایبەتی هەیە،** جاکەی سەری لێبدا شیعری بۆدێ! جا هەر لەبەر ئەوەیە، شیعر کە بوبە دەسمایەی ژیان و پلەو پایە، هەر چەندە جوانیش بێ، هەر بێ تام و بێ خۆی ئەبێ.

**ماموّستا مەلاکەریم** دەفەرمێ: «من لەوەی کەنالی ئەو شیعرانەی لە بابەت

Dr.Saleh Ebrahimi



مەستورەوە، داناوە، نەگلەم هەیەو نە ئەگەر مەستورەش وەڵامێ لەوە تەڕتر بە تالی بدایەتەوە،گازندەم دەکرد. هەروا مامۆستا مەلاکەریم فەرمویەتی: «بەبیروڕای من ئەبێ بە چاوێ رێزلیگرتن و قەدر زانینەوە، تەماشای ئەو قەسیدەی نالی بکرێ، چونکا ئەوە ئەدەبی رو هەڵ ماڵڕاوی کوردی‌یە، کە تائیێستاداب و نەریتی کۆمەڵایەتی، نەی هێشتووە، لە ویژە و ویژەوانی کوردی دا جیێ خۆی بکاتەوە، ئەو شیعرانەی نالی بیرێ تازە و نوێیە و فرە بە قەدر و قیمەتە، **کەنالی خستویە تە سەرگەنجینەی ئەدەبی کوردی. ئەمە بیروڕای عەللامەو زانایەکی موجتەهیدی دینی کوردە بەناوی حەزرەتی مامۆستا مەلاکەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار**، کەچەن مرۆیانە و خواپەسەندانە، بە ئاشکراو بوێرانە، بیرو رای خۆی لە بابەت ئەدەبی سێکسەوە دەر **بڕیوەو فتوای بەر حەقی داوە.** ئەو بیرو باوەڕە، خواو مرۆ پەسەندەیە، کە کورد هەیەتی من (: شەپۆل) و توومە کە ئەگەر تورکی عوسمانی و قاجار و صەفەوی لە ئێران و عەرەبی وەک صەدام کوردیان دانەپلۆسیبانەتەوەی کورد بەرقی کەشف دەکردو بە عیلمو زانین دنیای پڕدەکردلەنورو مەعریفەت و ئازادی و شادی و خۆشیو بە رامبەری بۆ بەرەی مرۆ دابین دەکرد، چونکا، نەتەوەی کورد، ئازادیخوازو بە رامبەر خوازوگەلێ شادەو شادی ویستە، مامۆستای دینی کورد، لەرەگەزی خەلکی تر، روناکترەو کورد بە تێکرا بیروردترومڕۆ، وانەتر بیردەکەنەوە وتێ دەفکرن. ـ مامۆستا مەلاکەریم هەروا فەرمویەتی ناکرێ ئەم شیعرانەی نالی بە هەجو دابنرێ چونکا بەتێکڕا پیا هەڵ و تن بە شان و شکۆ داریژراوە، لە دیمەنێکی بە دنێو کردنو ئابڕو بردنیش بێ بەش‌نیە. بەلام چون هۆی دانانی ئەو قەسیدە نادیارە و بەلگەیێ رون بۆهۆی دانانی بە دەسەوە نیە، ئەگونجێ لە بەرامەستور هەر نەبێ لای ئەم و ئەو نالی بەر پلار دابێو نالیش وەلامی دابێتەوە، لە نێو شاعراِن شەڕە قسە هەربووە، بۆویتە شەڕە جنێوی فەرەزدەق و جەریر کە هەردوکیان لە خێلی بەنی تەمیمن (بڕوانە د ـ شەوقی زەیف، تاریخی ئەدەبی عەرەبی، عەسری ئسلامی

Dr.Saleh Ebrahimi



قاهیرە، چاپی ٢، بێ تاریخ پەڕەی ٢٤٢ و ٢٤٧ و پەڕەی ٧٠ دیوانی نالی، شەرحی ماموستا مەلا کەریم). رەهی موعەییری کوردی کرماشان، بە توانج و تەشەر بە شیعر بە مەریەم فیروز ـی فەرمافەرما شازادەی کمونیستی ژنی‌کیانوری کورەئاخوندی کمونیست، بە **شیعر** و هۆنە بەو خانمەی وتووە:

مریما! از چه برافراشته‌ای پرچمِ سرخ

تو که چندین دل خون گشته به دامن داری

بروانە پەڕەی **٢٢٩** کتێبی ئەدەبیاتی مەعاسری ئێران، سەید حەسەن ئەمین چاپی ١٣٨٤ هەتاوی **تاران**.

عەللامە، **ماموستا** مەلا کەریم دەفەرمێ: زۆربەی **واژە، بە توێکڵە کانی نالی** ئەوە، ئەگەیەنن کە مەستورە **لەو** کاتەدا شوی نەکرد بێ وەکو ئەمانە: عوقدەم هەیە، هێی‌تۆم، ئەم مەسەلە حەل‌کەی، بیکر، مومکین نیە کەس دەخڵی‌بکا، میسلی سوهابێ نەسوابێ. دوری سەمابێ نەسمابێ، نەقوپابێ، ئاوی نەدرابێ، تەلیسمی نەشکابێ، هێشتاکو لە حەق جێگەیی خاسی نەدرابێ، ئیکسیری تەڵای ئەحمەری چەن قەترە لە لابێ، دەعوای ئومەرا چەند لە سەر تەختی کرابێ، چەند خوێنی رژابێت و چ خوێنی نەرژابێ و...؟ ئەوانە وهی دیکەیش وا دەردەخەن کە مەستورەشوی نەکردبێ، **بەلاَم لە بەشی وەڵامە کەیدا ئەم شیعرە هەیە** کە بە بارێکدا واتای شوکردنی مەستورە دەگەیەنێ

شەو نائیم و قائیم عەلەمی بابی رەزابێ

بێ دیدە هەڵستێ بە مەسەل عەینی عەسا بێ

بابی رەزا، **واتای** درگای قەناعەت: رەزا بە مەوجود، ئەگەیەنێ، واتای (باوکی رەزا قولیخان) یش دەگەیەنێ، کە کوڕی کەیخەسرەوخانی ناکام بووە لە حوسن جیهان کچی فەتالیشای قاجار، یانی چاری ئەم مەسەلەیە، بەدێوانەیەک ئەکرێ، شەو لە خەویشدا بە پێوە بێ و ئاڵای **ماڵی** باوکی رەزا قولیخان بێ! ئەگەر ئەم بارە، رەوا بێ، کۆکردنەوەی

Dr.Saleh Ebrahimi



ناوی مەستورە، لەگەڵ ڕەزا دا، ئەوە ئەگەیەنێ کە مەستورەخانم کوردستانی لەو سەردەمەدا، ژنی کەیخەسرەو خانی ناکام بووە.[1]

---

١.بریا ماموستاو زاناو مەلادینی یەکانی کورد، وەك ماموٚستا مەلا کەریم مودەریس ئیمام شافعی روٚژگار بیریان بکردایە تەوە. ـ چونکا قورئان دەفەرمێی: یا یَحی خُذِ الْکِتابَ بِقُوَّةٍ، أی خذالتوراة بقوّة القلب ـ ئایەتی ١٢ سورەی مەریەم ـ ئەم ئایەتە شەریفە، بە ئاشکرا پێمان دەڵێ: هەر وەکو یەحیا پێغەمبەر کتێبی پێغەمبەری پێشینی خوٚی بە دەستوری خوا، گرتووە بە دەسەوە و بە زمانی خوٚی بوٚ خەڵکەکەی واتاو بەیان کردوە، **زانادینی یەکانی کوردەواریش**، بە پێی ئەوئایەتەو ئایەتی ٣٦ی سورەی نەحل کەخوادە فەرمێ: (ولقدبعثنا فی کل أُمّة رسولا... و هەروا بەپێی ئایەتی ٤٧ سورەی یونس (لِکلِّ أُمَّةٍ رَسُولٍ): یانی بوٚ هەرئوٚمەتێ پێغەمبەرێکمان ناردوەو هەروا، بوٚ هەر ئوٚمەتێ رەسولێ هەیە ـ دیارە أُمَّة بەواتای مِلَّة ـ ە.مِلَّة ابراهیم حنیفاً، بەم پێیە، ئوٚمەت، بەواتای میللەتەو کوردیش لە باتیان: نەتەوە و گەل، بە کاردێنێ. یا ئایەتی ٤ سورەی ئیبراهیم: (وَ ما أَرْسَلْنا من رسولٍ اِلاّ بلسانِ قومِه) یانی هەر پێغەمبەرێکمان بە زمانی خێڵ و هوٚزەکەی بوٚ ناردون. ماموٚستا دینی یەکان، بەپێی واتای ئەو ئایەتانە، دە توانن قورئانی کەریم بە زمانی کوردی بوٚ خەڵك واتا و بەیان بکەن پێغەمبەر (د ـ خ) فەرمویەتی: «تَفَکُّرُ ساعةٍ خیرٌ من عبادةِ سَنَةٍ» یانی خولەکێ: بیرکردنەوە خێری لە عیبادەتی ساڵێ پترە. با بیر بکەینەوە کە خوا فەرمویەتی: أَفَتُؤمِنون ببعضِ الکِتٰبِ و تَکْفُرونَ ببعضٍ سورەی بەقەرە ئایەتی ٨٥) یانی ئایا بڕواتان بە هەندێ ئایەتی قورئان هەیە و بڕواتان بە هەندێ‌تری نییە؟ ئەم ئایەتە پێمان دەڵێ: ئەگەر ئێمەلامان وا بێ، ئەگەر بە زمانی کوردی عیبادەت بکەین و لەبەر خوا بپارێینەوە، ئەلعەبازوبیلا، خوا لێمان حاڵی نابێ و ئەبێ بە عەرەبی بێ، کوفرە چونکا خوا عالم و زانا بە دڵ و دەرونی هەمو کەسێکە (إِنَّ الله علیم بذات الصدور ـ سورەی لوقمان ئایەتی ٢٣). جاهەر لەبەر ئەوەی خەڵکە کە،باش و باشتر لەواتای قورئان بگەن، لەسەر **زانایانی دینی کورد، واجبە**، بە روٚحی ئەو ئایەتانە، عەمەل بکەنو بە ئاشکرا، لە حوکومەتی عەرەب و تورك و ئێران، داوا بکەن، نابێ لە خوێندن و بە کار هێنانی زمانی کوردی بەرگیری بکەن، چونخوا لە ئایەتی ٢٢ سورەی روٚمدا فەرمویە: «و من ءآیٰتِهِ خلق السموات و الاَرْض و اختلٰفُ أَلْسِنَتِکُمْ وَ اَلْوانِکم...»

←

Dr.Saleh Ebrahimi



← یانی دروست کردنی گۆی ئاسمانە کان و گۆی زەوی و جیاوازبونی زمانە کانتان و ڕەنگە کانتان لە ئایەت و نیشانە کانی خودان،بۆ ئەو کەسانەی وا عالم و زانان) هەروە کودەبینن و دەزانین خودا لەم ئایەتەدا، زمانی لەریزی گۆی ئاسمان و گوی زەوی و رۆژو شەوو رەنگە کانی مرۆ داناوە و بە ئایەتێك و نیشانە گەلی خوی ژماردوە، مەفهوم و واتا کەی ئەمەیە: کە قەبول نە کردن و بایەخ نەدان، بە زمانان، هەروە ك قەبول نە کردن و بایەخ نەدان، بەدروست کردنی گۆی ئاسمان و گۆی زەوی و شەوو رۆژ و گۆڕانی شەوو رۆژ، وایە، ئاخرە کەی یانی: قەبول نە کردنی ئایەت و نیشانە گەلی خواو ئینکاری بە دیهیات، ئەم ئایەتە بە ئاشکرا، رادە گەیێنێ، هەر کەسێ ئینکاری زمانی کوردی بکا وە ك ئینکاری بەدیهیاتی کرد بێ وایە و ئینکاری بەدیهیاتیش، سەر لە کوفر، دەساوێ. **ماموستا ئایینی یە کانی کوردستان** لەسەریان پێویستە، لە کاتی پەندو مەو عیزەو لە کاتی نوێژی هەینی، ئەوە بۆ خەلك واتاو بەیان بکەن و بە خەلکی بلێین خوا زمانی کوردی و زمانی ئینگلیسی و روسی و فەرانسەوی و گشت زمانە کانی دنیا دەزانێ ولیان حالی دەبێ.

هەروا لە سەر ماموستا دینی یە کانی کورد، واجبە رۆحی ئەم ئایەنانەش بۆ خەلك واتاو بەیان بکەن کەخوا دەلێ: و ما کان لمؤمنٍ أنْ یَقتَل مؤمناً ـ ئایەتی ٩٢ سورەی نیسا ـ یانی بڕوادار مافی ئەوەی نیە بڕواداری بکوژێ ـ هەروا خوا دەفەرمێ من قَتَلَ نفساً بغیرِ نفسٍ أو فسادٍ فی الارضِ فکأنّما قتلَ الناسَ جمیعاً ـ ئایەتی ٣٢ سورەی مائدە یانی هەرکەسێ چ عەرەب، تورك، ئیرانیان کە خویان بە بڕوادار دەزانن، دیارە، نەتەوەی کوردیش، بڕوا دارە، نابێ کورد بکوژن و خوادەفەرمێ (اِنَّما المؤمنون اخوة فَأَصْلِحُوا بَینَ أخویکم / سورەی حوجورات ئایەتی ١٠ ـ یانی بڕواداران بران، ئیوە ئاشتی و صولح لە نێوان براکانتان ساز بدەن. هەروا دەفەرمێ: ـ و ان طائفتانِ من المؤمین اقتتلوا فاصلحوا بینهما سورەی حوجورات ئایەتی ٩. یانی بڕوا داران (خوشك و) بران، هەروەختێ ٢ تایفە، ٢ رەگەز لە بڕواداران پێکەوە بە شەرهاتن و دەسیان دایە کوشتنی یە کترین، ئیوەی بڕواداران ئاشتیان بکە نەوە و مەیەلن شەربکەن و یە کتر، بکوژن. دەی با ماموستا دینی یە کانی کوردستان لە **سەر میمبەری پیغەمبەر، هاوار بکەن**، بڕوادارانی عەرەب و عەجەم بانك بکەن تابێن بە هاواری ئەو کوشت و کوشتارەوە و نەلێن کەس بە قسەمان

←

Dr.Saleh Ebrahimi



**مەستورەخانم** کوردستانی، بە شیعر و هۆنە خۆی، بەمجۆرە دەناسێنێ کە دەڵێ:

تا در مقام صدق و صفا پاگذاشتم        پایی بە فراق عالم بالاگذاشتم
بـــرتافتیم از هـــمە عـالَم رخ نـیاز        حاجات خویش را بە خُدا واگذاشتم.

ماه شەرەفخانم پربیروهۆش و زاناو هوشیار ولێهاتوو تاریخ زانو تاریخ نوس کە تاریخ ـ ی ئەکراد ـ ی بە فارسی نووسیوە. **شاعیرێ کوردێ، بێژو پارسی بێژ بووەو** لە ساڵی ۱۲۲۰ مانگی و ۱۸۰۵ ز ـ لە شاری زانین و فەرهەنگ و هونەرو ئەدەب پەروەری سنەی کوردستان لە دایک بووە.

لە تەمەنی ۲۴ ساڵەدا، ساڵی ۱۲۴۴ مانگی و ۱۸۲۸ ـ ۱۸۲۹ز ـ شوی بە خوسرەوخان، کوڕی ئەمانەڵڵاخان حاکمی کوردستان کردوە و ئەم شوکردنە، باری **سیاسی بووە**، بەڵام حوسن جیهان خانم (: والیە) کچی فەتحعەلیشا قاجار و ژنی ئەوەڵی خوسرەوخان، کە دەهەیێ حوکومەتی کوردستانی بە دەس بووە و ئافرەتێ نەترس و سیاسەتزان بووە، هەمیشە حەسودی بە مەستورە، دەبردونەی دەویست ئافرەتێ وەک **مەستورە خۆش سیما و لەکارزان و زانا**، لە کەناری خوسرەوخانی مێردیدا، ببینێ، حەسودی ژنانەی والیە دوای مردنی خوسرەوخان لە ۱۲۵۰ مانگیدا. فرەترخۆی نیشان‌دا و بە هێرش هێنانی حوکومەت وگرتنی رەزا قولیخان کوڕی خوسرەوخان، **بنەماڵەی ئەردەلان و قادری، بە ناچار، پەنایان بردەلای میرانی بابان لە سلێمانی و**

---

← ناکەن، لە سەرئەوان راگەیاندن و هاوارکردنەو لەسەر خوایش پێی بیساندن و حاڵی کردنە و ماموّستا دینی یەکان لانی کەم لەم ریگای هاوارکردنانە، دەنگی مەزلومی کورد و کوردستان بەخەڵکی عەرەب، تورک و نەتەوەکانی ئێران و بە دنیا، دەگەدێنن و ئەمەیش یەکێ لەو ریگایانە یە، تاناوێ بەو ئاورەدابکرێ ولەوە زیاتر ریگا لە ئازادی کورد و کوردستان، نەگرن تا نەتەوەی کورد لەوکوشتارە بێرەحم و بێ بەزەییانە. رزگاریان ببێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



مەستورەخانم لە ۱۲۶۳ مانگی لەگەڵ مامیدا: میرزا عەبدوڵڵای رەونەق چوونە شاری سلێمانی و لە کلکەی ئەو ساڵەدا، نە خۆش کەوت و لە مانگی موحەرەمی ۱۲۶۴ مانگی و ۱۸۴۷ ز ـ لە ۴۴ ساڵیدا، مەستورە، بە نەخۆشی تاعون وەفاتی کرد و لە **گردی سەیوان**، لە نیزیک شاری سلێمانی بەخاکیان سپارد. ساڵی ۱۲۵۰ تاڵترین ساڵ بۆ مەستورەخانم بووە کە خوسرەو خانی ناکامی مێردی لەو ساڵەدا مردوە و مەستورەی بە بیوەژنی بە جێی هێشتووە.

مەستورەخانم ئافرەتی زانا؛ واقیعگرا، دڵی بە دنیا نەدابوو، دنیای بە سپڵە پەروەر دەزانی، **ئەویندار، عیلم و هونەر بوو،** زیاتر لە ۲۰ هەزار هۆنەی بە کوردی و پارسی داناوە، کە حاجی شیخ یەحیامەعریفەت کوردستانی پارسی یەکانی لە چاپ داوە و شعرە **کوردی یەکانی پشت گوێ خستووە.** نوکتە **ئەمیر شەرەفخان** (۱۰۱۳ ـ ۹۵۰ مانگی و ۱۶۰۴ ـ ۱۵۴۱ز)، شەرەفنامەی بە فارسی لە ساڵی ۱۰۰۵ مانگیدا نووسیووە و تاریخ نوسانی کورد، وەک چاولێکەری چاویان لەوزاتە زانا دڵسۆزە کوردە کردوە، (خۆزیا ئەمیر شەرەفخان شەرەفنامەی بەزمانی کوردی نوسیبا تا لە ساڵی ۱۰۰۵ مانگییەوە، مەبەستمان بە زمانی کوردی فرەتر هەبو باو ئەم مێژو نوسانەی وەک مەستورە خانم و... بە کوردی بیان نوسیبا و ئێستا ئێمە زمانە کەمان؛ غەنی تردە بوو (شەپۆل)، بۆوێنە مەلا محەمەد شەریف قازی لە نێوان ساڵانی ۱۲۱۰ تا ۱۲۱۵ ـ ۱۲۱۴ مانگی، زوبدەی تەواریخ ـ ی لە ۱۲ وەرزو کژدا بە دەستوری خوسرەوخانی ئەردەڵان نووسیوە. خوسرەو بەگ بن (مەنوچیهر): محەمەد ناودار بە موسەنیف ئەردەڵانیش لوبب تەواریخ ـ ی بەتکای خوسرەوخان ناکام لە ۱۲۴۹ نوسیوە و دایناوە، کتێبی لوبب تەواریخ لە راستیدا کلکەی زوبدەی تەواریخە، کە رووداوەی مێژوویی کوردستان لە مردنی قازی یەوە لە ۱۲۲۸ مانگی تا ساڵی ۱۲۴۹ی مانگی گرتۆتە بەر. **مەستورە خانم** کە فرەلە مێژوی کوردستان ئاگادار بووە ـ ۲ کتێبخانەی

Dr.Saleh Ebrahimi



گەورەی ئەردەلأنی و قادری کە تەژین بوون لە کتێب و مەستورەش لەنێو روداوەکاندا بووە، دەسی داوەتە دانانی تاریخی کوردستان و بە دەقێ سادەو رەوان بە زمانی پارسی تا ساڵی ۱۲۵۱ مانگی روداوەکانی بەرێکی و پێکی و جوانی نووسیوەو دوبارە پیا چۆتەوە و ئەم جارەش تا ساڵی ۱۲۳۶ مانگی تیاگونجاندوەو میرزا عەبدوللاّ رەونەق، روداوەی ساڵەکانی دوای مردنی مەستورەی تا ساڵی ۱۲۶۷ مانگی بەویێەی پاشکۆ، لێی زیاد کردوە، تاریخی نوسراوی مەستورەخانم لە ۱۳۲۵ **هەتاوی بە تێکۆشانی ناصر ئازادپور** لە چاپ دراوە.

مەستورەخانم بە دەقێ شێوا و پتەو، تایخەکەی خۆی بە حەمەدو پەسنی خوای بێ‌لف‌وبێ هاوتا دەس پیێ دەکاو هەر لە سەرە تاوە. وزەو دەسەلأتی خۆی لە نوسینی دەقێ پڕوچڕبە شیاوی نیشانیداوە کە دەڵێ:

حمد و سپاس، خدایی را سزا است کە نزاد و نمیرد، باقی است و فنا نمی‌پذیرد، خلّاقی کە در پاکی ذاتش بی‌همتا است، رزّاقی کە در جمیع صفات یگانە و تەنها است؛... درودِ بی‌قیاس بر نخستین نتیجەی قلمِ قدرت، دودەی دودمان رسالت، باعث ایجاد کونین و شهسوارِ عرصەی ثقلین؛ جنابی کە اگر منظور از وجود او نبودی هیچ وجودی موجود نگشتی...؛

مەستورەخانم هۆی دەس دانە نووسینی تاریخی کورد، بە ناوی تاریخی ئەکراد، یا تاریخی ئەردەلأن، ئاوا باس دەکاو دەڵێ؛ فرەحەزم لە خوێندنەوەی کتێب بوو، تا رۆژێ چاوم بە مێژوی کوردان، کەوت و دوای خوێندنەوە و ورد بوونە، زانیم، مێژوی کوردستان ناتەواو ماوەو بە پێویستم زانی، ئەوانەی، ماون و نە نووسراون، بە وردی بەیانی بکەم و بیان نووسم و بە ناوی تاریخ ـ ی ئەکراد، بیخەمە بەردەس کورد و کوردستانیان. مەستورە خانم لە کتێبی مەجمە عولئودەبا، **فرەبەقەدرو رێزەوە قسەی لە مەولانا خالید شارەزوری** نوسخەی نابیغە و نوسخەی جامیعە، کردوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



لە ساڵی ۱۹۹۰ ز - ئوگینا واسیلی ئانا، ئەم تاریخەی بەروسی تەرجەمە کردوە و سەرەتایێ دورو درێژی لە سەر نووسیوە، لە بابەت ژیانی مەستورە و تەرجەمەی یەکسەد شیعر، کە وتویەتی: بۆیێ ئەوکارەم کردوە، تا خوێنەرانی روس زمان، بەپلە و پایەی زانستو ئەدەبی ئەو ناسیاوبن.

مەستورە خانم بێجگە لە تاریخ -ی ئەکراد، مەجمەعولئودەباو سی پارەیە کیشی لە **ئەقیدەوشەریعەتدا**، لە ساڵی ۱۲۵۵ تا ۱۳٦۲ مانگی، نووسیوە ولە سەر چاوەێی فرە گرینگی فیقهی کەڵکی وەرگربووە، وەک کتێبی توحفەی کوڕی حەجەر، کتێبی وزوحی عەللامە، مەلا ئەبوبەکر موسەنیف چۆری و کتێبی نیهایەی رەمەلی، ئەوەش خۆی دەسەلاتی مەستورە خانم لە زانایی، زانینەکانی ئیسلامی نیشاندەدا، ئەو خاتونە هەروا، ئاگای لە فیقهی حەنەفی هەبووە و **لە بەشی کەلامی** ئەو کتێبە دینییە کە نوسیویەتی، لە کتێبە کەلامی یەکانی وەک: وەسیلەو ئەقیدەی مەرزیەی **حەکیم مەولەوی کورد**، کەڵکی وەرگرتووە، ئەوەیە کە ئەوسی پارەدینییە، ئەبێ ناوی بنێن **ئەقیدە و ئەحکام**. ئەم سیپارە دوکتور عەبدوللاّ مەردوّخ بە ناوی عەقاید (لە سوئێد) لە ساڵی ۱۹۹۸ ز - لە چاپی داوە، کە نیشانەی ئاگاداریو و ردو قووڵی مەستورەخانمە لە مەبەستی شەرعی و دینی. وعیلمی کەلام؛ مرۆ بە خوێندنەوەی ئەم سیپارە، پەی بە **کەسایەتی ئاینی ئەم خاتونە دەباکە چەندە لە شەریعەتدا زاناو لەکارزان و پڕ** عیلم بووە. بەڵام بە داخەوە، هەم مێژووەکەی و هەم شەریعەتەی کەی بە پارسی نوسیوە کە دەکرا بە کوردی بیان نوسێ. -**کتێبی ئەقیدە و ئەحکام** لە ۳ باب دایە، لە بابی یەکەم دا لە بابەت ئەقیدەو ئوصولیدین لە روانگای ئیمام شافیعی یەوە و هەروا بە مەبەستی ئیمامەت لە مەزهەبی جەعفەری قسەی کردوە. لە بابی ۲ دا لە بابەت فروعیدین لە ۳ وەرزو کژدا قسەی کردوە. کژی ۱ لە بابەت تەهارەت -کژی ۲ لە بابەت شەرت و شروتی دەسنوێژ - کژی ۳ لە بابەت ئەرکانی نوێژ، دایە لە بابەت حوکمی دەنویژ لە بیرو باوەری **ئیمام محەمەد غەزالی و شیخی بەهائی** کەڵکیوەرگرتووە. دیارە لە بابەت رۆژو، زەکات،

Dr.Saleh Ebrahimi



حەج، جیهاد، غوسل، غوسڵی مردو، چونی ژنان بۆ حەج و ئەو مەبەستانەی بۆژنن فرە جوان قسەی کردوە و لە بابەت زەکات لە بیروڕای مەلا **ئەبوبەکر موسەنیف** چۆری بە تایبەت، لە بابەت زەکات دان لە بابەت (تو) کە زەکاتی لێ دەکەوێ بە ئاشکرا دیارە، کەڵکی وەرگرتووە.

**مەستورە خانم نادرەی دەوران و خۆشخەت بـووەو** خـەتی نـەستەعلیق، نـەسخ، سولس، ریقاع و شکەستە، وەستاو بە قسەی میرزا عەبدوڵلا رەونەق خێوی حەدیقەی ئەمانەڵلاهی لە خۆش نووسیندا، مامۆستا بووە

ای گشته مَثَل به خوش نویسی ز نخست     مـفتاح خـزایـنِ هـنر، خـامەی تست
نـاکـرده خـدا لوح و قـلم را بـنیاد     ننوشته کسی شکسته را چون تو درست

**میرزا عەلی ئەکبەر،** ئامۆزای مەستورە خانم، مەستورەی لە خۆشخەتی دا بە **میر عیماد قەزوێنی** و لە پەخشان نووسیدا، بە **کوڕی عوبباد،** ناو بردوە. مەستورەخانم ژنێ زانـا، پاکداوێن، شەرعزان، مێژوزان، خوو ئاکارچاک، هەروەکو خۆیشی بە شیعر دەڵێ:

من آن زنم که به مُلکِ عـفاف صـدر گـزینم
ز خـیل پـردگیان، نـیست در زمـانه قـرینم
بـه زیـر مـقنعه، مـرا سـری است لایـق افسر
ولی چه سود، که دوران، نموده خوار، چنینم
مرا ز مُلک سلیمان بسی است **ننگ،** همیدون
که هست **کشـور عـفت** هـمه بـه زیـر نگـینم
به مـعشر نسـوان، مـرسپاس و حـمد خُـدا را
همی سزد کـه بگـویم مـنم کـه **فـخر زمـینم**

(دیوانی مەستورە پەڕەی ١٢٨)

بێ گومان ناوی ماه شەرەفخانم ناودار بە کوردستانی، لە مێژوی وێژە و وێژەوانی **ئێران وکوردستاندا هەمیشە، دەدرەو شیتەوە و تیشکو تریژ دەهـاوێـژێ** و بـە قسـەی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئۆگیناواسیلی ئافا، لە نێو خێڵەکانی ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی نافین و نێزیک ژنێ‌تر، هەروەک مەستورە کە هەم شاعیرێ بە تواناو هەم مێژوزان و مێژونوسێ بە دەسەڵات، بێ، سەری هەڵنەداوە. **بەراستی لە سەدەی نۆزدەدا ژنێ روناک بیری وەکو مەستورە،** لە دایک نەبووە و بە قسەی **کاک ئەییوب گازەرانی:** «مەستورە خانم کوردستانی لە بەر لایەن و باری سیاسی، عیلمی، ئەدەبی، فیقهی و هونەری یەکەی، لەکەسایەتی‌یە؛ مەترە **حەکانی یەکەمی سەدەی نوزدەیە،** لە کوردستان‌دا، لە بەشی ڕۆژ هەڵاتی کوردەواریدا. (بڕوانە و تاری جیێ نشینی ئەنجومەنی ئاسار و مەفاخیری فەرهەنگی ئێران، محەمەد **رەزا نەسیری،** بە فارسی لەسەر ژیان و خزمەتەکانی عیلمی و فەرهەنگی شاعیری تاریخ‌زانی ناوداری کورد، مەستورە خانمی کوردستانی: ماهشەرەف، تاران، خەرمانانی ساڵی ۱۳۸۵).

مێژو نووسانی شیعرو ئەدەبی کوردی، **لایان‌وایە** یەکەمین شیعرو هۆنە بێژی کورد، **پیرشالیاری یەکەم** ڕابەری ئاینی زەردەشتی کوری جاماسب ـ ی کوردە، کە کتێبی **ماریفەتو پیر شالیاری داناوە** کە لە سەدەی یەکەمی مانگیدا ژیاوە و شیعرە دەبین‌و دەهەجایەکانی خوّی بە کوردی گۆرانی کۆن، هۆندوّتەوە، لە بابەت زمان ناسی بن زاری هەورامانی یاگۆرانی کە خوّیی شاخەیەکە، لە زاراوەی زازا ـ گۆران، کە یەکێ لە ۴ زاراوەی بنەرەتی زمانی کوردی‌یە و ۳ زاراوەکەی‌تر بریەتین لە **کورمانجی** ژورو، کورمانجی نافین: سوّرانی و کوردی باشوری: کەڵهوری، لەکی و... لە کوّنەوە شاعیرانی کورد، هەندێ لە هوّنەی خوّیان بە زاراوەی گۆرانی ـ کە زمانی دەقی دینی یارسان (یاری ئەهلی حەق) ە ـ هوّندویانەتەوە، ئەمیرانی ئەردەڵانیش کە دورنیە کە لە سەرە تاوە ئەهلی حەق بوبن (ولە ساڵانی ۱۸۲۰ز ـ والی و بنە ماڵەی ئەردەڵان شیعەگەریان قەبوڵ کردوە، بە تایبەت کە خان ئەحمەدخان لە ئاخری سەدەی شازدە خوشکی شاعەبباسی صەفەوی کوردی خائین بە کوردی، بوّ خوّی مارە کرد، هەرخان ئەحمەدخانیش بووکە ڕەواندز، عیمادیە، کوّێ و حەریری لە سەرەتای دەیەی ۱۶۰۰ ز ـ گرت و بە پاداشی ئەوخزمەتە، بە شاعەبباسی صەفەوی، حوکومەتی کوردستانی پێدرا

Dr.Saleh Ebrahimi



(والیە کانی ئەردەڵان نوسراوی واسیلی نیکیتین پەرەی ٨٠و ٨٢نەقڵ لە پەڕەی ٨٦و ٩٣ و ١٥٥ ی کتیبێ تاریخی مەعاسر ـ ی کورد، نوسراوی دیوید مەک داوێلی و، تەرجەمەی ئیبراهیم یونسی چاپی ١٣٨٠ی هەتاوی تاران)، حاکمانی (ئەردەڵان، زاراوەی هەورامانی‌یان کردوّتە، **زمانی فەرمیو باوی دەرباری حوکومەتی خۆیان،** دیارە والیانی ئەردەڵان لە سەدەی ١٢ و ١٣ی مانگی رۆحێ تازەیان بە شیعرو ئەدەبی هەورامانی داوە و پەرەیان فرە پێداوەو کەسانێ وەک: بێسارانی کەلە ١٧٦٠ ز ـ وەفاتی کردوە و هەندێ ١٠٥٢ ـ ١١١٣ ی مانگی و هەندێ دیکە ١٦٥٠ زو ١٧٠٦ ز ـ یان بۆ بێسارانی، نوسیوەو هەندێ دەڵێن لە ١٠٩٠ مانگی ژیاوە)، میرزا شەفیع کولیایی (١٢٣٨ ـ ١١٦٩)، حەکیم مەولەوی کورد (١٣٠٠ ـ ١٢٣٩)، خوسرەوخانی ناکام (١٢٤٩ ـ ١٢٢٠)، مەستورەخانم کوردستانی (١٢٦٤ ـ ١٢٢٠ مانگی)، رەزاقولیخان غولامشاخان (١٣٤١ ـ ١٢٨٤)، وەلی دیوانە، خانای قوبادی[1] **لە باسی**

---

١ ـ کەخانای قوبادی **بەزمانی کوردی فەخروشانازی کردوە** و زمانی کوردی بە سەرزمانی پارسیدا، تەرجیع داوە کە فەرمویەتی: هەرچەند مەواچان فارسی شە کەرەن ـ کوردی جە فارسی **بەل شیرین تەرەن.** ـ دیارە بەر لە ئیسلام زمانی کوردی ماد لە فەراغەنەوە (کاشغەر) تاگانا (لە مەدیتەرانەوە تاچین) خەڵکی لەو ناوە ناوە، بە زمانی کوردی ماد، ناسیاو بوون، بە تایبەت لە کاتی هێرشی ئیسکەندەردا، زمانی کوردی: گوتی، کۆرنی ، ئۆرارتو، هوری، لولویی، کاسی، سکاییماننایی، ساسانی نایری، کاردوخ، سوبارۆ، مادا کوڕی یافیسی کوڕی نوح پێغەمبەرە کوری خەلدون لەمێژوی بەرپەردا، بادینانی، بەتیرەی بادین کورد، ناو بردوە کە لە جزیرە و عیمادیە حوکومەتیان کردوە. لولو لەتیرەی ئارارات کە ٣٧ سەدە، بەر لە دایک بونی عیسا، کەهێمان دەوڵەتی جەمشید ـ ی کورد، ساز نەدرابو، لە نێوان کرماشانەوە تا بە غدایان بە دەس بووە و لە گەڵ ئارامسین کوڕی سارگونی شای ئاکادی، شەڕیان بووە وشکاوە و پاشای کوردان ناوی (ساتون) و دوەمیان (لاسیراب) بووە، ـ ماد، باوی سەرزاری خەڵک بووەو دەرسی پێی خوێندراوە، لە زەمانی زنجیرەی ساسانیان زمانی باو، زمانی ئاوێستایی کوردی بووە و

←

Dr.Saleh Ebrahimi



→ لە سەردەمی **هێرشی عەرەب** بۆ سەر کوردستان، شایە رو خۆویژی کورد لە کوشت و برین، تالاَن، بەدیل گرتنی ژن، پیاو، کچ و کوڕی کورد، وەلەستەمی هێرشکاران، خەبەری داوەو دوعاو نزای بردوَتە، بەر خوا و هاواری لە خوا کردوەو دەڵێ:

هۆرمزگان رمان ئاتران کوژان    وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان

.......................................    .......................................

**وەمێژوی گوزیدەش** ئەم شیعرە دەگێڕێتەوە کە لەو سەردەمە کە سپای عومەری بنی خەتتاب دەوری شاری قەزوێن یان دابوو، بە خەڵکی ئەوێیان وتبو، وەرن موسوڵمان بن و جزیەمان بدەنێ، ئیترکارمان پێتان نیە، خەڵکەکەیش لە وەڵامدا، بەوانیان وتبو: «**نە موسڵمان بیم، نەگزیە دیم، بشەن ئۆمە کە شەن کەیمە بە رەهیم**» کە بە زاراوەی پالەوی گۆرانی کوردییە. جا هەر لە بەرئەوەیە خانای قوبادی دەڵێ لەو سەردەمەی کەمن شیعرم و تووە و دیوانی شیرین و خوسرەوم بە زمانی کوردی لە ١١٥٣ مانگی داناوە لە سەرتاسەری کوردستان لە حوجرەی فەقێیان و **لە فێرگەی مەلای مزگەوتان، زمانی کوردی تەدریس** کراوەو دەقە عەربیە کانیش بە کوردی **بۆزانینخوزان** بەیان کراوە. دیارە هەرلە بەشێ لە کوردستان، کەسانێ دیکەی وەک: صەیدی هەورامی، مەلا ئەبولقاسمی لوڕ ناودار بە مەلا پەرێشان کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٨ تا سەرەتای سەدەی نۆی مانگی لە ژیاندا بووە، عەللامە غولامرەزا ئەرکەوازی کە تا نافینی سەدەی ١٣ مانگی لە ژیاندا بووە، یا نوشاد لوڕستانی لە تایفەی تەرها کە شیعری دارجەنگەی بە شێوە، مونازەرە، هەروەکو دارە ئاسوریک بە کوردی و لە کی هۆندوتەوە کە دەڵێ:

(هامسەران وەختێ، هامسەران وەختێ    ژ رۆژان، رۆژێ، ژوەقتان وەقتێ)

مەلا مەنوچیهر کولیوەند، کە لە نافینی سەدەی ١٢ لە ژیاندا بووە، کۆماسی: سەیید ئەحمەد بەگ لە ١٢١٠ لە دایک بووە و لە ١٢٩٤ مانگی مردوە، سەرهەنگ ئەلماسخان کە نۆڵەیی کە لە نیوەی ٢ی سەدەی ١٢ لە ژیان دابووە، تورکە میرە، میرزا ئەولقادر پاوەیی، میرنەو رۆز لورستانی، مەلا رۆستەم ئیلامی، مەلا حەق عەلی سیاپۆش، کە فەرهەنگ و واژەنامەی بە زاراوەی لەکی داناوە، مەجزوب، بولبول، جانەوەر، داخی، مەحروم، مەلا نیزام، خەستە، مەولانا دەردین، یوسف باسکە، میرزا شەفیع کولیایی کە لە ساڵی ١٢٠٦ مانگیدا مردوە و میرزا شەفیع جامەریزی لە نافینی

←

Dr.Saleh Ebrahimi



→ سەدەی ١٣ لە ژیاندا بووە و میرزا شەفیع پاوەیی کە لەساڵی ١٢٠٠ مانگی لە دایک بووە و لە ١٢٥٢ی مانگی مردوە و مەلا عیسا جوانرۆیی مامۆستای حەکیم مەولەوی کورد، کە لە نافینی سەدەی سێزدە مردوە. سەی ساڵەی ماهی دەشتی، سەی یاقۆو...؛ کە: بە زاراوەی گۆرانی یا کەڵهوڕی شیعریان داناوە، ـ وەدیارە، لەبەرا بابە تاهیری لوڕ، دیوانی شیعری بە کوردی داناوە. بەڵام ئازیزان باشەبزانین **ئینوخەلدون** لە سەرزانایی و خزمەتی نەتەوەی کورد، بە زمانی عەرەبی شایەدی داوە و نوسیویەتی: «... بنچینەی پێگەی زانین و ئەدەبی عەرەبی ٤ کتێبە ـ ٢ لەوانە کورد نوسیونی ـ ١ ـ ئەد بولکاتب نوسراوی کوڕی قوتەیبەی دینەوەری **کوردی لای کرماشانە** ـ ٢ ـ نەوادر یا ئەل ئیمالی نوسراوی ئەبو عەلی قاڵی دیار بەکری کورد ـ ە. (بڕوانە پەرەی ١١٧٥ موقەدەمەی ئیبنوخەلدون لە باسی ئەدەب و زماندا). **ئیمام موحەمەد غەزالی** فەرمویەتی: دینی ئیسلام لەسەر ٤ ستون، ویستاوە، کەسێ لەوانە، زاناو، و عولەمای کوردن، زانایانی دینەوەری لای کرماشان، ئامید: دیار بەکر و شارەزور (: هەلەبجە، هەڵەبجەی سوتاو، هێروشیمای کوردستان)، کە ئەگەر خوازانایان و عولەمای ئەو سێ ناوچە کوردنشینانەی بە ئیسلام نەدابا، دینی ئیسلام ئاوا قەوام و دەوامی نەدە بوو. **دیارە شادیەی ئیبنوخەلدون و ئیمام غەزالی** بۆ خزمەتی کورد، بەزمانو ئەدەب و فەرهەنگ و ئیسلام فرە گرینگەو نیشانەی روشدی کوردە، تۆبیر بکەوە کە ئەم زانا کوردانە چیها نورئەفشانی یان کردوە و خزمەتیان بە زمان و ئەدەبی عەرەبی کردوە، ئیبنوخەلەکان، **ئەبوفیدا ئەییوبی**، ئەبو حەنیفە دینەوەری محیدینی خەلاتی، خازینی، عەبدوسەلام ماردینی، **مەلا عەبدو رەحیم بارزانی ناودار بە عیراقی**، ئیبنوجنی عوسمان ئەبوفەتح، ئیبنو گەچ، ئەبوسعودی ئامێدی کە سوڵتان بایەزیدی عوسمانی ٢ جار جایزەی بە تەفسیرەکەی داوە. ئیبنی رەسول زەکی سابلاغی، قازی قوزات کەماڵەدین هەولێرێ نەوەزای ئیبنو مەنعە، شێخی ئیشراق، سوهرەوەردی یەکان، ئیبنوحاجب شارەزوری، شارەزوریەکان، دینەوەریەکان، ئیبنوحاج، ئیبنوصەلاح، هەر ٣ ئیبنو ئەسیرەکان، ئیبنوسیرینی باڵەکی خەلکی بەرەسیرین، ئیبنوئادەم، مەلا عەبدوللاّ بێتوشی، مەلا ئەبو بەکرموسەنیف چوڕی، مەلا جامی، زرەکلی، ئەحمەد شەوقی، ئەحمەد صراف، محەمەد کورد عەلی، عەبباس عەقاد، مەحمود عەقاد، مەحمود تەیمور، عایشە تەیمور، عەبدولباسیت،

←

Dr.Saleh Ebrahimi



→ حەزرەتی کاک ئەحمەد شێخ سلێمانی کە بە داخەوە مەکتوباتەکەی بە کوردی نە نوسیوە و بە فارسی نوسیویەتی، یا محەمەد قازی لەم سالآنەی دواییدا لە تاران ئەو هەموو کتێبەی بە فارسی تەرجەمە کردوە و ئیستایش: **(٢٠٠٨ز) قەلەم بە دەسانی کورد، لەم دیو** بە فارسی تەرجەمە دە کەن یا دەنوسن، ئەگەر ئەم قەلەم بە دەسانە، ئەونە لە گەل زمانە، زگماکیە کوردییەکەی خویان، نەبان و ناموو خونەگر، نەبواین و لانی کەم چەن کتێبیشیان بە زمانی شیرینی کوردی بنوسیبا، کە **زمانی کوردی هونەرە و ئەوان، لەو هونەرە، دورە پەریز بوون و بنەیان بۆخویان نە کردوە** کەچی سەرەیان بۆ لاوەکی کردوە، بۆیێ، دەلێن: تائێستا، کورد، هەرچی کردوە، بۆ بێگانەی کردوە، تەنانەت لەسەر باسی: **(بین، هیجا، لەت، سیلاب و سریچکاو مەقتەعی واژە)** لە زمانی عەرەبی فرە کاریان کردوە و ئەوانەیان دیاری کردوە، کە لە زمانی شیرینی کوردیدا، ئەگەر ٢ حەرف: (پیت) و یە ك بین بن ـ ١ ـ (چڕ، پڕ، بڕ، چوو، مو، شو، توو، دۆ، هۆ، مس، کز، مژ، دژ، دش، مر) ـ ٢ ـ (سێ حەرف بن، سێ پیتی وە ك (داو، راو، چاو، خاو) ـ ٣ ـ (٢بین و ٤ حەرف بن وە ك (باوك، با + وك ـ مامز، ما + مز، نەخۆش: (نە + خۆش ـ ٤ ـ پێنج حەرفی بن وە ك: (هاوار، ها+وار ٦ ـ شەش حەرفی بن وك: (هەنجیر: هەن + جیر و... ـ **سێبین و** حەوت پیتیبن وە ك: شارەزور، (شا + رە + زور)، **هەشت پیتی بن** وە ك: هەورامان (هەو + را + مان) بەلێ لە بەر ئەوەی قەلەم بە دەسانی کورد، ئاورێکی ئەو تۆیان لە زمانی شیرینی کوردی نەداوە تەوە یا ئەگەر ئاوڕیشیان، دابێتەوە، بە داخەوە بەچەن زاراوەی لێك جیا، بووە، **(زاراوە بیژیان کردوە)** بۆ نمونە لە بیسارانیەوەبیگرە تا ئاخرین شاعێرانێ کە بە شێوگۆرانی شیعریان و تووە کەلە بەرا ناومان بردون بە شێوە گۆرانی هۆنەو شیعریان وتووە ـ ٢ ـ لە بەشی باکوری کوردستان کەسانێ وە ك عەلی حەریری، **مەلای جزیری**، فەقێ تەیران، **حەکیم ئەحمەدخانی** جگەر خوێن. قەدری جان، مەلای باتە، نالبەند، مەلا مەحمودبایە زیدی، صەبری بۆتان کە فەرمویەتی: (دەولەمەندە زمانی کوردی / ساف و رەوانە، هەرماوە زمانی کوردی) بە شێوەزاری کورمانجی باکوری شیعریان و تووە ـ ٣ حاجی قادری کویێ، نالی، سالم، مەحوی، ناری، بێکەس، تاهیربەگ، ئەحمەد موختارجاف، وەفایی، خەلیفە بەها، ئەدەب، ئەدیبی، فیدایی، خەمین، ئاویر، سەیید قادر سیادەت، سەیفولقوزات، هەژار، هێدی و هێمن و... بە ←

Dr.Saleh Ebrahimi



**لە دایک بوون** و مردنی مەستورەخانمی کوردستانی جیاوازی بیرورا هەیە، هەندێ

---

→ زاراوەی کورمانجی شێوە سۆرانی شیعریان و تووە (سێ زاراوەی لێک جیا) کەچی فارسەکان، تەنانەت، کوردەکان کە بە فارسی شیعریان وتووە، کەسانێ وەک: نیزامی گەنجەوی، کە فەمویەتی:

(من آن کُردزاده لەشکریم　　　　کز نیاکان خود گوهریم)

بەسامی کورد، لۆکەری، شیخی مەغریبی مەلا محەمەد شیرین، کە لە پەسنی ئەبولوەفای کورد، دەفەرمێ:

(این کُردی پریچهره ندانم که چه کرده است
کز جملهٔ خوبان جهان گوی ببرده است).

**هومامی تەوریزی کورد و... کە بە فارسی شیعریان و تووە لە باقی** شیعر ویژە فارسەکان جیانیەو یەک دەگرنەوە، کەچی من (شەپۆل) کە لە تاران لە زانکۆ، دەرس بە زانینخوازان ـ ی ئەردەکانی و ئەوانە، دەڵێم کاتێ بەزاراوەی خۆیان قسەیان دەکرد، **کەس لە قسەکردنەکەیان حاڵی ئەدەبون و لەوان تێ نەدەگەیی.** جامن لام وایە، هەرلەبەر ئەوەیە کورد، ناتەبایە و بەزاراوەی جیاجیایش شیعرو هۆنەیان و تووە وئێستایش قەڵەم بە دەسانی کورد، لەم دیو هەر بە عەرەبی و تورکی و پارسی دەنوسن وشت تەرجەمە، دەکەن، هەتیوەکانی ئەتا تورکی کەونە وەسمانی و فارسی کۆنەبن دەسی ئورارتو و کۆرتی، و ماد و مانناو عەرەبی بەرمنەتی کورد (کە ئەگەر صەلاحەدین ئەیوبی زەرزاری نەبوایێ، ناوە عەرەبیەکان دەبووە سەرکیس، مارشەمعون، مەقوقس و...) زمانی کوردی (زمانی سولتان صەلاحەدین، ئەبولوەفای کورد کە کەسانێ وەک حافزشیرازی و حەکیم سەنایی مریدی بون کە حەکیم سەنایی دەڵێ:

(قرنها باید که از پشت آدم نطفه‌یی
بوالوفای کُرد گردد یا شود ویس اندر قرن)

و زەینەدینی ئامێدی کە **٦٠٠ ساڵ بەرلە لۆی برایلی فەرانسەوی خەتی باریزەی بۆ نابینایان داهێناوە)** قەدەغەو مەنع دەکەن، ئەی هاوار چیە؟ چی قەوماوە، بۆچی تورک و فارس و عەرەب نایەڵن **رۆڵەی کورد، ئازاد و سەربەخۆبێ و دەوڵەتی تەیبەت بەکورد و کوردستان ساز بدرێ.**

Dr.Saleh Ebrahimi



کەس لە دایک بونی بە ١٢٢٠ مانگی و ١٨٠٥ زو هەندێ‌تر بە ١٢٦٤ مانگی و ١٨٤٧ زاینی نوسیوە و رایشیان گەیاندوە (٤٤ تا ٤٢) ساڵ ژیاوە و خوسرەوخانی ناکامی مێردی مەستورەخانمی کوردستانی کە لە ١٢٥٠ مانگیدا مردوە، بە تاڵترین ساڵی ژیان بۆ مەستورەخانم، دانراوە. **ئەمەیش چەن شیعری مەستورە خانم کوردستانی بە زمانی کوردی:**

**شیعر**

حەیف نیەن چون تو، هیچ شەهبازی
شوخ مەهوەشی، ئالودەی نازی
یەک جیهەت جە عەیش عیشرەت جیا بو
پەیوەستە ئە وقات، بەرگش سیا بو
جەهانی یەکسەر ج غەم مەشعوفەن
خورشیدی چون تو دایم کسوفەن
هیچ رەنگی نیەن جە مەستوورەوە
زینەت ها بە رەنگ سپی و سوورەوە
ئەر سەد مولەققەب بە مەستوورەنی
تو زیبای دیبای سپی و سوورەنی

**هۆنە:**

روله جوانەکەی مە لبەندی سنە
خەمی خەلکەکەت دیارە هی منە

*

رووتەکە رووتە یا شەبەقی مانگی ئاسمان
قەددی خەرامی تویە یا سەروی بووستان

*

Dr.Saleh Ebrahimi



بەڕێز کاك کەلیموڵڵا تەوەحجودی[1] ئەنوسێ:

مەستورەی کوردستانی وێنەی پەروینی ئیعتیصامی‌یە و ئەم بڕە شێعرە کوردی‌یە هی مەستورەخانمە، بەڕێز سەید محەمەد صەمەدی لە مەهابادەوە بۆی ناردوە و لە کۆبەی = کتێبەکەیدا لە چاپی داوە و ئێمەیش بۆ ئێوەی بەڕێزی ئەگێڕینەوە:

غەزەل:

گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم بە زەخمی سینەدۆزی تیری موژگانت
بە زوڵف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم
دڵێکم بو ئەویشت خستە نێو چاهی زەنەخدانت
تەشەکور واجبە بۆ من ئەگەر بمرم بە زەخمی تۆ
بە شەرتێ کفنەکەم بدرون بە تای زوڵفی پەریشانت
جەنابا! ئاشقان ئەوڕۆ، هەمو هاتونە پابۆست
منیش هاتم، بفەرمو بمکوژن بمکەن بە قوربانت
لە کوشتن گەردنت ئازا دەکەم خۆت بێیتە سەر قەبرم
بە ڕۆژی جومعە بمنێژن لە لای نەعشی شەهیدانت
کەسێ تۆ کوشتبێتت ڕۆژی مەحشەر زەحمەتی نادەن
ئەگەر وەك من لە ئەو دنیایە سوتابێ لە هیجرانت ::

ژیناوەری زانایانی کورد...[2] لە بابەت مەستورەخانمەوە چەن مەبەستێکی

---

:: هەر چەن دەڵێن: ئەم شیعرانە هی ئەمین بە تحایی‌یە.

---

۱- بەرگی دوەمی حەرەکەتی کورد بۆ خوراسان چاپی ۱۳٦٤، خۆری پەرەی ٥۱۱

۲- یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست نوسراوی: محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل) چاپی تاران ساڵی ۱۳٦٤ هەتاوی پەرەی ۳۱٦ و ۳۱۷ و ۳۱۸ و ۳۱۹

Dr.Saleh Ebrahimi



نوسیوە و لەبن سەردێری (ڕوت)دا ئەم شێعرە کوردییانەی گێراوەتەوە:

**ڕوت:**

ڕوتە کە ڕوتە یا شەبەحی مانگی ئاسمان
قەد و خەرامی تۆیە یا سەروی بۆستان
نەمدیوە مانگی کڵاوی لە سەر بێ غەیری تۆ نەبێ
مەعشوق و نەوجەوانی وە ناو گوڵستان
یا شێخ ئەونە ناوی قورئانم لا مەوە
من دینی نیگاری خۆم بەسە وا دام بە تۆ جەنان
گیانە لەوانە نیم کە لەبەر گیان بڕۆم لە لات
گەر تیر بباری حازرە گیان ئەیکەم بە نیشان
مەست و مەدهۆشم دەمی یار پێم کەرەم کە
شەهدی حەیات و ئاوی حەیوان و عومری جاویدان

مەستورەخانم لە دیوانی شێعرە فارسییەکانی خوێدا ناوی خۆی بەمجۆرە ئەبا و ئەڵێ:

**شیعر**

خورشید وش و بنام ماه شرفم
مستوره و خسرو زمان را طرفم

**بەزاراوەی هەورامی**

خوسرەوم وەهار خوسرەوم وەهار
پاشانە بووە ئیمسال نەو وەهار
بەرنیان وەبەر گوڵان جە گوڵزار
نەکەرۆ درەخت شکۆفە ئیظهار
نە صەحن چەمەن نووانۆ بولبول
هەنی نەنیشۆ ژاڵە نە ڕوی گوڵ

Dr.Saleh Ebrahimi



نیلوفەر تا حەشر بەرنیو جە ئاو
جە روی گوڵ سور نەکیشۆ گوڵاو
وەنەوشە و سونبول نەسرین و شەوبۆ
تا قام قیام بەرنیان جە کۆ
سوسن و لالان خوار و نگون بان
شەقایق رەنگ زەرد جگەر پڕ هون بان
نەسیم صەبا نەیۆ وە چەمەن
نە شانۆ شەونم وە روی نەستەرەن
جەعفەری و سەمەن ریحان و بەیداخ
نەرویان جە خاك چەنی ئاخ و داخ
ئاغەم: دەمای مەرگ دیدە شەهلای تۆ
یاشا کەس نەرگس نەکەرۆ، وە بۆ
بگیرۆ، وەدەس هەرکەس دەسەی گوڵ
وینەی نیش خار بپێکۆش نە دڵ
قەقەهەی کەوان نەبۆ نە کۆسار
نە رەنگ گوڵ بۆ نە بەزم گوڵزار
بڕەژۆ سووەیل ئیمساڵ چون ساڵان
رەنگ سور نەکەرۆ، بەرگ نەوهاڵان
پەی چی (خوسرەو) بەند نە تۆی مەزارەن
(مەستورە) جە سەیر وەهار بیزارەن
قەسەم بەو خودا واحید و فەردەن
نەی چەن رۆژەی عومر تا وادەی مەردەن
جە دەمای خوسرەو سەریر صەحرا و دەشت
ئارەزوی چەمەن تەماشا و گوڵگەشت

Dr.Saleh Ebrahimi



نەگهەتی گوڵان شەمامە و شەوبۆ
جە دنیای پڕ مەکر جە من حەرام بۆ
(مەستورە) مەلول دڵ جە مەینەت مەس
جام عەیش توهی شیشەی غەم بە دەس
فەلەك نە جەورەت زار و سەرگەردان
وختەن دەیری بشون وە هەردان
ئەی زوڵم سەنگین ئەی بێدار تۆ
هەر مەواچون داد هەر مەکەرون رۆ
والی ذی شەوکەت یوسف لەقام بۆ
ئیسکەندەر قودرەت حاتەم عطام بۆ
هوژەبر بێباك روی مەیدانەم رۆ
فەخر دودمان (ئەردەڵانەم) رۆ
جەوان نەورەس نەمەکینەم رۆ
مایەی دڵ وەشی دنیا و دینەم رۆ
شەمع شەبستان خوسرەو خانەم رۆ
مایەی شادی و شەوق کوردستانەم رۆ
زوبدەی والیان والا جاهەم رۆ
(فخرالولاتم) میهر شاهەم رۆ
جەمشید ثانی فەرەیدونەم رۆ
ئێسە گیردام قەبر دونەم رۆ
شاهلان کەمەر هەم لاڵ بەخشەم رۆ
ثانی توهومتەن صاحیب رەخشەم رۆ
لاڵ بەخش! خۆم فیدای لاڵ بەخشانت بام
فیدای بەزم عەیش مەی نۆشانت بام

Dr.Saleh Ebrahimi



خوسرەو؟ ئامانەن فیدای نامت بام
دەستاخی مەزار قەید دامەت بام
فیدای دو دیدەی مەست مەخمورەت
قوربان رەنجش لاشەی مەهجورەت
قوربان نالەی زار و زگارت
فیدای زەلیلی دەس ئازارت
خوسرەو! خۆم فیدای نەوجەوانیت بام
فیدای تاج و تەخت خوسرەوانیت بام
فیدای جەوانی کام نەیاوات بام
فیدای مال چۆل (خوسرەو ئاوا)ت بام
(مەستورە)! نە جەور دنیای پر تەزویر
نە جای تەقریرەن نە یاگەی تەحریر

ئەم شێعرانە برای دڵسۆزم کاك بەهائەدین مەردۆخ بە دیاری ناردویەتی و منیش هێنامە سەر ڕێزمانی کوردی و ئەوا بە سپاسەوە لە چاپی ئەدەین. هەروا کاك عبدالرحمن پاشا لە گۆواری سپیدە بە ناوی دیاری «شەپۆل» لە سپیدەی ژمارەی ٣ و ٤ی پایزی ١٩٩٣ پەڕەی ٤٥ و ٤٦ لە چاپی داوە.

سەرچاوە:

١ـ کتێبی حەدیقەی ناصریە.مێژوی کوردستان نوسراوی.میرزا عەلی ئەکبەر صادیقولمولك خەتی.

٢ـ مەجمەعولفوصەحا بەرگی ٢ نوسراوی رەزاقولیخان هیدایەت پەڕەی ٣٥٦.

٣ـ حەرەکەتی مێژویی کورد بۆ خوراسان بەرگی دوەم نوسراوی زانای بەڕێزی کورد کەلیموڵڵا تەوەحودی چاپی ١٣٦٤ هەتاوی پەڕەی ٥١١ و گەنجینەی فەرهەنگ و زانست.

چیست عیش و کامرانی گویمت گر خودندانی — دولت وصل نگار ولَذّتِ روز جوانی
خرقهٔطاعات وتقوی رَهن‌صَهباشدولیکن — عاقبت دانم که این مَی حاصل آردسر گرانی
گر حیات جاودان خواهی زلعلش بوسه بستان — زانکه در آن لب بود مُضمرحیات جاودانی
قصّه در وصفش نرانم، حاش‌لله زآنکه دانم — همچونقش دلکشش صورت‌نبندد کلك مانی
گرمه و سروش بخوانم، بس خطاباشد که نبود — ماه با این دلفریبی، سروبا آن دلستانی
شهرت زیبای شیرین، شرح حُسن روی لیلی — جُمله با وصفِ مثال او بود اَفسانه خوانی



چشم دل «مستوره» ازسیرجمالش برندوزی
صَـــدرَهَت گویند اگـر مانند مُوسی لَن‌تَرانی

*

افسوس که گردِ قَمَرت هاله گرفت — خارآمد و اطراف گُل و لاله گرفت
آهی که من از سینه کشیدم آخر — در روی وَی آتش زد و تبخاله گرفت

**ساختومانی نشیمه‌نی مه‌ستووره خانم کوردستانی، له شاری سنه**

- ژیناوه‌ری زانایانی کورد ج ۲ لاپه‌ره‌ی ۲۴۲ تا ۳۴۶ شه‌پوڵ. مجمع الفصحا ج ۲ لاپه‌ره‌ی ۴۵۶ - تاریخ ئه‌ردلأن نوسراوی خودی مه‌ستوره خانم - حدیقهٔ ئه‌مان اللّهی لاپه‌ره‌ی ۴۳۵ تا ۴۵۷ مێژوی مشاهیر کورد نوستاد بابا مه‌ردوٚخ روٚحانی شێوا.

Dr.Saleh Ebrahimi




بلبلی خون دلی خورد و گلی حاصل کرد
باد غیرت به صدش خار پریشان دل کرد
طوطی‌ای را به خیال شکری دل خوش بود
ناگهش سیل فنا نقش امل باطل کرد
قرةالعین من آن میوه دل یادش باد
که چه آسان بشد و کار مرا مشکل کرد
ساربان بار من افتاد خدا را مددی
که امید کرمم، همره این محمل کرد
روی خاکی و نم چشم مرا خوار مدار
چرخ فیروزه طربخانه از این کهگل کرد

Dr.Saleh Ebrahimi

Dr.Saleh Ebrahimi



# سالّ نوینی روداوەکان(١)

١٢١٢ لادانی حەسەنعەلیخانی ئەردەلان و دانانی ئەمانەللاخان لەلایەن فەتالیشای قاجاری تورکەمەن.

—— لە دایک بونی خورشید خاتون.

١٢١٥ قەراردادی بازرگانی - رامیاری ئێران و ئینگلیس

—— شێخ محەمەد سەعید تەختی دەرس بێژی مزگەوتیدار ئیحسان لە ١١٥٢ی مانگی لە دایک بووە و لە ١٢٣٦ مانگی وەفاتی کردوەو ٤ کوڕی بەناوی شێخ عەبدولقادر موهاجیر، شێخ محەمەد وەسیمسانی، شێخ محەمەد نەسیم و شێخ محەمەد جەسیم حوجەتولئیسلام بووە.

—— شێخ محەمەد قەسیم برای شێخ محەمەد، تەختی لە مزکەوتی دارئیحسانی شاری سنە دەرس بێژ بووە کە ئەمانەللاّخان ئەوەلّ والی سنە فێرگەی دارئیحسانی بۆ ئەو جوتە برایە سازداوە.

—— لە دایک بوونی شیخ عەبدولقادر موهاجیر، کوڕی شیخ محەمەد سەعید تەختی.

—— حەزرەتی نالی لە شارەزور لەگوندی خاك و خۆلّ لە سالّی ١٢١٥ی مانگی لەدایک بووە و لە ١٢٧٣ دا لە شاری ئەستەمبول وەفاتی کردوە و لە قەبرستانی ئەییوب ئەنساری ئێژراوە.

١٢١٦ راکردنی حوسین عەلیخان لە عەمباری شاو پەنابردن بۆلای موکری و بلّباس، تیشکان و گیران.

١٢١٧ راپەڕینی خەلّکی و لاّتی ئەردەلان بەدژی ئەمانەللاّخان و شکایەت لەو لە دەرباری قاجار بە رابەری فەتحعەلی بەگی وەکیلّ و ئاشتی کردن لەگەلّ ئەمانەللاّخان بە ناوبژی کردنی فەتالیشای قاجار.

—— کوژرانی کوڕانی محەمەد رەشید بەگ لەلایەن ئەمانەللاخانەوە.

—— مردنی سلێمان پاشا (وەزیری بەغا و جێینشینی عەلی پاشا بەراسپاردەی ئەو.

—— هێرشی وەهابیان بۆسەرکەربەلا و تالاّن وکوشتنی هەزاران کەس.

١٢١٨ رەمەزان سەرەتای شەڕی ئێران و روسیە.

١. وەرگرتن لە دیوانی مەستورەخانمی کوردستانی.

Dr.Saleh Ebrahimi



ـــــ شەوال داگیرکردنی گەنجە و لکانی بە روسیەوە

ـــــ لەدایک بوونی میرزا عەبدوللاّمونشی (: رەونەق) مامی مەستورە.

١٢١٩ (سەفەر) رۆیشتنی نایبوسەڵتەنە لە تەوریزەوە بۆجەنگ لەگەڵ روس.

١٢٢٠ ماه شەرەفخانم قادری: مەستورە کوردستانی، لە ساڵی ١٨٠٥ زو ١٢٢٠ مانگی لە شاری سنە لە دایک بووە.

ـــــ شێخ محەمەد وەسیم. سانی لە ساڵی ١٢١٩ مانگی لەدایکبووە و لە ١٢٧٥ وەفاتی کردوە و کۆبەی لەسەر شەرحی تەهزیبی کەلام ـ ی شێخی موهاجیری برای نوسیوە و لە میسر لە چاپ دراون.

ـــــ رەجەب هاتنی نوێنەری ناپلئۆن بۆ تاران و مردنی ئەو

ـــــ هێرش، کەهیا پاشا بەسی: (٣٠) هەزار کە سەوە بۆسەر مەریوان و تێکشکاندنو بەدیل گرتنی ئەوو سپاکەی.

ـــــ سەرەتای دەس دانە ئاوەدان کردنەوەی ولاّتی ئەردەلاّن لە لایەن ئەمانەللاّخانە وە.

ـــــ ئەو رەحمان پاشای بابان، کوری مەحمود پاشای ئەوەڵ بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ لە ولاّتی بابان حوکومەتی کردوە.

١٢٢١ رەبیعی ٢ چوونی نوێنەری فەتالیشا بۆ فەرانسە

ـــــ هاتنی شێخ ئەحمەد ئیحسابی بۆ ئێران.

ـــــ لە دایک بونی کەیخوسرەوخانی ناکام.

ـــــ لە دایک بونی سەیید ئەو رەحیم حەکیم مەولەوی کورد (١٣٠٠ ـ ١٢٣٩)

١٢٢٢ گرێدانی پەیماننامەی ئێران و فرانسە

ـــــ رەمەزان، هاتنی دەسەی نێردراوی فەرانسە بۆ ئێران لەگەڵ ژەنرال گاردێن.

ـــــ (رەبیعی ٢) گرێدانی پەیماننامەی پرسە لە نێوان فەرانسە و روس (٩ ژوئیەی ١٨٠٨)

ـــــ نەخشەی کوشتنی ئەمانەللاّخان ئەردەلاّن لە لایەن وەکیلەکان وتێشکانی ئەوان.

ـــــ مردنی محەمەد رەحیم بەگ و نەزەر عەلی بەگی وەکیل.

١٢٢٣ راگەیاندنی سەر بەخۆیی دەوڵەتی کورد، لە لایەن عەبدورەحمان پاشا بابان و ٢٤ ساڵ حوکومەت کردن و مردن لە ١٢٢٨ی مانگی.

١٢٢٤ (موحەرەم) گرێدانی پەیماننامەی کورتی ئێران و ئینگلیس لەمانگی (١٢ مارسی ١٨٠٩ ز ـ).

Dr.Saleh Ebrahimi



—— (رەبیعی ٢) رۆیشتنی ئەبوحەسەنخان شیرازی بۆ لەندەن.

—— لە دایک بونی مەلا محەمەد شێخ ـ ی ئیسلام (مردن ١٢٨٩ مانگی).

—— هێرشی جاف بۆسەر ئەمارەتی ئەردەلان.

—— (رەمەزان) جەنگ لە نێوان بەغا و حاکمانی بابان لە ساڵی ١٢٢٦.

١٢٢٦ (شەوالی) هاتنی سەفیر (باڵوێز)ی ئینگلیس بۆ تاران.

—— ناردنی ٢ زانینخواز بۆ ئینگلیس.

—— گەرانەوەی مەولانا خالید (قوتبی تەریقەتی نەخشبەندی) لە ساڵی ١٢٢٦ی مانگی لە هێندوستانەوە بۆ شاری سنە و دوای چەن رۆژ مانەوە، دەچێتەوە شاری سلێمانی و لە ساڵی ١٢٢٠ دەچێتە حەج و لە ١٢٢٤ دەگاتە خانەقای شا عەبدوللا دیهلەوی و لە ١٢٢٨ لە سلێمانی دەروا بۆ بەغدا و لە ١٢٢٣٠ بە تەقازای مەحمود پاشای بابان دەگەرێتەوە بۆ سلێمانی و لە ساڵی ١٢٣٦ بۆ جاری سێوەم دەچێتەوە بە غدا و لە ساڵی ١٢٣٨ لەگەڵ ژمارێ، لە رانایان و خواناسانی پەیرەوانی بە دەعوەتی شێخ ئەحمەد خەتیبی هەولێری و خەڵکی دیمەشق، دەچێتە ئەوێ و لە وێوە دەچێتە قودس و دەگەرێتەوە دیمەشق و لە ١٢٤١ بۆحاری ٢ دەچێتە وە حەج.

—— گرتنی شاری سلێمانی و دانانی دوبارەی عەبدورەحمان پاشای بابان لە ١٢٢٦ی مانگی لە بان تەختی پاشایی لە لایەن والی و محەمەد عەلی میرزا.

—— حاجی مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی کە دەچێتەوە سەر موزەفەرەدین محەمەد شەهید شوانکارەی کوردی لای شیراز، کە تەفسیر و پراوێزێ فرە زانایانەی لە سەر ئایەتی نور نوسیوە و خاوەنی گوندی خاوێران و پیریونس بووە و چەن ئاشی ئاویشی هەبووە و دەسخەتی قەباڵەکانی لە کتێبخانەی (شەپۆل) دا هەیە و حاجی مەلا عەبدولکەریم لە سەر نوێژکردنی بەیانی کە سەری لەسەر سوجدە بووە،شەهید کراوەو لە پیریونس نێژراوە خاوێران و پیر یونس لە ٢٠ کیلۆمیتری شاری سەقز دایە لەسەر بەنداوی خوار شاری سەقز (بروانە کتێبی فەرهەنگی ناماوەرانی مەعاسری ئێران بە فارسی بەرگی ٢ ئەلف پەرەی ٤٨ و ٤٩ چاپی ١٣٨٤ی هەتاوی تاران.

—— حاجی مەلا محەمەد باڵەقولۆ ناودار بە (بەها) ئەمین حوزوری مەلیک غازی شێخ

Dr.Saleh Ebrahimi



عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین، (بەها) کوڕی مەلا سەعیدی گەورە، کوڕی حاجی مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی‌یە کە (بەها) لە ٢٧ی رەمەزانی ساڵی ١٣٤٣ی مانگی لە ٨٣یّ ساڵیدا لە شاری زاناپەروەری مەهابادی موکری وەفاتی کردوە و نێژراوە و مەرقەدەکەی لە نێزیک شەقامی جامی جەم لە نێوخزنی شێخ مەحمود، دایە، کە لە سولالەی ساداتی نەهریە و لە ١٣٣٤ی مانگی بە دەسی روسی تەزاری شەهید کراوە و بەویێەی سەکۆیێ کە ٣ قەبرە و سەریان بە بەردی مەرمەڕ، دا پۆشراوە (بەها) دیوانی شیعری بە کوردی و فارسی هەیە (بڕوانە سەرچاوەی بەرو، هەر ئەویّ و هەروا بڕوانە کتێبی تاریخی مەشاهیر کورد، عورفا، عولەما، ئودەبا و شوعەرا؛ بەرگی ٢ پەرەی ٢٢٢ بابا مەردوخ رۆحانی.

—— مەلا ئیبراهیم بن حاج مەلا محەمەد (بەها) بن مەلا سەعیدی گەورە، بن حاج مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی کە مەلا ئیبراهیم لە رۆژی هەینی ١١/٣ /١٣٣٧ی هەتاوی و ١٩٥٨ی زاینی لە ٦٨ ساڵیدا لە شاری مەهاباد، وەفاتی کردوە و لە تاقەداری مەهاباد ـ ی موکری نێژراوە و چەن شیعری بە زمانی کوردی ئەو بە ناوی مەلا ئیبراهیمی موکری لە کتێبی (پارانەوە) ئامادە کراوی ئامینە عەزیزی چاپی ١٣٨٠ی هەتاوی پەرەی ٢٩ و... لە چاپ دراوە.

—— حاجی مەلا ئەحمەد (عارف) بن مەلا سەعیدی گەورە، بن حاجی مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی کە لە ساڵی ١٣١٠ی مانگی لە مەککە بە نەخۆشی وەبا (: زگچون) وەفاتی کردوە و لە (جنّت‌المعلی شعب نور) نێژراوە و دیوانی شیعری بە کوردی و فارسی هەیە (بڕوانە دەسخەتی سەفەرنامەی حەجی حاجی سەلیمخانی بەگزادەی تیکانتەپەی لای شاری بۆکان و ژمارەی ١٦ کتێبی مێژوی ئەدەبی کوردی عەلائەدین سەجادی چاپی بەغدا و هەروا بڕوانە کتێبی پارسی گویان ـ نوسراوی عەبدو حەمید حیرەت سەجادی سنەیی چاپی ١٣٧٥ ی هەتاوی و کتێبی ویژە و ویژەوانی نوسراوی صەدیق بورەکەیی چاپی ١٣٧٠ ـ مەلا سەعیدبن مەلا ئیبراهیم بن حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) بن مەلا سەعیدی گەورە بن حاجی مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی کە لە ١٣١١ی هەتاوی و ١٩٣٣ ز ـ لە دایک بووە و لە خولەکی ١٠ی شەوی هەینی لە ١٤ی خاکەلیوە (نۆسان) ی ١٣٨٣ی هەتاوی و ١١

Dr.Saleh Ebrahimi



سەفەری ١٤٢٥ مانگی و ٢ی ئاوریلی ٢٠٠٤ زایینی لە شاری بۆکان وەفاتی کردوە ونێژ راوەوکتێبی گەشتێ لە عولومی بەلاغەی بە کوردی چاپی ١٣٦٤ و کتێبی قارەمانانی کورد، چاپی ١٣٨٢ بە زمانی کوردی و کتێبی ئاشنایی با (تحولات اسلام)ی چاپی ١٣٦٢ی هەتاوی بە فارسی و... نوسیوە.

—— (شەپۆل) دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی بن مەلا ئیبراهیم بن عارفی رەببانی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد بن مەلا سەعیدی گەورەبن حاجی مەلا عەبدولکەریم پیریونس ناودار بە شیرازی کە لە ٣/٤/١٣١٢ ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و ناوی دایکی زیبدە قەدەم خێرە و لە تایفەی شێخ سمایل گەڵباغی یەو (شەپۆل) قورئانی بە کوردی تەرجەمە کردوە و لە ١٣٧٦ ی هەتاوی لە چاپ دراوە و تائێستا زیاتر لە ٥٠ هەزار نوسخەی لێ بلاوکراوە تەوە و هەروا پێنج بەرگی کتێب بە ناوی کۆمە لەو تارێ (وارگەو ناودارانی کورد، راپەرینی مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلای نەهری و... لە چاپ داوە و باپیری (شەپۆل) نوسیویەتی (شەپۆل) لە ٢٧ مانگی جودەی (بە فرانبار: دیسامبر) ساڵ ١٣٤٧ی مانگی لە دایک بووە.

—— دامەزرێنەری حوکومەتی شوانکارە ئەمیر فەزلەوەیهە، کە کوری عەلی بن حەسەنی ئەیوبی بووە، حوکومەتی شوانکارە ساڵی لە ٤٢١ی مانگی و ریکەوتی ١٣٠٥ ی زایینی دامەزراوە و تا ساڵی ٧٥٦ی مانگی و ١٣٥٥ی زایینی هەر بەردەوام بووە، کۆیەی ماموستا جەمیل روژ بەیانی بە کوردی و کورد و کوردستانی ئەمین زەکی تەرجەمەی محەمەد عەلی عەونی، چاپی بەغدا، پەرەی ١٣٧ نەقل لە کۆبەی شەرەفنامە بە کوردی پەرەی ٦٤ چاپی ٢ ساڵی ١٩٨١ ز ـ ئۆفسێتی چاپخانەی جەواهیری، تاران.

١٢٢٧ (زیحەجە) تێشکانی عەبباس میرزا لە شەر لەگەڵ روسەکان.

—— (مانگی سەفەر) پەیماننامەی دورو درێژی نێوان ئێران و ئینگلیس (١٢مارسی ١٨١٢ز).

—— تێشکان وکەوتنی ناپلئۆن.

١٢٢٨ سەرەتای ئیرشادی شێخ عوسمان سیراجەدین خەلیفەی مەولانا خالید نەخشبەندی.

١٢٢٩ سەفەری ئەبو حەسەنخان شیرازی بۆ روسیە.

Dr.Saleh Ebrahimi



—— (مانگی زیحەجە) مۆرووواژوّکردنی عەهدنامەی ئیسلامی و قەتعی ئێران و ئینگلیس (: ٢٥ نوامبری ١٨١۴ ز).

—— لە دایک بوونی عەبدولقادر بن رۆستەم بابانی، نوسەری کتێبی سیيە روڵئە کراد

—— داگیر کردنی مولّک و زەویو زارە پرپیت و باشەکانیکوردستانی سنە لە لایەن ئەمانەللاّخان.

—— لە دایکبونی سەی یاقوبی بن سەی وەیس ئەهلی قەمشەی ماهی دەشتی، شاعیر کورد لە ١٢٢٨ی مانگی لەدایک بووە و لە ١٣٠١ یا ١٣٣۴ مردوە.

—— مارە کردنی (سەروناز خانم) حەرەمی فەتالیشا لەلایەن ئەمانەللاّخان.

١٢٣٠ ناردنی ٥ زانینخواز، دەسەی ٢ بۆ ولاّتی ئینگلیس (میرزا صالح و...)

—— شکایەت لە دەس زولّم و زۆری ئەمانەللاّخان لە دەرباری قاجار تا لە سەر حوکم لایبا تالەوەزیاتر زولّم لە خەڵکی نەکا.

—— بەئاکام نەگەیشتنی راپەڕین بە رابەری سەید مەحمود زەکی، وەکیلەکان و محەمەداغا نازر (با پیری مەستورەخانم)

—— شای قاجار داوای لە ئەمانەللاخان کرد تا ئاشتی بکەن و لەگەڵ یەکدا بسازێن.

—— شەهید بوونی سەید مەحمود زەکی و کورەکەی لە نێوغاری کەرەفتو.

—— راپەرینی (محەمەد حەسەنخان) کورەگەورەی ئەمانەللاّخان.

١٢٣٢ کوژرانی پێشەوای دەسەی ئیسماعیلیە.

—— چاپی سیپارەی جیهاد یە: فتواکانی ئاخوندو مەلاکان، بۆ جەنگ لەگەڵ روس.

—— دامەزراندنی یەکەم دەسگای چاپی حروفی (پیتی) لە شاری تەورێز.

١٢٣٢ دانی پلەی سەدارەت بە حاجی محەمەد حەسەنخانی ئیسفەهانی (نیزام دەولە)

—— (رەمەزان) مردنی میرزا شەفیع مازندەرانی صەدر ئەعزەم

—— وەفاتی عەللامە شێخ محەمەد قەسیم لە ساڵی ١٢٣٦ ی مانگی، کە مەولانا خالید شارەزوری لە ساڵی ١٢١٣ ئیجازەی لە سنەلای ئەم زانایە وەرگرتووە.

١٢٣٥ (سەفەر)گەرانەوەی هەر ٥ زانینخوازەکان بۆئێران

—— دژایەتی کردنی عەبدورەحمان پاشای بابان لەگەڵ محەمەد عەلی میرزا

—— رو، وەرگەڕاندنی عەبدوللاّپاشا بابان لە بەغدا و پەنا بردن بۆ محەمەد عەلی میرزا (حاکمی کرماشان).

Dr.Saleh Ebrahimi



—— مردنی عەبدورەحمان پاشای بابان لە ۱۲۲۸ی مانگی وجێی نشینی مەحمود پاشا

۱۲۳٦ (زیحەجە) دەس پێکردنی شەڕ لە نیوان ئێران و عوسمانی

—— وەفاتی شێخ محەمەد سەعید (دەرس بێژی دارولئیحسانی سنە لە ۸۰یا ۸۲ ساڵیدا

—— هێرشی مەحمود پاشای بابان بۆسەر خاکی ئەردەڵان

—— داگیر کردنی خاکی بابان لە ۱۲٦٦ی مانکی بەیارمەتی عوسمانی لەلایەن ئەمانەڵڵاخان دوەم والی و بلاو بونەوەی نەخۆشی وە با (: زگ چوون) لە نێو سپاکەیدا.

—— هێرشی جافەکان بۆسەر حاکمانی ئەردەڵان بە دنەدانی مەحمود پاشا

—— تەمێ کردنی مەحمود پاشا لە لایەن ئەمانەڵڵاخان والی و ئابلۆقەدانی هەمەلایەنەو تێشکانی ئەوان و تالان کردنی شاری سلێمانی لە لایەن ئەمانەڵڵاخان.

—— مارە کردنی جیهان خانم بۆ خوسرەوخان کوڕی ئەمانەڵڵاخان

۱۲۳۷ (زیقەعیدە) مردنی میرزا بوزورگ قایم مەقام و کورەکەی (میرزا ئەبو قاسم) کرایە وەزیری عەبباس میرزا.

—— حەزرەتی سەیید تاها ـ ی نەهری شاهی شەمزین لە **خومارۆلە** ساڵی ۱۲۰۲ی مانگی لە دایک بووە ولە ۵ شابانی ساڵی ۱۲٦۹ مانگی لە نەهری وەفاتی کردوە و نێژراوە و خەلیفەی مەولانا خالید نەخشبەندی، پیرو دەسگیری محەمەد شای قاجار، کە هەم مەولانا خالیدو هەم بنە ماڵەی ساداتی نەهری **کوردایەتیان کردوە.**

۱۲۳۸ (زیقەعیدە) گرێدانی عەهدنامەی ئێران و عوسمانی لە ئەرزەنەتو رۆم.

—— مردنی مەلیک شوعەرا فەتحعەلیخان صەبا

—— مردنی محەمەد حەسەنخان ئەردەڵان و سەرکوت کردنی راپەڕینی ئەو.

—— مردنی دەسەیێ لە ئەعیان و ئەشرافی سنە.

—— مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلای نەهری شاهری شەمزین لە (لەالغریب کە بە حیسابی ئەبجەد، دەکاتە ۱۲۴۳ ی مانگی و ۸۷۸ ز ـ لە دایک بووە و لە ۱۸۸۳ ز ـ لە تایف وەفاتی کردوە.

—— (رەبیعی ۲) ئیسلاح و مۆر و واژۆکردنی عەهدنامەی ئەرزەنەتو رۆم لە تاران.

—— لە دایکبونی رەزا قولیخان ئەردەڵان کوڕی خوسرەوخان و حوسن جیهان خانم.

Dr.Saleh Ebrahimi



—— مردنی خورەم (میرزا فەتحوللا خەلەفی میرزا عەبدوللا وەزیری و شاعیر لە سالی ١٢٣٩ ی کە لە قەسیدەی خویدا بە فارسی مێژوی مزگەوت و دارالاحسانِ ـ ی شاری سنەی دیاری کردوە و ئەو قەسیدە بەخەتێ فرە جوان لەبان بە ردەکانی هەیوانی روژهەلاتی مزگەوتە کە. هەلکەنراوە (شەپۆل)

١٢٤٠ مردنی سەدر ئەعزەم ـ ی ئێران حەسەنخان صەدروللا ئیسفەهانی

—— دامەزراندنی یەکەمین کارخانەی چاپی سەنگی لە شاری تەوریز.

—— وەفانی ئەمانەلڵاخانی گەورە (لەدایک بون ١١٨٠) جێ نشینی خوسرەوخان والی.

—— لە دایک بونی حاجی قادر کۆیێ شاعیری نیشتمانی و بیروردی کورد لە سالی ١٢٣٧ی مانگی

—— بلاو بوونەوەی وەبا (زگ‌چوون) و تاعون لەسنەو مردنی ٨ تا ٩ هەزار کەس.

—— قات و قری وگرانی ودابەش کردنی گەنم و خوراک لە نێو خەلکی کوردستان لە لایەن خوسرەوخان والی.

١٢٤١ (زیقەعیدە) فتوای دەسەجەمعی روحانیەکان بۆ جیهاد لەگەل هێرشکارانی روس

—— دەس پێکردنی شەری روس و ئێران لە (٢٨ ژوئیەی ١٨٢٦ ز).

—— راپەرینی حەیدەر سولتانی هەورامانی و محەمەد سولتان هەورامانی بە دژی خوسرەوخان والی.

١٢٤٢ (سەفەر)گرتنی گەنجە بە دەس روس و تێشکانی دەولەتی ئێران

—— حەزرەتی مەولانا خالید نەخشبەندی مورشیدی تەریقەت لە ١١٩٣ی مانگی لە دایک بووە و لە شەوی هەینی ١٤ زیقەعیدە لە سالی ١٢٤٢ی مانگی بە نەخوشی تاعون لە شاری دیمەشق وەفاتی کردوە و لە ویش نێژراوە.

—— دەمە قرەو شەر و شور لە نێوان مەحمود پاشا و سلێمان پاشای براکەی‌دا لە ١٢٢٨ی مانگی دوای وەفاتی عەبدورەحمان بابان تا سالی ١٢٤٩ی مانگی و سلیمان پاشای بابان لە ١٢٥٤ی مانگی مردوە.

—— خودەرباز کردنی مەحمود پاشا و پەناهێنان بۆ دەرباری ئێران.

—— لەبان تەخت دانیشتنی مەحمود پاشا بە یارمەتی دانی خوسرەخانی ئەردەلان و بلاو بوونەوەی نەخوشی لە نێوسپای والی.

١٢٤٣ (شەعبان)گرێدانی عەهدنامەی تورکومانچای و دوایی هاتنی شەری ٢ ی

Dr.Saleh Ebrahimi



دەوڵەتی ئێران و روس لە (۱۰ فەوریەی ۱۸۲۸ ز).

۱۲۴۲ مردنی نیشات شاعیر.

—— گەرانەوەی محەمەد بەگ و مستەفا بەگ کورانی فەتحعەلی بەگ دوای ۲۸ ساڵ.

—— راپەرینی وەکیلیەکان وئەبو حەسەن بەگ (باوکی مەستورە خانم)

—— زیندانی کرانی وەکیلیەکان: محەمەداغا نازر، ئەبو حەسەن بەگ و مامی مەستورەخانم.

—— کوژرانی وەکیلیەکان.

—— ئاشت بوونەوەی بنە ماڵەی ئەردەڵان لەگەڵ قادر ـی یەکان و مارەکردنی ماه شەرەفخانم (: مەستورە) لە تەمەنی ۲۴ ساڵیدا لە ۱۲۴۴ مانگی و ۱۸۲۸ ـ ۱۸۲۹ ز ـ بۆ خوسرەوخان.

۱۲۴۵ سەرەتای پێوەندی دیپلۆماتیک ـی ئێران و روس.

۱۲۴۶ (بەهار) تاعونی گەورە و بڵاو بوونەوەی تاعون لە سنە و مردنی ۸ تا ۹ هەزار کەس

—— خاڵی بونی شار و رویشتنی والی بۆکێوی ئابیدەر.

—— میری رەواندز میری گەورە لە ۱۱۸۹ یا ۱۱۸۸ لە رەواندز لە دایک بووە و لە ۱۲۴۹ی مانگی چوّتەسەر ناچەی بادینان: (ئاکرێ) و لە ۱۲۵۰ هێرشی بردوّتە سەر خاکی ئێزەدی یەکان و ...

—— سەرکوتکردنی میریرەواندز و ستاندنی غەرامەت لەو لە لایەن خوسروخان والی.

—— راپەرینی بارام بەگلە جوانرۆ و سەرکوت کردن و توّڵە، لەو ئەستاندن.

۱۲۴۷ خۆ دەرباز کردنی مەحمود پاشای بابان لە دەس سلێمان پاشای برای و پەناهێنانی بۆ لای خوسرەوخانی والی و لەسەر دانانی ئەو لەبابان تەختی حوکومەت کردن.

۱۲۴۸ بەخشینی قەتعەی وێنەی ئیمتیازی تایبەتی دەوڵەتی، بە خوسرەوخان ئەردەڵان

۱۲۴۹ (موحەرەم) بزاوی عەبباس میرزا بۆ هەرات.

—— (جە مادی ۱) مردنی عەبباس میرزا لە خۆسراسان

—— (زیقەعیدە) هاتنی خاوەن پلە و پایەکانی ئینگلیس بۆفێرکردنی سەربازانی ئازربایجانی

—— نوسینی کتیبی لوبب تەواریخ لە لایەن خوسرەوبن محەمەد مەنوچیهر ئەردەڵان

—— بە دیاری دانی داتەیێ لە لوبب تەواریخ بە کتێبخانەی خوسرەوخان.

۱۲۵۰ (سەفەر) میرزا محەمەد میرزا کوڕی عەبباس میرزا کرایە وەلی عەهدی ئێران.

Dr.Saleh Ebrahimi



—— (جومادی ٢) مردنی فەتالیشا لە سەفەر بۆ ئیسفەهان.

—— (لا مانگی رەجەب) دانیشتنی محەمەد شای قاجار لە تەوریز.

—— (١٢ی شابان) هاتنی محەمەدشا بۆ تاران و تاج لە سەرنان.

—— (مردنی میرزا ئەبو قاسم مەروەزی) روداوەنوس.

—— مردنی خوسرەوخانی ناکام و جێ نشینی رەزا قولیخان لە ١٢٥٠ی مانگیدا.

—— نوسینی فەرمانی حوکومەت بە ناوی میرزا فەرەجوللا ـ ی وەزیر.

—— هێرشی ئەردەشێر میرزا بۆ داگیر کردنی ئەمیرنشینی سنە.

—— (زستان) دانانی بارام میرزا و لادانی محەمەد حوسین میرزا.

١٢٥١ کورژانی میرزا ئەبو قاسم قایم مەقام بە دەستوری محەمەد شای قاجار

—— گەیشتنی حاجی میرزا ئاغاسی بە صەدارەتی ئێران

—— (رەمەزان) راپەڕینی محەمەد صادق‌خان، کە تەمای حوکومەتی کوردستان هەبوو.

—— بە دفەری کردنی وەزیران و بیر خستنەوەی زولمی والی لەگەلّ خەلّکی کوردستان؛ سنە

—— رێ و رەسمی خوازبێنی کردنی تو با خانم بۆرەزا قولیخان.

١٢٥٢ دەورەدانی قەلای هەرات

—— گوێزتنەوەی توبا خانم بۆ رەزا قولیخان ئەردەلان.

—— بانگ کردنی سپای کوردستان بۆ چوونی داگیر کردنی هەرات لەگەلّشا (بە فەرماندەیی ئەجەفقولیخان)

—— (زیحەجە) ئیعتیرازی بالوێزی ئینگلیس و گەرانەوە لە هەراتەوە بۆ مەشهەد و تاران.

—— پاشەکشە لە هەرات و قەبولّ کردنی ویستی بەریتانیا.

—— بەسیجی هێزی سوارە بۆ شەر لە هەرات بە سەرکردەیی نەجەفقولیخان

١٢٥٤ هاتنی کەشتیە شەرکەرەکانی ئینگلیس بۆکەنداوی فارس.

—— شکایەتی ئێران لە دەس تێ وەردانی ئینگلیس لە کاروباری نێو خۆی و لاتی ئێرانی.

—— مردنی میرزا محەمەد فازلیخانی گەروسی

—— مردنی سلیمان پاشا

١٢٥٥ لە دایک بوونی شیخ عومەر، زیائەدین (وەفات ١٣١٨ مانگی).

—— دژی و قرە قرلە نێوان میرزا هیدایەتوللا و میرزا فەرەجوللا و دوبەرە کایەتی لە

Dr.Saleh Ebrahimi



نێوان خەڵکی دا.
ـــــ سەفەری محەمەدشا بۆ هاوینە هەواری ئەلوەندو حازر کردنی والی و والیە و دارو دەسەی ئەوان و بانگ کردنیان بۆ ئاشتی و سازان پێکەوە.
ـــــ کشانەوەی وەزیر لە کارو سپاردنی کاروبار بە میرزا جەعفەر ئەمین.
۱۲۵٦ (رەجەب) محەمەد صادقخان کوڕی ئەمانەللاّخان و حوکومەتی ۱۳ خولەکی ئەو.
ـــــ مردنی سولّتان خانم خوشکی خوسرەوخانی ناکام.
ـــــ (: صەدارەت) بۆ میرزا جەعفەر ئەمین.
۱۲۵۷ (رەمەزان) گرێدانی عەهدنامەی بازرگانی ئێران و ئینگلیس.
ـــــ پشت کردنی مەحمود پاشای بابان لە عوسمانی و پەناهێنان بۆلای ئەمیرانی ئەردەلاّن و داوا کردنی یارمەتی دانی بۆ ئەوە تا جارێ‌تر بچێتەوە بان تەختی پاشایی.
ـــــ (زمستان) ڕۆیشتن بۆ تاران و یارمەتی ویستن لە شای قاجار بۆ ڕزگار کردنی خاکی بابان
ـــــ بە رز بوونەوەی دژایەتی لە نێوان والی و والیە.
ـــــ کارشکێنی والیە و میرزا جەعفەر ئەمین بۆ تێشکانی سپای والی.
ـــــ (١٠ی رەبیعی ١) تێشکانی رەزا قولیخان لە شەڕ لەگەڵ عەبدوللاّ پاشای بابان و لە کارنەزانی وەزیر.
ـــــ لابردنی رەزا قولیخان و چوونی میرزا هیدایەتوللاّ ئەمین تا ببێتە حاکمی کوردستان.
ـــــ کوژرانی عەبدولمەجید خەلفەفی میرزا فەرەجوللاّ کوڕ، مامی ئەمین (دەمراست و وەیسی): موشیر و موشاویری والی
ـــــ حازر کردنی والی (رەزاقولیخان و دارو دەسەکەی و خان کرایە حاکم).
ـــــ عەبباس قولیخان مامی والی بۆ ماوەی سێ مانگ کرایە جێ‌نشینی حاکم.
ـــــ دوای سێ مانگ عەباس قولیخان لادراو محەمەد صادقخان کرایە نائیبی حوکومەت
ـــــ توبا خانم چووە دەربار بۆتکا کردن تا بیکەنەوە نائیبی حوکومەت
ـــــ نوسینی فەرمانی حوکومەت بۆ رەزاقولیخان
۱۲۵۸ مردنی حەیران خانم نەخجەوانی (لە دایک بونی ۱۱۸۹).
ـــــ بەدفەڕی کردنی صادقخان و میرزا هیدایەت لەگەڵ نەیارانی حوکومەتدا.
ـــــ لە شکرکێشی نەجیب پاشا والی بەغا بۆکەربەلا و کوشت و کوشتاری خەڵکی ئەوێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



—— (زیحەجە) سەفەری میرزا تەقیخان ئەمیر نیزام بۆ ئەرزنە توروّم بۆ و توویژ لە گەلّ نوێنەرانی عوسمانی

—— (جەمادی ٢) سەرهەلّدان و بانگ‌وازی سەید عەلی محەمەد ـ ی باب.

—— مردنی خورشید خانم

—— لادانی رەزا قولیخان لە حوکومەتی ئەردەلآن بۆ ماوەی ٥ مانگ (رەجەب) هاتنەوەی ئەمانەللآخان بۆکوردستان

—— مردنی میرزا هیدایەت لە کاتی گەرانەوە بۆگوندی ئیشتیهارد. ناردنی نامەی توّبا خانم بۆ حاجی ئاغاسی.

—— (زیقەعیدە)گەرانەوەی رەزا قولیخان لە تارانەوە بۆ سنە.

١٢٦٢ مردنی میرزا شەفیع و یسالی شیرازی

—— لە دایک بونی روداوە نوس و دانەری کتێبی حەدیقەی ناسری

—— هاتنەوەی ئەمانەللآخان بە خەلآت و فەرمانی حوکومەت بۆ ئەمارەتی ئەردەلآن.

—— بە درەفتاری لەگەلّ دارو دەسەی رەزا قولیخان دا.

—— کۆچ کردنی ئەمانەللآ بەگ بە خانەوادە وە، بۆ هەورامان

—— هەلّکشانی ناسازی و بە دەفەری کردنی ژنی ئەمانەللآخان لەگەلّ توبا خانم

—— توبا خانم لە ئەمانەللآخانی ویست لەوە رزگاری بکا.

—— لە شکرکێشی لە هەورامانەوە، بۆ حەسەناوا.

—— (شابان) راسپاردنی میرزا رەحیمخان تا توبا خانم بباتە ئیسفەنداوا.

—— رویشتنی توبا خانم بۆ قەسلآن.

—— پەرەسەندنی نەخۆشی وەبا (زگچون) لەگوندی قەسلآن.

—— (شەوال) لادانی ئەمانەللآخانی سانی و دانانی رەزا قولیخان.

—— دەستوری گرتنی دار و دەسەی ئەمانەللاخانی سانی

—— (زیقەعیدە)گەرانەوەی والی بۆکوردستان: سنە.

—— سزادانی ئەوانە بـبونە هۆی کـوژرانـی ئـەمانەللآ بـەگـی وەکـیل، پـرسە و سەرەخۆشی بۆ وەکیل بۆ ماوەی سێ رۆژ.

—— ئەسەدوللآ بەگ کرایە جێ‌نشینی کورەکەی

—— کۆچ کردنی حوسین قولیخانی ئەردەلآن و نەجەفقولیخان و میرزا فەتتاح بۆ شارەزور.

Dr.Saleh Ebrahimi



١٢٦٣ گرێدانی عەهدنامەی سنوری ئێران و عوسمانی لە ئەرزەنەتو رۆم

___ سەرهەڵدانی ئاژاوەی محەمەد حەسەنخان سالار لە خۆراسان، هاوکاری نەکردنی رەزا قولیخان لەگەڵ دەربارد.

___ گرتنی رەزا قولیخان ودانانی خوسرەوخانی ئەرمەنی لەجێ ئەو بە خەلاّت و بەراتەوە.

___ زیندانی کرانی رەزا قولیخان لە تۆپەخانەی دەولەتی دا.

___ رەوانە کردنی عەلیخان میرزاگوزلو بۆ سەر کوردستانی ئەردەلان بە ۴ عەرابە تۆپ و فەوجێ سەرباز

___ کۆچ کردنی مەستورەخانم لە ساڵی ١٢٦٣ ی مانگی بۆلای بابانەکان لەگەڵ عەبدوللا مونشی (رەوشەن) و مردنی مەستورە خانم لە موحەرەمی ١٢٦۴ مانگی و ١٨۴٧ ز ـ بە نەخۆشی تاعون، کە لەگردی سەیوان نێژراوە.

___ چوونی خوسرەوخانی گورجی بۆ شاری سنە.

___ دەسەیێ فرە لە خەڵکی چوونە مزگەوتی شاو لەوێ دەسیان کرد بەمانگرتن بە دژی خوسرەوخانی ئەرمەنی.

___ سەرنج نەدان بە ویستی محەمەد بەگ ودارکاری کردنی ئەو مرۆیە.

___ (٢ زیحەجە) مردنی حوسین قولیخان (حاوی).

___ سەید هیدایەتوللا، هاواری ئەوەی کرد تا بە دادی بگەن و کەوتە، وتو وێژ لەگەڵ حاجی ئاغاسی.

___ تەقالابۆ پرش و بلاّو کردنی ئەو خەڵکە کە لە مزگەوتی شا، مانیان گرتبو.

١٢٦۴ (موحەرەم) مردنی ماهشەرەفخانم: مەستورە لە ۴۴ ساڵیدا لە ١٢٦۴ مانگیدا، لە شاری سلێمانیو داب و دەستوری ناژتنی لەگردی سەیوان.

___ بەردەوامی نوسینی مێژوی ئەردەلان بە دەسی میرزا عەبدوللا مونشی: (رەونەق) مامی مەستورە خانم.

___ گەراندنەوەی عەلی محەمەد بەگ نوێنەری مانگرتووەکان بۆلای خوسرەوخانی ئەرمەنی

___ ناوبژی کردنی میرزا ئەبولقاسم و حەسەنعەلیخان ئاجودانباشی و بێنەتیجەمانی، هەنگاو هەڵێنانەکانی ئەوان.

___ (٦ شەوال) مردنی محەمەد شای قاجار،

Dr.Saleh Ebrahimi



## ناوی پیرۆزی هه‌ندێ له وژنه‌کوردانه‌ی

## خزمه‌تیان به‌زانین و فه‌رهه‌نگ کردوه:

ـ خاتو خورشید خانم مه‌ریوانی کچی شێخ مارف که لوس که له‌سه‌یده‌کانی (ته‌راته‌وه‌ن)ن که باوکی له‌به‌ر ناسازگاری رۆژگار له‌مه‌ریوان بارده‌کاته سنه‌وخاتو خورشید کچی هه‌ربه‌منداڵی له ماڵیی یه‌کێ له خاتونه ناوداره‌کانی سنه، ژیاوه‌وهۆی خوێندنی بۆ سازدراوه که‌له ئه‌ده‌بیاتی فارسی زۆر ئاگادار بووه‌و عیلمی صه‌رف و نه‌حو و به‌یان و مه‌نتیق و ئه‌قاید و وێژه‌ی عه‌ره‌بیشی خوێندوه، خاتو خورشید خانم کتێبێکی به فارسی له بابه‌ت خانه‌داری و منداڵداری و بارهێنانی منداڵ له منداڵیه‌وه تا خۆناسین داناوه، دیوانی شیعریشی هه‌یه که چاپ نه‌کراوه، ئه‌م کچه کورده له زانستی قاڵی و قاڵیچه و ته‌ون کردندا زۆر ده‌س ره‌نگین‌و شاره‌زابوه، به‌تایبه‌ت له بابه‌ت نه‌خش و نیگار و ئاماده کردنی ره‌نگی جیا جیا زۆر ناوبه‌ده‌ره‌وه بووه، نه‌خش و نیگاری ئه‌و کچه کورده‌ئیستاش له‌سنه له کوردستاندا به (خورشیدی) ناوداره، ئه‌م ژنه ناوداره خاوه‌ن هونه‌ره تا ده‌هه‌ی چواره‌می سه‌ته‌ی ۱۴ هه‌م زیندو بووه، ئه‌مه‌ش بره شیعرێکی ئه‌م کچه به‌زمانی کوردی به شێوه‌ی سۆرانی که خاتو خورشید خانم نه‌صیحه‌تی (عادیله) خانمی کچی خۆی پێ کردوه.

### هونه:

کچم! رۆڵه‌ی کزۆڵه‌ی بورده‌باریم
چرای روناکی بێ ده‌ستی و هه‌ژاریم

کچم! پارچه‌ی نه‌ژاکاوی زه‌مانه‌م
نه‌تیجه‌ی ئیهتمامی خوێنده واریم

وه‌ره گوێ راگره بۆ په‌ندی دایکت
فه‌رح به‌خشی ده‌رونی بێ قه‌راریم

نه‌خۆی هه‌رگیز فریبی ساده‌رویان
نه‌بیته هۆی زیادی شین و زاریم

کچم! هۆشی حیا و ناموسی خوتبێ
نه‌که‌یت‌کارێ، زیادکه‌ی ده‌ردی کاریم

کچم! هۆشیاری خۆتبه، تاکو مردن
وه‌کو من به‌زره‌نگی و هوشیاری

Dr.Saleh Ebrahimi



کچم! واللە هەمو داخی کچانە   نەخوشین و کزەی بی ئیختیاریم
نە تەنیا وەصیەتم بۆ تۆیەرۆڵە   هەواداری کچانی کوردە واریم[1]

٢٨ خورشید نەما خانم داواشی، کچی محەمەد و خوشکی میرزا ئەحمەد محەمەد داواشی کەخانمێک بوە، زۆر ئاگادار و خۆپا ڕێزو بەتەقوا ولەسەر رچەی قادری بووە، وە کوبراکەی زۆر بەئاسانی شیعری کوردی وتووەو دەسەلاتی جوانی بووە، لە ساڵی ١٣٨٥ مانگی دوای ٦٥ ساڵ ژیان وەفاتی کردەوە.

ئەم برە شیعرەشی لە بابەت سەید صەفائەدین بەرزنجی هاشمی پیری دەستگیری خۆی بەکوردی داناوە، ئەمەش ئەو برە شیعرە.

## هۆنەی عارفانە:

بە خورشید واتەن دایم غەمینەن   غەمین دوری صفاء الدینەن
یا خودا مەرگی نەوێنم وەچاو   نەیژنەفم وەگوش نەیۆینم وەخاو
جادار عەزیز پیر ئیرشاد بۆ   وەکێڵ زیندەی غەوس بغداد بۆ
ناڵەی مەستانەی تەکیەش هەربەرزبو   پەناگای دەروێش ئەبدال مەرز بۆ
مەیخانەی مەعنیش هەر بەرقەرار بۆ   باخەبەر جەئەمر لەیل و نەهار بۆ
جەلای سینەی سەرد گوناباران بۆ   ئوستاد سەرمەست رۆزگاران بۆ
زەنجیر لوطفش نیان وگەردەن   ئەهلی و ڕامم کەرد تاوەرۆی مەردەن
بەڵکە مجە ئەلطاف وێنەی ئەوشایێ   رابعەی دەوران گوم کردە رایێ
بگنۆ وە سەر رای طاعەت کاری‌دا   بەر بەیۆ جەحوکم سەنگساری‌دا
بوا چو سەرمەست بادەی شاکریم   کە لب ئاسانەی عبدالقادریم[1]

---

١ - الآداب العربیة، بیروت، جزمی ٣ لاپەرەی ٩٧ ئەعلام ج ٦ - تاریخی مشاهیر کورد ئوستاد بابا مەردوخ رۆحانی لاپەرەی ١٥۴.

---

١ - حەدیقەی سلطانی لە لاپەرەی ٢۴٧.

Dr.Saleh Ebrahimi



## جیهان ئارا.

**(جیهان ئارا) کچی مەلا نەشئەتی پاوەیی یە.**

(جیهان ئارا) ئافرەتێکی جوان و بەشەرەف و ڕێك و پێك بووە و هەر وەها خوێندەوارێکی باش و شاعێرێکی، پایە بەرز بووە و بە یەکێك لە شاعرە بەناوبانگەکانی، چەرخی خۆی لە قەڵەم دەردرێ.

(جیهان ئارا) یەکەمجار شووی کردبوو بە کوڕی باوەژنی، کە بەخاتری وەزیفەی کچێکی قاجاریی دەهێنێ و بە هۆی وە زیفەکەیەوە، بۆئازەربایجانی دەنێرێت و بەو بۆنەیەوە، تەلاقنامە، بۆ (جیهان ئارا) دەنێررێتەوە و بەو بۆنەیەوە، (جیهان ئاراش)، شوو بە (حبیب‌اللەخانی ئێل بەگی جاف ـ ی جوانڕۆیی) دەکات و بەڵام، لەبەر ئەوەی، جیهان ئارا، ئەم شووی دووەمیە، بەدڵی خۆی نەبووە و هەرحەزی لە شووی یەکەمیەو ئەویش ئەمی، بە بۆنەی وەزیفەوە، وازی لێ هێناوە، بەم بۆنەیەوە، ئەم قەسیدەیەی داناوە.

قەڵەم، دەماخم، ..........................

نەمەندەن، نی‌یەن، بەرزیی دەماخم
زنجیری تەقدیر، کەردەن، یاساخم
کەمکەم، کەردەن، کەم، سۆمای چراخم
پەژمەردەن، غونچەی، گوڵاڵەی باخم
پەرگەندەن، کەلاف خەیاتەی دێزم
نەمەیتەن، نەرگس، شەهلای، خون ڕێزم
زەردەن، گۆڵ وەرەق، گۆنای، گوڵنارم
کەساسەن، توحفەی، مایەی، بازارم
تاڵەن، تامی دەم، تاڵاو وەردەکەم

کـــاڵەن، ئــاهی ســـەرد، ســیای دەردەکــەم
لێــــڵەن، ئـــاینەی، جـــامی جــــەمینم
قـــــەڵاخەن، کـــاڵای، بـــاڵای، خـــــەمینم
نــــارەواجـــــەن، لاڵ، دەرجـــی، یـــەمانیم
بـــــێ قـــەرین گـــەوهەر، نـــەقڵی نــیهانیم
پـــەی ســـەیرەن، سـەفای قـەوسی قـەشەنگم
تـــۆزی خـــێڵی خــــەم، وەشــتەن، نـــە ڕەنگـم
تـــەمام، هـــەر جــــە تــیر تــانەی بــەدکــاران
مـــەر هـــەق، بـــزانـــۆ، چـــوونم، ویـــاران
ئـــازیزم، یـــە گشت، مـــەینەت بـــاری تـــۆن
ئـــێش و نـــێش و خـــەم وە زامـــداری تـــۆن
جـــەفای بــــەدکاران، گشت، جـە بـۆنەی تـۆن
تـــانەی ئـــەغیاران، گشت ســـەرکۆنەی تـــۆن
خـــەسرەو و شـــیرین‌وێڵ، جـە سـونگی تـۆن
مـــەجنون‌و لەیـــلا، ڕیســــواری لۆنگــی تـۆن
ســـنعان، تـــا مـــەحشەر، تـەرسا، یـاری تـۆن
یـــــۆسف، زلـــێخا، گـــــرفتاری تـــۆن
ئـــاغەکـــەم، فـــەڵەك، چـــمان، دڵـــرێشەن
ســــائەو نــمازۆ، گـــوونای، مـــن چـــێشەن
ئـــەرێ، بـــێ‌خەبەر، بـــێ‌باك، جــە ئـەحواڵ
ئـــەرێ، تـــیر ئـــەنداز، وە ڕووی، دانـــەی لاڵ

ئەرێ، بێ ئیساف، هیچ کەس، نەپەرس
ئەرێ، ساحیب زۆر، جە خودا نەتەرس
ئەرێ، بێ ڕەحم، وەڵات، چەپاوکەر
ئەرێ، تەریدەی، سەر ملەی، خەتەر
ئەرێ، شەو بێدار، شەوان، جە زوڵمات
ئەرێ ئیقلیم گیر، پەی، چەشمەی حەیات
ئەرێ حاڵ نەزان، دوور جە، وەفا و مەیل
ئەرێ، شەڕ فرۆش، هوونی قەتڵی لەیل
تاکەی، تۆ چەنی، بەختم، ناسازیی
تاکەی، های نە شۆن، ڕای، بەدمەجازیی
تاکەی، بنۆشۆ، زۆخی، زامی جەرگ
تاکەی، بواچوو، ئەی خودا، سامەرگ
تاکەی، پێچ وەرۆ، چوون، ماری زامدار
تاکەی، بکێشۆ، سزای، سەختی خار
تاکەی، ئەسرینم، ئاوپاشی خاك بۆ!
تاکەی، هەناسەم، پەخشی ئەفلاك بۆ!
تاکەی، دەروونم، جە ئەندۆ پەڕ بۆ!
تاکەی، باڵینم، وە هووناو، تەڕ بۆ!
تاکەی، لەرەم بەی، چەنی پەژاران!
تاکەی، خزمەتکەم، من وە خونخواران

تاکەی، بواچان، وە دەشت وە دەردا!
تافتەی ڕیسوائییش، کێشتەن وە سەردا
تۆ خودا، زەلیلی و زگاریی، تا چەند!
تو خودا، خەمینی و خەمباریی، تا چەند!
وێنەی مارانگاز بن تەڵووك تاچەند!
بیم، جەخشپەی دەنگ پای مەزووك تاچەند!!
هورسای خەیاڵ، دیقی دڵ تا چەند!
تەمای گوشادیی، جە موشکیل تاچەند!
وەسوەسەی دەروون، نیمە شۆ، تاچەند!
جەنگی چەم، تا سوبح، چەنی خەو تاچەند!
گونای گوڵناری، چون خەزان تا چەند!
دەرد، جەدەستی یار، حاڵ نەزان تاچەند!
باری مەینەتان، کێشاکێش، تاچەند!
خەجاڵەتی خێل، قەوم و خۆیش، تاچەند!
ئەو جامی ئازار، وە تەبیب تاچەند!
عوزری، نامەسمووع، پەی ڕەقیب تاچەند!
پا نە خەلیلی و نەزەنجیر تاچەند!
پەنا وە بارگەی، شێخ و پیر تاچەند!
فەڵەك چەنی دۆس، جیایی، تا چەند!
پەی شکلی ڕەقیب، ڕیایی، تاچەند!
خوداوەند، ئامان، وەسەن، دەردیسەر
یا، نەجات، یا، مەرگ، یا، وەسڵی دوڵبەر

نه‌مه‌نده‌ن تاقه‌ت، ته‌وانای، تانه
جه‌ی، فیشته‌ر، غه‌زاب، په‌نه‌م‌مه‌نمانه
ئه‌رێ؛ که‌ره‌مدار، ئاگای کۆڵی حاڵ
تو، وێت، عه‌لیمی، ها، بیم، وه زوخاڵ
خو من‌جه سه‌نگ نیم شای‌موشکیل‌گوشاد
جه ڕووی مه‌رحه‌مه‌ت، بیاوه‌م وه، داد
جه خه‌زانه‌ی غه‌یب تۆ چێش مه‌بۆ که‌م!
په‌روانه شاد بۆ شاد وه شۆڵه‌ی شه‌م
بۆڵبوڵ نه‌کێشو، هه‌ی جه‌فای خار!
بێ خه‌وف بگێڵۆ په‌ی وێش نه گوڵزار
یاری ئازیزم، شای تیر ئه‌ندازان
سه‌رداری سوپا، گه‌رده‌ن فرازان
دیسان سه‌وگه‌ندم وه ڕوتبه‌ی خاسان
هه‌ر جه‌و وه‌خته‌وه من وێم شناسان
ده‌روونم جه عه‌شق بالاّت قه‌قنه‌س بێ
ڕۆحم چه‌نی ڕۆح پاکت په‌یوه‌س بێ
تا به ڕووی مه‌رده‌ن یه‌ك لاو یه‌ك دینم
بزانه گیانم گیانی شیرینم
هۆشم، هه‌راسان، باده‌ی سافی تۆن!
خه‌یاڵم دایم ته‌لگرافی تۆن!

حەواسم جەسەر تەفرەقەی ڕای تۆن
زیندەگیی و مەرگم ئاماو لوای تۆن
ماوام گەرمەسێر ئەگەر لەیلاخەن
دەماخم وە بۆی هەوای تۆ چاخەن
نە مایل وە زەوق نە عەیش و شادیی
زەوقم هەر تۆنی جەی دنیای بادیی
غەیر جە شێوەی تۆ وەبانی گوڵ دا
وێردەن تا پەڕ نە باغچەی گوڵ دا
هەنی جە مەخلووق تا بە ڕووی مەردەن
شەماڵ هەم جەخەو گوزەر نەکەردەن
قەسەم هەر بەوشای فەردی فەریاد، ڕەس
سیوای تۆ کەسم نەزانان وە کەس
غەیر جەتۆ کەسم وە کەس نەوانان
وە یادت قەسەم شانۆیی جوانان
تۆنی ئازیزم تۆنی غەمخوارم
هەر تۆنی یاگەی گشت قەوم و کارم
هەر با جە عالەم واچان بێ کەسەن
مەیلی تۆم تەنخوار گشت کەسم وەسەن
دیدەم غەیر جە تۆ بالادەس نی یەن
قەلبم ئامێتەی مەیلی کەس نی یەن
سەروگیان نەڕات توفەیلم کەردەن

Dr.Saleh Ebrahimi

شه‌پۆل / ۱۴۲

سه‌وگه‌ند هه‌ر ئه‌وه‌ن پەرێ تۆم وه‌رده‌ن
قه‌سه‌م هه‌ر به‌وشه‌رت ئیقراری جاران
به‌و وه‌فای قه‌دیم گشت به‌ینه‌ت داران
تا نه‌فه‌س به‌نده‌ن نه یانه‌ی قه‌فه‌س
سیوای تۆ دیده‌م شاد نه‌یۆن وه‌که‌س
تا خاس وێم نه‌که‌م ڕیسوای زه‌مانه
نه‌بوون وه سه‌رژان خوێش و بێگانه
تا شکست نه‌ده‌م وه شای جوانیم
دنیا په‌ڕ نه‌بۆ گشت جه نادانیم
تا مینای خاتر نه ڕێز و.وه گڵ
شه‌رته‌ن مه‌یلی تۆ به‌ر نه‌شۆ جه دڵ
تا ئه‌لفی بالاّم وێنه‌ی (نوون) نه‌بۆ!
تا مۆمی ئه‌عزام گشت وه هوون نه‌بۆ
تنا دیده‌م وه‌ئاو مروار ته‌ڕ نه‌بۆ!
تالا گۆشم جه سه‌مع ته‌مام که‌ڕ نه‌بۆ!
تا زوان نه ده‌م له‌نگی لاڵ نه‌بۆ!
تا ئه‌عزای به‌ده‌ن گشت به‌تاڵ نه‌بۆ!
تا چراخی ڕۆح خاس نه‌بۆ خامۆش!
شه‌رته‌ن مه‌یڵه‌که‌ت نه‌که‌م فه‌رامۆش!
هه‌ر وێم مه‌زانو دڵ چه ده‌ردشه‌ن
به‌لاّم، په‌رێ تۆ فایده‌ش چێشه‌ن!

Dr.Saleh Ebrahimi



من پەی تۆ، وستەن وێم وە چەمەردا
تانەم چون سەرپۆش کێشان وە سەردا
پەی تۆ وێم کەردەن وە پەندی شاران
مەحرووم جە دیدار بەرزی کۆساران
پەی تۆ دەروونم پەڕێش و خارەن
سەد کۆ چون شاهۆ خەم وەنەم بارەن
پەی تۆ خەم گەڵای جوانیم بەردەن
پەی تۆ وەهارم خەزانش کەردەن
پەی تۆ وێم کەردەن دەێری دێوانە
پەی تۆ پا بەندم جە مەینەتخانە
پەی تۆ کێشانم جەوری ئەغیاران
تیرو تانەی تاڵ نا ئەهلی یاران!
من بادەی حەسرەت هیجرانت وەردم
جەفات پەی من بێ سەفات پەی مەردم
تاکەی من جەلات ببوون ڕەنجەڕۆ!
ئای جە کەم شەرتی و بێ وەفایی تۆ!
تا واچی، بەدحاڵ تەڵخەن ژیانم
بینائیم بۆ دەس وەردەر جە گیانم
هەراسم سەندەن جە گێرو گازت
نەمەبۆ حاسڵ جەلام نیازت

جەی وەرکێ بییەن یاری دڵدارت
دیسان هەر ئەوەن شەفای ئازارت
خەدەنگی غەمزەی کام میهرو بەردت
هەم بشۆ وەلاش پەی دەوای دەردت
جە یانەی خاڵی ئێمەت چەکارەن
دنیا پەی تۆگشت مینا بازاڕەن
ئەو هەر کۆ بدیۆ سازت پەڕ سۆزەن
دایم نە دەوران جەژنت پیرۆزەن
من کە خۆ جەژنم جەژنانەم خارەن
سەفای نەورۆزم چون ژەهری مارەن
ئەرێ بێ مروەت بێ ئەندێش جە تیر!
ئەرێ بێ باوەڕ دوور جە خوداو پیر!
تاکەی حەرفی تاڵ مدەری نە ڕووم!
کێ زانووش، نیان وەبانی زانووم!
تا کەی مەکەریم وە چەشتەی ماران!
وە پوولی سیای نارەوای شاران!
ئاخر ئەرگەنجەن ئەر ڕەنجەن بارم!
کێ بۆ غەیر جە وێت وە خرپیدارم!
قیبلە حەیفەت کەرد، جە من ویەردی
خەیاڵی وەی تەور نەدڵ ئاوەردی

Dr.Saleh Ebrahimi



روئـــێ ســـەد بـــدەیم وەدڵ شـــماریی
مـــەبۆ یـــەك نـــێکیم وە چـــەم بـــداریـــی
وێـــم ئـــەر نـــاخاسم دەروونـــم خـــاسەن
دڵ جـــە بـــارەگـــات ســـاحیب ئـــیخلاسەن
مـــەبۆ نـــەواچـــی وەفـــا و بـــەیتش کـــۆن
ڕۆشـــــنی دنـــیام پـــەی وجـــوودی تـــۆن
بـــەڵام بـــۆ وە عـــەشق بـــینای بـــانی ســـەر
جـــە ئـــەسپی مـــەتڵەب لادەی پـــەیابەر
ئـــەو ئـــەسپە چـــەند کـــەس هـــورداران بـــەوار
چـــەندسەر وە مـــەیدان کـــەردەن نگـــوونسار
چـــەند ئـــۆستادی عـــیلم کـــەردەن وە نـــاشیی
چـــەند وەزنش کـــەردەن وە مـــووشی کـــاشیی
مـــن جـــە عـــومری وێـــم نـــەی دنـــیای فـــانی
پـــام نـــیان وەبـــان ڕاگـــەی نـــادانـــی
چـــەتەر نـــاموسم جـــە ســـەر ئـــەفراشـــتەن
پـــەردەی عـــیسمەتم هـــەر نـــیگاداشـــتەن
بـــەرزمەکـــەر جـــەلام ســـەدای نـــام و نـــەنگ
شـــیشەی مـــەعسوومیم مـــەدەر وە ڕووی ســـەنگ
نـــە خـــودا بـــەردار نـــە بـــەندە ڕازیـــی
نـــە فـــتوای شـــەرعەن نـــە حـــوکمی قـــازیی

فیدات بام پەی چێش پەشیمانت بەرد
چەند سووگەندت وەرد چەندجارعەهدت‌کەرد
ئەر ببۆ جەلات ساتێ وە ساڵێ
وە بێ ڕەزای من نەکەی خەیاڵێ
ئیسە یە چیشەن ئەرێ بێ وادە
ئی خەم و خەیاڵ عەزم و ئیرادە
ئەگەر بزانوو جێم مەبی دڵگیر
ئەگەر نارین ئەگەر زەمهریر
دۆزەخ پەرێ تۆ نەکەم ئیختیار
تا عاجز نەبۆ یاری وەفادار
نەك واچی دەمباز قەولش بەتاڵەن
قەسەم هەر بەو فەرد ئاگای کۆڵ حاڵەن
نە ساحیب باخم نە ساحیب میوە
بەخشەش بنۆشەش، بنیشەش لێوە
ئەر بناخەن ئەر مولك ئەرگەنجەن‌ئەرماڵ
دەخڵش هەر بە تۆن دارای کەمەر لاڵ
خاترت جەم بۆ دڵ مەدە وە دڵ
پەی تۆ ڕازیان ئی باغچەی پەڕ گوڵ
بێ تاقەت مەبەر شای خەسرەو مەقام

Dr.Saleh Ebrahimi



بـــە وەســـڵی شـــیرین مـــەیاویی بـــە کـــام
ئـــیسە نـــەجای دەس نـــە وادەی کـــارەن
نـــە یـــاگـــەی تـــەدبیر هـــانا و هـــاوارەن
پـــام هـــانە پـــاوەند دوو شـــاخەی زاڵـــم
مشـــیا خـــۆ تـــۆ خـــاس زانـــات بـــە حـــاڵم
تـــەوقی ســـەد مـــەنیم شـــی‌یەن وە گـــەردەن
ســـەر تـــا پـــا بـــاڵام ئـــاغشتەی دەردەن
بـــەڵام ســـەبەبساز مـــوشکیل گـــوشاد کـــەر
پـــادشای شـــاهان دەهـــەندەی داوەر
یـــەدی قـــەدرش، جـــە هـــانامەوە
خـــەڵاس کـــەرۆ پـــام جـــەپای دامـــەوە
ئـــاسان بـــبۆ کـــار زەحـــمەت وەردەمـــان
نـــەدریۆ وە بـــاد ڕەنـــجی بـــەردەمان
یـــا ڕجـــای شـــەخسیی یـــا وە تـــەدبیریی
بگـــێرین وە دەس دامـــانی پـــیریی
غـــەرەز وە هـــەر نـــەوع کـــاری بســـازین
مـــن وتـــۆ جـــەبەین، مـــن وتـــۆ نـــازین
ئـەوسا، شـەنی عـەیش هـەر شـەو تا سەحەر
خـــودا، خـــوشنود بـــۆ بـــەندە بـــێ خـــەتەر
وەر نـــە خـــەو لەیـــلەت ئـــارامش نـــی‌یەن
سـیوای تـۆ پـەی کـێ، ریسـوای عـام بی‌یەن!

Dr.Saleh Ebrahimi



## داره مرواری: شجرة الدر، ملکة المسلمین

داره مرواری: شجرة الدر، ملکه المسلمین له سه‌ره‌تای قه‌رنی شه‌شه‌می کۆچی دا سپاگه‌لی فه‌له‌و خاچ‌په‌رسته‌کان هه‌ندێ ولاّتانی ئیسلامی (میسر، شامات و...) یان دابووه به ره‌هێرش و کوشت و برین وتالاّن و برِو، شاره‌کانیان یه‌ک له‌دوای یه‌ک له‌ناوئه‌برد، خه‌لیفه‌ی عه‌باسیش وه‌ک پیره‌ژن ده‌سه‌و ئه‌ژنۆ دانیشتبوو به‌کزو زبوونیه‌وه ئه‌ی نواریه ئه‌و شانۆدڵ ته‌زێنه خوێن ئاوییه‌وکارێکی له ده‌س نه‌ئه‌هات، له‌و فه‌رته‌نه‌یه‌دا دو سه‌رۆکی مه‌زنی کوردستان به‌نێوی شێر کۆو ئه‌یوب که نیشتیمانه ئیسلامیه‌کانیان واژاکاو وئاڵۆزاو دی له‌کوردستانه‌وه‌له‌گه‌ڵ هه‌ندێ له پێشمه‌رگه‌ی کورد چونه جه‌نگی ئه‌و خاچ‌په‌رستانه و جه‌نگێ باشیان کرد تا شێرکۆو ئه‌یو ب کۆچی دوایی‌یان کردو سه رۆکایه‌تی له‌شکری ئیسلام که وته ده‌س یوسف سه‌لاّحه‌دین ئه‌یوبی کوری ئه‌یوب.

سه‌لا حه‌دین له و مرۆڤه ناوداره مه زنانه‌ی مێژوویی کورده‌که هێمانیش دوای چه‌ندین سه ده له سه‌ر تاسه ری ئوروپا و جهانا دلێری و نه به زی و پیاوه‌تی و دڵ ئاوایی و گه‌ل خۆشه‌ویستی ئه‌و پیاوه مه‌زنه و ێردی زمانه.

سه لاحه‌دین زۆر پیاوانه خاچ‌په رسته‌کانی تاراند و ریچارد ـ ی شێردڵ پاتشای ئینگلیسیشی به دیل گرت و زۆر پیاوانه‌ش ئازادی کرد. ریچارد واهۆگری خوی باش و پیاوه‌تی سه‌لا حه دین بیو، لێ برِابو خوشکی خۆی لێ ماره‌کات،به‌لاّم هه‌لاّو هوریای قه‌شه‌کان به رگری له وه‌کرد، سه‌لاحه‌دین دوای تاراندن و ده‌رکردنی فه‌له و خاچ په رسته‌کان بووه شای میسر و شامات و ولاّته موسڵمان نشینه‌کان و ده‌سی‌کرد به ئاوه‌دان‌کردنه وه‌ی ولاّت و له ساڵی ۵۵۹ کۆچی دا، کۆچی دوایی کردو چه ندین ساڵ کوران و نه‌وه‌و نه‌وه‌زاوبنه ماڵه‌ی ئه‌و میرایه‌تی ولاّته موسڵمان نشینه‌کانیان به‌رێوه بردوه. تا له ساڵی ۶۴۸ نۆبه که‌وته ده‌س داره‌مرواری یا (شجرةالدر) که یه‌کێ له نه‌وه‌زاکانی سه‌لاحه‌دین بووه، داره‌مرواری ئافره‌تێکی کاراو کارزان و هۆزان و دوربین بووه کاتێ بووه‌ته پاتشا سه‌رۆکه‌کانی سپایی ونیشتمانی بانگ ئه‌کات و قسه‌یان بۆ ئه‌کاو ئه‌ێژێ:

Dr.Saleh Ebrahimi



باپیرم سەلاحەدین ئێوەی لە چنگاڵی فەلە کان ئازاد کرد؛ هێمنی و ئاسا یشــی لە وڵاتـە موسڵمانە کانا دابین کرد، بەڵام هێمان مەترسی هەیە و فەلە کان خۆیان لە تەمـاڵ داوە ئـێستا مرۆڤێکی کارزان لە بنەماڵەی ئێمە دا وەبەر چاو ناکەوێ کە بیکەینە میری خۆمان ئەگەر ئێوەش پیاوێکی واتان پێ شک نایێ من ئامادەم میرایەتی بگرمە دەس و وڵات هێدی و هێمن راگرم.

سەرۆکە سپاییەکان و مرۆڤە مەزنەکانی وڵات کە لێهاتویی ئەو ژنە ناودارەیان ئەزانی گشتیان بەیعەتیان پێ کرد.

شجرةالدر ناز ناوی ملكةالمسلمینی پێدرا،هەر وەک باوو باپیری خۆی لە تەک خەڵکا هەڵدەستاو دائەنیشت و بەم هۆیەوە دەرباری قاهێرە ئەونەی تر ناوی داخست.

کاتێ روانی کە بە هۆی جەنگەوە خەڵک بە تایبەت جوتیاران و رەشایی دەس تەنگ و بێ ئەنوا بون،فەرمانی دا، باج و شەکە زەکات وماڵیات لە سەر خەڵک لابەن و هە روا فەرمانی دائەو دانە و پێلانەی والە هەمارو سیلوکانایە،بە سەر هەژارانا، دابەشی کەن، ئەڵێن:

چوار مانگ بودارە مرواری هاتبوە سەرکار،کاتی حەج هات، ئەو یش وەزیرانی خۆی جەم کردوپێی وتن: ئەگەرچی حەجم لە سەرە بەڵام هەڵسوڕان وهێدی وهێمن کـردنەوەی وڵات پێویستە،جا لەبەرئەم دەستورەئەو رو پۆشەی -کابە- کە لە حەریری رەش چـنراوە بیخەنە ناو کە ژاوە زێڕینە کەی من و لە گەڵ هە ندێ لە پیاوان و ژنانی شیاو بیبەنە مەککە، رو پۆشە کەی پارە کە تیکە تیکە بکەن بە سەر حاجیانا دابەشیکەن و بەشی منیش بهێننەوە. وە لە لایەن منیشەوە ماڵی خودا بە ئاوی زەمزەم و گوڵاوبشۆن و رو پۆشە تازەکەی بە سەرا هەڵکێشن وەئەم سەد هەزار دینارە دراوە کە ماڵی خۆمە بیدەن بە هەژارانی مەککە و مەدینە. کاروان لە کاتی خۆیدا کە وتە رێ،دەستورەکانی ئەو یان بە ڕێوە برد.کاتی گەڕانەوەی کـاروان،دارە مرواری چووە پێشوازیان و خۆی هەوساری وشترەکەی گرت و بەرەو ماڵ بە پیادە رایی کێشا، لە پاشان دیاری‌یەکانی لەسەر کاروانەوان وەرگرت و خەڵات و بەراتی بە گشت کاروانەوانە کان دا ئەمە لە میسرا بوبە باو،وە تاچەن ساڵ بەر لەمە ئەم پێشوازی کردنە لە کاروان بەیادی ئەو ئافرەتە کوردە مەزنە ببوە باو و جێژنیان بۆ ئە گرت.لە کاتی میری دارەمرواری هەواڵ بە هانری پاتشای فەرانسەوی گەیی کە ئافرەتێ و امیری ئەکاو خەڵیفەی عەباسیش بە دژی وەستاوە ئێستا

Dr.Saleh Ebrahimi



کاتی ئه‌وه‌یه فه له‌کان دوباره هێرش به‌رنه‌وه‌سه‌ر ولاّته موسلّمان نشینه کان، له ئاکاما له شکر گه‌لێکی فره له چوار قوڕنه‌ی فه‌رنگه‌وه بۆ داگیر کردنی سه‌رزه‌وی ئیسلام که‌وتنه رێ وبه سه‌دان مالم و قه‌شه‌ش له‌ته‌ك ئه‌وانا هاتن و خه‌ڵكیان بۆ هێرش بردن هان ئه‌دا، که ئه‌شێ گڵکۆی حه‌زره‌تی عیسا مه‌سێح له ژێر ده‌س موسلّمانان ده رێنن، ئاشکرایه که له‌و کاته‌دا بیری ئایینی له‌ناو فه‌له کانا زۆر بووه‌و ئه‌م چاوو رایه‌ش شوێنی له‌ناو چینی بۆره پیاوانا زۆر بووه تا ئه‌و شوێنه‌ی که کۆڕێ زۆر له پیره‌ژنان به ناو بۆ ئه‌و جیهاده ئایینیه به جیا هاتبون، ئه وانه‌ی وانه‌یان توانیبو بێنه جه‌نگ، پاره و دراویان ئه‌دا. ئه‌م له‌شکره زۆره له... داردانیل تێپه ڕیان کردبو و پێیان نابووه ناوئاسیا و چه‌ندین ناوی جه‌نگیش بۆداگیر کردنی له‌نگه‌رگاکانی ئیسلام به‌نێوی زریه کانا خولیان ئه‌خوارد، داره‌مرواری کاتێ ئه‌م هه‌والاّنه‌ی زانی بانگه‌وازی کرد و سپایه کی زۆری خسته رێ و خۆیشی سواری که‌ژاوه‌ی زێرین بووله کۆشکی «خه‌تات» بۆ بەڕێ خستنیان هاته ده‌رێ و به ده‌یان قورئان خوێنی خۆش ده‌نگ و ئاوازیش له‌م لاولای که‌ژاوه‌ی داره‌مرواری یه‌وه ئه‌ڕۆیشتن وپڕ به ده‌م قورئانیان ئه خوێند و ئه‌و ئایه‌تانه‌ی واله بابه‌ت جیهاد و پاراستنی نیشتیمانه وه بو،دو پاتیان ئه کرده‌وه٬ ئه‌م کرده‌وه‌ی داره‌مرواری وه‌ها خه‌ڵكی گه‌رم کردبو که هه‌زاران که‌س له‌و موسلّمانانه‌وا سپاییش نه‌بون ده‌سیان دابووه چه‌ك و بۆتاراندنی فه له هێرشکاره کان که‌وتبونه رێگا، داره‌مرواری له ناو که ژاوه که یه وه روی کرده خه‌ڵکه که، پێی وتن: ئه‌ی سپایانی نه به‌زی من، ئێوه بۆبه‌رگری له خاك و ئاوی خۆتان هاتون و ناتانه وێ هێرش به‌رنه، سه‌ر که‌س و ماڵ و سامانی ئه‌م و ئه‌و داگیر بکه‌ن، هه‌ڵبه‌ت خودایش پشت و په‌ناتانه، دژو دوژمن له خاکی خۆتان ده‌رکه‌ن و بیان تارێنن. به‌لاّم له‌وه زیاتر کارتان پێان نه‌بێ چونکه ئێمه ته‌نیا به حوکمی ئیسلام له خۆمان به‌رگری ئه که‌ین و به‌س. ئێستا من به‌ره‌و پێته‌خت ئه گه‌ڕێمه‌وه و چاوه‌ڕوانم ئه گه ڕپێویست بێ بانگم که‌نه مه‌ته‌رێز تامنیش شان به شانی ئێوه بۆ دیفاع و به‌رگری له مافی ولاّت جه‌نگ بکه‌م، سه‌رداره کان کاتێ ئه‌م قسانه‌یان بیست یه ك ده‌نگ وتیان بژی: مه‌له که، ئێمه ئه‌چینه جه‌نگ و به یارمه‌تی یه‌زدان موژده‌ی پیرۆزی و سه رکه‌وتنی خۆمان بۆ تۆ ده‌هێنینه‌وه٬ئه‌م پێش بینیه به راست گه ڕاو دوای سێ مانگ و چه‌ن رۆژسپای ئیسلام دوژمنه کانیان راونا٬خۆیان به‌دیل و ماڵ و ده‌سکه وتێکی زۆره‌وه

Dr.Saleh Ebrahimi



گه‌ڕانه‌وه‌، داره مرواری فه‌رمانی دا دیله کانیان به‌بارمته‌و خۆ کڕینه‌وه ئازاد کرد، یه کێك له‌و جه‌ژنانه‌ی واله کاتی داره‌مرواری دا باو بووه ئه‌وه‌یه‌، کاتێ له‌مانگی ئاوریل ومه‌ی‌دا زریه‌ی نیل ئاوی زۆر ئه‌بوو ئه‌هاته سه‌ر، داره مرواری به ره‌سمی فه‌راعینه‌ی میسر سواری ئه‌سپێ ئه‌بو و وه‌زیری ئه‌عزه‌م هه‌وساری ئه‌سپی مه له که‌ی ئه گرت به ده‌سه‌وه‌و ده هه‌زار نێزه به ده‌س و غولامی که‌مه‌ر زێڕینیش به پیاده له‌به‌ر رکێفی داره مرواری یه‌وه ئه ڕۆیشتن، پیاو مه‌زنانی سپایی ونیشتبمانی بۆ رێز نانی مه‌له که به پیاده ئه‌هاتن، هه‌ندێ له کاره که‌ران و غولامانی ده‌رباری به چه پکه گوڵ و مه‌نقه‌ڵه عوده‌وه له‌به‌ر جڵه‌و یدا ئه ڕۆیشتن.

داره مرواری به و هه‌مو شکۆ یه‌وه له کۆشکی خۆیه‌وه تالێواری نیل ئه‌هات و چه‌پکه گوڵێکی به ره‌سمی فه‌راعینه‌ی میسر ئه‌دا، به‌ده‌م ئاودا وپێشکه شی نیلی ئه کرد و له ئه‌سپ دابه‌زی و مشتێکی له ئاوی نیلی هه‌ڵگوێزاو دوباره کردیه‌وه ناو ئاوی نیل له‌پاشان گۆرانی بێژان و خۆو یژان ده‌سیان ئه کردبه مه‌قام و گوڕانی وتن و شمشاڵ وبلوێر لێدان و ژن و پیاوو کچ و کوڕ به شایی و ره شبه ڵه ك،به‌زمیان سازئه کرد، داره‌مرواری له کاتی گه‌ڕانه‌وه‌دا هه‌زاران سککه‌ی زێرو زێوینی به‌و خه‌ڵك و حه‌شیمه ته،ئه‌دا که له لایه کی ئه‌و سککه‌یه داره‌مرواری وله ولای تریشی ملكة‌المسلمين هه ڵکه‌ندرابو. داره‌مرواری وه ك گشت بنه ماڵه‌ی مه‌زنی ئه‌یو بی به‌زمانی شیرینی کوردی له ته ك کورده ده‌رباری‌یه کانا قسه‌ی ئه کردو زۆری حه‌ز له‌داب و ده‌ستوری نیشتبمانی باو باپیری خۆی ئه کرد، نه وروۆزی ئه کرده جێژن، هه‌میشه خۆیی به‌وه رائه‌نا که کورده‌ویه کێك له‌و شوێنه وارانه‌ی سه‌رده‌م‌و کاتی پاتشایه‌تی داره مرواری دانانی بیمارستان و خه‌سته‌خانه و نه‌خۆشخانه گه‌لی گشتیه،به زمانی کوردی به‌و شوێنه‌یان وتووه... بارستان که ئێستاش له میسرا به بیمارستان ده‌ڵێن: بارستان، له پێش سه‌لاحه‌دین و داره‌مرواری دا له میسرا نه‌خۆشخانه‌ی گشتی نه‌بووه‌، داره‌مرواری بۆحه‌سانه‌وه‌ی نه‌خۆش‌و په‌رستاری کردن له له‌شی بیمارانی هه‌ژار و بێ ئه‌نوای میسر و شاره کانی تری ولاته موسڵمان نشینه کانی ژێر فه‌رمانی خۆی ده‌ستوری دا نه‌خۆسخانه گه‌لێی زۆریان ساز کرد.

هه‌روه‌ها رای‌سپارد تا هه‌ندێ له خۆشنوسانی ناوداری ئه‌و ده‌مه بهێنن و موچه و دراویان بده‌نێ تا ئه‌وانیش قورئان بنوسنه‌وه‌و بی نێرنه شار و گونده موسڵمان‌نشینه کان،هێمان له

Dr.Saleh Ebrahimi



مۆزە خانەکانی گەورەی ئوروپا و ئە مریکا قورئانگەلی دەسنوسی وەقفی دارەمرواری، سککەگەلی زەمانی پاتشایەتی ئەوئەبینرێ، دارەمرواری یەکەم ژنی کوردی موسڵمانەکە گەیشتۆتە پلەی پاشایەتی، دارەمرواری لەو پەڕەی سەر بە خۆیی و دەسەڵاتا میری کردوە. موعتەسەم ئاخرین خەڵیفەی عەباسی کە بەرزی و ناوداری دارەمرواری ئیەدی لەبەر حەسودی تا ئەوشوێنەی توانیبای کارشکێنی ئەکردو فەلەکانیشی لێهان ئەدا تاهێرش بەرنە سەر وڵاتە موسڵماننشینەکانو ئەویش هێرشی مەغوڵەکانبو. هەلاکۆخان موعتەسەمی عەباسی کوشت و لە ٦٥٦ کۆچیدا، دوایی بە خیلافەتی عەباسی هێنا و زۆرێ لە وڵاتە موسڵماننشینەکانی وێران کرد، بە داخەوە لەکاتی هێرشی مەغوڵ دارەمرواری نەمابو، لام وایە ئەگەر ما با چلۆن فەلەکانی تێک شکاند مەغوڵەکانیشی ئەشکاند و ئەی تاراندن، تورانشا، کوڕی دارەمرواری لەسەر کار بوبەلام زیپک و نەبەزی و کارزانی و لێهاتویی دایکی خۆی نەبو. ئەمەبوکورتەیەک لەسەر گوزەشتی دارەمرواری ئەو ئافرەتە بەناو بانگەکوردە، کە برازای شێرکۆ بووەو لە رەسەن ورەگەزی سەلاحەدین ئەیوبی کوردستان بو، کە مێژوی جهان ئەو بە یەکێک لە ئافرەتانی بێ وێنەی جهان داناوەو زۆر لە ئینديراگاندی و تاچیر ژیرتر و بە دەسەڵاتتربو[1].

**ژن لە روانگای قورئانەوە:-** بایەخێ زۆری پێدراوە، بەلام شازاڵمە خوێنەکان رەفتاریان بە قورئان نەکردوە، خواله ئایەتی ئەنفوسیدا فەرمویەتی (ومن آیاته أنْ خلق لکم من انفسکم ازواجاً لتسکنوا الیها) جا چونکا پێوەند لە نێو خاو و خێزاندا بە تایبەت، وە لە نێو هەموی ئینساندا بەگشتی نیازی بە جۆرێ جازیبە و کەششی دڵ و

---

[1] سەرچاوە: گۆڤاری ژنی رۆژئەژمارەی ١۴ گوڵانی ساڵی ١٣۴٦ هەتاوی و ٢٥٨٠ کوردی و ١٩٦٨ زاینی و کتێبی ژنانی نامی ئیسلام و ئێران چاپی ساڵی ١٣٣٨ هەتاوی، کتێبی باوی کۆمەڵایەتی و مێژویی، گرشەی کوردستان لاپەرەکانیی ٢٣ تا ٢٩ ژمارە (٥) چاپی ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی و رێکەوتی ١٩٨١ز ساڵی ٢ تاران، کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی ساڵی ١٣٦۴ هەتاوی تاران لاپەرەکانی ٧١٣ تا ٧١٩، کۆواری ئاوێنە ژمارەی ۴ پە رەی ۴٢ تا ۴٧. کە باسی دارە مرواری: شجرةالدر ملکةالمسلمین لە سروەی ژمارەی ۴١ چاپی ١٣٦٨ کە ئەحمەدبەگزاردە لەسەقزەوە بۆیی ناردوە، بەناوی ئەوەوە لەپەرەی ١٨ تا ٢١ لە چاپدراوەو دوایی ئەوهەڵە لەیەکێ ژمارەکانی سروە راست کراوتەوەو (شەپۆل).

دەرونەوە هەیەچ لەباری ئەنبوژەنی یامەعنەوی، ئەوەیە کە خواله دواییدا فەرمویەتی (و جعل بینکم مودة و رحمه) مەوەدەت و رەحمەتم لە نێو ئێوەدا، دانا، ئەوسا بۆ دوپاتەو تەئکید فەرمویەتی (ان فی ذلک لایاتٍ لقوم یتفکرون) سەرنج راکێشە کە قورئان لەم ئایەتدا ئامانج و هەدەف لەژن هێنان یا شوکردن، سوکنایی هاتن و ئارامشی لە بەرچاوگرتووە. **نەک دیلی و کارەکەری ژن،** قورئان بەتەعبیری پرواتای (لتسکنوا) مەبەست گەلێکی زۆر گرینگی راگە یاندوە، وێنەی ئەم واتایە لە ئایەتی ١٨٩ سورەی ئەعرافیشدا هاتووە (هو الذی خلقکم من نفس واحدة و جعل منها زوجها لیسکن الیها) بە راستی وجودی ژن و مێرد بەو تایبەتیانەوە کەخوافەرمویەتی کە ئینسان هۆی سوکنایی و ئاراوقاراگرتنە، دیارە ئارامش خۆی لە ژیاندا یەکێکە لە مەواهیبی گەورەی خوا، وەئەم ئارامش و سوکنایی هاتنە، لێرەوەیە، کە ئەم دوانە موکەمیلو تەواو کارەوەی یەکترن و هۆی خۆشی و شادی و گەشەو پەروردە کردنی یەکترن، هەر یەکە بێ ئەوی دیکە ناتەواوە، داماوە، دیارە ئەوانەی خۆیان بە رەبەنی دەهێڵنەوە، نیشانەی راوەستانی پلەی پیگەیشتنیانە، وەکاتێ ئینسان لە (رەبەنیەوە) بیەوێ بچێتە نێو ژیانی خاوخێرانیەوە، شەخسییەت وکە سایەتێکی تازە پەیدا دەکاولە کۆڕ و کۆمەڵدا هەست بەبەر پرسی دەکاو تەعادولی رۆحی بۆ بەدیدێ، چلە باری رۆحی و چلە باری‌لەش ولارەوە و چلە روانگای تاکی یالە باری کۆمەلاّ یەتیەوە، سوکنایی دێ و خۆی لە ژیاندا، بەشە ریکی ژیان لە دەردو رەنج و خۆشی و ناخۆشی کۆڕ و کۆمەڵ دەزانێ. جائەگەر جوان بیر بکەینەوە، دە زانین کورد چبەر لە ئیسلام و چ دوای ئیسلام کە بە دڵ و بە ئیختیار دینی ئیسلامی وەر گرتووە، لە کۆڕ و کۆمەڵدا خۆی بە بەر پرس زانیوە و خزمەتێ زۆری بە فەرهەنگ و تەمەدون و شارستانیەت کردوە، کە مێژو شایەدە وکوردزاتەن بۆژن وکچ رێزی داناوە و ژنی بە شەریکی ژیان لە خۆشی وناخۆشی خۆی زانیوە، بەلاّم دراوسێبون لەگەڵ سوڵتان رەشادی تورکی وەسمانی و نالە پێ‌پان،(نادرشای هەوشار) لێکۆڵەر: ناصر ـ ی ئازادپور نوسیویەتی: نادرشای هەوشار لە هۆزی کورد ـ ی

وجیرانە زاڵمەکان لەنێو نەتەوەی کوردیشدا شوێنی داخست وە کە سانێ پەیدابون بە

Dr.Saleh Ebrahimi



بێ‌ڕێزی بڕوانه‌ژنان، جاکاتێ ئه‌م خووه نامۆو ناشیرینو ناشیاوه خه‌ریکبو خۆبخزێنێته نێوکورد، ئه‌وه‌بو گه‌وره‌زاناو شاعیران و پیاوانی ئاینی و موسلیح و دڵسوزی وه‌ک مه‌لای گه‌وره و حاجی قادر و گۆران و بێکه‌س وقانیع به‌ گژئه‌وخووه نامۆو ناشیرینه‌داهاتن وبه دژی ئه‌وباوه،نامۆیه که‌وتنه مله به ملانێ کردن، کاتێ دیان کچی کورد له مافی کۆمه لآیه‌تی، رامیاری ئابوری، بێبه‌ش کراوه و چاویان له خوی سوڵتان ره‌شاد و ناله پێ‌پان کردوه‌و له نێومالّ و خێزاندا، وه کو کوڕ ته‌ماشای کچ ناکرێ، ته‌نانه‌ت شوکردنیشی به‌ده‌ست خۆی نییه و له هیچ ده‌رد و مه‌ینه تێکدا هاواری کچ به هیچ کۆی ناگا، مه‌لای گه‌وره لیان به جواب‌هات و ئێستاله سه‌ر ئێمه به تایبه‌ت له‌سه‌ر روناک بیرانو رۆحانیان پیۆیسته به‌پێی قورئان و به‌پێی خۆرسکی ئیسلامی و ئینسانی: له گه‌ڵ ئه‌م خووه نامۆ و ناشیرینه مله به‌ملانێ بکه‌ین و ئیجازه نه‌ده‌ین کچ‌ژن به‌ژنه‌ی پێ بکرێ و ئه‌بێ به کچ و ژن مافی قورئانی پێ‌بدرێ وه به پێی فه‌رموده‌ی (طلب العلم فریضة علی کل مسلم و مسلمة) رێگای سه‌رکه‌وتن و پێگه یشتنی زیاتر و رێگای خوێندن بۆکچانی کورد باشتر خۆش بکه‌ین تاژن که نیوه‌ی کۆمه‌ڵه دوانه که‌وێ، دیاره ئه گه‌رژن و کچ له کورده‌واریدا دوابکه‌وێ وه‌ک تائێستا خوی سوڵتان ره‌شادو ناله پێ پانیان‌فێرکردین تاکوڕو کۆمه‌ڵگای کورد له‌کاروانی عیلمو زانین و هونه‌ری رۆژ زیاتر، دوا بکه‌وێ جابۆئه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌ی کورد دوانه که‌وێ وبه‌ڵکو پێشکه‌وێ، ئه‌بێ بکۆشین ژن و کچ له کورده‌واریدا باشتر پێشکه‌وێ تاکۆمه‌ڵگای کورده‌واری سه‌رکه‌وێ وپێشکه‌وێ[1].

**حه‌یران خانم** دونبه‌لی بنه ماڵه‌ی دونبه‌لی وه‌کو (مه‌فتون) عبدالّرزاق دونبه‌لی و به‌ها ئه‌دین دونبه‌لی و مه‌زنه‌کانی تری بنه ماڵه‌ی دونبه‌لی هه‌موله‌خۆو گونده‌کانی لای خۆ بون هه‌ندێ لایان وایه حه‌یران خانمی دونبه‌لی له‌ته‌وریز و هه‌ندێ تریش لایان وایه له (نه‌خجه‌وان) له دایک بوه که

---

۱ - گرشه‌ی کوردستان ژماره‌س - ۱- ساڵی - ۱- په‌ره‌ی ۱۴ چاپی ۱۹۸۱/۳/۱ز -و۲۵۹۳/۱۲/۳۰ ک‌و ره‌شه‌مه (پوڵان) ۱۳۵۹ی هه‌تاوی تاران (شه‌پۆل). من (شه‌پۆل) له ژماره‌ی ۱ - گرشه‌ی کوردستان که له ۱۹۸۱/۳/۱ی زاینی له چاپ‌درا و بلاّو کرایه‌وه، بۆ ئه‌وه کورده‌واری را چلّه کێنین که خوی بێگانه و نامۆو ناشیرین سه‌باره‌ت به کچ و ژن له خۆمان دور بخه‌ینه‌وه و ژن‌به ژن به کچ نه‌که‌ین و رێگای ته‌ره‌قی بۆکچان له به‌رچاوبگرین شیعره‌کانی قانیعمان بلاّو کردوه‌وه که ده‌ردی کچ‌له کوڕو کورده‌واری‌بن ده‌س سوڵتان رشاد و حاکمه نامۆو زاڵمه‌کان له‌و بارو بابه ته‌وه نیشان ئه‌دا.

Dr.Saleh Ebrahimi



دوای په‌یمان نامه‌ی توركومان چایی له نه‌خجه‌و انه‌وه گه‌را ونه‌ته‌وه‌و كه‌ریم خـانی بـاوكی حه‌یران خانم گوندی (خانه‌قای سوری) لای ورمێی له‌لایه‌ن نایب‌السلطنه‌وه پێدراوه، بـه‌لاَم ده‌سگیرانه‌كه‌ی حه‌یران خانم نه‌ی توانیوه بگه‌ڕێته‌وه بۆ ئازربایجان و له ئاكاما حه‌یران خانم له ده‌ردو سۆزی دوری ده‌سگیرانه‌كه‌ی چه‌ن غه‌زلی زۆر جوان و پڕواتای دانا وه‌و زیاتر له ٨٠ ساڵ ژیا وه‌وگۆیا تا رۆژگاری شا ناصره‌دین قاچار ماوه. ئه‌مه‌ش غه‌زه‌لێك‌له حه‌یران

بر محفل خود راه مده اهل هوس را — در دور شکر، دور برانند مگس را
گلزار که از روی گل ماه تو خالی است — خار است به من با تو کنم میل قفس را
صد وای به حال دل آن کس که نداند — از ناله مرغان چمن بانگ جرس را
فریاد که‌نادیده رخ یار خودم بست — آه دل برگشته بـه‌من راه نفس را
حیران، بـه فدای تو بران مدعیان — خوبان نگذارند به محفل همه کس را

**هێمان:**

خواهم به تو ازغم نهانی — بنمایم شرح داستانی
روزی زقضای آسمانی — دل را به هزار مهربانی
برداز کف من جهان جانی

مشهور جهان خرده‌بینی — غارتگر جان به نازنینی
در فهم و کمال به قرینی — خورشید جمال ومه جبینی
شیرین سخنی شکر دهانی

هم خور مراد و هم ملک خود — گنجینه جمال و مارگیسو
نسرین بدنی و عنبرین بو — غارتگر جان به خال هندو
با چشم سیاه جان ستانی

ناوی هه‌ندێ له ناو داران دونبولی:

دوبنولیه‌كان له ساڵی ٦٠٧ی ماڵگیه‌وه له شامه‌وه هاتونه‌ته هه‌رێمی سه‌كمه‌ن ئاواكه به‌عیسا دونبولی به‌خشراوه،له پاشان چونه‌ته چوره ـ قـه‌لاَی سـمیران، لای چـوره‌س، قـه‌ره زیائه‌دین، جێگای دێی بستام یا (بهستان) به قسه‌ی ئه‌ولیا چه‌له‌بی ده‌سیان كردوه به حوكومه‌ت

Dr.Saleh Ebrahimi



کردن ـ دونبولەکان لە کوردانی یەزیدین: یەزتە، یەزەد کە لە ئاوێستادا بەواتای فریشتەو پەری هاتووە ـ دونبولیەکان لەگەڵ سەلاحەدین بون و دوایی هاتونە لای خۆ، لە ١٩ ربیع الثانی ١٠١٢ی مانگی کە لە تەورێز پاشای تورکی عوسمانیان دزی و بردیانە (نیک پەی) لای زەنگان بولای شاهە باسی سەفەوی، سەلمان بەگ: سوڵتان سوپاشی دونبولی بووە حاکمی سەلماس و چورەس، چون خۆ بەهوی عوسمانیان وێران کرابو، سەلمان بەگ کوری شاوێردی و نەوەی حاجی بەگی کوژراولە ٩٥٥ی مانکیدا، سەلمان بەگ لە ١٠٣٤ بە ملاوە کە شاهەباس مرد بو، ماوەی ٢٢ ساڵ حوکومەتی کرد تا لە ١٠٤٠ دامردو جەمیشد سوڵتانی مامیشی بووە حاکمی مەرەند ـ یا عبدالرزاق دونبولی کەلە ١٢٤٣ وەفاتی کردوە و کتێبی (ریاض الجنه و تجربة الاحراری) نوسیوە و شاعیر بوە ـ یا بهاءالدین محمدبن عبدالرزاق دونبولی کە تاریخی دنابلەی نوسیوە و نوسخەی خەتی ئەوە لە کتێبخانەی میلی تەورێز بە ژومارەی ١٧٩٩ هەیە ـ یافەقیر ـ ی کوری حوسەینعەلی دونبولی لە ١٢٧٣ دا ئەمیش تاریخی دنابلەی نوسیوە ـ یا حوسەین خان دونبولی کە ئەمیش تاریخی دنابلەی نوسیوە.

لە ١٠٤٩ کە پەیمانی قەسر ـ ی شیرین لەنیوان شاسەفی و پاشای عوسمانی مۆرکرا گرینگی چورەس کە لە زەمانی سەلمان سولتان دونبولی دەسی پێکرابو لە دەورەی ئەیوب خان و مورتەزا قولی کوری زیاتر گرینگی پێدراو بوە ناوەندیی بازرگانی، نەجەفقولیخان ـ خودادادخان ـ جەعفەر قولیخان ـ ئەمیر ئەرسەلانخان ـ مەحمودخان خاوەر ـ شەهبازخان قورساول باشی ـ محەمەد سادقخان ـ سولەیمانخان کوری حوسەینقولیخان ـ نەجەفقولیخان ـ خانم حەیران دونبولی، صاحیب دونبولی، شەوقی تەورێزی دونبولی، کورانی عبدالرزاق دونبولی: (بهاءالدین ئاغا، حاجی محەمەداغا، عەلی کە ناز ناوی: غەریب بوە، مەحمودآغا) ـ دونبولیەکانی شاخەی کاشان: لە شەوالی ١٢١٨ی مانگی کە روس یەعەروس شاری گەنجەی داگیر کرد شەری روسیەی تەزاری و ئێران دەسی پێ کرد، شاری خۆیێ کە بوکی شارەکانی ئێران بوو ئەحمەدخان دونبولی سازی دابو، وە لە ١١٧٠ قلای خۆی بۆ خۆی ساز کردبو کە چوار دەروازەی هەبو: (دەروازەی چورەس، شوراب، ئەستەنبوڵ، حیاباب) کە بە هۆی روس لە ناو

Dr.Saleh Ebrahimi



چو و خراپ کرا ـ ئەمەش ناوی هەندێ لەو ناو دارانە: ئەمیر خـان سـەردار ـ حـاتەمخان ـ ئیسماعیل خان لە ک، ئیبراهیم‌خان، مەتەب خان، ئیمامعەلیخان ـ حەسەنعەلیخان ئاجودانباشی ـ حاجی میرزا ئاقاسی، حاجی میرزا عەبدوللاّ ـ میرزا ئەحمەدخان، نەجەفعەلیخـان، مـیرزا جەبار نازم مەهام، سەد دەلە، مومتاز مولک، موفەخە مولمولک، عەلائو سەڵتەنە ـ (شه پۆل)[1].

**هونه - شعر:**

چه‌سازد گر کسـی بیمـار بـاشد؟ طـبیبش در پس دیـوار بـاشد؟
نه در هجران بُوَد صبر و قرارش نـه راهش در بـرِ دلدار بـاشد؟
سرش در بستر و رنجور و نالان دلش در حسرت دیـدار بـاشد؟
بـه حـال بـلبلی صـد وای کـورا گلشن انـدر میـان خـار بـاشد؟
چه باشد حال عـاشق در زمـانی که نزد یـار صـد اغیـار بـاشد؟

لەدواییدا چونەتە خۆ، کوردانی دونبولی لە ۶۰۷ی مانگی یەوە لە شامەوە هێنراونەتە ئێران و چورەس و خۆوە.ئەحمەد خان دونبولی پەنجا ساڵ و ٦ مانگ حوکومەتی کردوەو دونبولی بنە ماڵەیکی گەورەن و لە سەر ئاینی یەزیدی: یاری، یارسانبوون و پیاوی ئاینی وەک (احمد بن نصر فقیه شافعی و علی بن ابی بکر سلیمان محدث) یان تێدا هەڵکەوتووە. دونبولیانی کاشانیش ناودارن وەک صبا (ئەبولحەسەن) موسیقی زانی ناودار لە دونبولیانە[1].

۳۲ـ صاحبە سوڵتان خانمی کچی کەریمخان لە هۆزی کە نگەر لوی دونبەلی کە لە شیعردا (شهباز) ناز ناوی بوە، خێزانی ئەبولفەتح خان کوری مورتەزاقلیخانی دوەمی دونـبەلی، کە ئافرەتێ زۆر زاناو لە زانستی ئەستێرە ناسیدا نوسراوەگەلی، زۆرە و هۆنەو شیعری جوانیشی

---

۱ـ
کۆواری نیشتمان بلاّوکەرەوەی بیری ژێ ـ کاف ژمارەی ۳، ۴ ساڵی یەکەم سەرماوەزور ێبەندان ـ ی ۱۳۲۲ ی کۆچی هەتاوی کەسەر دێرەکەی بەم ئایەتەیە: (نَصْرٌمِنَ اللّٰهِ وَفَتْحٌ قَریب وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِین) دەس پێی ئەکا. بەناوی ژنێکی بوێژی کورد (حەیران خانمی دونبەلی) برە شیعرێکی ئەو ئافرەتەی بەزمانی فارسی لە پەرەی ۲۹ و ۳۰ لەچاپ داوە. بروانە کۆواری نیشتمان تەموزی ۱۹۴۳ و مایسی ۱۹۴۴ ی زاین، زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف کە ماموّستا دوکتور جەماڵ نەبەز بەبوّنەی تێپەر بونی چل ساڵ بەسەر ئەو کۆوارەدا لەتەموزی ۱۹۸۲ زاینی بە بەرکوڵ و لیکوڵینەوە لەچاپی داوەتەوە (شه پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



هه‌یه‌ و له‌ فه‌نی ئینشا و له‌ زۆریّ له‌ صه‌نایعی زه‌ریفه‌، زۆر شاره‌زا و خۆش‌خه‌ت و ده‌س و قه‌ڵه‌م جوان بووه‌.

شهزاده حَسَن دلیر و لشکرشکن است　　شهزادهٔ باکمال شیرین سخن است
در باغ شهنشی خرامان سروی است　　درگلشن خُسروی گل یاسمن است[1]

بۆ زیاتر ناسینی ناوداراني دونبولي بروانه‌ به‌رگی ۴ کۆمه‌ڵه‌ و تاریّ (وارگه‌و ناوداراني کورد) نوسراوی (شه‌پۆل) په‌ره‌ی ۳۰۳ تا ۳۲۰ و ۳۲۶ تا ۳۳۱

## کوردی شوانکاره

شوانکاره‌، هۆزێکی کوردی زۆر ئازاو نه‌به‌زه‌و له‌ پێنج تیره‌و هۆز، پێکهاتووه‌. رۆژ گارێک له‌ نێو جه‌رگه‌ی فارسدا حوکومه‌تی سه‌ربه‌خۆیان هه‌بووه‌و نزیکه‌ی صه‌دو په‌نجاساڵ ئه‌و حوکومه‌ته‌، هه‌رماوه‌.

دامه‌زرێنه‌ری حوکومه‌تی شوانکاره‌، ئه‌میر فه‌ضله‌وه‌یه‌،که‌کوری عه‌لی کوری حه‌سه‌نی ئه‌یبوبی بووه‌،کۆبه‌ی ماموستا جه‌میل رۆژ به‌یانی - حوکومه‌تی سوانکاره‌ ساڵی [۴۲۱ ی مانگی و رێکه‌وتی ۱۰۳۵ ی زاینی] دامه‌زراوه‌و تا ساڵی [۷۵٦ ی مانگی و ۱۳۵۵ ی زاینی] هه‌ر به‌رده‌وام بووه‌،کورد و کوردستانی ئه‌مین زه‌کی ته‌رجه‌مه‌ی محه‌مه‌د عه‌لی عه‌ونی، چاپی به‌غا، په‌ره‌ی ۱۳۷ نه‌قڵ له‌کۆبه‌ی شه‌ره‌فنامه‌ به‌کوردی په‌ره‌ی ٦۴ چاپی دوه‌م ساڵی ۱۹۸۱ی زاینی تاران چاپخانه‌ی جه‌واهیری.

هه‌رکه‌سێ فه‌رهه‌نگ و زانین به‌ ده‌س بێنێ
ره‌حمه‌ت و به‌ره‌که‌ت به‌ سه‌ر خوێدا ده‌بارێنی (شه‌پۆل)

---

۱تاریخی خۆ نوسراوی دوکتور محمد ئه‌مین ریاحی و یادی صه‌با (شه‌پۆل). زانایانی ئازربایجان لاپه‌ره‌ی ۱۲٦؛ باشترین شیعر لاپه‌ره‌ی ۸۱۳- کۆواری ئه‌رمه‌غان س - ۹ ش ۵ و ٦ لاپه‌ره‌ی ۳۰۷- مه‌شاهیر الکورد لاپه‌ره‌ی ۲۳۳ و مه‌شاهیر کورد ئوستاد بابا مه‌ردۆخ رۆحانی شیوا ج ۱ لاپه‌ره‌ ۳۴۰ و ۳۴۱ و ئه‌شعار برگزیدهٔ حیران خانم که‌ له‌ لایه‌ن خانم نه‌قی یوا له‌ باکۆساڵی ۱۹۸۸ از لاپه‌ره‌ی ۱۴۲ نوسراوه‌و مه‌جه‌له‌ی نه‌شر دانش ژماره‌ی ٦ سال دهم میهر و آبان چاپی تاران و ژیناوه‌ری زانایانی کورد ج ۲ لاپه‌ی ۱۸۴ شه‌پۆل.

۲- آثار الشیعه ج ۴ لاپه‌ره‌ی ۲۱۲. خیرات حِسان لاپه‌ره‌ی ۱۱۷- تاریخی مشاهیر کورد بابا مه‌ردۆخ رۆحانی شیوا ج ۱ لاپه‌ره‌ی ۳۴۱ (شه‌پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# نەورۆزی پیرۆز

سەرەتا

قسەکردنی تازە لە نەورۆز سەختەو ساز نادرێ، نەورۆز جێژنێکی نەتەوەیی یە، جەژنی نەتەوایەتیش هەموو کەس دەیناسێ کە چیەو چلۆنە، نەرۆز گشت ساڵێ دەگیردرێ و ساز دەدرێ. هەموو ساڵێک قسەی لێدەکرێ و شیعر بە بەژن و باڵایدا دەوترێ. زۆریان وتوەو زۆر باسی نەورۆز بیستراوە، جا وابێ نیازێ بە دووپاتە کردنەوە نیە؟ بۆچ، چونکە هەیە مەگەر خۆتان نەورۆز دووپاتە ناکەنەوە؟ جا قسە کردن و ئاخاوتن لەبابەت نەورۆزەوە بە چەن پاتە ببیسین، لە عیلم ، ئەدەب،زانین و وێژاوەریدا تەکرار بیهودەیەو ماندوهێنەرە، ئاوەز تەکرار پەسەند ناکا، بەلاّم هست و ئیحساس تەکراری خۆش دەوێ، خۆرسک و تەبیعەت تەکراری پێ خۆشە، کۆڕو کۆمەڵ نیازی بە تەکرارە، سروشتیان لە دووپاتەبوونەوە ساز داوە، کۆڕو کۆمەڵگا بە دووپاتەبوونەوە بە هێز دەبێ، ئیحساس بە تەکرار گیان دەگرێ.

نەورۆز داستان و چریکەی جوانی و خۆشییێکە،کە لەودا خۆرسک، ئیحساس و کۆمەڵگا هەر سێک لە کار دان.

نەورۆز،کە چەندین سەدەیە بەسەر گشت جێژنەکانی ، جیهاندا ناز دەکاو فەخر دەفرۆشێ، لەو رووەوەیە،کە یەک قەراردادی دەس کردی کۆمەلاّیەتی و یا یەک جێژنی داسەپاوی رامیاری و سیاسی نیە، جێژنی جیهانەو رۆژی شادمانی زەوی، دۆڵ، هەرد، ئاسمان، رۆژو خۆرە، وە جۆش و خرۆشی دەم کردنەوەی گوڵ و گیاو جێژنی لە دایکبوون و گیاشین بوونە،کە پڕو تەژی لە کەف و کوڵی هەر سەرەتاو سەرهەڵدان و پەیدابوونێکە. جەژنەکانی دیکە زۆربەی خەڵک لە فابریقە، مەزرا، دەشت و دەر، کوچەو کۆلاّن، بازاڕ، باغ و بێستان، وە لە نێو داوێنی بژوێنی خۆرسک و کشت و کاڵ و چیا، شاخ و هەردو دۆڵ دەگرێتەوەو لە نێو هۆدەو خانوی تەنگ و تاریک، لە پشتی درگای داخراو کۆدەکاتەوە، لە چایخانە، کافە، کابارە، ژێرزەوی، سالۆن، تالار، باڵەخانەو لە نێو مالاّن، لە هەوای گەرمی بەرنەوت، گازائیلی و گاز، رووناک بە چۆڵە چرا، یا چرای قەرەپلیتە، لەرزۆک بە دوکەڵ لە نێو خانوی قڕاوی یا سپی کار، جوان و رازاوە بە گوڵی کاغەزی،

Dr.Saleh Ebrahimi



مقەوایی، مۆمی، بۆنی هەلاّلە و عەتر،قەتیسی دەکاو... بەلاّم نەورۆز دەستی خەلّکی دەگرێ لە مالّ و بن میچ، درگای بەستراو، هەوای خەفە، لە لای دیواری بەرزو بلّیند، لە شارو دێ،لە نێو کونجی مالّ و هۆدە،دەری دەهێنێ و دەیباتە نێو خۆرسکی ئازاد و بێ سنور، گەرم لە بەهار، رووناک بە خۆرەتاو، تەژی لە بزوتنی بەدیهێنان و ئافراندن و خولّقاندن، جوان و رازاوە بە باو بۆران و نەخشاو،بە گولّ و گیا و شەتاو، قەلّپەزەو تافەگەی کانیاو، رازاوە بە گەزیزەی بەهاری و سەوزەو شینگەی دەم ئاو،یا شەتاو، خۆشبۆ، بە بۆی بارانی بەهاری، بە بۆنی پونگە، بە بۆنی خاکی نەورۆزو بەهاری لقەداری داهاتوو شکاوی باران ویکەوتو، پاک و بێخەوش و بێن خۆش، بە گولّ کردنی داران، گولّ زەردو گولّ هەناران، بە جیوە دەرکردنی داران، بە خورەی باران کە دێنێ بێنی خۆشی بەهاران.

نەورۆزی پیرۆز،بیرەوەری یەکی گەورەیە، بیرەوەری خزمایەتی مرۆڤ لەگەلّ خۆرسکدا، هەموو سالّێک ئەم رۆلە فرامۆشکارە،کە سەر گەرمی کاروباری دەسکردو سازدراوی پڕ پێچ و خەمی خۆیەتی، دایکی خۆی نیشتمان لە بیر دەباتەوەو بەوەبیرهاتنەوەی وەسوەسە هێنی نەورۆز، خۆ دەخاتەوە باوەشی ئەو، وە لەگەلّ ئەو ئەم گەزیانەوەو دیدار تازە کردنەوە،دەکاتە جێژن و خۆشی. زارۆک لە باوەشی دایکدا، خۆی دەبینێتەوەو دایکیش لە کەنار زارۆکدا لە خۆشیا دەگەشێتەوەو گولّ و چرۆ دەر دەکا، ئەسرین و رۆندکی شەوق و خۆشی دەبارێنێ و هاواری خۆشی رادەگەیێنێ، جوان و جاحێل دەبێتەوەو عومری لە نوێ بۆ دەنوسرێتەوە، دوبارە دەبوژێتەوە، بە دیتنەوەی یوسفی گومبوی سومایی بێبیلەی چاوی جوانی، جوان و بیناو بێدار دەبێتەوەو دەبوژێتەوەو دەڕازێتەوەو دەخەملێ.

ژیارو شارستانی ئێمە،دەسکردی ئێمەی بەرەی مرۆڤ، هەرچی پڕ پێچ تر و سەنگین تر دەبێ،نیاز بەگەڕانەوە،دووبارە ناسەوەری و ناسینەوە زیاتر دەبێ. دیارە خۆرسک و تەبیعەت لە بەهاردا لە نێو دلّ و دەرونی مرۆڤدا زیاتر دەبوژێنێتەوەو گیانی پێ دەبەخشێ، جا بەمجۆرەیە کە نەورۆز بەراوەژوی ئاداب و رسومێ کە پیر دەبن و دەسوێن و دەپوێن و لە کار دەکەون،جارجارەش بێ هودەو بێ کەلک دێنە بەرچاو، نەورۆزی پیرۆز،بە تواناتر و بە هێزتر دەبێ، وە داهاتویەکی تازەترو بە مەزەترو درەخشانتری هەیە، چونکە نەورۆز رێگایەکی سێوەمی گرتۆتە بەر کە جەنگی دێرینەیێ کە لە رۆژگارانی (لائوتیزۆکونفسیوس) تا رۆژگاری (رۆسۆ و

Dr.Saleh Ebrahimi



ویلتێر) هەبووەو هەیە، دەیکاتە ئاشتی و پێکەوە سازان.

نەورۆز تەنیا دەرەتانێک بۆ ئاسایشت، گەڕان و خۆش رابواردن نیە، نیازی زەروری کۆڕو کۆمەڵەی بەرەی مرۆڤایەتی یە. هەروا،خۆراک، ژیان و ژینی نەتەوەیەکیشە، دنیایێ کە لەسەر بنەرەتی گۆڕیان، تیاچون و پوان و سوان، پسان و لێک ترازان، لە ناو چون، تێک سمڕان، لە کیس چون و لە دەس دەرچون، ساز دریاوە، جێگایێ کە لەودا ئەوەی سابتەو ناگۆڕێ و هەمیشە پایەدارە، تەنیا گۆڕیانەو ناپایەداری یە، چ شتێک دەتوانێ نەتەوەیەک، کۆڕو کۆمەڵگایەک، لە راست ئەرابەی بێ بەزەیی زەمان لە پوان و سوان راگرێ،کە بەسەر هەموو شتێکدا تل دەخواو دەگەڕێ و وردو خاشی دەکاو دەیهاڕێ و دەڕوا، وە هەر بناخەیەک دەشکێنێ و هەر شیرازەیەک هەڵدەوەشێنێتەوە، لە تیاچون و نەمان بپارێزێ.

هیچ نەتەوەیەک،بە یەک نەسل و دوو نەسل شگڵ ناگرێ، نەتەوە، کۆمەڵێ پێکەوە لکاوی نەسلگەلی متەوالی زۆرە، بەلام زەمان ئەم تێخەلە بێ بەزەیی یە، پێوەندی بەرەو نەسلەکان دەبرێ و دەی پسێنێ، نێوان ئێمەو رابوردوان - ئەوانەی کەگیانی کۆڕو کۆمەڵگای ئێمەو نەتەوەی ئێمەیان ساز داوە. دۆڵی مەترسی‌داری مێژوو قووڵ کریاوە، سەتەکانی نێو بەتاڵ، ئێمەی لەوان جیاکردۆتەوە، تەنیاو تەنیا باوی نێو کوردەوارین،کە ئێمەیان بە نهێنی دور لە بەرچاوی جەلادی زەمان لەم دۆڵە قووڵە، پڕ مەترسیە، رادەپەڕێنن و رایان پەڕانوین، ئێمە لەگەڵ باو باپیران، باو کالمان، وە لەگەڵ رابوردوماندا،ناسیاومان دەکەن، لە نێو چاوی پاکی ئەم باوی کوردەواری یەن،کە ئێمە حوزوری ئەوان لە کات و ساتی سەردەمی خۆمان، لە نێزیک خۆمان و لە نێو جەرگەی خۆمان هەست بکەین، وە خۆیشمان لە نێو ئەواندا دەبینین.

جەژنی نەورۆزی پیرۆز، یەکێ لە پایەدارترین و جوانترین داب و دەستورەکانی نێو کوردەواری یە،کە لە ماڵە باوانەوە، لە کوڕو کالانەوە بە یادگار بۆمان جێماوە.

لەو دەمەی دا وا داب و دەستوری باوی نەورۆز بەڕێوە دەبرێ، وەک ئەوەی مرۆڤ خۆی لە هەموو نەورۆزەکاندا دەبینێ کە هەموو ساڵێک لە کوردەواریدا ئەنجام دەدرێ، لەو هەل و مەرجەدا شانۆی تاریک و روون وگشت لاپەڕەی رەش و سپی مێژووی نەتەوەی کەونارای ئێمەی کورد،لە بەرامبەر چاوماندا هەڵ

Dr.Saleh Ebrahimi



ده ڕێته وه، به رێزه و به سان ده روا، باوه ر به وه که نه ته وه ی ئێمه هه موساڵ و وه رزێک، له م نیشتمانه، جێژنی نه ورۆزیان گرتووه، ئه م بیرو باوه رانه مان، له مێشکدا، ده هێنێته جم و جوڵ که ئاریایی: کورد: ماد! هه موساڵێک، ته نانه ت له و ساڵه یشدا، که ئه سکه نده ر، رومه تی ئه م خاک و نیشمانه ی به خوێنی پاک و گه ش و ئاڵی نه ته وه ی ئێمه ره نگین کردبو، له که نار بڵێسه بڵێسی ئاگری نه ورۆزی پیرۆز، له کورده واریدا، قه ف قه ف گڕه مه شخه لانی ده چو به گه روی ئاسماندا، هه رله و رۆژگاره دا، ولاتی داگیرکراو جێژنی نه ورۆزی تێیدا پیرۆز ده کرا، به بیرو بڕوایی زیاتر وپته و تر ده چون به به ره و پیری نه ورۆزه وه، جاهه مو یه کده نگ و پڕ به دڵ ئه م ئاوازه یان ده خوێند:

واروژ هه لات له به نده نی به رزی ولاته وه ـ جێژنێکی کۆنی کورده به خۆشی و به هاته وه.

ته نانه ت له و سه ر ده مه ی وا (پێشمه رگه) سه ربازانی عه ره ب له سه ر پێل زه هاو، بانه و لای نه هاوه ند و پاوه و هه ورامان، له که نار ئاگردانه کانی سارد و کوژاوه، جێژنی نه ورۆزیان، ده گرت. له سه رده می هێرشی عه ره ب بۆ کوردستان، شایه رێک له کوشت و برین و تالان و به دیل گرتن و سته می هێرش کاران، خه به ر، ده داو به شیعر و هۆنه ده ڵێ:

هـــورموزگان رمـــان ئـــاتران کـــوژان      وێشان شارده وه، گه وه ره ی گه وره کـان
زۆرکـــار ئـــه ره ب کـــردنه خـــاپور      گـــونداوئـــی پـــاڵه، بـــه شی شـاره زور
ژنیّ و کـــه نیه کـــان، وه دیـــل بشـــینا      پـــیا ئـــازا تـــلیا ژروی هـــوێنا
ره وشت زه رده شت مـــه نوّوه بێکـــه س      به زه یه ک نکا هورموز وه هیچه کس[1]

له و ساڵانه داو له هه موساڵه کانی وه ک ئه وساڵه سه خت و تووشه، نه ورۆز بێخود یا ته نیا بۆ خۆشی نه بووه، به ڵکو بۆ راگه یاندنی مان و به رده وامی هه بون و بونی نه ته وه ی کورده، وه نیشانه ی پێوه ند له گه ڵ رابوردویه ک، که زه مان و روداوه ی شوّم و وێرانگه ری رۆژگار، هه میشه بۆ پسان و لێک هه ڵیچران و

---

(١) گوندا، گونا، ئی پاله: ئه م خه ته، ئه م هه رێمه ـ ئه م هۆنراوه به زوانی گۆرانی کوردین، هه روه ک ئه مین زه کی به گ فه رمویه تی ئه م هۆنه له په راوێزی ١٨ له سه ر لاپه ره ی ١١ له کتێبی خه باتی سونیان ـ ی کورد نوسراوی واسیلی نیکیتین چاپ کراوه، (فه رموده ی مامۆستا رۆژبه یانی) نه قل له کۆواری گرشه ی کوردستان چاپی گولانی ١٣٦٠ و ١٩٨١ ی زاینی ژماره ی دوه م و سێوه م ساڵی دوه م تاران که یه که م ژماره ی گرشه ی کوردستان له مارسی ١٩٨١ ی زاینی له چاپ دراوه و بلاوکراوه ته وه (شه پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



جیاوازی خوازی و تۆمی دوبەرەکایەتی چاندن، کۆشاوەو دژ و دوژمنانیشمان دەسەچیلەیان بۆ هێناوەو ئاگری کزی و کەنەفتیو لەبەر یەک پسانیان بۆ خۆش کردوین.

نەورۆز لە گشت دەم و چاخێکدا ئازیز و رێزدار بووە، لەبەرچاوی موغان، موبدان، وە لەبەر چاوی موسڵمانیش رێزی تایبەتی هەبووە. هەموو نەورۆزیان لا خۆشەویست بووە، بە زمانی خۆیان قسەیان لە نەورۆز کردووە، تەنانەت فەیلەسوفان و زانایانیش وتویانە: نەورۆز یەکەم رۆژی ئافراندن و بەدیهێنانی عالەمە، کە ئورموزد لە نەورۆزا دەستی بە خیلقەت کردن کردووەو لە شەش رۆژ دا ئەم کارەی ئەنجام داوە، جا هەر لەم بابەتەوەیە،کە یەکەمین رۆژی ئاخەلێوە (خاکەلێوە: نۆسان)یان بە هورموزد ناو ناوە.

چەند ئەفسانەیەکی جوانەو لە بەر دڵانە، جوانتر لە واقعیەت! بەڕاستی مەگەر هەر کەسێ هەست بەوە ناکا، کە یەکەم رۆژی بەهار، هەر دەڵێی: یەکەم رۆژی ئافراندنە. دیارە ئەو رۆژەی وا خوا دنیای داناوە دەبێ ئەو رۆژە نەوگ رۆژ بوو بێ کە ئەمرۆ بە نەورۆز ناو دەبرێ، دەبێ بەهار، یەکەم کژ،وەخاکەلێوەیش یەکەم مانگ و ئەو رۆژیش یەکەم رۆژی خیلقەت بێ، نابێ خوا دنیا و خۆرسکی لە پاییز یا لە زستان یا لە هاوین دا دەست پێ کردبێ و بەدیهێنا بێ. دیارە لە سەرەتای بەهارا گوڵ و گیا دەستیان بە سەوز بوون و شین بوون کردووە، رۆیشتنی ئاوی چەم و کانیاو، چرۆ،یا شکۆفەکردنی دارو دەوەن، پشکوتنی گوڵ و گیاو لێو کردنەوەی گوڵاڵە و گەزیزە،یانی نەرۆز: نەوگ رۆژ.

لە ئاوێستادا لە دوعا و نزایەکدا کە لە نەورۆزدا دەخوێندرایەوە، بەمجۆرەیە: ئەی پاشا لە جێژنی خاکەلێوەدا (نۆسان)دا ئازادی بگرە پێش، بەگیان و دینی کیان سروش بدە، بۆ تۆیە زانایی و بینایی، بە کارزانی بژی،بە خۆیی،هەژیر و شاد بوون لەسەر تەختی بەخت بە... باوی پێشینان بە مرۆڤانی وکارچاکی و وەرزش و دادگەری و راستی و دروستی راگرە، سەر بەرزو بڵیند بی و تەمەنت لە نوێ بنوسرێتەوەو ئەسپت ساغ و پێش برکێدەری دوژمن بێ. بازت ؟ نەچیر گربێ، کارت راست، وەک تیر بێ... پیشەت هونەرو زانایی،بەڕێز بێو دوژمنت کزو بێ تین،ماڵت ئاوا لە ژیاندا کامرەوابی.

ئەوەی لەم نزاو پاڕانەوە دەردەکەوێ ئارەزوی چاکخوازانەی خەڵکە لە ساڵی

Dr.Saleh Ebrahimi



نویّ، ئارەزوگەلی ئەوانە لە بابەت چاکی و چاکەکردن و میّرانی‌یە. هیّز و کامرانی، بایەخدان بە زانایان و هونەروەرانە. لە راستی‌دا نەوروّز ئایینی خەلکەو بە سودی ئەوانە، رازو رەمزی مانەوەیشی هەر لەوە دایە.

بوّچ نەوروّز ١٢ روّژە؟

پیّشینان ژیانی خوّیان لە روی کاکەشانگەل و ئەستیّرەکانەوە واتاکردووە، لە بن تەوژمی ئەستیّرەناسیدا،لە بوتوّزامیا،ماد: کوردەکان تەمەنی جیهانیان بە دوانزە هەزار سالّ دانیاوە، ئاسمان و زەوی تیّک دەرمیّن و نەزمی جیهان دەشیّویّ، لە ئاسماندا، دوانزە بورجیان دیوە،کە دوانزە ئەستیّرە،حاکمە بەسەریاندا، جا هەر لەبەر ئەوە، سالیان،بە دوانزە مانگ ناوبردووە، لەو روّژانەدا دوانزە جوّر دانەیان چاندووە، تا سەوزترین وگەشترینیان هەلبژیّرن، باوەڕیان وابووە ئەگەر نەوروّز بە خەم یا شادی رابویّردریّ،سالّ بەو شیّوە دەبیّ.

روّژی سیانزە ویّنەی پایانی ئەو دوانزە هەزار نەزمەیە، یانی دوای دوانزە دەورە، ئالوّزی و بیّ سەرو بەرەیی یە، جا بوّیی نەحسە. بە قسەی دوکتوّر میهردادی بەهار، حەوت سین پیّوەندی لە تەک حەوت ئەستیّرە (سەیارە)دا هەیە کە چارەنووسی بەرەی مروّڤ بە دەست ئەوان دەزانرا. ئەوەیە شاعیر دەلیّ:

| | |
|---|---|
| هفت کوکب که هست عالم را | قمر است و عطارد و زهره |
| گاه از آن نظام و گاه خلل | شمس و مریخ و مشتری و زحل |

قال علی قزلجی علیه الرحمة و ترتیبها متساعداً هکذا.

خەلک لە نەوگ روّژا دەستیان لە کار دەکیّشا و خەریکی کایەو گەمەو گالتە و گەپ دەبوون. هەندیّ لایان وایە شویّنەواری جیّژنی (گموک)ی بابولیان لە نەوروّزدا هەیە. نەوگ روّژ یادگاری جەمشیدی جەمە، ئەو پاشا ئوستورەیە، لە بەرا باوەڕ، وابووە کە هەر مردویەک،فروهیّزیکی هەیە کە لە ٢٦ی رەشەمەو رەشانگ دەچیّتە دیدەنی مردووەکان، ئەوانە لە ئاسمانەوە دیّن و بوّ ماوەی دە روّژ لای مردووەکان دەمیّننەوە، جا هەر لە بەر ئەمە لە روّژەکانی ئاخری سالدا خەلک چونەتە دیدەنی مردووەکان و خوّراک و ئاویان بوّ بردون و ریّزیان لیّگرتوون.

بە هاتنی نەوروّز یا یەکەمی بورجی (حەمەل) نیوگوّی باکوری، خەلک چونەتە دیدەنی گەورەکانیان و دیاریان بوّ بردون، لە پیّنج روّژەی یەکەم دا گوّڕانی حوکومەتی، وەرگرتنی مالیات (شەکەزەکات) و دانان و لابردنی کار بە دەستان

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەنجام دراوە، تەنانەت میری نەورۆزی یا میر میران، بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لەسەر تەخت دانیشتووەو خەڵکی لابردووە، یا لەسەر کاری داناون، تا نەزم تێک بدەن و دەورەیێ تازە بەدیبهێنن.

لە ڕۆژی شەشەم کە تایبەتی نێزیکان بووەو چێژن، بارێ تایبەتی بە خۆیەوە گرتووە، لە نەورۆزدا پاشا بە جلک و بەرگی جوان و تازەو بوردی یەمانی،لە دەربار حازر دەبوو، دەکۆشا یەکەم کەس کە دێتە دەربار، پاک بێ، وەک ڕۆحانی. جا باو بووە پێشەوایانی دینی دیاری وەک شیر، تیروکەوان، قەلەمیان بۆ شا دەبرد، هەروا شینکەی تازە چەکرەکردو، باو بووەو لەو ڕۆژەدا بەندیان ئازادکراون، مرۆڤ، ژن، پیاو، کچ و کوڕ لە دەم چڵام و ئاوکۆ دەبوونەوەو ئاویان بە یەکدا دەکرد. پریشکە پریشکیان بە یەکداڕکرد، ئاگردانەکانیان پاک دەکردەوە، لە دوایی دا شەکر یا هەنگوێنیان دەخوارد، باو بووە،بەر لە هەر شتێ،سەر لە بەیانی نەوگ ڕۆژ، سێ جار لەسەر یەک هەنگوێنیان خواردووە، ڕۆنیان لە بەدەنی خۆ هەڵسویوە، تا لە نەخۆشی و ناخۆشی و بێ بەختی دور بن، هۆدەی نشیمەنیان دەڕازانەوە، گۆزە، گوڵدانی گوڵ وکاسەی ئاگردانیان لەوێ دادەنا تا نێو ئەو هۆدە بێن خۆش و خۆش بێ. بۆ بۆن خۆشی، داری عودیان دەخستە نێو ئاوری ئاگردانەکان، باوەڕیان وابووە، هەرکەس دەبێ بە دەستی خۆی دارو چرپی لەسەر ئاگرەکەدانێ و یادی مردووەکان بکا.

لەسەر خوانچەکان حەوت شاخە لە دارە پاکەکانی زەیتون، بی، هەنارو... یان دادەنا، وە لە حەوت پیاڵەدا سکەی سپی و نوێیان دادەنا،کە حەوت سین دور نیە یادگاری ئەوە بێ، چەن جۆر تۆمی کشت و کاڵیش لە ١٢ ڕۆژی نەورۆزدا چاندووە، تا هەر کام باشتر هەڵیانداوەو گەش‌تر بوون، لەو ساڵەدا بە بەهارە یا پاییزە کێڵ،کەڵکی لێوەر بگرن. دور نیە سەوەزە داچاندنی نەورۆز یادگاری ئەوە بێ، هەروەک جلکی نوێ، دیاری بردن، دیدەنی گەورەکان، لە ئاخری حەوتوی ساڵدا، سرنجدان بە شیرینی،دیدەنی مرۆڤی خۆش قەدەم یا خۆشبەخت لە یەکەم کات و ساتی ڕۆژی نەورۆز دور نیە، ڕیشەی لەمەدا هەبێ کە لەگەڵ ئاداب و رسومی دینی و ئیسلامی تێکەڵ بووە.

ئەو جۆرەی مێژوو دەنووسێ: یەکەم هۆز و نەتەوەیەک کە هاتونەتە ئەم

Dr.Saleh Ebrahimi



سەرزەوی‌یە ئاریایی: ماد و کورد بـوون[١]. ئـەم هـۆزە، هـێندو ئـاریایی بـوون. ئاریایی‌یەکان ئازا، نەبەز، پڕ تەقالا، کۆشا، باوەڕ بە خۆ، بەتەمەدون و خاوەن ژیار و شارستانی‌یەت بوون، خێوی خوایانی جیا جـیا بـوون، وەک: ئـیندرا، وارونـا، ئەگنی‌و میتوە (میترا). لە نێو ئاریایەکان (ماد : کوردەکـان) زەردەشت سـەری هەڵداوەو کتێبەکەیشی نێوی ئاویستایە، ئەوەیە قانیع دەفەرمێ:

کـــتێبی زەردەشت کــە ئـاوێستایە — وەک باقی کـتێب خـەڵات خـودایـە
بە زمان هـەورامـی هـاتە سـەر بـەشەر — یانی های زەردەشت بوی بە پێغەمبەر

دینی زەردەشت ، هەندێ لەو داب و دەستورانەی پاراست، هەندێکی گۆڕی، هەندێکی لابردو هەندێکی وەرگرت‌و نایە نێو باوەڕەکانی خۆی. دابێ وەک سیدرە لە بەرکردن[٢] یا بشتێن لە پشت بەستن[٣]، ئەوانە رێزیان بۆ ئازەر دانیاوە (ئاگری پاک) جاری وا هـەبووە، ئـەو رێـز لێـنانە وەک پـەرستین خـۆی دیـاری داوە. نەیان‌هێشتووە ئاگری ئاگردانەکان بکوژێتەوە، بۆ ژن هێنان و شوکردن، کفن و دفنی مردو، داب و باوێ تایبەتیان هەبووە، بۆ مردو کۆتەڵیان (چـەمەرە)یـان گـێڕاوە. دوای شوێنداناتی ئاینی زەردەشت بـەسەر هـۆزەکـانی دیکـەدا، بـەتایبەت لە رۆژگاری پاشایەتی ساسانیدا (٢٢۶ - ۶۵١ی زایینی) بەرەبەرە باوەڕی دیـنی، جێژنی جۆراوجۆر ساز درا، کە زۆربەیان بە پێی دیاری کردنی تەقویمی تەبیعی و خۆرسک یا هی گۆڕیانی کژ بووە، وەک جێژنی سەتەی مەڕی، جێژنی بێڵن‌دانە، جێژنی نەوروز کە ئەم جێژنی نەورۆزە لای زەردەشتیان ، زۆر گـرینگ بـووەو گرینگیشە.

لە مێژووی ئاینی زەردەشت دا رۆژی شەشەمی خاکەلێوە (نۆسان) بـە نـێو نەورۆزی گەورەو رێکەوتی لە دایک بوونی زەردەشتە. لای باوەڕدارانی ئەم دینە ئەم رۆژە زۆر بەڕێزە، بە پێزو پڕ بەرەکەتە، هـەموو دەزانـین لە ئـاخری مـانگی رەشەمە، ئاداب و روسومی ئاگری چوارشەمە سوری هەڵدەکرێ و ئیتر سەرەتای جێژنی نەورۆزی پیرۆزە.

---

١- ئاریایی: نەجیب، شەریف و پاک و نان بدە.

٢- سیدرە کراسی پاکە، کاتێ کوڕان دەگەیشتنە تەمەنی بلوغ لە جێژنێکدا لەبەریان دەکردن.

٣- ئەم پشتێنەبەن یا هەودایەکی پاکە، کە لاوان لە پشتیان گرێیان دەدا، لە سێ تاڵە بەن ساز دەدرا کە نیشانەی کردەوەی چاک، وتاری چاک، بیرو هزری چاکە.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەبورەیحان بیرونی دەڵێ: دوای ئەوەی جەمشید دادگەری وڵاتی دابین کردو لەبان تەختی بەخت دانیشت، لەو رۆژەدا خەڵک دەستیان کرد بە شایی و شادی و جێژنیان گرت، فیردەوسیش بە درێژی لە شانامەدا باسی ئەمەی کردووە. لە مۆسیقی وڵاتیش دا لە مەقامگەلی ۱۷ - ۱۶- ۱۵ بە تەرتیب نێوی نەورۆزی عەرەب، نەورۆزی سەباو نەورۆزی خارا هاتووە.

لە دەستگای راست، راستی پێنجەکاندا لە مەقامی ۲۲-۲۱-۲۰ هەر ئەم نێوە (نەورۆزە) هاتووە.

هەندێ لەو باوی نەورۆزە کە ئێستایش لە کوردەواریدا باوەو ماوەو پارێزراوە، ئەمانەن: پاک و خاوێن کردنەوەی ماڵ و نشیمەن، لە سەرەتای تازە بوونەوەی ساڵ، هەموو شتێ، هەموو کەسێ دەبێ پاک و خاوێن بێ، هەڵکردنی شەم بە یادی هەڵ کردنی ئاگر، لە رۆژە کانی پێشودا، دانانی سفرەی ۷ سین بە یادی حەوتەوانە، حەوت خانی رۆستەمی زالی کورد، حەوت ئەم شاسپندان، حەوت کەوکەب، حەوت پشت و ...

زەردەشتیان، لەسەرەتای نوێ بوونەوەی ساڵدا، ئاوێستایان دەخوێند، بەو باوەڕە، کە دێو و درنج لەو دەورو بەرە، نەمێنێ و رابکەن. ئێستاش موسڵمانان قورئان دەخوێنن، تا گوناحیان هەڵوەرێ.

بۆ بیرەوەری یادی گەڕانەوەی مردووەکان لە نەورۆزدا، هەندێ کەس بە دەم و چاوی رەشکراوو جلکی سور دەچوونە نێو خەڵک. تا خەڵک، مردووەکان لە بیر نەبەنەوە، دور نیە جلکی سور یادی خوێنی سیاوەش بێ، وەدەم و چاوی رەشیش نیشانەی گەڕانەوەی مردوو، لە دنیای تاریک بێ[1].

---

۱- زەردەشتیان سەرەتا مردووی خۆیان دەنا نێو بورجی خاموشان کە بورجێ زۆر بەرزو بڵیند بووە، بەڵام لە دواییدا کفن و دفن جێگای ئەو رەسمەی گرتەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# نەو رۆز ، تازە بونەوەی بیرە وەری گەورەی خزمایەتی ئیسان و سروشت و خۆرسکە

گزینگی بەهارو چرۆدانی دوبارە، مزگێنی نەو رۆزوها تنەوەی سالّی‌نۆی بەهات‌ئەدا لەهەروە رزێکدا، لەهەرکات‌و سات و کاوینگێکدا هەموشتێک؛تازە و نوێی ئەبێتەوە، هەرزەمان، دونیا و ئێمە و گشت کایینات لە حالّی گۆڕان و گوڕیاندان. بە لاّم، نەورۆز ئاووهەوایێ تری هەیە، کاتی‌چرۆ دان و گولّ و غونچەدانی دوبارەی خۆرسک و سەرە تای کەژی نۆی‌بونە وەی دوبارەی سروشت وجیهانە.

بەگزینگی نە ورۆز،دارو گژ و گیا و گولّ نە فەس‌و هەوایێ تازە هەلّ دەمژن و جوان و شاد و تەرو پاراو و عەتراوی ئەبن، چۆمەلّە و چەم دێنە جۆش و خرۆش و مەل‌و بالّندە کان دوای ماوەیەک کز و کەنەفتی‌وکە سیرەبون، دوبارە بالّ ئەگرن و دەستە دەستە و پۆل پۆل سترانی تازەی ژیان دە خوێنن، کۆتر دە س‌دە کا بە گمە گم و کەولە کۆساران دە قاسپێنێ و پاساری لەسەر دار و گوێسوانان دەجر یوێنێ و بولبول لە نیۆ گولّ دە خوێنێ و چینە لە ریشەی دلّ و دەرون دە کا. رۆژ گڕو نوری تازە بە سەربانی ژیانی مرۆف‌دا،دە پرژینێ و خوێن‌لە شادەماری

Dr.Saleh Ebrahimi



ئینساندا بە خۆرسک دە گەرێ و مرۆڤ گەش و شادئەبێ.

نەورۆز،لەهەمو شوێنێکی زەویدا خۆی دە نوێنێ، هەست ئە کرێ و خۆێنیشان ئەداو زەوی دەرازێنێتەوە و دونیا دەخە ملێنێ،نەورۆز تایبەت بە شوێنێک لەم گۆی ئەرزە نیە، هەی نە رهەنگ و مەرامێ تایبەت نیە، نە ورۆز جێژنی لە دایک بونی خۆرسکی ئینسانە. نەو رۆز یادی سەرکەو تنی بەهارە بەسە رساردو سڕی زستاندا، یادگاری زاڵ بونی کاوەیە بە سەر زوحاکی زالم و مارزدا، نەورۆز جەژنی نەتەوەیی یە، کە هەمو دەیناسن کە چییە،نەورۆز هەموساڵێک دەگەرێتەوە و دە کرێتە جێژن و شادی، هەمو ساڵێک. قسەی لێوە دە کرێ، رۆزیان و تووە و رۆزمان بیستووە،دیارە ئیترنیازی بە تەکرارو دوپاتە کردن نیە؟ چونکاهەیە، مە گەر خۆت نەو-رۆز تەکرار کە یتەوە؟ جا کە وابێ باقسە کردن لە نەو رۆزیش بەتەکراروچەن پاتە بیبیین. لە زانست و ئەدەبدا تەکرار بە مەلال هێنەر و بێهودە دانراوە، ئە قڵ و ئاوەزتەکرار پەسەند ناکا، بەڵام هەست و ئیحساس، تەکراری پێ خۆشە، خۆرسک و سروشت تەکراری خۆش دەوێ، کۆڕو کۆمەڵگا ، نیازی بە تەکرارە. خۆرسک و خۆدکرد لە تەکرار ساز دراوە، کۆمەڵگا بە تەکرار، هێزو و زە دەگرێ، ئیحساس بە دوپاتە بونەوە،گیانیوە بە ردێ، نەورۆز چریکە و چیرۆکی جوانی و خوشیکیە، کە لەودا تەبیعەت و خۆرسک ئیحساس و هەست و جامیعە و کۆڕوکۆمەڵگا پێکەوە دەس بە کارن.

نە ورۆز کە چەندین سەتەیە نازوفەخر بە سەر جیژنەکانی دیکەدا ئەکا لە بەر ئەمەیە، کە قەرارداد ێکی دەس کردی کۆمەلآیەتی،یا یەک جێژنی داسەپاوی رامیاری نییە، جەژنی جیهانە و رۆژی شادی ئەرزە. ئاسمان و رۆژ، هەروا خرمەو چرتەو قرتەی چرۆدان و گوڵ و هەڵدان و لە دایک بونی خۆرسکە و پڕو تەژییە لە کەف و کوڵی هەر سەرە تاو پەیدا بون و بوون و هاتنە بوون.

بە ڵام جێژنی ئەم و ئەو، زۆربەی دەم و کات و سات خەڵک و ئینسان لە کارگە، موچەومەزرا، دەشت و سارا، کوچە و کۆڵان و بازار، باغ و باغات و دەشتی کشت و کاڵ دە گێرێتە وە ولە نێو تاوڵەو هۆدە و لەژێر میچ و پشتی درگای بە سراوداکۆ دە کاتەوە، قاوەخانە و

Dr.Saleh Ebrahimi



چایی خانه و کافه و کاباره، ژێرزه‌وی و سالۆن و خانوبه‌ره‌کان له‌هه‌وایێ گه‌رم به‌نه‌وت و گاز، روناک به‌چرای له‌ رزۆک به‌ دوکه‌ڵ، جوان و ره‌نگین به‌ ره‌نگ و... به‌ڵام نه‌ و رۆز له‌ ژێر میچی قورماوی، درگای داخراو، هه‌وای خه‌فه، له‌ نێو دیواره‌ به‌ رزو پڕله‌درزه‌کان که‌ به‌ جاڵجاڵوکه‌ ته‌نراو له‌ شارو‌له‌دێ له‌ نێوماڵ و له‌ نێو چوار دیواری دڵ ته‌ نگدا، ده‌سی مرۆف‌ده‌ گرێ؛به‌ره‌ و داوێنی ئازاد و بێ که‌ناری خۆرسک‌،رای ده‌ کێشێ: که‌ به‌ هاڕگه‌ رم‌و به‌ تیشکی رۆژ روناک و ته‌ژی‌یه‌؛له‌له‌ رین‌و له‌رزین و شادی ئافه‌ رینش و خولقاندن‌و به‌ دیهێنان، رازاوه‌ به‌ با و باران، بێنی خۆش، پنگه‌ و ئاخه‌ لیوه، لق و پۆپی داخزاوی باران‌،ویکه‌وتو، پاک و جوان و دڵگیر و...

نه‌ ورۆز تازه‌ بونه‌ وه‌ی بیره‌ وه‌ری‌یه‌کی گه‌وره‌یه، بیره‌وه‌ری خزمایه‌تی ئینسان و خۆرسک و ته‌بیعه‌ت، هه‌موساڵێک ئه‌م روڵه‌فه‌رامۆشکاره، که‌ سه‌رگه‌رمی کاری‌ده‌ س کرد و سازدانی سازدراوی ده‌س و قه‌ڵه‌می خۆیه‌تی، دایکی خۆی له‌بیر نه‌باته‌وه، به‌هاتنه‌وه‌ بیری نه‌و رۆزی پیرۆز، ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ داوێنی ئه‌و ویه‌کتر بینینه‌وه‌ ئه‌کاته‌ جێژن.

له‌گه‌ڵ ئه‌و داده‌ بوژێته‌وه، ئه‌م دیدار و یه‌کتر بینینه؛ده‌کاته‌ جه‌ژن و شادی. رۆڵه‌ له‌باوشی دایکدا، خۆی ده‌بینێته‌وه‌ ودایکیش له‌ که‌ناری زاروکدا، له‌شادی و خۆشیان چرۆئه‌دا و ئه‌پشکوێ‌و خونچه‌ ئه‌دا، رۆندک و سریشکی شادی له‌لێو ئه‌بارێ، هاواری شادی ئه‌کا و ده‌س ئه‌کابه‌ گاڵه‌گاڵ و چریکه‌ چڕین، جوان ئه‌بێته‌ وه‌و ده‌چێته‌ وه‌ سه‌ر دۆخی جاران، ده‌ بوژێته‌وه‌ و ده‌ ژێته‌وه، به‌ دیتنی یوسفی بینا و بێدار ئه‌بێته‌ وه.

شارستانی و ژیاری ئێمه‌ هه‌رچی پێچیده‌تر و سه‌نگین‌تربێ، نیاز به‌ گه‌ڕانه‌وه‌ و نا سینه‌ وه‌ی خۆرسک له‌ ئینسانداژیانێ‌زیا تر ده‌ کا و به‌ مجۆره‌یه، که‌نه‌ و رۆز به‌ راوه‌ژوی داب و ده‌ستوره‌کان که‌ پیر ئه‌بن و ده‌سۆین و ده‌پۆین و بێهوده‌ ئه‌بن، هێز ئه‌ گرێ و بۆ چونه‌ نێودوارۆژ جوان تر و ده‌ رخشان تر ئه‌بێ، چونکا نه‌ و رۆز رێگایه‌که، ئه‌و جه‌نگی دیرینه‌ی که‌ له‌ رۆژگاری لا تیزوا کونفسیوس تازه‌مانی رو سۆو وێلتێر به‌رده‌وامه‌،یکاته‌ ئاشتی و ده‌ سه‌ ملانێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



نەو رۆژ تەنیا هەل و مەرجێک بۆ ئاسودەبون، سەیران و خۆش رابواردن نیە. نیازی زەروری جامیعە، خۆراک و ژیانی نەتەوە یەکیشە. دنیایێ کە لەسەر گۆڕان و گوڕیان، پسان و تیا چون و پرش و بلاو بونە وەو لەکیس چون ساز دراوە، جیگایەک کەلەودا، ئەوەی سابتە و نەگوڕدراو و هەمیشە پایەدارە، تەنیا گۆڕان و تەغیر کردن و پایەدار نەبونە، چ شتێ ئەتوانێ نەتەوەیەک، کۆڕ و کۆمەڵگایەک لە راست عەرابەی بێبەزەیی رۆژگار، کە بەسەر هەموشتدا تێ ئەپەرێ و پان و فلیقی دەکاتەوە و ئەروا، کەهەر پێگەیەک دەشکێنێ و هەرشیرازەیەک دەپسێنێ لە زەوال بی پارێزێ؟

هیچ میللەتێ بە بەرەیەک و دو بەرە شکڵ و بیچم ناگرێ، میللەت و نەتەوە کۆز یلکە و کۆزێکی پێکەوە لکاوی بەرەو نەسلی موتەوالی زۆر و زەوەندە، بەلام زەمان، ئەم تیغە بێرەحمە پێوەندی بەرەکان دەپسێنێ و فرت و فتی ئەکا، لە نێوان ئێمە و پێشینا نماندا ـ ئەوانەی کە رۆحی جامیعەی ئێمە و نەتەوەی ئێمەیان ساز داوە و پێکیان هێناوە ـ شیو و دۆڵێکی تەنگە بەری بفەی مێژوی قووڵ کراوە، سەتەخالّی یەکان، ئێمەی لەوان جیا کردۆتەوە، تەنیا داب و دەستوری باوی کۆمەڵایەتین کە، بزر لە چاوی جەللادی زەمان، ئێمەی لەم دۆڵە پڕلەبفە رائەپەرێنێ و لەگەڵ پیشینانمان، وەلەگەڵ رابوردوەکانمان ناسیاو دەکا. لە دیمەنی پیرۆزی ئەم داب و دەستورە باوانەدایە کە ئێمە بوونی ئەوان لە رۆژگاری خۆماندا، لەکەناری خۆماندا وەلە نێو خۆمانی خۆماندا هەستی پێدەکەین و خۆیشمان لە نێو ئەواندا ئەبینین. وەجەژنی نەو رۆز، یەکێ لە پتەوترین و جوانترین باوی ماڵە باوانە، کەوا جوان و باو ماوە.

لەو کاتەداکەداب و دەستوری نەو رۆز دەبەین بەرێوە، دەڵێی: لەهەمو نەو رۆزێکدا کە هەمو ساڵێک لەم ئاخ و سەرزەوی یەدا ئەیان کردە جەژن و چراخانی و شادی، خۆمان دەبینین و لەم حاڵە داشانوێی تاریک و روناک و روپەڕەی ڕەش و سپی مێژوی میللەتی کەو نارای ئێمە لەراست چاوماندا لائەدرێ، بە رێزە ئەروا. ئیمان بەوەی نەو رۆز جەژنی ئیمەیەو باو باپیرانی ئێمە کردو یا نەتەجێژن، ئەم بیرو را پڕ هەیجانە، کە مێشکماندا بێدار دەکاتەوە کە: بەڵێ: هەمو ساڵێک، تەنانەت لەو رۆژگارەی کە ئەسکەندەر ئەم ئاوو خاکەی ئێمەی بە خوێنی

Dr.Saleh Ebrahimi



میللەتی ئێمە رەنگین و خوێناوی کردوە، لەکە ناری گڕتێ بەردان و سوتانی ئاسەواری و لاتمان، نەتەوەی خوێناوی ئێمە زۆر جوان و رازاوەترو بە بیروباوەڕێ زیاترەوە، جەژنی نەورۆزیان دەگرت، بەڵێ: هەموساڵێک! تەنانەت ئەوساڵەی کە سەر بازانی قوتەیبە لە سیروان خەڵکی نوقم دەکردو مولهیک کوشتاری دەکرد، خاجدار و جەنگیز و تەیمورەشەلەو تورکاتی وەسمانی و ئاق قویونلو و سەلجوقیان و... خەڵکیان دەکوشت، لە ئارامبونەوەی غەمگینی شارەزامدارەکان لەکەناری ئاورگی سارد و سڕدا، نەورۆزیان زۆر بەگەرم و گوڕی دەکردە جێژن.

مێژولە «زێرینا ئامێدی» دەگێڕێتەوە کە لەو سەر دەمەی کە عەرەبی هێرشکار لە قادیسییە ونەهاوەند لەژێر تیغی تیژی بێ‌روحمیدا خەڵکیان دەگریاند، کاتێ، و لاتی ئارام کردەوە و دژو دوژمنانی رەپێنا، هەرلەو ساڵانەدا و دوایش نەورۆزیان گرتووە و ئەو سەردەمەیان بە رابوردو پێوەند ئەدا.

نەورۆز هەموکات و ساتێ خۆشە و بیست و بەزێر بووە، لە چاوی موغاندا، لەچاوی موبیداندا، لە چاوی موسوڵماناندا، هەمونەورۆزیان لا خۆشە ویست بووە، بە زمانی خۆیان، قسەیان لێ کردوە. تەنانەت فەیلەسوفان و زانایان و هۆزانفانان و تویانە: «نەورۆز رۆژی یەکەمینی ئافەرینشە، کە خودا دەسی کردوە» بە خولقاندنی جیهان و لەشەش رۆژا یالە شەش دەورە) لە وکارە دابو، لە شەشەمین رۆژدا خولقاندنی جیهان تەواو بوو جالە بەرئەمەیە کەیەکەمین رۆژی نەوسان «خاکەلیوە» یان، بە «هورموزد: خودێ» ناو بردوە و ئەو شەش رۆژەیان بە پاک و پیرۆز بژاردوە»

چ چریکە و چیرۆکێکی جوانە، جوان تر لە واقعییەت! بە راستی مەگەر هەموکەسێک هەست ناکا، کە یەکەمین رۆژی بەهار، هەردەڵێی یەکەمین رۆژی ئافەرینشە. ئەوە نەورۆز بووە، دیارە بەهار، یەکەمین کەژو کەشی نەوسان (خاکەلیوە) ش یەکەمین مانگ و نەورۆزیش یەکەمین رۆژی ئافەرینشە، قەت خوا جیهان و خۆرسک و تەبیعەتی لە پایینز یا لە زمسان یا لەهاویندا دەس پێ نەکردوە، دیارە یەکەمین رۆژی بەهار، شیناوەردی ئاخی گرتووە بە

Dr.Saleh Ebrahimi



لیوەوەو شین بووە و رواوە. سیلاو هەستان، قەڵپەزەی ئاو، تافگەی شەتاو، چرۆ کردنی دار و دەم کردنەوەی خونچە و گوڵ کردنی گوڵ و گیاو شاخە و پۆپەی دارو دەوەن لەنە و رۆزدا روی داوە، رواوە، بەردو داری ناوئاو سوواوە.

بێ شک، رۆح و گیان لەم کەژەدا سەری هەڵداوە و عەشق و ئەوین لەم رۆژەداگوورواوە و یەکەمین جار رۆژ لە یەکەمین نەرۆزداگزینگی داوە و زەمان لە تەک ئەودا دەسی پێ کردوە.

ئیسلامیش رەنگێ جوان تری بە نەو رۆز داوە، شیرازەی کردوەو ئەوی بە پشتیوانەیێ ئەستور، ئەوی لە مەترسی زەوال لەدەورانی موسوڵمانی کوردەواری و ئیرانیاندا، پاراستووە ورای گرتووە،نەو رۆزکە لەگەڵ گیان و خوێنی ئێمە تێکلاو ببو و لێکدرا بوو، گیانی نەتەوایەتی لەگەڵ ئاوێتە ببو. بەرۆحی دینی تازەیش گۆچی گرت، داب و دەستوری نەتەوەیی و نیژادی، لەتەک باوەر،بە دینی پیرۆزی ئیسلام و قورئان و عەشق و ئەوینی پرهێزی تازەیە-کەلە دڵ و هەناوی ئەم ساڵی تازەیە؛وا نەو رۆزەهاتەوە،جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە،خەڵکی لەم ئاوو خاکەدا فرجکی گرتبو، گرێی خوارد و پێکەوە پێوەند دران و پتەو بون و پیرۆز بون.

نەو رۆز ـ ئەم پیرە کە گەرد و غوباری چەندین سەتە لەروی نیشتووە ـ بە درێژایی مێژوی کەو نارای خۆی، رۆژگارێ لە کەناری موغاندا، زیکر و ویردی میهر پەرستانی خۆی بە گۆی خۆی بیستووە؛ دوای ئەوەلە کەناری ئاورگدانی زەردەشتی دا، سرود و سروشی پیرۆزی موبیدان و زەمزەمەی ئاوێستا و سروشی ئاهور مەزدای بە گوێدا خوێندراوە، لەوە بەدوا بە ئایاتی قورئان و زمانی ئەللا،رێزیان بۆداناوە، ئێستا سەرەرای ئەوە بە نوێژ و دوعا و پارانەوەی کوردی یارسان و دینی کۆنی کوردەواری و عەشق بە خواوئەوین بە حەقیقەت گیانێ تازەی پێ ئەدا.

ئەم پیرە خاوەن بیرە وەریەکە لەهەمو سەتەیەکداولەگەڵ هەمو بەرەونە سلێکدا و لەتەک هەمو باو باپیرانی ئێمەدا وێستاوە تا رۆژگاری ئافسانەیی گۆدەرزو گایو مێرت«مێردی گەیو» ژیاوە و لەگەڵ هەمومان بووە، و هەیە، ریسالەت و رۆڵی گەورەی خۆی لەهەمودەم وکات و

Dr.Saleh Ebrahimi



ساتێکدا زۆر، پڕ بە هێزی خۆی و بە عەشق و ئەوین و وەفاداری و خوێن گەرمی و رەزاشیرنی ئەنجام داوە و ئەویش سپی کردنەوەی ڕەنگی غەم وەهە لَقر چاوی پر چین و چروکە لە سیما و قیافەی ئەم نەتە وەنە جیب و زولم لێکراوەیە، کە لە گەڵ خوێن و ئێسک و پلوسکی خەڵکی ئەم سەر زەوی بەڵا و صەدام لێ دراوە لە گەڵ رۆحی شاد و خۆرسک و تەبیعەت لێکدراوە و گەورەتر لەهەموان پێوەندانی نەسلەسوتە والی یەکانی ئەم هۆزونە تەوژمە، کە لە سەر چەقی چوار رێ یانی بە لاّو روداوەی مێژو گیرساوە و دامەزراوە و هەمیشە کە وتۆتە بە رهێرش و قینی قین لە دڵان و جەلادان و تاڵانکەران و هەروا پەیمانی یەکیەتی بەستن لە نێوان هەمو دڵی خزم و کەس و کار، کە دیواری گرژ و تورە و بێگانە، چەندین دەوران لە نێوانیاندا نە بووە دروی مەم وزین و دۆڵی قووڵی فەرامۆشی جیایی ئەخستە نیوانیان.

ئێمە لەم کاوەدا لەم دەموساتەدا لەم یەکەمین دەمی دەس پێکردنی سەرەتای ئافە رینشەدا، یەکەمین رۆژی خیلقەتەدا، لەرۆژی خوادا لە رۆژی ئاگرە سورەی ئاهوراییدا، ئەو رۆژی پیرۆز ئەکەینە جێژن و ئاگر هەڵ دەکەین، ئاگری ئاهورایی. لە قوولایی ویژدانی خۆماندا بە **پیاوەتی خەیاڵ لە سارای رەش و دەشتی سوتاوی هەڵەبجە، شاری هێرۆشیمای** کوردستان عبور ئەکەین و لە هەمو ئەو رۆژگەلێ کەلە ژێر ئاسمانی پاک و رۆژی روناکدا لە سەر ئاخ و خاکی ئێمە کە رێزی لێ گیراوە و ئاگری نە و رۆز هەڵکراوە لە گەڵ هەمو زاروک و کوروکچ و لاو، پیرو ژن و پیاوانێکدا کە خوێنی ئەوان بە تێورە گماندا ئەروا و رۆحی ئەوان لە دڵماندا تەکان دەخوا بەشواری دەکەین و بە مجۆرە (بوونی خۆمان) بە ناو یەک نەتەوە، لە نێو گژە باو گێژە لوکەی توند و رەشە بای کوشندە و سوتێنەر و ئاڵ و گۆڕدەردا خۆرائە گرین و خولود بە گەل ئەبەخشین و لە هێرشی ئەم سەتەداکە ئێمەی لە خۆمان نامۆ و «نەبان» کردبو.

**چ چریکە و ئەفسانەیەکی جوانە، جوان تر لە واقعییەت! بەراستی مەگەر هەموکەسێک هەست ناکا، کە یەکەمین رۆژی بەهار، هەردەمێ یەکەمین رۆژی ئافە رینشە. ئەوە نەو رۆز بووە، دیارە بەهار یەکەمین کەژو نەوسان «خاکە لیوەش» یەکەمین مانگ و نەو-**

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕۆزیش یه‌که‌مین ڕۆژی نافه‌ ڕینشه.

☐ ئیسلامیش ره‌نگێ جوان‌تری به‌ نه‌ و ڕۆز داوه‌،شیرازه‌ی کرد وه‌ و ئه‌وی به‌ پشتیوانه‌یێ ئه‌ستور، ئه‌وی له‌مه‌ترسی زه‌واڵ له‌ده‌ ورانــی موسوڵمـانی کـورده‌واری و ئـێرانیـاندا، پاراستووه‌ و رای‌گر تووه‌.

☐ نه‌ و ڕۆز ته‌نیا ده‌رتانێ بوحه‌سانه‌وه‌، سه‌یران و خۆشگوزه‌رانی نـییه‌،نیـازی زه‌روری جامیعه‌ و کۆمه‌ڵگا،خۆراکی ژیانی نه‌ته‌وه‌یه‌کیشه‌.

له‌م میعادگه‌یه‌دا که‌ هه‌مو به‌ره‌ی مێژو،وه‌چریکه‌و چیرۆکی میلله‌تێ حوزوریان هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌واندا په‌یمانی وه‌فا ده‌به‌ستین و «ئه‌مانه‌تی عه‌شق و ئه‌وین» له‌ وان به‌ وه‌ دیـعه‌ وئه‌مـانه‌ت وه‌رده‌ گرین «قه‌ت نامرین» و «به‌رده‌ وامی‌راستین»ی خۆمان به‌ ناوی نه‌ته‌وه‌ یه‌ک که‌له‌م سارای گه‌وره‌ به‌ شه‌ریدا ره‌گ و ریشه‌ی له‌ قووڵایی فه‌رهه‌نگی دارماڵ له‌ غینا و تیدا سه‌ت و بێخه‌وش وجه‌لال و شکۆدا هه‌یه‌ و له‌ سه‌ر هێمی «ئه‌ ساله‌ت»ی خـۆیی بـون له‌ راگـوزاری مێژودا راوه‌ستاوه‌، له‌ سه‌ر «رو په‌ره‌ی جیهان» صه‌حیفه‌ی عاله‌م سه‌بت و زه‌بتی بکه‌ین.

☐ ته‌فتازانی له‌ بابی ته‌کراردا ده‌ڵێ: ته‌کرار عه‌یب و خه‌وشی قسه‌یه‌ مه‌گه‌ر له‌ یادی مه‌حبوبدا، که‌ له‌وێدا نه‌ ته‌نیا جایزه‌ که‌ یاد و ناوی ئه‌و ته‌کرارو دوپاته‌ بکرێته‌وه‌، به‌ قسه‌ش فه‌زیله‌ت ئه‌به‌خشن [1]

وه‌ره‌ تا گوڵ ئه‌فشانی بکه‌ین
مامه‌ نه‌ ورۆز!
تۆ به‌ و چریکه‌،غه‌مکین و پرهه‌سته‌وه‌
تۆ به‌ وکه‌نینه‌ پاک و پڕ ده‌رده‌وه‌

---

۱ ـ موته‌وه‌ل،ڕۆژنامه‌ی اطلاعات صفحه ٦ ٥شه‌مه ۲۷ اسفند ۷۱ و ۲۴ ره‌مه‌زان ۱۴۱۳ و ۱۸ مارس ۱۹۹۳ از

۱ ـ گۆده‌رز ـ جه‌مشید: مێژوی ته‌به‌ری، موعجه‌ مولبولدانی حه‌مه‌وی، موروج الذهب نه‌ و ڕۆژنامه‌ی حه‌کیم عومه‌ر ـ ی خه‌ییام.

Dr.Saleh Ebrahimi



تۆبەو هەڵپە ڕکێ و خەندەوە
دێو و درنجی خەم لە دڵ ئەپەڕێنی
تۆبە و کراسە سورو تۆزاوی یەوە
تۆبەم ڕۆمەتە ڕەش و چرچەوە
کە لە بەختی ڕەشت ڕەنگ ئەداتەوە
ڕەنگی خەم و پەرێشانی لە دڵ ئەشواتەوە
مامەنە و ڕۆز لە دڵتا خەمێ تاڵ و تفتە
خەمێ دارماڵ، دەر وێن، بۆمان سەختە
دەنگ دانەوەی پێکەنیتە
دڵۆپەی ڕۆندک و فرمێسکتە
کە لە سەر چاوەی گیانت ئەتکێ
بە داوێنت دا ئەڕژێ
ئێمەیش بە فرمێسکەکانت بەگوڕ ئەکەنین.
مامەنە و ڕۆز!
وەرە لە ڕومەتت تۆزی ڕەشی بتەکێنە
ئاگر بخە نێو کەوای سوری خۆتەوە
وەرە هەروەک مەلێکی دڵشاد و خۆش ئاواز
باڵ لێکدە تا دەم ترۆسکە تروسکی خۆرەتاو
لە بیر بەرەوە
ئەفسانەی خەمی دێرین
لە باتی سترانی تاڵ و خەفەتبار
ئەم شیعرەی شیرین بچڕین!
وەرە تا یەکتر گوڵباران بکەین و مەی لەجام،
میچی فەلەک بشکێنین و گەڵاڵەیێ تازە سازبدەین (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# بەهار

تـــۆ، بـــاخی گـــولانم پـــێ بســـپێرە

خـــونچە، بـــەخونچە، بـــێ بـــژێرە

یەکی کەم بۆ، پێم، بێژێرە

ئێمە ئەزانین وەرزی زستان کەم کەم و بەرەبەرەو رۆژ رۆژو شەو شەو ئەروا وتەمی تەپ و مژی ساردو سڕو سەهۆڵ بەندان لە سەرمان، لائەچێ وگوڵ و خونچەی بەهاری دەس ئەکەن بە پشکوتن، دەشت و لێرەوار وزەوەند دەخەملێن وبەرگی مەخمە ری لەبەر ئەکەن و دارەکانیش بە بەرگ وگەلای سەوزو گەش و پاراو خۆ ئەرازێننەوەو جارێکی تر جیهانی پیر جوان ئەبێتەوەو خۆ ئەرازێنێتەوە.

تازە بونەوەی جیهان و بوژانەوەو خۆ رازانەوەیەک کە دوبارە بە دەسی ئەهێنێ و ئەودیمەنەجوان و خوشیک و، دڵ لاوینیە کە گیان و رۆحی بەرەی مرۆڤ دەگە شێنێتەوەو خوێن لەشادەمارەکانا دەهێنێتە هات و چۆ، ئەو هەموە جوانی و نەخشیلانە بونە لەوەرزی بەهارا، دەهـێنێتە بـەرچاو، دیارەهەردڵێکی مردویش، وەهـەر بیروئەندێشەیەکی

Dr.Saleh Ebrahimi



ماندویش ئەبوژێنێتەوەو ئەی هێنێتەوە، سەر دۆخی جاران‌و تەمەنی نوێی بەدیاری بۆ دێنێتەوەو لەوا هیوا بەدوا رۆژ بەدی ئەهێنێ‌و ژیانێکی باشترو خۆشتر لە جاران دڵ گەرمی ئەکاو بەدوا رۆژیش پشت ئەستور ئەبێت.

دیارە مرۆڤێک، هەر رۆژ کە لەتەمەنی تێ ئەپەرێ رۆژێک لە مردن‌و بارکردن بۆ ئەو دیو نێزیک تر ئەبێتەوە کەچی هیچ دەم‌و کاتێکیش پێی خۆش نییە لەم جیهانە کۆچ بکاتە، ئەودیو. بەهەمو وزەو هێزیەوە ئەکۆشێ ژیانی ئەم‌لای درێژە پێ بدات‌و دوای بارکردنیش بۆ ئەولا بە بەجێ هێشتنی ناوی چاک‌و خەوئاکارو ئاسەوارو شوێنەواری چاک‌و باش‌و بەکەڵک‌و خودایی‌و مرۆڤانی ناوی چاکەی خۆی، لانی کەم تاماوەیەکی زۆر لە ناو خەڵکدا بهێڵێتەوە.

هەمو ئەزانین بە رەی مرۆڤ بە سرشت کۆمەڵایەتی ئافەریدە کراوەو ژیانی تاکی لەبەر دارنراوەو ژیان بەتاک بۆ هیچ کەس مەگەر بەهەڵکەوت ناگونجێ‌و مرۆڤ بۆی بوز ناخوا بەتاک‌و تەنیا بژی. دیارە کاتێ مرۆڤ بونی نەلوێ بەتاک ژیان بداتەسەر، ئەبێ لە ناو کۆمەڵگاو بە وێنەی کۆمەڵایەتی بژی‌و لەناو کۆمەڵا بەرپرسیاربون بگرێتە ئەستۆو بۆ زیندو راگرتنی کۆمەڵگای خۆی بکۆشێ کە خۆی‌و باو باپیران‌و خەڵکی ئەو ولاتە پێوەندیان بەو کۆمەڵگایەوە هەبوەو هەیەو زارولەکانیشمان ئەبێ لەناو ئەم بنەماڵە گەورەیەداکە کوردەواری‌و ئیسلامە بژین.

دیارە هەر کۆڕو کۆمەڵگایەک مەولودی ئاخ‌و ئاوو نیشتمانێکە کە لە مێژەوە، کردویەتە لان بۆ خوی‌و بۆ پەرەی خۆی‌و گیان‌و خوین‌و رەگ‌و گۆشت‌و ئیسکو رەنگ‌و بۆنی ئەوێی گرتوەو خۆی پێوەگرتوە.

ئەوێنە خۆشە، مێشک لاوێنە، کە لەگوڵی‌یاس، نەرکس، گوڵی سپی، هەڵز، سورەگوڵ، سوێسن، بەیبون، شاللێر، هەلاڵە، گولاڵە، کاشمە، گوڵتوپ، مەنمی، رێحانە،

Dr.Saleh Ebrahimi



مەزرە، گوڵباغی، مەندۆک، بیزا، کەنێرە، گوڵە سیپان، وەنەوشە، بوکەڵە، مویینە، شەوبۆنە، بێژان شەوبو، بەهارگ، لیلۆ، بەرزەنەنگ، لیلۆس گەزیزە، بەرەزا، چنور، لۆ، لاولا، خاوەن چێژە، دڵومێشک، زاخاو ئەداو لەگەڵ چریکەو کەلامی مەولەوی، خانای قوبادی، گۆران، قانع، مەحوی، نالی، بێسارانی، بەها، مەلا پەرێشان، مەجدی، صەیدی هەورامی، خانی، هەژار، هێمن شامی، ئالیجانی، حەیرانعەلیشا ماهیدە شتی کرماشانی و لەگەڵ دەنگی زوڵاڵی هەزاران شاعیری تر ئاوێتەئەبێ و باشترو گیراتر دڵ و دەرون ئەلاوێننەوەو خۆئەنوێنن.

دیارە ئەمانە گشتیان هەر لەم ئاخ و ئاوو نیشتمانی کوردەواری یەدا، سەوز بون و هەڵیان داوەو گەورە بون و فێرانکۆی فەرهەنگ و هونەرو ئەدەبیان دامەزراندوە.

دیارە مێشک و بیرو ئەندێشەو بڕوای ئێمەی کورد بە فەرهەنگ و شیعرو هونەری ئەم زانا خواناسانە پاراوکراوەو فرچک و گۆچ کریاوەو باوەڕمان بە دینی ئیسلام پەروە ردەبوە، ناتوانین لەم راستە ڕێگایە لادین و بڕوانینە شتێک کەهیچ تام و مەزەیەکی بۆ ئێمەی کورد نییە، لەزەت و خۆشی کوردەواری ئەگەر ئەمرێکی حەقیقی یە، ئەبێ جۆرێک بێ، بتوانێ خۆ بدەڵێنێتە ناو دڵ و هەناوی کۆڕو کۆمەڵ و لەژیاندا بەکاری کۆڕبێت، کەوابێ، ئەبێ لە ناو ئاخ و ئاوو نیشتمانێک هەڵقولابێ کە خاوەنی ئەو خاک و ئاوە لەوێدا ئەژین و لەگەڵیان بخونجێ و بگونجێ، تازە ئەگەر بە بیرو ئەندێشەی هەندێ کەس ئەگەر ئەو ئاکارو خوو داب و دەستورانەوا خەڵک خویان پێوەگرتووە ئەمرێکی وەهمی و خەیاڵیش بێ بۆچ؟ ئەیانەوێ ئەوە لە خەڵک بستێننەوە، کە خەڵک خوی پێوە گرتووەو ئەیانەوێ فەرهەنگێکی بێگانەو نامۆ لەباتی فەرهەنگی کوردەواری و ئیسلام کەئێمە خومان پێوە نگرتووەو نامۆیە خونی بۆ بە کوشت بدەین، مێژو نیشانی داوە بە درێژایی مێژو ئێمەی موسڵمان لەبەر نامۆو لەبەر ئەوەی فەرهەنگ و بیرو باوەری نامۆو نەبان بهێنینە ناو خۆ،

خۆمان لە خۆمان نامۆ بوین‌و لەیەکتر مۆنەئەکەین‌و بەمۆڕ ئەڕوانینە یەکترین.

وەرزی بەهار کە ئەگە ڕێتەوەو هەندێک بەهەوای تازەو لەتیغی بای بەهار، شادیمان لەدڵ‌و هە ناو دەگەڕێ، بەڵام بەرتەسکەو کەم تەمەنە، هیچمان ناتوانین تاسەربەبای بەهاربژین، هەمومان وەکو بەرگ‌و گەڵای داری کۆنە ساڵین کەگەرانی ڕۆژگارو ڕەوشتی سروشت لە بەر بەرەکەتی، بۆنی ئەو دارەچەن ڕۆژێک ماوەی سەربەرزی‌و خۆشی‌و شادیمان پێ ئەدا، بەڵام دوای ئەوەی مایەو ماوەی ژیانمان نەماوقەیرانمان تەواوبو بەرەولای خوا بارگەتێک ئەنین‌و لەمدیو، بار ئەکەینەئەودیو.

ئەمدارە، ریشەدارە، کەهەمان کۆڕو حەشیمەتی کوردەواری یە ئەبێ بە بەرو پاراوترو شادمانەترو پڕ بە ڕو بوتر بێ.

باخەوانانێ کە ئەسپاردەیانە، کەبەدارەکانی ناو باخەکە، رابگەن پێویستە ئاوی بدەن‌و ... بژارەی بکەن تا ڕۆژ بۆ ڕۆژ باشترو چاتر هەڵ بدەن‌و بە خودابێن‌و بەرگ‌و گەڵا دەربکەن‌و لق‌و پۆپ‌و تەرز بەتەر زێکی جوان‌و رازاوە بهاوێژن‌و میوەو بەربدەن.

ئێمە ئەبێ دارسانی دنیای کۆڕو کۆمەڵگای خۆمان‌و ئیسلام شادوپا راو رابگرین. دیارە هەر دارێک لەئاوو هەواو مەڵبە ندیکی تایبەت بەخۆیی ئەتوانێ، باش‌هەڵداو بەربینێ، ئەگەر ئەم‌ئاوو هەواو حاکە هەروا لەخۆوە ناشیانەو نەخونچاوانە، بمانەوێ بیگۆرین لەباتی فەرهەنگ‌و بیرو باوەڕی خەڵک‌و ئیسلام باوەرێ تری تیا بچەقێنین، بەرەبەرە ریشەکانی ئەو دارەنامۆو نەبانە سست‌وکز ئەبن‌و دارەکانیش زەرد هەڵ ئەگەرێن‌و بەرگ‌و گەڵاولق‌و پۆپەکانی ویشک ئەبن‌و ئەبنە هەژگەڵ‌و ئەبنە سوتەمەنی‌و ئاورو دوی خەڵک، بەداخەوە کەسانێک هەن بەئانقەستە یانادانستە ئەیانەوێ بەبیانوی ئەوەی ئاوو خاکی نیشتمانی ئێمە هەندێ ژیانی، لەدەس داوە ئەیانەوێ لەدەرەوە ئاوو هەواو خاکی تازەو نوێی بەدیاری بۆبێنن‌و بیکەنە بن‌ریشەو رەگی ئەمدارە تاشادەماری ببوژێتەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

شەپۆل / ١٨١

ئەوانە بۆ فریودانی بۆرە پیاوان ئەڵێن

تۆ باخی گوڵانم پێی پسپێرە

خونچە، بەخونچە، بی بژێرە

یەکی کەمبو، پێم، بژێرە

بەلام ئەگەر خوانە خواستە ئەم پێ‌سپاردنە ناشیانەو ناشیاوانەو نەسیاوانە بێت ئەزانی چلون بەدەسی خۆمان گورگمان خستۆتە ناو کوزو هۆزی خۆمانو تیشەمان لەڕەگو ریشەی خۆمان داوە وبەدەسی خۆمان هۆرەمان بۆ داری خۆمان سازداوە؟

هەمو ئەزانین کە تەونو کردی قالیچەو مافورەوفەرش یەکێکە لە جوانترینو سرنج ڕاکیشترین هونەری بەرەی کوردو ئێرانی، دەسو پەنجە ڕەنگینەکانی، خاوەن هونەرانو تەونکارانی ئەم نیشتمانو ئالانە، کە لەمێژەوە بۆ نواندنی نەخشو نیگاری جوانو دڵگیرو پەسەند، بۆ لە بەر چاوگرتنی ڕەنگیٚ کە ڕەنگ نەداتەوەو ڕەنگی نەروا، کە بەبنە گوێنیو ڕۆنیاس، گوینو، زەردک، بنەشیلانەو توێلکە قەیسیو بوگەنە، کاشمە، ئاغا جەواش، جونو، جەورنە، تاڵ، ئەوەڵک: (جۆرە تاڵیکە، بۆمەشکە، یە)، تا لە قوتکە (کە وەکو گوێزە) مازو، پێستی هەنار، ڕەنگیان ئەکردو ئەوانە، کە ڕەستەی خۆماڵی خۆمان بو، کە هەر لەم ئاوو خاکە ڕواوەوگور واوەو سەری هەڵداوە، بەچ شێوەیەکی وەستایانە بەکار چاکیو دڵو دەرون پاکی ئەم کردو تەونو ڕەنگە هونەرەیان ئەنجام داوە، کە بە درێژایی مێژو بایەخو جەماڵو جوانیو خوشیکی خۆی لە دەس نەداوە، بەڵکو ڕۆژ بۆ ڕۆژ جوانترو بە بایەخترو بە برەوتر لەجاران بە میرات بۆ ئێمە مانان بەجیٚماوە.

بەلام لەو دەمەوەوا ڕەنگی فریودەری نامۆی (انیلینی) ڕەنگی جەوهەری لە ڕیگای فەرەنگەوە سەری کێشاوەتە ولاتەکەم کەم جێگاڕەنگە ڕەسەنەکانی خۆماڵی گرتەوەو ڕەنگو نەخشو نیگاری کردو تەو نەکانیشمان چاوێان کاڵەوە بوە، جنسی ڕەسەن بوتەبە

Dr.Saleh Ebrahimi



دەڵ‌و گۆڕان. مریشک‌و مرەکانیشمان هێلکەیان دۆڕان لە ئاکاماکرو تەونەکەیشمان لەبرەو کەوتن‌و بازاریان شکا، ئەم پیشە پێشینە، نەخشیلان‌و لەبارو خۆماڵیە ڕەسەنە لەکرو کڕ کەوت، تەنیا گەڕانەوە سەر خۆو کروتەونی خۆماڵی ناو خۆ توانی تارادەیەک. ئاش‌گێڕی ئاو، بەرداشی بیرازکراو بخاتەوە گەڕو ئابروی ڕوپو، بکرێتەوەو ئاش لەکڕە نەکەوێ.

خۆینەرە بەرێزەکانمان وا بیر نەکەنەوە کە ئێمە بەنوسینی ئەم چەن دێڕە ئەونە گەڕاوینەتە دواوە بەرەو پێش چونمان داوەتە دواوەو بڕوامان بەگۆڕان‌و بەرەو پێش چون‌و سەرکەوتن بەنەردیوان‌و پەر دیوەر، نەماوە، بیری کۆنە لەدڵ‌و دەرونمان چەقاوەو جێگای ڕوانی بیری نوێمان بۆ نەماوەو دڵ‌و هەناومان وشک هەڵگەڕاوە بوار، بۆ ڕیشە داکوتانی شتی جوان‌و تازە نادا ناتوانین دەس‌لەوە بەر دەین، بۆ داهاتو، لێهاتومان لاپوچەڵ و ناوکلۆربێت نائێمە فەرهەنگ‌و ئاداب‌و روسومی خۆماڵی‌و گەرانەوە سەر خۆمان، ... لارەسەنەو پەسەندە.

دیارە ناشمانەوێ بە خەمگینی رابری، بەوتەی مەولانا جەلالەدین مەولەوی:

شیعر و هۆنە:

ز خـــاک مـــن اگــر گــندم بــرآیـــد

از آن گرنـــان پـــزی مســـتی فـــزایـــد

میـــا، بـــی‌دف بگـــور مـــن بـــرادر

کـــه در بـــزم خـــدا غـــمگین نشـــاید

هەمو هاوارو نرکە نرکی ئێمە بۆ ئەمەیە کە ئەم ئاڵ‌و گۆڕیانانە هەرچی بێت وەهەر جۆر بێت ئەبێ لە بیرو باوەری خەڵک، نیزیک بێ‌و دورو نەبان‌و نامۆ، نەبێ بە حیکمەت‌و پەندو تەگبیرو راوێژ بەیەکترین بەدەس بێ تا هەر کەس بە تەنیایی مل بانەداو شان لەبن

Dr.Saleh Ebrahimi

شەپۆل / ١٨٣

باری بەر پرسیار بون لانەدەن ئەزوتۆ نەمێنی ئەز، لەناوتۆ تۆی دڵو دەرونی تۆدا بم، تۆیش لە ناو تۆزاڵ تۆزاڵی خوێنو هەناوی ئەزا بە بەرەکەتی ئازادیو ئیسلام بەرەیەک باغەوانی بەرەیەک بێ کە دوای ئەو دێ، چەن بەرێو جێ وتویانە:

### چەندیانو خوارزمان ـ ئەکێڵینو ئەی خۆن

کاتێ جوان بڕوانی، هەمو ـ جوت بەندەی یەکترین ئەزانین کە هیچ دارێ، وەهیچ باخی، بێ ئاو ئابێ پەروەردە کردن، ناتوانێ بۆ هەمیشە ساغو ئەستوور بەرزو بڵیند، خۆراگرێو بمێنێتەوەو خۆ لەبەر باو بۆرانا ڕاگرێ پێشەوایانی بیرو باوەڕی گشتی واتا: ئەو کەسانەی کە خێروچاکەو چاک بون: هەڵدانو گوڵ کردنی بەرەی مسوڵمانانیان ئەوێ لەهەر دەمو ڕۆژگارێکدا بیر بکەنەوەو بکۆشن تا قوتو نانو پێخورێکی وا بۆ پتەو ڕاگرتنی ئیسلامو نەتەوەو بەرەی مرۆڤانیو درێژەدان بە ژیانی پیاوانەو ژیرانەو خوا پەسەندانە، دابین، بکەنو لە بەرا ئازوخەی بکەن.

دیارە ئەم قوتو خواردەمەنیە، بە بڕوای ئێمە بێجگە لەبیرو باوەڕی مەعنەویو ساغو بێخەوشی ناوخۆیی پاراستنی نەتەوەییو ئیسلامی کە پێ ئەڵێن: بیرو ئەندێشەی وزەهێنەر *(Idee - Force)*. هێمو بناخەکەشی لە سەربڕواو ئیمان وتەقواو شادیو بژوێنی ژینو ژیاندا مەزراوە.

ئەم جۆرە بیروباوەڕانە کە سەر ئەنجام ئەبێ نە تەوەی ئێمە مسوڵمانان پێ بگەیینو بەرزیان بکەنەوە تا ئەگەنە کەماڵی دڵخوازو ئەگەنە هیواو ئارەزوی کوردیو مرۆڤانیو ئیسلامی خۆیان، لە ناو هەر هۆزونە تەوەیەکدا، دیمەنێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کوێر کوێرانە بەدوای ئەمو ئەوا رویشتن مرۆڤ بەرەو گۆرە وێرانە، ئەباو توشی کەندو کۆسب ئەبێو ئەکەوێتە ناو تەنگو چەڵە مەوەو توشی توشیو هەڵەت وزەردو بەرد ئەبێ ولە هەڵدێرەوە بەرە وخوار هەڵ ئەدێرێو ملی ئەشکێ و پەراش پەراش ئەبێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



دیارە هیچ گەلو نەتەوەو مسوڵمانێک نەبوەکەوەکو قارچکو کارگ هەڵ تۆقیبێو روابێ وشین بوبێ، دیارە ژیانی ئێستای ئەو پێوەندی بە رابوردوی ئەوەوە هەیە، کە وابێ هەر جۆرە بزوێنەری مەعنویو ئەو پەری دڵخوازی کە هەڵی دە بژێرێ، رگو ریشەی لە رابوردوی دورو درێژی ئەوا هەیە، جا هەر لەم سوێنگەوەیە، بە چاولێکەری لەمو لەم ئارەزو ی دڵخوازی نەتەوەیەک بیرورایەک، کە لە رەوشتو خو وئادابو رسومێ، وە مێژو ودینو ئاینو تەرزی ژیانی مەعنەویو ئاوەزی ئەو هەڵ نەقولابێ، ناکرێ بە سەریدا ببرێ.

ئەوانەی وا بۆ دابین کردنی چاکەو بەختەوەریو بار چاکەی نەتەوەو مسوڵمانانو گەل ئەکۆشن ئەبێ چاکی لێ بەلادا بکەنو بە لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندی نەتەوی مسوڵمانو ستەم لێکراوی خۆیانو بە پێ رۆژو هەلو دەرەتانو ژیانو مێژوی ئەو یەکزنجیرەلەم بیرو ئەندێشەیو زەدەرە (Idee - Fobce) بە هاونیشتمانە مسوڵمانەکانی رابگەیەنێو تەقالا بداو بکۆشێ تا ئەوانیش بکەونە بزوتنەوەو خەبات وهەستی بیرو بڕواو ئیمانو باوەڕیان تێدا ببوژێتەوەو قەوی ئەبێ جا ئەگەر بە یارمەتی یەزدان، ئەم کارەساتانە ساز بونو کران، هەمو کەس ئەتوانێ هیوا داربێت کە باخ وبێستانی بەرەی مسوڵمانانو نەتەوەکەی لەهەر نەورۆزێکدا بەهارێکی تەژیو پڕتری لە خێروخۆشیو جوانی ورازاوەیی خەملاویو پڕ بژیوتر لە جاران هەبێ بەڵکو هەر رۆژێکی بەهارو گشت بەهارێکیشی نەورۆزێک بێ.

بەهارو نەورۆزێکی ئاوا کە هەمیشە شادی هێنەروبڕ بژیوبێو لەتۆفو باو بۆرانی رۆژگار پارێزراوبێ ئێمە ئەمە بە بەهارو نەورۆزی هیواداران و ئیمانداران بە خواو پێغەمبەرو قورئانو رۆژی بەرێ ئەزانین دیارە بە پێ فەرمودەی خودا. «اَفَعَيِينا بِالْخَلْقِ الاْوَّلِ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِنْ خَلْقٍ جَديد» سورەی (ق) ئایەتی ١٥ء

## Zimanî kurdî hunere

**Zimanî kurdî** remzî hewîyey netewî û niştimanî kurde' zimanî kurdî mîratêkî girîng û zor bayexdarî ferhengîye. zimanî kurdî' debê Le wajey dataşiraw biparêzirê.

**Zimanî kurdî** le babet terkibewe' zimanêkî kişgêrye (mo'cizeîye) û debê le xuncawî û guncawî peredar û sersurhênerî ewe be başî kelk werbigîrdirê.

**Zimanî kurdî** zor asan wajey bêgane le xoyda detawênêtewe û her weku wajey xomalî lêdeka' zimanî kurdî çome awêkî pir bereket û tejî ye le gencîneyêkî gewre û bayexdarî mîrat û kelepurî ferhengî kurd û netewey kurd ziman' û bo gelanî dîkeş bedihatuyêkî gewre u pir şan û şikoye' zimanî kurdî daray wajey zor û peredar û ciwan û lebar û le ser zar xoş û suk û rewan û şîrîn û êsiksuke. zimanî kurdî ahengî dil u derun lawênî heye û zor le giwê xoşe' ciwan giwê delawênêtewe û be paldan be taybetyekanî wajey xoy û terkîbî taybet be zimanî kurdî, asan detiwanê her beşê le beşekanî zanîn û me'arifî mirovanî nîşan bida û be wirdî beyanî bika.

Zimanî kurdî zimanî şê'ir û Hone, felsefe û zanîn û hunere' boyê baw û bapîraniman fermuyane: "**Zimanî kurdî hunere**" zimanî kurdî hoyêke taybet bo bedest hênanî watay berz u terz' zimanî kurdî hîkmetê gewre û bêwêneye, ca her le ber ewe' zorê

Dr.Saleh Ebrahimi



le lêkoleran û ziman nasanî cîhan' zimanî kurdî fêr bun û lêkolinewey Zimanewanî xoyan' be zimanî şîrînî kurdî beyan deken. nimunekey (maykil çayd) e ke le ser radîyo kurdî le waşington le babet zimanewanyewe gise deka û rîşey wajekan le zorbey zimanekanî mirovî cîhanî em serdeme lêk dedatewe û bas le seryan deka.

zimanî kurdî zimanê faxir' ciwan' saf' lus 'lebar' resaw' rewane.

guncawî u xuncawîşî zor û zewende zimanî kurdî zimanêkî zîndûe çunka wajey lê saz dekirê û muşteqqatî heye û zor be asanîş wajey xelkî tir le nêw xoyda detawênêtewe.

Zimanî kurdî wajey pak û bêgerd û xawêne' bineretê rişeyî û sift û payedar û mayedarî heye 'zimanî kurdî ' le siwêngey nûseranî jîr û bîrwird û zana û zimanewanî kurdewe 'roj bo roj' peredartir û pitewtir û sift û soltir debê.

ziman û edebî kurdî remzî yêkyetî û hewyey mêjûyî kurdane 'Sa debê be tewawî û pir behêz' be wizeyê tewaw ' bîparêzîn û perey pê bideyin û Genîtirî bikeyin. Kurd zîyad le her şitê behoy ziman û ferhengî xomalî xoy tiwanîwitî le rast dagîrkeran ' rawistê û xoy zîndû rabigirê û dij û dujminan le xoy bipirîngênêtewe û le nêw kûre û sobey girdarî dagîrkeran da netawêtewe.

zimanî kurdî pir hêz û bewizeye' baş detiwanê barî ferheng û îlm û zanîn û tiknîk û bayexekanî ferhengî mirovanî û îslamî Helgirê û le nêw xoyda segamgîrî bika ' nûseran û lêkoleran û

Dr.Saleh Ebrahimi



enîstîto û encumen û kanune ferhengîyekan ' le derewe û le nawewe erkê sengîn u qursîyan le ser şane ' bo parastin û peredan be zimanî kurdî, dîyare hunerîş le ziman û edeb û ferhengewe serçawe degirê , ewe bîniş û têriwanînî hunere ke le gîyanî kor û komelgada tof û tofan bedî dehênê û zanîn û tiknîkîş bo geyiştin be amanc dête yarmetî danî.

dîyare huner serçawey îlm û şaristaniyet û jîyare ' herwa ragirî berdewamî bîr û fikrî afirandinekanî însane' be dirêjey mêjû.

Huner seretay her şaristanîyetêke' her wek girîngtirîn dîmenî rênsas' le rojawada barî hunerî ew bûwe û le ol û dînîş da pêgemberan le rastî da' Gewretitrîn însanî mêjûn, ca her leber eweyşe Qur'an be gewretirin kişgêrî pêgemberî îslam dezanirê' Çunka girîngtirîn taybetmendî Qur'an barî hunerî ewe' dîyare debê piştîwanî hunerî emroy kurd' hunerî rabirduy bê û bişriwanête diwaroj' ta bitiwanê be mumtazî bimênêtewe.

dîyare zanîn û îlmîş debê bo têgeyiştin û pêgeyiştinî mirov bê û lêhatûyî bêbiranewey ew' hemîşe be zanîn bigate kirdewe ta zerfîyetî giyan û rohî mirov' awaletir û dilrewêntir bê. pêwîste emro netewey kurd' baştir xoy binasê û cîhan binasê ta bitiwanê beşe cîya cîyakanî zanîn û tiknolojî be des bihênê û bîyankate xomalî kurdî, lem rêbaze da xiwêndewaran û jîran û pirbîran û zanayan û xawen (nûsîng):

qelem û xawen endêşe' zor erkê berçawîyan heye. le babet

Dr.Saleh Ebrahimi



dengewe' zimanî kurdî zor genîye lam waye hiç zimanê be endazey zimanî kurdi xawenî (deng) bê, bo wêne:

hîle - Lûre - sereser - zirîke - teqe - reqe - hare cirîwe - sîre - bore - wîze - mîyaw - QîreQirˆ - tepetep - bolebol - zirmezirm - xirmexirm - qîre - qîje - zerezer - HajeHaj - mirxemirx - qilme gilm - qilpeqilp - şirîxeşirîx - şirîqeşirîq - biruskebirusk - xawexaw - zirînge zirîng - tirpetirp - haskehask - tasketask - Heniskehenisk - qoreqor - qulteqult - pişm u hur - mîzemîz - gîzegîz - birîke birîk - fîke fîk - cîkecîk - çeqeçeq - hepehep - şapeşap - qirxe qirx - lirxelirx - firtefirt - qirteqirt - girmegirm - zirmukut - xinkexink - çikeçik - tiketik - gare gar - karekar - balebal - Horehor - Qirîçke qirîşk - ax - Ox - koxekox - zîrezîr - mişemiş - xişpexişp - Huşehuş - luşeluş - zirezir - firefir - qirçeqirç - filçefilç - milçemilç - piçepiç - bore bor - gabor ...

zorbûnî deng xoy nîşaney peredar bûn û pirbît û bereket bûnî zimanî kurdîye' dîyare zîyatir lemeş hen' hercen hêndê lewane (Îsmî sewtin) belam deng lewanîş da her heye.

rojgarê zimanî mad'kurdî le feragînewe ta gana (le midîteranewe ta çîn)

xelkî em nawenawe be zimanî kurdîmadî nasîyaw bûn' betaybet le katî hêrişî îskender da 'kurdîmadî bawî serzarî xelk bûwe û dersî pê xiwêndirawe' em ders gutinewe be zimanî kurdîmadî le mizgewtan ' le fêrge û hucrey mela û feqêyan ber lewey darulfunûn le rojhelatî nawîn danirê lay melayan' ders

Dr.Saleh Ebrahimi



dexiwenidra û melay dersbêjîş watay dersekey be kurdî beyan dekird û şê'irî (helbest) kurdîşî pê dewutin û tenanet kitêbe wirdîlekanyan le zimanî erebîyewe bo dekirdin be kurdî ewe ta serdemî Xanay qubadî berdewam bûwe ke Xana fermûyetî:

kurdî ce farsî bel şîrînteren

Her çen mewaçan farsî şekeren

pêşbûwan mehfûz' baqî wesselam.

belefzî kurdî, kurdistan temam

Dr. muhemmed Salih Îbrahîmî: (taran)

**بــه‌داخــه‌وه‌ تــلویزیونی *Medya*** ـ له‌ کات ژمێری ۸/۵ شه‌وی هه‌ینی ۸۰/۱/۱۰ له‌سه‌ر شه‌مه‌ ۱۳۸۰/۱/۱۱ ی هه‌تاوی له‌ به‌رنامه‌ی بلاّو کردنه‌وه‌ی هه‌واڵو نوچه‌، به‌زمانی کوردی رای‌گه‌یاند: زانا، لێکۆ ڵه‌ر، مێژو زانو مێژو ناسی کورد، ماموّستا مه‌لا جه‌میل رۆژبه‌یانی له‌ به‌غا له‌ماڵی خوێی به‌بیور (ته‌ور)ی دارشکێن له‌ رۆژی سێ شه‌مه‌ ۱۳۷۹/۱۲/۳۰ ی هه‌تاوی و ۲۰ مارسی ۲۰۰۱ ی زاینی شه‌هید کراوه‌، ئه‌م کاره‌ ناحه‌زو ذرێوه‌، له‌ لایه‌ن دژو دوژمنانی نه‌ته‌وه‌ی مه‌زڵومی کوردو کوردستان ئه‌نجام دراوه‌ (شه‌پۆل).

هه‌رکاتێ ده‌چمه‌ په‌رلانه‌ خه‌فه‌تمه‌؛ که‌ ته‌مه‌ن، چه‌ن کورته‌، بۆ که‌ڵك وه‌رگرتن له‌و سفره‌ ره‌نگینه‌ (شه‌پۆل).

لاپه‌ره‌ی کتێب وه‌ك شاپه‌ره‌ که‌ رۆحی ئێمه‌ بۆلای نورو روناکی ده‌خاته‌ هه‌ڵفڕین: وێلتێر.

وه‌ڕه‌ با هه‌مومان ناڵه‌مان یه‌کخه‌ین
به‌ڵکو به‌و عیشقه‌ نیشتمان سه‌رخه‌ین

Dr.Saleh Ebrahimi



# زوان‌و ئه‌ده‌ب:

ئه‌میر شه‌ره‌فخانی بتلیسی له ئاخرو ئوخری سه‌ته‌ی ده‌هه‌می کۆچی واتا: ۴۰۰ ساڵ به‌رله‌مه کتێبی شه‌ره‌فنامه‌ی به‌زوانی پارسی له مێژوی. گه‌لی کوردا نوسیوه ئه‌میرشه‌ره‌فخان یه‌کەم مێژو نوسێکه‌،زوانی کوردی له بابه‌ت زاراوه‌وه کردۆته چوار به‌ش[1] ئه‌وچواره‌ش به‌م جوره‌ن:

## ۱- کرمانجی:

مه‌به‌ستی ئه‌میر شه‌ره‌فخان له‌کرمانجی زاراوه‌یه که له‌م چاخه‌دا زیاتر له ده‌میلیون کورد قسه‌ی پیێ ده‌که‌ن. وه‌نوسه‌ران‌و مێژوسان کردویانه‌ته دوبه‌ش: ئـه‌لف: کرمـانجی ژوروپا باکوری: "شمالی". که کورده‌کانی: (ئێره‌وان و گورجستانی شوره‌وی لاچین، گوڵ به‌هار یا گوڵبجار، ئاخکه‌ندو ...) وه کورده‌کانی تورکیه‌له‌لای گۆلاوی (وان، دیار به‌کر، قارس، با یه‌زید، خه‌رپوت و جه‌زیره و ده‌رسیم و...[2] وه کورده‌کانی ئێران (له قوچان و بجنورد هه‌رێمی خوراسان وه‌هۆزی جه‌لالی و میلانی و هه‌رکی و برادۆست و ... له ئازربایجانا[3]. وه‌هه‌رێمی جابان: "جاوان" له‌ده‌ماوه‌ندی لای تاران.

وه کورده‌کانی عیراق له (هه‌رێمه‌گه‌لی دهۆک و موسڵ و هه‌ندێ لای هه‌ولێر) وه کورده‌کانی سوریه‌له (ئوستانی: پارێزگه‌ی دیرالزورو فه‌رمانداری ترابلس و حیسن الاکراد و کورده‌کانی لوبنان و ئۆردۆن. به‌م زاراوه‌یه له عیراقا[4] - بادینی پیێ دڵین.

بێ: کرمانجی خوارو یا باشوری: "جنوبی" وه‌ك زاراوه‌ی کـورده‌کـانی موکریـان: مه‌هـاباد، سه‌رده‌شت، سنه، مه‌ریوان، سقز و بانه و ... له کوردستانی ئێرانـا وه‌ئوستـانگه‌لی سلێمـانی، که‌رکوك و هه‌ولێر له‌کوردستانی عێراقا «که به‌هه‌ڵه به سۆرانی ناوی ئه‌بەن».

---

۱- بنواره شه‌ره‌فنامه چاپی پطرسبورغ ساڵی ۱۸۶۰ زایینی وه‌به‌رگی یه‌که‌م چاپی قاهیره ساڵی ۱۹۳۰ زایینی و ئۆفسیتی تاران سالی ۱۳۴۳ هه‌تاوی لاپه‌ره‌ی ۲۳.

۲- "له ده‌رسیم به زاراوه‌ی زازایی داخۆن" (زازاله ناوچه‌ی سیورلی چبخچور،کر) و گۆران (له‌که نـدوڵه، پـاوه، هه‌ورامان، تل‌هدشک (ص ۴۵ تاریخ زوان پرویز خانلری).

۳- بنواره (باوی کۆمه‌لایه‌تی و مێژویی نوسراوی شـه‌پۆل) چـاپی تـاران نـه‌ورۆزی ۲۵۹۱ کوردی ۵۷ و ۵۸ هه‌تاوی.

۴- به‌هه‌ڵه بادینانی "بهدینانی" پیێ ده‌ڵین.

Dr.Saleh Ebrahimi



### ٢- لری:

مەبەستی ئەمیر شەرەفخان لە زاراوەی لری (ئیلامی، فەیلی، بەختییاری، لەهەرێمی پشتکۆ و پێشکۆ یە، یان روناکتربڵێن: لە هەمەدانەوە تا شوشتەرو شاری کورد لە ئێرانا وەئوستانگەلی کوت و عیمارەو فەیلییەکانی بەغاو بەسرەو شوێنەکانی ترە لە عیراقا[١].

### ٣- کەلوڕی = کەڵهوڕی.

مەبەستی ئەمیر شەرەفخان لە کەلوڕی ئەوجۆرەزاراوانەیەکە لەزۆربەی هەرێمەکانی کرماشاندابوەلەبەشی لەکستانا لە ئوستانی ساحلی ئێران وە لەناوکوردەکانی فرمانداری خانەقین،مەندەلی و میقدادیە: "شاربان" قسەی پێ دەکرێ،بەهەلە هەندێ لە نوسەران "کرماشایی" یا "لەکی" پێی ئەڵێن کەچی لەکی خۆیی تێکلاوێکە لە (لری،کەلوڕی وگۆرانی).

### ٤- گۆرانی:

مەبەستی ئەمیرشەرەفخان لە گۆرانی زاراوەیەکە لە پێشا لە "ئەردەلانەوە" تاکێوی حەمرەین یانی لە ئوستانی: پارێزگەی کوردستان لە ئێران وە پارێزگەکانی سلێمانی وکەرکوک لە عیراقا قسەی پێ کراوە ...

بەڵام بە هۆی ئەوەکەزۆر بەی هۆزەکانی گۆران زۆان وەک: زەنگەنە، سییا مەنسور وهی ترلە رۆژگاری شاهەباسی سەفەوی‌یەوە کۆچ دراونەتە، ئەفغانستان،جابەم هۆیە ئەوانە وا بەم زاراوەیە ئاخەفتون زۆرکەم بونەتەوە[٢]. زاراوەی گۆرانی لەم چاخەی ئێمە دا لەناو (هۆزی زەنگەنە، سیامەنسور، گەلالی، شوانکارە، کاکایی، هەورامانی لە کوردستانی ئێران و عێراقا وەلە ناوکوردەکانی ئەفغانستانا باوەو ماوە[٣].

---

١- بابا تاهیری عوریان (٩٣٥-١٠١٠) بەلری شیعری گوتوە و ناوبانگی چارینە[کانی]: لەدەرەوەی کوردستان بلاوبوتەوە بیروباوەرێکی دژی دەرەبەکایەتی لەناو گەل‌دا بلاو دەکردەوە ... لە شیعرەکانی دا بە توندی دژی زوڵم و زۆری کۆمەلایەتی دواوە. هەروەها دژی ئاغاگەورەکان و فەرمانرەواکان بووە" (مێژوی جیهان پراگ ١٩٦٠ بەرگی سێهەم ل ٥٠٢ چاپی چیکی). وە (کوردستان و کورد) بەنەقڵ.

٢- کۆزێ لە نوسران بەهەڵە بەگۆرانی، هەورامانیان پێی‌وتون، کەچی هەورامانی خۆی‌زاراوەیەکە لە گۆرانی کۆن.

٣- بۆناسینی شوانکارە بنوارە (کتێبی باوی کۆمەلایەتی و مێژوی و... نوسراوی شەپۆل چاپی تاران ساڵی ٥٧ و ٥٨.

Dr.Saleh Ebrahimi



پروفسور مینوریسکی رۆژهه‌لاّت ناسی ناوداری روس له‌باره‌ی "گۆران" ه‌وه کتێبێکی به‌زوانی ئینگلیسی نوسیوه که له‌وا زۆرێ له هۆنراوه‌ی هۆنه‌رانی هۆزی گۆرانی تێداهێناوه‌و چاپی کردون.

هه‌روه‌ها به‌سودوه‌رگرتن له‌ناوی سولّتان ئیسحاق پیری کاکا ییه کان دیاردی‌بۆ که‌ونارابونی ئه‌ده‌ب و بێژاوه‌ری هۆزی گۆران کردوه‌و ناوی سولّتان سه‌هاك = ئاستیاگ = ئاژی ده‌هاکی به کوردی ماد داناوه، به‌لاّم به داخه‌وه ئێستائه‌و کتێبمان له‌ده سانییه.

هه‌رچه‌ن به‌لّگه‌یه کی زۆرمان له‌بابه‌ت ئه‌ده‌بی گۆرانی کۆنا به‌ده‌سه‌وه‌نییه، به‌لاّم به‌وجۆره ئاگاداری یانه‌ی وابه‌ده‌سه‌وه‌ن، ئه‌توانین بێژین: ئه‌ده‌بی گۆرانی کونترین بێژاوه‌ری و ئه‌ده‌بی کورده.

حه‌مدو للاّی مسته‌وفی قه‌زوێنی به نه‌قلّ له "ئه‌لبولدان" ئه‌نوسی:

"سپای ئیسلام" سالّی ۱۸ی کۆچی له‌زه‌مانی ئه‌میره لموئمنین عومه‌ر - ی کوری خه‌تتاب‌دا قه‌زوێنی گرت.

له‌وکاته‌داحه ساری شارستان "شاپوری" بوو خه‌لّکی ئه‌وێ له گه‌لّ موسلّمانانا جه‌نگیان ئه کرد و موسلّمانه کان بانگیان ئه‌رکردن یان موسلّمان بن یان جزیه بده‌ن.

ئه‌وانیش هه‌رایان ئه‌رکرد وئه‌یان وت: "نه‌موسلّمان ئه‌بین وه نه گزیه‌ش ئه‌ده‌ین هه‌ڕن بگه‌رێنه‌وه مه ککه تا ئێمه‌ش رزگاربین" - "نه‌مسلمان بیم نه گزیت دهیم + بشی اومکه‌شی کاما برهیم"[1].

مسته‌وفی قه‌زوێنی ئه‌م به‌یته‌ی به په‌هله‌وی ناو بردوه،وه‌له راستیا ئه‌م به‌یته: "گۆرانی = لری" یه، ئه‌مه خۆی به‌لّگه‌یه، بۆئه‌وه که له‌پێش ئیسلاما ئه‌ده بی کوردی گۆرانی هه‌بووه.

کۆرێ ترله مێژونوسان و نوسه‌ران وه ك (ملك الشعرای) به‌هار وه ره‌شیدی یاسمی و دوکتور سه‌عیدی کوردستانی و ئایه توللاّمه‌ردۆخ و شه‌پۆل و ئه‌وره‌نگ، چه‌ن هۆنراوه یه کیان له نوسراوه کانی خۆیانا، هێناوه که‌به‌ده‌سنوسی په‌هلوی له پێستێ ئاسك نوسراوه‌ته‌وه‌و له‌ناو یه کێك له غاره کانی کوردستانی عێراقا، دۆزراوه‌ته‌وه، که‌له‌وا دیباری بۆ کوشت وبڕین و تالاّن و برۆ و به‌دیل گرتن و ... کراوه ئه‌وهۆ نراوانه، به که‌مێ جیاجیای یه‌وه به‌م جۆرن:

---

۱- مێژوی گوزیده چاپی فرده‌وسی تاران سالّی ۱۳۳٦ هه‌تاوی په‌ره‌ی ۷۷٦.

Dr.Saleh Ebrahimi

شەپۆل / ۱۹۳

هورمزگـــانرمان ئـــاتران کـــوژان　　هۆشان شاردەوە گەورەی گەورە کـان
زۆرکـــارئەرەب کـــردنە خـــاپور　　گونـــاو پـــالە بشـــی شـــارەزور
ژنو کـــەنیە کـــان وەدیـــل بشـــینا　　مـــێرد ئـــازاتـــلی ژ روی هـــوینا
رە وش زەردوشـتره مـانەوە بـێکەس　　بەزەیە ك، نکاهورموز، وەهیچکەس[۱]

---

۱ـ هورموز، یا ئاهورامەزدا بەمانای خوایە، گان بە مانای جێگەیە واتا: عیبادەتخانە کان و ماڵە خودا،رمیان وروخان، ئاهورمەزدا لە ئاهۆرە، بە مانای: هەبونی دانە، مەز بەمانای مەزنە، دا، بە مانای دانا وزانایە، رمان بە مانای رمیان و روخانە. ئاتران لە ئاتر، وە بە مانا ئاگرە ـ تـوگ بەیەکتری گۆردراونەوە = ان =پەسوەندی نیشانەی جەم و کۆیە لە کوردی ئەمرودا "ك"ی‌عەهد. لە پێشەوەی دائەنریٚ و ئەبێتە ئاگرەکان، ئاگر، ئاتر، ئاور، یەك مانای هەیە، لە کوردیا دەڵێن: ئاگرە خۆشە لە خوٚم گاتەوە. کوژان‌لە کوژیانە، بە مانای ئاگر کوژانە وەو ئاور مریان و کوژیانی ئاگرە.

۲ ـ هۆشان: لەریشەی‌هو، خو "Hwa" ئاوێستایی‌یەو بەمانای خۆیان ـ لەباتی هوٚشان "وێشان" وتراوە، شاردەوە. لە شاردنەوەیەو بە مانا خوٚشاردنەوەو خوگومو بزرکردنە، گەورەی گەورەکان یانی: مەزنی مەزنەکـان. زوٚر، لە زوٚر، لەزوٚردارەو کاریش پەسوەندی نیشانەی سیفەتی فاعیلیە، ئەرەب بە مانای عەرەبە. خاپور بە مانای رمیانە.گوناله گوندەو بە مانای ئاوای‌یە. پاڵە: بە مانای شارە، پەلەو پالەوان، پالە لەیەك‌ریشەن. لە کوردیا پێلاو تایبەتی شارنیشنەکان بووەو کالەش تایبەتی دی‌نیشنەکان بووە، لە کوردیا ئەبێژین: پێلاٚت لەسەر چاوە، کالەو پێتاو،کالەو پوزەوان. ناتوانم بەن کالەی خوٚم لەبەن چەکمەی توٚخەم، لە بورهانی قاتیعا نوسراوە پەهلو، پەلەو بە مانای شارە، پەهلوان، پەهلەبان بەمانای: شەهرەبان یا نیگاهبانی شارە، بە کوردیش ئەوتریٚ پالەوان یانی: شارەوان، شارەوانی، دیارە، لەقەدیمەوە نیگاهبانی شاریان لە مروٚڤ گەلی خودان وزەو بەهێز کە بتوانیٚ لەدزو دروزن بەرگری بکات لەبەر چاو ئەگرت، بشی‌لە ریشەی بەشەو بە مانای پشکە ، یان لەریشەی شیایی و شو ـی ئاوێستایی‌یەو بەمانای ئەرواو روێشتن‌ە، لە گوٚلستانا شد بە مانای روێشت، هاتووە. وەك ئەبێژیٚ: (شد غلامی که آب جو آرد　　آب جو آمد و غلام ببرد)

واتا هەتا ئەرواتە شارەزور، لەباتی: "بشی" "هەتا" وتراوە، شارەزور ناوی بەشی سلێمانی و ئەو ناو ناوەیە. نالی شاعیری شارەزوریش زوٚر بە ناو بانگە.

ژن. لە ئاوێستادا بە مانای زان و ژان پیاهاتە، کەبە غیناش ناو براوە.

ـ کەنیە کان لە ریشەی کەنی کەنیشك‌کناکە نیک ـەو بە مانای دوێت و کچە،لێرە دایە گوٚران شاعیری نازارو دڵتە رو ناوداری کورد ئەبێژیٚ: عەشقی ئێوارەی سەرە ریٚی کانی ـ بەرنەداتە چەم کلپەی گوٚرانی!ـ روٚژا ئاوائەبیٚ چەم تاریك ـ دایە دەنگی (کنالەیل) هەردوایی نایە... ـ (کنالەیل: کچی یار) ـ مانگ بەتریفەی ئەکاکەیل ـ هێشتا، هەر گەرمە، ناڵەی (کنالە یل...!)

گومان لەوە دانیە کە (عبدالله) گوٚران (کە ساڵی ۱۹٦۲ لە عێراق کوٚچی دوایی کردوە) چ لە ناوە روٚکی شیعرەکانی داو چ‌لەو شێوە تازانە داکە لە شیعردا دای هێناوەوچ‌لەرەوانی و بژارکراوی ئەوکوردیە داکە شیعری لەقەید و بەندی شیعری کلاسیکی کوردی رزگار کردوە و بەوهوٚیەوە ئاسوٚیەکی نوێی بوٚگەشە کردنی زیاتری شیعری کوردی کردوٚتەوە.

بشیناله ریشەی شیای بە مانای هێنانو هاٚرد نە. مێردئازالە دوبێژەی مێردوئازا، تێکلاٚواکراوە، مێرد لە ریشەی مێرد: مێرت ـەوبەمانای پیاو و مێرو مەردومێردە ـ ئازاش بە مانای نەبەزو کوڵنە دەرە.

تلی: لە ریشەی تلیای، تلین ـە و بەمانای تلانەوەو تل خواردنە.

Dr.Saleh Ebrahimi



هەروا مجلەالعربی ژمارەی ٢٠٠ چاپی تەموزی ١٩٧٥ کووەیت لەو تارێکدا کە بەقەڵەمی (عبدالحلیم منتصر) لەژێر ناوی (ابن وحشیة فی الفلاحة) و (هو اقدم الکتب فی العربیة) دەنوسی... شوق‌المستهام فی معرفة رموز الاقام و قد ذکر فی آخر کتابه هذا انه ترجم من‌اللغة الکردیة کتابا فی علل المیاه و کیفیة استخر اجها- یاخەتی ماسی سۆراتی کوردی کە دوکتور سەعید خان کوردستانی لە مزگانی نەزانی کوردی باسی دە کات.

بەلاّم ئەبی بێژین ئەم: هۆنراوانە بەزوانی گۆرانی کوردین. حوسەین حوزنی موکریانیش لە نوسراوە کانی خۆیدا دییانی بە مەداناوە، یەکێک‌لە هۆزە کانی گۆرانی زوان، هۆزی کا کای یە، کەلە ئێران و عێراقا ئەژین، بەرەی کا کای یە کان، لە سەرئایینی "شەیدایی ئیرانی کۆنن.

سرنج راکێشەلە ناوئەو نوسە رانەداتەنیا (محەمەد ئەمین زە کی بە گ) سەر چاوەی ئەم هۆنراوانەی بەنەقڵ لە کۆبەی ١٨ لەسەر لاپەرەی ١١ لە کتێبی خەباتی سونێان -ی کورد نوسراوی واسیلی نیکیتین رۆژهە لاّت ناسی ناوداری روس ناوی بردوەو گوتەیەتی: ئەم هەڵبەستانە بەزوانی پەهلەوی یە.

لە کتێبی مێژو دا ناوی چەن باڵول دێتە بەرچاومان ئەلف = باڵولی خارجی: کە شارە کوری بە شەری شەیبانی موسڵی کە لە کوردانی دەورو بە-ری، موسڵ بووەو لە ساڵی ١١٩ کۆچی دا لە هیشامی کوڕی (عبدالملك) ئەمەوی را ساوەو شۆرشی کردوەو لە موسڵمەوە تا کوفەی هێناوەتە ژێر فەرمانی خۆی و لە پاشان لەشەڕا کوژراوە.

---

١- (بنواره دائرةالمعارف بطرس بستان پەرەی ٦٤٤ جەلەی ٥). ٢- فەرهەنگی دهخداپیتی ب و دائرةالمعارف بطرس و سە فەرنامەی (ابن بطوطه) پەرەی ٢١٠ تا ٢٠٩.

-ژ: بە مانای بە یەو جاری‌واش هەیە بە مانای "لە" یە، وەک ژمن دی ژمن.

هوینا: لە ریشە هون بە مانای خوێنە. رەوش بەمانای ئاینە.

زەردوشتر یا زەرتوشەر یانی پێغەمبەری ئێرانیان کە لەرە گەزی کوردەمادە کان- ه.

قانع شاعیری ناودار لەم بارەوەیە، کە دەبێژێ:

کتێبی زەردەشت کە ئاوێستایە — وەک باقی کتێب خەلاّت خوایە

بەزمان هەورامی هاتە سەر بە شەر — یانی های زەردەشت بوی بە پێغەمبەر

-بزیکا، بەزەی یەک، لە ریشەی بەزەیی، بە مانای دڵسوزی و دڵ سوتان و روحمە.

نکا، نیکا بە مانای نەکرن، نەکردن واتانای کات. ئەم هەڵبەستە و هونراوانە دەسیلابی بە واتا: دەبەشن و

Dr.Saleh Ebrahimi



ب ـ باڵوڵی مەجنون: ئەبووەهیب باڵوڵی کوڕی عەمر صیرفی کوفی، گۆیالە کوردانی ئێران و شاگردی حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادق بووەو لە ساڵی ١٩٠ کوچیدا مردوە .

ج ـ باڵوڵی شولی کە یەکێک لە عاریفانی مەزن و شاعیر بووە «ابن بطوطه طنجه لی» لە سەفەرنامەکەی خۆیداناوی بردوەکە لە لورستانا چاوی پێی کەوتوە و قسەی لەتەکیا کردوە.

هەروەک لە قسەکانی ئەمیرشەرەفخانی بتلیسی دەرئەکەوێ، ئەدەبی گۆرانی لە کاتی فەرمانڕەواکانی "حەسەنوێهی" و "عەیاری" زۆر و زەوەندو پەرەدارانە پلاوکراوەتەوە، بەلام شوێنەواری و یڕاوەری ئەوکاتەلە بەروێران کرانی شارەکانی (دینەوەر ـ سیروان ـ حەلوان ـ شارەزور) لەلایەن مەغولەکانەوە، ویژاوەریش تیاچوو نەما، بەلام لە کاتی فەرمانڕەوای: (بەنی ئەردەلان) دا ئەدبی گۆرانی بوژایە وەو تازەمانی خوسروەخانی ناکام چووە پێشە وەو لێرەوە شوێنەوارگەلی بە نرخی ویژاوەری بۆئێمە جێمارە.

بەلام میران و فەرمانڕەوایانی بابان، دەسیان دایە، پەرەپێدانی ئەدەبی کرمانجی خوارو: "جنوبی" کەبەهەلە بە سۆرانی ناوئەبرێ، جاهەر لە بەر ئەمەیە لەدەم و کاتی ئێمەدا وازاراوەی کرمانجی خوارو بووەتە زمانی ئەدەبی و علیمی و هونەری و کۆمەلایەتی و رامیاری و ئابوری و نوسراوەیی زمانی کوردی، ئێستاشێوە و رچە یەکی ئەدەبی یەکگرتوی گرتۆتە بەرو

---

ـ دەهیجایین. ئەم هوزی کاکایە: دوای داهاتنی ئاینی پیروزی ئیسلام هەندێ لەبیرو باوەری رچەی خۆیان لەدەس دابرێکیشیان بە دڵ و داو پاراستووە، تەنانەت یڕاوەری گۆران بەشێکەلەرازە نهینییەکانی رچەی گۆران، لای غەوارە نای درکێنن، ئەمانە باوەریان بە تەناسوخ هەیە، بەمەکە گیان و رەوانی فریشتەکانی ئەوان ئەچێتە ناو کلێشەی ئەنبیا و ئەولیا. باوەریان هەیە. وەلەبەر ئەوەی زوریان حەزرەتی عەلی و ئالی ئەوخوش دەوێ کوڕی لە مێژونوسان ئەوانیان بە یارسان و عەلی یوللاهی ناو بردوە.

پیشوایانی ئاینی کاکاییکان، لەهەندێ شوێناله بەرهەندێ هو چەن هونراوە یەک لەهونە رانی خۆیان ئەگێرنەوە، بووینەئەواچەن شیعر لەدو بەیتیەکانی باڵولکەلە (١٧٠ ـ ١٩٣ کوچی)دا ـ ژیاوەو کوچی دوایی کردوە بوتان نەقل دکەین:

| | |
|---|---|
| ئەز بەهلولە نان جەروی زەمینی | چار فرشتانم چاکەر کەرینی |
| نجومم سالح رە جەبەم بینی | چەنی لرەبیم جەماو هەفتینی |
| ئەو واتەی یاران ئەو واتەی یاران | وە قانون شەرت ئەو واتەی یاراها |
| چەندی مەولایم کردمان شاران | یارانم کەردەن وە قەوای ماران |
| دیوانەی زاهیر دیوانەی زاهیر | دانای یارانم دیوانەی زاهیر. |

دە رویش نەوروزی سورانی کە لەسەتەی ١٣ هیجریدا ژیاوەلە زانایی و دانای باڵولا ئەیژی:

| | |
|---|---|
| بەهلول زاتبون زات یە کدانە | عامیان ماچان بەهلول دێوانە ، |

Dr.Saleh Ebrahimi



لەو چوار زاراوە بنەرەتی یە رەسەنانە کەڵك وەر ئەگرێ و خۆی گییاندۆتە پلەو ریزی زوانە زیندوو پێشکە و تووە کانی جهانی ئەمرۆ و شان لەشانی ئەوان ئەدا.

باش وایە: بگەرێنە وەسەرییژەی گۆران، هەروە كلەبەرگی یە کە می شەر فنامە لاپەرەی ٢٣ دانوسراوە هۆزی گۆران لەسەرەتاوە لە پێ دەشتە کانی پاریزگەلی کەرکوك و سلیمانی و کرماشان دا، نیشتە جێبون و رویان کردبوە، ئاوەدانی و خەریکی زەوی وزارکێلاَن و کشت و کاڵ بون، بلاَم هۆزە کۆچەرە کوردە کان و جافە کان زۆریان لێ دە کردن وە ك لەم میسالە کوردی یانەدا دەر ئە کەوێ، گۆرانە کان باشاری ئەوانیان نەدە کردو بەردەسیان ببون ئەڵێن:

جارێك جافە کان مێگەلە پەزە کانیا بەلەوەربەرە و کۆیستان ئەبەن و رێیان ئە کەوێتە ناوزەوی وزاری کابرایە کی گۆران، لەدورەوە هەرای لە دە کەن و دەڵێن: هۆی کابرای گۆران. (گاڵە کەت وە گوێزە واپەزە کەمان هات) یانی تۆناتوانی بەرگری‌هاتنی مێگە لەمەرە کەی ئێمەیکەی، دییارە بەودەم و دەسەش گاڵ و هەرزنە کەت بۆ نادوررێتەوە کەوابو پەزە کان زییانی خۆیان هەر ئە کەن.

هەروائەو کوردە کۆچەرانە کەبەشەوالای پەزوپۆڵە بون، خەویان لە گۆرانە کان حەرام کردبون و ئەمانەیان بۆ کردبونە جۆك وتوانج و تەشەر وقسە:(هەیڤە شەوە، تەقڵەودەوەو گورانە و... چاول خەوە...)

ئەبێژن جاری وا هەبوە کە کوردە گۆرانە کان، لەترسی کوردە کۆچەرە کان، ماڵ و ژییانی خۆیان بەجێ هێشتووە ولە ترسان رایان کردوە، بۆیی واوتویانە: (گۆرانە...لە ئاوای بە دەرە...) ئەوانیش وردە وردە چونە تە ناوچیاوچرە کانی کوردستان و خوی کوردە کۆچەرە کانیان گرتوەو لە نەبەزی و کوڵنە دەریدا ئەوانیان بەجێ هێشتوە. بەلاَم گۆرانە کان خۆیان لایان وایە گۆران لەواژەی گۆڕ گیراوەو بەمانای مەزن و گەورەس، چونکا گۆرانە کان، لای میرو پادشایانی کاتی خۆیان زۆر خاوەن پلەو پایە و مەزنبون.

هۆزانی مەزن تەوفیق وەهبی کە کتێبێکی لە بارەی بارامی گورەوە بەعەرەبی نوسیوە ئەبێژی: بێژەی گۆر بەرێی لەرلە گوڕ-ەوە بەرێ قەڵەو گیراوە و بە مانای: ناوەند، مەیدان، دەشت، گۆڕایی و قەور و...هی ترە.

Dr.Saleh Ebrahimi





بۆئه‌وه به‌وهوزه کوردانه‌یان وتوه گۆران، که له‌ده‌شت‌دا نیشته جیّبون، بارامی گۆرپاشای ساسانی له دایکه‌وه‌له کورده گۆرانه کانه، که‌وابیّ تۆنه کابلّییّ: چونکابارام ئۆ گری‌گۆر: واتا: "که‌ری به‌لّه ك "گرتن بووه، ناویان ناوه: بارامی گۆر، چونکا ئه‌مه‌هه‌لّه‌یه. کوریّ له‌شاعیران وایان ناوبردوه، وه ك ئه‌م چوار چارینه‌ی خه‌یامی هه‌ژار:

له‌وکۆشك و سه‌رایه داکه جه‌م جامی گرت      ریّوی تره کیوه، مامز ئارامی‌گرت
بارام که هه‌موژیانی خۆی‌گۆری ده گرت      دیتت به‌چجۆریّ گۆریّ بارامی گرت .

عارفی ناودار مه‌ولانا مه‌لائه‌حمه‌د جزیری له قه‌سیده‌ی ۸۴ دا به شیعر فه‌رمویه‌تی:

مه‌ب ئیشراقی سوئاله ك ژله‌بی غونچه گوشا کر ـکوب ئیلهامی د سوئالامه جه‌وابه

شیّخی ئیشراق به عه‌ره‌بی و به کوردی و فارسی شیعر و هۆنه‌ی هه‌یه، شیعربه کوردی

میرزا ئامانه‌ن ویّت مه‌ده‌روّ خه‌م      نه‌جام مه‌مانوّ نه‌جه‌مشید نه‌جه‌م
نه‌هامده‌م نه‌قه‌وم نه‌هونره‌س نه که‌س      که‌س وه‌ده‌ردمان نه‌بۆفه‌ریاد ره‌س
دلّسوّزان دلّ ته‌نگ بیّ دسه‌لاّت بوّ      رومان جه سه‌فر راگه‌ی نه‌هات بوّ
ئیشراق ئومیّده‌ت وه‌ساقی خوّر بوّ      تا دوعات جه‌روی قیامت سوّز بوّ۱

پروفسور مینورسکی روزهه‌لات ناسی ناوداری روس له کتیّبه‌ که‌۲خویدا، که‌به ئینگلیسی له‌باره‌ی گۆرانه‌وه نوسیویه‌تی و کراوه‌ته کوردیش نه‌ز ریان وایه: گۆران هوزیکن زیباترله سیّهه‌زارسالّ به‌ر له مه هه‌بون، مه‌به‌ست‌له گۆران ته‌نیا ئه‌و هوّزانه نییه‌وا ئیّستا له

---

کیّ دی دیوانه‌وی ته‌ور دانابوی      مه‌رکه‌ونه مه‌یدان گه‌ردون رانابوی ـ رانا: نیشاندان.

ئه‌وانه‌ی وابه‌زوانی گۆرانی هوّنراوه‌یان گوتوه، ئه مانه‌ن:

عیّل به گی، مه‌لا په‌ریّشان، خانای قوبادی، سه‌یدی هه‌ورامی، شه‌فیع جام ریّزی، خان ئه‌لماس خان، حاکیم مه‌وله‌وی کورد (عبدالرحیم) تاوه‌کوزی مه‌عدومی شاعیری گه‌وره‌ی غه‌زه‌ل بیّژکه له کوردستانی جنوبی له (۱۸۹۲ـ۱۸۹۷) دا ژیاوه و کوّچی دوای کردوه.

له شاعیره گه‌وره‌کانی سه‌ده‌ی بیسته‌م ده‌توانین پیره میرد (۱۸٦۷ـ۱۹۵۰) و ئه‌حمه‌د موختار جاف (۱۹۳۵ـ۱۸۹۷) و بیکه‌س (۱۹۰۵ـ۱۹۴۸) و حاجی قادر کویی (۱۸۱۵ـ۱۸۹۲) که‌خه‌لکی بوّ خه‌بات له پیّناوی ئازادی و سه‌ر به خوبی دا هان داوه، ناوبه‌رین. ئه‌مروّبه ناوبانگترینی شاعیره کان له ئیّران داهه‌ژاروهیّمن ـ ه!
شیّخ‌شه‌هابه‌دین سوهره ـ وه‌ردی شیّخی ئیشراق کورده‌و له‌سوره دیی نیّوان بیجارو زه‌نگان له۵۸۷ی مانگی له دایك بوده‌و له۳۸ سالی‌دا وه‌فاتی کردوه. سوهره‌وه‌ردی‌یه کان کوردن چون واژه‌ی سوهر له‌فارسی‌و عه‌ره‌بیدا به‌کار نابریّ. فارس له‌باتی سوهر ده‌لّین: [سرخ] ـعه‌ره‌بیش ده‌لیّ [احمر] ـکوردیش ده‌لیّ: سور، سوهر ـ(شه‌پوّل).

Dr.Saleh Ebrahimi



پارێزگه‌ی کرماشان دان‌و نیوی ئه‌م هوزه‌یان پاراستووه، به‌ڵکومه به‌ت له‌نا وی گوران، گشت هوزه کورده کانه که به‌زاراوه‌ی گورانی قسه یانکردوه، وه‌ك: هوزی سیامه‌نسورو زه‌نگه‌نه که‌ئه مرو له ئیران‌و عیراق‌و ئه‌فغانستانا بلاو بونه ته‌وه. هوزی برادوست: بروانه: (شوینه‌واری باوله کورده واریداو میژوی... نوسراوی شه‌پول به رگی ۳) که ئیستازاراوه‌ی ئه‌وکوردانه کرمانجی ژورو "شمالی" یه‌و له‌لای ورمێ له ئیرانا و له لای ره‌واندز له عیراقانیشته جین و شوانکاره‌و زه‌ندو کاکایی‌و پالانی‌و گیژو هه‌ورامی‌و روژبه‌یانی و چگنی‌وپازوکی‌و ئه‌وانی تره. **واژه‌ی کرمانج: ئه‌م‌واژه‌سی مانای هه‌یه:**

۱ـ مانای گشتی که‌له ناو ویژاوه‌ران و نوسه‌رانا، به‌مانای کوردبه کاربراوه، حه‌ماسه‌ویژو به‌یت سوراو ریئالیزم نوسی ناوداری کورد حه کیم ئه‌حمه‌دی خانی له‌به‌رکولی "مه‌م‌وزین" دا، چه‌ن جاروا‌ژه‌ی کوردو کرمانجی دوپات کردوته‌وه‌و بویه ك مه‌به‌ست به کاری بردون وه ك ئه‌بیژی:

| | |
|---|---|
| داخه لێ نه بیژ تن‌کو ئه کراد.ـ | بی مه‌عریفه‌تن، بێ ئه سل‌و بونیاد |
| ئه نواعێ میله‌ل خودان کتێبن | کرمانج ته‌نێ دبێ حسێبن!! |
| هه‌م ئه‌هلێ نه‌زه‌ر نه‌بێن‌کو کورمانج | عیشقێ نه کرن ژبوخوه ئامانج |
| کورمانج نه پربێ‌که مالن | ئه مماد یه‌تیم‌و بێ مه جالن |

۲ـ دوهه‌م مانای تایبه‌ته‌و به‌وکوردانه که زوانیان له‌ته ك زوانی‌خیله گورانه کانی ترا زور جیبانیه.

۳ـ سێهه‌م مانای تایبه‌تی تره، به‌م جوره خه‌ڵکی موکریان‌و سوران‌و شاری سنه، به گوندنیشینه کان ئه‌بیژن: (کرمانج) ـئیستائه‌دیبان‌و، میژونوسانی کوردخویان، کرمانج ئه که‌نه دوبه‌ش.

به شی کرمانجی ژورو، به شی کرمانجی خوارو به لام مینورسکی لای وایه، واژه‌ی کرمانج له‌دو ناوی: (کوردو، مانا) پیك‌هاتووه‌و، ئه‌م دوهوزه سێهه‌زارسال به‌رله مه، پیکه‌وه ژیاون‌و تیکلاوییان هه‌بووه‌و به دریژای ژورگار (کوردومانا) بوه ته کرمانج به‌لام ته‌وفیق وه‌هبی لای‌وایه. بیژه‌ی کرمانج له‌بنه‌ره تا، کرماژ بووه و له‌مه سده‌ری کرماژن‌و به‌مانای

Dr.Saleh Ebrahimi



کرم‌لیدان‌و کرماوی‌یه‌وه، هاتووه وئه‌م ناوه‌له ئه‌فسانه‌ی ئاژی ده‌هاکی مار دوشه‌وه. که بیماری سه‌ره‌تانی بووه‌و له‌بان شانی دوکرم وه‌ك مار روان، کورده‌کانی ژیرده‌سی به‌سه‌روکایه‌تی کاوه‌ی ئاسنگه‌ری‌کورد، لیێ‌را ساون، وه‌کاوه. به چکوشه‌که‌ی میشکی پرژاندوه، ئه‌ڵێن‌ئه‌و مرۆڤه‌ی وامیشکی مه‌رومرۆڤی له‌و برینانه‌ی شه‌رشانی ئاژی ده‌هاك ساوی وه، ناوی (کرمائیل) بووه، که‌له ریشه‌ی کرمه‌وه گیراوه.

به لاَم ئه‌شێ بزانین ئه‌م قسه‌له‌بابه‌ت‌ئاژی ده‌ها که وه، ئه‌فسانه‌یه‌و دژودژمنانی گه‌لی کورد میژوی کوردییان شیواندوه‌و. به‌ئانقه‌ست په‌رده‌ی ره‌شیان به‌سه‌ر میژوی ئه‌م گه له نه‌به زه‌دا کیشاوه، چونکا به‌پێی قسه‌ی لیکوله‌ران‌و ـ میژونوسانی یونانی ئاژی ده‌هاك واتا ئاستیاك ئاخرین پاتشای کورده‌ماده کان بووه، که‌به هوی خه‌یانه‌تی هارپاکی خزمی یه‌وه قلّپه‌وه‌بون‌و تییاچون‌و نه‌مان. پرۆفسور مینورسکی رۆژهه‌ڵات ناسی روس لای وایه: سولتان‌ئیسحاق هه‌ر ئه‌وئاستییاگه کورده مادهٔ هه‌روه‌ك له پێشه‌وه رامان گه‌یا. ٠

کرماج: مه‌ستوره خانمی ئه‌رده‌لاّن له کتێبه میژویه که‌ی خۆیدا کرماج ـ ی ناوبردوه‌و ئه‌بێژێ: (سێهه‌م کرماج که‌له ناو بوره پیاوانا به (بابان) ناودارن.

محه‌مه‌د ئه‌مینی گولستانه له (مجمل التواریخ) ئه‌فشاری‌یه و زه‌ندی‌یه دا کاتێ ناوی سلیمان پاتشای بابان ئه‌میری هه‌رێمی سلیمانی ئه‌با ئه‌بێژی: (سلیمان پاتشای کرماج‌بیه) له‌و به‌ڵگانه رون ئه‌بێته‌وه که‌کرماج له کرماژ ـه‌وه گیراوه‌و ـ ژ ـ بووه‌ته ـ ج ـ ئه‌م جۆره گۆرانانه له کوردییا، زۆره، وه‌ك: تاج و تانج، تاژی و تانجی و فه‌ره‌جی و فه‌ره‌نجی.

هۆزی کرمانج له سه‌ره‌تاوه بیژاوه‌ران و شاعیرانیان زۆر بووه به‌لاّم شۆینه‌واره کانیان له‌ناو چون ئه‌ڵێن: عه‌لی ته‌ره‌ماخی که‌هاوچاخی روده کی بووه‌و له سه‌ته‌ی چواره‌می کۆچییا ژییاوه، دیوانێکی هه‌ڵبه‌ستی گه‌وره‌ی کوردی هه‌بووه، به‌لاّم له‌ناو چووه، بێچگه له چه‌ن تیکه هۆنراو، که‌ئه‌ی ده‌نه پاڵ ئه‌و شتێکمان به ده‌سه‌وه‌نییه.

دوکتور په‌روێزی ناتل خانله‌ری له میژوی زوانی پارسی به‌رگی دوهه‌م داله لاپه‌ره‌ی ٣٨ که له تاران له ساڵی ١٣٥٢ هه‌تاویدا چاپ بووه ئه‌نوسی: له سه ته کانی ٥ و ٦ی کوچیدا شۆینه واری بیژاوه‌ری ده‌ماوده‌م و نوسراوه‌ی کوردی له ناو لاپه‌ڕه‌ی میژودابینراوه، یه کێك

Dr.Saleh Ebrahimi



لەونوسراوانە قەسیدەیەکی ملەمەعە بەزمانی کوردی کە ئەنەو شیرەوانی بەغدادی‌یە، کەلە کتێبی معجم‌البلدان چاپی لایپزیک ج ۱لاپەرەی ۱۸٦ دانوسراوە و چاپ کراوە.

ئەشێ‌بزانین تاسەتەی نۆهەم ناوێک لە بێژاوەران و هۆنەرانی کرمانج وەبەرچاوناکەوێ.

حاجی قادری کۆیی‌لە دیوانەکەی خۆیداناوی دوهۆنەری مەزنی کوردی کرمانجی ژوروی بردوە و ئەڵێ: عەلی حەریری واتاگوندی حەریری لای رەواندز، حەریروباتاس وە شیخ ئەحمەدی جزیری واتە جەزیرەی ئیبنوعومەر[۱]. ئەو دوشاعیرە مەزنەلە جهاناناودارن و لە گەڵ (عبدالرحمن جامی) ئەو شاعیرە پارسی ویژەداهاوکات بون و یەکتریان دیوە، هەروەک جامی دەڵێ:   پیر مردی بدیدم زجەزیر   نیک مەردی بدیدم زحەریر

شیخ ئەحمەد جەزیری زانایەکی دینی و خوانا سێکی رەبانی بووە، هۆنراوەکانی عاریفانەیە، زوانی کوردی و عارەبی و پارسیشی جوان زانیوە، بیری نەتەوەپەروەیشی هەبووە.

کۆری لە مێژو نوسان لایان وایە هاوکاتی ئەتابەک عیمادەدین-ی زەنگی میری موسل بووە بەڵام بەپێی ئەو شیعرەی جامی کە حاجی قادری کۆیی هێناویەتی شیخ ئەحمەد جەزیری لە سەتەی نۆهەما ژیاوە، نەک لەسەتەی شەشەما.

شیخ ئەحمەد جەزیری لەقەسیدەیەکی زۆر رەوانا لەمیرخەلیل-ی ئەیوبی تاریف ئەکات ولەسەرەتادائەبێژێ:

ئەی شەهەنشاهی موعەززەم حەقۆنیگەهدار تەبی

سورەی إِنَّا فَتَحْنَا حافیزویاری تەبی

ئەم خیەلیل ئەیوبی‌یە تەنیا کوردە ئێرانییەک بووە کە لەکاتی هەرکەس هەرکەسیدا لەزەمانی (ئاق قویونلو وەقەرەقویونلو)ەکانا میری کردوەو لە راست بێگانەکانا، رەق راوەستاوە، جالەبەر ئەمەیە شیخ ئەحمەد جەزیری پیاهەڵخۆیندوە.

دیوانی کوردی شیخ ئەحمەدی جەزیری کە بە پێی پیت گەلی هیجا و ئەلف و بێ هونراوەتەوە، بۆیەکەم جارلەلایەن مونهارتمان-ی ئالمانییەوە لە ساڵی ۱۹۰۴ زایینی دالە

---

۱-واتا(عبدالعزیزابن عمربە رقعیدی):بە ردەقیتی. وەفیاتی کوری خەلەکان لەباسی جزیریدا

Dr.Saleh Ebrahimi



برلین لە چاپدراوەو بەر کۆلێکی تەحقیقی بەزمانی ئەلمانی بۆ نوسراوەو لەلایەن‌ژابا رۆژ هەلأت ناسی روسیش وتارگە لێکی تۆیژانەوەو لێکۆلەرانەی لەبارەی شێخ ئەحمەدی جزیری‌یەوە بۆ نوسرواه: جزیری شاعیرو هونەرێکی مەزنی چەرخی دوانزە، بووە، دیوانە شیعرە کوردی یە کە شی چەن جاران لە قاهیرەو شام و عیراقا چاپ کراوە.

لەم دوایی یانەدا مەلایە کی کوردی کوردستانی سوریە دیوانە کەی مەلای جەزیری وەرگێراوەتە سەر عەرەبی و تەواوی ئەو شیعرە تەر و لە بارانەی بۆ دلّداری دانراون بە ناوی سۆفیگە رییەوە کردوە بەپارانەوە و خوادواندن و لەو مەبەستەی بردوتە دەرێ کە مەلای جەزیری لە دلّیدابوە.

کۆرێ لەوانەی وا بەزاراوەی کرمانجی ژورو شیعر وهونراوە یان گوتووە، ئەمانەن: فەقێ تەیران، مەلای باتە، عەلی حەریری، شیخ مەلا ئەحمددی جزیری یە، گەورەترین شاعیری ئەدەبی نەتەوایەتی حەکیم ئەحمەد-ی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦)یەکە دیوانەکەی "مەم وزین"بەرزترین پلەی ئەدەبی کوردی سەردەمی دەربەگایەتیە- حەکیم ئەحمەد-ی خانی‌ناسیونالیسم-ی کورد-ی ٢٢ سالّ بەر لەدایک بونی [ژان‌ژاک رۆسو] و ١٣٠سال بەر لەئینقیلابی نەتەوەیی و لأتی فەرانسە لە چریکەی مەم وزین‌دا مەسەلەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و ناسیونالیسم-ی نەتەوەیی بۆکورد راگەیاندوەو روناکی کردوتەوەو هونەری خانی ئەمر لەمەدایە کە هێمان فەرانسەو ئوروپایەکان ئەمەیان نەزانیبو، حەکیم ئەحمەد-ی خانی لەسەتەی ١٧ی زاینیدا رای گەیاندبو. دیارە دەبێ حەماسەی حەکیم فیردەوسیش لەبیر نەکەین، هەرچەن حەماسەی خانی ریئالیزمەو حەقیقەتی هەیەو درۆیی تێدانیە، بەلأم‌هی فیردەوسی ریئالیزم نیەو لەداستانی روستەم‌وکورەکەی‌دا درۆیی تیدایەو باوك درۆبە کورەکەی دەلّێ جالەم‌بابەتانەوە شاکاری خانی فەزیلەتی بەسەر هی فیردەوسی‌دا هەیە[١]. -خانی کەلەسەتەی ١٧ دیوانی مەم و زین‌و فەرهەنگوکەکەی خۆی نوسیوەو دوای ئەم شاعیرانەهاتۆتە جهان‌کە لە بارەی ئەوانا ئاوا دبێژێ:

بینا ئەڤ روحا مەلێ جزیری — پێ حەی بکرا:عەلی حەریری

---

١-بنوارە کتێبی ژیناوەری کورد... نوسراوی (شەپول) پەرەی ٦٦١ چاپی ١٣٦٤ -تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



کـەیفەکێ وەبـدا فـەقیهی تـەیران          حەتتـا بـئـەبەد بمـایێ حـەیران

بنەماڵە و تیرەی خانی لە ساڵەکانی ۱۹۵۲ زاینی دالە هەرێمی بایە زیدا نیشتە جێبون، کە لە پێش ئەوەدا واتا: لەساڵی ۱۵۱۴ زاینی کوردستان دوای جەنگی چالدران سێ بـەشی کەتبوە ژێر چە پوکی رەشی عوسمانلییە کان ـ

لە سوریا قەدری جان کە لە ساڵی ۱۹۷۲ زاینی کۆچی دوایـی کـردوە، لە ئـێرەوان عەرەب   شەمو و ئەمینێ ئەودالْ کە لە ۱۹۰۶ زاینی هاتۆتە جهان و لە ۲۲ سپتامبری ۱۹٦۴ زاین کۆچی دوایی کردوە، ئەم ئەوداڵە هەم شاعیر بووەو هەم لێکۆڵەر[۱].

---

۱ـ کوردستان ئەدەبیاتی کوردی دوکتور کامران بدرخان بە زمانگەلی جیاجیا چاپی پاریس.مێژوی ئەدەبی کوردی، عەلائە دین سەجادی چاپی بەغا ۱۹۵۲ی زاینی ـ(من روائع الادب الکردی محمد توفیق وردی) چاپی ۱۹۵٦ ی زاینی بە غا بە عەرەبی. زمانیکورگێ و...نوسراویکرمانج ۱۹۵۱ زاینی ـزمانی کوردی زازا جەلادەت عەلی بەدرخان شام ۱۹۲٦ی زاینی ـ گۆڤارگەلی هاوار، کوودستان، روژی کورد، دەنگی گینی تازە، ژیان، راوێژ، نیشتمان، خۆرنیشین، زاگروس...) بەررەسی شیعروئەدەبیاتی کوردی نوسراوی مادام لوسی پل‌مار گریت و دوکتور کێ. ب. بە زمانی فەرانسە تەرجەمەی جیمز چاپی پاریس ۱۹۳۰ی زاینی (شەپۆل).

ـ گەنجینەی گرانبەهای ئەدبیاتی کوردی (محمدقاضی) چاپی تاران ۱۳۲۵ هەتاوی، بەررەسی عیلمی زمـان و ادبیات کوردی نوسراوی جیمز یادداشتها، در نامەی هەفتەگی کوهستان چاپی تاران ۱۳۲۵/٦هەتاوی ـ دەستوری زمانی کوردی توفیق و ەهبی چاپی بەغدا ۱۹۳۰ زاینی، مێژوی کورد و کوردستان ئەمین زەکی وەزیری فەرهەنگی عیراق چاپی بەغدا ۱۹۳۱ زاینی.

ـ بنوارە بەرکولی مەم وزین کە قەناتی کردۆنو سیوبەتی و شەپۆل وەری گیراوەتە سەر زمانی پارسی و کوردی و لە گۆڤارەئاوێنەی ژمارەی ۱۲ چاپی ۱۳۷۲ی تاران.

ـ(ناسیاوی لەتەک ئەمینێ ئاودالانوسینی جاجی جوندی تەرجمەی برای ئەرمەنی و کورد خوشە ویست خاچادریان آرمیاک ).

بنوارە (و تاری زاناو لیکوڵەر: جەمیل زوژ بەیانی لەواحیدی زاراوە کانالە تاران). (مێژوی سلێمانی و دەوروبـەری نوسراوی ئەمین زەکی بەگ کەجەمیل روژبە یانی کردویەتە عارەبی )

یارسان نوسراوی سوری ـ ترانە های کوردی دوکتور موکری ـ المعجم فی معاییر اشعار العجم نوسراوی شمس‌الدین محمدبن قیس رازی، دوقرن سکوت دکتر زرین کوب چاپی تاران. بورهان الحق نورعەلی اللهی چاپی تاران ۱۳۴۳ هەتاوی.

ژمارەکانی گۆڤاری گەلاویژی کوردی سالگەلی ۱۹۴۴ و ۱۹۴۸ زاینی و تاریخ ئەدلان لاپەرەی ۷.

مجمل‌التواریخ افشاریە و زندیە لاپەرەی ۱٦۵، سرسپردگان نوسراوەی سید محمدعلی خواجەالدین ـ تاریخ و شرح عقاید دینی و آداب و رسوم یارسان. دایرةالمعارف پطرس بستانی لاپەرەی ٦۴۴ و بەرگی ۵. سفرنامۀ ابن‌بطوطە لاپەرەکانی ۲۰۹ و ۲۱۰ ترجمە محمدعلی موحد چاپی تاران ۱۳۳۷. بیان الادیان ابوالمعالی نوسراوەی محمدحسین علوی خوش کراوی اقبال آشتیانی چاپی تاران ۱۳۱۲. بنوارە: (کتێبی باوی کۆمەلایەتی و مێژوی و... لاپەرەی ۱۴۵ نوسراوی شەپۆل چاپی تاران).

Dr.Saleh Ebrahimi



# شیعرو هۆنەی کوردی

ئەمڕۆکە دەریچەیەکی تازەو نوێ بۆ شیعرو هۆنەی کوردی کراوەتەوە، شیعری کوردی روی لە ئاسۆیەکی رووناک کردووە، سەیرو سەیرانی نوێ دەستی پێکردووە، لە ئاو و هەوایێ تازەو ئازادا دەپشکوێ و خۆ دەنوێنێ و دەدرەوشێتەوەو درەخششێ دیکەی هەیە

شیعرو هونەر و هۆنە و ویژەی کوردی سەری لە ئاسۆی پێگەیشتن ساویوە، شیعرو هۆنەی کوردی لە روی بڕواو ئیمان، وە هەروەها لە ئاگری گڕ گرتوی دەرونی پڕ دەردەوە دەهۆنرێتەوە، تێدەکۆشێ بە نیازگەلی من و تۆ و ئەو، هەروا بە نیازگەلی کۆڕو کۆمەڵگای گەورەی من و تو، وەلاّم بداتەوە. شیعرو هۆنەی کوردی رەنگ و روی خۆماڵی و مرۆڤی و ئینسانی و ئیسلامی و قورئانی هەیە، لە رنگ و ریختی نامۆو بیانە دورە پەرێزە و خۆی سەر بە خۆ راگرتووەو لەسەر بنچینەی بیرو باوەڕی کوردەواری پنجی داکوتاوەو خۆی تاو دەدا. چونکە جوان تێکەیوە کە ویستی ئێمە، دەردی ئێمە، بیرو باوەڕی ئێمە، وە باری ژیانی کوردەواری شتێ دیکەیە لە هی بیانەو نامۆ جیایە.

شیعری کوردی باری رامیاری، کۆمەلاّیەتی و دینی و قورئانی زۆرە و ئاگری گەرمی ژیاو ژیان وەجۆش و خرۆش دەخاو رێگای ژیان و ژینمان نیشان ئەداو دەسمان دەگرێ و بەرەو ژیانێکی خۆش و بژوێن و ئاسودە رامان دەکێشێ، وە بەوانەی چاک ناتوانن راکەن رەو رەوەی بیری جوان و ورد و ماقولانە دەیان خاتە سەر رێگای راست و دروست و ئینسانی و مرۆڤانی و ئیسلامیو قورئانی.

شاعیرانی ئێمە رویان لە شیعار کردووە، بەلاّم هێمان شیعاریان شاعیرانە لە شیعرەخۆیاندا باش نەگونجاندووە، ئەبێ چاوەڕوان بین تا شاعیرەکانمان بە نیشان دانی شکلی شاعیرانەی شیعار، واتای بەرز و شیاوی ریسالەتی ئەوە ئەدا بکەن شیعر گەلێ دابنێن کە شیاوی هەمو خولو چاخ و رۆژگارێک بێ. شیعری کوردی زیاتر مایەو رەنگی حەماسی هەیەو تێدەکۆشێ وشیار دەربێ و هۆیەک بێ بۆ راپەڕین و وریا بوونەوەی گەلان.

شیعرو هۆنە ئەبێ جوان بە وردی بڕوانێتە دنیای کزو کەسانو بێ بە شان و هەژاران و لێقەوماوان و سرنج بداتە نەتەوە بێ بەش و بەندکراوەکان، وە ئەوانەی وا

Dr.Saleh Ebrahimi



لە دنیای سێوەم دا لە بەند رزگار بوون.

شاعیرانی ئیمە ئەشێ بۆ خزمەت کردن بە خەڵکی تەرخان بکەن، ئەبێ لە شیعر شمشیری ئاودار لە راست تالانچیان و زۆرویژاییی بەکورتی بێژین شیعرو هۆنەی ئیمە رێگایەکی گرتۆتە بەرو بەرەو رەوەک دەرواو راپەڕیوە: ئەتوانێ هیوادەرو ئومێد خولقێنەر بێ.

☐ کوردەواری جێگای هەڵقولانی ویژو ویژەوانی و ئەدەب و هونەرە.لەوەتی خوا ئەم خاکە جوان و پاکەی خولقاندووەوکوردی لێ نیشتەجێ بووە،بۆ تەکانی شیعرو هۆنەو ئەدەبی بەرز و تەرزو بڵیند. شوێنەوارێ کە لە پێشینان بۆ ئیمە بە یادگار ماوەو نەفەوتاوە عەزەمەت و پەرەداری هونەری کەلامی ئەم خاکە رەنگینە بە ئیمە نیشان دەدا، وەک شیعری مەلا پەرێشان، ئەرکەوازی، مەلا رۆستەمی ئیلامی، خانای قوبادی، سەرهەنگ ئەلماس خان، حەکیم مەولەوی کورد، میرزا ئەولقادری پاوەی، وەلی دیوانە، ترکەمیر، مەلا منوچێهر، فەهیم سەنجابی، ئەحمەد داواشی، باباتاهیری عوریان، ئەسفەندیاری غەزەنفەڕی، سەیید سالح ماهی دەشتی، حەیرانعەلیشا، سەیید یەعقوب ماهی دەشتی، تەمکینی کرماشانی، شامی، میرزا شەفیع کیمنەیی، ئەلماس خانی کوردستانی، عەلی حەریری، عەلی بەردەشانی، عەلی تەرەماخی، فەقێ تەیران، مەلای باتە، پەرتەو حەکاری، حەکیم ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیێ، نالی، کوردی، ناری، قانع، وەفایی، ئەحمەد موختار جاف، سالم، تاهیر بەگی جاف، سەلاح سۆران، ئەحمەدی کوڕ، فەقێ قادری هەمەوند، حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها)، عارف، ئیمامی (ئاوات)، خالەمینە، حەقیقی، جەوهەری، سیف القضات، فیدایی، زاری، هێمن و هەژار.

ئەوەی ئەمرۆکە بە ناوی ویژەو ویژەوانی قسەی لێوەدەکرێ بەردەوامی رێبازی قسەزانانی پێشینانمانەو نوختەیەکە بۆ پێوەندی رابوردومان بە داهاتومان، دانانی شوێنەواری ئەدەبی ئەمرۆکەمان ئەبێتە پێوەندێکی راستەقینە بۆ ئاسەواری رابواردومانو رێگا نیشاندەرێکی باش دەبێ بۆ بەرەی داهاتومان.

☐ دەزانین کە ویژاوەری لە دەرونەوە هەوێن و مایە دەگرێ، خوێن گەرمی و راستەقانیەکی تایبەتی هەیە، لە روی هەست و لە سونگەی دەرد لە دڵ و دەروونەوە قڵپە دەکا. لە تێروانینی قسەی دڵ هێنەو شادراوەتەوەو لە هاوار کردنیشی دا دەردو

Dr.Saleh Ebrahimi



رەنج و خەم و خەفەت و مەینەت و شادی و شادمانی مرۆڤ پێل و شەپۆل ئەدا. جا لە بەر ئەمە ئەتوانرێ بۆ وێژەو وێژاوەری،مێژوویێ دیکە بۆ دابنرێ: مێژووی دڵ و دەرونی، عاتفی، مرۆڤانی، خوێن گەرمی، راستەقانی و راست خوازی و حەقیقەت ویستی.

جا هەر لێرەوەیە کە بە خوێندنەوەی شیعرو هۆنەی حەکیم ئەحمەدی خانی ئەتوانین تۆی تۆی و توێژاڵ توێژاڵی ژیانی خەڵکی هاو خول و هاودەورەی ئەو شاعیرە بەرپرسە، پڕ هەستە تێبگەین و بیناسین و بیزانین و جوان لێی حاڵی بین و بە خوێندنەوەی شوێنەواری ئەدەبی و هونەری (فایق بێکەس، ئەحمەد موختار جاف، حاجی قادری کۆیی، حاجی خەلیفە، مەلا محەمەد(بەها)، نالی، مەحوی، خانای قوبادی، فەقێ تەیران، حەکیم مەولەوی کورد، نوسخەی جامیعە: مەولانا خالید، پیرەمێرد، وەفایی و مەلای جزیری و ...) ئەتوانرێ ئەوەی لەو رۆژگارانەدا بەسەر خەڵکی کوردەواریدا هاتووە، راستو دروستترو بێ گرێ و گۆڵەتر لە مێژووە نووسراوە و دانراوەکان،ئەتوانین تێبگەین و شتەکانمان باشتر دەسکەوێ و بە رووناکی و بە باشی لێ حاڵی بین

□ شیعرو هۆنەی کوردەواری هەر خول و دەورەیەک تەشک و دیمەنێ تایبەت بە خۆی هەیە، بە قسەی ساتیر: (هەر خولێ هۆنەو شیعری خۆی هەیە). دیارە وێژاوەری ئەم بیست ساڵەی دوایی‌یانەی لە ۱۹۸۰ بەم لاوە لە کوردەواری دا باشترو جوانتر و بە هێزو پێزتر گوڵ و بەر و میوەی داو سەری هەڵداوەو بە خۆدا هاتووە کە پێویستە لە لایەن لێکۆڵەران و دڵسۆزان و زانایانی کوردەواری‌یەوە پێیاندا بچنەوەو بژارەیان بکەن و لەبەرا بە شەن کاودانەکەی لێک جیا بکەنەوەو ئەوسا بە کەو، قونەکەوی بکەن و بە شێلگیرو بێژینگ دای بێژن و کۆزەرەو چێو و خەوشی جیا بکەنەوەو جوان بە شانەی بیرو هزری،سەرۆک و بنۆکی بگرن و لە جیکەنەی بدەن تا دانەو لۆکە جوان و سپی‌یەکەی لێک هەڵاوێژرێ و بە وێنەی هێلکەی پاک کراو لە بەردەستی خوێندەوارانی نیو کوردەواری دابنرێ.

دیارە بەو پێودانەی کە مرۆڤ لە تەک خۆیدا نامۆ بێ و لە بنێشەی خۆی دورەوە کەوی، هونەریش کە یەکێ لە دیارترین و بەرچاوترین نوێنگەی رۆح و گیانی ئینسانە توشی لارێی و تیا چون ئەبێ، لە دنیایێ داکە مرۆڤ دیل و یەخسیری هەواو هەوەسی نەوسی خۆی بێ یا دیلی هەوای وزەو هێزی ئەنبوژەنی و مادی

Dr.Saleh Ebrahimi



بێ، دیارە هونەریش هەروەک پوڵ و سامان و وزە و تێکنۆلۆژی دەبێتە کەرەستەیێ لە دەست تەماکاری زیادە بەش ویستانی زل هێز و دەچێتە خزمەتی بەشی ئاژالی وجودی مرۆڤانی و لە ئاکامدا هەموو چتێ لە خزمەت ماڵ وێرانیدا قەرار دەگرێ.

## بە ئەستۆ گرتن و بەرپرسی لە شیعرو هۆنەدا

لە کەوناراوە وتویانە قسە کە لە دڵەوە بێ بێشک لەسەر دڵیش دەنیشێ. بەر لە هەموو شتێک با بزانین شیعر چییەو چ جۆرە کەلامێکە؟

تا ئێستا لە لایەن فەیلەسوفان، زانایانی مەنتیق، عەروز دانـەران و ئـەدیبانەوە تاریف گەلێ جیا جیا لە هۆنەو شیعر کریاوە، بۆ وێنە:

□ کوڕی سینا بوعەلی لە بەشی مەنتیق لە پەڕاوەی شیفای خۆیدا فەرمویەتی: «ان الشعر هو کلام مخیّل مؤلف من اقوالٍ موزونة متساویة...»[١]

شیعرو هۆنە قسەوکەلامێکی خەیاڵئابسێنە کە لە پیت و قسەی وەزندارو بەرابەر ساز درابێ، وەک دەزانرێ کوڕی سینا زیاتر دوپاتەی لەسەر خەیالی بونی شیعرە.

□ ئەرەستو لە پەڕاوەی فەنی شیعری خۆیدا وتویەتی: رەسەنی شیعر بە واتاو ماناو مەزمونیەتی، وەزن و ئەوانی دیکە شاخ و بەرگن، بەم پێیە کە شیعر لە روانگای واتا وا دابنێین ئەبێ شیعر بە قسەیێ خەیالاوی بزانین کە بتوانێ شۆر و غەوغا لە دەرون ساز بدا و حالەتێ لە غەم و شادی و شتانێ دیکە لە خوێنەر و بیسەر دابەدیبهێنێ، هەرچەندە دەق و بلاوکیش بێ.

□ ئەشێ بوترێ چون لە زەمانی حەکیم ئەحمەدی خانی، خانای قوبادی، حەکیم مەولەوی کورد، مەلای جزیری، حاجی قادر کۆیی، مەلا پەرێشان، نالی، چامەی هوزموگان رەان، ئاتران کوژان، وەفایی، پیرەمێرد، مـەولانا خـالید شـارەزوری، شیعر بە وێنەی وەزن و قافیەدار بەیان کراون لە ئاکاما قسەیەک لەو دوانە خالی بن بە شیعر دانانرێن، هەر چەند ئێمە بەیتمان هەیە کە هەندێکی وەزن و قافیەی هەیە و هەندێکی بێوەزنەو بە ئەدەبی کلاسیک دادەنرێ. هەرجۆر بێ شیعر ئەگەرچی لە وەزن و قافیەو لە هەندێ نوکتەی جوانی بەدیعی و لەفزی خالی بێ شیعرە،هۆنە

---

١- بڕوانە: ابن سینا، فن الشعر، چاپی ئەورەحمان بەدەوی، لە پاڵ فن الشعر ئەرەستو، قاهیر ١٦٥٣ پەڕەی ١٦١.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەبێ ئەزمونی بەرهەمی عاتیفە و بیروخەیاڵ بێ، وە بە بێ خەیاڵ و وزەی خەیاڵ هیچ یەک لە عاتیفە و بیر ناتوانن سازدەری شیعر بە واتای واقیعی بن. بە واتایێ دیکە هۆنەی شیعری کاتێ خۆدەنوێنێ کە خەیاڵ و بەیانی هونەری لە کار دابێ، چونکە هیچ ئەزمونێک لە ئەزمونەکانی مرۆڤ بێ وزەی خەیاڵ بایەخی هونەری و شیعری پەیدا ناکا. شاعیر بە وزەی خەیاڵ و زەوق و سەلیقە و بە کار بردنی (تشبیهاتِ) جوان و ئیستیعارەگەلی لەتیف و قسەڕەوان و بەدیع و بە کار بردنی پەندو مەسەلی دلنشین و خونجاو و گونجاو و جوانی واتا و بێژەو کەلام بە نیشان دانی شتگەلی دڵ پەسەند و صووەری خەیاڵ و دڵگیر ئارەزوی خۆی لە شیعرو هۆنەدا لە بابەت ئیلقای بیروگوێزاندوەی عاتیفەو حالاتی خۆی بە خوێنەر و بینەر بە دوو شێوە ئەنجام دەدا.

١ـ جوان رازانەوەو باش نیشان دان کە شاعیر بەم کارو شێوە جوان بە جوانتر نیشان دەداو لە سیحرو جادوی کەلام و هێزی جوانی بەیان و شوێن دانانی خەیاڵ، وە خەیالاوی شیعر، کارێ وا دەکا واتاو مەفهومی زیهنی بەبیری مێشکی خۆی و خۆرسک و ژیان لە چاو و دل و گوێچکەی خوێنەر و بیسەری شیعرو هۆنەکەی خۆیدا پڕشکۆترو بە تین و تەوژمتر لەوەی وا هەیە نیشان بدا.

٢ـ دووەمی یە کە کارو شێوەی داپۆشین یا داپۆشینی هونەری یە، کە شاعیر لە کاتی پێداویست دا جۆرە پۆشاکێک لە بێژەی جوان و رازاوە ئەکا بە بەر واتاداو بەم کارە ناحەز و کرێت بە جوان و رازاوە نیشان دەداو ناپەسەند دەکاتە پەسەندو دلگیر.

□ لە بابەت شوێن‌دانانی شیعرو هۆنە لە دڵ و دەرون و بیرو مێشکی خەڵکدا چ لە بابەت ناسینی هونەر، وەچ لەبابەت رەوانناسی و فێرکردن و بارهێنانەوە گرینگی‌یەکی زۆر و بەرچاوی هەیە. جاحیز (٦٠ـ١٢٢٥ی مانگی) ئەدیب و موتەکللیمی ناوداری عەرەب. دەڵێ: لای نەتەوە باستانی‌یەکان، شاعیران و هەستیاران زیاتر لە هەڕچین و توێژی دیکە دەستە جلەوی ئەقڵ و عاتیفەی خەلکیان بە دەستەوە بووە. ژنانی عەرەب لە خولی جاهلی و نەزانی دا ئەو قسەی جاحیز دەسەلمێنێ.

بە قسەی (شمس قیس رازی - صاحب المعجم: زۆر جاران تاکە شیعرێک هۆی دۆستی و ئاشتی بەدی‌هێناوەو زۆر جارانیش بۆتە هۆی فیتنەو فەسادو ئاژاوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



لە هەر هاوارێکدا کە لە دڵ و دەرونی شاعیری بەڕاستی دەردەپەڕێو لە هەر سورەتی خەیاڵێ کە ئەو لە شیعرو هۆنەی بە ئەستوداری خۆی بەدیدەهێنێ، گشت هەویا، بیرو خەیاڵ، دەرد، خۆشی، گەورەیی و داماوی مرۆڤ، بە کورتی هەموو کەینەو بەینەی جیهانی تێدا نهێنە.

دیارە شیعری ئەستۆدار و وێژاوەری بەرپرس ئەتوانن بەنێوی شوێندانێرترین هۆێ بۆ بوژانەوەو پاراستنی بایەخە مەعنەوی یەکان و ئاگادارکردنەوەو بێدارکردنەوەی ستەم لێچوان.

مەبەست لە شیعرو وێژەو وێژەوانی بەرپرس،تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەڕاستی و دروستی و ئازادی مرۆڤ، هەستیارانی بەرپرس و بە ئەستودارو و بە ئەمەک بۆ راستی و دروستی و مرۆڤانی، ئەوانەن کە بە واتای قورئانی کەریم کاری چاک و عەمەلی سالح ئەنجام بدەن، هەمیشە لە بەر خوداو بۆ رازی بوونی ویژدانی خۆیان، خۆیان بۆ خزمەت کردن بە مرۆڤانی تەرخان بکەن و لە بیری چەوساوان و ستەم لێکراوان دابن.

قورئان: **[والشعرا ٔیتبعهم الغاون الم تر انهم فی کل واد یهیمون وانهم یقولون مالا یفعلون الاالذین آمنوا وعملوا الصالحات و ذکروا الله کثیراً...]** (سوورەتی شوعەرا - ئایەتی ۲۲۴ تا ۲۲۷).

[پێغەمبەر شاعیر نیە - شاعیران کەسانێکن کە لارێ یان پەیرەوی یان لێ دەکەن، لارێ بەدوی هەستیار دەکەوێ. ئایا نەت دیوە کە ئەوانە (هەستیاران) لە هەر شیوو دۆڵێکدا سەر لێشواون. وە بەڕاستی ئەوانە شتگەلێ دەڵێن کە خۆیان عەمەلی پێ ناکەن. مەگەر کەسانێ (لە شاعیران) کە بڕوایان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووەو یادی خوایان زۆر کردووە.]

ئەم هەستیارانە کە بڕوایان بە دین و ئەخلاق و ئاکارو خوی چاک و ئینسانی و خودایی هەیە، لە ئاکام دا لە بەدیهێنانی شوێنەواری خۆیان بۆ هۆنینەوەی شیعر ئەکۆشن، هۆنەو شیعرەکانیان لە خزمەت خەڵکدا بێ، بۆ خەڵک بە کەڵک بێ و خەڵک بێدارو وشیار کاتەوە، خوو ئەخلاقی چاک و ئینسانی لە نێو خەڵکدا پەرە پێ بداو خەڵک لە زوڵم کردن، ملهوڕی، بێ ئەخلاقی دور بخاتەوەو سەرنجیان بۆ لای ئاکار، خو، بیرو کردەوەی چاک و خودایی و مرۆڤانی و دادگەری و دادپەروەری و ئاشتی و ئازادی بیروڕاو خۆشی و شادی و بە یەکەوە سازان بانگ بکا، تا خەڵک

Dr.Saleh Ebrahimi



لەباتی دژو دژایەتی کردن رو بکەنە چاکەو چاکەکردن و خوێندن و سەنعەت و تکنیک و پەرەدان بەفەرهەنگی رەسەنی مرۆڤانی و خودایی و تەرەقی کردن و پێشکەوتو سەرکەوت لە کارو باری دنیاو ئاخیرەت دا بە هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن و تێ گەیشتن و زانین و فامینی بەرەی مرۆڤ تا زولم ریشەکیش بکرێ و لە دنیادا زولم و بێ عەدالەتی و تەبیعض نەمینێ . (شەپۆل)

نیشتمان ویستی وئۆگر بون بە زێد، لە سەرەتایی ترینی خوی مرۆڤانی یە، هەروەک ئۆگرداربونی زاروکە، بەدایک،ئەو عەشق و ئەوینە بە گۆچ گرتن بەشیری دایک، لە گەڵ خوێن تێکلاو، دەبێ و لە گەڵ گیان و رۆح دەر دەچێ.

شاعیروتەنی:

[روزی کە بامر حقّ جهان شد ایجاد
و آدم شد خلق و آدمیزاده بزاد]
[مهر وطن و محبت قوم و نژاد
در طینت مردم بودیعت بنهاد]

خزمەتی خاکی وەتەن فەرزێکی عەینە، بۆ هەمو
داخلی بەم حوکمەیە، کێ فەرقی جوان و پیر ئەکا
زولمەتی جەهل لە بەرچی زۆری سەندوە باکت نەبێ
نوری عیلمی عالە مێکە، عالەمێ تەنویر ئەکا
هەرکەسێ فیکری مەزاری باوکو باپیری هەبێ
بۆ بەقای ئیعزازی خاکی خوێی چلۆن؟ تەفسیر ئەکا.

*غار پراو ، بزرگترین غار دنیا ...*

در فاصله کوه «بیستون» و «تاق بستان» در بلندیهای کوه «پراو» که یخچالهای طبیعی آن معروف است، دهانه «غار پراو» قرار دارد.

در درون این غار شگفت انگیز، درەای به عمق ۳۵۰ متر و در قسمتهای عمیق آن چندین آبگیر و یک «آبرو» وجود دارد.

این غار که در سال ۱۳۵۰ شمسی توسط یک گروه غارشناس انگلیسی کشف شد، بنا به تائید انجمن غارشناسان بین المللی، بزرگترین و عمیقترین غار دنیاست.

غار بیستون:

بیستون چه حکایتها که در دل نهفته ندارد ....

غار بیستون، یادگاری از بشر اولیه و دورهٔ دیرینه سنگی. این غار که متعلق به دورهٔ ماقبل تاریخ است در بیستون. بالای سر مجسمه هرکول به طور تصادفی از زیر خاک بیرون آمد.

Dr.Saleh Ebrahimi



# شیعرو هونەرو وێژاوەری

چوماو لە دەریادا، رائەوێستێ - کۆلکە زێڕینەیش لە هەتاوو بارانا گوچ ئەگرێ، کاتێ غونچە پشکوت تەرزە نوقلی نێو دەمی نا، پەپولە ئەسوتا کەچی من و شەم فرمێسکمان هەلدەوەران.

لە شەوا پێم‌نا بە هەتاوا شەمی چاوت پەپولەی دلمی سوتان.

وتم: ئەی گول کۆلکە زێڕینە لە داوێنتا دلۆپە بارانی گول رەنگ گریا.، بەلام شەمی چاوت پەپولەی بینای چاوم ناسوتێنێ.

کاتێ خونچەی لێوت دەم ئەکاتەوە، گولی وشە لە گوێما ئەڕوێنێ. من ئازیزم گولی لەشی تۆم بە وێنەی چپکە گولێ کە لە ناو ئاوی چاوما کەتبوون بە ئاوی ناو گلێنەی چاوم شتم.

وتم گیانەکەم: کاتێ شنەبای بەهار داوێنی کراسەکەتی لادا. بینای چاوم بە گورجی لە ناسک لەشی گولینت دیتنی کرد. ئەویش لە خۆشیان فرمێسکی بە خوڕ هاتە خوار.

وتم: گولم بەندی دلم کاتێ فرمێسک هەلدەوەرێنی گلێنەی چاوم لە نێو چاوتا خۆ دەشوا، بەلام ئەی گول چاوی گول گولینت بە ئەندازەی مژۆلت دڕو دارو خاوەن پەرژینە چاوی گول گولینت لە گلێنەدا دەوری سیمی خار دارە، بەلام ئەی گول من وام لەسەر چل و بە ئەندازەی مام شەبەکەی پێستی لەشی جوانت روناکیم وا لە دلایە و هیوام زۆرە دەرت ئەهێنم لە نێو بەردەمۆرە.گولم نیونیگا ت عیشق و ئەوینی راستی لە دلما رواند.دەلێن: تەمەنی مرۆڤ گردو کوێ هاتۆ چۆی دلە، بەلام تەمەنی من لە دیمەنی تۆدا ئەی گول ئەخولقێ و تا ئەو ساتە تۆ هەی تەمەنی منیش درێژەی هەیەو ئەمێنێ، دەنا لەگەل گولی لەشتا هەلدەوەرێ و هەپرون هەپرون ئەبێ، گولم ئەوڕۆژە وا لە دەم ئاوا وەستا بووی، وێنەی لەشت واتە: کاتێ ئاوێنە گولینەی لەشت کەوتە ناو ئاو ماسی ناو ئاو لە روی مانگەشەوی تۆیاز هەلقوراندو ئاوی مانگی روی تۆیان خواردەوە، منیش هاتم ئەی ئاوی حەیاتم، بەلام مژۆلت نەیانهێشت بڕوانم تا بزانم چاوی جوانت چلۆن! ئەنون و ئەخەون. گوت و پڕ چاوت کردەوە، منیش لەناو سەدەفی ژینا مرواری ژینم دی وتم: ئۆخەی جا با ئەوسا بمرم لە دوای مردن زەرەبانی دلم پەسەن داز ئەکەم، دوبارە چاوت لێک نا من کاتی ئاوا بونی هەتاو سەرەخۆشیم لە رۆژ کرد، بەلام دلۆپەی باران ئەسرین ریژ،نیشتە سەر روپەرەی گولی رەنگاو رەنگت ماچی کرد. کاتێ لە خەوا لە تۆدا غەرق بیو، وە خەبەر هاتم لە کاتێ جۆمال کردنی دلما، لەشی تۆی

Dr.Saleh Ebrahimi



دڵدارم لەوێدا دۆزیەوە، کاتێ مەمکی روحمت ئەبزوان دڵی منیش ئەهاتە بزوە، جەزرو مەدی شیر واتا: هاتوچۆی کەفی دەریای مەمکی جوانت لەناو ئەو مەمکە جوانو بلورینەکانتا بۆ من تەماشایی بوو، من لە رۆژی لە دایکت بونتا لەو جێژنەدا رۆژی رووناک هەلدەکەم. بەلام ئەی گوڵ ئەوەیش بزانە! دوای تۆ ناتوانم بژیم، جا ئەوسا وێنەم لە مەجلیسی پرسەی ئاوێنەی شکاوا بەشداری ئەکا. مەگەر چاوانت چەمەنە سەوزە زارە! مەگەر لێوە سورەکانت گوڵی باخی هەنارە! کەوا ئاوێنەی بەختت بەسەر گوڵاشۆرە سوارە،لام مانگە شەوی کاتی بەهارە، تۆ بەهاری تۆ خونچەی تازە دمی تۆگوڵی یاسەمەنی یاسەمەن حەدی چییە! جوانی یەک تۆ هەتە ئەو لەوەدا زۆر هەژارە دەردەدارە. نەدارە تۆ جوانی بە جوانی و ناسکی گوڵی وەرزی بەهاری!کاتێ ئەوەری یەسەر زەوی گوڵ ئەبارێ. کاتێ تۆ ئەبینم گوڵی دلم ئەپشکوێت، وا دەزانم وا بەهارە لە گشت شوێنێ تۆ ئاوێنەی باخی دلمی ئاوەرە! تۆ وەرە تا کاتی بەهارە،پێ بنێی سەر دلم تۆ بەرزی وەک سپی دارە! سپی داری. شەپۆل.

لەسەر پەرتوکی ژیان وەک داری پر بەرلە ناو هۆزا مامەوە سەر بەرزو سەروەر گەلێ پرتین ترە نوری ئومێدم لە گرشەی رۆژهەلاتی مانگی رەزبەر.

## چریکەی فۆلکلۆری

ئەمەوێ بنووسم باسی گوڵ هێنان
چۆن دروس دەکرێ گوزەی سور و جوان
کچ بە پێکەنین کەرەبەیانی زو بە لەنجەی ئێرین
ئەچێ بۆ کانی دەم بە پێکەنین
ئەڵێ بە کیژەکان بە گشت هاوالان
ئەچین لە بۆ گڵ کێ دێت لەگەڵمان
دوا نیمەرۆ تەواو کچەکان
خۆ ئەرازێننۆ شۆخ وەک خەرامان
یەک کراسی ئەتلەس یەک کراسی زەری
دەیکەنە بەریان بە وێنەی پەری
سیخمەی سورو سەوز واتا لە بەریان
حاجیلە و مێخەک لەسەر مەمکەیان
بالایان بەرزە هەر وەک شۆرەبی
جوان و رێکو پێک وەک کەوی کێوی

Dr.Saleh Ebrahimi

با بێنە سەر باسی لاوە کوڕەکان
گوێیان لێ ئەبێ لە قسەو باسان
دێن ئەڕۆنەوە بۆ ماڵ هەموو
ئەپۆشن لیباس هەر چییان هەبوو
دایکیان ئەپرسێ ڕۆڵەگیان چی یە
بۆچ خۆ دەق ئەدەن پەلەتان چی یە؟
ئێژن دایە گیان بۆ خۆت ئەزانی
تەواو کیژەکان ئەمڕۆ لە کانی
بەڵێنیان وایە بڕۆن بۆ گوڵ هێنان
ئێمەش جەحێڵین ئەچین لە گەڵیان
گشت ئەرازێنۆ بە چەشنێکی جوان
کێهە لیباس چاکە ئەی کەنە بەریان
بەرگی دەق دراو ئەکەنە بەریان
کاکۆڵ دێنەدەر لە مێزەر سەریان
هەموو ساز ئەبن یەک یەک و دوو دوو
لەبەر کچانا ئەڕۆن زو بە زو
دائەنیشن لەوێ مونتەزیر ئەبن
بەلکو کچەکان زو پەیا ببن
لە پڕ ئەبینن کچانی زەریف
چاویان پڕ خومار شیرین و لەتیف
کاتێ تێئەگەن کوڕان هاتون
دڵیان خۆش ئەبێ خەریکن بفڕن
لە پڕ کوڕێکیان بە دەنگێکی خۆش
تێئەچڕکێنێ بە دڵ دێتە جۆش
بە دەنگی خۆشی چەند بەند کەئەڵێت
هەموو کچەکان دڵیان نەرمە بێت
هەر لەو دەمەدا کوڕەکان دێنە جواو
کەمێ هەڵپەڕین ماڵتان نابێ خراو
ئەمجار کوڕەکان دوای قسە کردن
هەڵئەسن تێکڕا دەس ئەگرن
کیژەکان گشتیان دەس ئەگرن بە عام
دێن بۆ هەڵپەرکێ گشتیان بە ئیکرام

Dr.Saleh Ebrahimi


هـــەر یـــەک لەوانـــە ئـــەچنە دەس کـــوڕێ
کـــە دایـــم دڵـــیان لە بـــۆ یـــەک ئـــەفڕێ
کـــوڕ بـــە ســـۆرانـــی کـــچ بـــە ســـیخمەوە
کـــچ چـــاو هـــەڵدێنێ کـــوڕ ئـــەشنێتەوە
هـــەڵپەڕین ئـــەبێت هـــەتا چـــەن ســـەعات
لە پـــاشان ئـــەڵێن ڕۆژگـــار دوایـــی هـــات
گشت دەس بـــەر ئـــەدەن بـــە خـــەم
گـــڵ هـــەڵئەکـــەنن وێکـــڕا بـــە جـــەم
لە پـــاشان تـــەواو بـــوون کـــە گـــڵیان هـەڵکەند
دەس ئـــەگـــرن دیســـان لە بـــۆ هـــەڵپەڕین
زڕەی زڕ زڕە بـــــریقەی پـــــولەکـــە
لە وێـنە (لەوێ) چـاوی دوژمـن کـوێر ئـەکـا
هـــەتا ئـــێوارە وا ئـــەبێ کـــاریان
بـــەم جـــۆرە لائـــەبەن خـــەم لە دڵ خـــۆیان
دوای ئـــەوە کـــە ڕۆژ چـــووە خـــوارەوە
هـــەموو بـــە خـــۆشی دێـــنە مـــاڵەوە
ئـــەگـــەر وانـــەبێت نـــەبێ هـــەڵ پـــەرکێ
مـــەشهورە،گـــۆزە ســـورەوە نـــابێ
(شـــەپۆل) تـــۆ نـــووسیت بـاسی گـڵ هێنان
بـــە شـــادی بـــژیت تـــا ئـــاخر زەمـــان

## شیعری بالۆره

هۆ هۆ ئەڕۆم و دەگەڕێمە
کـــۆتری بـــاڵ ســـپیمە
لە دوی یار شەقیمە
دەڕۆم و دەنـــــاڵم
کۆتری پێ بە خاڵم
لە دوای یاری عەبداڵم
دەڕۆم لەپـــــێی پـــێی یە
زەردو بەرد لە ترسی هـەوێ یە

Dr.Saleh Ebrahimi



شەو هەڵم دەستێنێ
مەشکەم پێ دەژێنێ
بالۆرە بە لێوان
وەختێ تۆم لێ میوان
چ خۆشن لە کێوان
بالۆرێ نازانم
یەک و دو بە کچانم
سەر بەسەر بە کوڕانم
هێشتا هەر هەرزانم
بالۆرەی سەر شاخی
کیژ بووم لە چوار باخی
پاڵەی لە پەرێزێ
گەردن گەلا گوێزێ
خودا بت پارێزێ
پاڵەی لە مەزرایە
مەدرون لە گەرمایە
دەبا فێنک دایە.

## چریکەی هەی شوان هەی شوان

سەبارەت بە ئاهەنگی هەی شوان هەی شوان لەناو شمشاڵی کوردەواریدا. ئەمانەوێ چریکەو چیرۆکی ئەم چریکە دەرخەین، ئەبێژن: شوانی گوندی هەرکاتێ لەگەڵ ئەویندارو دڵ براوەکەی دا واتا لە تەک ئەو کیژۆلە جوانە گوندنشینەدا ئەچووە ژوان، ئەو کیژە لە شوان ئەپاڕایەوە تا چریکەی: هەی شوان هەی شوانی بە شمشاڵ بۆ بگێڕێتەوە، لەم سۆنگەوە پێکەوە بەلێنیان بە یەک دا هەر کاتێ لە کەژو کێو بۆ شوانە کۆسپ و قۆرتێ پێش هات، هەر لەو کەژەوە ئەم چریکەیە بە شمشاڵ بخوێنێ.

ئەو کچە بە بیستنی ئەم پایەمە رەمزە خەڵکی ئاوایی لە مەترسی تێ بگەینێ.

بەم جۆرە رۆژێ لە رۆژان دزان ئاوقەی مەڕو پەزان بوون و رانی ئەو شوانەیان دابەرو بردیان، شوانەشیان بە دیل وەپێش خۆیان دا.

لە ڕێگا لە شوانەیان ویست بۆ شادی ئەم سەرکەوت و زەفەرە شمشاڵیان بۆ لێدا

Dr.Saleh Ebrahimi



شوانەش لە خوای ئەویست کە دزان شتێ وا بخوازن، تەنانەت ئەگەر دزانیش ئاوەها داخوازی یەکیان لە شوانە نەکردبا، شوانە پێشنیاری شمشاڵ لێدانی ئەکرد کە بۆیان بتورێنێ بە شمشاڵەکەدا، جا لەبەر ئەمە بەرو خۆشییەوە دەمی برد بـۆ شمشالەکەو تێ یتوراند

کچەکەی ئەویندای شوانە گوێی لە دەنگ و ئاوازیی شمشاڵی شوانە بوو، بەڵام کاتێ کارو کوێرەوەری بوو پیاوەکان هەموو لە موچەو مەزرا خەریکی درەو بوون. ناچار ئەو کیژۆڵە بە مشورو بە ئاوەزە (توربێن)ی پـڕو تـەژی کـرد لە خـاک و خۆڵەمرەو بە هەڵاتن و راکردن بەرەو کەژو کوێستان تێی قوچان و هەی پەی تا پەی تا بە هەردوو دەس مستە مستە خۆڵەمێش و خۆڵەمرەکەی بە با ئەکرد، بە جۆرێکی وا پشتەسەری وەها تەپ و تۆزی ساز دا بو، کاتێ دزەکان چاویان بەو دیمەن و روانگایە کەوت ترس نیشتە سەر دلیان و وایان بـیر کـردەوە کـە کـۆڕێ زۆر لە شاسوارانی ئەو گوندە بەرەو لای ئەوان دێن. لە ترسانا ران و مەڕەکانیان بـەجێ هیشتوو خۆیان سەلتە قەمچی رایان کرد، ئا بەم جۆرە ئەو کیژۆڵە کوردە زیت و زرەنگ و بـە مشـورو ئـازاو بـە ئـاوازە رانـەکـەی لە دەس دزان رزگـار کـردو ئەستەندی‌یەوە. (شەپۆل).

## چەن مەتەڵی کوردەواری

١ـ ئەوە چی‌یە؟
وێی دەخەن رەشی دولا
سەرِ گەورە کردیە قولە
وەلام: خەرەک

٢ـ ئەوە چی‌یە؟
لە بەفری سپی‌ترە، لە قیلی رەش‌ترە، لە وشترێ بڵیندترە، لە پشیلێ نەوییترە
وەلام: قشقەڕە

٣ـ ئەوە چی‌یە؟
حَوا تیلکەیِ حَوا دەکا، بە دەست‌و پێ سەما دەکا، خزمەتی کوری شا دەکا
وەلام: دوکەڵی سیغار

Dr.Saleh Ebrahimi



# پیر یۆنس

دەچمە سەر پیر یۆنس بە تۆبەکاری
تۆبە لە گشتێک نەک لە دڵداری
پیر یۆنس شەخسێ گەورەو گرانە
نیزیک قەڵاکۆن دێی موکریانە[1]
رەسمی قەدیم و باوی دەورانە
بۆ لای ئەو قەبرە لە نێو کوردانا
ئەمجارە بێینە سەر باسی ئاوایی
چ وەخت دەڕۆن و چۆن دەکەن شایی
رۆژی چوارشەممە ژنان و پیاوان
دەکەونە رێگا هاورێی مناڵیان
وەختایێ لە ماڵ دێنە دەرەوە
هەمو لەجێی کۆ دەبنەوە
دەکەونە رێگا بە گۆرانی وتن
هێندێ دەکەونە خەیاڵی مردن
کچ لە باسی شوو کوڕ لە باسی ژن
لە یەک دەپرسن بە بون و نەبون
بەم جۆرە دەڕۆن دەکەن وتوویژ
تا زەخمی دڵیان گشت دەبێ سارێژ
وەختێ چەند فرسەخ رێگا تەی دەکەن
وچانێ دەگرن زۆر دوعا دەکەن

---

١- پیر یونس pir yunes دێیەکە لە دێهستانی کولتەپەی (فیض الله بیگی) بەشی ناوەندی شاری سەقز لە ٢٠ کیلۆمیتری باکوری رۆژاوای سەقز لە ٥ک باکوری رۆژاوای ئاق تەپە دایە -کوێستانەو سارد و ١٧٠ کەس دانیشتوی هەیە و کورد و سونین، ئاو لە کانی و چۆم دەخۆنەوە، بەرهەم دانەوێڵە، شیرەمەنی، تەماکۆ. کار: کشت و کاڵ، مەڕو ماڵاتداری. رێگا: کوێرە رێگایە - حاجی مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی دەچێتەوە سەر پیر یونس - لای گڵکۆی پیریونس قەبری (فخر البنات) و شاترەکەی لەوێیە. بڕوانە: زانایانی کورد، چ ٣ - پەڕەی ١ تا ١٠، نووسراوی شەپۆل.

Dr.Saleh Ebrahimi



دوای حەسانەوە وکەمێ دانیشتن
هەڵ دەسن دیسان بۆ شایی کردن
بۆ دووەمین جار دەڕۆن بەریدا
سلاوات لێ دەدەن بە سواری و پیادە
لە پڕ دەگەنە نێزیک ئاوایی
لە بۆ سێوەم جار دەی گرن شایی
خەڵکی پیر یونس وەدەر ئەکەون
بە هەلاتن دێن بەسەر دەکەون
خورماو کولێرە خێری ئەوانە
دەی بەخشنەوە بە فەقیرانا
دوای دابەش کردن هەموی ئەمانە
نۆبەی زیارەت پیر یونس گیانە
بێنە سەر باسی بەرد بە کێلۆ نان
چۆن دەی چەسپێنن لە نیازی دڵیان
لە پاش ئەنجام دان تەواو ئەمانە
دەس دەگرن تێکرا دۆست و بێگانە
بۆ ئاخرین جار دەیکەن بە شایی
گەورەو چکۆلەو جوانی ئاوایی
ئەمجار دەیکەنە قسەو باسی خۆش
عاشق و مەعشوق دڵیان دێتە جۆش
جوت دەگرن لەوێ هەردوی ئەمانە
چۆن بە یەک ببڕێن هەر لەم قسانە
دوای قسەو سوحبەت شیعرو تەرانە
دەگەڕێنەوە بۆ خانەو لانە
وەکو هەوەڵجار بە چەپلە ڕێزان
دێنو بۆ ماڵو بە چەشنێکی جوان

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەمە بو رەسم و یاسای کوردان لە ولاتی ئێمە یەعنی موکریان[١] شەپۆلە

هەرکەسێ کە سێکی هەیە خوایە منیش هەر تۆم هەیە
رزگارم کە لە دەست ناموێ بەدگار بمخەرە سەر رێ‌و بەختیار
نەتەوەم کوردی هەژار ئەبێ رزگار بێ لەدەست داگیرکار
داگیرکاری بێ بەزەیی خوێنمان دەخۆن بەئاشکرا، بەدزی
دەمان کوژن بە شەو بەرەشە دزی لێمان ناگەرێن تاوێ بژین لە ئەرزی
بە دەست ئاهەکی داغ بەکەی بە هەویر باشتر لەوەیە بلێی: قوربان! بۆئەمیر.
دەنگی هەنگاوی دۆست کەدێ لە گوێ جیهان دەنگ دە داتەوە لەوێ
وەرن بەچاو بلێین: ئەم خەلکە زرێواری‌یە خۆیان لە لێواری مژۆلەکان نەساون
زانای بە ئاگا بەلێنداری گیانەو جیهانی لەش ولار یام قەدەو بالاّ
-کچە کوردێ: دەستم، گوستم دە کەمە گرێ تالەفلچی روتە ئەتلەسییەکانی بدەم تا لە راست هیرشی
-بی بە زەیی تۆفان را نەوەستێ -من نەرگسم نارازێنمەوە، جوانی ناکەم
تا لە بەرچاوی زستانێ نیشانی بدەم -من مەحبەت نادەم تا عاتیفەی پێ بکرم،
دلم لە بەرپێ را ناخەم، نیو نیگام حەرام ناکەم -گو لبەرگی رومەتم لەژێر تێ روانینی
هەوسبازان دفن ناکەم. شەپۆل •



١- جونە سەر چاک و پیر لە هەر چوار کژی سالّدا ئەگەر کورِ و کچ و خەلّک لە کارو کوێرەوەری بوونەوە، بوّ زیارەت و رابواردن خوّی بوّ دەکوتن - ئەم شیعرانە لە سالّی ١٣٥٣ لە لایەن (شەپوّل)ەوە ساز دراوەو بە وێنەی تێکست لە تارانەوە بوّ بەرنامەکانی رادیوّ کرماشان، سنە، مەهاباد و ورمێ بەرِێ کراوا.

Dr.Saleh Ebrahimi



## دیاری یه بۆکاک ساڵه (شه‌پۆل)

سلاوت لێ بێ برای ئازیز    له‌جێی تایه‌فه و خاڵ و خاڵوانم
سلاوت لێ بێ شه‌پۆلی به خۆر    له جێی گش که سم هه‌ر تۆی پشت وبر
بۆچوا بێ لوتفی کاکه ساڵه گیان    بۆچ لێم ناپرسی چلونه ژیان
به‌دڵ پێم خۆشبو که‌هاتم بۆلات    سه‌روماڵ و رۆح بیێ به فیدات
خۆشحاڵ بوم به‌وه له‌لات مهمانم    چون بێگانه نیم خزم وکه‌ستانم
بابۆت به‌یان که‌م ژینه تاڵه که‌م    گۆی بگری به‌دڵ له جێی خاڵه‌م(۱)
تۆ خوا بپرسه له‌ره‌نگی زه‌ردم    له ئاهوناڵه‌ی دڵی پرده‌ردم
بزانه ئه‌من بۆسه‌رگه‌ردانم    تاکه‌ی وا ده‌بێ رێگای ژیانم
برام بپرسه بۆ رۆژه ره‌شه‌م    له دنیای رۆشن ئه‌مه بووبه‌شم.

## وسیه‌ت‌نامه‌ی شه‌پۆل

هه‌روه‌ختێ مردم وه‌سیه‌ته‌ن ئامان    ته‌رمه که‌م به‌رنه، لای وه‌یسه که‌ی خۆمان
له‌وێ بم نێژن جێگاکه‌ی به‌رزه    با له‌قه‌بربروانم بۆو خاکه ته‌رزه
له خاکی کوردستان نیشتمانی جوان    کاتێ دێن بوزیاره‌ت وه‌سیه که‌ی خۆمان
پا بنێن وه‌بان له‌ش ولارم دا    کیژی نه‌رم و نۆڵ له‌گه‌ڵ لاواندا
به‌ڵکو لێم دیاربێ خاکی کوردستان    که ئازاد بکرێ له‌ده‌س دوژمنان
شه‌پۆل ده‌خوازێ کوروخزمان، به‌گشتی    بۆخوا بی نێژن لای وه‌یس ئه‌و ماهی ده‌شتی
له‌چیای وه‌یسی قه‌ره‌ن    تاله قه‌ورا ببینێ که‌ره‌ن
گرماشان له‌گه‌ڵ ده‌ور و به‌ری    چیاو دۆڵ و ده‌ر له‌گه‌ڵ باخی پربه‌ری
کوردستان ئه‌ی خاکی به‌رینم    ئه‌تۆی دین و عه‌شق له‌گه‌ڵ ئه‌وینم

---

۱. مه‌به‌ست له خاڵه‌کەم خوالیخوشبو مه‌لا ئیبراهیم ـ ی کوری حاج خلیفه مه‌لا محه‌مه‌د (به‌ها) یه، که‌له سێیه‌می ریبه‌ندانی سالی ۱۳۳۷ ی هه‌تاوی له نیوه رۆی هه‌ینی له ته‌مه‌نی ٦٨ ساڵیدا له شاری مه‌هاباد، وه‌فاتی کردوه و له تاقه‌داره‌ی مه‌هاباد نێژاوه و خاڵی ناجیه خانمی کچی خوالێخوشبو مه‌لا قادری سه‌عیدی‌یه. که مه‌لا قادر له پشته‌وه ده‌چیته‌وه سه‌ر شه‌پۆل.
ناجیه‌خانم خێزانی ئوستاد محمدسعید ئیبراهیمی‌یه، پور زایشییه‌و به‌ر له‌م دوشوی دیکه‌ی کردوه‌و ناکام ماوه، به تایبه‌ت که‌سێ کوری له و دوشووه که‌ی، به ئه‌ستۆی ماوه‌و بۆدابین کردنی ژیانی خۆش بۆ ئه‌وان، داماوه و هه‌میشه دل هه‌لقرچاوه بۆیی‌وا دل پره‌که کوره کانی بێکارن و ژن‌ومنالیشیان هه‌یه ـ ئه‌و نۆ شیعره‌ی بۆ شه‌پۆل نوسیوه، تا به‌ڵکو شه‌پۆل له تاران کاریان بۆ په‌یدا بکا ـ ۱۳۷۹/۸/۷.

Dr.Saleh Ebrahimi



خاکی کوردستان جێگای باوانم     ئازادیت فەرزە، دەخوازم بەدڵ پڕبەهەناوم
لە قورئانابە (مُنْزَلاً مُبارکاً[١]) ناوت براوە     چون تەژی‌یە دەرونت لە گەنجینەی بیناوە
تەژیت لە ئازوخە و ئۆرانیۆم     هەم نەوت هەس، هەم گازو هیوم

## نوکتە : گۆرانی و ستران

لوتفعەلیخان زەند پیاوێ ئازابو     هەر کەس زانی کوژرا، بۆیی گریابو
دایكو خوشکی رۆی خۆیان رنی     گیانی لوتفعەلیخان بۆلای بەهەشت فری
دیێ دەنگی بلوێر و شمشاڵە     لێ دە دەن بە ئاهو ناڵە

واتای ئەم گورانیە یەکێ لە گەرۆکان و جیهان گەری ئینگلیسی بە نێوی (ئیسکات وارینگ) کە لەو سەردەمەی‌دا چۆتە شیراز لە کتێبی (چوون بۆ شیراز) بە تەرجەمەی ئینگلیسی و بێ‌دەقی شیعر و گورانیە کە، نوسیویەتەوە، ئەوگۆرانیە سەرنجی (یوهان فن‌گوتە)ی ئەلمانی بولای خۆی رادە کیشێ و لە ئینگلیسیەوە، دەیکاتە ئەلمانی و ئێستا لە بەشێ لە یاد داشتە کانی ئەوداماوەو نەفەوتاوە، خوالیخوشبو مەسعود فەرزادو هەروەها دوکتور توراب بەسیری کردویانەتە فارسی و ئەسڵە کەبشی لە کتێبی گۆرانی یە کانی فارسی‌دا لە چاپ دراوە[١]

لوتفعەلیخان زەند، دەڵێ: رۆژگارێ خۆشەویستی هەموان بووم و منیان بەجێی شانازی شیراز و ئێران نێودەبرد، بەداخەوە ئێستا ژن‌وزاروکانم، هەر وەکو باڵندە و پەلەوەرلە رکەوقەفەزدا بەرەو تەبەس بەدیل براون، من چ‌کارم بە تەبەسە.

هائێستا دامەزرێنەری زنجیرەی وەکیل‌ی گە لە قەور دێنێتە دەر، هەزار مخابن چ دەبینێ! رۆڵەی ئازاو نەبەزی ئەو (کەریم‌خان زەند) لە تەخت و بەختی خۆی بێ بەشکراوە، خەیانەنکارێ لە جیێ‌ئەو (لوتفەلیخان زەند) دانیشتووە.

پەردەی رەشی تەقدیر بە سەر وزەو قودرەتی زەندی‌یەکان‌دا، کشاوەو دەنگ و زەنازەنای سەر نێزەلە نێو کروکپی‌دا ون بووە.

مرۆفی ژیر دەتوانێ لەوگۆرانی وسترانانە، بەڵگەی باوەرپێکراو بۆ تویژینەوەی رامیاری‌و کۆمەلایەتی بەدەس بهێنێ‌ کە بەداخەوە لە میژودا نە نوسراون (شەپۆل).

---

١. رۆژنامەی هاو شاری ٢٥ و ٢٧ گەلاویژی ١٣٧٩ و ١٥ و ١٧ ی ئوگوستی ٢٠٠٠ ز (شەپۆل).

---

١. ئاماژەیە بەئایەتی ٢٩ سورەی مؤمنون - (... رَبِّی أنْزِلنی مُنْزَلاً مُبارکاً) حەزرەتی نوح پیغەمبەر دەڵێ: ئەی پەروەردگارم لەجیێ پرپیت و بەرەکەت دام بەزێنە و لەنگەر بە گەمیە کەم بگرە.

Dr.Saleh Ebrahimi



شەپۆل / ٢٢١

# کۆسە

کۆسە جۆرە نواندنێکی کوچە و کۆڵانی بوو کە لە (ڕۆژگاری) زودا لاوانی ئاوایی کۆ دەبونەوەو دو کەسیان دەکرد بە کۆسە و ژن کۆسە. ئەڵبەت ئەم نواندانە شانۆ نەبوو (باشترە بزانین کە شانۆ لەناو ئێمەدا پێشینەیێکی کۆنی نیە) بەلام لەگەڵ شانۆیش دا نزیکایەتی بوو.

گوریسێکیان دەخستەمل کۆسەو ژن کۆسە و ئەم دووانە، بە جۆرێکی پێکەنینی بەرێگەدا دەڕۆشتن و هەڵدەپەڕین. هەندێ لاوو منداڵیش دوایان دەکەوتن و ئەم شیعرانەیان پیا هەڵدەخوێندن:

کۆسە هاتوە لە چەمۆ — نقەیێکی (باقۆیەکی، یا ڕەقەیێکی) هابەدەمۆ
کۆسە هاتووە لە دوورۆ — بە کراسی زەردو سوورۆ
کۆسە هاتووە بۆ تووتن — کەوتەوە وەک سەگی کولکن
کۆسە هاتووە بۆ برویش — کەوتوە، وەک سەگی دەرویش
کۆسە نیەو بەلایە — خەڵکی دەوری قەلایە
کۆسەیان نا بە میچۆ — دیانی دەچوو لەریچۆ
کۆسەیان نا بە تاقۆ — چاوی دەچوو لە زاقۆ

هەرچەن بەچەشنی جۆرا و جۆر کۆسە دروس کراوە و لەمەڵبەندێکەوە بۆ مەڵبەندێکی‌تر جیاوازی بووە، بەلام زیاتر بەم جۆرە بووە کە کۆسە پاتۆڵی کورتی ئەکردەپێ و دۆخینەکەی زۆر لەسەرەوە دەبەست. لیباسەکانی کە سپی بووبە پیچەوانە لەبەری دەکرد و دوایی ڕەشکەیێکی ئەکردە بەر. قۆڵی هەڵ دەکرد و گۆچانێکی بەدەستەوە دەگرت. ڕیش و سمێڵی سپییان لە خوری بۆ دروست دەکرد و بەئاردە شێل (ئاردەشێڵە): زۆر جوان بە دەمو چاویانەوە دەچەسپاند، دوای ئەوەی تەواوی دەموچاویان بەئارد سپی دەکرد، دووتەقیلەیان بۆدەکرد بە شاخ، (هەمانەیەکی): جانتایێکی ئەدا بە شانیدا، هەرچی کۆدەکردەوە، ئەیخستە ناوی. لاوێ‌کە هێشتا مووی‌لێ نەهاتبو (ئەویش هەرپیاوە) ئەبووبەژن کۆسە. دەموچاویان ڕەش دەکرد. لیباسی ژنانەیان لەبەر دەکرد. دەسماڵ‌و لەچک‌و کلاوێکی ژنانەی دەکردە سەری و چلمەچلم تەشی دەڕست. ـ ئابابزانین چۆن بوو کە کۆسە و کۆسەژن بەدی هاتن؟ ـ وادەگێڕنەوە ساڵێ زستانێ سەخت دێ و بەفرێ زۆر دەبارێ، بە جۆرێ کە هەر ناتاوێتەوە و بەسەر ئەو بەفرە زۆرەی پار، وەرزی بەهاری تازە دەس پێ دەکات کەچی هەمو هەموو لایێک بەفری

پار گرتوویە و گوڵ و گژو و گیاسەوزنابێ. خەلک زۆر پەرێشـان دەبـن و ئـەڵێـن دوو رۆژی‌تر ئاڵف تەواوبێ، ئەوکاتە لەو ئاژەڵ و حەیوانە بە ستەزمانانە چی بکەین؟ برێک لە لاوانی ئاوایی و قەشمەرو قۆشمەی ناودێ کۆدەبنەوە و دەڵێن چۆنـە کـایەیێک‌رێ بخەین کە هەم خەلک شادکات و هەم هیوا و هومێدیان پێ بدات کـەسەر سـەوزی و خۆشی دێ. ئینجا دەچن پیاوێک دەهێنن لیباسی سپی دەکەنە بەری و دەموچاوی بـە ئاردسپی دەکەن و ریشی سپی‌لەخوری بۆساز دەکەن و ناوی دەنێن کۆسە. بەلام بۆچی کۆسە؟ لەوانەیە بەم هۆیەوە بێ کە کەسێ نەبێتە کۆسە کە کەم مووبووەیان بۆئـەوە کـە دەموچاوی سپی دەکرد، وەک کۆسەیێک بێ مووديار بوو.

لەهەر حاڵدا ئەم کۆسە کەبەم چەشنە ساز کراوە لەوانـەیە، وەک (بـابانۆئـیلّ) بێت، لاوانی ناودێ ئەیان گێرا و ئەیان بردە بەردەرکی خەلک و ئەویش بۆ خەلک دوعـای دەکرد: یاخوا زەوی زووسەوز بێ و بەفرە کان بتاوێنەوە و مەرە کانتان بەجێگەی بەرخێ دووبەرخیان بێ و بزنە کانتان لفەودوانەیان بێ‌و... بەم جۆرە دڵخۆشی خەلکی ئەدایەوە و دوعای بەخێری بۆدە کردن، خەلکیش لە خۆشیدا نوقڵ و هێلکەیان پێ ئەدا.

بەم جۆرە ئەمە بوو بەرەسم و باو. هـەرکە چلەی زستان تێ دەپـەرێ، قـەشمەرو قۆشمەی ئاوایی کۆسەیان ساز دەکرد. وردە وردە خەلک لە بیریان چوەوە کە کۆسە بە خاتری چی‌و بۆچی دروس دەکرێ و ئەو رەسمە و نەریتە گۆرانکاری بەسەرداهـات، بۆوێنە بە تەقیلە شاخیان بۆ کۆسە دروس‌کرد و خەلک بە تایبەت مندالانیان پێ ئەترسان. ئیتر کۆسە (بابانۆئێل) نەبوو، هـەرکە ئـەیانوت ئـەوە کۆسـەهات مـندالّ لەتـرسا خۆی دەشاردەوەو جاری وایش هەبوو، ساحێب ماڵ لە گەڵ کۆسە بەشەردەهـات و ئـاخری شتێکی بە کۆسەئەدا تا دەرۆیشت، دیسان کایە کە، برێک گۆرا. هاتن لە گەڵ کۆسە، کۆسە ژنیان دروس کرد، بەچەشنێ کە گیر و گرفتە کۆمەلایەتیە کانیان لەنـاو کـایەی کۆسـە و کۆسەژن رەنگی ئەدایەوە، بۆوێنە کۆسە خێـرا خێرا لەژن کۆسـە تـووره دەبـوو و بـە گۆچانە کەی لێی ئەدا و قسەی پێ ئەوت و ژنە کۆسـە دەگـریا و هـاواری دەکـرد و ناشکوری دەکرد و ئەوانەی لە گەڵیاندا بوون شیعریان پیا هەڵدە خوێندن.

لەو جێگەوە کە کۆمەڵی کوردەواری ئێمە کۆمەڵێ چەوساوە و زۆر لێ کراوبـووە، کایە کان زۆر جار بەلای باس و کێشەی ئابووری و سیاسیەوە دە کێشرێن و کۆسەیش لەم گۆران کاریە بێ بەش نەبووە، هەرلەبەر ئەوە ئەمجارهاتن گوریسیان هێنا و خستیانە ملی کۆسە و کۆسەژن. لەوانەیە مەبەستیان لەو کارە ئەوە بووبێ بڵێن کۆسە، هێمای سـەرما،

Dr.Saleh Ebrahimi



هێمای زوڵم و زۆر و خراپی و خوێن مژیە، ژنەکۆسەکە دەموچاوی رەش دەکرا هێمای ئینسانێ بێبەش و چەوساوە، هێمای بەدبەختی و چارەرەشیە. بەو جۆرە دەیانویست نیشان بدەن کە بە جڵەونێ دەسەڵات دارانی ئەو سەردەمە، خەڵکی داماو ئیستسمار دەکەن، دەیانویست بەو جۆرەهاواری خۆیان دەر بڕن[1].

***

**بەشە جیاجیاکانی قلافە:**

بەشە جیاجیاکانی قلافە (ئیسکلێتی) لەش‌ولار قەدو باڵای ئێمە بۆوێنە ئێسکی سەر، دەم، چاو، مل‌وسوکروگەردن و ... چوار چێوەیێ کە لەش‌و لاری مرۆڤی راگرتووە و بیچمی پی‌داوە، ئیسکلێتی لە شمانە، ئەگەر بەدەنی ئێمە ئێسک بەندی نەبوایێ، هیچ کارێکمان لەدەست نە دەهات، شل، وڵ (وڵوڵە) دەبوین، جا لە شوێنێ دەکەوتین، بەڵام ئێمە ئێسک بەندیمان هەیە، کە لەئەنداکانی نێوەوە پارێزگاری دەکا و دەیان پارێزێ، بۆوێنە جمجمە لە مێشک، قەفەزەی سینگ، کەدڵ و سیپەلاکەکانی گرتۆتە باوەش و دەیان پارێزێ، ئێسکلێتی ئێمە لە ٢٠٦ تیکە ئێسک ساز بوگە، کە بە تێکرا (١۴) لەسەد وەزنی گشت بە دەنە، ئێسکەکان سوکن، بەڵام زۆر قەوی و پتەون، تەنیا سی‌لەسەد لە بافتی ئێسک زیندون، ئەوانی دیکە مردون، هەر ئەو بافتە مردوانە، بونەتە هۆی سفتی و زمختی و سەختی ئێسکەکان، ئەگەر لە تەک بەشەکانی نێوەوەی لەشمان ناسیاو بین، باشتردەیان پارێزێن و کەڵکیان لێوەر دەگرین و چاکتر لە کشگێری خۆرسک‌و بەدیهاتووەکان رێز دەگرین (شەپۆل).

---

١. نەقڵ لە رۆژنامەی سیروان ساڵی دوەم - ٣ - ئابانی ١٣٧٨ کۆکراوەی عەلی شەریفی، کەمێ بە چاک کردن و لێزیادکردن.

Dr.Saleh Ebrahimi



دونێر donery زاناو بیروردی ئوروپایی دەڵێ [گرینگترین هۆکە ئوروپا بە نێوی کیانی موتەجانیس و شوێدانەر، کە بە خوێدا هات و دەرکەوت و سەرکەوت بە مجوّرە بوون: ١ ـ هەبونی زمانی لاتین ٢ ـ ئەدەبیاتی کون ٣ ـ روناک بیران یا ئینتێلجنسیا، کە لە سەدەی سێزدەی زایینی یەوە، لە زانکۆکانی هاوویتە دەسیان کرد، بە دەرس و وانە گوتنەوە. منیش دیتم زمانو شیعری عەلی عەریری و حەکیم ئەحمەدخانی، مەلای جزیری و بێسارانی و حەکیم مەولەوی کورد و حاجی قادرو... زاناو نوسەرو مامۆستای دەرس بیژی زانینگەو زانکۆمان هەیە، قورئانم هێنایە سەر زمانی شیرینی رۆژباوی **کوردی، تا زمانی کوردی ببێتە، زمانی قورئان و لە نێو خەڵکدا قیداسەت پەیدا پکاو کەس** نەوێرێ زمانی کوردی قەدەغە بکاو ئەوانەی هۆگری قورئانن لە رێگای قورئان خوێندنەوە، باشتر هوگری زمانی شیرینی کوردی بن و لەو رێگا یەوە، زیاتر پەرە بە زمانی کوردی بدرێ.

دوای پرس و راله گەڵ دۆستان وەختی چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئاغای پەهلبود، زاوا ی حەمەرەزا شاو وەزیری فەرهەنگی ئەو سەردەم، وەرگرت و قوئانە کوردی یەکەی خۆم و کتێبێ کە دوکتور سەعیدخانی کوردستانی: ئینجیلی وەرگێڕا بووەسەر زوانی کوردی کە لە ساڵی ١٣٠٩ هەتاوی کلێسەیێ لە شەقامی قەواموسەڵتەنە لە تاران بە ناوی مزگانی نەزانی بە کوردی بۆی چاپ کردبو و پێشەکییەکی وردی پرواتای بەفارسی بۆ نوسیبوو بردم و چومەلای پەهلبود، لە پێشدا ئینجیلە کوردی یەکەم دادەسیو پێم وت:

ئەمە کلێسە لە چاپی داوە، دیارە خەڵکی کورد، کە ئەمە بخوێنێتەوە، هۆ گری بۆ دینی حەزرەتی عیسا پەیدا دەکا، منیش قوئانم هێناوەتە سەر زمانی کوردی تا خەڵکی باشتر لە قورئان حاڵی بین و لە سەر دینی خۆیان زیاتر سوربن، پەهلبود، فرە بە پلە چاوێکی بە سەر، پێشەکییەکەیدا، گێڕاوتەماشای کوردی یەکەیشی کردو دانیاو قورئانە کوردی یەکەی لێوەرگرتم و تەماشای کرد.لە پاشان، لەسەر میزی بەردەمی خۆی دایناو منیش وتم بۆیێ هاتوم لوتف بکەی بۆم لە چاپ بدەن، لەوە لامدا وتی: ئێمە ناتوانین قورئان بە کوردی لە چاپ بدەین، چونکا کوردی گویشە (: بن زارە) ئەگەر قورئان بە کوردی لە چاپ بدرێو بلاو ببێتەوە، کوردی پرهێزو قەوی دەبێو ئەوەیش زەرەر و

Dr.Saleh Ebrahimi



زیان بە زمانی فارسی دەگەیێنیٚ و هەرچی شێرو ڕێویم بۆهێنایەوە کەڵکی نەبوو بەدڵ ساردی لەلای هەستام و لێمداروێشتم.

شوکر بۆخوا بە پێی پەروەندەی کلاسە ۴۸۱/۴/۸۲ و ژمارەی دادنامەی ۲۵۶ شوعبەی ۳ دادگای تەجدید نەزەری ئوستانی تاران لە ۱۳۸۵/۶/۷ هەتاوی تەجدید نەزەری کارناسی رەسمی وەزارەتی دادگوستەری (عەلی بیانی فەر)، ریشتەی کێتب و کێتبداری و بە ریعایەتی مەوازینی شەرعی و قانونی و تەشریفاتی دادرەسی بە ئیستینادی ماددەی ۳۵۸ قانونی دادگای بەدەوی ستادی مەنتەقە ۲ سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی مەحکوم و رای قەتعی دراوە و جێی قسە نەماوە. جێی ورد بونەوە یە کە کارناسی (عەلی بیانی فەر) لەراپورتی ۸۱/۱۰/۳ خوێندا، بە پێی نامەی ژمارەی ۳/۲۳۵۱۳ مورەخەی ۷۹/۵/۲۰ کە تاریخی ئیمزاکەی ۷۹/۷/۲۶ یە کە لە لایەن سازمانەوە بە تیژاژی ۱۰۰۰۰ دانە ئیجازەی چاپی ئەو قورئانە کوردی یە بە بلاّوکی ئاداب لە چاپخانەی جیهان لە مەشەهەد، ئەملاولا دراوە، هەروا رای گەیاندوە کە غەیرە موجازبە لە چاپخانەی پیروز و هەندێ کەس لەم لاو لەو لا لە چاپ دراوە و لە جەلەسەی ۸۱/۹/۲۵ لە قوم ئەوەیان راگەیاندوە و کارناس رایگەیاندوە ئەو قورئانە بە زمانی کوردی ۴ جار لە تیراژی ۵۰۰۰ و ۳ جار لە تیراژی ۱۰۰۰۰ جەڵد، کە بە تیکرا لە ۵۰۰۰۰ نوسخە لە چاپ دراوە و سازمان مەجبور بووە بە پێیٚ سەنەدی کەتبی دیان بەو پەنجا هەزار چاپ کراوەدا بنیٚ و هەروەها کارناسی ناو براو ئەوە کە **واتای ئایەتی ٦ سورەی مائیدە لە** بابەت وضو ودەسنوێژەوە لە چاپی ئەوەڵ بە پێی بیروبروای موتەرجیم ئاغای دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) ئوستادی زانکۆی تاران کە ئەهلی تەسەنونە، لە چاپ دراوەو لە چاپی دوەمدا، واتاکەی گۆردراوە و لەگەڵ چاپەکەی ئەوەڵ یەک ناگرێتەوە، بەمافی وێراستاران نەبووە کە خوێان بە ناو بە موحەقیق داناوە، ئەوان، نە شەرعەن نە قانونەن حەقی دەسکاری واتای ئەو ئایەتەیان نەبووە و لە باتی ئەوە، خوێان بە شێوەی بیروڕای خویان قورئانیان تەرجەمە بکردایێ نەک دەس لە سەرمایەی فیکری موتەرجیم بدەن. عەلی بیانی فەر کارناسی رەسمی وەزارەتی دادگوستەری ریشتەی کتێب و کتێبداری ۸۱/۱۰/۳ ژمارەی نامە ۸۱/۵۴ مۆر و ئیمزا.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئـــەو مـــەبەستانەی (شـــەپۆل) لەگـــرشەی کـــوردستاندا نـــوسیوەنی:
← ۱- ڕێبازی گرشەی کوردستان

۲- ئەلف و بێ بژار کراوی کوردی بەکوردی و پارسی وە هەروا نیشان دان بە وێنەو ڕەنگ.

۳- ژن لە ئیسلاما. ۴- گۆران. ۵- کارو کردەوە. ٦- نەورۆز. مانای گـرشەی کوردستان. ۸- چیرۆکی نەچیرو نەچیرەوان. ۹- بانگە واز. لە ژمارەی (۲و۳) گرشەی کوردستاندا ئەم مەبەستانەی نوسیوە: ۱- نو ما یەك لە مزگەوتی جامیعە یـا دارالاحسـانی شاری سنە. ۲- بانگەواز بۆ یەکیەتی. ۳- وَ مِنْ آیاتِهِ خَلْقُ الـسمواتِ و الارض و اخـتلافُ الستکم و الوانکم... ۴- زوان و ئەدەب. ۵- هەڵبەستو قسەی خۆش. ٦- سازو ئـاوازی موسیقای کوردی. ۷- شیعرو هونەرو وێژاوەری. ۸- پەندو مەتەڵی کوردی. ۹- هـــەجیج داب و دەستوری با وی خەڵکی گوندی هەجیج... ۱۰- کتێبی کۆزانی فـەر.هـەنگی زمـانی کوردی بەشی شوێنە واری باو لە کوردەواری‌داو مێژوی یـا ژمـارەی ۳ لە زنـجیرە چـاپە مەنیە کانی گۆڤاری گرشەی کوردستان.

ئەو مەبە ستانەی وا لە ژمارە (۴ و ۵) گۆڤاری گرشەی کوردستان دا چاپ کراون وە کو: تەفسیری ئایەی یا أیّها الناس انّا خلقناکم من ذکرو انثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اکرمکم عندالله اتقیکم. ۲- کورتە یەك لە بارەی مێژوی نە تەوەی کورد. ۳- پـــەندو مەتەڵ یا ئەمسالی کوردی. ۴- زوانی هەڵبەست. ۵- وێژا وەری ٦- پەنجەی تار. ۷- هەورامان. ۸- ناودارانی نەتەوەی کورد: حاجی خەڵیفە مەلامحەمەد. ۹- کابان و ژیان.

و ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارەی ٦ گۆڤاری گرشەی کوردستان دا چاپ بون وە کو: ۱- بەیت المقدس. ۲- بەشی ئایینی. ۳- حەق. ۴- زاڵ و کەژاڵ. ۵- چیرۆکی عەلی بـەردە شانی. ٦- چیرۆکی ئەحمەد خان و ورِ ورِە. ۷- چاوی کەژاڵ - فقه‌اللّغة. ۸- هاو دەنگی و هاو ڕەنگی. وە ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارەی (۵ و ۷)ی گۆڤاری گرشەی کوردستانا چاپ بون وە کو: ۱- یرید اللّه بکم الیسر و لایریدبکم العسر: لێکوڵینە وەی سیاسی. ۲- بـــەشی ئایینی ۳- ناسیاوی لە تەك بیجارا. ۴- پەند یا ئەمسالی کوردی. ۵- ناو دارانی نەتەوەی کورد - دارە مرواری یا خانم و خاتونی ناوداری کوردە کە لە ساڵە کانی ٦۴۸ کۆچی‌دا بە سەر

Dr.Saleh Ebrahimi



میسر و ولاتە موسوڵمان نیشینە کانا حوکمات و میرایەتی کردوە. بە نەقڵ لە: با وی کۆمەڵایەتی و مێژ ویی چاپی نەورۆزی ٥٨-١٣٥٧ هەتاوی نوسراوی شەپۆل نوسەری ئەم گۆڤارە و دێرانە.

٦- صلاح‌الدین ایوبی. ٧- بەشی نامەی خوێنەران. ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارەی (٨ و ٧) گۆڤاری گر شەی کوردستانا چاپ بون وەکو: ١- وتاری ئایینی لە بابەت ئایەتی ٣٦ سورەی بە رائەت ان عدة الشهور عندالله اثنا عشر شهرا ٢- چیرۆکی دو خوشکە هیوا و بێزار. ٣- بەشی نامەی و دیاری خوێنەران. ٤- چیرۆکی مینە کازەرد. ٥- فەهەنگیلە. وە ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارە ٩ی گۆڤاری گر شەی کوردستانا لە ساڵی ١٩٨١ زایینی دا چاپ بون وەکو: ١- سەرەتای ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا. ٢- وتــا رێ لە بــابەت ئـازاد بـونی خوێندن بەکوردی لە سوێنگەی هینانەوەی پەخشنا مەو ڕۆژنامەی اطلاعات ژمارە ١٦٥٨٢ چاپی ١/٩/١٣٦٠ هەتاوی (شە پۆل).

## زوانی هەڵبەست

ئەشێ ئەم ناوە بۆهەندێ کەس هۆی سەرسوڕمان بێت و ئەم پرسیارە لە بیریـانابێ، بۆچی زوانی شیعر بێجگەلەم زوانەوایێی دەئاخوێن شتێترە؟ بۆئەوەی بـەم پرسیـارە وەڵام بدەینەوە، ئەشێ لە سەرەتاوە دوڕێگـای بـەکـار هێنـانی زوان کـەلەیەکـترجیـان، لیکیـان جیاکەینەوەو باش سرنجیان بدەین:

**١- زوانی وتار:**

زوانی وتار شتێکە بۆداپین کردنی پێوەندی لەناوتەک تەکی بەرەی یەک کـۆمەڵا، ئەمەش بەهۆێ بێژەو بێژەگەلەوە مانای جۆربەجۆرگەل کەواله بیریـایە، بیخـاتە نـاومێشکی کەسانێ ترەوە.

زوانی نوسینیش بەوگشتە جیاوازی یەوە، کەلەتەک زوانی وتاریدا هەیەتی بێجگەلە نوسینی ئەم زوانە وتاری یە، بەواتایێ ترگۆڕینی نیشانە گـەلی بـیستن بەنیشـانە گـەلی بـینین «دیتـنی» شتێتر نییە.

**٢- زوانی شیعر و هەڵبەست**

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەشێ بزانین زوان یەك بەشێ تری لە بەکارهێنانا هەیە، وەئەوەش زوانێکە کەلەشیعرا بەکاردێ‌و بەکاریش ئەبرێ. لەهونەری شاعیریدا بێژەگەل هەر ئەو ئەرکەیان هەیەکە دەنگ و ئاواز لە موسیقی وەخەت‌و رەنگ لەنەخشاندنا هەیانە....

زوانی وتار زوانی ئاواز وقسەش، هۆی لابردنی یەك نیبازی کۆمەڵایەتی یە. کەرەسەی کاروکردەوەیە، بۆ یەك سودی ئانی‌و لەبەرچاوگیراو.

خودی کە رەسە لێرەدا پلەیەکی نیە، تەنیا بۆئەوەیە کە مەبەست و ماناکە جوانترو باشتر راگەیینێ.

بەلاّم هەڵبەست وشیعر،هونەرە، مەبەست لابردنی نیبازگەلی سەرەتایی وئەو تاوەی واتێیدا ین نیە، بەڵکولە شیعرانیباز گەلی بەرزترو جوان‌و نەخشیلانەتر لە کارایە. مرۆف بە راگەیاندنی هەستگەلی دەرونی یانی: دەرخستنی ئەوەی والەهەناویشی دایە نیبازی هەس. هەروا مرۆف نیازی هەیەکە ئەم هەستگەلە بۆمرۆڤێ تر بلێ‌و بۆی دوپات کاتەوە وخەڵکیش لەم جۆرەهەستانەداله تەك خۆیدا بەشدار بکات. کەوابو هونەری شاعیری بریەتی یە: لەوەی والەهەمو تایبەتیەکانی بێژە چ لە فزی یان. هەستی‌و دەرونی بێت، بۆبزوتنەوەی خەیاڵ‌و هەناوبێ، یانی: بەدیهێنانی حاڵەتی دڵ و دەرونێ کە لە بیرومێشکی بیسیاراناگڵپە هەستێنێ‌و سودیان پێ بگەیینێ، کەوابێ ئەتوانین بێژین: شیعرو هەڵبەست کەلامێکە خەیاڵ بزوێن.

**خەیاڵ:**

ئەڵێن: مناڵێکی وردیلە، ئەی ویست ساقەتەگەنمە شامی یەك‌لە ریشەوە لەزەوی هەڵکەنێ‌و دەری بینێ، بەلاّم هێزی پێی نەدەشکا و نەی ئەتوانی ریشەکێشی کات، تاسەر ئەنجام بە نقەنقێکی زۆر ئەو ساقەتەی بە ریشەوە هەڵکیشا، بەخۆشی وپێکەنینەوە بە باوکی وت:

بابە! چاو چاو چلۆن بەریشەوەهەڵم کەند، باوکیشی بوئەوەی زیاتر دڵخۆشیکات، وتی: ئا فەریم کورم شوکر تۆبویە پیاو ووزە و هێزت زۆر بووەو پەرەی ئە ستاندوە!

کوڕە وردیلە کەخۆی قەف‌کردوگوتی: بابە! زەوی بە گشتی سەرێکی ئەوساقەتەی گرتبوو منیش سەرەکەی تر، ئەونەی لێ نەویم تا بە سەر، زەویدا زاڵ بوم‌و لەریشەوەدەرم، هینا. ئەم قسە کە بەزاری ئەومناڵەدا هاتووە، هەرئەوخەیاڵ خەیاڵەیە، ئەو مناڵە بەوزەی خەیاڵ،

Dr.Saleh Ebrahimi



بەخەیاڵی خۆی زەوی بەو هەموو هێزوکەش و فشەوە کە هەیە تی، بەدژ و دوژمنی خۆیی دانابو، خەیاڵی کردبو سەرکەوت و زاڵ بونی خۆیی بەسەر گشت زەوینا، دا بووە قەڵەم وبەو هۆیەوە دڵی خۆیی پڕکردبو لەشایی وخۆشی و هەستی بەوە ئەکرد واپێ گەییوەو پیاوی لێ دەرهاتووە.

میساڵێ تر: روداوەیەک کە لەبەرەبەیانا روی داوە ئەتەوێ بۆ دۆسی خۆتی تاریف کەی، بەم جۆرەدەس بەقسە ئەکەی: «کاتێ شەوداهاتو و ڕۆژهەڵات وگزینگی ڕەزدەی تاو دای لە دەم کەل.....» ئەمە زوانی وتارە، چونکا لەواهەوێنی خەیاڵ نییە، بەواتایێ ترکەلامی خەیاڵ ئاوی لە وانییە ئێستە باڵئەم قسەو نوکتەیە، لەزوانی نیزامی گەنجەوی کوڕی ڕەئیسەی کوردەوە، ببیستین: (سپیدە دەم چوودەم بەرزەد سپیدی ـ سیاهی خاند حەرفی نائومیدی ـ هەزاران نەرگس ئەز چە رخێ جهانگەرد ـ فروشودتا بەرئامەد یەک گولیزەرد).

ئەمەهەر ئەو مانایەیە: «کاتێ شەو داهات و ڕۆژئاوابو....» شاعیر لێرە لە وزە و هێزی خەیاڵ یارمەتی وەرگرتووە، کاتێ ئەو لەنەرگس وگوڵیزەر دقسەئەکات مەبەستی نەرگس و گوڵی زەردی دەرو دەشت نییە، کەلەباخچەو کەژو کۆدائەڕوێن و شین ئەبن.

بەڵکومەبەستی ئەو لەنەرگس، ئەستێرەوەلەگوڵی زەردیش مەبەستی تیشکی ڕۆژو خۆرەتاوە، شاعیر ئێمە ئەباتە ناو گۆمی بیرو خەیاڵەوە. سپیەتی و بۆنی خۆشی گوڵی نەرگس وە هەروەها گوڵی زەردی جوانی باخچەمان دەهێنێتەوە بیر، وە دەروازەی دنیای خەیاڵ مان بۆ ئاوا ڵە، دە کاتەوە.

کە وابو، بێژە گەل تەنیا بۆ دیاردی کردن بۆشتگەل و کارو کردەوە بە کار نابرێن، بەڵکو ئەبێ حاڵەت و خەیاڵگەلێک بخەنە ناومێشکی ئینسانەوە.

بەهۆی وزەی خەیاڵە کەئینسان داروەک خۆی ئەبینێ و ئەزانێ یان لەناودارا هەموی سروشت، وە لەناو ئەنگوسی ئاڵاّدا کەلەبان مێزدانراوە، قەراخ تاقەراخی یەک نیشتمان و زێدی خۆی ئە بینێ وهەستی پیێ ئەکات.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەواتایێ تر ئەتوانین بێژین شاعیر بەهەڵخراندنی بیروهێزی خەیاڵی ئێمە، باش ترئەتوانێ هەستو ئەندێشەیەك كە گشت لەش وئەندامی داگرتووە،بیخاتە ناوبیرو مێشكی ئێمەمانەنەوەو لە ئاكامالەتوندو تیژی ئەوەكەم كاتەوە و دڵی ئارابگرێ.

كەوابێ، هۆی ئەوەكە شاعیردەس ئەكا بەهۆنینەوەی هەڵبەست یەك نیازی دەرونی یە، نیازێكە سروشتی لەگەڵ خۆین و رەگو پێست و ئێسقانیدا تێكلاو بووەو خۆبەخۆ بووەتەخوی خۆی،هەركە سێك لەكاتی خەمو خەفەتو شایی و شینا، ئەنوارێ و ئەكەوێتە بزوتنەوەتا هاودەنگ و هاوڕەنگ وهاودڵ و هاوزوانێك بۆخۆی پەیاكاتو لەشایی و شینی خۆیدا بەشداری بكات. شاعیر بەوزەی بێژەگەل هێزو توانای خەیاڵی، ئێمەمان بێدارئەكاتەوەو ئەو دەمەئا سودەئەبێ و پشویەك ئەدا و لەدەس خەفەت ڕائەكاو وەنەوزێك ئەداو ئێمەمانانیش لەخەوەنوچكەی بێ ئاگای ڕائەچلەكێنێ وبێدارمان ئەكاتەوە. وەزن وقافییە، یان شڵ و پاشڵ:

شاعیر بۆئەوە بتوانێ خەیاڵو بیرو ئەندێشەی ئێمەمانان ڕاچلەكینێو تەكانی پێ بدا. لەدنیای ڕەنگاو ڕەنگ و نەخشینا، بەندو باو و ئاهەنگ و ئاواز گەلی خەیالاوی بۆئێمە ئەنوێنێ و سرنجمان بۆلای ئەوانە ڕائەكیشێ، لەوەزن وقافییە یارمەتی وەرئەگرێ و خۆیشی ئەخاتە ناو ئەوبەندەوە. شاعیرئەتوانێ بۆ بەیانی كەفوكوڵ و هەڵچونی دەرونی خۆی، لەناو، وەزنگەلی جۆراجۆری زوانی كوردی، جوانترینی ئەوانە بۆخۆی لەبەر چاو بگرێ.

بەڵام یەكێك لەهونەرگەلی گرینگی شاعیر ئەوەیە، كە بەوهەمووە كۆسپو قورتەی وادێتەسەر ڕێگای، ڕێگای خۆی ببڕێو هۆنراوەكانی خۆیی، وەها بەزمانی، وتارو زوانی پەخشان نێزیك بكاتەوە، تۆبڵێی و وابزانی هیچ جۆرەگرێ وگوڵێ لەكارانەبووە. لەمبابەتەوە، خۆشییەك ڕوئەكاتە بیسیار، هۆیهەستی وزەو شارەزاییو ماشەری جوڵای جاونانە وەو نواندنی كەلاما، نیشانی داوە. دورست وەك سەماكارێ كەهەرلەوكاتەی واخەریكی سەمایە، زوروەستایانەگشت لەش و ئەندامی خۆی ئەبزوینێ و دێ و دەچێ، ئاهەنگ و بارستاریی و بارتەقایی و وەزنی موسیقای، ڕەنگ و ڕوی ئارامو بێ پشو سواربونی خۆی بنوێنێو بزەی لەسەر لێوبێ و بینەرانیش بخاتە ناوئەم خەیاڵ و بیرەوە، كە تەكان وهاتو چۆی ئەو، زۆرهاسان و لەسەر خۆیە.

Dr.Saleh Ebrahimi



تاقە ڕێبواری ئەم ئیشەمامۆستا گۆرانە، کاتێ بنواڕینە هەرکام لەبەرگی دیوانە هونراوە کانی میسالگە لێکی فرە دێتە بەرچاومان!وەک ئەم هەڵبەستی دەرونەی شاعیری نەمرو مەزنی کوردەوارییە، عبداللە گۆران، ئەو هۆنەرە کە لەجوانی پەرەستی داتاکی کەمەو واژە لە دەسیاوەک مێوە، دڵتەرو خۆش خەیاڵە، ناسک بینە، بەهونەر شارەزاو شەرەنگینە...

## هەڵبەستی دەرون

هەرچەن ئەکەم، ئەوخەیاڵەی پێێ مەستم، بۆم ناخرێتەناو چوارچێوەی هەڵبەستم!
لێک دانەوەی دەرون، قسەی زمانم بۆچی وەها دورن لەیەک نازانم؟!
ئەمویست دەرون بکرایەوە، وەک تۆمار دەرکەوتایە، دنیای، جوانتر، لەبەهار،
دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین پرشنگدارتر لەئە ستێرەی قوبەی‌شین!
دەرکەوتایە: مانای مانگی دەریایی، کەنەرمە با، لەروی ئەدا ئەسپایی،
دەرکەوتایەئەو دنیاییە کە شیعری بێ فرمێسکەو زۆرترلەفرمێسک ئەگری
زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دەم و چاو تیژگێک ئەدا روناکترە لە هەتاو!
بەلاّم ئەفسوس! کەئەوشیعرەجوانانە باڵدار یکن، جێ ناهێڵن، هێلانە
لەناوەوە ئەجریوێنن، ئە خوێنن هەرگیز قەڵم بەکاغەزاناهێنن!

## هاودڵی وهاوزمانی

هۆنراوە لەراستییا، کاتێ بەئەو پەڕی دواپلەی خۆی ئەگات کە بتوانێ هەستو بیرو خەیاڵێک، کەلەوا هەیە بەباشترین ڕێگابەخەڵکی تر ڕاگەیێنێ، ئەوەی هۆنراوەلە مێشکی ئینسانا هەڵخرێنێ، چ یەک هەستی جوانی،یان ناشیرین ودزێو، یایەک هەستی دەرونی هەڵچوانە، وە کەفو کولاّنە یا یەک دەردو رەنجی بەر دەوام بێت. بەلاّم مەرجی بنەرەتی وەرگرتنی هۆنراوە شتێ ترە، شاعیر هەرچەن زییادلەناو بەرەی مرۆفدا هاو دەرد پەیاکات هەربەوئەندازەش قەدری وەرگرتنی قسەشی زیاترئەبێ. جالەبەر ئەمەیە کەنابێ تەنیا بودڵی خۆی، وە بۆلابردنی تەنیا دڵ تەنگی خۆی هونراوە بهۆنێتەوە.

کام مرۆئە کە نەیەوێ هاودەنگو هاو ڕەنگی بۆخۆی پەیابکات؟ هاودەنگی کەرێزی ئەوبزانێ و ئەویش بەوجۆرەی واهەیە بناسێ؟ هەر ئەم هەستە یە واشاعیر بۆهاودەنگی و هاو دەردیو هاورەنگی رائەکیشێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەم هاوڕەنگییە خۆی گەورەترین مەرجە بۆهاو دەنگی، چونکا، کاتێ شاعیر زوانێکی نائاشناو نەناسیاو یا، مەرموز، یا، نامۆ و خونە گرێ هەبێ، نەدەردی خۆی وە نەدەردێ کەسانێ ترنە توانێ بەیان بکات.

نیشانەی هۆنراوەی باش ئەوەیە کەلە بیستن و خوێندنەوەی مرۆف هەست بکات و وابزانێ ئەوەی واشاعیر ئەیلێ دەرد، یا، بیرو ئەندیشە یەکە، ناسراو وئاشنا، کەهۆنەر، بەبەیانێکێ هونەر مەندانە را زاندویە تەوەو گیانی کردوە، بەبەریدا.

ئەرێ وایە: تا شاعیرنەچێ بەتان و پۆی ژیان و ژینی بەرەی مرۆفدا وە دەردو رەنجی گەل و هۆزی خۆی نەزانێ ناتوانێ لەناو ئەواناهاودەرد و هاوڕەنگ بۆخۆی بدوزێتەوە، تازە نایش توانێ لەدڵ و هەناوی ئەوانا شوێنێ هەبێ. هۆی سەرکەوت و پیرۆز بونی هەندێ لەهۆنەران کەتەنانەت دوای چەندین سەتە وە لەولای چە ندین کە وشەن و سنورە وە لە گیان و لەشێ مرۆف داشوێنی هەیە، ئالێرەوەیە واتوانیویانە بچنە ناو دڵ وگیان ولەشی خەڵکەوە، کاتێ دەردو ئۆف و ئێشێ رویان تێ بکات، ئۆفێ کە هەمو کەسێ ناو هۆزی پێی بزانن بەیانێکیان هەبێ ئاشناو هونەر مەندانە و روناک و راست و راستەو خۆ و بێ گرێ و گۆڵ و خۆمانە و دۆستانەو خۆماڵیانەو هۆزەوارییانە و کوردانە و مەردانە.

**کاکڵەی و تار:**

بە کوردی وکورتی، زمانی هۆنراوە، زمانێکی تەرو پاراو بژارکراوە و وردو هاڕراوەو سرنج راکێشەو لەو دا، هیچ جۆرە تەوەزەلی و چاونوقاندن و لارێی و کوێرە رێی تیدانییە، چونکا هەم مەبەست و هەدەف و ئامانج، لە هۆنراوەدا وردترو بەرز ترلەزمانی وتارو پەخشانە، تازە چاوەنواڕی خوێنە ران و بیسیاران لە هۆنراوەزیاترو پترە، هەرلە بەرئەم وردی و جوانکیلانە،یەتی یە،واله سەر دڵ ئەنیشێ و لەبیرەوە ریدا، ئەمێنێتەوە، وە هەرلە بەرئەمەشە واشوێنیش ئە کاتە سەرزمانی وتارو پەخشان.

ئەشێ سرنجێ ئەمەبدەین کە بێژە وەک کراسەو ماناش وەک ئەندامی هۆنراوەیە. ئەم مانایەبە لەش و گیانیش نوێندراوە، بەرگی جوان لە ئەندامی ساغ و موتەناسب باش ئە کاڵێتەوە، کاتێ بێژەی لینج ولیق و نامۆو رەمە کیانە، بۆ بەیانی، ماناگە لی زۆربڵیندو پایەبەرز لە بەر چاو

Dr.Saleh Ebrahimi



بگرین، یا، ماناگه‌لی هیچ و پوچ له گوڵ به‌رگی بێژه گه‌لی پته‌و و جوان بنوێنین، کاری ناره‌وامان کردوه، چونکا به‌م ئیشه‌ی خۆمان یا له‌شمان له پۆشینی به‌رگی کورت و ته سک‌وته‌نگ ره‌نجاندوه، یا، پارچه‌ی به‌نرخ وره‌نگینمان، به‌فیرۆ داوه‌و کردومانه به‌به‌ر به‌ژن وبالآیه کی لارو وێرا، وه‌ئه‌م هه‌ردوکاره کرده‌وه‌یه کی بێ ئاوه‌زانه‌یه‌، کۆڕێ له ره‌خنه گیران و ناقیدانی قسه‌له‌به‌رزتری بێژه به سه‌رمانادا، چه‌نه‌درێژیان کردوه،کۆڕێ تریش له به‌نرخ تر بونی بێژه به‌سه‌رمانادا چه‌نه وێرغه‌یان کردوه، به‌لاّم ئه‌وه‌ی واراسته و خۆدێته به‌رچاو، ئه‌وه‌یه که‌بێژه و مانا هه‌ردوك لفی یه کترن‌و بارستایی و بارته‌قایی له‌نێوان بێژه‌و مانادا هه‌یه.

ئه‌وانه، که‌ته‌نیا له‌به‌ر بێژه گه‌لی جوانتر به‌به‌رزتری هۆنراوه یه ك، به‌سه‌ر هونراوی ترحوکم ئه که‌ن، وه ك که‌سانێ ئه‌چن، که کاتێ دییان وا مرۆڤێك به‌رگی باشتر وجوانی تری له‌به‌ردایه له‌خه‌ڵکی تری به‌باشتر بزانێ، ئه‌وه‌ی وازاندراوه و سه‌لمێندراوه ئه‌وه‌یه، که هۆی پێك هێنانی بارته‌قایی له‌نێوان بێژه‌و ماناداهه‌بونی چه‌شه‌و چێشکه‌یه، ئه‌ویش چێشکه‌ی پیۆك‌کراو، که‌وزه‌ی ده‌رکی ئه‌م بارته‌قایه‌ی هه‌بێ.

**وێژاوه‌ری**

ئێمه ئه‌مانه‌وێ شتگه‌لێك بهێنینه کایه‌وه که خوێنده‌وارانی روناك بیرپیان خۆش بێت، به‌وردی، له به‌رێکه‌وه، له‌مانای وێژاوه‌ری: «ئه‌ده‌بییات» به‌تیکراو شیعر، به‌تایبه‌ت ورد، ده‌بینه‌وه‌و به وردی، مه‌یدانی، مه‌به‌ستگه لی جۆربه‌جۆر که ئه‌ده‌ب‌و شیعر، باڵی به‌سه‌را کێشاوه، ده‌خه‌ینه، به‌رچاو، ئامانجی هۆنراو وئه‌ده‌ب به‌رپرسیاڵو وه‌مه‌سئولییه‌ته و ئه‌رکی سه‌رشانی شاعیرو ئه‌دیب وئه‌م جۆره‌شتانیه‌، چ بته‌وێ و نه‌ته‌وێ شوێن وئه‌سه‌ری، دیارو نا دیاری، هه‌موکه‌لێن و قوژبنی ژیانی کۆمه‌ڵ و نه‌ته‌وه‌ی هه‌رمه‌ڵبه‌ندوجێ‌و شوێنێکی تیادیاره، ده‌هێنێته ژیرڕکێفی قه‌ڵه‌م، جا:

قه‌ڵم قوربانی نوکت‌بم ده‌بێره‌شوڕش و گوفتاروه کوحاته‌م، دبشکێنه خه‌زێنه‌ی جه‌وهه‌ری ئه‌سرار.

به‌ڵێ ئێمه‌تێ ده کۆشین کالآی ئاڵ و والآی وابهێنینه ئه‌م بازاره‌وه تاکڕیارانی به‌زه‌وق‌و دش په‌سه ند که‌ئێوه‌ی زیرك و نوکته‌سه‌نج بن، ئاوڕێکی لێبده‌نه‌وه و لایه کی لێ بکه‌نه‌وه... با

Dr.Saleh Ebrahimi



برۆین نەکادوای ئەم هەموهەو هەو وهەی هەیە، سەوقاتەکەمان، ئالەکۆک بێ و بەس! هیوادارین بتوانین روبەندوتارای سور لەسەر رومەتی بیرو ئەندێشە، لادەین وەزولفی وتارلەسەر شانۆی تاریک بەنوکی قەڵەم لادەین و موی ئاڵوزا و،شانەکەین و سەرۆک و بنۆکی جیاکەینەوەو بەکاری ساکاری خۆمان بی رازێنینەوە،تائێوەی جوانی دۆس و جوان پەسەند، پەسەندی بکەن...

جا، بانەختە نەختە دەس بەکەین بەکۆڵینەوەو لێک دانەوەی مانای وتەی ئەم چەن قسەوباسەیە:

«وێژە - ئەدەب؟» چییە؟ «هۆنراو - شیعر» - بەچ قسەیەک دەڵێن؟ «هۆنەر - شاعیر» کامە؟ هەروەها لەمەش دەدوێن کەئایاهەرکەسێ هەربەمە، کەدەسی دایە پێنوس و قەڵەم و پێی نایە مەیدانی وتار ئەرکێکی لەسەرشان دەکەوێ؟ جائەگەروایەئە لەبەتە قەڵەم بەدەس لەبەرانبەرکێو چیای بەرزی شاخاوی و زەرداتە عەهودو لێ پرسراوی هەیە،راوەستاوە، سەبارەت بەگەل و نەتەوەو دین وبڕوای خۆی، وەبەڵکو، سەبارەت بەئینسان و ئینسانیەت دییارە،کەدەردی دۆینێ شی بۆوە، بەرەی مرۆڤ چاوە ڕێ دەرمانی بون، ئابابزانین دەرمان، بەدەس کێیە؟ ئایاجگەلە خاوەن بیران و قەڵەم بەدەستانە! ئەوەی کە ئێمەلەشۆینی دەگەڕێن؟!

واتەئەی ئینسان:

تا، نەبویتە،کۆتی پێ،کۆلکی پنە. تا، تەنورت،گەرمە نانێکی بکە

بەڵێ: کاری ژیان گەرانەبەشوین ئەوەی کەئینسان دەیەوێ و لێ نادیارە؛جارێ دەزانێ چییەو جارێ نازانێ، بەلام وادیارە کەدەبێ لەپێشدا، چرایێ هەڵ کەین و بەشۆین ئینسانادەشت و دەرو شارو دیار بدینەپێی وە، جامەگەر «ئینسان» هەرئەویە، کەلەسەردوپێی رادەوێستێ، یا، دەرواو قسەش دەکات؟ نا، نا، «ئینسان» ئەوکەسەیە، کە بەزمانی خەڵک و بۆخەڵک و لەبەر خەڵک ئەدوێ. دەنابۆوا «دیۆژن» فەیلەسوفی گەورە، بەئاڵوزاوی و سەر لێ شێواوی، بەرۆژی ڕوناک، چرای هەڵکردبو ئەم سوچ و قوژبن دەگەڕا ئەو لە تاو سوچ و گوناحی زۆرداران وستەمکاران گییانی بەلێوی گیشتبو «رۆحگە ییشتبوە سەرنوکی لوتی» تورەو قەڵس و جاڕزببو و لەنێو «تەن» هادا خۆی تەنهادەزانی پییان گوت: «ئوستاد! ئەوەچت لێ

Dr.Saleh Ebrahimi



ون بووە؟» وەڵامی دانەوە: «ئینسانم لێ ون بووە» گیانم خەستەی دەستی دەستەی دیوو درنج بووە و ئارەزوی ئینسان دەکەم...

دی شیخ با چراغ همی گشت گرد شهر
کز دیو و دد ملولم و انسانم آرزوست
گفتند: یافت می نشود جستەایم ما
گفت: آنکه یافت می نشود آنم آرزوست

هەردەڵێ حەکیم مەلەوی کورد بە چرای سۆزی گەرم وئاهی ساردی، شەو چەرەی دیوەخانی دڵی سازدەکاو بەشوێن «شەمام تەوێڵەیی» دائەگرێ، بەڵام ئەم لەکوێ و ئە و لەکوێ!

خوێندەوارانی بەرێز «ئەدەب» وەهاکە دەزانن واژەو وشەیێکی کۆنەلەزمانی عەرەبدا کەئێستا بەتێکراله هەمو ناوچەی ئێمەکە زمانی عەرەب شوێنی تیاکردوە، هەربەو مانایە، بەکاردەبرێ، لەزمانی تورکی، پارسیو لەزمانی کوردیشدا، ئەدەب بە مانای: «دەفرو، نامانو، خووان»ە چونکائینسان خواردەمەنیو پێی خۆر، دەکاتە نێو زەرفو دەفروئامانەوە، هەروەك فیکروبیروئەندێشەو زانستی خۆی لەسەر سفرەو دەقی وتار، دادەنێ تابە واتەی: بەیان بەیان بکات و نیشان بدات، ئەوەیە کەلەزمانی عەرەبی دا بە سفرەش دەڵێن: «مأدبە» ئەوەی کەبە تایبەت لەئێرانادەڵێن: «ادبیّات» لە خودی زمانی عەرەبدانییە، بەڵکو ئەم بێژەو کەلیمەیە، ئەدیبانی تورکی عوسمانلی دایان ناوە،جاعەیبی چییە؟ خۆزمان وئەدەب موڵکی کسێک نییە، بەڵکو وەکو، چەن شتیتر، هی هەموانە، بزانین دەتوانین بێژین: ئەدەب و ئەدەبییات،وێژەو وێژاوەری بۆپێوەندی نێوان ئینسان و فیکرو ئەندێشەی بەرەی مرۆڤەوەئەم هەودا هەوریشمینە،یەك یەکی، ئەفرادی کۆمەل بەیەکەوە دەبەستێ، کەوایە، ویژەو ئەدەب، هۆیە، نەچۆن یەت، بەڵکوچۆن یەت، وا لە مانای «هونەر» دایە، جا دۆستانی ئەدەب دۆستو تیگەیشتو، ئەمانەی وانەمرۆ وسبەینێ گوتراون و دەگوترێن، بەیانی سادەی زمانی عیلمی ئەمرۆی دنیایە، کەبەچەشنێکی تازەو روناكلە باسی بەرچاوی ئێمە دەکوڵیتەوەو تەحلیلی وردی وای دەکات کەئێمە بزانین مانای ئەوشتانەی کە لەعەینی موشکڵ بونا هەموروژێ لە پێش چاومانەو لەگەڵی کارمانە، چییە! تابەم جۆرەچینی خوێندەوارو

Dr.Saleh Ebrahimi



خۆیندكارو قه‌ڵه‌م به‌ده‌س خۆیان بناسن و ئه‌ركی سه‌رشانیان، دیاره‌ گرینگترین قۆناغی ژین و بونی ئینسان، «خۆناسینه» وئێمه به‌ تایبه‌ت له‌به‌رخۆ نه‌ناسین زۆرشتمان نه‌ناسیوه‌! ته‌باره‌كه لأهو جه‌له‌ل خالیق، حه‌زره‌تی محه‌مه‌دپێغه‌مبه‌ری مه‌زنی ئیسلام چه‌ن شرین و كورت فه‌مویه‌تی:

هه‌ركه‌س خۆی باش بناسێ خودای خۆشی باش ده‌ناسێ واته‌ ئه‌ گه‌ر مرۆڤ خۆی باش بناسێ ئیتر بۆ كه‌س سه‌رنا چه‌ مێنێته‌وه‌، خۆی بۆخوی و خزمه‌ت كردن، بۆبه‌ره‌ی موسڵمانان ته‌رخان ئه‌ كات و به‌س و ته‌نیاله‌ راست خودا و به‌دی هێنه‌ری جه‌هاناته‌سلیم ئه‌بێ.

ئه‌وه‌ش كه‌ئه‌ فلاتون وتویه‌تی: برِو، خۆت بناسه‌ هه‌ر ئه‌مه‌، دوپات، ئه‌ كاته‌وه‌ واتا: خۆت بۆخوت به‌تاله‌ كزی و كه‌ساسی و ژێرچه‌ پوكه‌ی نه‌فسی ئاماره‌رزگارت بێ....

نوكته‌: واتای ئه‌ده‌ب

ئه‌ده‌ب: به‌واتای فه‌رهه‌نگ، زانین، هونه‌ر، جوان له‌ گه‌ڵ خه‌ڵكدا هه‌ستان و دانیشتن، شه‌رم وحه‌یا، حورمه‌ت، پاراستن، بێداركردنه‌وه‌، ئه‌ده‌ب دان. زانین و عیلمێكه‌، زانایانی پێشو به‌ داگری ئه‌م زانینانه‌یان زانیوه‌: لۆغه‌ت، صه‌رف، نه‌حو، مه‌عانی، به‌یان، به‌دیع، عه‌روز، قافیه‌، قانونی خه‌ت، قانونی خۆیندنه‌وه‌، هه‌ندێ ئیشتیقاق، (قرض الشعر) ئینشا، تاریخ: مێژو، كه‌ ئه‌مرِو به‌و زانینانه‌ ده‌ڵێن:

ئه‌ده‌ب «ئه‌ ده‌بیات، ئاداب :»وێژاوه‌ری. كۆی ئه‌ده‌ب ئادابه‌، نه‌ ك ئه‌ده‌بیات. كه‌ئه‌ده‌ب ئه‌مانه‌ش ده‌ گرێته‌وه‌: ئه‌ده‌بی كه‌سبی، ده‌رسی، كه‌به‌ده‌رس خۆیندن و له‌به‌ر كردن و بیر كردنه‌وه‌ به‌ ده‌س بێت، ئه‌ده‌بی نه‌فس، ئه‌ده‌بی ته‌بعی، ئه‌خلاق: خو وئاكاری چاك، په‌سنی چاك، ته‌ركی ته‌ماع و... دوكتور محه‌مه‌د سالح ئیبراهیمی (شه‌پۆل) موته‌رجیمی قورئان به‌ زمانی كوردی

یاخوا به‌خێربێ میوانی ئازیز به‌ رۆژی به‌هار به‌شه‌وی پاییز

ئه‌م فۆلكولۆره‌ كوردی‌یه‌ جوان میوانداری و میوانگری نه‌ته‌وه‌ی كورد،ده‌ گه‌ینێ.

شه‌پۆل: دوكتور محه‌مه‌د صالح ئیبراهیمی ئه‌ندامی هه‌یئه‌تی عیلمی زانینگه‌ (دانشگاه مذاهب اسلامی) له‌ تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



## چیروکی نەچیرو نەچیرەدان

ئەم چیرۆکە یەکێکە لە چیرۆکە جسن و ڕەسنەکان کەتوانج و تەشەریشی تێدایە. هەروەها کەخۆتان دەزانن نەچیرەوانی لە کوردەواریدا زۆرباوە و کوردان زۆر زۆرحەزلە ڕاو و شکارو نەچیرگرتن دە کەن. لە ڕۆژگارانی هەرە کۆنەوە راو و شکارو نەچیرگرتن ونە چیرەوانی لە نێوبنە ماڵە کانی شوێنە کوردنیشینە کاندا باوبوە و ئێستایش ئەو داب و دەستورە هە رماوە، جاسەبارەت بەمە ئێمە دەمانەوێ لەم بەشە دا بەسەرهاتی نەچیرەوانیتان بۆبگێرینەوە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان نەچیرەوانێک بۆ راو وشکاری مەل و باڵندە چوە کەژو کێو.دولاّو دۆڵ گەڕاتا گەیشتە چیمەن و سەوزەزارێک مەل و باڵندەییکی زۆری لێبو وەخەریکی هەڵفڕو دافڕین بون، نەچیرەوان زۆر بەزیرەکی تۆری باڵندە گری ئامادە کردو سەرێکی بەبنەدارێکەوە گرێداو کە مێکیش گەنم و هەرزن و گاڵ و گارتی و شیتوای بەوشوێنەدا پڕژاند و سەری ئە و بەنەیش وادەبو لە کاتی خۆیدا ڕای کیشێ وەتۆرە کەی پێوێک بێنێ و خریکاتەوە گرتی بەدەست خۆیەوە، ئینجا چەن هەنگاوێک لەتورواوە کە دور کەوتەوە ولەبن گژو گیاو گوڵ و پڕژو پلاژاخۆی شاردەوە وکە مێکیش بەرگی گوڵ و گیاو سەوزەی خرکردوەو بەسەر خۆیدادا خۆیی داپۆشی و خۆیی لە پێش چاوان بزرکردوتە کانی لە خۆیی بڕی و بەچاوەنواری ڕاو وشکاری مەل و باڵندە هەستی لە خۆیی چنی.

لەولاوە باڵندەیکی تیژباڵ وتیژپەڕ کەلەدورەوە دیمەنی جوان وڕەنگینی ئەو چیمەن و سەوزەزاروکانی و ئاو و ئەوسەوزەلاّنە پڕدارو درختەی ڕەجاوکردبو بەچە ترپێکان و باڵ لێکدان خۆیی لول کرد ولە نزیک نە چیرەوان نیشتەوە بەچینەو دنوک لەزەوی دان و سەوزە قڕتاندن لەدانە دە گەرا. تانزیک دانەبوەوە،نەچیرەوان تنیشی وپشمی (یان پشکی) باڵندە کە زۆر هەستیارو و شیاربو، تێگەیی کەوا مرۆ وئادمیزادێک لەم شوێنەدایە، وتی: ئە وەدەنگی پشمەی ئینسان بو هاتە گوێم،مل و گەردنی بەرز کردەوەو جوان سرنجی ئەم لاولای خۆیدا تەماشای کردوا کابرایەک بە گژو گیا خۆیدا پۆشیوەو خۆیی کز کردوە، ئەوەبو کەمێک دۆر کەوتەوەو ڕویی کردەنەچیرەوانە کەو پرسیاری لێکردوتی: هۆی!کابرای سەوزەپۆش تۆ کێی؟ و لەم نێوەولەم سەوزەلاّنەدا چدە کێت؟

Dr.Saleh Ebrahimi



نه‌چیره‌وان له‌وه‌لاّما وتی: تۆچت له‌من داوه‌ چ كارت پێمه‌ تۆخودا وازم لێی بێنه‌ ده‌ستم لێمه‌ ده‌، من مرۆیه‌كم كوڵۆڵ و هه‌ژارو عابیدو زاهیدو له‌خواترس، خۆم له‌دنیا داڕنیوه‌ و دنیایش منی له‌خۆیی داڕنیوه‌، خۆم له‌ خه‌ڵكی بزر كردوه‌،ده‌مه‌وێ لێره‌دا پشویه‌ك بده‌م و خه‌ریكی خودادۆزی وعیباده‌ت بم. مه‌ل: قسه‌یه‌كی تازه‌و سرنج ڕاكێش ده‌بیستم له‌ كه‌ ژوكێو!! ئه‌ویش به‌م جۆره‌! له‌ ژێرگژو سه‌وزه‌گیادا خۆشاردنه‌وه‌،چلۆن ده‌توانی نێوی بنێی عباده‌ت و خواپه‌رستی؟ من‌لام وایه‌ ته‌ركی دنیا و ریازه‌ت كێشان كارێكی زۆر باش‌نییه‌، تازه‌ عباده‌ت كردن ئه‌مه‌ی‌پیێ ناوێ خۆپكه‌ی به‌ژێرگژو گیاوه‌و بێته‌ی كه‌ژوكێو و چۆڵ و بیابان و خۆت له‌ خه‌ڵكی ته‌ره‌ كه‌مه‌و ته‌ریك‌پكه‌ی تۆده‌ توانی له‌گوندو ئاوایی و له‌نێو شاری خۆتاناو له‌و شوینه‌ی‌وا له‌ پێشا لێ ده‌ژیای بمێنیته‌وه‌ و خه‌ریكی عباده‌تی خودابیت‌و ئیش‌وكاری خۆشت پكه‌ی و ژینی خۆت به‌ پاكی و دروستی و تێری و ته‌سه‌لی،كه‌هه‌م به‌ كاری خۆت بێی‌و هه‌م به‌ كاری خه‌ڵك‌ ببێت بده‌یه‌سه‌ رورایی بۆیری.

ته‌مه‌ڵ و ته‌وه‌زه‌ل هاتۆی لێره‌ كانێدا دانشستوی و نێوی ده‌نێی: عباده‌ت كوڕه‌! نامه‌ردت نه‌كه‌ن هه‌سته‌برۆ سه‌ركاروئیشی خۆت نه‌چیره‌وان وتی: وادیاره‌تۆ باڵنده‌ ومه‌لێكی ساده‌ و خۆش باوه‌ڕی،خه‌ڵكی ئه‌م ڕۆژگارت باش نه‌ناسیوه‌ خه‌ڵك خراپ بوه‌و ژیانیان له‌ خه‌ڵك خراپ و له‌ خه‌ڵك تاڵ كردوه‌،نایه‌ڵن ئاسوده‌ دانیشین خه‌ڵكی زۆرزان و فێڵه‌ زانن، له‌ یه‌كتری فێلاّن ده‌كه‌ن هه‌مو وان له‌بیر خركرده‌نه‌وه‌ی ماڵ‌و دراوان، من دڵ ناسكم و كه‌ مێكیش جنگزبوم،توانایی دیتنی ئه‌م جۆره‌ شتانه‌م نه‌ماوه‌، منیش له‌ تافی جوانی خۆمداچه‌و سانه‌وه‌و ته‌ق‌و چه‌فی ڕۆژگارم زۆردیوه‌ وئیش‌وكاریشم زۆر كردوه‌و كه‌ڵكیشم بۆ خه‌ڵكی بوه‌، ئێستا پیربوم،په‌كم كه‌وتوه‌،هێزی ئه‌ژنوم نه‌ماوه‌، له‌مه‌ زیاتر ناتوانم گوێم له‌ هه‌راو هوریایی خه‌ڵكی بیێ و ئیتر ده‌مه‌وێ ناڵه‌و نكه‌ی ژن‌و منداڵ و قاژه‌و قیژه‌ی خاو خێزان نه‌بیسم و ئه‌م چه‌ن روژه‌ی‌دوا ته‌مه‌نم به‌ عباده‌ت و بیركرونه‌وه‌ له‌قه‌برو قیامه‌ت رابوێرم و به‌ خوراكی گژو گیاقنیات ئه‌كه‌م وله‌به‌رگ و گه‌لاّی‌داریش لیباس بۆخۆم سازده‌كه‌م، به‌سمه‌ ئیترله‌ دنیا تێربوم وچی‌دیم ناوێ، تاكه‌ی له‌ بیری ماڵ‌و دراوی دنیادابم چی‌لێده‌كه‌م و بۆكوێ ده‌به‌م؟

Dr.Saleh Ebrahimi



مەل: لەوەڵاماوتی: وایە ئەمانەی وتتگشتیان دروستن.بەڵام مردوت مریّ خۆتۆحەیوانەکێوی‌نیت، ئادمیزاد تازیندوە دەبێ‌لە نێوکۆمەڵابژیو لەگەڵ خەڵکا ماڵ و حاڵێک بۆ خۆیی پێکەوەنیّو رابۆیریّ، خەڵک خراپن تۆچاک‌بە، تاوەکو خەڵکیش چاو لەتۆکەن‌و لەتۆوە چاکە فێربن‌و بێنەسەرهێڵ: تۆجوان بیری لێبکەوە،ئەگەر واچاک بێ‌وهەمو خەڵکی بیانەویّ وەک تۆ خۆیان لەئیش وکارو خەڵک بدزنەوە و بڕۆن لە گۆشەیەکدا دانیشن‌و خۆیان لەدنیاو خەڵکی تریک‌و تەرەکەمەکەن،کارو باری دنیا دەشێوی و بەندو شیرازەی ژین تێک‌دەچیّولە بەریەک بەڵاو دەبیّ.

ئەمەهەندیّ بو لەوت وویژی مەل و نەچیرەوان، وایە ئەمانەی وتت راستە بەڵام باخەڵک‌چاو لەتوکەن وبێنەسەر ڕێگەی راست

من‌لام وایە کاری چاک‌ئەوەیە کەهەمو خەڵک وێکرا هەمیشە لەسەری برۆن‌و جێی بە جێی کەن. ئەمەی تۆ لەبەر چاوت گرتوە باش‌نییەو عبادەت وانابیّ‌کەتودەڵیّ.

عبادەت ئەوەیە، خێرو بێرت بۆخەڵک هەبیّ،فەقیرو هەژار لەسایەی تۆدا و چانێک بدەن‌و بحەسینەوە، لەتۆوە خێرو خۆشیان پیّ‌بگات عبادەت دەبیّ بە شێوەی گشتی بیّ‌و هەموکەسێک لە دەستی بێت و ژینی باش لەدنیادا پێک بێنێت‌وکۆمەڵ بخاتەخێرو خۆشی یەوە. نەوەک دنیالە خۆیی تاریک بکات و دنیا لەبەرچاوی ببێتە شەوە زەنگ‌و هەموشتێک بەخراپ بزانیّ و خۆیی لە دنیا بدزێتەوە و خۆی تەرەکەمەبکات تو! بیربکەرەوە ئەولیاوئەنبیا و زانایان و پسپۆرانی دنیاو پیاوچاکان لەگەڵ خەڵک وکۆمەڵا هەستاون‌و دانیشتون، پیکەوەژیاون‌و غەم و خەفەتی‌یان بۆئادەمیزادخواردوە،تۆیش دەبیّ وابی‌و چاو لەوان کەیت تۆتائیستا بیستوتە!؟ کەیەک مرۆی چاک و بەکەڵک‌و لێهاتو بچیّ لە نێوگژو گیای کەژو کیواخۆیی پشارێتەوەو تەنیالە بیرو باوەری خۆیدابیّ‌و نێوی خۆیشی بنیّ مرۆی چاک‌ویان بتوانیّ بڵیّ: خودالێم رازی‌یە! من تائێستا شتێکی‌وام نەبیستوە.ئەم کارە نیشانی لە خۆ رازی بون و خۆبە زل زانینە کە ئادمیزاد تەنیالە بیری خۆیدا بێت و گوێی نەداتەژینی خەڵک و خۆیی لاسارکات و تەنیالەبیری

Dr.Saleh Ebrahimi



قه‌برو و قیامه‌تی خۆیدابێ و خۆیی ته‌ریک پكات و له خێرو بێری خه‌ڵك خۆت ده‌راویێو خۆت بدزیه‌وه!

نه‌چیروان وراوکه رله‌وه لاماوتی: ئه‌ی مه‌ل تۆ خودا وازم لێی بێنه، لێم گرێ بابه ده‌ردی خۆم داکه‌وم و تاوێك بیرله خۆم پكه‌مه‌وه بزانم چم به‌سه‌ردێ! من زۆرم چاکه و خراپه‌و چه‌رمه سه‌رێ دیوه و تاڵی و سوێری ڕۆژگارم زۆر کێشاوه، خێرم له که‌س نه‌دیوه،چاکه‌م له گه‌ڵ هه‌ر که‌سێکا کرد خراپه‌م وه‌ڕێگه‌هات، تازه‌یه کێك له‌ده‌رو جیرانه کانم به‌ره‌حمه‌تی خودا چووه مردنی ئه‌ودراوسییه‌م بۆمن ده‌رس‌و په‌ندو عیبره‌ته،من ناتوانم له بیری مردنانه‌بم بیرو باوه‌ڕم گۆڕاوه، وزه‌ی‌جارانم نه ماوه، شتێکی سه‌یرو سه‌رسوڕهێنه‌ره‌و ئێستا ده‌م کوت ئۆخه‌ی‌وا له هه‌راو هوریای خه‌ڵك وله‌ناڵه‌و نوزه و زرمه جێلیی ژن و منداڵ ڕزگاربوم که‌چیتۆلێم بویی به‌ملۆزم،وه ك به‌لای ناگه‌هان لێم په‌یدابوی و وازم لێناهێنی تۆخودا! ئه‌ی مه‌ل بڕۆ بابه ده‌ردی خۆم داکه‌وم‌و تێر بنالێنم.

مه‌ل‌وتی: زۆر باشه! وازت لێدێنم وامن ده‌ڕۆم به لام چه‌ن پێیه ك نه‌ڕویشت و ئه ونه‌له کابرادور نه که‌وتبوه‌وه که تۆ بتوانی مژیك له جگه‌ره بده‌ی مه‌ل له‌و شوێنه‌دا چاوی به گه نم‌و هه‌رزن‌و گاڵ که‌وت،ته‌ماشای کرد وا «دانه‌ڕژاوه»! لای سه‌یربو له‌بن‌لچه‌وه وتی: خودایا! خۆله نێوسه‌وزه‌لا نو چیمه‌ناگه‌نم و هه‌رزن په‌یدا نابێ ئه‌ی! ئه‌م هه‌موه گه‌نم و گاڵه‌چییه! والێره ڕۆکراوه و هێندێکی پڕش و بلاو بووه‌ته‌وه، مه‌ل جیکڵدانی خاڵی بو ده‌ی ویست‌لێی بچێته پێشه‌وه‌ودوسێ دنوك گه‌نم و هه‌رزن بچنێته‌وه به‌لام‌هێشتا قسه‌ی نه‌چیره‌وانی له گوێ‌دا ده‌زرنگایه‌وه: ده‌نگ و باسی خودا و عباده‌ت و مردن و قبرو قیامه‌ت گوێی پڕ کردبو وزاتی نه‌بو و نه‌ی ده‌وێرا بۆ گه‌نم وهه‌رزنه که بڕوات له‌ترس ئه‌وه‌ی نه‌وه کو کابرای نه‌چیره‌وان‌و سه‌وزه پۆش ده‌نگی بدات و ئابروی بڕێ‌و هه‌ڕه‌شه‌ی لێبکات،ئه‌وه‌بوگه‌ڕاوه‌و له کابرای پرسی وتی: قوربان ئه‌وگه‌نم و دانه‌ویله‌هی ئێوه‌یه؟ نه‌چیره‌وان له‌وه‌لاوتی: ناهی من‌نییه من جه‌واڵ و توبه ره‌م‌نییه تاگه‌نم و گاڵی تێکه‌م من شتێکم نییه تاگه‌نم و هه‌رزنم هه‌بێ. به‌لام تائه‌و جێگه‌ی‌وا ده‌زانم ئه‌مه‌هی دوهه‌تیوی بێ‌با ز بێ‌دایکه،دێن‌ده‌ی‌به‌ن ئامان ده‌خیلت‌بم نه‌چی به‌لای دا تۆده‌توانی چینه‌پکه‌ی و خۆت تێرکه‌ی نه‌چی له‌و گه‌نم و هه‌زرنه‌بخۆیی بۆتوحه‌رامه مه گه‌ر؟

Dr.Saleh Ebrahimi



هەژارو لێقەو ماوێک پەیدابێ و زۆریشی برسی بێت و لە برسان دڵی ئاو پکات ئەتوانێ کەمێکی لێبخوات، بەڵام من کارم بەسەریەوە نەداوە خۆت ئەزانی بەمن چی؟

مەل لەبرسا «ئاولە لالغاوەی دەتە کا خواریٚ» وجیکڵدانی لە برسا زۆری بۆ هێنابو وزەی بڕابو و نەی دەتوانی وازلەو گەنم وگاڵە بێنێ کارلەوەترازابو لای «شتێکی مفت و مەرحەبابو» بە کابرای وت: من ورەم بەرداوەو زۆریشم برسییە لام وایە کەسێک وەک من برسی بێت «حەرامی بۆحە لاڵە». نەچیرەوان تی: من نازانم خۆمن قازی شەرع و دین نیم چم لەمانەداوە خۆت باشتر ئەزانی «هەرکەس دەردی خۆیی باش دەزانێ» وە باڵی خۆت بەئەستۆی خۆت.بەڵام ئەگەر موستەحەق نەبی خواردنی بۆتو حەرامە وئەگەر بچی‌بیشی خۆیی کەسیش دەنگت نادات و کەس‌نییە ڕیگەت پێی بگریٚ! مەل بیری کردوەو لەوەلاماوتی: ئێستاکەوایە ئەچم چەن دەنکێک دەچنمەوەو دەی خۆم تابڕێک تینم بێتەوە بەرخۆم نەبادا لەبرسان دڵدەردبگرم و توشی ئازارە جێکڵدان‌بم ئەمەی‌وتو و ڕوی کردە گەنم و هەزرنە کە دەستی کرد بەخواردن بەڵام هەرکەدە نوکی‌برد دەنکێک هەڵگرێتە وە بەسەر پیوە بوو سەری چوبە داوا هەرچی باڵە پڕژێی کرد سودی نەبوو نەی توانی لەنێو تورو داوە کەدا خۆیی ڕزگار پکات تێی گەیی (ئەم هەموەراوە ڕێوی‌یە بو کەوڵی مام ڕێوی بوە) ناچار خۆیی مات کردو بیری لە بە فریوچونی خۆیی دە کردوە،نەچیروانیش کەزانی‌وا مەل پێوە بوەتەپی داسەری بیگرێ مەل‌وتی: ئەمەسزای خۆش باوەڕی یە کەپیاوفریوی فێڵ بازو تە ڵە کەساز بخوات من‌نەم دەزانی تەنانەت لەم ڕیگەیشەوە خەڵک بە فڕیودەبەن. - نەچیرە وان وتی: ئەمانەواتۆ ناویان دەبەی من‌نایان‌ناسم لێرە یشدا تەنیامن‌و توهەبوین و منیش قسەێیکی ناحسابیم بەتۆ نەوت تابەفریوت ———

بەرم من‌وتم ڕیازەت کێشم تۆیش وتت موستەحەقم وت‌ووێژی من‌و تۆ لەمەزیاتر نەبو ئێستا تۆزیانیت کردوەو گەنم و هەرزن و گاڵی خەڵکت خواردوە، منیش لە توڵەدا گۆشتی تۆدەخۆم کە توڵەو پاداشی ریازەتی خۆم وە رگرتبیٚ،بلاّم دەبیٚ بزانی تەماعکاری خۆت بو بەفریوی بردی و توشی ئەم ڕۆژە ڕەشەی کردی هەر کەسێک توشی بەڵاو داوئەبیٚ لەبەر تەماعکاری خۆیەتی.ئەگەر منیش نەپشمی بایێم و تۆمنت نەدی بایێی و قسەت لەگەڵ من‌نەکردایێ هەردەچوی گەنم و هەرزنە کە بخۆیت‌و بەداوەوەبی،دەبو لەپێشابیرت بکردایەتەوەولێکت

Dr.Saleh Ebrahimi



بدایێ ته‌وه كه‌له‌هه‌ر شۆێنێك دان هه‌بێ داویش هه‌یه‌مریشك خۆیی خۆڵ به‌سه‌ر خۆیدا نه‌كات كه‌س ناتوانێ خۆڵی به‌ سه‌ردا بكات، ئه‌مه‌، نه‌زیله‌ی پێشینانه‌و ده‌رسێكی زۆر باشه‌ بۆمرۆی ژیرو وشیار. خوشك و برا خۆشه‌ویسته‌ كان له‌خودای مه‌زن تكاده‌ كه‌ م كه‌هه‌رگیزاو هه‌رگیز توشی داو وته‌نگ‌و چه‌ڵه‌مه‌و كۆسپ و قۆرت. نه‌بن نه‌قڵ له‌ گرشه‌ی كوردستان ژماره‌ی ۱ ساڵی ۱ چاپی تارانی ساڵی ۱۳۵۹ هه‌تاوی یه‌كه‌م ژماری گرشه‌ی كوردستان له‌ ‎-۱- ۱۹۸۱/۳‎-ز- له‌ چاپ دراوه‌و ئه‌م وتاره‌ بۆ رادیو كوردی ئاماده‌ كراوه‌و له‌ كاتی خۆیدا خوێندراوه‌ته‌وه‌ دوكتور محه‌مه‌د صالح ئیبراهیمی (شه‌پۆل)

بۆ شینی باوكم خوالێخوشبو مه‌لا ئیبراهیم:

پــدرم دیـــده بســویت نگــرانست هـنوز
آنــقدر مــهرو وفــا بــر هــمگان کـردهای تـو
غــم نــادیدن تــو بــار گــرانست هـنوز
نــام نــیکت هـمه جــا ورد زبـانست هـنوز
خــود بـرفتی زجـهان کـی بـرود آثـارت؟
دیـــده از دوری رویت نگـــرانست هـــنوز
رفـتی از دیـده و داغت بـه دل مـاست هـنوز
هـرکجا مـی‌نگریم روی تـو پـیداست هـنوز
خــانه را نــوری اگــر بـود زرخسـار تـو بـود
ای چــراغ دل مــا از چــه تـو خـاموش شـدی.
ئـــاخ و داخ و زوخ و زام و خــــه‌م
هه‌ر په‌نج له‌ هیجره‌ی ده‌رون بیه‌ن جه‌م ـ شه‌پۆل.
تبسّم زیـر لعـلش گـر نشـان پـرسد غـبارم را
ببوسد تـا قـیامت بـوی گـل خـاک مـزارم را

شیعر و هۆنه

له‌مـــن بۆ شـــه‌پۆل ســه‌لامێ بــه‌رن
دوای رێـز و حـورمه‌ت پـه‌یامێ بـه‌رن
بڵێـن ئـه‌ی نـوسه‌ری دڵسۆزوچـاك
ئــه‌ی نـوسه‌ری نیشتما نیی و پـاك
دور له‌هــــه‌را ئـــه‌ی‌فه‌رهه‌نگ‌پاك
پـــارێـزه‌ری بـاوی‌كوردی چــاك
هـــه‌ربژی ئـــه‌ی ئـــازاو نـــه‌به‌ز
خـــزمه‌تكاری زمـان له‌ نێـو قـه‌فه‌ز
تۆ له‌ بێـــباكـــانو دڵچـــاكـــی
بــه‌ غێـره‌ت بۆگـه‌لت زۆر چـاكـی

Dr.Saleh Ebrahimi



## شه‌ویارو شه‌وبو

خوێنده‌ وارانی خۆشه‌ویست ئه‌بێ بزانین که‌ ئه‌م قسه‌و باسانه‌ی والده‌م چه‌ن دێراندا بۆتان ئه‌گێرینه‌وه‌، زۆر سرنج ڕاکێشه‌و کۆمه‌ڵایه‌تیشه‌، هه‌رکه‌سێک باش دڵی بۆڕاگرێ، زۆرباش، که‌ڵک و سودی لێوه‌رده‌گرێ، هه‌روه‌ک ئه‌زانین: پیشه‌ی کردو چنین و ته‌نین، له‌نێو، گه‌لی کورد، دا زۆر له‌مێژه‌، باوه‌و ماوه‌، لێره‌دا: شه‌ویار، روده‌کاته‌ شه‌وبو، پێ ده‌ڵێ: چاوه‌ راسته‌که‌م!

من پێم خۆشه‌ تاوێک، گوێم، بۆڕاگری!

تا، مه‌به‌ستێکی خۆش و پرسودو سرنج ڕاکێشت بو بگێرمه‌وه‌...

شه‌ویار ئه‌بێژی: شه‌وبۆ گیان! چنین و کردو ته‌نین یه‌کێکه‌، له‌و ئیشانه‌ی وا به‌ره‌ی مرۆڤ بۆ دابین کردنی یه‌کێک، له‌پێویسته‌ کانی، ژیان، وه‌ بۆپێشکه‌وتن و دامه‌زراندنی بنه‌ڕه‌تی به‌ خته‌وه‌ری خۆی وبه‌ره‌ی داهاتو به‌درێژای مێژو وه‌ له‌که‌ونارا دا فێری بوه‌و له‌م به‌ره‌ن گازو ڕێگه‌وه‌، بۆ خۆیان، جلک و به‌رگ و ڕانک و چۆخه‌و جاجم و پلاس و به‌ڕه‌و گۆره‌وی و پوزه‌وان و ده‌سکیش و ده‌سرازه‌وکڵاو، سه‌رکڵاو، وه‌یان مافوره‌و قاڵیچه‌و شتانی تری وه‌ک: گوریس و ڕه‌شکه‌ی کاکێشان و که‌ژو، سه‌رکه‌لله‌ و ڕیشوه‌، وه‌بۆڕاو و شکاریش تۆڕ و شتیوایان، بۆ که‌ڵک وه‌رگرتن ته‌نیوه‌و سازیان کردوه‌.

شیاوی، زانینیش، ئه‌مه‌یه‌و چیرۆکه‌که‌ی ئێمه‌ش، لێره‌وه‌، ده‌س، پێده‌ کات. وه‌ئه‌بێ، بزانین که‌: کردو بافت وته‌نین وچنین، ته‌نیا، کارو کرده‌وه‌و هونه‌رو به‌رهه‌می، به‌ره‌ی مرۆڤ نییه‌و به‌س به‌ڵکو هه‌ندێکیش، له‌جرو جانه‌وه‌رانیش، له‌ئیش و کاری ته‌نین و چنینا زۆرشاره‌زاو پسپورن.

شه‌ویار ده‌ڵێ: شه‌وبوگیان! من، له‌م، جوره‌، جانه‌وه‌رانه‌ دوانیان زۆرباش، ده‌ناسم. لام وایه‌، تۆیش دیتوتن و ئه‌یشیان ناسی، یه‌کێک له‌ م جرو جانه‌وه‌رانه‌، ناوی کرمی هاوریشمه‌و ئه‌وی تریشیان، ناوی (جولاته‌نه‌) یه‌، که‌داپیرۆشک و کاکڵه‌مێشان وجاڵجاڵوکه‌شی پێ ده‌ڵێن. وه‌ هه‌رکام له‌م، دو، جانه‌وه‌رانه‌، به‌پێی خو و ئاکار و سروشتی خۆیان. له‌ کاروئیشی کردو بافت و ته‌نینا، که‌ زۆریش تیاشاره‌زاو پسپوڕن، مه‌رام و نیازێکی تایبه‌تیان هه‌یه‌. جاڵجاڵوکه‌ له‌شوێنی ته‌رو نماوی وتاریکا، له‌که‌ل و قوژبن و درزوقه‌ڵه‌شتی

Dr.Saleh Ebrahimi



دارو دیوارا، وەیان لەنێوان دودەسە کەداری بان‌میچا کەبڕێک‌قوڕماوی‌و دۆژەنگ‌دار بێت یان لە کونج‌و کەلێنی کادینە کۆن‌و بەرهەیوانی لاڕوخاو و قلێشە بەردو داری هۆدەو ماڵی پڕدرزو کون‌کونا دەس ئەکات بەداو نانەوەو خەریکی بافت‌و کردو جولاّیی ئەبی، جاهەر لەبەر ئەمەیە لە کوردەواریدا بەم جانەورە دەڵێن: (جولاّتەنە) ئاکارو وخوی جالجالۆکەوایە: لەپاش‌ئەوە لەئیش‌و کاری بافت وکرد وداو نانەوەبوەوە، لەو داوەوا تازە ناویەتەوە، دور ئەکەوێتەوەو دەچێ لە سوچێکا کەتاریک وتنۆک بێ‌خۆیی ملاّز ئەداو چوارمشقی هەڵ ئەتورشکێ‌گشت گیانی ئەبێتەچاو وزۆربەتیژی، چاوان دەبڕێتە داوە کەی وچاوە نواڕە داخوا، کەی جرو جانەوەرانی وەک: مێش‌و مەگەس دەچن‌و پێوە دەبن، جا بەدبەخت‌و چارەڕەش‌ئەوجرو جانەوەرانەیە کەڕیگایان لێهەڵەبێ‌و بەو نێزیکانە دابێن‌و بچن‌چونکە بێ‌شک زویان درەنگ، کەوەک چاوی خێل بەراست وچەپ و خوارو ژورا دەپەرێ، خۆیان لەوداوە دەخەن‌و ئیترهەرگیز زرگاریش نابن، چونکە هەرچی زۆرتر باڵەتەپێ‌و پەلەقاژێ پکەن‌و تەکان لەخۆیان بدەن‌و بنقێن وزۆر بکەن لەخۆیان تاڵ و پۆیی ئەم داوە، کە لیکاوی دمی جاڵجاڵۆکەیە، باشتروزیاتر بەپەروباڵ‌و دەس‌وپێیانەوە دەلکێ‌و دەنوسێ‌و گیریان ئەدا وبەتەواوی گیردە خۆن.

جا، لەو کات‌و چاخەدا جولاّتەنە لەلان، وەک تاژی (تاجی) شوین، کەروێشک، دەر ئەپەرێ‌و بەسەر هەشت‌پای بەندبەندو دریژو لۆق‌لۆقی‌و بڵیندی خۆیدا کەوەک فەنەز وان هەروەک سورە دوکەڵ‌و ڕەشەبای ئەجەل بەدارو دیوارا هەڵدەچێ‌و هەڵدەگەرێ‌و بوێ سەردە کەوێتە سەرێ، جۆرێکی‌وا بەسەر ئەو تاڵە لیکاوانەی خۆیدا ئەروا تەنانەت ئەوانەی‌وا، بیبجان خانم، ئەگێڕن‌وکارو ئیشیان تەناف بازی یە، ئەگەرلەو کاتەداچاویان بە داپیرۆشک بکەوێ لەشارەزایی‌و مەهارەتی ئەوجانەوەرە مات ئەبن ودەڵێن: ئەوە!؟ چلون؟ وا بەتاڵو-کەوبەلەزئەتوانێ وا بەسەرئەوتاڵە باریکانەدابروات و خۆیی وابەگورجی بگەیێنێتە نەچیرە کەی‌وبیگرێ وخۆینی بمژێ و بیخوات، ئەگەرچی گشت کاروبارو هاتوچۆی جاڵجا ڵوکەلەروی سروشتەوەیە، بەلاّم شەوبۆ گیان! لە کاتی مناڵیمەوە، کەمن ئەم جانەوەرەم دیوە وناسیومە و سرنجم داوەولە کاتی رویشتنادیتومەواتیگەییوم کەئەم جانەوەرە، هەرلەدوقەنە

Dr.Saleh Ebrahimi



کێشا جاریک (بەپێی کات‌ژمێر) چووەسەرێ ولەوداوانە کەوالەم سوچ و ئەوسوچا ناو یەتەوە بوئەوەی بزانێ ئایا نەچێریک پیوەبوەیان خەیر؟ بەوجۆرەی والەبیرم ماوە هەردەمێک چاوم بە جاڵجالۆکە یەک کەوتبێ کەوالەسوچێکا خوّیی ملازدابێ و هەست و تەکانی لەخوّی چنیبێ واتیگەییوم کەخەریکی گەڵاڵە گرتنی نەخشە کێشانێکی تازەیە کەلەکوّی داوێکی تازە بنێتەوە، من‌لە مناڵییا لە نێو ئاوایی یەکانی موکوریان‌و مەرگەوەروتەگەوەرو برادۆستا جۆرە داپیرۆشکێکم دیتبوو، کەئێستا ناوەکەی نازانم ولە بیرم چوەتەوە و خۆشت باش ئەزانی کەخانوبەرەی براکوردە لادێیەکانمان چونکەپڕەلەدرزوتەرەک، دیوارلەم جۆرەجڕوجانەوەرانەی زۆرلی پەیائەبێ. ئەمجۆرەجالجالۆکەی‌وامن لەو شوێنانە چاوم پیان کەوتوە تابڵێی ناماشەڵا خوراو زۆرن،بە جورێکی وامرۆ ناتوانێ ناوی یەک یەکیان لەبیرو زەینی خوێدا ڕاگرێ، چونکە لەهەزار جۆرەن باوەر ناکەم ئەوانەوامن دیتومن هەرواسوک‌و ئاسان بتوانین بڵێن: هەمویان کاکڵە مێشانن، چونکە هێندێکیان وەک مەشکە دڕەوان بەڵام چونکە شەو بۆگیان ئێمە نامانەوێ توانج و تەشەر، بەوانا بدەین و پلاریان بۆ بخێن وبیان ئەنگێوین،هەروەها من لایشم وانییە، کەئەم‌واتە، بوئەو جۆرە جانەوەرانەی وامن لەو کۆیرە دییانەی لای خۆمان چاوم پیان کەوتوە وئێستا ناچمەوە سەرشوێنیان‌و ناوەکەیان نازانم و لە بیرم چونەتەوە توش بیت، چونکە هەرچۆنێک بێت ناوی گشتیان لە بنەرەتا «جولاتەنە» یە - شەو بوگیان باوەرم پێبکە ئەمەی بۆت دەگێرمە وەڕاستە: شەوێکیان لەگوندێک میوان بوم، هەروا لە خۆمەوە تەماشای بن میچی ئەو ماڵە خانە خوێیەی خۆمم دەکرد - لە دیوارەکەدا لە نێزیک میچەکە درزو کونج وکەلێن زۆربون جڕو جانەوەرانی وەک داپیرۆشک زور بەلەزو تاڵوکە، لەودرزو دیوارانە وەسەردەکەوتن ولەوقەڵەشتانەدا وەک (ودودە) هەرهاتو چۆیان بو، دەت‌وت خولخولەت لەبەرپیێ داون بۆیەکانێ ناتوانن تاوێک راوەستن، شەوبوگیان باوەرم پێی بکە دەت‌گوت: شارە میلورەیە وابەکۆمەڵ وتۆپەڵ تۆپەڵ جڕ و جانەوەران دێنە دەرێ وەتەقالا ئەدەن بۆژین، لەو دەم و چاخەدا واچاوم بەو کونجوکەلینانەوە بو چاوم بە «جولاتەنە» کەوت جوان حاڵی بوم‌و تێگەیشتم کە لەو درزوکەلێنانەدا مێش و مەگەسێکی زۆر لەوێداجەلەو ریزکراون، ئەوانە گشتیان مردون و لەقەنارە دراون بەلام کە جوان ورد بومەوەو

Dr.Saleh Ebrahimi



جوان سرنجم دان دیتم که‌وا هێندیکیان وزه و زیان دێ و ده‌س و باڵ لێک ئه ده‌ن وته قالائه ده‌ن به‌ڵکو ته‌نیشتا وته نیشت بکه‌ن ویان به ره‌و رویکه ون، به کورتی بڵین: ئه و درزانه‌م وه ك نه خۆشخانه‌ی جرو جانه وه‌ران هاته به‌رچاو، برێك مات بوم وبیرم ده کرده‌وه خاوه‌ن ماڵه که‌یش له‌پێشان پیێ و تبوم، که ئه مانه نه مردون و زیندون، به لاّم بێهوشن، وه ئه م جولاّته نانه‌ش له شۆینێکی دیکه به فێڵ ئه‌م جر و جانه وه‌رانه‌یان خستۆته نێوداوو گرتویانن، ئه‌م جولاّته‌نانه به شێوه یه کی تایبه‌ت پشت ملی نه‌چیره کانیان ده گرن و ده‌ی گه‌زن به جۆرێکی وا، که نه مرن و نه‌یان کوژن به‌ڵکو، بێهۆش، ئه‌بن، له‌پاشان، به کێشان کێشان ڕایان ئه کێشن‌و ئه‌یان، هێنن، بۆئه م جۆره جیگاتایبه تیانه‌و به‌ریز وه ك مه‌ری سه‌ر به‌شوان جه‌له‌یان، ئه که‌ن و ئه‌م جرو جانه وه رانه تازستانی داهاتو، به‌م‌جۆره، هه‌روا، نیوه گیان ئه مێننه وه وه کا کڵه مێشا نه کانیش له‌زستانا دێنه جه سته‌یان‌وه ك زارو خوێنیان ده‌مژن‌و هه روه ك سه گ‌ئه که ونـه نـاوکه‌لاکیـان.

شه‌وبوگیان! له‌بیرمه‌له وده مانه دا به خاوه‌ن ماڵه که‌م و تبو: ماشه‌لاّئه‌م جولاّته نانه‌چه‌ن به سه لیقه‌و خۆران، ئه‌وسا باشتر حاڵی ئه‌بی که ئه مانه له‌کاتی خۆیدا بۆ ئه‌وه‌ی نه چیره کانیان زو نه مرن و ویشك هه ڵنه‌یه‌ن، به شێوه یه کی تایبه‌ت ئاوو خۆراك به‌م جرو جانه وه رانه ئه‌ده‌ن تابرێک ئه‌بوژێنه‌وه‌و دوباره بێهوشیان، ئه که نه وه، وه تا زستان کارو ئیشیان به م جۆره‌یه.

منیش‌روم کرده خانه خۆییه که‌م،پیم وت: خاڵه گیان! من لام وایه بۆئه‌وه‌ماڵه که‌تـان پاك‌و خاوین بێت‌و توشی نه‌خۆشی و ناساغی نه‌بن. باش وایه‌ئه‌ودرزو که‌لێنانه بگرن باشه ماڵه که یشتان جوان ماڵه سواخ که‌ن‌وبه گڵه‌سپیه ئاو وگڵی که‌ن تا دڵ که مێك تیاخۆش بێت. و مر ۆ بتوانێ پشویه کی تیابدات. به‌لاّم «شه‌وبو گیان» خاوه‌ن ماڵه که له قاقای پێکه‌نینی داو له‌وه‌لاّ ماوتی: شه و یارگیان: وانیه که تۆ ده‌ڵیی ئه‌م جولاّته نانه «له هه‌ر ماڵێکا هه‌بن ودمیان هه‌یه و به‌به‌ره که‌تن ته‌نانه‌ت هێندێ ماڵ لایان وایه ئه گه‌رخانوبه‌ره که یان کون و که لی تیانه بێ - ئه‌بێ درزوکه لێنی تێپکه‌ن تا «جولاّته‌نه‌ی» لێی پیابێ و خه‌ریکی داو نانه‌وه بێ، چونکه لایان وایه ئه‌م جانه‌وه‌ره به‌یومنه‌وله هه‌رماڵیکا هه بن یومنی باشه و ده ڵێن: بونی له نه‌بونی بـاشتره، بـه‌لاّم شه‌وبوگیان! من لام‌و انییه چونکه «جاڵجاڵوکه» جانه‌وه‌ریکی خوێن مژه‌و داعبایه کی گۆشت خۆره به لاّم کرمی ئاورێشم کاری کردو و بافته که‌ی ئاوریشمه‌و داعبـایه کـی بـێ ده‌س‌و

Dr.Saleh Ebrahimi



پێی وهەژارە،وەک دەرویش وایە بێ ئازارە «شه وبو» گیان! کرمی ئاوریشم لەو، جرو جانەوەرە گوشت خۆرو خوێن مژانەنییە ئازاری بۆ گیان لەبەران هە بێ بەڵکو بە گژو گیاقەنیات ئەکات تە نانەت لە نیوئە و هەموگژو گیایانەش - تانیا ئیشتیای لەگە لاّی دارتو وە، لەوکات و چاخەدا، واکرمی، هاوریشم خەریکی کاری تە نینە،مرۆخە یاڵ دەکا، وا دەزانێ ئـە وەدەرویشـەو زیکری خوا ئەکات یان وائەزانێ ئەوە عاشق و ئەویندارێکەو بەشیعرو هە ڵبەست بە وکە سەی وا بە دڵ و داوئە ی پەرستێ پێیداهە ڵدەڵی وەک پەرستاربەدەورو بەریادێ ودەچێ - کرمی هاورێشم بە لیکاوی زاری پاک وخاوێنی خۆیی کە زۆر جوانیشە و دەم و زاریشی وەک چۆری شیرسپیە بە دەوری خۆیدا هیلانە یەکی بێ دەرک و پە نجەرە سازدەکات شتێکی سرنج راکێش ئەمە یە، ئەو ماڵە ی خۆی بە وێنەی هێلکە سازدەکات، کرمی هاورێشم، لە نێو هیلانە کە یدا، بە جۆریکی وا دەخەوێ کەخەون بەوەوەدە بینێ، بەڵکو ببێتە، پە روانەو پە پولە و باڵ بگرێ و هەڵفرێ. لە خەودا، باڵ دە ردێنێ و پە رو پۆدە رئەکات و دەبێتە، پەپولە، جائەگەر لەودەم و چاخانە دا لە دەر فەت و خولی خۆیدا. لە خە و هەستێ و بجولێ تەوە کە مێک تە کان لە خویدا، زۆر بە ئاسانی دە توانێ (رکە): کە قەفەزو قۆزاخەو پیلەی هاوریشیمینی خۆی کون بکات و تامی باڵداری و هەڵفرین بچێژێ و بڕوا، بە سەر بە سێ و بە مەستی، بچێتە لای لفی خۆیی و ماچیکی پڕ بەدڵی لێوەرگرێ و بمرێ، ئەم دنیایە، بە گشت گە لا دارتوەکانییە وەکە لە زەمانی ژینیا مەگیرانی پێی دەکرد، بە میرات بۆنە وەو و نە وەزا کانی، بەجێ بـهێڵی.بـەڵام شەوبۆگیان! بەرەی مرۆڤ لەو پەپولە زوتر رادەپەڕن و ئەو قوزاخە و هێلانەبەپەپولەکانە وە، کە وا لە نێویا خەوتون، زۆر بە گرجی هە ڵدە گرن و دەیان خەنەنێومەنجەڵی ئاوی کوڵیوو بەم جۆرە پەپولەکان واتا: «ئەو کرمە هاورێشمانە»، دەکوژن و تاڵە هاورێشمە، تە نراوەکانیش، کە پێکە وە نوساون نەرم ئە بنەوە.ئە وانەی والە بەرهەم هێنانی هەورێشم دا شارەزان سەری هەو داهاورێشمە کەئەدۆزنەوە، هەڵی دەکە نە، سەر شتێک، وەک تە شی و شتیوا، خەڵکی دەڵێن: لە هە رهێلانە یەکی، کرمی هاورێشما کە پـەپولە کـەی تـێدا خنکـابێ و، مـرد بـێ و، سوتـابێ، هەزارگەز تاڵی ئاوریشمی لێی پەیا ئە بێ و، لەم تاڵە ئاورێشمانە، دەسماڵی حەریر و روسەری تۆری و پارچەی ناسک ورەنگین و. شت ومە کی ئاورێشمی لێی ساز دەکە نو. دە ی تە نن و دەی چنن.

Dr.Saleh Ebrahimi



دوباره «شەویار» رودە کاتە (شەوبو) وپێی دەڵێ: دوستە خۆشەویستە کەم: ئـە گـەر بەدەس خۆم بایە کە ببمە جانەوە رێک‌ـتۆلات وایە کامیان بومایە، باشتربو؟ ئایا جولآتە نـە بومایە، یان کرمی هاوڕیشم باشتر بو؟

شەو بۆگیان، من‌پێم خۆشە، کرمی هاوڕیشم‌بم؟ وخۆم بسوتێنم وکەڵکم بـۆ بـەرەی مرۆف بێ وەک شاعیری مەزن «شێخی سەعدی» دەڵی: و شە پۆلیش کردویە تەکوردی

من ئەو مێرولەم، وا لە بەرپێدا دەم ماڵن

زەرگەتە نـیم لە ئـیشی چـوزەم بنـاڵن

«شەوبو» گیان! من هە رگیز نامەوێ هە شت پێی بڵیند و، بەند بەندو فـەنەر مـانەندم هەبێ‌و. لە شوێنی نماوی و. تە رو تاریکا لە کەلێنی درزی‌دارو دیواراو لای تۆتەلآشە داری بن میچا، تۆڕ بتەنم و داو بنێمە وەو بروم لە سوچێکا خۆم وە شێرم و خۆم لە تە ماڵ مات دەم و چاوەنوا‌ربم، گیان لەبەران توشی کۆسپ‌و قۆرت بکەم‌و بیان خە مە نێوتە لە و داو، «شە وبو» گیان!: من گەرەکم نییە خورتوم و‌ چوزەی ژەهراویم بەگۆشتی پە لەوە رانی بێزماناکەم، من‌نامەوێ ئیتر خوێنی کەس‌و ناکەس بمژم،من لەم جۆرە خواردنانە بێزارم باوەرکەزۆر بێزارم «شەو بو» گیان!: من ناشمەوێ لەم بارەیشەوە بوڵەو‌ خوتەیش بە سەرکەساپکەم، من نامەوێ وەک «جولآتەنە» وابم تازە لایشم وایە - ئەگەر بشمە وێ وابم ناتوانم و بۆیشم نالوێ وابم کە وابو شەوبۆگیان!: ئە چمە سەر خوخدەی کرمی هاوڕیشم وەک ئەو چلون؟ بەلیکـاوی زاری پاک و خاوێن‌و دە می سپی وبێ لکە قوزاخەو پیلەی هاوریشم ساز دەکات، منیش هیلانە یەک وەک چوزی شیری‌سپی یان - باشتر بڵێم هێلانیەک! وەک دڵی بیگە ردی خۆم، بە دەورو بەری خۆما بچنم، کەوەک قۆزاخەو هێلانەو پیلەی هاوڕیشم هەزارگەز پتر هاوڕیشمی خاوی لێی پەیابێ و لەو نێوهیلانەیەدا بۆی بنوم،ئە رێ؟ «شەو بو» گیـان!: واپکـەم چـاکـە، توش‌وات پێێ چاک‌نییە؟ «شەو بو» چاوەراستە کەم دەمەوێ خۆم‌وا بکەم خەون ببینم کەوا باڵ و پەڕم دەر کردوەو منیش بومەتە پەپولەی بەهەشت، بە هـەشی ئـارەزو وەشـان بـە شـانی

په‌پوله‌ كانی نێو به‌هه‌شت ده‌س ئه‌ كه‌م به‌ باڵه‌ فڕێ و بەم جۆره‌ خۆم بۆخه‌ونی خۆش‌و شیرین، به‌شیرینی یارمه‌وه‌ كه‌ ئازادی‌یه‌، بۆخوم و بۆ گه‌له‌قاره‌مانه‌ كورده‌ كه‌م ئه‌بینم.

ته‌نانه‌ت ئه‌ گه‌رنه‌ش توانم له‌ده‌رفه‌تا به‌ خه‌ به‌ر بێم و تكان بخۆم‌و قۆزاخه‌و قه‌فه‌زو هیلانه‌ی ته‌نگ و ته‌نك و تاریكی، هاوڕێشمینی، خۆم كون‌كون كه‌م لێی وه‌ ده‌ ركه‌وم نیگه‌ران نیم. چونكا شه‌و بو گیان دنیا هه‌ روانابێ كه‌جیگای ژیانی هۆزم كوزكوزو گه‌لیشم بێ هۆش بێت. ڕۆژوباوی ئیمه‌ش دێ. شه‌و بو گیان! هه‌ رئه‌ و نه‌ وائێستا چاوم له‌ به‌ ژن و بالآی تۆ یه‌ و گیانم تیدایه‌ و به‌ ماچی ده‌م و زاری پڕ له‌ پێكه‌ نینی، تۆمه‌ ستم و لێوت به‌قه‌س گه‌زتم به‌سمه‌، جائه‌ گه‌ر بشمرم، بیشم سوتینن زۆرم پێی خۆشه‌، چه‌ن خۆشه‌ به‌و هه‌زار گه‌زه‌تاڵه‌ هاوڕێشمانه‌ وه‌، ده‌سماڵی تۆڕی سه‌ رت‌بم. تاله‌ گه‌ڵ تاڵی زوڵفی خاو و بلاوی تۆ تیكلاوبم ئه‌مه‌بو، ده‌مه‌ ته‌ قیێ و بیرو ڕای نێوان شه‌و یارو شه‌و بو [١]، هیوادارین به‌ دڵتان بێ و كه‌ڵكی لێی وه‌ رگن [٢].

**چۆن بژی مه‌رج و شه‌رته‌، نه‌ ك چه‌نده‌ بژی (پوشكین).**

**كه‌سێ نه‌توانێ یارمه‌تی خوێ بدا، هیچ‌كه‌س ناتوانێ یارمه‌تی بدا (گاندی).**

**به‌خشه‌رو به‌خشه‌نده‌، ئه‌و كه‌سه‌یه‌، كه‌ ئه‌ گه‌ر به‌لێنی‌دا، جیێ به‌ جیێ بكاو ئه‌ گه‌ر، ده‌ سه‌لاتی هه‌بو، لێبورده‌ بێ.**

**پاراستنی حه‌ق و مافی مرۆ، باشترین و به‌رزترینی مروڤانی‌و ره‌سم و قانون‌و یاسا، یه‌.**

Dr.Saleh Ebrahimi



## ئافەشین:

گیایە کە بەوێنەی دارە بچوکێکە، خولەمێشی کە ١٠ تا ٣٠ سانتی‌مێر بەرز دەبێتەوە و لە تەواوی ناوچە گەرمەکان، کە تیشکی رۆژی لێ بکەوێ شین دەبێ، تەنانەت لە کێو وچیا لە نێو درز و قەڵەشتی بەردوزەرد، دەروێ و سەوز دەبێ.

هەروا لە نێو باغچەو باغیشدا، دەچە قێدرێ و ساقەتەکەی وەک دارە و پڕ شاخ و گەڵاو بەرگی باریک و راستە، گوڵەکانی ریزو گەڵای گەورە وپان و سورەتی و وەنەو شەرەنگ و سپین، گوڵەکانی لە ئاخری بەهارا تا سەرەتای پاییز، دەپشکوێن و دەم دەکەنەوە.

**ئاقەشین** بۆ سەرگێژەو میگران و **ئیستریس و دڵەراوکێ** و (ئیستیراب) پەرێشانی و تێکچون (: تەشەنوج)ی لەش و لار باشەو دەرمانە بۆ فرامۆشی و لە بیرچوون و بە هێزکردنی بیرو حافیزە، کە لەگەڵ هەنگوین تێکەڵی بکەی یا بەوێنەی دەم‌وزار پێی شوتن، ئافەشێن سەختدژی ئەنگەڵە، کەبەوێنەی دەم کردن و خواردنەوە بیخۆن.

**ئیز تیراب: (دڵەراوکێ)** و رێگای زاڵ بون بە سەریدا

ئیز تیراب (دڵەراوکێ: دڵەخورپێی) ئەکرێ بەترسی نادیار، ترس لە نائەمنی و نیگەرانی لە رەفتاری خۆت پێێ ناسەی بکەی، دیارە واتاو مانای، دیکەشی هەیە. وەک ترسێ لەوەی کە یەکێ لە رێێ و رەسمی ئاداب و روسومی، مرو لە ژیاندا کەوتبێتە، مەترسی.

سڵەمینەوە لە مەترسییەک، کە وجودی نیە و بە ئەقڵانایێ. مەترسی و نیگەرانی کوتووپڕو دڵ پەریشانی یەک، کە هۆی ئەوە نادیارە. حاڵەتیکێ عاتیفی و دەرونی، کە لەوا، شتهایەکی نادیارکە، مەترسییەک لەتێ بینی روداوەیەکی، نابەدڵ، بە بیروخەیاڵا دیێ و دەیبا. هەستێکی ناخۆش و بزاندن لە راست روداني مەترسیەکی نێزیک لە رێی گەیشتن بە ئامانج.

Dr.Saleh Ebrahimi



نارەحەتێکی پڕلەدەردی بیروزیهن کە لەتێ بینی لە بابەت هەرەشە یارووداوەیەکی ناخۆش.

و تووبرو دڵە تەپەپێ و دڵەراوکێی بە ردەوام و جێگیر، لەشتێ ناسراو، کە نەگورە، بۆتاک پەیدا بووە یا لە حاڵەتی روودان دایە. **مەکۆورێکخراوەی بیهداشتی جیهانیش** لە پیێ ناسەکردنی ئیزتیزاب دەڵێ: کۆمایەکە، لە ئەندامی مروکە لەگیان و رەوان، دا، خۆ دەنوێنێ، کە مرۆ ناتوانێ پاڵیبدا بەهێڵ خەتێ دیاری کراو، حاڵەتێکەمرۆ ئازار دەدا، وەک ئەوەی چاوەروانی رووداوێکە، بەڵام شتێ روناداو ناقەومێ و ئەو چاوەروانی‌یە، ئەو مرۆیە تا دەمی مردن، را دەکێشێ.

**جۆرەکانی ئیز تیراب و دڵەراوکێ** کامانەن؟

١ ـ دڵە راوکێ و ئیزتیزابێ کە لە کێشە کێشی مەترسییەکی بە راستی و پڕهەڕشە سەر هەڵ دەدا.

٢ ـ وتوویر و دڵە تەپەپێ کەلە گیروگرفتی ئارەزووەکانی دڵ و دەروونی مرۆ، سەرچاوە دەگرێ و حاڵەتی عەسەبی هەیە.

٣ ـ دڵە تەپەی خوو ئەخلاقی کە لە شەرم و تاوانی ویژدانەوە، سەر هەڵ دەدا.

چلۆن بیربکەینەوە کە ترس و لە رزی و تووبرو دڵە راوکێ: ئیزتیراب بە سەرماندا زاڵ نەبێ. ئەشێ ئاگامان لە بیرو هزری خۆمان بێ، چونکا ئەوە بیرو هزرە، کە ترس بەدی دێنێ.

ئاگامان لە کاروکردەوەمان بێ تارەوەندی سەرهەڵدانی مەترسی و ئیزتیراب و دڵەراوکێ، بەدی نەیێ. **شەپۆل**

Dr.Saleh Ebrahimi





سردشت، کاوشهای محوطه باستانی ربط، نمایی نزدیک از سنگفرشها با دوایر متحدالمرکز.




سردشت، کاوشهای محوطه باستانی ربط، تصاویری از نقوش گیاهی.

Dr.Saleh Ebrahimi



# سالْ نوینی روداوەکان

٤٠٠ ی، بەرلە زایین، نەتەوەی کورد: لەویّ یوّنانیەکان، شەویّ خوّشیان رابوارد و خواردن و خواردنە وەیّی فرەیان گیرهات، یوّنانیان لە بابەت ئەو سەختی و کەندو کوّسبانەی بەسەریان هاتبو، قسەیان بوّیە کتر، دەکرد، یوّنانیەکان سەرزەوی کوردەکانیان لە ماوەی حەوت (٧) روّژدا بری و لەو ماوەدا بە قونەشەڕ، لەگەلْ کوردان، دەجەنگین و بەدەس نەتەوەی کوردەو، توشی‌دەردو رەنج و سەختی فرەییّ هاتن. کوردەکان بەجوّریّ وە هاهیّرش کارانی. یوّنانیان، توشی سەخلّەت و توشی‌و درد ە سەریّ کردبو کە پاشای ئیّران وتیسافەرینی سەر داری ئەو؛ نەیان توانیبو، ئاوەها، قەیسەری، لە یوّنانیان، بکەنە کونای مشک (گەڕانەوەی ١٠ هەزار سوارەی یونانی گزنفوّن ٤٠٠ی بەرلە زایین).

—— لە هیچ کات وساتیّکدا نەنەوەی کورد ئیتاعەتی تورکیان نەکردوەو ناکەین (بەهائەدین بیوگرافی نوسی سولّتان صەلاحەدین ئەییوبی).

—— دوای ئەوەی کورد، کوڕشی بانک کرد تابچیّە ئیکباتان، نەتەوەی کورد، قافیەی دوراندو لەوەولا لە ئیّراندا تاواوە تەوە و هەرچی کورد، کردویەتی بوئیّرانیان کردوە (تاریخی ئایە تو للاشیّخ محەمەد کوردستانی بەرگی ٢ پەڕەی ١).

٣٥٨ـ لە ناوە راستی سەدەی ٤ی مانگی، حەسنەوەیە کوڕی حوسیّن دینەوەری، **هەوای سەلّتەنەت کەوتە، سەری** و لەگەلْ حەسەن‌بن‌بویە دوەم پاشای ئالی بویەلە ٣٥٩ و کوڕی عەمیدی وەزیری ئاشتی کرد و دوای مردنی حەسنەوەیە **بەدر** - **ی** کوڕی کە ٢ سالْ دوای باوکی لە ٣٦٨ی مانگی، لەبان تەختی بەختی حوکومەت دانیشت و لە ٣٨٨ فرە ناوی داخست و لە دیوانی بەغاوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



بەناز ناوی (ناصر دەولە) ریژی لیّ نریاو هەمو ناوچەی ولأتی دینەوەر تائە هواز و ناوچەکانی خوزستان و ناوچەکانی بروجرد ونە هاوەند (نوح ئاوەند: جێێ تەختی نوح پێغەمبەر) و هەمو ناوچەکانی ئەسەداوای. خستەبن دەسەلأتی خۆی، کەم کەم، خەلقی **سەربەخۆیی و ئازادی دوبارە لە بیرومێشکی نەتەوەی** کوردا، چەکەرەی کردو بە خۆیدا هات و شکۆفە وگوڵی کرد و هێزو وزەیێ فرەی پەیدا کردو رۆژ، بۆ رۆژێ نەتەوەی کورد و کوردستانیان بە خۆداهات.

٥٥٥ لە نافینی سەدەی شە شەمی مانگی سولّتان صەلاحەدینی ئەییوبی (: ئال ئەییوب) **ئالأی زەردی کوردایەتی هەلّدا کە بازێکی سورلە ناوە راستیدا،** نەخشابو و[1] وبە شانازێکی پرلە فەخر، مێژو شایەدی بۆدەدا، کە سولّتان صەلاحەدین نەتەوەی کوردو کوردایەتی کردنی بوژاندەوە و بە راستی دەورەی سولّتان صەلاحەدین، سولّتانی کورد، دەبێ بەدەورەی بوژانەوەی ژیانی پرو تەژی لەفخروشاناری نەتەوەیی، دابنرێ، کەلە باشوری قەفقاز تاسەنعا و یەمەن، لە باکورەوە بۆباشور و لەدەشتی ئاوی (دەجلە)وە لەتەرا بلس (:غەربەوە)، لە رۆژهە لأتەوە بۆ رۆژاوا، بە شێوەی سەر بەخۆ لەبن دەسەلأت و هێزو وزەی سولّتان صەلاحەدین، سولّتانی کوردا بوو وسەلّتەنەتی ئەییوبیان (:ئالی ئەییوب)، لە سالّی **٥٥٥ی مانگی تا ٨٦٠ی مانگی** بەردوام بووە، ئەوە یەکە حاجی شێخ رەزا تالّە بانی لەپەسنی ئەوزاتەدا بە شیعری

---

١. سەرنج راکێشە ئەردە شێر -ی بابەکانی کورد، ئالأکەی بەدەس: (ژەنگە شاوەران) فەرماندەی جەنگ دابو و بالّندە یەک بەناوی هومای لە ناوراستی ئالأکەدا نەخشابو، هەروەکو **ئالأی پارتی دێموکراتی کوردستان بەرا بەری** بارزانی، دیارە ئەردە شێرکوری ساسان، کوری بابەکە، کەفەری ئێزەدی هەبوو و زنجیرەی ساسانیانی دامەزرا ندوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردی فەرمویەتی: (فەرەنگ ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم ئەفزەلن ئەمما / صەلاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو / عومومی شەهریاران و سەلاتینی فەرەنگستان / لەر و عبوسە توەتی ئەوشێرەداگشتی هەراسان بوو)، (بڕوانە تاریخی ئایەتەللا، مەردوخ هەر ئەوێ) - دیارە دەبێ واژەی / شیعرە کە، فەرەنگیی، نە ک عەرب، چونکا عەرەبی وەکو صەدام و ئەسەد و بەشار -ی زەرافە و مەرافە. بێجگە لە کورد کوشتن و مل بەرز کردنەوە و خۆهە لمسان، شتێ تریان، نە کردوەو ئەوە، فەرەنگە، کەبەرقی دۆزیوە تەوە کەدایکی هەمو تیکنیک و تێکنۆلوژی یە و توانیویانە ئوتومبیل، تەلەیفون، فرۆکە و بالگرد و تلوێزیون و رادیو و تەلەیفۆنی گیرفانی؛ ساز بدەن و دنیا پڕبکەن لە شتی نایاب و بە کەڵک و موفید، نە ک عەرەب و تورکی وەسمانی و... دیارە ئەگەر داگیرکە رانی کورد و کوردستان ئاوازە بروزەنگیان لە کورد، نەدابا، نەتەوەی کورد، دەیتوانی، شان بەشانی فەرەنگ بڕواتە پێشەوە، چونکا نەتەوەی کورد، شادن و باوەڕیان، بەئازادی و دێموکراسی و عەدالەت و بە رامبەری، هەیە.

١٨٨٠ یا (١٣٣٠) راپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای، نەهری شاهی شەمزین یە کەمین راپەڕینی کوردایەتی نەتەوەی کوردە؛کەلە نەهری کوتکرەیەکی بۆچارە سەری کورد، سازداو ٢٢٢ کەس لەسەرانی کورد، لەوێ بە شداربوون.

١٩١٨_١٩١٤، جەنگی نێوگەلانی یە کەم.

١٩٢٠ز - راپەڕینی سمکۆی مەزن لە رۆژهە لاتی کوردستان، کە تا ساڵی ١٩٣٠ز- بەردەوام بوو مەحمود-ی ئەفشار و ئیعتیلائو لمولک و والا حەزرەت تەیمور تاش و... لە ئێران، دەیان وت: بابەرابەری سمکۆ دەوڵە تێکی کوردی

Dr.Saleh Ebrahimi



ساز بدریّ تالە شەڕی تورکی وەسمانی رزگارمان ببیّ و تەنات عەسای مورەسەع‌وفەر مانی حوکومەتی سەرحەداتیان بۆناردوە. بەلاّم فروغی خیانەتی بەکورد و سمکۆی مەزن، کردو بەداخەوە سمکۆی مەزن لە ٢١ ژوئێنی ١٩٣٠ر- لە شاری شنۆبەرەشەکوژی شەهیدکرا. (بڕوانە حەوتەنامەی سیروان و هەرواگوڤاری ئێرانمیهر، پەڕەی ٧٩ و ٨٠ چاپی مانگی گەلارێزان و سەرماوەز - ی سالّی ١٣٨٤ی هەتاوی بە قەلەمی (شەپۆل) بە زمانی کوردی.

١٩٢٤ (مانگی مارس) راپەڕینی شێخ سەعید پالّۆ لە باکوری کوردستان.

١٩٢٦ سنوری ئێستای نێوان تورکیە و عێراق نیشانەگەری کرا.

١٩٢٧ راپەڕینی مەلیک مەحمود حەفید: بەرزنجی لە باشوری کوردستان و لە ١٩٣١ز، راپەرینە کە توندوتۆلّ تریوو

—— راپەڕینی سالّی کوردانی باکوری کوردستان بە هۆی ژەنرال ئیحسان نوری پاشاکە تا ١٩٣٠ز- پەردەوام بوو.

١٩٣٠ راپەڕینی کوردانی رۆژهەلاّتی ئاناتولیّ‌ەوەرە هەتیوەکانی ئەتاتورک، ئینکاری نەتەوەی کورد، لەرۆژ هەلاّتی ئاناتۆلی دەکەن و کورد، بە تورکی کێوی ناودەبەن.

١٩٣١ز - راپەڕینی شێخ جەعفەر، لە رۆژهەلاّتی کوردستان و حوکومەتی ئێران دەلّێ: موشکولیّ بەناوی مەسەلەی کورد، وجودی نیە.

١٩٣١-١٩٣٥ز- راپەڕینی کوردانی بارزانی

١٩٣٢ (مانگی ئوکتوبر) قەیمومەتی ئینگلیس بەسەر عیراقدا، دوایی‌هات.

١٩٣٤ بردنە دەرەوەی نەوتی عێراق دەسی پێکرا.

١٩٣٦ (٢٨ی ئوکتوبر) کۆدیتای نیزامی لە عێراق بەرابەری ژەنرالّی کورد،

Dr.Saleh Ebrahimi



بە کرصەدیقی.

١٩٣٧ راپەڕینی کوردان لە ناوچەی درسیم و یارمەتی کوردانی باشوری رۆژاوا بەوان.

١٩٣٩ دەس پێی کردنی جەنگی دوەمی نێوگەلانی.

١٩٤١ ئەوەڵی ئاوریل: کۆدیتای دژ بە ئینگلیس لەبەغدا بە رابەری، سەرۆک وەزیرانی عێراق: رەشیدعالی گەیلانی لەرەگەزی حەزرەتی غوسی ئەعزەم شێخ عەبدولقادر گەیلانی کوردی گەیلانی رۆژ هەڵاتی کوردستان.

١٩٤١ (١٨ ئاوریل) هێزی شەروانی ئینگلیس لە عیراق دابەزی و جێگیربون.

١٩٤٢ (لە ١٦ی سپتامبر) لە شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خیزبی کۆمەڵەی (ژێکاف) سازدراوە.

١٩٤٢ لەمانگی ئوکتوبر حیزبی هیوا لە باشوری کوردستان سازدرا.

١٣٣٢ی هەتاوی مەلا سەلیم و شەهابەدین و عەلی ئامان لە ولاّتی بدلیس لە باکوری کوردستان بە دژی تورکی وەسمانی راپە ریون و سەرەنجام مەلا سەلیم خۆ دەخاتە کۆنسولگری روس تا جەنگی نێوگەلانی لەوێی رای دەبۆیرێ.

١٩٢٠ حەکیم مەلا ئیدریس بدلیسی بووە هۆ تا شائیسماعیل صەفەوی کورد، لە چالدران تێ بشکێ و ئەورورداوە لە مێژوی تورکی وەسمانی بە کلیلی سەرکەوتنی تورکی وەسمانی لەئاسیای نافیندا، ناودە برێ. دیارە سولتان سەلیم-ی تورک لەرێ حەکیم ئیدریس بدلیسی، عەهد نامە یەکی مۆروئیمزا کردبو کە ١- ئەمیرانی کورد، لەسەر حوکومەتی میراتی خۆیان بەردەوام بن و حوکومەتی تایبەت بەخۆیان هەبێ ٢- هەرکاتێ، دەوڵەتی تورکی وەسمانی لەگەڵ یەکێ لە دەولەتەگەورەکان بە شەڕهات ئەمیرانی کورد، بەساز و بەرگی جەنگی خۆیانەوە بچنە یارمەتی حوکومەتی عوسمانی ٣- حاکمانی کورد، ساڵیانە بەناوی هیدبە، شتێ بدەن بە دەوڵەتی تورکی وەسمانی و لەنە تیژەدا

Dr.Saleh Ebrahimi



سولّتان سەلّیم دەسەلاّتی خوّی بەسەر ۴۰ ئـەمیرنشینی کـورد، داسـە پـاندو بوّفریو، دیاری بە ئەمیرە کوردەکان داوبە حەکیم ئیدریس بدلیسیش شیرٌمورە سەعو دوازدە هەزار حوقەتەلاّ و فەرمانی خەرج و باجی روّژانەی پیّدا.

۱۳۲۰ عەبدو رەحمان پاشای بابان لە سلیّمانی سەری هەلّدا وگولّی کرد

۱۳۳۱ ئەحمەد پاشای بـابان بـرازای عـەبدو رەحـمان پـاشای بـابان سـەری هـەلّداو گولّی کرد

۱۲۳۹ -کوردانی زازا بە دژی تورکی وەسمانی راپەرین.

۱۲۴۰ مانگی ئەمیر بەدرخان لە تەمەنی ۱۸ سالّیدا بـووە حـاکـمی جـزیرو بوّتـان و خەریک بوو زیاتر پەرە بەخاکی بن دەسەلاّتی خوّی بـدا ئـازادی و سـەربە خوّیی کوردو کوردستان، رابگە بیّنیّ و نویّەری بە دنـیادا نـارد تـامەسەلەی کورد بوّجیهانیان بەیان بکەن تەنانەت لەسەرانی وان کەسانیّ وەک مستەفا بەگ، دەرویش بەگو مەحمود بەگولە سەرانی هـەکـاری کـەسانیّ وەک نورولّلاّبەگ و فەتتاح بەگ و لەسەرانی خیّزان کە سانیّ وەک خالید بەگولە موش کەسانیّ وەک شەریف بەگ سەروکی خیّلّی فارس و لەئاجار کە سانیّ وەک حسیّن بەگ کەجوزوی یەکیەتی کورد بوو بەسەر وکایەتی بەدرخان پاشا، لەزانایانی موسلّ زاتیّ وەک شیّخ محەمەد و لەزانایانی زاخوّیش کەسیّ وەک شیّخ یوسف لەدەوری بەدرخان پـاشائالاّبـون و بـەسودی راپـەریـنی کورد، دەسیان کردبوو بەتیّکوّشان و زاناکانیش خەلّکیان بوّیەکیەتی و یەکبون بوّکـوردایـەتی کـردن بـانگ دەکـرد. زوّربـەی سـەرانـی کـورد، تـەنانەت خوسرەخان ئەردەلاّن کوڕی ئـەمانە للاّخـانی ئـەردەلان والی کـوردستان چووە، نیّویەکیەتی کورد و کوردستان بەرابەری ئـەمیر بـە درخـان پـاشاولە ۱۲۴۸ تا سالّی ۱۲۵۸ لە ناوچەکانی هەکاری، رەواندز و تورعابیدین شەری

Dr.Saleh Ebrahimi



تورک و کورد، دەسی پێی کردوبوو بەلاّم بە داخەوە لەبەر نەبوونی بەرنامەیێ گشتی ورێک و پێک و نەبوونی گارکەی چەک و چۆلّ سازدان و کەمی چەک و تەقەمەنی و خەیانەتی عیزەدین شێر، بزاوی بەدرخان پاشای کوردیش ئێشکا. ـ و میری رەواندز میر محەمەدی گەورەش هەرلە و کاتانەدا راپەڕی.

۱۲۴۹ شەریفخان ئەمیری بدلیس بەدژی تورکی وەسمانی راپەڕی

۱۹۴۳ (مانگی ژوئێن) ژەنرالّ مستەفا بارزانی لە باشوری کوردستان، لە مالێکدا لە سلێمانی کەلە ۱۹۴۲ز- لەوێ لە مالّی خۆی دەس بەسەربوو خۆی دەرباز کرد.

۱۹۴۳ مانگی ژولای کوردانی باکوری کوردستان بەرابەری شێخ سەعید بیروکی بە دژی تورکی کۆنە وەسمانی راپە ریون و چەندین خێلّی کورد، پشتیوانیان لەو بزاوە دەکردو داوای خودموختاریان دەکرد.

۱۹۴۳ لەمانگی ژولاّ - ئوکتوبر لەچیاکانی باشوری کوردستان جەنگ و راپەڕین بە ردەوام بووە.

۱۹۴۴ نوری سەعید سەروک وەزیرانی عێراق دەچێتە ناوچەی کوردستان

۱۹۴۴ ماجد مستەفا یەکێ لەوەزیرە کوردەکانی نوری سەعید لە مانگی ژانویە، بەرێ کرا، بۆ ناوچەی کوردستان

۱۹۴۴ کۆمەلّەی ژیکاف ئالاّی سی رەنگی کورد و کوردستانی سازدا.

۱۹۴۴ لەمانگی ئوتدا نوێنە رانی کوردانی بە شی باکورو بەشی باشور و بەشی رۆژ هەلاّت لەچیای دالاّنپە رلە بابەت یەکیەتی کوردو لەبابەت کەرکوک و **ناوچەی بالیو،کەلەکوردستانی** بن دەس سوریە، دەچێتە سەر دەریای مەدی ترانە، قسەیان کردوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



١٩٤٥ مستەفا بارزانی را بەری کەبیری کورد، لە فوریە حیزبی ئازادی لە ئەفسەران و کاربە دەستانی کورد، کە لە نێودە لەتبون سازداولە ١٢ی فەوریە لەبە یانیەی خۆیدا فەرموی: مەبەست لەم حیزبە تازە، بەدی هێنانی هاوکاری و هاودە نگیە لەنێو خێلە کانی ناوچەی بارزان و یەکیەتی هەمو هۆزەکانی کوردستانە.

١٩٤٥ لە ١٠ی ئوت راپەڕینی مستەفا بارزانی گەیشتە ئەوپەڕ.

١٩٤٥ سپتامبر - ئوکتوبر: حەزرەتی مستەفا بارزانی، هێزی شەروانانی عێراقی تێک شکاندن و خۆی گەیاندە رۆژ هەلاتی کوردستان بۆ یارمەتی دانی کۆماری کوردستان

١٩٤٥ پێشەوا قازی محەمەد لەگەلّ هەندێ لەکە سایەتیە کوردەکان لەمانگی سپتامبردا چووە شۆرەوی و یەک ماشێنی چاپی وەرگرت

١٩٤٦ لە ٢ی رێبە ندانی ١٣٢٥ی هەتاوی و رێکەوتی ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ز-لە کۆبوونە وەیەکی گەورەی سەرانی کوردو خەلکی شاری مەهاباد، پێشەوا قازی محەمەد کە جلکی نیزامی (: ئونیفورم)ی ئەرتەشی شۆرەوی لەبەر دابوو مێژەری مەلایەتی لەسەر دابوو، کۆماری سەر بە خۆی کوردستانی، راگەیاند، کەلە ١١ی فەوریەی ١٩٤٦ز-بەسەر کۆماری کوردستان، هەلبژێردرا بوو.

١٩٤٦ لەسەرە تای مانگی مارسدا حەزرەتی مستەفا بارزانی بە سێ سەد (٣٠٠٠) سوارو پیادەی شەڕ وانانی خۆی بەشە قامەکانی مەهابادا، هاتن و چوون و هێزی پرۆەزی نیزامی خۆی نیشاندا و خەلکی کورد، لە خۆشیان کردیانە چەپلە رێژان و فەخریان بە بارزانی دەکرد.

١٩٤٦ لە ٣١ی مانگی مارسدا مستەفا بارزانی بەپلەی ژەنرالّی لە لایەن دەولّەتی کوردستان لە مەهاباد هەلبژێردرا هەرچەن لە هەندێ سەرچاوە، نوسراوە کە سپای شۆرەوی پلەی ژەنرالی بە مستەفا بارزانی داوە کە بارزانی لە جەنگی

Dr.Saleh Ebrahimi



کورە قارەمانی نوواندوە، رۆژنامەی ئیعتماد پەرەی ۴ ژمارەی ۷٦ دەهەمی سپتامبری ۲ ۲۰۰ ز - چاپی تاران -

۱۹۴٦ لە دیسامبرا ژەنراڵ مستەفا بارزانی و شەڕ وانەکانی لە بەرەی جەنگی شەقزدا، لە جەنگی مامەشەدا لە پوشیەڕی ساڵی ۱۳۲۵، بارزانی یەکان زیاتر لە (۲۰۰) کە سیان لەشەڕ وانانی ئێرانی بەفەرماندەیی سپەهبود رەزمارا، کوشت و بریندار کردو فەرماندەی بارزانی یەکان سەرهەنگ ۲ مستەفا خۆشناو بوو تەنیا کەسێ بە ناوی خەلیل خۆشەوی کەلە نێز یکانی مستەفا بارزانی بوو لەو شەڕەدا کوژراوە و لە ۲۲ی مانگی مەهـ چەندین شەروانی ئێرانی کەوتبونە کەمینی بارزانی یەکان و بەدیل دەگیردرێن و بە یەخسیرکدیان بەنە مەهاباد و ئەوە، ئەونەی تر بووە، هۆی شکۆو قەدر و حورمەت بۆبارزانی یەکان بە رابەری ژەنراڵ مستەفا بارزانی.

۱۹۴٦ لە ١٦ی دیسامبرا بە داخەوە کۆماری کوردستان لە مەهاباد هەرەسی هێناو تیاچوولە دیسامبر مەلا مستەفا چووە شاری نەغدە و لە ۱۰ خاکە لیوەی ۱۳۲٦ ورێکەوێ ۳۱ مارسی ۱۹۴۷ز- پێشە واقازی محەمەد و بەرێز ئەبولقاسم صەدری قازی برای پێشەوا و ژەنراڵ محەمەد حسێن خان سەیفی قازی برازای پێشەوا، لەچوار چرای مەهاباد بەقەنارە بە دەسی رەشی حەمەرەزا پە هلەوی شەهید کران.

۱۹۴۷ لە ۲۷ مانگی مەهدا مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ ۵۰۳ کەس لە بارزانی و پەیرەوانی بەرەو روسیە وەرێ کەوتن و لە ۱۵ ژوئێنی ۱۹۴۷ لە ئاوی ئاراز پەرینەودو چونە خاکی شورەوی و حەماسەیان خولقاند و بووە هۆی سەر سوڕمانی پسپۆرانی سپایی جیهان، کەس گومانی، لە هەڵکەوتەیی بارزانی نەماو حوکومەتی ئێران و تورکی کۆنە وەسمانی و عیراقی دڕاند. بەڵام بە

Dr.Saleh Ebrahimi



داخـەوە (مسـتەفا خوّشناو، عیّزەت عـەبدولعەزیز، محەمەد مـەحمود و خەیزوللاّ عەبدولکەریم) حوکومەتی عیراق شەهیدی کردن.

١٩٤٦ لە مانگی ئوت‌دا حیزبی دیّموکراتی باشوری کوردستان بەرابەری مەلا مستەفا بارزانی سازدراو لە دواییدا کرایە حزبی ئیتحادی دیّموکراتی کوردستان.

١٩٥٨ ز- لە ١٤ی ژولای عەبدولکەریم قاسم کوردی فەیلی بە کودیتا بووە سەر کوّماری عیّراق و رایگەیاند کە عیراق هی کورد و عەرەبە و کورد هاوبەشە.

١٩٥٨ لە ژولاّی ٥٨ مەلا مستەفا لە پراک بوو دوای هاتنە سەرکاری قـاسم، مـەلا مستەفای بارزانی بانگ کرد تابگەرِیّتەوە عیراق و ئەویش لە ریّگـای گـەرانـە وەدا لە قاهیرە، چاوی بە جەمالّ عەبدوناسر، سەرکوّماری میسر کەوت و دوای و تویّژیّ تـایبەت و مـاوەیێ مـانەوە لە قـاهیرە، لە ئـوکتوبردا، بـەریّزەوە قارمانانە، بە فروکە گەرایـەوە بـەغدا و پیّشـواریێ فـرە گـەرموگوری لیّ کـراو حەشیمەتیّ فرە هاتبوونە پیّشوازی ژەنرالّ مستەفا بارزانی و هەروا ٨٥٠ کەس لە بارزانیەکان کەلە شوّرەوی بون بەگەمی روسی لە بەندەری بەسرە پیادەبون و لە ١٦ ئاوریلی ١٩٥٩ قارەعامانە پیشوازیان لیّ‌کرا.

١٩٥٨ لە ١٧ی ژولای حیزبی ئیتحادی دیّموکراتیکی کوردستان لە قاسمی ویست خودموختاری بە نـەتەوەی کـورد، بـداله سـەرە تـای ئـوت‌دا قـاسم هیّـزی بەرخودانی نەتەویی سازدا و لە ١٩ ئـوت حـیزبی ئـیتحادی دیّـموکراتـیکی کوردستان کەداوای بلاّو کردنەوەی روّژنامە یەك بەزمانی کوردی، کردبو، رەدی کردوّتەوە.

١٩٥٨ لە ١٦ ئـوکتوّبـر مـەلا مسـتەفا بـەناوی دەبیرکوللی حیزبی ئیتحادیەی دیّموکراتیکی کوردستان لەیەکیەتی شوّرەوی دەگەرِیّتەوە.

١٩٥٩ عیراق بەرا بەری قاسم لە ١٤ ئاوریلی ١٩٥٩ لە پەیمانی بەغذا هاتەدەریّ و لە

Dr.Saleh Ebrahimi



٢١ی ئوتی ١٩٥٩ز-ناوەندی ئەو پەیمانە برا ئەنقرە و ناوەکە کرایە، پەیمانی سەنتۆ. - هەرلە ١٤ ئاوریلی ١٩٥٩ز- حیزبی ئیتحادیەی کوردستان، ئیجازەی لەچاپدان و بلاّوکردنەوەی روّژنامەی (جەبات)ی وەرگرت و لەپاشان چەن گوّفارو روّژنامەی دیکە بەزمانی کوردی بەرێوێتی مەلا مستەفا بارزانی بلاّو کرایەوە.

١٩٦٠ لە ٦ ژانویەی ١٩٦٠ز حیزبی ئیتحادیەی دیمۆکراتیکی کوردستان کرایەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە ٣ نوامبری ١٩٦٠ مەلا مستەفا بوّبەشداری کردن لە سالّروّژی راپەرینی ئوکتوبر، بچێتە شوّرەوی بەلّکو شوّرەویش دنەبدا تا عیراق وادار بکا خودموختاریێ زیاتر بە کوردەکانبدا، بەتایبەت کەشوّرەوی لە رادیوکانیدا دژایەتی سەبارەت بەقاسم باس کردبوو، بەلاّم مەلا مستەفا خێرێکی لەو سەفەرە نەدی و لە ١٣ ژانویەی ١٩٦١ گەراوە بوّبەغداوزانی تەنیا، وە تەنیا دەبێ کورد، پشت بەخوّی و یەکیەتی و رابەری دروستی خوّی ببەستێو نەک ئەمۆئەو.

١٩٦١ مەلا مستەفا لە مارسی ١٩٦١ روی کردە، چیاکانی کوردستانو راپەرینی کورد بوّئازادی و راپەرینی بە رابەری ژەنرال مستەفا بارزانی دەسی پێکردو قاسم لە ٢٤ سپتامبر، رایگەیاند بارزانی بە راپەرینی خوّی نوانیویەتی $\frac{1}{3}$ سێوەمی خاکی کوردستان، بخاتە، بەردە سەلاّتی خوّی. - لە ژوئین -ی ١٩٦١ مەلا مستەفا و حیزبی دیموکراتی کوردستان داوای مافی نەتەوەی کوردیان کرد. - بەلاّم قاسم شەری بە بارزانی فروّشتو لە ٢٣ سپتامبر قاسم بەقسەحیزبی دیموکراتی کوردستانی بەنارەسمی دانا و کەسەکانی کومەیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبە غداوە خوّیان بوّکوردستان دەرباز کردو مەلا مستەفا لە پاشەکشەی هێزی شەروانانی عیراق، کەلّکی وەرگرت.

Dr.Saleh Ebrahimi



۱۹٦۲ لەهاوینی ۱۹٦۲ دا زیاتر لە (۳۰۰۰) کەس لەئەر تەشی عیراق هاتنە دەرێ و چوونە لای بارزانی.

۱۸٦۳ لە ژانویەی ۱۹٦۳ سالم عەبدوللایوسف نوێنەری کورد، لەگەلّ عەلی صالح سەعدی بەعسی دیداری کردو نوێنەری بەعس بەلێنی خودموختاری بەگەلی کورد، داوکورد، لە تیاچوونی، رەژیمی قاسم شادبوون، هەر چەند لەروخانی ئەوابەشدار نوبوون -کورد فەرمویەتی: لە کاتی نیاز، دۆستو دوژمنی خۆت باش. دەناسی، دوابە دوای روخانی قاسم هەم رەژیمی عارف و هەم موخالیفانی رەژیمی عارف، دەکۆشان کوردەکان بۆلای خۆیان بەرن بەلام فەرماندەیی ئیقلاب پێش دەسی کردو لە ۸ فەوریەی ۱۹٦۳ راپەرینی کوردی بۆماف خوازی پرشکۆناوبردو لە ۴ی مارسی ۱۹٦۳ یەک دەسەلەبە عسی عیراقی کە ۲ وزیری کورد بەناوی (فوئاد عارف وەزیری نێوخۆو بابەعەلی وەزیری کشت و کالّ-ی کابینەی بەعسیشیان لەگەلدا بوو، بۆ دیداری مەلا مستەفا بارزانی چونە کوردستان، لە دوایدا عەلی صالح سەعدی بریکار: موعاونی سەروک وەزیرانی بەعسی بەغدا، لەگەلّ نەتەوەی کوردا سازاون.

۱۹٦۴ لە ۵ ژوئێنی ۱۹٦۴ دەسەیێ بەسەرپەرستی تاهیر یەحیا سەروک وەزیرانی دەولەتی عەبدوسەلام عارف چوونە رانیە تا لەگەلّ ژەنرال مستەفا بارزانی مرا بەری کورد و کوردستان دیدار و وتووێژ بکەن. مەلا مستەفا لە ناوە راستی سپتامبر -ی ۱۹٦۴ز-کۆنگرە یەکی گەورەو پەرەداری لە رانیە سازداو بارزانی لەو کۆنگرە دازیاتر پشتیوانانی پەیدا کرد تا راپەرین باشتر بە رێوە بەرێ و لە ۴ی ئوکتوبر -ی ۱۹٦۴ مەلا مستەفا بارزانی لە رانیە کۆنگرەیێ گەورەتروپە ڕەدارتری سازو رایگە یاند، چون حوکومەتی بەعس بەلێنەکانی ئەنجام نەداوە، یەک مەجلیسی قانون دانەربە ئەندامبونی ۴۳ کەس و شورای

Dr.Saleh Ebrahimi



فەرماندەیی جەنگی بۆ بەرێوە بردنی جەنگ و یەک کومەیتەی ئیجرایی کە ١١ کەس ئەندامی بو، سازی داو مەلا مستەفا خۆی، نوێنەرانی لەهەر جییە ک مەیلی بوو، داینا و دوای چەن حەوتو، **دەوڵەتی خـودموختاری کـوردستانی دامە رزاند،** لە ناوچە یەکدا کە تا $\frac{3}{4}$ی هەمو خاکی کوردنشین بوو ناوچەی خودموختاری کردە، پێنج بەش ـی ئیداری و هەربەشەیش فەرمانداری نیزامی و بەرپرسی ماڵی و ماف و حوقوقی تایبەت بەخۆی بۆدانا.

١٩٦٥ لە ٢٢ ئوکتوبری ١٩٦٥ عەبدو رەحمان بەزاز سەروک وەزیری حوکومەتی بەعسیعەبدو سەلام عارف، چووە قاهیرە و لە ٢٤ی توکتوبر ١٩٦٥ ناصر ـی میسر دەستوری دا تانویتەری کوردەکان لەمیسر، دەربکەن.

١٩٦٦ لە ١٣ ئاوریلی ١٩٦٦ عەبدوسەلام عارف بەداکەوتنی هیلیکۆپتێر مردوئەو رەحمان عارفی برای بووە سەر کۆماری عیراق، لەمانگی مەهـ ـی ساڵی ١٩٦٦ بە ٤ هەزار شەڕوان و زیاتر لە ١٠٠ فروگەی جەنگی هیرشیان بردە سەر، پێشمەرگە، تالە رێگای رەواندز ٢ کێوی هێند رین و زۆزک. کەبەسەر جادەی رەواندزا دەیان روانی، بیگرن و بەخیاڵ جەرگی کوردو پێشمەرگە، هەڵدڕن، **مەلا مستەفا لە ١١ و ١٢ی مانگی مەه، پێشمەرگەکانی خستەبن فەرمانی** خۆی و هەر وەکو هەورە بروسکە و هەورە ترشیقە، دای بەسەر یەک تیپی شەڕوانانی عەرەبی عیڕاقی کە لە نێو شیوو دۆڵی ئەو ٢ کێفەدا بوون و مەلاّ مستەفا شەل و کوتی کردن و بەپێی هەواڵی (رنە موریس) زیاتر لە (٢٠٠٠) شەروانی لێ کوشتن وکە لاکیان لەوێ کەوتبو و ژمارێ فرە چەک و چۆڵ و کەرەستەی شەڕیان لێ بە جێماو کەوتە دەس پێشمەرگەی کورد. جەنگی هێندرین زەندەقی شەڕوانانی عیراقی برد و تێشکانی حوکومەتی بەعسی عیراق ئەو رەحمان عارف و ئەو رەحمان بەزازی وەها ترساند کە

Dr.Saleh Ebrahimi



ناچار بوون سه ریان بۆ ژەنرالْ مستەفا بارزانی دانەواندو ئەو رەحمان بەزار سەرۆک وەزیری عراق لە ۲۹ ژۆئێنی ۱۹٦٦ز- تەرحی ۱۲ مادەیی حوکومەت بۆئاشتی لەگەلْ نەتەوەی کورد، بە رابەری ژەنرالْ مستەفا بارزانی، رایگه یاندو بارزانیش ئەو تەرحەی قەبولْ کرد، تابەلکو ئاو بە ئاوراکرێ و شەر وەستا. کاتێ عەبدولکەریم قاسم لە عیراق سەرکەوت، رایگەیاند کە عیراق هی کورد و عەرەبە، بەهاو بەشی. تەرحی ۱۲ مادەی بەزاز بە کورتی ئەمانەن، ۱- لامەرکەزی بە رەسمی بۆکورد، دەناسرێ و لە قانونی بنەرەتی جێگیردەکرێ ۲- زمانی کوردی وەک زمانی عەرەبی دەخوێندرێ و دە نوسرێ ۳- ناوچەی کوردنشین شورای تایبەت بەخۆی دەبێ کە کوردبن ۴- کار بە دەسان لە کوردستان دەبێ کورد زمان بن. ۵- کورد بە نیسبەتی جەمعیەتی خۆی لە مە جلیسدا، لە هەیئەتی حوکومەتدا، خزمەتی ئیداری، کاروباری قەزایی، سیاسی و نیزامی بەشدار دەبێ ٦- کورد، ئازادە، حیزبی سیاسی، رۆژنامەی خۆی هەبێ ۷- ئەوکوردانەی کەدەسیان لە کاروباری نیزامی و ئیداری و پولیس بەرداوە، دەگەرێندرێنەوە سەرکاری جارانیان ۸- ئەبێ کوردستان بازسازی بکرێ و قەرەبوی زیان لێ کەوتوان بکرێتەوە ۹- لە مانگی ئوکتوبری ۱۹٦٦ز- ئەو رەحمان عارف سەرکۆماری بەعسی عیراق چووە کوردستان بۆ دیدار و وتووێژ لەگەلْ ژەنرالْ مستەفا بارزانی - و رایگەیاند، کە بارزانی پشتیوانی لە حوکومەتی عیراق دەکا و ئێمەیش چەند کورد، دێنیتە نێو کابینەی دەولْەت و مەلا مستەفا لە مانگی ئوکتوبر، کۆنفەرانسێکی سازدا و رایگەیاند کە چاکسازی لە کوردستاندا ساز دراون.

۱۹٦۷ لە ۵ ژۆئێن تا ۱۰ی ژۆئێن-ی ۱۹٦۷ شەری ٦ رۆژەی عەرەب و جولەکە،

Dr.Saleh Ebrahimi



دەسی پێ کردو هەروەک بەرق هات و لەو ٦ رۆژەدا جولەکە سپای میسرو ئۆردوّن و سوریەی دابڵوسی و شڕو وڕی کردن و ئەو سێ حوکومەتەی سست کردوتێکی شکاندن،وزه ربەیێ فرەیشی لەپێگەی هەوایی ئیج ۳ی شەڕوانانی عیراق داکە ۲۲۰ فرۆکەی جەنگی لیبو،کەهیچ و زەیان نەهات و حوکومەتی بەغدایش تەنیا ئاگاداری نامە یەکی ساختەچی بلاّو کردەوە و هیچی دی، لەو سەردەمەوە عەرەب لەراست جولەکەدا ناوێرێ بلێ: لەلّ کەچی بۆ قڕکردنی نەتەوەی موسولّمان و نەحیبیی کورد، کەئەو هەمووە خزمەتە فەرهەنگی و ئابوری و سیاسی و جەنگییەی بە عەرەب کردوە، کلکیان لەبان شانیان چەقاندوە و هەر وەکو دوپشکە رەشە بە روّلّەکانی سولّتان صەلاحەدینەوە دەدەن.

١٩٦٨ لە ۱۷ ژوّلای ئەورەحمان عارف لادراو ژەنرال حەسەن بەکر هاتە سەرکارو عەبدورەزاقنایف لە ۱۹ی ژوّلای کابینەی سازدا و ۳ وەزیری کوردی بەناوی (ئیحسان شێرزاد، موحسین دزەیی و موسلیح نەحشبەندی) دانا بەلاّم ئەوان نەچونە سەرکارولە ۳۱ ژولای ئەحمەد حەسن بەکر، حوکومەتی سازدا و ۲ وەزیری کوردی بەناوی: (ئیحسان شێرزاد و موحسین دزەیی) دانـاولە ۳ی ئوت شورای تازەی عیراق ـ ی، رایگە یاند: تەرحی ۱۲ مادەیی بەزاز بە رێوەدە برێ و لە ۵ ئوتی ١٩٦٨دا حوکومەتی عیراق ـ ی رایگەیاند. تەواوی ئەو کوردانەی لەپۆست و کاری دەولّە تی هەلاّتون، عەفودە کرێن ولەسەر کاری جارانیان دادە مەزرینەوە و زیاتر لە ۳۰۰ زیندانی ئازاد، دەکرێن و لە ١٩٦٩ حوکومەتی عیراق بە ٦٠ هەزار شەڕوان بە توپ و تانگ و فرۆکەی جەنگی لە خەت و هێلی رەواندزەوە هێرشی کردە، سەر کوردو لە ۹ ئاوریلی ١٩٦٩ بەرەشە کوژی هێرش کرایە سەر مەلا مستەفا بارزانی کە ماشێنەکەی

Dr.Saleh Ebrahimi



لە کەمین کەو تبو، بەلاّم سەرنەکەوتن.

١٩٦٩ لە ژوئێنی ١٩٦٩ حوکومەتی بەکر لە بێروت پیتە ختی لوبنان لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەی کورد، بەناو بژی گەری میشیل عەفلەق دەبیرکوللی حیزبی بەعس، ووتوێژێ ئەنجام درا تا ١٢ مادەی تەرحی بەزاز بە ڕێوە ببرێ و ئەو وتووێژانە، بەنهێنی ئەنجام دراوە، بەلاّم رازی لای خەلّک ئاشکرا کراوەو حوکومەتی بەعس رایگە یاندکەلە سالّی ١٩٦٩ سیٚ لە سەدی بودجەی گشتی ولاّت بەفیرۆ خەرجی شەڕی کوردستان کراوەو بێ ئاکامیش ماوە و پولٚ و خوێن و دراومان، دوّراوە ولە پایزی ١٩٦٩ زیاتر لە هەزار قوربانیمان داوە کە زیاتریان لە جاشەکان و بەکرێ گیراوانی تالّەبانی بون (بڕوانە جونبوشی کورد، ئیدگار ئوبالاس، تەرجەمەی ئیسماعیل فەتتاحی قازی پەڕەی ٢٢٩ چاپی ١٣٧٧ هەتاوی موئەسەسەی بلاّوکی نیگا، تاران، و حەسەن بەکریەکێ لەوە زیرەکانی کابینەی بەناوی (فوئاد عارف) کەکورد، بوو ناردیە لای مەلا مستەفا بارزانی، مەلا مستەفا بۆدلّنیابوون لە بە ڕێوە بردنی یەیمانەکە، فەرموی دەبێ واتای پەیمانەکە لە سازمانی نێوگەلانی سەبت بکرێ و حەسەن بەکر بە ڕەد کردنەوەی فەرمودەی بارزانی، صەدام حسین تەکریتی موعاونی سەر کۆمارورێبە ری حیزبی بەعس ـ ی راسپارد تا بەسەر پەرستی دەسەیێ و تووێژکەر لەگەڵ نوێنەرانی مەلا مستەفا بارزانی، بگرێتە ئەستۆ، مەلا مستەفا بارزانیش ئاغای دوکتور مەحمود عوسمان دەبیرکوللی نوسینگەی بەرێوە بەری کوردستان-ی بەسەروکی دەسەی و تووێژکەر لەگەل صەئدام حوسێن، دیاری کردو هەروا محەمەد مەحمود-یشی دیاری کرد کەلەبەرا لە ناوچەی ڕەواندز فەرماندەی پێشمەرگە بوو.

لە ٢١ ژانویەی سالّی ١٩٧٠ز- ژەنرالٚ عەبدغەنی راوی کودیتای کرد و

Dr.Saleh Ebrahimi



تێشکاو لە ٢٢ ژانویە شورای فەرماندەیی عیراق بە ئاشکرا رایگە یاندکە تەرحی ١٢ مادەیی سالْی ١٩٦٦ز، بەڕێوە دەبرێ و مەسەلەی کورد، بەئاشتی چارە دەکرێ و بۆدڵنیایی کورد، هەمو ئەو شەڕوان و کەسانەی نیزامی نە بوون و بەگژ حوکومەتا چون عەفوی کردن و دوای و تووێژیێ پڕوچڕلە نێوان نوێنەرانی کورد و صەدام و عیراقیان، لە ١١ مارسی ١٩٧٠ زاینی قەراردادی ئاشتی مۆرو ئیمزا کراو ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی کوڕانی مەلا مستەفا بارزانی بە نورینەرایەتی کورد ئیمزا و مۆرکراو بۆرۆژی دوایی حەسەن بەکر رایگە یاند: کە حوکومەتی عیراق خودموختاری فەرهەنگی و بەرابەری ماف و حوقوقی نەتەوایەتی بوگەلی کورد، بە رەسمی ناسی و دیانی پیدا ناو ئەو پەیمانە کەلەسەر بنەرەتی تەرحی ١٢ مادەیی سازدرابوو کە دارای ١٥ مادە بوو خودموختاری تەواو کە مالْی بۆ نەتەوەی کورد، تەزمین و گارانتی دەکرد، یەکێ لەو مادانە ئەوەبوو کە موعاونی سەر کۆمار، دەبێ کورد بێ و زمانی کوردی بە ناوی یەکێ لە ٢ زمانی رەسمی ولاّت، بناسرێ و کوردەکان بەنیسبەتی جەمعییەت، لە حوکومەت، ئەرتەش، پولیس، قووەی موقەننە و لەزانکۆکان ئەندامبن و حەسەن بەکر، رایگە یاند، ئەوئاشتی یە ئاشتی یەکی هەمیشەیی دەبێ. ئەوئاشتی یە، هێزوبیروردی و نیشتمان ویستی و کورد حۆشە ویستی حەزرەتی ژەنرال بارزانی نیشان دەداکە چلۆن توانی سەر بەو دیکتاتۆرە، مارزانە، دانە ویێ و مافی رەوای نەتەوەی کوردی دابەشکرا و، بەوان بە رەسمی بناسێ کەئێستایش لە ٢٠٠٨ز-کورد، هەرئەونەی بە دەسە کە حەزرەتی مەلا مستەفا بارزانی بە زۆری بیرو ئەندێشە و راپەڕینی خۆی لە زالْمانی ئەستاند. ئەوەیە، دەبێ پڕ بە دلْ بلێین: ژەنرالْ مستەفا بارزانی رۆژە و کورد وکوردستان لەهەر هەل ومەرجێکدا بێ، سێبەری رەحمەت وبەرەکەتی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەو زاتە پاکە، هابەسەر کورد و کوردستانەوە و نـوروتیرێـژ بـە سـەرکورد و کوردستانا، دە بارێتێ، ئافەرین و هەزاران ئافەرین لە رۆح وگیانی پاکی ئەو رێبەرە گەورەو نەمرە (شەپۆل). ـ لە ساڵی ١٩٢۴ ز ـ سولتان عەبدولحەمید، لەکار لادراو رەژیمی (٦٠٠ ساڵەی) پاشایی نەماو نەتەوەی کورد، بۆ سـەر بەخۆیی بە رابەری شێخ سەعید، راپەری.

—— تورکان بە رابەری مستەفاکەمالٚ بە ٣٥ هەزار شەروانان ئاوقەی راپەرین بوون و ٢٥ کەس لە سەرانی کورد، زاتێ وەک شێخ سەعید پیران کوڕی شێخ عەلی ئەفەندی و شێخ عەلی عەبدوللا و دوکتور فوئاد، گیران و لە ساڵی ١٩٢٥ ز ـ لە قەنارە دران.

—— صەلاحەدین کوڕی شێخ سـەعید پـیران کـە لە زانسـتگەی ئـەفسەری بـەغدا دەرسـی تـەواو کـردبو لە دوایـیدا لە گـەلٚ ئـەنجومەنی دۆسـتانی کـورد و دەیویست تۆڵەی خۆێنی باوکی بستێنێ کە ئەویش لە ئەنکارا گیراو زیندانـی کرا.

١٩٣٠ لە ٢٠ ژوئینی ١٩٣٠ ز ـ کوردانی جەلالی راپەرین.

—— عەبدوللا ئوجەلان (: رابەر ئاپۆ)، لە خوێندنی زانکۆی زانینەکانی رامیاری لە بەر زوڵم و زۆری تورکان دەسی بـەردا و لە سـاڵی ١٩٨۴ ز ـ دە سـی بـە جەنگ بەدژی تورکی کەونە وەسمانی کرد و ئێبستایش، دیسامبری ٢٠٠٨ ز ـ جەنگ و بەر خودان بەر دەوامە و هەروەک سێبەری مەرگ پێکەکەو رابەر ئاپۆ، بە سەر تورکی ئەنکاراوەن و تۆڵەی چەن سەد ساڵەیان لێ دەستیننەوە و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد، نێزیکە، کورد، فەرمویەتی: (ئاش بـە نـورەیە / نورەی ئێمەیش دێ ئێربە یەقین (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



—— سوڵتان صەلاحەدین ئەیوبی: یوسف کوڕی نەجمەدین ئەییوب لە ٥٣٢ی مانگی لە دایک بووە و لە ٥٥٩ لەگەڵ شێرکوێ مامی، لە هێرش بۆسەر میسر بەشدار بووەومرۆیانی و لێهاتویی و لە جەنگ زانی و لە کارزانی خۆی فرە شیاوانە. نیشانداوە و دوای مردنی شێرکۆی مامی کرایە سەروکەوە زیرانی میسر و سپەهسالار و فەرماندەی هەموهێزی شەروانانی ئەو ولاّتە.

لە ٥٦٧ کە عازید خەلیفەی میسر مرد، صەلاحەدین، بەفەرمی بووە پاشای ولاّتی میسر ولە ٥٦٩ی مانگی کە نورەدین مەحمود حاکمی شام مرد. سولّتان صەلاحەدین لە ٥٧٠ بانگ کرایە دیمەشق و لە ئاکامدا شام، جزیرە بەعلەبەک، حیمس و حەمات و حەلەب کەوتەبن دەسی. لە ٥٧٤ عیزەدین فەروخشای برازای سولّتان صەلاحەدین حاکمی دیمەشق بووە و لە ٥٧٨ حەران (:هاران) و سروج و نەسیبەین و موسڵ و ئامێد (: دیاربەکر) کەوتەبن دەس صەلاحەدین و لە ٥٨٤ سولّتان صەلاحەدین بۆبەرگیری کردنی هێرشکارانی خاجدار لە میسر هاتەدەرو لە ٥٨٣ شەڕێ قورس لەتەبەریە، رویدا.

٥٨٣ لە شەوی هەینی ٢٧ رەجەب لە ٥٨٤ سولّتان صەلاحەدین بوقعەی (مسجدالاقصی) یان لە دەس خاجداران رزگار کرد، دوای ئەم سەرکەوتنە صەلاحەدین چووە (سوروتە رسوس و ئەنتاکیە و کوک و کەرەک و سەرەنجام لە رۆژی ٨ زیحەجەی ٥٨٣ چووە قودس و نوێژی جەژنی قوربانی لە (مسجد الاقصی) خوێند و لە رۆژی ١١ چووە عەسقەلان و عادل شای برای ناردە سەر (کەرەک) و لە عەسقەلانەوە چووە (عەکا) و زیاتر لە ٤٣ سالّ بەسەر میسر و سوریە دا حوکومەتی کرد، سولّتان صەلاحەدین کە لە ٥٨٩ لە بەیتە لموقەدەس بوو، نەخۆش کەوت و لە بەرەبەیانی رۆژی چوارشەمە ١٧ی سەفەرلە سالّی ٥٨٩ی مانگی وەفاتی کرد. خانە دانی ئەییوبی

Dr.Saleh Ebrahimi



لە سالّی ٥٦٤ تا ٦٤٨ مانگی سەڵتەنە تیان کردوە. بڕوانـنە کـتێبی سـوڵتـان صەلاحەدین ئەییوبی بەزمانی کوردی بە قەڵەمی د (شە پۆڵ) چابی سالّ ١٣٨٧ هەتاوی و ٢٠٠٨ زاینی تاران.

—— بابەک یا باوەک کوری ساسان، کوردو موبیدی پەرستگەی ئاناهیتە (:ئاناهید) لەئیستەخر بووە. بابەک کیژی حاکمی ناوچەی خۆی مارە کرد و بە کودیتا حـوکومەتی لە دەس دەرهێـناو خۆی بـووە فـەرمانرەوا، بـابەک. بـاوکی ئەردەشێری یەکەمە کـە زنـجیرەی پـاشایی سـاسانی (: سـاسانیان) کـوردی دامەزراند، جالە بەرئەوەی ئـەردە شێـری کـورد، کـوڕی بـابەک بـووە، بە ردەشێری بابەکان ناوی دەرکردوە. دانیشتنی بابەک لەبان تەحتی فەرمانرەوایی بەتاریخێ تازە دانراوە کەلە (٢٠٨ی زایـنی) روی داوە. بڕوانـنە فـەرهەنگی فارسی موعین بەرگی ٥ پەڕەی ٢٢٣ و ٢٢٤ چاپی ٥ سالّی ١٣٦٢ هەتاوی تاران. شیلیا (: بیت‌المقدس)، عومەر خەلیفەی دووەم لە ١٧ مـانگی بێ شـەڕ چووە (بیت‌المقدس) وگرتی و لە ٤٩١ مانگی خاجداران لەو پەری دەریاکانە وەهێرشیان کردوّتە سەر بیت‌المقدس و داگیریان کردوەو مسجد الاقصی و قبة الصخریان کردوّتە، تەویلەی بەرازان و ٩١ سالّ بیت‌المقدس لەبن دەسیان بـووە، سـوڵتـان صـەلاحەدین ئـەییوبی لە ٥٨٣ مـانگی، رزگـاری دەکـاو ئینگلیسیەکان، بە ئیجازەی عوسمانی یەکان، دەسـیان کـردبە تـوێـژینەوە لە ئاسەواری شارەکە و لە ١٨٦٤ ز ـ جولەکەکان لەلایەن عوسمانیەکان هەندێ زەویان پێدراو بە ئیجازەی ئینگلیس کۆچیان کردە ئەوێ و جـولەکـەکـانی ئـوروپا لە ١٨٩٧ز ـ لە (بـارێـزن) لە سـویس کۆنـفەرانسێکـیان بـە نـاوی کۆنفەرانسی سەهیۆنیستی نیوگەلانی هەوەلّ سازداو لە جولەکەکانی جیهانیان ویست بە پەلە بچنە بیت‌المقدس و چوون.

Dr.Saleh Ebrahimi



ـــــ بابەک (باوەک)ی کورد خورەمدین: عەبدوللاٚ باوەک لەکاتی لاویدا لە ئەردوەیڵ لە خزمەت جاویدان دابووە و لەکاتی خیلافەتی مەئمون، بەدژی زولْم و روزی ئەو. راپەری و پەیرەوانیٚ فرەلە دەوری باوەک ئالاٚن و لە سالْی ۲۰۱ تا ۲۲۲ ژماریٚ فرەی لە سپای زۆرویژی مەئمونی، لە ناوبردو باوەک لەگەلْ مازیار-ی بن قارەن بووە هاوپەیمان و یەکیان گرت.

خەیزەربن‌کاووس ناودار بە ئەفشین لەلایەن موعتەسەم خەلیفەی عەبباسی، چووە، جەنگی باوەک و بە فروفیڵ باوەکی گرت و ناردیە لای موعتەسەم خەلیفەی بەغداو بە سەخترین دەردورەنج باوەکی شەهید کرد (سەرچاوەی بەرو، هەرئەویٚ و هەروا بروانە کتێبی سیمای راستەقینەی بابەکی خورەم دین بە قەلەمی شەپۆل بەزمانی کوردی؛(شەپۆل)؛نوسەر، رۆژنامەنوس، لێکوٚلەر، ئوستادی زانکۆی تاران، دامەزریٚەر و سەروکی ئەنجومەنی زمان و فەرهەنگ و هونەری کورد و هەروا دامەزریٚە روکوٚنسەی سەروکایەتی کوٚمکار (: جامعە)ی کوردانی تاران‌کە ۵بەرگی کتێب بەکوردی بە ناوی کوٚمەلْە و تاریٚ: وارگەو ناودارانی کورد و... نوسیوە.

ـــــ بابە تاهیر عوریان، لە شاعیران و خواناسانی نافینی سەدەی پێنجەم و هاو سەردەمی تو عزل سەلجوقی بووە. دەلێن کاتیٚ تو غرل لە ۴۴۵ی مانگی دەچیٚە هەمەدان لە چیای خدر-ی زیندە. دە چیٚە زیارەتی بابە تاهیرو بابە جەعفەر و شیٚخ حەمشات، بابە تاهیر نەسحەتی تو غرل دەکا و سەر لولەی ئافتاوەیٚ کەچەن سالْ دەسنویٚژی -بیی گرتووە و شکاوە، هەروەک ئەنگوستیلە لە قامکی تو غزلی دەکاو دەلْیٚ مەملەکەتی دنیام دادەست، داد گەربە، بابە تاهیرلە ۴۱۰ وەفاتی کردوە، شیعرەکانی واژەی لوری و لەکی و تویسرکانیشی تیێدایە، (هەروابابە تاهیر زاراوەی کورتی بە عەرەبی هەیەوەو)

Dr.Saleh Ebrahimi



وەحید دەستگردی کە بەزمانی کوردی ناسیاو نەبووە واژە کوردی و لوری و لە کیەکانی بابە تاهیری گۆریوە و کردویەتە فارسی و ئەوەبش خەیانەتە. (بڕوانە سەر چاوەی بەرو هەرئەوێ و هەروا بڕوانە رۆژنامەی سروان ژمارەکانی ۳۴۸ و... سالّی ۱۳۸۴ و کۆمەلّە و تارێ (وارگە و ناوداران کورد) بە قەلّەمی (شەپۆل) بەرگی ۴ کەلە ژێرچاپدایە.

—— رادیو بەزمانی کوردی لە سالّی ۱۳۲۵ی هەتاوی لە تاران بە زمانی کوردی مەبەستی بلاّوکردوتەوە. و هەروا لە جەنگی دوەمی نێوکەلاّنی لە لوبنان رادیو بەکوردە و تاری بلاّو،کردوّتەوە.

—— حە مدوللا موستەوفی لە سالّی ۷۴۰ی مانگی لە ناوی کوردستای قسەی کردووەو فرەجوان سنوری نیشان داوە.

—— گزنفون سەرداری یوّنانی لە گە رانەوەی دا کە بە دەس کوردانەوە، رەنجێ فرەی‌دیوە لە ۴۰۰ ز-لەگوتی:کوّرتی:کورد، ناوی بردوە.

—— ل.هـ فلوّرانس لەکتێبی (الاجناس) دەلّێ: کوردستان لە ناوچەی ئاسیادایە، چیاودهشتایەکی‌فرە پان و بەرینە و لە نیوان تورکیە، ئێران، عیراق و سوریە، دابەش کراوە و چەن موستەعمەرە لە (قوقاس) لە سەرە و خواری یەکانی چیاکانی ئەرمەنستانی شورەوی بەرودایە.

—— لە فەرهەنگی جوغرافیای کوری عومران، بەشی ۵ نوسراوە کە دەلّێ: کوردستان لە غەربی ئێراندایە کە کورد لەوێ دەژین و سنورەکەی لەسەرەتای خەتی راست لە دوندی ئارارات بوّلای خوارێ دەکشێ و لە وێوە بوّزاگروّس و پشتکێف درێژ دە بێتەوە، ئەوسابوّلای روّژاوا تاموسلّ (باشوری کوردستان ـ ی سەربە خوّ) دەکشێ، لە موسلّیشەوە بەهێلّی راستێ تربوّلای بەشی باکوری کوردستان، تا دەریای ئیسکەندەرون و لە وێوە بوّلای خوّرهە

Dr.Saleh Ebrahimi



لآت تا ئەرزە رۆم دە کشێ و ئەوە تارادەیەک سنوری کوردستان دیاری دە کا کە زیاتر لە ٤٠٩٦٥٠ کیلۆمیتری چوار گۆشەیە (بڕواننە کوردستان و کورد، نوسراوی د.ح. قاسملو بە عەرەبی کە بەرێز عەبدوللا حەسەن زادە، دەبیرکوللی حیزی دێموکراتی کوردستان کردویەتە کوردی و گراهام لێکۆڵەری ناوداری غەرەبی دەنوسێ: خاکی کوردستان پترلە ٥٠٠ هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشەیە و لەگشت خاکی ولآتی ئینگلیس، هولەند، سوئێد، بلژیک، دانمارک و سویس پان و بەرین ترە.

—— کورد، لەگۆتی: کوڕتی یە و یەکەمین نەتەوە یەکە گەنمی دۆزیوە تەوە و شاهەنشانی مادلە ٧٢٧ تا ٥٥٠ بەرلە زایین بەردەوام بووە.

—— هێری دۆت لە کتێبی ١ بەندی ٦٩ دا لە پەسنی ماد، نوسیویەتی: نەتەوی، کورد، نەبەزانە بە گژ ئاشوریانی داگیر کەردا، هاتن کە ٥٠٠ ساڵ بوو حوکومەتیان، دە کرد، ماد بووە سەرمەشق بۆخەڵکی ترو دیاکۆیەکەم پاشای کورد و ماد بو کە کورد و ماد و پارسی یەخست و شاری هەمەدان: (هەگمەتان، ئەمدنە، ئیکباتان) کەبە واتای جێی کۆبوونەوەیە و لە خاکی مادایە، کردی یە، پێتە ختی خۆی و مێژوی سازدانی ئەو شارەی بە ١١ سەدە بەرلە زایین داناوە، کەچی سازدانی رۆم بە سەدەی ٨ی بەرلە زایین دانراوە و مێژو، دیانی پێدا ناوە. (بڕواننە دیاکۆنۆف.ا.م. تاریخی ماد پەڕەی ١٦٨ هێری دۆت).

—— زۆربەی نەتەوەی کورد، موسوڵمان و سونني مەزهەبن، بەلآم کوردی شیعەمەزهەب بە تایبەت لە کرماشان و ئیلام و خانە قیندا هەن و ئەیزدی و یارسان (ئەهلی حەق) و عیسەوی و موسەوی و زەردەشتی لە نێوکوردانا، هەن. نەتەوەی کورد، بەدین و مەزهەب، خۆی بە سەرخەڵکی تراهەڵنە کێشاوە و پەیرەوانی گشت ئایینێ لای نەتەوەی کورد، بەرێزە و کوردایەتی بۆنەتەوەی

Dr.Saleh Ebrahimi



کورد، گرینگەو بۆ ئازادی راپە ڕیوە و بزاو دە کا.

—— ساسان مێرێ لەرەگەزی کوڕتی کورد، لەنیوەی دوەمی سەدەی ۲ی زاینی ژیاوە و کچێکی لە خانەدانی بازرنگی کورد بۆخۆی مارە کردوە و سەروکی پەرستگەی ئاناهیتا (: ناهید) بووە لە ئیستەخری لای شیراز و باوەک یا پاوەک باوکی ئەردەشێری بابەکان کوڕی ئەم ساسانە بووە و خانەدانی ساسانی (: ساسانیان) دەچنەوە سەرئەو، زنجیرەی پاشایانی ساسانی کە لە ۲۲۴ تا ٦٥٢ی زاینی سەڵتەنەتیان کردوە و ئەشکانیانیان، لاداوە، دەچنە وەسەر ساسانی کوری باوەکی، باوکی ئەردەشێری بابەکان. ـ سپاسالاری ئەردەشیر ناوی ژەنگە شاوەران بووە و لەنێو ئالای ئەواندا. باڵندەیێ بەناوی هومای، نەخشابوو، هەروەکو ئالای پارتی دێموکرات بەرابەری بارزانی و ئاینی‌زە ردەشت پێغەمبەری کورد، ئاینی رەسمی ئەوان و پێتەختەکەیشیان تیسفون بووە کە عەرەب بە مەدائین ناویان بردوە.

—— ئەردەشێری بابەکان، سەر زنجیرەی ساسانیان لە ۲۳۷ ز ـ شاری نەسیبەین و هارانی گرتووە.

—— ئەنەوشیرەوانی ساسانی لە ۵۳۱ لەبان تەختی پاشایی دانیشتووە و لە ۵۷۹ی زاینی مردوە و بەدادگەر ناودارە.

—— ئەنوبانی‌نی anubanini نەخشێ زەقەلە ۲ نوسخەلە سەروی تاشەبەردێ لای سەرپێڵ زەهاو، لە روی تاشە بەردێ هەڵکەنراوە و وێنەی پاشای لولویی نیشان دەدا، بەریشێ درێژ و چوارگۆشە، کلاوێ خری لەسەرە، کراسێ کورت و چەکدار بەکەوان، کە پێێ خۆی لەسەر دوژمنێ داناوە کە لەسەر ئەرد تخێلّ بووە و لە بەرانبە ریدا، رە ببونە و عی‌نی‌نی راوە ستاوە بە کلاوێ بلّیند و کراسێ پەشمینە کەگەیشتۆنە سەرپێی، کە دەسێکی بۆلای شادرێژ کردوە و بە

Dr.Saleh Ebrahimi



دەسە کەی تری سەری تەنافێکی گرتووە کەلە نوسخەی لای سەرێ ٢ دیل و لە نوسخەی خوارێ ٦ دیل پێکەوە گریدراون و هەمویشیان روتن و دەسیشیان لە پشتەوە بەسراوە و نوسراوەکەی بە زمانی ئەکەدی یە (بڕوانە سەرچاوە بەروهەرئەوێ).

صەفەوی یان لە زاروکانی صەفیەدین ئەردەوێلی، کەلە سالْی ٩٠٧ی مانگی تا ١١٤٨ ورێکەوتی ١٥٠٢ تا ١٧٣٦ی زاینی لە ئێراندا حوکومەتیان کردوە و لەبنەرە تاکوردن و لەژە نگارەوە لە ١٢٠ کیلۆمیتری غەربی شاری موسلەوە، هاتونەتە ئەردەوێل وکوردو شافعی مەزهەب بوون (بڕوانە صەفوتوصەفا بە نەقلْ لە مەزاوی پەرەی ٤٩ و تصوف و تشیع پەرەی ٣٧٢ و حمداللە مستوفی، دەلێ: ئەردەوێلْ لە ئیقلیمی ٤ دایە و هەموخەلکەکەی شافعی مەزهەبو موریدی شێخ صەفین، نەهزە تولقولوب پەرەی ٩٢ و صفوةالصفا دەلێ: شێخ صەفیەدین ئیسحاق ئەردەوێلی کوردی سنجاروشافعی مەزهە بە بڕوانە صفوةالصفائیین بەزاز نوسخەی خەتی کتێبخانەی مەلیک ژمارەی ٣٨٩٤ و کتێبی دین و مەزەب لەعەسری صەفەویدا پەرەی ٤١ و ئەحمەد کیسرەوی لە کتێبی شێخ صەفی و تەبارەش پەرەی ٤٨ چاپی سالْی ٢٥٣٥ شاهنشایی دەنوسێ: باب و باپیرانی شیخ صەفی و پاشاکانی صەفەوی لە کوردانی کوردسنانن و لە سنجار و دوروبەری ئەوێوە بوون و فیروزشا یافروزی مەشرقی لەوێوە هاتۆتە ئەردەوێلْ و ناوچەکانی تری ئێران و صفوةالتاریخ و حەرەکەتی کورد بۆخۆراسان پەرەی ٣٥ چاپی ١٣٦٣ بەرگی ١ تەوحودی کانیمالْ. ـ سەر زنجیرەی صەوەفەوایان شائیسماعیلە کە لە ٩٠٧ی مانگی بۆتە شالە ئێراندا. کورد فەرمویەتی نان ئەونانە کەئە مروْلە خوانە، صەفەویەکان بێجگە لە زەروزیان شتێ تریان بوکورد، نەبووە.

Dr.Saleh Ebrahimi



—— کەریمخانی زەند، دانەری زنجیرەی زەندیە، کەریمخان لە ١٠١٩ لەبان تەختی ئێران دانشتووە و لە ١١٩٣ی مانگی وەفاتی کردوە. کەریمخان زەند کوڕی ئیناق و لە تایفەی لەک و لەخێڵی زەندە.

—— سارۆبیرە کوردی خەڵکی بانەی کوردستان کە باوەڕی بەوە کردوبو و، کە جەنگی چالدران، جەنگێکی نیشتمانی و نەتەوەیی‌یە، نە ک جەنگی مەزهەبی بۆیارمەتی دانی شاسمایل صەفەوی کورد، بەناوی سپاسالاری جەنگ بە زیاتر لە هەزار شەڕوانی کورد و لورەوە لە شەڕ دابە شداری کردوە و شەهید کراوەو بەسەرهاتە کەیشی بە کورتی بەمجۆرەیە: سارۆبیرە سپاسالاری، شاسمایل صەفەوی کورد، لە جەنگی چالدران دا سارۆبیرە کوردی خەڵکی بانەیە و باب و دایکیشی گوندنشین و راوچی (نەچیرەوان) بووە، سارۆبیرە لە ١٦ ساڵیدا خۆشەویستی هەموخەڵکی بانەولای بانە بووە و بە (زۆراب) ی زەمانە ناویان بردوە. چون فرەچوست و چالاک و بوێر و مرۆدوست و پاک و ئاکار چاک و نەترس بووە، لە ١٥ ساڵیدابە مرۆیی گەورە خۆی نیشان داوە و قەد و بالاّجوان و بڵیند بالاّ و خۆش هەیکەل بووە، لە کاتی لاویدا کاڵەی لەپێی کردوەو چۆتەماسی گرتن و لەپاشان، دەچووە چیاو راوی مەڕەکیوی و بزنە کیوی کردوە، نەتانەت ورچ و بەرازیشی گرتووە و چەن جاریش لە کێفی ئاربە باو بابە نوس بۆیرانە ئاوقەی پلینگ بووەتەوە، باوەکو تەواوی جلکە کانی بەچنگاڵی پلینگ دراون و بە دەنیشی روشاوەو چنراڵ چنرال کراوەو شەلاّلی خوێن بووە، هێمان نە بە زیوە تا سەرەنجام پلێنگە کەی کوشتووە ولە پێستە کەی جلکی بۆ خۆی دروست کردوە، جاهەرلە بەر ئەوە، لە نێو خەڵکدا بەپلێنگە پۆش ناودار بووە. شاسمایل کە ناو بانگی بۆیری سارۆبیرە دە بیسێ لەسەفەر بۆ ناوچەی موکریان دەخوازی بچێتە نێو سپای ئەو، دەڵێن: سارۆبیرە فرەلەرۆ ستەم کلاّو

Dr.Saleh Ebrahimi



چە رمینەو قوربان قەرەباغی و ئەحمەدخان ئەردەوێلی کە لەسپای شاسمایل‌دا بون چاونە ترس‌تر بووە.

سارۆبیرە نەلەفێرگەو زانینگە، دەرسی خویند بوو، لەنێو شاخ و داخی کوردەواریدا دەس و بازوڵەی بەفەن‌و فنونی گرتنی نەچیروجانە وەرانی دڕندە، راهاتبوو کەلە فڕێدانی خەنجێر و هەڵسوڕاندنی شیر و تیروکە مەند هاویشتن و سوار چاکی، دەرەتانی بەدوژمن، نەداوە و شەڕ کردن بە شمخاڵ فێربو (شمخاڵ لە ئارپی‌چی دەچو، هەرچەند چەکی سەرەتایی بو، بەڵام قورس و لولەیێ درێژ و ئەستوری هەبودەبو کە سانێکیش هەبن هەمیشە سوربو باروت بکەنە نێو لولەی شمخاڵەکە، بۆئاگر دان بەسەر دوژمناندا و ئەو کەسەی شمخاڵە کەی ئاگرداوەبە (قۆرچی) ناوبراوەودە بووافێربوبێ کەتیری ۱ و ۲ سەرنەکا و لەدوژمن درێ. سارۆبیرە و ئەوانەی لەگەڵیدا بون فێری ئەو هونەرە ببون.

سارۆبیرە و یارانی لەجەنگی ئۆزبەک و قەفقاز و هیرات، ماوەرای نەهر (: واوەی زەریا) بەشدار بون.

شاسمایلی سەفەوی مرۆێ چالاک و لە مردن نەترساوە و هەمیشە لەپێشە وەی شەڕوانانیدا بووە و شەڕی کردوە، چون کورد، بووە و سارۆبیرەش هەمیشە لە دەسە راستی ئەوداگەرمی شەڕبووە و پڕ بەدەنگ نە ڕاندویەتی و دوژمنی ترساندوەو بەزمانی کوردیش بە یارانی خۆی و تووە (: هەرۆن کوڕە هەرۆن لێ بەن لەو حەیوانانە، ها بە قوربانی چاوو بم، هادەی، ها). (بڕوانە پەڕەی ۲۰ حەماسەسازانی گوم نێو نوسراوی حەبیبوڵڵا تابانی بەفارسی چاپی ۱۳۸۱ی نیگای سەوز، تاران).

لەشەڕێکدا، شاسمایل کەلەبان گردێکەوە جەنگیوە، سارۆ بیرە دەروانی وانیزیکە، لە پشتەوە، بەتیرشابکوژێ، سارۆبیرە، هەروەکو هەورە بریسکە خۆ

Dr.Saleh Ebrahimi



دەگە یێێتە کابرا و دەرەتانی پێ نادا و بەتیرلەگەردنی ئوزبەك دەسرەوێتێ کە تیرە کەگەردنی سوارەی ئوزبەك کوناو دیو، دەکا.کاتێ شاسمایل دڵسۆزی و چاپوکی سارۆبیرەی دیکەشای لەکوشتن رزگارکردوە، ئیتر رۆح و ئیمانی لای سارۆبیرە بووە وکردویەتە هەمەکارە و دڵسۆزی خۆی و سپاسالاری ولاّتی بە سارۆبیرە داوە و زیاتر لە هەزار شەڕوانی کورد و لوڕو رومیلو-ی لە بەردە سابووە (رومیلۆکان یەخسیرو خەڵکی تورکیە و مریدی شیخ صەفی صەفەوی بون و بۆ شەرهاتونەتە لای شاسمایل).

—— رە فیقانی کوردی بانەیی کە لەگەڵ سارۆبیرە دابـون وەکـو: مـام ئـەحمەد، مەحمود حاجی عەبوی (: ئەبو بەکر) هەمیشەلە پێش شەڕوانـانەوە بـوون و چریکە و چیروکـیان؛ لە ئـازاییدا ئـافرانـدوە، زۆربـەی شـەڕوانـانی لوڕ-ی بن‌فەرمانی سارۆبیرە لەگۆ پاڵی دارە بەلوت و دارەگویژو جۆرێ دار، کە لە کوردەواریدا بەدار (شیلان) ناوبراون کە قورس و قایم و پتەو بوون، جەنگیون. شەڕوانانی (ئیچ ئوغلان)ی عوسمانی بیرە وەری یەکی پرمەتر سپان لەوگۆپاڵە دارانە و لەو لوڕانە، هەبووە، لەشەڕی شاسمایل و عوسمانیدا، چەکی کوردو لوڕ و رۆمیلو، قۆچەقانی، شیر و نێزە و تیرو کەوان و ئەوگۆپاڵە دارانە بووە.

—— باوەکو هەزاران کیژ ئارەزویان بووە، تابنە حەلاڵی سارۆبیرە، بەلاّم ئەوکچی ئەللاّیارخانی هەوشاری هێناوە، کـەیەکێ لە نـاونادارانی و گـەورە پیاوانـی دەرباری شاسمایل صەفەوی بووە. ـ جەنگی چـالدران بـە مـجۆرە قـەوماوە سوڵتان سەلیم. تورکی عوسمانی کاتێ زانیویە کە شاسمایل صەفەوی لە ٩٠٧ لەبان تەخت دانیشتووە و خەریکە هێزووزیێ زیاتر بگـرێ لێـی‌تر سـاوە، بـە تایبەت کەویستویەتی برەو بە شیعەگەری بدا، عێزەت چاپان کە ناسیاویێ فرەی بە کاروباری ئێرانی ئەو دەم هەبووە و مین شەروانی سپای عوسمانی بووە و

Dr.Saleh Ebrahimi



راوتەگبیری پێکرد کە چۆن بچنە جەنگی شاسمایل بەو بەیانووە کـە (جـەم) کەخۆی بە بایەزیدی ٣ناو دەباپەنای بە شاسمایل بردوە و عێزەت چاپان بە پـولّ ودراوێ فـرەوە، دەنێـرێـتە نێـو هۆزە کـانی ئـازربایجان و کـوردستان تائیختیلاف لە نێویاندا سازبدا و خۆیشی بەسپایێ هاتە شەڕی شاسمایل و خۆی گەیاندە (قەرەباغ) لەوسەردە مەدا (وان و دیاربەگر: ئامێد و فەرەباغ) بەشێ لە ئێران بوون، وان و ئـامێـد ئـاسان خۆیـاندا بـە دەس عـوسمانییەوە، بـەلاّم (محەمەدقەرەباغی) لە قەرەباغ، خۆی نەدابە دەسەوە، شاسمایل کە لەوکات و ساتەدا، لە هەمەدان بووە، بەلەز خۆ خردەکاتەوە و خۆ دەگە یێنێتە تەورێز و دەستوری خربونەوەی سپاو عەشایردە داو بە راوتەگـبیری فـەرماندەکـانی، کەسانێ وەک: سارۆبیرە، سولّتان محەمەخان ئستاجلو و محەمەد قەرەباغی و... وایان بە باش‌زانی، بەر لەوەی سـولّتـان سـەلیم بگـاتە نـاوچەی ئـازربایجان (ئاترۆپاتان) پێشی پێی بگرن و بەرە و شاری خوێـی بـەشەڕوانـا نـەوە، بۆی ئاژۆتن، لە شوێنێ بەناوی (چالدران) کە ٢٠ کیلۆمـیتر لە خۆ دورە، هـەردو سپای عوسمانی و شاسمایل صەفەوی ئاوقەی یەکتربوون، سپای یەنی چری یەکان:(یەخسیرەئا موسولّمانەکان) و ئیچ ئوغلان (فـەرید مـوئەزین‌زادە)ی تورکی عوسمانی بەشمخالّ و تۆپی سـوک و قـورسەوە هێـرشیان بۆ سـپای شاسمایل، بەسەرکردەیی حەسەن بەگ لەلە و ئەمیرباقی و ئەسلان فەرماندەی هۆزی ساروقامیش هێنا، سارۆبیرە ئاوزەنگی لە ئەسپی بۆرە دا، کە هەروەک بەرق خۆی کرد بە نێوسپای وەسمانیدا و دادرِ دارِی پێی خستن و سپاکەشی کە کورد و لورِ و رومیلو (یە خسیرانی تورک) بوو، بەدوای سارۆبیرەدا ئاوقەی شەڕوانانی وەسمانی بوون و فرەیان لە سپای وەسمانی کوشت و سـارۆبـیرە ئەوشێرە کوردە، رکێفی لە ئەسپەکەی داتا خۆبگە یێنێتە سەر تۆپەکان و داغنیان

Dr.Saleh Ebrahimi



بکا،گولله توپێ لەدەسی دا و پە راندی وگورزەکەیشی لەگەڵ دەسی دابرد و سارۆبیرە بەو حاڵە شەوەکە خوێن لە باسکی قەڵپەزەی دەکرد، بە پەلەیێ خۆئاسایی رۆیی و بەدەسە ساغەکەی گورزەکەی هەڵگرتەوە و هەڵی کوتایە سەرتۆپ و چەن توێچی شرووڕ کرد و تـوپەکـەیشی لەکـارخست. بـەڵام بەداغەوە، لەدورەوە بەتیر، تیربارانیان کرد تا شەهید کرا (ئەشتین میتزو بارەک) دەنوسێ: سولّتان سەلیم لەنەترسی وبوێری (سارۆبیرە) تاریفی دەکرد و یەکێ لە شەرِوانانی وەسمانی کەدەیوست سەری سارۆبیرە لەلەشی جیابکاتەوە، سولّتان سەلیم ئەونە، لە قارەمانی و مێرانی سارۆبیرە خۆشی هاتبو، دەنگی داکە کاری وا ناشیا و؛لەبارەی سارۆبیرە ئەنجام نەدا، شاسمایل لەبان گردێکەوە، دەیروانیە ئەوکارەساتە، دلّتەزینە بەلاّم کە دیتی نەیان هێشت سەری ئەو پاڵەوانە، وەتەن خوشەویستە، سەری ببردرێ، دلّی ئارامیگرت، مێژو دەلّێ: ئەگەر دەسی بە توپ نەبردرایێ لەوانە بـوو، ببیاتەوە. دوای تێشکـانی شـاسمایل لە جـەنگی چالدران ١٨ ئەیالّەتی کوردنشین دو سوم ($\frac{٢}{٣}$) خاکی کوردستانی گەورەکەوتە بەردەس تورکی عوسمانی و لە ساڵی ١٦٢٩ زاینی دوای واژوکردنی پەیمانی ئاشتی لەنێوان سولّتان مراد-ی ٢ خەلیفەی وەسمانی و شـاعەبباسی دوەمـی صەفەوی هێڵی سنوری دەس کردی (ئێران و وەسمانی) بەنێو خاکی کوردستاندا راکشا و تائێستایش (ژانویەی ساڵی ٢٠٠٩ز) ئەو هێڵە دەسکردە، هەرماوە. شوکر نێزیکە، ئەوهێڵە نەمێنێ و کوردستان ئازادبێ.

—— لە سەدەی ١٢ز-دا سولّتان سەنجەری سەلجوقی لە خاکی پاکی کوردستاندا، ئەیالەتێ گەورەی جیـاکـردوەو . بـەتەنیا هـەرئەوەی لەنـوسینگەی بـاج و خەراجی حوکومەتیدا، بە کوردستان ناوبردوە.

—— لەشەرِی یەکەمی نێوگەلانیدا، کوردستان توشی وێرانی بوو تورکی عوسمانی

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردانی درسیمی بە رابەری شێخ رەزا درسیمی قەتڵی عـام کـردو تـەنانەت مەرقەدی شێخ رەزایش، **شورت وگومکراوە و ئەوە دەبێ بەژێنۆساید، بێتە ژمار.**

—— تورکانی عوسمانی دوای (قەتلی عامی ئەرمە نیەکان) لە ساڵی ١٦١٥ زاینی چەند صەد هەزار کوردی بۆلای رۆژاوای تورکیە، شاربە دەر کرد و فـرەیێ لەوان لە ڕێگادا مردن و کورد، کرایە گۆشتی قوربانی.

—— نەتەوەی کورد، قەت هێرشی بۆسەرماڵ و خاکی کەس نەبردوە و لەسەر خاکی باو باپیرانی خۆی بەرگیری و دیفاعی لە خۆ کردوە، وێنەکەی ژەنرال مستەفا بارزانی یە، کە بە درێژای تەمەنی موبارەکی قەت ماڵە عەرەبێکی وێران نەکردو تەنیا بۆدابین کردنی مافی رەوا و شـەرعی کـورد و کـوردستان، بـەرگیری و دیفاعی کردوە.

١٩٢٠ دوای جەنگی نێوگەلانی و دابەش کردنی کوردستان لە نێوان تورکیە و دەوڵەتی عیراق و سوریەی دەسکرد و... دەوڵەتە ئوروپا یەکانی سەرکە وتو لە پەیمانی سۆیر لە ١٩٢٠ ز ـ دا بەڵێنی ئازادی نەتەوەی کوردیان دابوو. بـەڵام کـەماڵ ئەتاتورك بەیارمەتی فەرانسە و ئینکلیس لە لوزان پشت گوێ خراو کوردیان، تەنانەت لە مافی شارۆمە ندیش بێ بەش کرد.

—— لەودابە شکردنەدا هەندێ لەخاکی کوردستان کـەوتە بـەرئەرمەنستان بـەڵام دەوڵەتی ئەرمەنی بەرگیریان لە خوێندن، بەزمانی کوردی نەکرد و مـرۆیـانە لەگەڵ کورد بزوتنەوە (دیارە کوردوئەرمەنی ئامۆزای یەکن).

—— لە کازاکستانیشداکوردەکان بەکوردی دەخوێنن،بەڵام کوردی ناوچەی ئارالی شورەوی سابیق کە خۆیان بە بارزانی دەزانن و کوردانی کوروِاسی زوانەکەیان لەکزی داوە بەڵام خویان بە میراتگری گلگمێش بە کورد، دەزانن.

—— ئـوستانی کرماشان، سنەی کـوردستان، لورِسـتان، ئـیلام و بـەشێ بـەرفرە

Dr.Saleh Ebrahimi



لەئازربایجانی غەربی، هەمەدان، زۆربەی شارودێی،ئەوێ خاکی کوردە و بە کوردستان دەناسرێ، دیارە بێجگە لەزاگرۆس کە خاکی پاکی کوردە، لە خۆراسان، قوچان، گیلان، مازندەران، تاران، قوم (:گۆمی خوێ)، سیستان، کرمان، فارس، خوزستان، بوشەهر، بە شاکورد، کوردیچالّ، حەسەن کیف، ناوچەی کەجور، رودبار، عەمارلو، منجیل، قەزوێن کوردێ فرەو بە ربلاّو، و کوردی کووەێنەی پاکستان کە بێ نەزیر بۆتۆی پاکستان خۆی بەکورد ـ ،ناو بردوە، هەن.

—— کوردی سەر بە کەریمخانی زەند کە دایکی کوردی زەنگەنە بووە، بە تایبەت خێڵی زەنگەنە، دوای نەمانی زەندیە لەخۆراسان. هیرات، خوزستان، لە نێو بەختیاری، بەزارجان، بوشەهر، فارس و کرمان بلاّو کراونەتەوە و کوردانی وەند و زەنگەنە و کەلّهوربلاّو کراون.

—— ٧ بنە مالّە کە داریوشی گەورەیان کردە شالەکوردانی زەنگەنە بون.

—— ٧ خانەدانی گەورەی سەردەمی ئەشکانی کورد، بەپێێ ئەسمای یوش لە کوردانی زەنگەنەبون.

—— ساسانیانی کورد، لە تایفەی کوردی شوانکارەن.

—— لە ئاخرو ئۆخری پاشایانی صەفەوی شێخ عەلیخانی زەنگەنە سپاسالاری جەنگی ئێران بووە و زیاتر لە ٣٠ سالّ صەدرئەعزەمی شاسلێمانی صەفەوی بووە.

—— دوای پاشایانی کۆرتی، کوردی، ماد، هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانیان، کورد. نەخشێ بەرفرەی هەبووە و حوکومەتی بە دەس بووە. ئیتر نەخشی بەرچاوی نەماگە، بەلاّم تا ئاخرو ئۆخری قاجار، ئەیالّە تەکانی کوردستان جۆرێ خود موختارییان هەبووە، تەنانەت مالّیاتیشیان کەمتر بە حوکومەتی

Dr.Saleh Ebrahimi



ناوەندی داوە. بەلاّم بۆشەرو بەرگیری لەو لاّت بە دلّخواز، یارمەتی حوکومەتی ناوەندیان داوە، حاکمانی ئەردەلاّن و حاکمانی زەنگەنە لە کرماشان و ئەبوقە دارە لە پشتکۆ (ئیلام) لە باشوری کوردستانی بەشی ئێران، بە تەواوی ئازاد بون.

ـــــ یارمحەمەدخان کرماشانی و حوسێن خان کولاهی و خێلّی زەنگەنە و رابەرانی شەهیدی زەنگەنە کەسانێ وەک: حوسێن خان ئەعزەمەدە و لە حاکمی کرماشان و کورِە بوێژەکەی: حەیدەرخان فەخیم سەلّتەنە، ئۆپۆزسیونی ئێرانیان، یارمەتی داوە، لە کاروباری مەشروتەدا.

کەسانێ وەک: رەشیداغا، محەمەداغا، نەزە رسولّتان، ئەکبەر بەگ و ئەبولحە سەنخانی زەنگەنە کە لەگەلّ زالّمان و سالار دەولە، بەرەنگاریان کردوە لە بابەت مەشروتەوە، نەخشیان دیارە و دەولّەتی کاتی (موهاجرانی) ئێران، بە هۆی مەشروتە خوازان و روناک بیرانەوە لە کرماشان سازدراوە.

ـــــ خالو کەریم خانیکورد، خالّو قوربانی برای، بابەمراد، میرزا مراد، زەکی و قازی محەمەدخانی زەنگەنە یارمەتی میرزا کوچکخانی حەنگە لّیان داوە و ئێستایش دوکتور سوهرابی زەنگەنە دەبیرکوللی حیزبی پان ئێرانیست بۆلای کورد و کوردستان جار بە جار، دەلّە کورکێ دەکا.

مەلا خەلیل گۆ رامەری بە بۆنە جلّکی کوردی لە ١٣٠٧ هەتاوی پە دژی رەزاخانی ئالاّشتی پە هەلەوی راپە ریوو کوردایەتی کردوە.

ـــــ لە سالّی ١٣١٥ هەتاوی لە رۆژهەینی ٩ مانگی گەلاویژ، سیلاّوێ توند بە شێ لە شاری مەهاباد و بازاری بردوزیانێ فرەی مالّی وگیانی لە خەلّکی داوە.

١٩٢٤ ز ـ عەلی قولیخان صارم سەلّتەنە کورِی والی پشتکۆ (ئەبوقەدارە) کە لە دواییدا بە جەنگی (رینو) ناسرا راپەریوە و بۆتە والی پشتکۆ.

١٩٥٤ راپەرینی جوانرۆ.

Dr.Saleh Ebrahimi



—— راپەرینی هۆزەکانی هەورامان بە رابەری کەسانێ وەکو: مەحمودخانی دزلی و محەمەد ئەمین لهۆنـی بـەدژی حـاکـمانی زالّمـی ئێران. ـ تـیرێـژ هـاوێـژی رێکخراوی مۆدێرنی راپەرینەکانی کوردی رۆژهەلاّتی کوردستان، بۆ ئامانج و سازدانی دەولّەتی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەروناکی لە کوردستاندا خەلّکی گەرم و گورتر کردوّتەوە.

—— رەزاشا پە هەلەوی کە لەگەلّ ئەلمانی نازی پێوەندیگرتبوو، ئینگلیس شار بە دەری کردوەو لەژو هانسبورک مرد.

۱۹۴۱ شورەوی و ئینگلیس بە جـوتە ئێـرانـیان داگـیر کـرد. ـ لە رۆژی ۵شـەمە ۵ خەرمانانی سالّی ۱۳۲۰ هەتاوی فـروکـە شـەرکـەرەکـانی شۆرەوی شـارکا مەهابادیان گوللە باران کردو زیانێ مالّی وگیانی لەخەلّکداو لە رۆژی هەینی ٦ مانگی خەرمانانی سالّی ۱۳۲۰ سپای خزاندە، مەهاباد.

—— لە ۲۵ی گەلاوێژی سالّی ۱۳۲۱ی هەتاوی و ۱٦ سپتامری ۱۹۴۲ز ـ لەشاری مەهاباد کەسانیّ وەکو حوسێن زێرینگەران ئەورەحمان زەبیحی و ئەورەحمان ئیمامی و محەمەد نانەوازادەو مەلا عەبدوللاّ داودی و... کۆمەلّەی (ژێکاف) یان دامەزراند، ئەندامانی کۆمەلە دەبـو لەدایک و بـاوکی کـورد، بـن بـەلاّم ئاشۆریانێ کە باوکیان کورد و دایکـیان ئـاشوری بـوایێ لە ژێکـافدا، وەردە گیردران و ئەمەیش نێزیکی ئەمرۆی نێوان کوردو ئاشوریدا بە جوانی نیشان دەدا (کۆمەلّەی ژێکاف مەبەستی ئازادی و سەر بە خۆیی کورد و کوردستان بووە و سەر بەهیچ یەک لە دەولّەتەزل هێزەکان نەبووەو داخوازی لە هەموان کردوە تا یارمەتی بدەن تا دەولّەتـی کـوردی لە کـوردستانی یـەک گـرتوو، سازبدەن، بەلاّم کە کرا بە حزبی دێموکرات، کرایە سەر بە شۆرەوی (شەپۆل) و لە نوامبری ۱۹۴۵ی زاینی کۆمەلّەی ژێکاف بە ئاشکرا، دەسی بە بزاو کردوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



(بڕوانە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئارچی روزویلت (: کوڕ) ۲ ژوئیەی ۱۹۴۷ز گۆڤاری میدیل ئیست ژۆرنال (رۆژهەلاتی نافین).

۱۹۴۴ ز-لە ۲۵ی گەلاوێژی یا ۲۶ سەرماوەز: (سیخوار)ی سالّی ۱۳۲۴ی هەتاوی و ریکەوتی ۱۹۴۴ز. بە دەستوری پێشەوا قازی محەمەد کۆمەڵەی ژێکاف، کرایە حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەک ئەوە، بە یانیەی گۆرانی ژێکاف بە مۆروئیمزای قازی محەمەد و ۱۰۵ کەس لە سەرناسانی کورد، بووە و ویستویانە کورد خودموختار بێ، زمانی کوردی ئازادبێ و...

—— لە ۲ ریبەندانی سالّی ۱۳۲۴ و ۲۲ ژانویەی ۱۹۴۶ز- پێشەدا قازی محەمەد کە زۆربەی هۆزە کوردەکان و خەلکێ فرە زۆرکۆ ببونەوە و حەزرەتی مستەفا بارزانی و زاتێ وەک سولتان العرفا حاجی سەیید عەبدوللاگەیلانی زادەو سەیید عەزیری کوری و حاجی بابە شێخ و عەللامە حاجی مەلا حوسێن مەجدی، کۆماری کوردستانی لە ۴ چرای شاری مەهاباد، راگەیاند و لە و کاتانەدا گۆڤاری نێشتمان، کوردستان، هاوار، هەلالە و... بە زمانی کوردی لە چاپ دەدرا.

۱۹۴۶ ز-لە سالّی ۱۳۲۵ و ۱۹۴۶ز-شەروانانی شۆرەوی لە ئێران چونە دەرێ و لە کۆماری کوردستان، پشتیوانیان نەکرد، پێشەوا بۆئەوە لە کوردستان بەری خوێن ریژی بگرێ بە ناچار چووە میاندوا و خوّی دابەدە سەوە ولە ۲۱ی سەرماوەزی سالّی ۱۳۲۵ هەتاوی ساعەتی ۱۰ی بەر لەنیوەرۆ، سپای شەروانانی رەژیمی حەمەرەزاشای دەرکراو، خوّی خزاندە شاری مەهاباد و لە ۱/ ۱۰/ ۱۳۲۵ قازی محەمەد زیندانی کراو دوای ۱۰۰ رۆژ زیندانی کران بەداغەوە حەمە رەزا شای بێ‌فەرێ ئێران لە ۱۰ خاکە لێوەی سالّی ۱۳۲۶ هەتاوی و ۱۹۴۷ز- پیشەدا و صەدری قازی و حەمە حوسین خانی سەیفی

Dr.Saleh Ebrahimi



قازی لە چوارچرای مەهاباد، لەداردا و شەهیدی کردن.

ـــــ ئەمیر سەیفودە و لە‌سالار زەرزایی لە خێڵی زەرزاو فەرماندەی سپای سەمقان بن ئەر تەق حاکمی قدس بووە، کە ماوە یێکیش ئوستانداری ئیسکەندەریە بووە. کوڕی ئەسیر لە مێژووەکەی خۆیدا لەزیمنی رووداوەی ساڵی ۵۴۷ مانگی لەو ئەمیرە ناوی بردوە و دەڵێ: لەو مێژووەدا لە لایەن مەلیکشا محەمەد سپای بۆلای حیللە، رەوانە کرا کە ئەو کوردە زەرزاییە فەرماندەی بووە و مرۆیێ بوێر، پڕهەیبەت و بە قودرەت و بەهیمەت بووە (وەفەیاتی کوری خەلکان چاپی میسر بەرگی. پەڕەی ۳۷۱، ئەلکامیلی کوڕی ئەسیر بەرگی ۱۱ پەڕەی ۷۲).

ـــــ مەلیک عادلٚ زەرزایی، سەیفەدین ئەبو حەسەن عەلی‌بن میرسەیفەدین سالار، زەرزایی، لەمناڵیەوە لەماڵی پاشاکانی میسر پەروەردە کراوە و بوێر، شیاو، لە کارزان، زیرەک، خاوەن زانست و رامیار بووە و فرەزو بەسەر هاوسالانیدا سەرکەو تووە و لەرە جەبی ساڵی ۵۴۳ مانگی بوتە سەرۆک وەزیرانی زاهیر عوبەیدی لە قاهیرە و بە مەلیک عادلٚ ئەمیر لەشکرمولە قەب کراوەو وەزیرێ پڕ زاناو لە قاهیرە مزگەوت و فێرگەیێ فرەی دروست کردوە بۆ شافعی مەزهەبان و لەئیسکەندەریەیش فێرگەییکی سازداوە کە زانای ناودار حافز ئە بوتاهیر ئەحمەد سەلەفی شافعی لەوێ دەرسی و تۆتەوە.

عادلٚ کەمرۆێ خوچاک و ئاکارباش و وەزیرێ دادگەر بووە لەراست تاوانیاران سەخت راوەستاوە و لە تاوان نەبوردوە و سەرەنجام لە سەرئەو خووە لە رۆژی ۵ شەمە ٦ موحەرەمی ساڵی ۵۴۸ مانگی بە دەس نەسر ـ ی بن عەبباس کوڕی ژنی خۆی شەهید، دە کرێ (وەفەیاتی کوڕی خەلکان چاپی میسر، بەرگی ۱ پەرەی ۳۷۰.

Dr.Saleh Ebrahimi



ـــــ ئەمیر صەدەقەی ورمیی، عەلی بن صەدەقە، لە رۆژگاری مەنسور خەلیفەی عەبباسی (خیلافەت لە ١٣٦ تا ١٥٨ مانگی) لەگەڵ خەڵکی و رمیٚ شەڕی کردوە و داگیری کردوە، لە پاشان خۆیو براکەی لەورمیٚ خانو بەرەیان سازداوە، صەدەقە لەزەمانی پاشایی هارونە رەشید: (دانیشتن لەبان تەخت ١٧٠ و مردن لە ١٩٣ مانگی) ژیاوە.

ـــــ ئەمیر صەدەقەی ٢ خەڵکی ورمیٚ کوڕی عەلیکە بەناوی باپیری یەوەکراوە و بە صەدەقە ناوبراوە و بەئەمیر (زریق)یش ناودار بووە، رۆژگاریٚ بەسەر ناوچە کێڤاویەکانی نێوان موسلٚ و ئازربایجان حوکومەتی کردوە و قودرەت و شان و شکۆیەکی هەبووە. لەساڵی ٢٠٩ مانگی مەئمونی عەبباسی ئەوی کردوٚتە والی ئازربایجان و ئەرمەنستان و شەڕ کردنی لەگەڵ بابەکی خوڕەمدین ـی کوردی. بەو سپاردوە. کوڕی ئەسیر دەنوسیٚ زەریق لەتەك سەیدکوڕی ئەنەس حاکمی موسلٚ بەینیان باش نەبووە و سەرەنجام زەزیق بە ٤٠ هەزار سپاوە، چووە شەڕی سەیدکە سەیدکوژرا وکاتیٚ مەئمون ئەوەی بیست، فرەخەفەتی خوارد و محەمەدبن حەمید توسی کردە والی ئازربایجان و فەرمانیشی پێداله موسڵەوە بڕوا و زەریق لە ناوبەریٚ، محەمەد لە ساڵی ٢١٢ چووە موسلٚ و دوای شەڕیٚ خوێناوی زەریقی یەخسیر کرد و ناردیە، بەغدا و خۆیشی چووە ئازربایجان، ئیترلەوەبە دوا هەواڵیٚ لەزەریق نەما (بڕوانە شاریارانی گوم نێو کیسرەوی بەشی ٢ پەڕەی ٣٣ و ٤٠ و ئەلکامیلی کوڕی ئەسیر.

ـــــ حەڕان: هاران شارێکی کەونارای ناودارە. لە جزیرە، لە ٣٥کیلۆمیتری باشوری ئۆرفە لە بەستێنی نەهر ـی جلاب، دایە. ئێستاوەك جاران ئاوەدان نیە، تاریخنوسانی رۆمی ئەو شارەیان بەناوی کارە. (carrfnae) ناو بردوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



له‌سه‌ره‌تای ئیسلامدا ئه‌م شاره ئاوه‌دان بـووه و ده‌سـه‌یێی له نـاوداران له‌وێ سه‌ریان هه‌ڵداوه، هه‌ندێ له حیکمه‌ت زانان و پزیشکانی هاران خۆیان به صابی زانیوه‌و زۆرینه‌ی دیلمانجانی کتێبی فه‌لسه‌فی و پزیشکی عـه‌ره‌ب خـه‌ڵکی هاران بون (موعین هه‌رئه‌وێ).

— حه‌لوان holvan چۆمێکه له ته‌خـتگرا (تاقی کـیسرا) له ۱۹۰۰ میتری دایـه‌و له کاتی هاتنه خواره‌وه‌ی ئاوه که، له کێفه کانی یاتاق (زاگرۆس) له‌ماوه‌ی چه‌ن کیلۆمیتری به ئه‌ندازه‌ی ۱۲۰ میتردێته خوارێ و له پانایی ده‌شـتایی یـه‌ک، ئاوایی عه‌لی گرده، ئاوده‌دا و له‌ته‌نگایی کێفی پێشکان ره‌د، ئه‌بێ و له‌ده‌شتایی سه‌رپێل زه‌ها و، قه‌سری شیرین ـ‌ه‌وه، ده‌روا و ده‌چێته، دیاله، شـه‌ڕی نێـوان عه‌ره‌ب و کورد و ئێرانیان له حه‌لواندا روی داوه و ئێنستایش شارۆچه‌یه‌ک، له‌وێ به‌ناوی حه‌لوان ئاوه‌دانه و هه‌یه (سه‌رچاوه‌ی به‌رو).

— شێخ عه‌لیخانی زه‌نگه‌نه، وه‌زیری شاسلێمان صه‌فه‌وی (نیوه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی ۱۱ مانگی) ئه‌و مرۆیـه، وه‌زیـرێ شـیاو، له‌کـارزان و پـاکـداویـن بـووه و تائه‌ندازه‌یێ له‌کاری نابه‌جێی شاسلێمان به‌رگیری ده‌کرد (سه‌رچاوه‌ی به‌رو).

— شێخ عه‌لیخانی زه‌ند، سه‌داری بوێری که‌ریمخانی زه‌ند (نیوه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی ۱۲ مانگی) که له‌جه‌نگه کانی رۆژگاری که‌ریمخان.زه‌ند ـ ی، به‌شدار بووه، به‌ڵام خانی زه‌ند به‌قسه‌ی ۲ زمانان، کوێرونابینای کردوه. (سه‌رچاوه‌ی به‌رو).

— عیشقی (میرزاده: محه‌مه‌د ره‌زا کوڕی حاجی سه‌ید ئه‌بولقاسم کـوردستانی، شاعیر که‌له‌سالّی ۱۲۷۲ له‌شاری هه‌مدان، له‌دایک بووه و له ۱۳۰۳ هه‌تاوی و ۱۳۴۲ مانگی له تاران شه‌هید کراوه، هوگری ئه‌ده‌ب و شیعر ببوو پڕبه هه‌ستی ناسکی بۆ به‌یان کردنی واتای وه‌ته‌ن په‌ره‌ستی و ئازادیخوازی و چاکسازی شیعری ده‌وت.

Dr.Saleh Ebrahimi



نەترس و بێباک و کوڵنەدربو و لەشەڕی یەکەمی نێوگەلانی چووە وڵاتی عوسمانی و لە دارولفنونی ئەوێ دەرسی خوێندوە و لەتاران رۆژنامەی سەدەی بیستەمی بڵاوکردوتەوە، کە پڕ و تەژی بووە لە قسەو و تاری توندو تیژ، بەدژی دەسە و دایرەی حوکومەتی ئێران و هەرلەبەرئەوە بەهۆی ٢ کەسی نە ناسرا و، لە تاران کوژرا و لە بابۆیە نێژراوە. عیشقی لە ئۆ پەرای ناوداری: «هەستانەوە»، هەستانەوەی پاشاگەورەکانی ئێران، نیشان دەدا، کەیەکەیەکە، دێنە نێو شانوکەو بۆناله باری ئێران خەفەت دەخۆن و شانازی و شکۆی رابوردوی کوردەواری و ئێران دەخەنەوە بیروهزری مرۆ، تابلۆکانی «ئێدئال» و کفنی رەش» هەریەکەیان رەخنە لەباری ناله باری کۆمەڵایەتی ئێران دەگرێ، دیوانەکەی چەندین جارلە چاپ دراوە و بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە زانایانی کورد، بەرگی ٥ بە قەڵەمی (شەپۆل) ئامادەی چاپە.

—— گەنجعەلیخان زیک لە کوردانی لای کرمانە و بۆتە حاکمی کرمان و سەرزەو یەکانی شەرقی ئێران و تا مردن حاکمی ئەوێ بووە و گەرماو، ئەنباراوی ئەو ئێستابوتە شوێنەواری کەو ناراوپارێز راوەو تەختی ئەنباراوەکەی بەسورب تەخت (:کەف) پۆشی کراوە، بۆئەوەی ئاوەکە نەدەڵێتە نێو عەرزەکەو لەوێ ئاوەکە، کۆ، بکاتەوە، هەرواخانی زێک لەبەرافە رماندەی سپای ئێران بووە.

—— بوداقخان چگنی حاکمی قوچان و خۆراسانی باکوری بووە و گەنجعەلیخان ـ ی برای حوسین عەلیخانی کوردی چگنی حاکمی بستان بووە و دوای مردنی ئەو براکەی: بەیرامعەلی سوڵتان چگنی لەلایەن شاعەبباس صەفەوی کرایە حاکمی بستان.

—— میرزا تەقیخان ئەمیرکەبیر ـ ی کورد، حاجی قوربان کوڕی تیهماسب بەگی

Dr.Saleh Ebrahimi



کرماشانی چوّته نێو دام و ده‌زگای میرزا عیساخان باوکی قائیم‌مه‌قام فه‌راهانی و ئاشپه‌زی کردوه و ئاشپه‌زێ چاک و پاک بووه و له پاشان بوّته ئاشپه‌زی تایبه‌ت له ده‌رباری قائم‌مه‌قامی فه‌راهانی و فره‌جێی باوه‌ڕ و ڕێزداربووه و کوڕه‌که‌ی که ناوی **ته‌قی** بووه و له پاشان بوّته **میرزا ته‌قی‌خان ئه‌میرکه‌بیری** ئێران، له ده‌رباری قائم مه‌قام فه‌راهانی په‌روه‌رده کراوه و پێگه‌ییوه. (بڕوانه‌و تاوی ئورسول بروگێش وه‌زیر موختار -ی پروّس که میرزا ته‌قی‌خان **ئه‌میرکه‌بیری به‌کورد**، داناوه، نه‌قل له ئه‌میرکه‌بیر و ئێران فه‌ره‌یدون ئاده‌مییه‌ت، بلاّوکی خواره‌زمی په‌ره‌ی ۲۰ چاپی ۱۳۵۴ تاران).

ئه‌میرنیزام حه‌نعه‌لیخان کوردی گه‌رووس که هه‌مه کاره‌ی عه‌بباس میرزا نایب سه‌لّته‌نه بووه فره‌سه‌رنجی داوه‌ته ئه‌میرکه‌بیرو له پێگه‌یاندنی ئه‌میرکه‌بیردا نه‌خشێ به‌رچاوی هه‌بووه، ده‌لێن: سه‌ره‌رای جه‌وهه‌ری زاتی ئه‌میرکه‌بیر، کوردبون و هاو زه‌گه‌زی شوێنی بووه له سه‌ر ئه‌میرنیزام‌گه‌رووسی، یا ئه‌وه که میرزا ته‌قی‌خان ئه‌میرکه‌بیر، کاتێ گه‌یشته پله‌ی وه‌زاره‌ت، سه‌رنجێ تایبه‌تی به ئه‌میرانی کورد، داوه، به تایبه‌ت که‌سانێ وه‌ک سه‌ردار عه‌زیزخان سه‌ردار و سام خان ئیلیخانی زه‌عفه‌رانلو قوچانی، ته‌نانه‌ت ؛ کیژی خوتی له سه‌ردار عه‌زیزخانی موکری سه‌رداری کوللی ئێران ماره کردوه، میرزا ته‌قیخان ئه‌میرکه‌بیر له‌گه‌نجیدا چوّته‌دام و ده‌سگای ولیعه‌هد له ته‌و رێزو له ۱۲۴۴ مانگی چوّته ولاّتی بروّسه و ئه‌میر نیزام زه‌نگه، خوّشی له ئه‌میرکه‌بیر هاتووه‌و له‌گه‌لّ ناصره‌دین میرزا ولیعه‌هد بوّدیدار له‌گه‌لّ ته‌زاری روسیه، ناردویه‌ته (ئه‌وچ کلیسا) و له ۱۲۶۳ کراوه‌ته سه‌روکی سپای ئازربایجان و دوای مردنی ئه‌میرنیزام زه‌نگنه که له مه‌زنترین مروّفی سیاسی ده‌وره‌ی قاجار بووه، ئه‌میرکه‌بیر کراوه‌ته پێشکاری ئازربایجان و سه‌رپه‌رستی وه‌لیعه‌هدو دوای

Dr.Saleh Ebrahimi



مردنی محەمەدشا (۱۲۴۴) میرزا تەقیخان ئەمیرکەبیر، ناصرەدین میرزا، دەباتە تاران و لە بان تەختی پاشایی دایدەنێ و خۆی بە ناوی صەدر ئەعزەم - کاروباری ئێران، دەبا بەڕێوە، مالّیات و سپای شەڕوان ڕێک دەخاو لەگەلّ دەولّەتاندا بەیوەندی، ئابوری، کۆمەلایەتی و سیاسی سازدەدا، ئەمیر کەبیر دارولفنونی لە تاران دامەزراندو بەهێنانی فێرکارو دەرس بێژانی ئوروپایی، بنچینەی فێربون و خوێندن و فەرهەنگی تازەی لە ئێران، دانا. کە بە داخەوە بە شەیتانی، شەیتان و شوفاران و بەخێلّ و حەسودان ئەو مرۆڤە گەورە و دلّسۆزە، لە حەمامی کاشان بە خوێنی رەگ بەردان لە ۱۲۴۸ی مانگیدا شەهید کراوە.

—— مەلیک شوعەرای بەهار لە ۱۲٦٦ مانگی لە دایک بووەو لە ۱۳۳۰ (مانگی و ۱۸٦٦ - ۱۹۵۱ ز - ئەوزانا کوردە، مردوە، بەهار شاعیر، لێکۆلەر، رۆژنامەنوس، ئوستادی زانکو، رامیارو خێوی سەبک ناسی بە فارسی‌یە.

—— خانی‌دانی کۆلێنێل محەمەد تەقی پەسیان کوڕی رۆستەم بەگ پەسیان لە کوردانی پەسیانی قەفقازن (پەس + یان - یانی کوران، کوڕگەل، پەس، بەواتای کوڕ - ە، هەروەکو پسمام، پسخالّتی یانی کوڕمام، کوڕپور (کوڕی‌مام کوڕی‌پور). شەڕی ئەرمەنستان و ئازربایجان دوای روخانی شۆرەوی زیاتر لە سەرخاکی کوردانی پەسیان و گولّبجار، ئاخکەندو شارۆچکەکانی لاچین و قورت و قەرەباغ بووە و بۆتە هۆی مالّ وێرانی و ئاوارە بونی کورد، هەروە کوشەڕی ۸ سالّەی صەدام و ئێران زیاتر کە لە سەرخاکی کورد بوو و بوە هۆی مالّ وێرانی ودەر بەدەری کورد چ لەم دیو و چ لەودیو، وەینەکەی هەلّەبجەیە، هەلّەبجەی سوتاو هێروشیمای کوردستان و شاری سەردەشت (زەردەشت) لەم دیوە.

—— عەلی قولیخان و حەیدەر قولیخان پەسیان خزمی کۆلێنێل محەمەد تەقی

Dr.Saleh Ebrahimi



پەسیانن کە دەنوسیٚ: لە ١٢٤٣ /کاتیٚ قەفقاز کەوتە پەردەس روسی تەزاری ئیٚمە هاتینە ئیٚران و من: کولٚنیٚل محەمەد تەقی پەسیان لە ١٣٠٩ مانگی لە تەوریٚز لە دایک بوم و لە ١٣١٧ تا ١٣٢٣ لەویٚ خویٚندومەو لە ١٨ چومادی سالٚی ١٣٢٤ چومەفیٚرگەی نیزام و دوای ٥ سالٚ خویٚندن بە پلەی ستوان دوەمی لە ١٣٢٩ مانگی وەرگیرام و لە راستیدا باب و کالٚی ئیٚمە هەموگولٚی سوری مەردانیٚ ناوداری وەکو میرزا تەقیخان ئەمیرکەبیر و حەسەنعەلیخان ئەمیرنیزامی گەروس و... ن. کە ئیشارە بە کورد بونی خوٚی کردوە. و ویستویەتی ئە یالەتی خوٚراسان سەربەخوٚ بکاو خوٚی (کولٚیٚنیل محەمەد تەقی پەسیان) ببیٚتە سەرکوٚماری.(گوٚڤاری دانشمەند سەماوەزی ١٣٥٨). هەروا نوسیویەتی: هەموکوردانی پەسیان و حەمادینلو، قەرە پەپاخ ـ ی کورد و کوردی شکاک: (شوقاق) و دونبولی و باچیان و ١٠٠٠ سوار لە سلیٚمان ـ ی پەسیان و شوکورلو و خوکانلو و قەراچوٚرلو و زیلان و میلان، لە شەرەکانی سالاٚنی ١٢٤٠ تا ١٢٤٤ بە سودی ئیٚران بە شدار بوون، جادوای هاتنی ئیسلام و دەسەلاٚتداری عەرەب بە سەر کوردستان و ئیٚران و نەمانی پاشایانی ساسانی کورد و هیٚرشی تورکان لە سەدەی ٤ بوٚسەر کوردستان و ئیٚران و حوکومەت کردنی تورکان، غەزنەویان، سەلجوقیان، خوارەزمشاهیان، جەلابیریان و مەغول و تەیموریان، قاجاری تورکەمەن و تورکە رەشە، بە سەر ولاٚتی کوردستان و ئیٚراندا، زیاتر لە هەزار سالٚ دریٚژەی کیٚشاوەو زمان. داب و دەستوری خەلٚکیان گوٚریوە و بەشیٚ لە خەلٚکی ئیٚران و کورد، زمانە کەیان بووەتە تورکی، تەنانەت ئەو داگیر کەرانە، ناوی کیٚف و شاخ و داخ و دار و بەردو گوندو ناوی ئاوی چەم و زەریاشیان گوٚریوە (بروانە ریشەی نیٚژادی کورد و پەیوەستەگی نیژادی و تاریخی ئەو پەڕەی ١٣١ د ـ رەشید یاسەمی

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردی کرماشان و شەرەفنامە بە فارسی ئەمیر شەرەفخان بدلیسی کە لە ساڵی ١٠٠٥ی مانگی تەلیفی کردوە و تاریخی کورد و کوردستان پەڕەی ٨٣ بە رگی ١ ئایەتوللا شێخ محەمەد مەردوخ کوردستانی و کورد، لە دراوسێکاندا ئەولیا چەلەبی و سەفەرنامەی خوسرە و میرزا، پەڕەی ٥٩کە قەرەپەپاخەکانی بە کورد، داناوە.

—— بنەماڵەی عەلیخان صەبا، قائانی شاعیرو مەلیک شوعەرای بەهار، ئاغای ئەمیرانی هەڵسورینەری گۆڤاری خواندەنیها لە تاران کە شاو ئەشەرەف و دەرباری پەهلەوی، دەدابەر پلار کوردبوون (بڕوانە و تاری دوکتور مەحمود ئەفشار لکاو بە کتێبی کورد و پەیوەستەگی نیژادی و تاریخی ئەو،د ـ رەشید یاسەمی پەرەی ٣٧ چاپی ١٣٦٩ و زەبیحوللا مەنسوری نوسەری ناودار، کورد بووە (بڕوانە حەرەکەتی تاریخی کورد بۆ خۆراسان، بەرگی ٥ پەڕەی ٩٧ تا ١٠٣ چاپی ١٣٧٧ هەتاوی.

—— لە رۆژی ٥ شەمە ٢٥ دیسامبری ٢٠٠٨زایینی و ٥بە فرانباری ٢٧٠٨کوردی و ساڵی ١٣٨٧ هەتاوی، سەرەنجام لە تلویزیونی TRT ی (٦)ی حوکومەتی تورکی ئەردۆغان بە زمانی کوردی، زمان، ئەدەب و هونەری کوردی بلاّو کرایەوە و ٢٤ ساعەتەیشە،کە لە زەمانی مستەفاگەماڵەوە، زمانی کوردی قەدەغە کرابو، دیارە کرانەوەی ئەو تلویزیونە، بە زمانی کوردی، لە سۆنگەی بەر خودانی کورد و گریلای کوردە، کە خوێنی بۆر ژاندوە و حوکومەتی تورک دەبێ دیان بە هەمو، مافی رەوای کوردا بنێ، ناچارە مافی نەتەوەی کورد، بناسێ، دەنا وەکجاران بۆی ناچێتە سەر، (شەپۆل). ـ بە سسام ـ ی کورد، هاوسەردەمی یاقوب بن‌لەیس (٢٥٤ ـ ٢٦٥ مانگی، یەکەم شاعیری کوردە، کە دوای ئیسلام شیعری بەفارسی وکوردی نوسیوە و شیعرەکوردیەکانی وندا

Dr.Saleh Ebrahimi



کراون (موعین پەڕەی ٢٦٨ سەرچاوەی بەرو).

—— بەشاکورد، یەکێ لە گوندەکانی کەهنوجی شارستانی جیرِوفتی ئەیالەتی کرمانە و ناوچەیەکی کێڤاوی و چڕە و کێفەکانی بە ناوی بە شاکور، ناودارە. (بەشا) کورمانجیە، یانی بەش: پشک. چیای باریز، تایفەی باریز، بارزان، بارجان لە دەورەی ساسانیان، لەوێ لە نێوکێفەکانی باریز، بارزان، بارچی چیای بارجان، هۆزی کوفج، قفص، کوفج یاکۆچ، هۆزی بارزان، لەوێ ژیاون و ئێستایش هەن و لەوێ دەژین.

کە ئەردەشێری بابەکان چۆتە جەنگی تایفەی بارزان لەچیاو کێفەکانی جیروفتی کرمان (کیسرەوی ئەحمەد پەڕەی ٤٩، صادق هیدایەت پەڕەی ٢٤ و ٢٥ و تەبەری، ئیعتماد سەڵتەنە، عەلی رەزمارا، پەڕەی ١٤٦ و یاقوت و ئەلکامیل بە نەقڵ لە پەڕەی ١٢٥ و ١٢٦ ی دانیشنامەی جیهانی ئیسلام حەرفی بێ چاپی ١٣٧١ هەتاوی تاران.

—— ئەمیرنیزام حەسەنعەلیخان بن محەمەد صادقخان گەروسی، سەرتیب، سیاستزان، ئەدیب، نوسەر، خەت خۆش و ناوداری دەورەی قاجار، لە ١٢٣٤ لە بیجار لە دایک بووەو لە ١٣١٧ یا ١٣١٨ مانگی لە کرمان مردووەوپلەی سەرتیپی فەوجی گەروسی بەمیراتلە باوکیەوە، پێی براوە ولە شەڕی هیرات بەفەرماندەیی حیسام سەڵتەنە، ئەو یەکەمین کەسێ بووگە، کەخۆی خزاندوّتەنێو قەڵای هیرات. لە سەفەری یەکەمی ؛ ناصرەدین شای قاجار، بۆ ئوروپا لە ساڵی ١٢٩٠ مانگی، بە پلەی وەزارەتی فەوائیدی گشتی یەکێ لەهاو رێیانی شابووە، ئەمیرنیزامگەروسی بۆماوەیەکیش پێشکاری موزە فەرەدین شابووە، لەکاتی وەلیعەهیدی ئەو، کە لە تەوریز بووە. لە پاشان بۆتە وەزیر موختار لە فەرانسە و ئینگلیس و ماوەیەکیش حاکمی کرماشان بووەو لە

Dr.Saleh Ebrahimi



ساڵی ١٣١٧ بۆتەوالی کرمان و لەوێ مردوەو لە قەبرستانی شانیعمەتوڵڵای وەلی لە ماهان نێژراوە هەمزاغای مەنگور، بریکاری سەرداری راپەرینی ١٨٨٠ ز ـ بەرابەری مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین لە سابلاغ (: مەهاباد)ی موکری بەگزی و سوێندبە درۆ خواردنی ئەمیرنیزامی گەروسی، ئەو مروگەورە شەهید کراوە. ئەمیر نیزام گەروسی، نوسەری بیرورد، خەت خۆش و ئینشا چاک بووە و نوسراوەکانیشی ئەمانەن: کتێب و مونشآت، پەندنامەی یەحیەوی کە بەخەتێ جوان بۆکوڕی خوێ نوسیویەتی. (موعین پەڕەی ١٦٤٨ بەرگی ٦ چاپی ٥ ساڵی ١٣٦٢ تاران).

لاپەرەی کتێب وەک شاپەرەکە روحی ئێمە
بۆلای نورو روناکی دەخاتە هەلفڕین: وێلتێر.

هەرکەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێنێ
رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خوێدا دەبارێنی (شەپۆل)

هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کە تەمەن، چەن
کورتە، بۆکەڵک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

وەرە با هەمومان ناڵەمان یەکخەین
بەڵکو بەو عیشقە نیشتمان سەرخەین

Dr.Saleh Ebrahimi



## گەڕیانێک بەرێیواری بەدۆڵی شێخانی مەنگوراندا!

ڕۆژی چوارشەمە، یەکەمی ڕەزبەری ساڵی ۱۳۷۷ی هەتاوی و ۲۳ی سپتامبری ۱۹۹۸ی زاینی و ۲٦۱۰/۷/۱ی کوردی لەکات ژمێری چواری سەرلە ئێوارە، لەگەڵ چەن کەس لەکوڕانی **خوا لێخوشبو حاجی محەمەد مۆرەکی**، لە شاری تارانەوە، بەرە و شاری مەهاباد، وەلە وێوە بەرەو هەرێمی ئاوایی شێخانی مەنگوران بەجادەی دەم سەدی مەهاباد، دا ڕۆیشتین لەسەر ڕێگا لە لای دەسە چەپەوە دێ (هەمزاوا) لە بان گردێکەوە، دیار بو، هەرواکە دە ڕۆیشتین لە پردێکەوە بە لای دەستە ڕاستا لامان دا و ماشین کەوتە سەر جادەی خاکی و ڕێگا بە نیو ڕێ بو، بەڵام زۆر ناخۆش و پڕو تەژی لە کەند و لەند بو، هەرجۆرێ ڕۆیشتین، لە ڕێگا لە دەستە ڕاستەوە شوێنە واری دێ کۆنی (ئینجە دەرێ) یان نیشان داین کە لە دوڵی شێخان دایە، لە کوردەواریدا دە ڵێن: ئینجە دەرێ لە کاتی ئاوەدان بوندا تاچل پە نجاکچی پەلکە ئاورێشمی لێها تۆتە دەرێ و ئەم قسە خۆیی نیشانەی ئاوەدانی و حەشیمەت زۆری ئەو دێ کۆنە ،ڕاگەێنێ.

هەرواکە بەو جادە ناخۆشە خاکیەدادە ڕۆیشتین. لەم لاو لە ولای ڕێگا و بانەکە، بارسنجو، سورەبان یان نیشان دەداین، سەرئەنجام گەیشتینە ئاوایی سێلم، بەلام ئەو ڕۆژە نە مان توانی بچینە سەر ئارا مگە و زیارەتی خوالێخوشبو (باباڵی) ناچار گەراینەوە بۆشاری مەهاباد، بۆڕۆژی هەینی ۱۳۷۷/۷/۲ سەر لە نۆی بەرە و مەنگوران بە شۆینەکەی ڕۆژی پێنجشەمەدا ڕۆیشتین، لە ڕێگا باخەو انەکەی ماڵی خوالێخوشبو **حاجی محەمەد مۆرەکی** کە لەبەرشارەزابون بە ڕێگا و بان لەگەڵمان هاتبو، لە ڕێگا لە دورەوە ئاوایی گۆمەڵیان، داغە، چۆمی گەورەی لای داغەی نیشان دەداین. کە ئەم چومە لە لای قازی یاواوە، دەرژێتە نێو بەربەندوسەدی شاری مەهاباد، لە سەر ڕێگا بە لای دەستە ڕاستەوە، چاکی (بەرلانک) لە دەم ڕێگا بو، بە ئێمە نیشان درا، هەروا بەو جادە خاکی و ناخۆشەدا دە ڕۆیشتین لە ئاوایی (باگردان bagerdonی خوارێ و سەرێ ڕەد بوین تا گەیشتێنە دێ (شێخان) و لەوێ چوینە ماڵی (مامخدر) نێویک، زۆری بە خیرهاتن کردین و نانی نیوە ڕۆ (فراین) لەو ماڵە خوارد، جادوای نان و چا خواردنی نیوەڕۆ، بۆ ڕێنوێنی برایەکی خۆی بە نێوی مام ڕەسوڵ بانگ کرد. ئەممام ڕەسوڵ و مام

Dr.Saleh Ebrahimi



خدرە لە کۆنە ئاشناو کۆنە شوانانی حاجی محەمەد بون، زۆریان ریز لێگرتین و دیاربو قەدر و حورمەتی حاجی محەمەدیان لابو، بە راستی مام خدر پیاوێ وریا و ژیرو نیشتمان ویست دەهاتە بەرچاو، میوانگر و نانخۆش و بە ئاوەز بو، مام خدر و مام رەسوڵ لە دورەوە کە لاتی شا، یاقەلاتی شا، یان نیشان داین، هەروەک دەگێرنەوە قەلاتی شا دارای ساختومان و خانوگەلێکی جوان و سەرەنج راکێشە، هەروا دیواری لە بەردی تاشراو، وەپلیکانی ژێرزەوی لە بەردە تاشراو بۆساز دراوەو لە نێوە راستی مەیدان و گۆرەپانداگۆلاو بە بەردی تەشوێ تاش بۆ سازدریاوە، شوێنەواری عەمباراوی هێمان بە جوانی دیارە و ئاسەواری دیارە و بە راشکاوی شارستانی و تەمدونی ماد بەرێبوارانی خوێ نیشان دەدا.

بەڵێ کەلاتی‌شای نێو مەنگوران خانووئاسەواری کۆنی نەتەوەی مادوکوردە. وەکەمێ لە خوارترەوە قەلاتی مستەفا بەگ، وە لەو رێەشدا قەلاتی هێلم هەیە.[1] دیێ

---

(۱) لەکتێبی کار نامەی ئەردەشێر بابەکان دا نوسراوە: ئەردەشێر چووە شەری کوردان شای ماد ـ لەوێوە چووەتە سەر بارزانی ـ بارزانیان لەجیروفت لای کرمان، کێوێ بە نێوی بارزان، بارزانی بارجانی هەیە کە بارزانی لەو ناوەبووەو لەپاشان بۆ بەرگری لە هێرشی دوژمن چونەتە ئەم مەلبەندەی ئێستای بارزان، کە تەفسیری ابن‌کثیر لەبن ئایەتی (...الی قوم اولی باس شدید) سورەی فتح ئایەتی ۱٦ ـ دەڵی پێغەمبەر فەرمویەتی ئەم ئایەتە لە پەسەندی هۆزێک‌دا هاتووەکە ئازاو نەبەزن وکاڵەکانیان لەموووکوردن و بارزانی ـ سەرچاوە: تەفسیری ابن‌کثیر، تەفسیری روح‌المعانی، تەفسیری المیزان، تەرجەمانولقورئانی عەللامە حوسین هێندی، بیان الائمە ـ کتێبی زەمینەسازان، کتێبی یەعقوب لیث پەرەی ۲۲ نوسراوی دوکتور باستانی پارێزی. کارنامک نوسراوی ئەحمەد کیسرەوی چاپی ۱۳۴۲ پەرەی ۴۹ ـ کۆواری ئاوێنە ژمارەی ۱۷ و ۱۸ چاپی ۷۳ و ئاوێنەی ۱۳۷۴ ژمارەی ۹۰ بە قەڵەمی شەپۆل. یا بازان ـ ی کورد کە لە لایەن پێغەمبەرەوە کراوەتە فەرمان رەوای یەمەن، دوای مردنی بازان، شارکوری بازان بووە

←

Dr.Saleh Ebrahimi



شێخان، ئاوایه که، له ۲۵/۵ کیلۆمیتری بـا شـوری رۆژاوای شـاری مـه‌هاباد و ۱۰۵ کیلۆمیتری بۆ شاری سه‌ر ده‌شت هه لکه‌وتووه، خه لکه که‌ی کـورد و سـونین، کـاری خه‌لکی، مه‌رو مالاّتداری، جوت و گاو هه‌نگوین به‌عه‌مه‌ل هێنانه، کار ده‌ستی ژنان گۆره وی‌چنین و پوزه وان وبه رمال و ده‌سکێش و ره‌شکه و جاجم و شتیوایه.

گوندی باگردانی سه‌رێ که له ۲۴/۵ کیلومیتری باشوری رۆژاوای شاری مه‌هاباد و ۱۳۰ کیلومیتری سه‌ر ده‌شت دایه، جاکه له شاره وه، بۆیی ده رۆیی،له ده‌سته راستی رێگای خاکی دایه، خه لکه که‌ی کورد و سونین. له چۆم ئاو ده‌خۆنه‌وه، له و دوله‌دا بۆ ماوه‌ی یه کێ کێلومیتر دو ئاوایی به نێوی باگردان bagerdonی خوارێ و سه‌رێ هه یه، که له ۲۴/۵ کیلومیتری با شوری خۆراوی شاری مه‌هاباد و له ۱۳۰ کیلومیتری سه ره‌دشت دایه، جاکه ده‌روێی له ده‌سته راسته‌وه له پشت باگردانی سه‌رێ گردێک هه‌یه و له‌بان ئه‌و گرده، ئارامگه‌ی خوالێخوشبو **(بابالّی)** پاپیره گه وره‌ی حاجی **محه‌مه‌د مۆره‌کـی**، لێ سازدراوه، ئێستا پێگه‌ی پاسداران له سه‌رئه‌و ته‌پۆلکه دانریاوه. ده‌بێ بێژین: مرۆڤ کاتێ به‌و جاده خاکی‌یه دا ده‌رواو ده‌روانێته باری ژیانی ئه‌و خه لکه بێـچاره و مـه‌زلومـه، واده‌زانێ که ئه‌مانه وه‌ک به‌سه‌دان سال به‌ر له دنیای ئه‌مرۆ بژین وایه، چـونکا دور له شارستانی و خۆێنده‌واری‌و ئاودانی و ژیانی خۆشی ئه‌مسه ده‌مه‌یه، ئه‌م خه‌لکه موسلمانه هه‌ژارانه راگیردراون و قه‌تیس ماون و له خێرو به‌ره‌که تی ئه‌م قه‌رنه بێ به‌ش کراون، هیچ جوره ئاوه‌دانی و بوژانه وه‌یه‌ک له و نێوه نێوانه دا له نێو مه‌نگوران کار نه کراوه.

---

→ حاکمی یه‌مه‌ن،شارکوری بازان به یارمه‌تی پیرۆزی کوردی ده‌یله‌می ئـه‌سوه‌د ـ ی کوشت که پیاوێ چه‌چول بو ـ پێغه‌مبه‌ر فه‌رموی: فاز فیرۆز : فـیروز سـه‌رکه‌وت. وله سه‌رقه‌بری ئه‌بوحه‌نیفه دینه‌وه ری‌کرماشان له به غدا نوسراوه (لوکان العلم بالثریا لتناوله رجال من ابناء جبال. المسند گردوکۆی المسند به نـه‌قل ابـوهزاره احـمدبن مـحمدبن خه‌لیل چاپی ۱۳۱۳ ی مانگی میسر ئایه‌تی ۵۴ ی مائده (... فسـوف یأتـی الله بـقوم یحبهم و یحبونه اذلة علی‌المؤمنین، اعزة علی الکافرین له په‌سنی کورد نـازل بـووه. و ئایه‌تی ۲ و ۳ سوره‌ی جومعه له‌بابه‌ت کورده (... و اخرین منهم لما یلحقوا... پێغه‌مبه‌ر فه‌رمویه‌تی. شه‌پۆ

Dr.Saleh Ebrahimi



## بنه ماڵەی خوالێخوشبو حاجی محەمەد مۆرە کی

هەروە ک لە خەڵکی ئەو ئاوایی یانەمان دەبیست خوالێخوشبو **باباڵی ئـە عـلا جەدی بنە ماڵەی بە رێزی مۆرە کی** پیاوێ بووە خـوانـاس، دڵ و دەرون ئـاوا، مـەرو ماڵاتدار، دە وڵە مەندی کات و زەمانی خۆیو، زۆر بە رێز و سەخی تەبع و میوانگـر بووە. **باباڵی** پیاوێ بووە، مەندو ماقول، بـە مشـور وئـینسان دۆست و ئـینسان خۆشـە ویست، لە نێو خەڵکدا زۆر بە قەدرو حورمەت؛وە ئازا، سوارچاک، رەشید و خانەوادە دار.

**باباڵی** ئەوەندە دیندا رومەشهور بووە دەڵێن: باپیرە گەورەی ئیلخانیە کانی لای بوکان چۆتە نیۆ مەنگوران بۆ دیداری؛ خوالێخوشبو **باباڵی** لەبەشی کوردستانی گەرمێن (باشوریەوە) هاتۆتە نێومە نگوڕان و دوڵی شێخان. هەروە ک و تویانە: **باباڵی** ئەونە لەخوا ترس و بـەتەقوا بـووە دوای وەفـاتی، مـوسوڵمـانانی ئـەو هـەرێـمە چـونەتە زیـارەتی ئاوامگاکەی و تەنانەت چل دانەشیان لەسەرگرتۆتەوە. دەڵێن : لە کاتی خویدا باوە کـو رێگاوبان سەخت و ئاستەم بووە، بەرد تاشان بەردە مەرمەڕی تاشراوی رێک و پێکیان، هێناوە و بۆ کێل لە سەر ئارامگەی باباڵی یان داناوە.

حاجی محەمەد مۆرە کی کوڕی رەحمان ولە سولالەی **باباڵی**یە، خێزانی حاجی محەمەد مۆرە کی نێوی حاجیە عایشە خانم و کچی سەعید بابانزادو لە خانەدانی بەبە زاد (بابان) لە هۆزی بابانی گەورەی کوردە،کە حوکومەتی کوردیان بەدەستەوە بووە.

☐ **حاجی رەحمان باوکی حاجی محەمەد مۆرە کی** لە تافی لاویدا لە مەڵبـەندی شێخاتەوە دێتە سابلاغ (مەهاباد) حاجی رەحمان مرۆڤێکـی بـە کـار، کۆشـا، دیـندار، سەخی، نـانبدەو دلاواو نـاسیاوی خـاس و عـام بـووە، دە گێـرنەوە: رۆژێک یـە کێ لەجیرانە کانی کە بێ ئەنوا دەبێ،دیێ لە حەوشەی ماڵی حاجی رەحمان چـەندمریشک دە گرێ ودەیبا، خێزانی حاجی رەحمان گازندە دە کاودەڵێ: فلانە کەس چەندمریشکی دزی و بردی، حاجی رەحمان دەڵێ: مەڵی دزی، ئەوە نەدارە، هەژارە، بۆ شەوێ، حاجی رەحمان خۆی یە ک حەلەبی رۆنو یە ک کیسە برنج دەباودەیدا بەو ماڵە هەژارەی دراو سێیانو بەدەیان جار بۆ خۆی کیسە ئاردی بۆ هەژاران بردوە و بەخیر پێیداون. دە گێرنەوە

لەمزگەوتی هەباساغاکە خەڵک بۆدەسنۆیژگرتن دەچونە ئەویێ و باڵتە و بارانی خۆیان لە سەر دیوارە نزمەکاندا دەنا، حاجی رەحمان بەنهێنی پوڵ و دراوی دەخستە گیرفانی باڵتەی مرۆڤە نەدارەکان، بێ ئەوەی بێڵێ کەس بەوچاکەی بزانێ.

دەڵێن **بابالی** ئەعلاجەدی بنە ماڵەی مۆریکە ، کە ئێستا ئەو تایەفە لەلاجانی سەربە شنۆ ولە بەری سنور بۆلای کوردستانی گەرمێن کوردستانی باشوری لە لای چۆمان بنە ماڵەی مۆریک یا مۆرەکی هەن و لە ونیوە دا بلاو بونەتەوە.

□ هەروەک لە کتیبێ کورد و کوردستان نوسراوی پرۆفسور محەمەد ئەمین زەکی کورد بە زمانی کوردی کە بەرێز (حبیب‌الله تابانی) بە نێوی تەحقیقی تاریخی لەبارەی کورد و کوردستان کردویە تە فارسی و لە ساڵی ۱۳۷۷ لە چاپدراوە، لە پەرەی ۲٦۳ی ئەم کتێبە، دا نیوی هۆزێک براوە، بە نیوی مۆدکی یا مۆتکیان، وە کۆیستانێکی دور و درێژیش، هە ربە نیوە هەیە کە خەڵکی کورد زمان هەربە و نێوە، نێوی دەبەن کە بە رواڵەت لە هۆزی زازان، وە ئەم شاخانەیشی لێدە بێتە وە: کیبوران، بوبانلی، کوسون روچابە، کە (ئەم چوار هوزە زازان) زێدان، ئەریکلی، پیرموسا، (ئەم هوزەش کوردن) وە کۆنترین و کەو ناراترینی ئەوان هۆزی (**بوبانلی**) یەکانن ـ دوریش نییە **کە بابالی** لە بوبانلی یەکان، بێو ئاڵ و گۆڕ بەسەر واژە و نێوە کە داهابێ.

یا مۆدکی خۆی بوبێتە مۆرەکی، گۆڕان بەسەر واژە و نێوەکەدا هاتبێ، بە لکو رۆژێ لە رۆژان لە سۆینگەی کۆڵینە وە وپیا چونەوە دا، مێژوەکەی رون بکرێتەوە

شەپۆل: دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی ئەندامی هەیئەتی عیلمی زانینگە (دانشگاه مذاهب اسلامی) لە تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi

شه‌پۆل / ۳۰۳

جمهوری اسلامی
صفحه ۱۴
چهارشنبه ۱۹ اسفند ۱۳۷۷
۲۲ ذیقعده ۱۴۱۹ـ شماره ۵۷۲۸ـ سال بیستم

## قرآن

# تقدیر جمعی از نمایندگان استان کردستان از مترجم قرآن کریم به زبان کردی

بخش خبری: جمعی از نمایندگان کُردزبان مجلس شورای اسلامی ضمن نامه‌ای از محقق علوم قرآن جناب استاد، دکتر محمدصالح ابراهیمی (شه‌پۆل) مترجم قرآن کریم به زبان کُردی تقدیر و تشکر کردند.

در نامه این عده از ترجمه قرآن به کُردی به عنوان تلاشی سترگ و عظیم یاد شده و این اقدام ناشی از روحیه سرشار از عشق به خدا و ایمان به کلام جانبخش الهی دانسته شده است.

این نامه را نمایندگان مردم پیرانشهر و سردشت، مهاباد، سنندج، دیواندره، کامیاران، قروه، سقز و بانه، پاوه و جوانرود و ایلام امضاء کرده‌اند.

لازم به ذکر است ترجمه قرآن‌کریم به زبان کُردی سورانی توسط استاد ابراهیمی از علمای اهل سنت کردستان چند سال پیش انجام پذیرفته و با استقبال قابل توجه کُردزبانان سراسر جهان مواجه شده است.

Dr.Saleh Ebrahimi

شه‌پۆل / ۳۰۴

کیهان
صفحه ۱۴
شنبه ۱۶ آذر ۱۳۸۱
۲ شوال ۱۴۲۳ - شماره ۱۷۵۴۳

برای اولین بار در ایران و جهان

# قرآن کریم به زبان کردی ترجمه شد

برای نخستین بار در ایران و جهان، آیات قرآن کریم از عربی به کردی ترجمه شد.

دکتر محمد صالح ابراهیمی محقق علوم قرآنی و مترجم این قرآن در گفت‌وگو با باشگاه خبرنگاران جوان با بیان این مطلب در خصوص اثرگذاری این ترجمه گفت: هرگز باور نمی کردم که این ترجمه تا حد بسیار زیادی بتواند مخاطب داخلی و خارجی جذب کند و به گفته برخی از ایرانیان کردزبان این ترجمه توانسته است الفت آنان را با کلام خدا عمیق‌تر کند. وی افزود: البته پیش‌تر از این قرآن کریم به زبان کردی اما با خط لاتین که ویژه کردهای مقیم ترکیه است ترجمه شده بود.

وی در خصوص تأثیرات انتشار و مطالعه این ترجمه در بین کردزبانان تصریح کرد: تأثیر مطالعه این ترجمه بر تقویت علاقمندی مردم به قرآن تا آنجا که بررسی کرده‌ام قابل توجه بوده است.

وی در ادامه گفت: این کتاب - در داخل کشور پنج بار و در میان کردهای خارج از ایران نیز دوبار تجدیدچاپ شده و در کردستان عراق هم این کتاب با اشتیاق مخاطبان مواجه شده است.

وی در خصوص مدت‌زمان کاری که روی ترجمه این قرآن انجام گرفته بیان داشت: در سال ۱۳۶۶ ترجمه قرآن را به اتمام رساندم و در سال ۱۳۷۶ این کتاب چاپ شده و دلیل این وقفه طولانی هم می‌توانست مشکلات مالی و مسائل دیگر باشد که من خیلی در جریان آنها قرار نگرفتم.

وی در خصوص سیاست‌های دین‌زدایی در گذشته خاطرنشان کرد: رژیم گذشته نمی‌خواست به هیچ شکلی برای اسلام تبلیغ شود چرا که با دین‌داری و اسلام مخالف بود و واهمه داشت. خصوصا با اقدام ملی و محلی مخالفت‌هائی صورت می‌گرفت و رژیم نمی‌خواست به زبان آیین و سنت‌های آنان بها دهد.

## هەڵەبجەی شەهید هێروشیمای کوردستان

شەپۆل / ٣٠٥

شەپۆل پێی ناوێ شین وگرین    بۆ هەڵەبچە هێروشیمای پر برین
چونکا کەوی نێو رکە بەپۆل هەڵفرین    دەبنەزانا و پسپۆر بۆ زامی برین
بۆزامی برینی کوردی لانەواز    کەنجان و لاوان هاتون بە ئاواز
بەزەبری عیلم و ژیری و زانین    کوردی بە شخورا و، دێنە پێکەنین
کورد دەڵێ ئاش بە نورەیە    نورەی ئێمەیش دیێ ئیتربەیەقین
هەر او نەعرەتەی کورە کورەی کورد    ئیتر بەزانین مێژوی خۆی دەکا رەنگین
یا خواثاوابێ ئەم کوردستانە    بوژێنەرەوەی ژیان یا گیانە







Dr.Saleh Ebrahimi





The World of Islam

دیمەنی قەڵای قاهیرە کە سوڵتانی کورد: صەلاحەدین ئەیوبی زەرزاری،
لە سەدەی شەسەمدا سازی داوە و مەمالیک ئەوەیان کامل کردوە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



**نەو رۆژ:** دەم و کاتی وردبونەوە و پیا چونەوەیە، لە رابوردو، هەروا بەرنامەدانان بۆ دوا رۆژ، بە هیوام کە لە سالّی تازەدا [۲۷۰۳ ـ ۲۰۰۳ ز ـ ۱۳۸۲ و ۱۴۲۴] ئەم شتانە کە دەینوسین لە ژیاندا بیگرنە بەرچاو. وە بەکاری بێنن لەژین و ژیانتاندا: ـ

۱ ـ کات و ساتێ بۆ بە دیهێنانی خەونەکانتان، تایبەت بکەن تاگیانتان بگاتە ئەستێرەکان.

۲ ـ دەم و چاخێ بۆکارکردن تەرخان بکەن، چونکا دەبێتە هۆیی سەرکەوتن و پێگەیشتن و پێشکەوتن.

۳ ـ چەن دەمێک بۆ بیرکردنەوە دابنێن چونکا بیرکردنەوە بناوان و سەر چاوەی وزەوهێزە.

۴ ـ دەم و ساتێ بۆکایەکردن دابنێن چونکا دەبێتە هۆیی هێزو جوان بوونەوە.

۵ ـ کات و ساتێ بۆ خوێندنەوە لە بەرچاو بگرن چونکا موتالاّکردن سەرچاوەی عیلم و هونەرو زانینە.

٦ ـ دەمێ بۆ پێکەنین بگرن بەر چاو، چونکاکەندوکۆسب کەم رەنگ دەکا.

۷ ـ دەم و ساتێ بۆ ساغی و سلاّمەتی و بیهداشت تەرخان بکەن، چونکا لەش ساغی گەنجینەی ژیانە.

۸ ـ کات و ساتێ بۆ پارانەوە و عیبادەت کردن دابنێن، چونکا تەپو تۆزی ئەنبوژەنی و ماددی لە چروچاوتان دەسرێتەوە و لە خوا نێزیکتان دەکاتەوە.

۹ ـ دەم و کاتێ بۆرابواردن لەگەلّ دۆست و یاران، دیاری بکەن. چونکە دەبێتە هۆیی شادی و خۆشی.

۱۰ ـ دەم و ساتێ بۆنیشان دانی خۆشەویستی لە بەر چاو، بگرن چونکا هۆیی لەزەت بردن لەژین و ژیان، پێک دێنێ. (فیلیپ همبرێت) وەرگێر بەزمانی شیرینی کوردی: دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



دونێر donery زاناو بیروردی ئوروپایی دەڵێ [گرینگترین هۆکە ئوروپا بـە نێـوی کیانی موتەجانیس و شوێدانەر، کە بە خوێدا هات و دەرکەوت و سەرکەوت بە مجۆرە بوون: ۱ ـ هەبونی زمانی لاتین ۲ ـ ئەدەبیاتی کون ۳ ـ روناک بیران یا ئێتێلجنسیا، کە لە سەدەی سێزدەی زایینی یەوە، لە زانکۆکانی هاوویێە دەسیان کـرد، بـە دەرس و وانـە گوتنەوە. منیش دیتم زمانو شیعری عەلی عەریری و حەکیم ئـەحمەدخانی، مـەلای جزیری و بێسارانی و حەکیم مەولەوی کورد و حاجی قادرو... زاناو نوسەرو ماموستای دەرس بیژی زانینگەو زاکۆمان هەیە، قورئانم هێنابە سـەر زمـانی شـیرینی رۆژبـاوی **کوردی، تا زمانی کوردی ببێتە، زمانی قورئان و لە نێو خەڵکدا قیداسەت پەیدا پکاو** کەس نەوێرێ زمانی کوردی قەدەغە بکـاو ئـەوانـەی هوگـری قـورئانن لە رێگـای قـورئان خوێندنەوە، باشتر هوگری زمانی شیرینی کوردی ببن و لەو رێگا یەوە، زیاتر پەرە بـە زمانی کوردی بدرێ.

دوای پرس و راڵەگەڵ دۆستان وەختی چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئاغای پەهلبود، زاراوی حەمەرەزا شاو وەزیری فەرهەنگی ئەو سەردەم، وەرگرت و قوئانە کوردی یەکەی خوّم و کتێبی کە دوکتور سەعیدخانی کوردستانی ئینجیلی وەرگێرا بووەسەر زوانی کوردی کە لە ساڵی ۱۳۰۹ هەتاوی کلێسەیێ لە شەقامی قەوامو سەڵتەنە لە تاران بە ناوی مزگانی نەزانی بە کوردی بوّی چاپ کردبو و پێشەکییەکی وردی پرواتای بەفارسی بۆنوسیبوو بردم و چومەلای پەهلبود، لە پێشدا ئینجیلە کوردی یەکەم دادەسیو پێمووت:

ئەمە کلێسە لە چاپی داوە، دیارە خەڵکی کورد، کە ئەمە بخوێنێتەوە، هوّی گری بوّ دینی حەزرەتی عیسا پەیدا دەکا، منیش قوئانم هێناوەتە سەر زمانی کوردی تا خەڵکی باشتر لە قورئان حاڵی ببن و لە سەر دینی خوّیان زیاتر سوربن، پـەهلبود، فـرە بـە پـلە چاوێکی بە سەر، پێشەکییەکەیدا، گێراوتەماشای کوردی یەکەیشی کردو دانیاو قورئانە کوردی یەکەی لێوەرگرتم و تەماشای کرد لە پاشان، لەسەر میزی بەردەمی خوّی داناو منیش وتم بوّیێ هاتوم لوتف بکەی بوّم لە چاپ بدەن، لەوە لامدا وتی: ئێمە ناتوانین قورئان بە کوردی لە چاپ بدەین، چونکا کوردی گویشە (: بنزارە) ئەگەر قورئان بە کوردی لە چاپ بدرێو بلاّو ببێتەوە، کوردی پرهێزو قەوی دەبێو ئەوەیش زەرەر و

Dr.Saleh Ebrahimi



زیان بە زمانی فارسی دەگەیێنیّ و هەرچی شێرو ڕێویم بۆهێنایەوە کەڵکی نەبوو بەدڵ ساردی لەلای هەستام و لێمداروێشتم.

شوکر بۆخوا بە پێی پەروەندەی کلاسە ۴۸۱/۴/۸۲ و ژمارەی دادنامەی ۲۵۶ شوعبەی ۳ دادگای تەجدید نەزەری ئویستانی تاران لە ۱۳۸۵/۶/۷ هەتاوی مەتەئیید نەزەری کارناسی رەسمی وەزارەتی دادگوستەری (عەلی بیانی فەر)، ریشتەی کێتب و کێتبداری و بە ریعایەتی مەوازینی شەرعی و قانونی و تەشریفاتی دادرەسی بە ئیستینادی ماددەی ۳۵۸ قانونی دادگای بەدەوی ستادی مەنتەقە ۲ سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی مەحکوم و ڕای قەتعی دراوە و جێی قسە نەماوە. جێی ورد بونەوە یە کە کارناسی (عەلی بیانی فەر) لەراپورتی ۸۱/۱۰/۳ خوێندا، بە پێی نامەی ژمارەی ۳/۲۳۵۱۳ مورەخەی ۷۹/۵/۲۰ کە تاریخی ئیمزاکەی ۷۹/۷/۲۶ یە کەلە لایەن سازمانەوە بە تیژاژی ۱۰۰۰۰ دانە ئیجازەی چاپی ئەو قورئانە کوردی یە بە بلاوکی ئاداب لە چاپخانەی جیهان لە مەشهەد، ئەملاولا دراوە، هەروا ڕای گەیاندوە کە غەیرە موجاز لە چاپخانەی پیروز و هەندێ کەس لەم لاو لەو لا لە چاپ دراوە و لە جەلەسەی ۸۱/۹/۲۵ لە قوم ئەوەیان ڕاگەیاندوە و کارناس ڕایگەیاندوە ئەو قورئانە بە زمانی کوردی ۴ جار لە تیراژی ۵۰۰۰ و ۳ جار لە تیراژی ۱۰۰۰۰ جەڵد، کە بە تیکرا لە ۵۰۰۰۰ نوسخە لە چاپ دراوە و سازمان مەجبور بووە بە پێی سەنەدی کەتبی دیان بەو پەنجا هەزار چاپ کراوەدا بنیّ و هەروەها کارناسی ناو براو ئەوە کە **واتای ئایەتی ٦ سورەی مائیدە لە** بابەت وضو ودەسنوێژەوە لە چاپی ئەوەڵ بە پێی بیروبڕوای موتەرجیم ئاغای دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) ئوستادی زانکۆی تاران کە ئەهلی تەسەنونە، لە چادراوەو لە چاپی دووەمدا، واتاکەی گۆڕدراوە و لەگەڵ چاپەکەی ئەوەڵ یەک ناگرێتەوە مافی وێراستاران نەبووە کە خۆیان بە ناو بە موحەقیق داناوە، ئەوان، نە شەرعەن نە قانونەن حەقی دەسکاری واتای ئەو ئایەتەیان نەبووە و لە باتی ئەوی خۆیان بە شێوەی بیروڕای خویان قورئانیان تەرجەمە بکردایێ نەک دەس لە سەرمایەی فیکری موتەرجیم بدەن. عەلی بیانی فەرکاناسی رەسمی وەزارەتی دادگوستەری ریشتەی کتێب و کتێبداری ۸۱/۱۰/۳ ژمارەی نامە ۸۱/۵۴ مۆر و ئیمزا.

Dr.Saleh Ebrahimi



گفت وگو با دکتر محمدصالح ابراهیمی نخستین مترجم قرآن به زبان کردی

گفت وگو
سید ابراهیم نسابه

# کاری سترگ نیازمند حساسیت ناشر

● دکتر محمدصالح ابراهیمی: ترجمه قرآن به زبان کردی از محدوده ایران فراتر رفت و در کشورهایی مانند عراق و سوریه پخش شد، حتی با نسخه های تکثیرشده غیرقانونی و باکیفیت نازل

تا به امروز کتاب آسمانی قرآن به بیش از ۵۰ زبان زنده دنیا ترجمه شده است که شماری از آنها زبانهای رسمی ملتها و برخی زبانها و گویشهای محلی و بومی‌اند. زبان کردی با پیشینه غنی فرهنگی و با آن وسعت فراگیر ادبی، این بار خود را در کار دشوار ترجمه قرآن کریم آزموده است.

دکتر محمدصالح ابراهیمی نویسنده و مترجم، پژوهشگر علوم قرآنی و معارف اسلامی و مدرس دانشگاهها و مراکز علوم اسلامی، این عرصه خطیر را پیموده و به انجامی نیکو رسانیده است. ابراهیمی صاحب تألیفات متعدد در زمینه‌های گوناگون دین، تاریخ دین، فلسفه دین و نیز پژوهشهایی جامع و مفصل در ابعاد گسترده بومی و فرهنگی زادگاه خود کردستان است.

خاستگاه ذهنی او در اجرای این طرح عظیم به سالها پیش بازمی‌گردد. آن هنگام که به عنوان طلبه و در محیطی محدود به شرح و تفسیر موضوعی و ساختاری قرآن می‌پرداخت:

«سال ۳۶ بود که عشق و دغدغه من برای شرح و تفسیر قرآن مجالی برای نمود پیدا کرد؛ زمانی که در جامه طلبگی و در محضر استادانم در مهاباد بودم. در دوران تحصیلم در دانشگاه در جست‌وجوی منابع و مآخذ معتبرتر و جامعتری برای شرح مفاهیم قرآنی برآمدم. در همان دوران بود که مطالعات بی‌وقفه و مستمر خود را بر تفاسیر «جواهر»، «المنار»، «گازر»، «کشاف» و چند منبع غیرتفسیری دیگر به انجام رساندم و ترجمه قرآن را کامل کردم. اوایل انقلاب بود که این کار به ثمر رسید و پس از یک دوره کوتاه وقفه، بازنگری نهایی بر مبنای تفاسیر «المیزان» و «نمونه» صورت گرفت و ترجمه و تفسیر قرآن به زبان کردی با حذفها و افزوده‌های بسیار نسبت به دستنوشته‌های اولیه آماده چاپ شد.»

**در کار ترجمه قرآن به زبان کردی با چه مشکلات زبانشناختی روبه‌رو بودید؟**

گاه در زبان کردی معادلی برای کلمه وجود نداشت. در این گونه موارد به ترجمه‌های فارسی آن مراجعه می‌کردم. ترجمه‌های فارسی در اغلب موارد از عهده کار برآمده بودند. این بود که ترجیح می‌دادم صورت اصلی کلمات را عیناً منتقل کنم و توضیحات مربوط را به حواشی و شرح ضمیمه آن واگذار کنم.

**با توجه به این که این اثر، نخستین ترجمه قرآن به زبان کردی است، پذیرش آن در میان ناشران چگونه بوده است؟**

هر ناشری طبعاً در وهله نخست، به محدوده بازار و طیف خوانندگان اثر توجه می‌کند. این گونه آثار، آن‌هم به زبانی با بستر قومی و اقلیمی بسیار محدود، گستره اندکی از مخاطب عام و حتی خاص را دربرمی‌گیرد.

در ابتدای امر، سعی کردم توجه چند تن از دوستان کرد خود را که از لحاظ بضاعت مادی و معنوی، امکانات قابل توجهی را در اختیار داشتند جلب کنم که البته کاری بیفایده بود، چراکه برای آنها خطرپذیری این




کار مترادف بود با نحوه بازگشت سرمایه و تبعات بعدی آن. در همان دوران بود که با پیگیریهای مداوم و طاقتفرسا و تماسهای متعدد با مراکز پژوهشی و خصوصاً حوزه هنری، سرانجام سازمان تبلیغات اسلامی کار نشر کتاب را بر عهده گرفت؛ حدود سال ۱۳۷۶.

**بازتاب اثر درمیان طیف خوانندگان ایرانی و غیرایرانی کرد چگونه بود؟**

استقبال، شگفت‌انگیز بود، بیشتر از آنچه تصور می‌شد کتاب از محدوده ایران فراتر رفت، در عراق و سوریه پخش شد و در مطبوعات آن کشورها منعکس گردید. اما آنچه را که بیشتر در دست خوانندگان می‌یافتم، نسخه‌های تکثیرشده و غیرقانونی از این ترجمه قرآن بود که باکیفیت بسیار نازل و قیمت چند برابر به فروش می‌رسید. نمی‌دانم، شاید اشکال کار از عملکرد ناشر بود چراکه پس از آن نیز گویا این اثر پنج بار تجدید چاپ و توزیع شده است بدون این که مرا مطلع کنند. به هر حال به‌نظر می‌رسد که توزیع کتاب و نظارت بر آن به هیچ وجه مناسب نبوده است. به خاطر همین بود که دیدن نسخه‌های تکثیرشده در جایی مثل سوریه مرا به حیرت وا داشت.

**نحوه قرارداد و واگذاری کتاب چگونه است؟ امتیاز کامل آن را فروخته‌اید یا در هر چاپ حق‌الترجمه دریافت می‌کنید؟**

من در آغاز تنها در اندیشه چاپ اثر بودم. بنابراین صحبت قرارداد با ناشر نکردم و ناشر هم چیزی در این باره به من نگفت. تنها پس از چاپ اول چندین جلد از کتاب را برایم فرستادند اما چاپ اول کتاب، غلطها و نارساییهای زیادی را در حروفچینی و اعرابگذاری به همراه داشت. بنده اصلاحیه کامل و مفصلی تنظیم کردم و ارائه دادم اما عجله غیرمعقول ناشر در چاپهای بعدی، حتی مجال رسیدگی به آنها را نیز سلب کرد و کتاب با همان غلطهای چاپی چند بار دیگر عرضه شد، بدون پرداخت کمترین حق‌الترجمه و اعمال اصلاحیه! اکنون نیز کتاب را به ناشر دیگری نمی‌توانم بسپارم زیرا سازمان تبلیغات اسلامی، نشان خود را بر این کتاب زده است و ناشران دیگر ملاحظه حقوق ناشر را می‌کنند.

دغدغه اصلی من، نحوه انعکاس اثر است. اما جا داشت ناشر محترم مرا در جریان چاپهای مکرر بعدی اثر قرار می‌داد تا هم حقوق تألیفم محفوظ بماند و هم آن اصلاحیه مفصل و مهم بی‌نتیجه رها نشود. چرا که





حساسیت این گونه آثار در رسم‌الخط، شکل تلفظ و مسائل مربوط به آن بسیار زیاد است و چه بسا یک حرف اشتباه یا یک اعراب نابجا، تمامی معنای یک عبارت را تغییر دهد و اثر را با تحریفی ناخواسته مواجه کند.

دکتر محمدصالح ابراهیمی دارای تألیفها و ترجمه‌هایی دیگر به زبان کردی است از جمله: گەنجینەی فەرهەنگ وزانین، باوی کوردەواری، تەفسیری فاتحةالکتاب، کوزانی فەرهەنگی زمانی کوردی، شارەهەنگ، ئینسان و بروا، زیندوی کوری بیدار، زریرەی زیرین و... که به چاپ رسیده‌اند.

Dr.Saleh Ebrahimi

بسم‌الله الرحمن الرحيم

شه‌پوڕ / ٣١١

بعد التحية والسلام

لقد هدىٰنا اللهُ الرّحمن الرّحيم الى الحق و بفضله تعالى و كرمه العميم و رحمته الكريم و فقّنى و قادرنى الله على ان أترجم القرآن الحكيم باللغة الكردية من اوّله الى آخره بصورة كاملة و اعطيت هذه الترجمة السيّد كاظم مصلح زارابادى احد من سلالة سادات الكرام النّهرى و هو صحفى و يكتب لمجلة الكردية باسم (ئاوێنه: المرءآة) المتعلّقة (بسازمان تبليغات اسلامى ـ ستاد منطقه ٢) فى طهران بعاصمة ايران للتعاون على الطبع و فى شهر رمضان المباركة فى عام ١٤١٧ هـ ق لقد قامت المؤسسة المذكورة بطبعة الاولى و بعدالطبع لقد وقفت و رايت ان فيها اخطاء فى طباعة الترجمة الكردية و ارسلت رسالة اليهم و افهمتهم واعلنتهم و اعلمتهم ان تدارك الاخطاء فى الطبعة القادمة و لقد قامت المؤسسة المذكورة ايضا فى طباعة المرة الثانية فى عام ١٤١٨ هـ ق و شاهدت أنّ فيها اخطاء طباعة الاولى و غيّروا معنى آية السنّة فى السورة المائدة المرطبة بالوضوء و حوّلوا الترجمة على عقيدة اهل الشيعة فهى رذيلة اخلاقية لانهبُ و لا تعف من هذه المداخلة الغير الاخلاقية فهى خيانة فى الامانات و لقد شاكوت منهم واضفت لماذا غيّروا فى طباعة الثانية معنى هذه الآية المباركة و غيّروا معنى الّذى وفق ايمانى و غسل الارجل اراء اهل السنّة و ارجلَ ـ طبع بفتح اللام بخط عثمان طه فى هذه النسخة المبطوعة مع الترجمة الكردية ولكن لخبس طيتهم خانوا فى الامانات. ـ فبعد الشكواى لقد صحّحوا بالاجبار فى طباعة الثالثة فى شهر رمضان ١٤٢١ هـ ق و لكن بالكيدو والافساد صحّحوا اخطاء الطباعة فى جداول فى آخر القرآن و قالوا ان فى معنى و تفسير هذه الآية روايات مختلفة ولكن المترجم فهو شافعى المذهب و ترجمه على نهج مذهب الامام الشافعى (رضى‌الله عنه) يعنى: «مه‌سحی سه‌رتان بکه‌ن و پێتان تا گوێزینگه کانتان بشۆن». ولا بدّهذه الترجمة ذيل الآية لافى آخرالقرآن بهذه الصورة. ـ و فى رجب المرجب عام ١٤٢٤ هـ ق و ٢٠٠٣/٥/٦ م و شهريور ١٣٨٢ شمسى. سافرت الى مملكة السوئد لزيارة ابنى المقيمين هنالك و راجعت الى السفارة المباركة العربية السعوديه وكتبت كتابا الى السفير المحترم و فصلت كل الوقايع له و اخذ منّى مجلدة من ترجمة الكردية لقرآن الكريم و وعدنى ارسال تلك الترجمة اليكم لتجديد الطباعة او التعاون معى فى تجديد طبع هذه الترجمة بصورة صحيحة على وفق المذهب الامام الشافعى و اهل السنة و لكن لم يكُ لى جواب و الآن لقد وفقنى الله المشرف لزيارة المكة المكرمة و المدينة المنورة و حصل لى وقت ان اواجهكم و ازوركم و اتمنّى و اطلب منكم التعاون بطباعة ذلك الكتاب الكريم بصورة صحيحة هنا عندكم أم فى طهران هنالك بمسئوليتى و اقدّمكم هذه النسخة الواحدة عندى. و تسعدنى ان اتقدم بخالص الشكر لتعاونكم على‌البر.

اسمى الكامل: محمّد صالح ابراهيمى محمّدى (شه‌پوڕ) ابن المرحوم المغفور الملاّ ابراهيم ابن الحاج ملاّ محمد (بها) ابن الملاّسعيد الكبير ابن الملاّ حاج عبدالكريم ابن الملاّ عبدالرحيم الكبير، كلهم من علماء الدين و لهم تأليفه قيّمة فى الثقافة الاسلامية و لهم ديوان اشعار باللغة الكرديه و الفارسية و العربية. ولدت فى ٢٨ ذى‌الحّجه المباركة عام ١٣٥٨ هـ ق بمدينة مهاباد فى كُردستان ايران و انتمى الى قبيلة شوانكاره و هى عشيرة كردية و بدأت دراستى الابتدايية عندالمرحوم المغفور الملاّ ابراهيم و عند اخى الملاّ سعيد و عند عمّى الملاّ طه و اقتطفت اثمار العلوم الاسلامية عندهم و عند عدة اخرى من نخبة ممتازة من علماء كُردستان المباركة. و فى عام ١٣٨٣ هـ ق التحقت بالاختبار بالجامعة، كلية الشريعة بطهران و تخرّجت منها عام ١٣٩١ هـ ق بدرجة الدكتورى فى المعارف الاسلامية و بعد عينت استاذاً للآداب الفارسية و الآن متقاعد و نشاطى الثقافى و الادبى الكردى فى طهران.

Dr.Saleh Ebrahimi

الوفاق
الاثنين-٣ جمادى الآخرة ١٤١٨ - ١٩٩٧/١٠/٦
به زبان عربی

# ترجمة القرآن الكريم الى اللغة الكردية

لقي كتاب الله المجيد منذ قرون عديدة اهتمام الاوساط الشعبية والثقافية في ايران الاسلامية، فأخذ المهتمون بدراسة القرآن الكريم وترجمته الى اللغة الفارسية واللغات الأخرى التي يتكلم بها ابناء الشعب الايراني.

وحظيت الترجمة الفارسية للقرآن الكريم اهتماما كبيراً من لدن المترجمين الملمّين باللغة العربية وصدرت خلال السنوات الماضية ترجمات كثيرة للقرآن الكريم الى اللغة الفارسية ولكن ترجمة القرآن المجيد الى اللغة الكردية حديثه: اذ جعل أحد الاخوة الاكراد في الجمهورية الاسلامية الايرانية يهتم بذلك: فبادر بهمة الى ترجمة القرآن الكريم الى اللغة الكردية.

الاستاذ محمد صالح ابراهيمي ابن ملاّ ابراهيم قام اخيراً بترجمة القرآن الكريم الى اللغة الكردية . وقد التقته «الوفاق» في منزله وأجرت معه حواراً مطولاً حول هذا العمل الكبير. فسألناه اولاً عن ثقافته على القيام بهذا العمل.

س - كيف تمت طباعة القرآن الكريم الى اللغة الكردية؟

ج - لقد تمت طباعة القرآن الكريم المترجم الى اللغة الكردية عن طريق مؤسسة الاعلام الاسلامي، ولابد ان اقول : انه لولا الظروف المعنوية التي وفرتها الجمهورية الاسلامية الايرانية لم يكن في الامكان القيام بهذا العمل. وبعد مضي عدة سنوات وفي الذكرى السنوية لتأسيس مؤسسة الاعلام الاسلامي تمت طباعة هذه الترجمة في هذه السنة بـ «٥٠٠٠» نسخة» وبطباعة جيدة وانيقة، وكان لهذا العمل الاثر الكبير في منطقة كردستان بين الاخوة الاكراد؛ حيث لقي ترحيبهم.

س - هل ارسلت الترجمة الى خارج ايران؟

ج - بالاضافة الى منطقة كردستان الايرانية أهديت نسخاً من هذا القرآن المجيد الى الكتاب الاكراد وخاصة الذين يكتبون مقالات في صحيفة «آوينه» التي تصدر باللغة الكردية. كما ارسلت العديد من النسخ الى الطلاب الاكراد في الدول الاوروبية.



الاستاذ محمد صالح ، ابراهيمي مترجم القرآن الكريم الى اللغة الكردية مع مندوب الوفاق

ونشاطاته الثقافية فقال: ولدت عام ١٩٣٧ من عائلة دينية وترعرعت فيها حيث تلقيت

Dr.Saleh Ebrahimi

الافتاء من وزارة التعليم العالي. وكان ذلك في عام ١٩٥٨، ومن ثم بدأت التدريس ومارست عملي خطيباً وإماماً للجمعة والجماعة في تكية نهري بمدينة مهاباد.

وخلال هذه الفترة انشغلت بالتدريس في مدرسة العلوم الدينية التابعة لمسجد مهاباد.

س - متى بدأ تم العمل في ترجمة القرآن الكريم الى اللغة الكردية؟

ج - في سنة ١٩٥٤ حيث كنت طالباً في العلوم الدينية المختلفة وبدأت اكتب ملاحظات حول آيات القرآن الكريم التي اقوم بانتخابها وترجمتها؛ ومن ثم تدوينها.

منه» لكي يهدوها الى اصدقائهم وذويهم ومن المقرر طبعه بـ «٥٠» ألف نسخة اخرى.»

س - هل قمت باعمال اخرى في مجال الترجمة أو التأليف؟

ج - نعم قمت بترجمة كتاب «الانسان والايمان» للاستاذ الشهيد مرتضى مطهري من الفارسية الى الكردية؛ وذلك تقديراً وعرفانا للجهود التي قام بها هذا الشهيد الكبير في حياته، كما ألفت كتاباً بالكردية بعنوان «سيرة العلماء الاكراد في عالم الاسلامي المعاصر عام ١٩٨٥؛ حيث تتبعت فيه احوال المفكرين والشخصيات الكردية التي خدمت الاسلام والشعوب الاسلامية.



تأليفات الاستاذ محمد صالحي ابراهيمي باللغة الكردية

وواصلت العمل حتى عام ١٩٦١ حيث تابعت الدراسة في كلية الالهيات والمعارف الاسلامية في جامعة طهران وحصلت على شهادة الماجستير وقمت بمواصلة الدراسة حتى حصلت على شهادة الدكتوراه. وخلال هذه السنوات من الدراسة كنت اتابع العمل في ترجمة القرآن الكريم وكان لذلك الاثر الكبير في الاندفاع نحو تكملة ترجمة كتاب الله العزيز الى اللغة الكردية.

وبعد الثورة الاسلامية عام ١٩٧٩ حيث ازداد كثيراً الاهتمام باللغة العربية : وصلت اعداد كبيرة من الكتب من البلاد العربية وخاصة عن طريق اقامة معارض الكتاب في طهران، وكذلك الكتب الموجودة في الجامعات ومكتبة علك في منطقة البازار في طهران، كل ذلك كان له الاثر الكبير في الرغبة الى العمل على الترجمة الكاملة للقرآن الكريم وكان قبل ذلك كله عون الله تعالى الذي ساعدني

سواء في التقدم لأعداء المنطقة أو الغزاة. كما ألفت مجموعة اخرى باللغة الكردية منها «الدين والادب» في عام ١٩٨٢ وكتبت مجموعة «بحوث عن الفلوكلور الكردي» طبع عام ١٩٧٩ و«تفسير فاتحة الكتاب» عام ١٩٨٧ ومجموعة مقالات باسم «المجمع الثقافي» كتبت عام ١٩٨١، وكذلك «العبرة والامثال القرآنية» في عام ١٩٨٢، كما نشرت مقالات متنوعة منها مقال عن الشيخ عبد الله النهري في العدد الاول من مجلة آوينه ومقالات عن الدراسة الكردية وأهميتها لاطفال كردستان.

س - هل تقومون حاليا بنشاطات اخرى؟

ج - في الفترة الحالية اعمل أستاذا في الجامعة الحرّة في طهران أقوم بتدريس قواعد اللغة العربية عن طريق «كتاب قطر الندى وبل الصدى» لطلبة اللغة العربية.

عبدالصاحب بازركان

Dr.Saleh Ebrahimi




نەخشەی کوردستانی گەورە

Dr.Saleh Ebrahimi



# پێڕست

| مەبەست | پەڕە |
|---|---|
| سەرەتا | ١ |
| بەشی یەکەم | ١ |
| بەشی دوەم ریازی زانان | ١٧ |
| بەشی سێوەم تەفسیرزانان | ٢٥ |
| بەشی چوارەم فەرمودەزانان | ۴۴ |
| بەشی ٥ ژنانی کوردی فەرموده زان و... | ٥٦ |
| بەشی ٦ عارف و خواناسانی کورد | ٧١ |
| بەشی ٧ فەیلەسوفان | ٧٧ |
| فێرگە | ٨٧ |
| مەستورەخانمی کوردستانی | ٩١ |
| ساڵ نوینی روداوەکان | ١٢١ |
| ناوی پیرۆزی... | ١٣۴ |
| نەورۆز | ١٥٩ |
| خزمایەتی ئینسان و سروشت | ١٦٨ |
| بەهار | ١٧٧ |
| زمانی کوردی هونەرە، بەخەتی لاتین | ١٨٥ |
| زوان و ئەدەب | ١٩٠ |
| شیعر و هۆنەی کوردی | ٢٠٣ |
| شیعر و هونەر و ویژاوەری | ٢١٠ |
| نوکتە: گۆرانی وستران بۆ لوتفعەلیخانی زەند | ٢٢٠ |
| دۆنێر | ٢٢۴ |
| زوانی هەڵبەست | ٢٢٧ |
| چیروکی نەچیرو نەچیرەوان | ٢٣٧ |
| شەویار و شەوبۆ | ٢۴٣ |

Dr.Saleh Ebrahimi



## پێرست

| مه‌به‌ست | په‌ڕه |
|---|---|
| ئافه‌شێن | ۲۵۰ |
| ساڵ نوێتی روداوه‌کان | ۲۵۳ |
| جه‌نگی نیوگه‌لانی یه‌که‌م | ۲۵۵ |
| له ۱۷ ژولای | ۲۶۷ |
| ساڵ نوێتی روداودکان | ۲۷۱ |
| سوڵتان صه‌لاحه‌دین ئه‌یوبی سوڵتانی کورد | ۲۷۱ |
| بابه‌ک | ۲۷۲ |
| رادیو | ۲۷۴ |
| کۆڕتی | ۲۷۵ |
| صه‌فه‌وی | ۲۷۷ |
| ساروێبیره | ۲۷۸ |
| ۲۵گه‌لاویژ | ۲۸٦ |
| مه‌لیک عادڵ زه‌رز ایی | ۲۸۸ |
| هاران | ۲۸۹ |
| میرزا ته‌قی خان ئه‌میرکه‌بیر | ۲۹۱ |
| په‌سیاوی | ۲۹۳ |